# ئازادی یان تۆفان

نووسینی: دکتۆر حاکم المطیری
وەرگێڕانی: فاتیح سەنگاوی

پێغەمبەر ﷺ فەرمویـەتی:

## (( نحن أحق بالشك من إبراهيم ))

متفق عليه

واتە: ((ئێمە شیاوترین ڕاڕاو دوو دڵ بین وەك لە ئیبراهیم))

# چاپی نوسینگەی تەفسیر هەولێر
# بڵاوکردنەوەی: پێگەی هەواڵی دووربین

www.dorbeen.co/library

ww.facebook.com/PegayHawalyDurbeen

## پێشــەکی وەرگــێڕ:

گوتاری سیاسی ئیسلامی یاخود سیاسەتی شەرعی یەکێکە لــەو بوارە هەرەگرنگانەی لە ئەمڕۆدا پێویستی بە هەڵوێستە لەسەر کردن و پێداچونەوە هەیە لەبەر چەندین هۆکاری جۆراوجۆر، دیارە لــەم رووەوە بــەردەوام نوســراوی زۆر دەنوســرێت و کتێــب گــەلێکی زۆر بــە چــاپ دەگەیەنرێت، بەڵام کەمیان نوێخوازیو تازەیی پێوە دیارە بەتایبــەتیش ئەم بوارە خۆی لە خۆیدا بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندی هەیە بە واقع و گۆڕاوەکان و بورای ئیجتهادەوە.

پاشان خوێندنەوەی کتێبی (الحرية والطوفان) ی (د. حاكم المطــيري) بۆم دەر کەوت کارێکی جــوان و دانســقەیەو نوســەر توانیویــەتی لــەم کتێبەیدا تارادەیەکی باش نوێکردنەوە یا بەخۆدا چونەوەیەکی گونجــاو ئەنجام بدات لە گوتاری سیاسی ئیسلامیدا، بەتایبــەتی لــە نێوخــۆی گوتارەکەدا، (د. المطيــري) (هــەروەك هەنــدێ لــە نوســەرانی تــریش ئاماژەیان پێی داوە) لەم بوارەدا کارێکی دیارو بەرچــاوی ئــەنجام داوەو شێوازی تەقلیدیانەی قوتابخانەی سەلەفی ئەمڕۆی تێپەڕاندوەو قســەی لە چەندین بابەت کــردوە کــە لای هەنــدێك بــە جــێگیرو نــەگۆڕەکان (الثوابت) دێتە ئەژمار.

لەگەڵ دەرچونی ئەم کتێبــــــەدا ڕاســـــــتەوخۆ لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبی یەکان و سایتەکانی ئەنتەرنێتــەوە قســەو باســی زۆری لەســەر کراو زۆرینەی هەرە زۆریان بە شێوەیەکی ئیجابیانە هەڵیان سەنگاند،

فەهمی هوەیدی سەبارەت بە پرسیارەکانی سـەرەتای کتێبەکـە دەڵـێ: ((لە راستیدا (د. المطیـــري) لـە پێشـەکیەکەیدا پرسـیار گـەلێکی خستوەتە روو هیچ کات بە بیرمدا نەهاتوە ئەم پرسیارە جێی سەرقاڵی یەکێك لە سەرکردە سەلەفیەکان بێت)).

نوسەر لە کتێبەکەیدا تارِادەیەکی باش دیدێکی نوێی خستوەتە روو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرهاویشتەکانی ئـەو سیاسـەتانەی ئەمڕۆ روو بـە ڕووی جیهـانی ئیسـلامی دەبێتـەوە، لەگـەل ئەوەشـدا نوسینی ئەم بابەتە هەروەك نوسەر لە شوێنێکی تردا ئاماژەی پێ دەدا لەبەر ئەنجامی پەستانی بارودۆخی ئێستادا نیـیە، بـەڵکو بانگەشـە کردنی ئەو بۆ ئازادیو فرەلایەنی سیاسی مێژوویەکی پێشینەی هەیەو هەڵتۆقاوی ئەم بارودۆخە نیە، بەڵکو (وەکو لە نێو کتێبەکەیدا بەدەر دەکەوێت) بیروبۆچونەکانی مەبدەئیو بەڵگەدارو پشت ئەسـتورن بـەو گوتارە سیاسیە ئیسلامییە رەسەنەی لـە مێـژووی ئیسـلامدا بـوونی هەبوەو ئەو ناوزەدی دەکات بە (گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو) .

دەتوانرێ بوترێ ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی کورتو پوختە سەبارەت بە گوتاری سیاسـیو قۆناغـە مێژویـەکانیو ئـەو تایبەتمەندییانـەی هەریەکە لەو قۆناغانە هەیبوە، توێژەر قۆناغەکانی گوتـاری سیاسـی دابـەش دەکـات بەسـەر سێقۆناغی یـەك بـەدوای یـەك دا بـۆ ئـەم مەبەستەش سێ زاراوەو دەربڕینی نوێ بەکار دەهێنێت، کە پێشتر پێی دەرنەبڕاوە، قۆناغی یەکەم لای نوسەر بە قۆنـاغی گوتـاری سیاسـی

شــەرعی دابــەزێنراو نــاوزەد دەكــرێ، كــە بریتییــە لــە ســەردەمی پێغەمبەری خوداو خەلیفەكانی ڕاشیدین و ماوەیەك دوای ئەوان، لـەم قۆناغەدا ڕێنمایەكانی ئیسلام بەو شێوەیەی كە هەیە ڕەنگی داوەتەوەو ڕۆڵی هــەبوە لــە واقعــی سیاســیو كۆمەڵایــەتی دا.. پایــەكانی ئــەم گوتارەش لەسەر چەندین هێڵی گشتی و خاڵی سەرەكی بنیات نرا بوو، لەوانە مــافی ئومــەت لــە هەڵبــژاردنی دەســەڵاتو چــاودێریكردنو لێپرسینەوەو لابردنو مەرج لەسەر دانــانی، ســەرەڕای مــافی ئــازادی بیركردنەوەو دەربڕینو مافی ئینتمــای سیاســیو فیكــری و ڕێزگرتنــی مافەكانی مرۆڤـ و پێویستی بەدیهێنانی دادگەریو یەكسانی هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا لەبــەردەم قــەزاو دادگــادا.. وە دەســتەبەر كردنــی مافی گەلو خەڵك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمو زۆرداریو ... هتد.

بــەرپاكردنی دەوڵــەتیش لەســەر بنــەماو بناغــەی تیۆرانینــی ئیسلامیانە شوێنو پێگەیەكی دیارو بەرچاوی هــەبوە لــەم قۆناغــەدا هەروەك (د. المطیــري) باسی دەكات.

نوسەر قۆناغی دووەمی ناوناوە گوتــاری سیاســی شــەرعی تــەئویل كراو، كە بە كۆتایی هاتنی سەردەمی ڕاشیدینو ماوەیەك دواتر دەست پێدەكات و تا سەردەمی كەوتنی دەسەڵاتو سەڵتەنەتی عوسمانیەكان درێژە دەخایەنێت لە سەرەتاكانی سەدەی رابردوودا، لەم بەشەدا نوسەر بە ئازایەتیو جورئەتی زانستییەوە تەواوی ئەو ســلبیاتانە دەخاتــە روو كە بە هۆیەوە مافی ئومەتو خەڵكی زەوت كراوە، لەوانە زەوتكردنــی

مافی ئومەت لە بیرورا وەرگـرتن‌و ڕاویـێژ پێکردنیـدا، هـەروەها دوور خستنەوەو پەراوێز خستنی چاودێری کردنی ئومەت لە خانەی سامان‌و دارایی گشـتیدا، لەگـەڵ پاشەکشـەکردنی ڕووبەڕووبونـەوەی سـتەم و لادان‌و زۆرداری ستەمکاران، بە بیانوی پێویستی گوێڕایـەڵی کـردن‌و ڕونەدانی فیتنەوە، لەگەڵ هەموو ئەم کەم‌وکورتی‌و سـلبیاتانەی ئـەم قۆناغە بەڵام توانرا پارێزگاری بکرێ لە هەندی بنەمای گوتاری سیاسی دابەزێنراو لەوانە فەرمانڕەوایی کردن بە شەریعەت‌و جیهادو بـەرگری کردن لە سنوری موسڵمانان و هێلانەوەی خەلافەت ئەگەر بـە روکـارو وێنەش بووبێ، لەم بەشەدا نوسەر توێژینەوەیەکی دوورو درێژ سەبارەت بە زۆرداری دادگەر (المستبد العادل) ئەنجام داوە ئەگەر بەراوردی کەین بە قەبارەی کتێبەکە، قۆناغی سێهەمیش نوسەر ناوی ناوە بە قۆناغی گوتاری سیاسی شەرعی گـۆڕێنراو، لـەم قۆناغـەدا نوسـەر تیشـکی خستوەتە سەر بارودۆخی ئێستاو ئەو شکست‌و پاشکۆیەتی‌و بە پەراوێز بوونەی کە دەرهاویشتەیەکی سروشـتی ئـەو لادان‌و گۆڕانکارییانەیـە بەسەر گوتاری سیاسی شەرعی دا هـات، لـەم قۆناغـەدا شـەریعەتی ئیسـلامی گـۆڕا بـە سیسـتەم‌و یاسـا هاوردەکـان، تـەواوی گـەلانی موسڵمان بوونە دیل‌و کۆیلەو ژێر دەستەی کۆلۆنیالی رۆژئـاوایی، ئـەم گوتارە لە هەنـدێ ڕوویـەوە بـەناوی دیـن‌و شـەرعەوە ڕەوایـەتی پـێ بەخشرا، بە تایبەت لە نوسـراوەکەی عـەلی عەبـدورازق دا بـە نـاوی (ئیسلام‌و بنەماکانی فـەرمانڕەوایی – الاسـلام وأصـول الحکـم) کـە

بیروبۆچـونی ئـەو وابـوو یـان وای ڕاگەیانـد کـە ئیسـلام سیاسـەتو فەرمانڕەوایەتی تیادا نیە، ئەمەش پاساوێك بوو بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی خەلافـەت و دەسـەڵاتی ئیسـلامیو سـەرهەڵدانی دەوڵەتۆچـکەی ناوچەییو چەندین سیستەمی عەلمانی بەکرێ گیراوو ئەڵقە لە گوێ – هەروەك دەوترێ – بەپەراوێز خستنی شەریعەتو لەکار خستنی.

پرۆژەو ئامانجی کۆتایی کتێبەکە وەك یەکێك لە نوسـەران ئامـاژەی پێدەدات بریتیە لە توڕدانو فڕێدانی هەردوو گوتاری تـەئویل کـراوو گۆڕێنراو و گەڕانەوە بۆ گوتاری دابەزێنراو، لەم نێوەندەش دا دەخوازرێ دەسەڵاتو دەوڵەت بەخۆیدا بچـێتەوەو چاکسـازی ئـەنجام بـدات، لـە هەمان کاتدا (د. المطیـري) بانگەشەی کاری جەماعیو دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکا لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا.

دواجار نوسەر گومانو ڕاڕایی دەکاتە سەرەتاو هەنگاوی یەکـەم بـۆ چاکسازی و سەرلەنوێ بنیات نانەوە، بۆ ئەم مەبەسـتەش ئامـاژە بـە فەرمودەیەکی پێغەمبەر ﷺ دەکـات، لێـرەوە دەخـوازێ گومـان لـە زۆربەی بیروراو بۆچونەکانی کۆمەڵگە بکرێـت، بەتایبـەتی تێـڕوانینو تێگەیشتنی کۆمەڵگە بـۆ دیـنو بوارەکـانی، گومـان کـردن لـەوەی ناودەبرێت بە ڕۆشنبیری ئیسـلامی و.. هتـد. کـە دەکـرێ بەرئـەنجامی چـەندین هۆکـارو هاوکێشـەی نێوکۆمەڵگـە بـن نـەك ڕەنگدانـەوەی راستەقینەی بەهاو ڕێنماییە ئیسلامیەکان... بە کـورتی نوسـەر لـەم توێژینـــەوەیەدا دەیەوێت گۆڕانکاری بکرێت و کۆمەڵگاکان لـەباری

مت بوو ســــــــڕبوی خۆیـــان دەرچـــن و ئـــــازادی و مـافـەکانی خۆیـــان بەدەست بهێنینن.

ئەوە مـاوە بڵێین نوسەر لە پێگەیەکی بەهێزی ئیسلامـیانەوە دەدوێو پشت ئەستورە بە بەڵگەی بەهێزو خۆیشـــی کەسـێکی بـەتوانای ئـەو بوارەیە، بۆ زیاتر ناسینو ئاشنا بوونی نوسەریش دەکرێ سەیری پێگەی نوسەر بکرێ لە ئینتەرنێت دا..

ئەوە مـاوە بڵێین دوای ماندوبونو هەوڵدانێکی زۆر توانیمان مۆڵەتی وەرگێڕانو چاپکردنی ئەو کتێبە لە نوسەر وەربگرین لە ڕێی نوێنـــەری ئەو بەڕێز (ســاجد العبدلی)یــەوە، ئەمــەش مایــەی ڕێــزو ســوپاسو پێزانینـــــە.

هیوادارم وەرگێڕانی ئەم کتێبە کەلێنێك پڕ بکاتەوە لە کتێبخانـەی کوردیدا..

فاتیح سەنگاوی

چەمچەماڵ ٣/١٠/٢٠٠٦

## بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشـــەکی:

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیـــان، درودو ســڵاو خوایـە بڕژێت بەسەر پێغەمبەرمان پێشەوای تێکۆشەران موحەممـەدی کـوڕی عەبدوڵڵا وە بۆ سەر کەسوکارو هاوەڵانی بە گشتی.

پاش سوپاسو ستایش، ، ئەم نوسراوەی بەردەستتان توێژینەوەیـەکی کورت و پوختە سەبارەت بـە گوتـاری سیاســی ئیســلامی و قۆناغـە مێژوویەکانی و سروشتی هــەر قۆناغێـك و دیـارترین رواڵەتـەکانی، هەوڵیشم داوە وەڵامی زۆرێك لەو پرســیارانە بدەمــەوە کـە ماوەیـەکی زۆرو دوورو درێژە جێی قسەوباس و مشت و مڕە لەم پرســیارانەدا خـۆ دەنوێنن:

١- سروشــتی دەوڵـەتی ئیســلامی چـۆنە؟ ئایـا ئیســلام سســتمێکی سیاسی مەشخەڵ رونی هەیە؟ ئایـا لـە توانادایـە ئـەو سیســتمە سەرلەنوێ زیندوکرێتەوە؟ وە ئایا ئێمە پێداویســتیمان هەیـە بـەو سیستمە؟

٢- چ پەیوەندییەك لە نێوان کۆمەڵگەو دەوڵــەت دا هەیـە؟ پانتـایی دەســت تێـوەردانی دەوڵــەت لــە کاروبارەکــانی کۆمەڵگــە تــا چ رادەیەکە؟

٣- چین ئەو مافە سیاسیانەی شەریعەتی ئیسلامی هێناونی؟

٤- گوتاری سیاسی ئیسلامی چـۆن پاشەکشـەی کـرد؟ هۆکارەکـانی پاشەکشێیەکەی چی بوون؟ پەیوەندی فیقهـی سیاسـی بەواقعـەوە چیە؟ شوێنەواری ئەو فیقهە لەسەر رۆشنبیری کۆمەڵگە چیە؟

٥- چۆن ئیسلام سـەرەتا لـە ئاینێکـەوە کـە بانگەشـەی دەکـرد بـۆ ئازادکردنی مرۆڤـ لە کۆیلایەتی و داوای ئەوەی دەکرد تـەنها مـل کەچی بۆخوا بکریٚ گۆڕا بۆ ئاینێك کە پێویسـتس بکـا لـە سـەر شوێن کەوتوانی مل کەچی سـەرکردەو زاناکانیـان بـن باهەرچـی لادان و گۆڕانکارییەکیش هەیە ئەنجامیان دابێ، بە بیـانوی گـوێ رایەڵی کردن بۆ کاربەدەست و فەرمان رەوایان (أولو الأمر) .

٦- بۆچی زۆرینەی زانایانی ئیسلام و بـانگخوازانی لـەمڕۆدا گرنگـی نادەن بە مافەکانی مرۆڤـ و ئازادییەکانی و دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسـانی... هتـد، کـە ئەمانـە ئـەو بنەمایانـەبون بـەردەوام پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەدا بانگەشـەی بـۆ دەکـردن و لـە مەدینەشدا تەئکیدی لەسەر دەکردنەوە، هەر ئەمەش بـوو سـەری کێشا بۆ خێرا بڵاوبونەوەی ئیسلام لە هەموو جیهاندا، چونکە گەل و نەتەوەکان بینیـان ئـەم ئیسـلامە ئـایینی دادگـەری و ئـازادی و بەزەییە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾(الانبیـاء: ١٠٧)؟! واتە: ئێمە هەر بۆیـە تۆمـان نـارد کـە بـەزەیی و چـاکەیەك بیـت بـۆ تـەواوی خـەڵکی دونیـاو هـەموو جیهانیان.

٧- چۆن توانرا چەمكی شەریعەت بە شێوەیەك پەرت بكرێ تاوەكو وای لێ بێت سیاسەتی شەرعی، مافەكانی مرۆڤ، ئازادیەكان، دادگەری كۆمەڵایەتی، یەكسانی، هەموو ئەمانە پەیوەندی نەبێت بەو شەریعەتەی دەویسترێ پیادە بكرێ و بەو ئایینەی ئەمڕۆ بانگەشەی خەڵكی بۆ دەكرێ؟!

٨- كەواتە حەقیقەتی بانگەوازی پێغەمبەرانە و ئەو ئایینەی پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویتی لە چیدا بەرجەستە دەبێ ئەگەر خەڵكی بانگەشە نەكرێ بۆ ئەو بنەمایانە كە بەشێكن لە واتای ووشەی (لا إله الاالله)؟! هیچ پەرستراوێك شایستەی ملكەچی و گوێڕایەڵی و ترس وبیمو وویستن و خولیا نیە جگە لە خوا، جگە لە ویش هەموو مرۆڤن، براو خوشكن، لە دایك وباوكێكن، گوێڕایەڵی و بە گەورە زانی و ترس لە هیچ دروستكراوێك دروست نیە با پلەوپایەو توانای هەر چەندوچۆنێك بێت، چونكە هەموو بەندەی خوان، لەگەڵ ئەوانیتردا هەموو پێكەوە ئازادن.

٩- چۆن توانرا ئیسلام لە ناوەڕۆكەكەی خاڵی كرێتەوە، وای لێهاتووە زۆربەی بانگخوازان ئەمڕۆ بانگەشەی خەڵكی دەكەن بۆ ئاینێك كە نرخی تێدا نیە بۆ مرۆڤ و ئازادی و ڕێزو مافەكانی، بۆ ئاینێك كە بانگەشە ناكات بۆ دادگەری كۆمەڵایەتی و یەكسانی و ئازادی، بەڵكو ڕەفزی گۆڕانی واقع دەكاو داوای مانەوەو چەسپاندنی دەكا بە بیانوی گوێ ڕایەڵی بۆ كاربەدەست و فەرمان ڕەوایان.

١٠- چۆن بانگەشەی گەلانی جیهانی ئازاد بکەین کـە فـەرمان ڕەواو خەڵکی تیایدا یەکسانن، گەل لەسـەرکردەکانی دەپرسـێتەوە، بـە ئاشکرا ڕەخنەیان لـێ دەگرێو بە لێسەندنەوەی متمانـە لـە کـار لایان دەبات، فەرمان ڕەواش ناتوانێ کەسـێ بەنـدبکا یـا ئـازادی زەوت بکا یا سزای بدا، چـونکە فـەرمان ڕەوا بریکـار و جێـداری ئەوانەو بۆیان هەیە لە کاری خەن، چۆن ئائەمـانە بانگ بکەین بۆ ئاینێك کە ئەمڕۆ داوا لە شوێن کـەوتووەکانی دەکـا مـل کەچـی فەرمانڕەوابن و خراپەکاری و ستەمەکەی هەرچـۆنێك بـووە دەبـێ ئـارامی لەسـەر بگـرن، چـونکە گوێڕایـەڵیکردنی ئەمانـە لـە گوێڕایـەڵیکردنی خـوای گـەورەو پێغەمبەرکەیـەتی؟ ئـەم گەلـە ئازادانە ئەگەر هاتنە ناو ئەم ئایینە نوێیەوە حەرامـە هەسـتن بـە دروستکردنی پارتە سیاسـیەکان یـا دەسـتاو دەسـتیو ئـاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن لە نێوان خۆیاندا؟!!

وای لـێ هاتووە ئەمڕۆ خەڵکی بانگ دەکـرێن بـۆ ئاینێـك ئەگـەر شێواو ئەتککراویش نەبێ ئەوا پەرت و کەم وکورتە، چاکسازی گەل و نەتەوەی پێناکرێ و کاروبارەکانی میللەتی پێ ناچێ بە ڕێـوە، بـەڵکو کۆتو بەنـدە، ئیسـلامی ڕاسـتەقینە بێبـەری و خاوێنـە لـەم جـۆرە ئیسلامە هەرئەمەش سـەری کێشـا بۆئـەم واقعـەی ئـەمڕۆ جیهـانی ئیسلامی تیایدا دەژی: لە دواکەوتن و تێکشکان و بڵاوبونەوەی ستەم و گەندەڵی و خراپـەکاری، هـەر بۆیـە ناچـارین پێداچـونەوەی گوتـاری

سیاسی ئیسلامی بکەین.

بۆئەم مەستەش خۆم پابەند کردووە بەوەی تەنها فەرموودە ڕاستو دروست (صحیح)ەکان بهێنم، لـە ڕووداوو گێڕانـەوە مێژووییـەکانیش تەنها پەسـەندکراوەکان وەر بگـرم، هەوڵیشـم داوە توێژینـەوەی رچـە (سند)ی گێڕانەوە مێژووییەکان بکەم -لەگەڵ ئەو قورسیو ماندوبونو شەکەتیەی تێیدایە- بۆ ئەوەی خۆبپارێزم لە گێڕانەوە هەڵبەستراوەکان، تەنها ئەو ڕووداوە مێژوییانەم هێناوە کە ڕاستو دروسـتن یـا لـە نێـو مێژوونوساندا بە ناوبانگن، چونکە مێژوونوسان لـە زۆر وردەکارییـدا ڕێبازێکی جیا لەڕێبازی فەرموودە ناسانیان هەیە.

هەوڵیشم داوە بەدواداچونی قۆناغەکانی گوتاری سیاسی بکـەم بـە درێژایی مێژووی ئیسلام، بۆ ئاشنابون بـەو گۆڕانکـاری و گۆڕانانـەی بەسەریدا هاتووە، هەروەها زانینی هۆکارو دەرەنجامەکانی.

دەقەکانم بە شێوەیەك راڤە نەکردووە کە ئەو مانایە لـە خۆنـەگرن، هەروەها گوێشم نەداوە بەوەی خەڵکی ئەمڕۆ چ بۆچونێکیان هەیە، لام نەکردەوە بەلای هاوڕاو دژەڕاکانیشم دا، بەڵکو مەبەستم ڕەوا و ڕاسـتی بووە بە دەر لەوەی خەڵکی چی دەڵێن، چـونکە هەرکەسـە ڕەزامەنـدی خـوا بـە نـاڕەزایی خـەڵکی بەدەسـت بخـا خـواش لێـی رازی دەبـێ و ڕەزامەندی خـەڵکیش بەدەسـت دەهێنـێ، هـەر کەسـەش ڕەزامەنـدی خەڵکی بە تورەکردن و رق هەستانی خوا بەدی بهێنێ، خـوالێی تـورە

دەبێ و خەڵكیش رقیان لێی هەڵدەسێ.[١]

ئەشزانم ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتوم تورەیی زۆرێك لە خەڵكی دەوروژێنێ، چونكە هەژاندنی بیروباوەڕی خەڵكی وێرانكردنی ئەو چەمكگەلانەی لەسەری پێ گەیشتوون و لە تیڕوانین و دیدی ئەواندا بووە بە خودی ئایین خۆی لەخۆیدا شتێكی هەروا ئاسان نیە، لە كاتێكدا ئەو شتانە لە راستیدا رۆشنبیری و كەلتوری كۆمەڵگاكانن و بە تێپەرینی نەوەكان گواستراوەتەوەو بەجێماوە، هەر ئەو ڕۆشنبیری یە بەجێماوانەشە ئایین و حوكمەكانی ئایین بە پێی پێداویستی و بەرژەوەندی و بەهاكانی خۆیان دارڕشتووەتەوە، تا كار گەیشت بەوەی پێی گەیشت، نەك بە هۆی ئایینەوە بەڵكو بە هۆی ئەو لادانانەی لە نێو ئایین دا ئەنجام درا سەبارەت بە بنەماو ویست و مەبەستەكانی خودی ئایین خۆی لە رێی لێكدانەوەی خراپ و شێواندنی سست كەرو بێڕەواج كردنیەوە، تا وەهای لێهاتووە ئایینی ئەمڕۆی خەڵكی ئەو ئایینە نیە كە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) لە سەری بوون سەرەڕای ئەوەی قورئان بەردەوام تەڕوپڕو پاراوە وەكو كاتی دابەزینی،

---

(١) رۆژی هەینی ٢٠ / ١٢ / ٢٠٠٢ مامۆستا و ئەدیب عەبدولمەجید موبارەك لە برمنگهام لە ئینگلتەرا پەیوەندی پێوە كردم، هەواڵی خەوێكی پێدام نزیكە بڵێم مژدەیەكی خێرا و پێشوەخت بوو بۆ ئەم كتێبە، لەوكاتەدا پێیدا دەچوومەوەو ریشەو ئوسوڵەكانم راست دەكردەوە — لە خەوەكەیدا قسەیەكی لە شێوەی ئەوەی سەرەوەم كردبوو بۆ ئەو كەسەی — ئاگاداری دەكردم لە رق و تورەیی خەڵك. مامۆستا عەبدولمەجید پێشتر ئاگاداری بابەتەكانی نێو ئەم كتێبە نەبوو؟!!.

بەڵام زۆرجار بەهۆی ئەو تێگەیشتن و چەمکگەل و ڕاڤەو تەئویلانەی سەدان زانا کردویانە پەردەو ڕێگری دروست دەبێت لەڕێی تێگەیشتنیدا، تا ڕادەی ئەوەی کاتێ موسڵمانێ دەیەوێ ئایەتێکی قورئان بخوێنی هەرچەندە ڕوون و ئاشکرابێت و دەلالەتەکەی براپێتەوە کەچی دەبێ دەیان کتێب بگەرێ بۆ ئەوەی ببینێ ئەوانی تر چۆن لێی تێگەیشتون، ئائەمەیە ئەو جیاوازییەی لە نێوان هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) کە قورئان و پێغەمبەر ﷺ ڕێی تێگەیشتنیان بۆ دیاری دەکردن هەر بۆیە رۆشنبیری و کلتورو بەهاو بەرژەوەندیەکانی تریان لە خۆ دادەڕنی بۆ تێگەیشتنی ئایەتەکان، هەموو ئەو پەیوەندیانەیان دەبڕی کە گرێی دەدان بەو رۆشنبیرییەوە- بەڵام موسڵمانانی ئەمڕۆ قورئان و سوننە مەشخەڵی ڕێیان بۆ دیاری ناکات، بەڵکو موفەسیرو ڕاڤەکاران و زانایان، بە مردوو زیندویانەوە، سەرەڕای جیاوازی چاخ وتێگەیشتن و ڕۆشنبیریشیان؟!!

ئەم توێژینەوەیەم دابەش کردووە بۆ سێ بەش بە پێی قۆناغە مێژوییەکانی گوتاری سیاسی شەرعی کە بریتین لە:

١- بەشی یەکەم: قۆناغی یەکەم: قۆناغی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو.

٢- بەشی دووەم: قۆناغی دووەم: قۆناغی گوتاری سیاسی تەئویل کراو.

٣- بەشی سێهەم: قۆناغی سێهەم: قۆناغی گوتاری سیاسی گۆڕێنراو.

سەرنجێکی بچوك: سەرجەم ئەو سەرچاوەو کتێبانەی بۆی گەڕاومەتەوە بە پێی چاپە بەناوبانگەکانیتی یا ئەوەی تەنها یەك جـار چـاپکراوە جگە لەم سەرچاوانە:

١- طبقات ابن سعد: تحقيق عبدالقادر عطـا– دار الكتــب العلميــة- بيروت.

٢- تاريخ ابن جرير الطـبري: ط٣ – ١٩٩١ م، دار الكتــب العلميــة- بيروت.

٣- البداية والنهاية – تاريخ إبن كـثير: ط٣ – ١٩٨٧ م، دار الكتــب العلمية – بيروت.

٤- مصنف ابن شيبة – تحقيق كمال الحوت، ط١. التاج – بيروت.

ئیتر داوای سەرکەوتن و بە جێیەتی لە خوای بەرزو باڵا دەکەم، تەنها قسەی ئەو پێغەمبەرە پیاوچاکە دەڵێم کە خوای گەورە (لەسەر زمانی ئەوەوە پێمان) دەفەرموێ: ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الإِصْلاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ (هود – ٨٨)

واتە: من هیچم ناوێت تەنها چاکسازی نەبێت، بە گـوێرەی توانـام، ڕێکخستنی کارم بەدەستی کەس نیە بەدەستی خـوا نـەبێت، پشـت و پەنام هەر بەو بەستووە و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێمەوە.

# قۆناغە مێژووییەکانی
# گوتاری سیاسی شەرعی

## بەشی یەکەم

## قۆناغی یەکەم

## قۆناغی گوتاری سیاسی
## شەرعی دابەزێنراو
## (١ ك – ٧٣ ك)

ئەکریٚ قۆناغە مێژووییەکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی – کە بریتیە لە کۆو و پێکهاتەی بڕیارو حوکم و بنەماکانی سستمی فەرمان ڕەوایەتی لە دەولەتی ئیسلامیدا – دابەش بکەین بۆ سێ قۆناغی سەرەکی، هەر قۆناغێکیش چەندین ئادگار و تایبەتمەندی و مەشخەڵی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە قۆناغەکانی تر:

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو:

بریتیە لەو قۆناغەی ڕێنماییەکانی ئیسلامی تێدابەرجەستە دەبێ هەروەك چۆن دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر ﷺ، ئەم قۆناغە کە لەڕوی مێژووییەوە بەبەرپاکردنی دەولەتی ئیسلامی لە مەدینەوەوە دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کۆچی بۆی کرد، تا دەگاتە کۆچی دوایی دوا خەلیفەیەکی سەحابی پێغەمبەر ﷺ کە ئەویش عەبدوڵلای کوری زوبێرە (ساڵی ٧٣ ك)، سەرەڕای ئەو کەلێن و ناتەواوی و لادانەی لە دوادواییەکانی دەسەڵاتیدا پەیدابوو کە بەسەرەتای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە دادەنرێ.

ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کەم ئەم سەرەتاو بنەمایانەی خوارەوە تیایدا ڕوون و ئاشکرابووە:

### ١- زەرورەتـی بـوونی دەوڵـەت بـۆ ئـایین، وە ئـایین بـەبێ دەوڵـەت نابـــێ:

لەم قۆناغـەدا بنـەمای زەرورەتـی بـەرپاکردنی دەوڵـەت ئاشـکراو دیاربوو، ڕون بویەوە ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، چونکە نەگونجاوەو ناکرێ ئیسلام کە پەیامێکی نەمری مرۆڤایەتیە، وە شـەریعەتێکی کامـڵ و تەواوەو خوای گەورە هەڵی بژاردووە بۆ مرۆڤـەکان، دەوڵـەتێکی نـەبێ حوکمەکانی ئەو پەیامەی تیا بەرجەستەبکاو ئەو ئەرك و مافانەی تیا بەرپابێ لەگەڵ ئەو سنورانەی دەبنەهۆی پاراستنی ئەو مافانە.

قورئـان لـە زۆر ئایـەت دا تەئکیـدی لەسـەر پێویسـتی دەوڵـەت کردووەتەوە وەك مەبەست و ئامانجێك، هەروەك لـە فـەرمودەی خـوادا هاتووە: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً﴾ (النور: ٥٥) .

واتە: خوا بەڵێنی دڵنیا بەخش و تـەواوی داوە بـە وانـەی باوەڕیـان هێناوە لە ئێوەو کارو کـردەوە چـاکەکانیان ئـەنجام داوە بەڕاسـتی لـە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لـە ولاّتـدا هـەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دیـن و ئاینـەیان بۆ دەچەسپێنێت کە خوا خۆی پێی رازیە، هەروەها ترس و بیمیـان بـۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئـەو کاتـە ئـیتر بـە تـەواوی هـەرمن

دەپەرستن هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێکم بۆ بڕیارنادەن.

هەروەها تەئکیدی لە زەرورەتی دەوڵەت کردووەتــەوە وەك هۆکارێـك بۆ مـەبەستێکی تر: وەکو خوای گەورە فەرمویەتی: (الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّـاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ) (الحج: ٤١) .

واتە: ئەوانـەی کـە ئەگـەر پایـەدارمان کـردن لـە زەویـدا نوێـژو دروشمەکانی بە چاکی رادەگرن، زەکاتیش بەتەواوی دەدەن، فەرمان بـە چاکە دەکەن، قەدەغە لە خراپە دەکەن.

ڕوون و ئاشکراشە زۆربـەی واجبـەکان نـاکرێ بەوپـەڕی تەواویـەوە ئەنجام بدرێ- بەڵکو ناکرێ هـەر بـەجێبهێنرێ- مـەگـەر لـە سـایەی دەوڵەتێکدا کە بـە ئیسـلام فـەرمان ڕەوایـی بکـاو جێبـەجێ کـاری شەریعەتەکەی بێـت وەکـو زەکـات و جیهـــادو فـەرمان بـە چـاکەو بەرهەڵســـتی خراپەو سنورەکان و... هتد.

هەر شتێك ئەنجامدانی ئەرکێکی لەسەر وەستابێت ئەوا ئـەو شـتە خۆیشی بەناچاریو زەرورەت دەبێ بە ئەركو واجب (مالا یـتم الواجـب الا بە فهو واجب ضرورة) .

پێغەمـبەری خوا ﷺ ئەو کاتەشی لە مەککەدا بووە، کاری کردووە بۆ ئەنجام دان و جێبەجێ بونی ئـەم مەبەســتە، هـەر بۆیـە لـە وەرزو بۆنەکاندا دەچووە لای هۆزەکان و بەدوای کەسێکدا دەگەڕا پشــتگیریو هاوکاری بکا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی کـە خـۆی لـە خۆیـدا

هۆکارێکە بۆ چەند ئامانجێکی بالاتر، کە خۆ لـە بـەرپابونی ئـایین و سـەقامگیر بـونی دادگەریـدا دەنوێنـێ کـە قورئـان بـۆی هـاتووە، پێغەمبەر ﷺ بانگەوازەکەی خستەڕوو بۆ بەنی شـەیبان گەورەکـەیان موثەنای کوڕی حاریثە لە بەرانبەردا ووتی: (ئێمە کاتێ کە چـوینەتە عێراقەوە بە پێی پەیمانێك بووە کە کیسرا لێمانی وەرگرتـووە، ئـەویش بەوەی هیچ شتێکی خـراپ و نەشـیاو نەکـەین، وە خراپـەکاریش جـێ نەکەینەوە، من وادەبینم ئەم شتەی تۆ بانگەوازی بۆدەکـەی لەوانەیـە کە پادشاکان پێیان ناخۆشە، ئەگەر پێت خۆشە پشگیریو هاوکاریـت بکەین لە سنوری دامێنی ئاوی عەرەبەوە ئەوا دەیکـەین. پێغەمبـەری خواش ﷺ فەرموی: (وەلامەکەتان خراپ نـەبوو چـونکە بـە ڕاسـتو ڕەوانی دەرتانبـڕی، لە راستیدا ئایینی خوا کەسێك سـەری دەخـا لـە هەموو روویەکەوە پەروانەی بێتو وە بە هەموولا هەولّی بۆ بدا)[1] .

لێرەدا رونە پێغەمبەری خوا ﷺبانگەشە بۆ دین و دەولّـەت دەکـا، هەربۆیە بە نوشەیبان هەست دەکەن بەوەی پادشـاکان رازی نـابن بـە شـتێکی هاوشـێوەی ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ بـۆی هێنـاون، ئەوەشـی تەئکیـدی ئەمـە دەکاتـەوە ئەوەیـە کاتـێ پێغەمبـەر ﷺ بەیعـەتی

---

(١) ابن حبان لـە متمانەپێکراوەکانـدا هێناویـەتی ١/٨٠، (ابو نعیم في دلائل النبوة ل ٢٨٢) و ج (٢١٤)، البیهقي في دلائل النبـوة ٢/٤٢٢، والسمعاني في الانساب ١/٣٧، لە رێگەی ابان بن عبدالله البجلي لـە أبان بن تغلب لـە (عکرمـە)وە ئـەویش لـە (ابن عبـاس ئـەویش لـە علـی وە (خوایـان لـێ رازی بێـت) گێراوەتـەوە (متطلاني لـە (المواهب اللدنیة)دا دەڵێ:(حاکم و بەیهەقی و ئەبو نەعیم بەرچەیەکی باش (حسن) هێناویانە) هەروەها (حافظ) لە (فتح)دا ٧ / ٢٧٩، ح ٣٨٩ هەمان شت دەڵێ.

دووەمی لە ئەنسارەکان وەرگرت لە مەککە لەسەر بیستن و گوێڕایەڵی بـوو لـە تەنگانـەو ئاسـودەیی و لـە چوسـت و چـالاکی و خۆشـیو ناخۆشیدا، کە ئەمەش بەیعەت و پەیمانی جەنگ(حرب)ە.

لە فەرمودەکەی جابری کوڕی عەبدوڵلادا هـاتووە: (ووتمـان: ئـەی پێغەمبەری خوا، لەسەر چی بەیعەتت پێبدەین؟ فـەرمووی (بەیعـەتم پێ دەدەن لەسەر بیستن و گوێڕایـەڵی لـە چوسـت و چـالاکی و خـاوو خلێچکیدا، وەبەخشین لەکاتی تەنگانە و ئاسودەییدا، وەلەسەر فەرمان دان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە، وەڕەوا بوترێ و لە پێناوی خـوادا گـوێ بـە سەرزەنشـتی سەرزەنشـتکاران نـەدرێ، وە لەسـەر ئـەوەی پشتگیریم بکەن و بمپارێزن– ئەگەر هاتم بۆلاتان– لەو شتەی خۆتان و خـاوو خێـزان و منالـەکانتانی لـێ دە پـارێزن) ئەنسـارەکان لەمـە تێدەگەیشتن بۆیە گەورەکەیان (أسعد بن زراره) ووتی: (دەرچوونی ئەو ئەمڕۆ دژایەتیکردنی هـەموو عەرەبـە، کـوژرانی پیـاوە ناودارەکـانو شـــمشێر لەمل نانە.[1])

لێرەدا گوتاری سیاسیانەی پێغەمبەر ﷺ بۆیان رون و ئاشکرایە، وە دەیەوێ دەوڵەت بەرپا بکا، پاش ئەم بەیعەتەش پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ بەرپاکردنی دەوڵەت و دین پێکەوە، چونکە ناکرێ ئاینێك بـۆ خواو لە پێناوی خوادا بەرپا بکەی بێ ئەوەی دەوڵەتێکیش هەبێت ئەم

---

(١) أحمـد گێراویەتیـەوە ٣٢٢/٣، (ابـن حبـان)یش لـە (صـحیح)ەکەیدا ١٧٢/١٤، ح (٦٢٧٤) و سەنەدەکەشی (صحیح).

ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ، پێغەمبەریش ﷺ توانی پاش کۆچکردنی ئەم ئامانجە سەرەکیە بەدی بهێنێ کە ئاسانکاری دەکا بـۆ ئـەوەی ئـەرکی بەرپاکردنی ئایین و ملکەچی تەواو بۆ خوا دەر بـبڕدرێ. ئەوەشـی ئـەم راستی یە دووپات دەکاتـەوە ئـەو دەسـت پێشـخەرییەی هـاوەڵان بـوو (خوایان لـێ رازی بێـت) پـاش وەفـات کردنـی پێغەمبـەر ﷺ بـۆ یەکلایی کردنەوەی بابـەتی جێنشـینێتی لـە کـەپری بـەنی سـاعیدە (سقیفە بنی ساعدە) کردیان پێش ئەوەی جەستەی پـیرۆزی ئەسـپەردە بکەن، ئەم کارەشـیان تـەنها لەبـەر باوەربونیـان بـووە بـەم ئەسـڵەو هەستکردنیان بووە بەو بنەما سەرەکیە، چـونکە ئـەو رەفتـارە و بـەو شێوەیە هیچ لێکدانەوەیەکی نیە جگە لـەم شـیتەڵکارییە نـەبێ کـە بریتیە لە زەرورەتی بەرپاکردنی دەوڵەت لە رێـی یـەکلایی کردنـەوەی بابـەتی ئیمامـەت و دەسـەڵات و پارێزگـاری لـێکردنی لـە پێنـاو پایەداری ئایین و پارێزگاری لێکردنی.

ئەم دەست پێشـخەرییە بـۆ یەکلاکردنـەوەی ئـەم بابەتـە بەڵگـەی هۆشیاری سـیاسی هاوەڵانە ﷺ و تێگەیشتنیانە بۆ سروشتی ئـەم ئاینەو وە بۆ ئەوەی ئاین و دەوڵەتە، ئەوەشی ئەم راسـتی یـە تەئکیـد دەکاتەوە هەلوێستی ئەبوبەکرە — درودی خوای لەسەربێ-.

لە بەرانبەر ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا بە دەوڵەت پاش وەفات کردنی پێغەمبەر ﷺ بە بیـانووی ئـەوەی ئەمـە لەسـەریان پێویسـت نیـەو

ئەکرێ پابەند نەبن پێیەوە، مەسەلەی زەرورەتی دەوڵەت بۆئایین جێـی ناکۆکی ئوممەت نیە، بگرە جێی کۆڕانی هەموو مەزهەبەکانە، چونکە ئامانج لە ناردنی پێغەمبەران و دابەزانـدنی کتێبـــەکان بریتیـــە لەوەی دادگەری لە نێوان خەڵکیـــدا بەرپا بێـت، هــەروەك خـــوای گەورە دەفەرموێ: (**لَقَدْ أَرْسَـــلْنَا رُسُـــلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ**) (الحديد-٢٥) .

ئەم دادگەرییەش بەرپاناکرێ و بەدی نایەت مەگەر بەبەدی هاتن و بەرپاکردنی دەوڵەتێك نەبێت کە ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت، کە بریتیە لە بەرپاکردنی دادگەری و چاکسازی کـردن بـە پێـی توانـا، شـێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە دەفەرموێ (لە راستیدا خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووەو کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی خەڵکی تا رادەیەکی باش لە چـاکەو چاکســازی دابـن، نـەك بـۆ ئـەوەی خراپـەکاری و گەنـدەڵی بەیەکجارەکی بنەبڕ بکەن و هیچی نەهێڵن، چونکە ئەمە لە سروشتی مرۆییانەدا دەگمەنو مەحاڵە، لەبەر ئـەوە هـەر دەبـێ خراپـەی تێـدا بێ)[١] .

---

(١) (مختصر منهاج السنة)ی غنیمان٢/ ٤٨٣.

٢- زەرورەتـــی بـــەرپاکردنی دەســـەڵات، وە دەوڵـــەتیش بـــە بـــێ پێشـــەوا (إمـــام) نـــابـــێ.

ئا ئەمەش بنەمای دووەمە لە بنەماکانی گوتاری سیاسی شـەرعی دابەزێنراو، جا هەروەکو چۆن ئایین بە بێ دەوڵەت نابێ[١]، بە هـەمان شێوە دەوڵەتیش بە بێ پێشەواو دەسەڵاتێك نابێت کە هـەڵ دەسـێ بـە بەرێوەبردنی کاروباری ئەو دەوڵەتە، ئەم ئەسڵەش بە هەمان شێوە جێی کۆڕا (إجماع)ە، ماوەردی – لەم بارەیەوە دەفەرمورێ:

(ئیمامەت دانراوە بۆ جێگرتنەوەی پێغەمبەرێتی لـە پاسـەوانێتی کردنی ئایین و بەرێوەبردنی کاروباری دونیاو پەیماندان بەو کەسەی ئەم ئەرکە لە ئومەت دا جێبەجێ دەکا بە کۆڕا واجبە[٢].

لێرەدا مەبەستمان لە کۆڕا (إجماع) کۆڕای هاوەڵانە –خوایان لـێ ڕازی بێـت- کـە بـەهێزترین و دروسـترین کۆڕایەکـە، شەهرسـتانی

---

(١) لێرەدا مەبەست ئەوە نیە ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو ئاینیش نابێ بەڵکو بریتیە لە حاڵەتی ئاساییانەی ئیسلام وەك ئاینێك کە پێویستی بەدەوڵەتە تازەمینە خۆش کا بۆرەنگدانەوەی زیاتری بەهاورێنماییەکانی (وەرگێر).

(٢) الأحكام السلطانية ل(٥) مەبەست لە ئیمامەت لێرەدا جێگرتنەوەی پێغەمبەرە ﷺ ئـەویش بـە جێبـەجێ کردنـی شـەریعەتوو بـەرپاکردنی دادگـەری نـەك تـەنها سەرۆکایەتی و فەرمان ڕەوایەتی، کەواتە ئەو واجبە لەسەر ئوممەت لاناچێ مەگەر پاش بەرپاکردنی ئیمامەت بەواتای یەکەمی هەروەك موسلمانان پێی ئاشنان، نەوەك بەرپاکردنی هەموو حوکم و ئیمامەتێك.

فەرمویەتی (.... هاوەڵان (خوا لـــێیان ڕازی بێـت) هەرلـە بناغـەوە ڕێکن لەسەر ئـەوەی کـە هـەر دەبـێ ئیمـام هـەبێ.. ئـەم کۆڕایـەش بەڵگەیەکی یەکلا کەرەوەیە لەسەر پێویست بونی ئیمامەت) [(١)] .

قورتوبیش فەرمویەتی: (سەبارەت بە واجبی ئیمامەت جیاوازی لە نێوان ئومەت، هەروەها زانایاندا نیە.. هاوەڵانیش پاش جیاوازییەك کە کەوتە نێوان کۆچکەران و پشتیوانانەوە کۆبوون لەسەر پێش خستنی ئەبوبەکری صدیق.. ئەگەر فەرزی ئیمامەت واجب نەبوایە لە قورەیش و بەدەر لەوانیشدا ئەوا ئەو بەربـەرەکانێ و گفتوگۆیانـە لـە نێوانیانـدا شیاوو گونجاو نەدەبوو... ئەمە بەڵگەی واجبێتیەتی، وە پایەیەکە لـەو پایانەی ئایین کە کاروباری موسڵمانانی لەسەر ڕاوەستاوە)[(٢)] .

(أصم)یش کاتێ کە دەڵێ ئیمامەت دروست (جائز)ە نەك پێویست (واجب) ئەوە بۆ کاتێکە کە موسـڵمانان بتـوانن لـە نێـوان خۆیانـدا دادگەری ئـەنجام بـدەن و بـە مافـەکان هەسـتن و سـنورو ئەرکـەکان جێبەجێ‌کەن، ئەگینا (بونی ئیمام) واجبە)[(٣)] شێخی ئیسـلام ئیبنـو تەیمیە فەرمویەتی: (سەرپەرشـتی کاروبـاری خـەڵکی لەگـەورەترین واجبەکانی ئایینە، بەڵکو ئایین بەوە نەبێ بەرپانابێ، مرۆڤ کاتێ بـە

---

(١) نهایـة الإقـدام ل (٤٨٠) .

(٢) الجـامع لأحكـام القران ١ / ٢٦٤ . سـەرنج دە لـەو قسـەیەی کـە دەڵـێ پایەیەکـە لـە پایەکانی ئایین و پاشان بەراوردی کە بەوەی پاشتر باس و خواسی دێ!

(٣) سەرچاوەی پێشوو ١ / ٢٦٤.

تەواوی بەرژەوەندی یەکانی بەدی دێ کە پێکەوە کۆبن، چونکە هەمویان پێویستیان بە یەکترییە، لە کاتێ کۆبونەوەشیاندا پێویستیان بە سەرۆك هەیە، وە لەبەرئەوەشی خوای گەورە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەی پێویستکردووە، ئەوەش بە بێهێز و فەرمانداریێتی بەدی نایەت، هەروەها هەموو ئەوانەشی واجب کراون لە جیهادو دادگەری و جێبەجێ کردنی سنورەکان ئەنجام نادرێن و بە تەواوی جێبەجێ ناکرێن بە بێ هێزو فەرمانداریێتی)[1].

ئیمامی غەزالیش فەرمویەتی: (سوڵتان زەروری یە بۆ ڕێکخستنی کاروباری دین و دونیا، ڕێکخستنی کاروباری دونیاش لە ئایین دا زەرورییە، ڕێکخستنی کاروباری دینیش زەرورییە بۆ دەست خستنی بەختیاری دوارۆژ، ئەمەش بێدوودڵی مەبەستی پێغەمبەران بووە، بۆیە واجبێتی بونی ئیمام لە هەرە پێویستیەکانی شەرعە کە ناکرێ وازی لێ بهێنرێ)[2].

ئیبنوخەلدون فەرمویەتی: (دانانی ئیمام واجبە، واجبێتی یەکەشی لە شەرعدا بەکۆڕای هاوەڵانو تابعین زانراوە، چونکە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) دەست پێشخەربوون بۆ بەیعەت دان بە ئەبوبەکر

(١) السياسة الشرعية ل ١٧٦ – ١٧٧، لێرەدا مەبەست لە ئیمامەتی شەرعیە نەك هەموو ئیمامەتێك، وەك بارودۆخی زۆربەی حکومەتەکانی ئەمڕۆ کە جێگرێتی پێغەمبەر ﷺ ناکەن لە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا.

(٢) الإقتصاد في الإعتقاد ل ١٩٩.

(خوای لــێ ڕازی بێت) وەکاروباری خۆیان دابەدەستیەوە).[1]

ئـیبن و حــەزمیش فەرمویــەتی: (بــەزەرورەتی عــەقڵ و ســەلمێنراوە ئاشکراو بێگومانەکانی ئــەوەمان زانیــوە کــە خــەڵکی نــاتوانن بــەو کاروبارو بڕیارو فەرمانانە هەستن کە خوا لە سەری پێویست کــردوون لە سەروەت و سامان و تۆڵەو سزاو خوێن ســەندنەوەو مــارەبڕین و جیابونەوەو ستەم نەکردن و بەدەم هــــەژارەوە بوون و... هەموو ئەمانــە ناکـــرێ و ناگونجێ بە بێ ئیمام ئەنجام بدرێ، ئەمانەش لەو وڵاتانــەدا کە ســەرکردەی نیــە شــتێکی ئاشــکراو بەرچــاوە، لەوێــدا فــەرمانی فەرمانڕەواکان جێبەجێ ناکرێ و ســـنورەکان پیادە نابن، تەنانەت زۆر لە مەسەکانی ئایین نەماون، بەرپاکردنی ئایین بەدی نایەت مەگەر بە پاڵپشتی و هاوکاری کەسانی تر)[2].

بەرپاکردنی دەسەڵات و بوونی ئیمام لە پێویســترین پێویســتی یــە

---

(١) المقدمة ل ١٩١.

(٢) الفصل في الملل والنحل (٤/ ٨٧) . ڕامێنە لە دەقی ووتەی ئەم پێشەوایانەو چۆنێتی شیتەڵکاری و هۆکاریان بۆ واجبێتی ئیمامەت لەڕووی شەرع و ژیریەوە، وە چۆن بە پایەیــەك لــە پایــەکانی ئاییــنیــان دانــاوە، لەبــەر ئــەوەی ئــایین بــەوە بــەرپا دەبــێ، پاشــانیش بڕوانــە واقعــی گوتــاری سیاســی بزوتنــەوە ئیســلامیە هاوچــەرخەکان بــۆ ئــەوەی مــەودای ئــەو کەلێنــە هەســت پــێ بکــەین کــە توشــی گوتــاری سیاســی و عەقائیدیان بووە لەبەرەنجامی پەراوێز خستنی ئەم ئەسڵەوە! بڕوانە ئەو وتەیەی ئیبن و حــەزم بــەوەی کــە نــەبونی ئیمــامێکی شــەرعی کــە هەســتێ بــە واجبانــەی خــوا فــەرزی کــردوون لەســـەر ئومــەت سەردەکێشــێ بــۆ نــەمان و ڕۆیشــتنی ئــایین و بەنەبون و نەمانیشی ئاینیش پیادە ناکرێ.

شەرعیەکانە، چونکە ئایین بەبێ ئەوە بە پایان ناگـا سـەرەڕای ئـەوەی زەرورەتێکی کۆمەڵایەتیە بۆ چاکسازی، کاروباری کۆمەڵگە بەبێ بونی دەسـەڵات بـەرێوە ناچـێ، هـەروەك شـێخی ئیسـلام ئیبنـو تەیمیـە فەرمویەتی: (هەموو مرۆڤەکان لە دونیاو دوارۆژدا بەرژەوەندیەکانیان بەدی نایەت مەگەر بە کۆبونەوەو هاوکاریکردنی یـەکتر نـەبێ، هـەر بۆیە ووتراوە: مرۆڤ بەسروشتی مەدەنیە، جا ئەگـەر کۆبونـەوە ئـەوا پێویستە هەندێ کاروبار ئەنجام دەن تـاوەکو بەرژەوەنـدی خۆیـانی پـێ بەدەست بهێنن وە خۆبپارێزن لەو کاروبارانەی خراپەکاری تێدایـە، بـۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستانە گوێڕایـەڵی فـەرمانکارێك بکـەن و بـۆ خراپەکانیش نەهی کارێك، هەموو مرۆڤەکان پێویسـتە گوێڕایـەڵیان هەبێ بۆ فەرماندارو نەهی کارێك)[1] .

زاناکان رێکن لەسەر ئەوەی سەرپەرشتیکردنی کاروباری گشتی لـە بەرێزترین ئەرکە شەرعیەکانە، هەروەك عیززی کـوڕی عەبدولسـەلام فەرمویەتی: (موسڵمانان رێکن لەسەر ئەوەی سەرپەرشتی کردنـەکان (الولایات) لە باشترینی گوێڕایەڵی کردنەکانە، چـونکە کاربەدەسـتە دادگـەرەکان گـەورەترین پاداشـتو زۆرتـرین رێزیـان هەیـە، بەسـەر خەڵکانی تردا، بە هۆی ئەوەی لە ژێر دەسـتیاندا زۆرتـرین رەوا بـەرپا دەکرێو چەندەها خراپەکاری و ناڕەوا دوور دەخرێتەوە.... بـە کـورتی و

---

(١) الحسبة ل (٨) .

پوختی پێشەواو كاربەدەست و فەرمانڕەوا دادگەرەكان پاداشـتیان لـە هەموو خەڵكی گەورەترە ئەمەش جێی ئیجماعی ئەهلی ئیسلامە)[1]

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە فەرمویـەتی: (واجبـە میرایـەتی بـەئایین دابنرێ و هۆكارێكی نزیك بونەوە بێ لە خوا، چونكە نزیك بونەوە لـە خوا لەم ڕێگەیەوە بەئەنجام دانی كوێڕایەڵی كردنـی خـواو گوێڕایـەڵی كردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە باشترین هۆكـاری نزیكبونـەوە لـەخوا دادەنرێ)[2].

ئەمەش تەفسیری هۆكاری ئەو پێشبڕكێ و كێبەڕكێیانەی هاوەڵانمان بۆ دەكات كە لەم رووەوە بەدی دەكرێ هەروەك لەبەسەرهاتی سـەقیفەو رووداوی راوێژدا دەیبینن كە عومەر خسـتیە نێـوان شـەش كەسـەوە، ئەوانیش كێبـڕكێیان تیادا كرد لەبەر ئـەوەی لـە پێغەمبـەری خـواوە بیستبویان ڕێزی ئیمامەت چ ڕێزێكی هەیە، هـەروەك لـە فـەرمودەی (صحيح)دا هاتووە: (سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل الا ظله: إمام عادل...)[3]. حەوت كەس لە سێبەرو سایەی خوادان لـە رۆژێكـدا كـە كەس سایەو سێبەوی نیە جگە لە ئـەو: یـەكێكێك لەوانـە پێشـەوای دادگەرە.

---

(١) قواعد الأحكام ١ / ١٢٠ – ١٢١.

(٢) الحسبة ل ٩ ، رامێنە لەو گۆڕانكارییانەی بەسەر ئەم تێگەیشتنە داهاتووە لەواقعی هاوچەرخ دا؟!.

(٣) رواه البخاري، ژمارە (٦٦٠) و (١٤٢٣) و مسلم ژمارە (١٠٣١).

(إبــن كــثير)يــش لەبەســەرهاتى كێبــەڕكێى شــەش كەســەكەدا ووتويەتى: (مەبەست ئەوەيە ئەوان، بەدوور لە خەڵكى و لە ماڵێكـدا دەستيان كرد بە راوێژ سەبارەت بەو كـارەى پـێ راسـپێردرابون. قسـە زۆربوو، دەنگ بەرزكرايەوە، (أبو طلحة) فەرمويەتى: من گومانم وابوو هەريەكەيان لە خۆى دوور دەخاتەوەو وەرى ناگرێ، گومانم وانەبوو كـە كێبـرِكێى تێدا بكەن).[1]

ماوەردى وتويەتى: (داخوازيكردنى ئيمامەت خراپ (مكروه) نيـە، ئەوەبوو ڕاوێژكاران (أهل الشورى) ناكۆكيان بـوو لەســەرى، داواكـار داواكردنەكـــەى رەت نەكرايـــەوە، ئەوەشـــى داخـــوازى دەكـــرد ڕێى لــێ نەگيرا)[2] .

ئەمەش بەڵگەيە لەسەر مەوداى ئەو هۆشياريية سياسيەى هاوەڵان هەيانبووە، وەچۆن لە سروشتى ئەم ئايينە گەيشتوون‌و پيـادەى كـارى سياسيان كردووە وەك گوێڕايەڵييەك بـۆ خـواو وەدەيـانكردە هۆكـارى نزيكبونەوەو پەرستش، لەم قۆناغەدا ئەو بۆچونانە نـەهاتبووە ئـاراوە كەپێيان وايە ئـەم جـۆرە كێبەركێيانـە كـەم و كـورتى ئاييندارييـەو تانەوتەشەر دانە لە دادگەريتى؟!

كێبەركێى ئەوان بۆ ئيمامەت لەبەر خێرو شـكۆمەنديەكەى بـووە،

---

(١) البداية والنهاية ( ٧ / ١٥١) وە (ابن سعود) يش (٣ /٢٨٥) بە سەنەدێكى (صحيح) لەسەر مەرجى موسلم گێڕاويەتيەوە.

(٢) الاحكام السلطانية ل ٨.

وە بەوپێیـەی ئیمامـەت دەروازەیـەك بـووە لـە دەروازەکـانی چـاکەو چاکسازی، ئەم کێبەرکێیانەیان وا دانەناوە کە پێچەوانەی ئـەو نـەهی کردنانە بن لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە سەبارەت بە داواکردنـی ئەمیرایـەتی هـەروەك لـەو فەرمودەیـەی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ فەرمویەتی: (ئەی ئەبو زەڕ، تۆ کەسێکی لاوازی، ئەم کاربەدەستییەش سپاردەیە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا مایەی ریسـوایی و پاشـگەزبونەوەیە مەگەر یەکێك مافەکەی دا بێ، وە ئەوئەرکەی جێبەجێ کردبێ).[١]

وە ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ بە عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورە دەڵێ: (ئەی عەبدوڕەحمان، داوای فەرماندەیی و ئەمیرایەتی مەکە).[١]

چونکە ئەم فەرمودانەیان لەسەر ڕووی راستی خۆی خوێندبوەیـەوە، کـە ئـەو قەدەغەییـە لـەڕووی شـەرعەوە بریتیـە لـە داواکردنـی فەرماندەیەتی لەبەر خودی فەرماندەیەتیەکـە و ئـەو بـەرزی و ڕێـزو شکۆمەندییەی تێیدایە، بەڵام ئەگەر کەسێ داخوازی کرد لەبەرئەوەی دەروازەیەکە لە دەروازەکانی چاکەو چاکسازی و بـەرپاکردنی دادگـەری لە نێوان خەڵکیدا، ئەوا زانایـان ڕێکـــن لەسـەر ئـەوەی ئەوکەسـە پاداشت دەدرێتەوە، نەوەوی فەرمویەتی: (ئـەم فەرمودەیـە ئەسـڵێکی گەورەو گرنگـە بـۆ خـودوورگرتن لـەکار بەدەسـتێتی، نـەخوازەڵا بـۆ کەسانێك کە بێدەسەڵاتن لە ئەنجام دانی ئەرکەکانیدا، بەڵام ریسـوایی

---

(٢) صحیح مسلم ، ژمارە ١٨٣٥

(١) صحیح مسلم ، ژمارە ١٦٥٣.

و پاشگەزبونەوەکەی ئەوا بۆ ئەو کەسانەیە شیاوی ئەو کارە نین، یاخود شیاون بۆی بەڵام دادگەرنین تیایدا، ئەوانە خوا لـە دوارۆژدا ریسـوایان دەکا... بەڵام ئەگەر کەسێ شایستەی کاربەدەستێتی بوو دادگەریش بوو تیایـدا، ئـەوە چـاکەیەکی گەورەیـەو بـە ئاشـکراش لـە فـەرمودە سەحیحەکاندا بـاس دەکـرێ وەکـو فـەرمودەی (سـبعة یظلـهم الله في ظله...) کۆڕای موسڵمانانیشی لەسەر هەیە)[1].

یوسف (سەلامی خوای لەسەر) داوای کاربەدەسـتی لـە فیرعـەونی میسـر کـرد سـەرەڕای کافرێتییەکـەی، بـە مەبەسـتی چاکسـازی و بەرپاکردنی دادگەری لە نێوان خەڵکـدا بـە پێـی توانـاو بـۆ لـوان و فەرموی: ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظ عَلِيمٌ﴾ (یوسـف: ٥٥)، بمکە خەزنەداری زەوی چونکە مـن کەسـێکی پـارێزەرو لێـزان و زانام (لەو شتەدا) .

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە سەبارەت بەڕونکردنەوەی ئـەم بابەتـە فەرمویـەتی:[2](دەسـەڵاتدار تاوانبـار دەبـێ بـەو دەسـت درێـژی و مافخواردنەی ئەنجامی دەدا لە سنوری توانای خۆیدا، بەڵام من لێـرەدا دەڵێم: ئەگەر کاربەدەستی دەسەڵاتداری گشتی یا هەندێ لە دەسـت و پێوەندەکانی تری وەکو فەرماندەیی و والێتی و قەزاو هاوشێوەی ئەمانە، ئەگەر نەشی توانی (بەوپەڕی تەواوییەوە) ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێ و

---

(١) (شرح صحیح مسلم) نەوەوی ١٢ / ٢١٠ – ٢١١.
(٢) الفتاوی ٢٠ / ٥٤ – ٥٨.

واز لە حەرامەکانی بێنێ ئـەوا لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا دروسـتە کاربەدەستیێتی بکا، لەوانەیە واجبیش بـێ، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە چونکە کاربەدەستیێتی ئەگەر لەو واجبانـە بـێ کـە بەرژەوەندیـەکانی پێبـەدی دێ، لـە جیهـادی دوژمنـان و دابەشـکردنی دەسـتکەوت و ئەنجامدانی سنورەکان و پاراستنی ئاسایشـی ڕێگـەکان: کـە ئەمانـە کردنیان واجبە. جا ئەگەر ئەمە پێویستی بکا کەسانێکی نەشـیاویش کاربەدەستیەتی بکەن و هەندێ شتیتش ببەن کە بۆیان دروسـت نیـە یابیبەخشنە هەندێکی تر کە نە گونجاوە، نەشتوانی واز لەوانە بهێنێ: ئەوا ئەمە دەچێتە بواری (ما لا یتم الواجب أو المستحب الا بە، فیکون واجباً أو مستحبا) (ئەگەر واجبێك یان باشەیەك بە شتێك ئەنجام دەدرا ئەوا ئەو شت و هۆکارەش دەبێتە واجب یا سوننەت، ئەگەر خراپیەکەی کەمتـربوو لە بەرژەوەندی ئـەو واجبـە یـا سـوننەتە، بـەڵکو ئەگـەر کاربەدەستییەك واجب نەبێ و ئەو کاربەدەستییەش ستەم لەخۆ بگرێ، هەر کەسەش بیگرێتە ئەستۆ ستەم ئەنجام بدا ئەگەر کەسێك ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ بە مەبەستی سوککردنی ستەم تێیداو بەرگریکردن لـە خراپە زۆرەکانی لە ڕێی ئەنجامـدانی خراپەکـەمو ئاسـانەکانی، ئـەوا ئەوکارە بەم نیازە شتێکی باشە، وە ئەنجامدانی ئەو خراپانەش بە نیازی ڕێگری لە خراپتر شتێکی چاك و باشـە. ئەمەش دەرگـاو دەروازەیەکـە بە پێی جیـاوازی نیـازو مەبەسـتەکان جیـاواز دەبێـت، هـەر کەسـێ

ستەمکارێ داوای لێکردو پابەنـدی کـرد بـەوەی دەبـێ پـارەو پـول و سامانێکی پێدا، کەسێکیش ببوە نێوەند (واسطة) بـۆ ئـەوەی رێگـری بکا لەو ستەمە زۆرەی لە ستەم لێکراوەکە دەکرێ، لە سـتەم لێکـراو وەربگرێ و بیداتە ستەمکار ئەویش لـە توانایـدا بـێ بـە هـۆی ئـەم پێدانەوە ستەم نەکا، ئەم رێگری کردنە ئەگەر کرا: ئـەوا ئـەو کەسـە چاکەکارە، بەڵام ئەگەر نێوەندێتی بکا وەك هاوکارییەك بۆ سـتەمکار ئەوە خراپەکارە.

بەڵام لەم کارانەدا بەزۆری خراپی نیازو کردەوە بەدی دەکرێ، بۆ نمونە مەبەست تیایدا دەستکەوتنی دەسەڵاتودرایی بێت، لە کارو کردەوەشدا ئەنجامــدانی حــەرامکراوو نــەکردنی ئەرکــەکان بێــت نــەك لەبــەر یەکانگیربوون یاخود لەبەر بەکەڵکیو چاکێتی، پاشان کاربەدەستێتی هەرچەندە دروست (جائز) یا باش (مستحب) یا ئەرك (واجـب) بـێ، بەڵام دەکرێ بۆ کەسێکی دیاری کراوی تر واجبتــر بێ یا باشتربێ، هەر بۆیە هەندێ جار چاکترینیان پێش دەخرێ، جاری واش هەیـە لـە رووی باشــترییەوەیە، هــەر لــەم دەروازە یــەوە بــووە یوســفی راســتگۆ کاربەدەستێتی خەزنەداری سەرزەوی میسری گرتە ئەسـتۆ، نـەك هـەر ئەوە، بەڵکو هەر خـۆی داوای ئـەوەی کـرد بیکەنـە خەزنـەداری ئـەو زەمینە، لە کاتێکدا پادشاو خەڵکی میسر کافربوون، هــەروەك خـوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلَقَدْ جَاءَكُمْ يُوسُفُ مِنْ قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا زِلْتُمْ فِي

**شَكٍّ مِمَّا جَاءَكُمْ بِهِ﴾** (غافر: ٣٤) وه سه‌باره‌ت به یوسف (لـه سـجندا) فه‌رمویه‌تی: **﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ، مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ﴾** (یوسف ٣٩-٤٠) ئاشکراشه ئه‌وان سه‌ره‌ڕای بێباوه‌ڕێتیشیان خاوه‌نی باوو نه‌ریت و ڕێ و شوێنێك بون لـه وه‌رگـرتن و سـه‌رفكردنی دارایی به‌سه‌ر ده‌ست و پێوه‌ندو كه‌سوكارو سه‌ربازو ره‌عیه‌ته‌كه‌ی پاشادا، ئه‌و دابه‌شكردنه‌ش به پێی ڕێ‌وشوێن‌و دادگه‌ری پێغه‌مبه‌ران نه‌بوه‌و یوسف بۆی نه‌ده‌كرا ئه‌وه‌ی له ئایینی خوادایه ئه‌نجامی بدا، چونكه ئه‌و خه‌ڵكه گوێبیستی نه‌ده‌بون، به‌ڵكو به پێی توانا دادگه‌ری و چاكه‌كاری ئه‌نجام ده‌دا، به‌ده‌سه‌ڵاته‌كه‌شی توانی ڕێزی كه‌سوكاره باوه‌ڕداره‌كانی به‌ده‌ست بهێنێ، كه نه‌ده‌كرا به هیچ شتێكی تر ئه‌وه‌ی به‌ده‌ست بكه‌وێ، هه‌موو ئه‌مانه‌ش له چوار چێوه‌ی ئه‌و فه‌رموده‌یه‌ی خوادایه: **(فأتقوا الله ما استطعتم)** .

ئه‌گه‌ر دوو ئه‌رك تێككگیران نه‌ده‌كرا پێكه‌وه كۆ بكرێنه‌وه‌و ئه‌نجام بدرێن ئه‌وا گرنگترینه‌كه‌یان پێش ده‌خرێ و ئه‌وه‌ی تریان له‌مباره‌دا به واجب دانانرێ، وازهێنان له واجبه‌كه‌ی تر له‌به‌رخاتری ئه‌نجامدانی گرنگترینه‌كه‌یان وادانانرێ كه واجبێكی راسته‌قینه‌ی واز لێهێنابێ به هه‌مان شێوه ئه‌گه‌ر دوو حه‌رام پێكه‌وه كۆبونه‌وه نه‌ده‌كرا خۆ ده‌ربازكه‌ین له گه‌وره‌كه‌یان مه‌گه‌ر به ئه‌نجامدانی خوارتره‌كه‌یان، ئه‌وا

لەم بارەدا ئەنجامدانی خوارترەکەیان بە حـەرامی راسـتەقینە دانـانرێ هەرچەندە ئـەوەیان بـە وازلێهێنـانی واجبێـك و ئـەمیان بـە کردنـی حەرامێك ناو ببرێ بە پێی رەهایەتیان، لەوەدا واجب یا حەرامن، ئەمە زیانی نیە لەم حاڵەدا دەوترێ: واز لێهێنانی ئەرکێ لەبـەر بیانویـەك، ئەنجامدانی حەرامێك لەبەر بەرژەوەندنیەکی زۆرتر یا لەبـەر ناچـاری، لەبەر نەکردنی حەرامێکی گەورەتر) .

٣- زەرورەتی گرێدانی بەیعەت، ئیمامەت بە بێ ئەم گرێ بەستە بەدی نایــەت:

ئائەمە بناغەی سێیەمە لە بناغەو بنچینەکانی گوتـاری سیاسـی شەرعی دابەزێنراو لە قۆناغی یەکەمیدا کە نمایندەی ڕێنماییـەکانی ئایینی ڕاست و ڕەوایە، پەیوەندی نێـوان ئوممـەت وە ئیمـام ڕاوەسـتاوە لەسەر گرێبەسـتی نێـوان هـەردولا، کـە ئوممـەت تیایـدا ڕەسـەنترە، ئیمامیش نوێنەری ئەوە بـۆ راپەڕانـدنو بـەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی، فەرمانڕەوایی و دەسەلأت بەڕاسـپاردنی خـوایی (التفـويض الالهـي)و مافی میراتگری نین، بەڵکو بەگرێبەستی بەیعەتە لە نێـوان ئوممـەت و ئیمامدا، لەمەشدا ئیسلام پێش ڕۆژئاواکەوتووە لە دیـاریکردنی ئـەو بناغە فەلسەفیەی بە هۆیەوە دەسەلأت پیادەی سـەلأحیەتەکانی دەکـا بە پێی بیردۆزەی گرێ بەستی کۆمەلأیـەتی، بـە شـێوەیەك تاکـەکانی کۆمەڵگە لە ڕێی ئەو پەیمانەوە واز دێنن لە هەندێ لە ئازادییەکانیان بۆ دەسەلأت لە پێناوی ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و بـەڕێوەبردنی بـە شێوەیەك کە بەرژەوەندی کۆمەڵگە بـەدی بێنێـت، بـە پێـی بینشـی فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لـۆك (١٧٠٤ ز.ك) (*) لـە کتێبەکانیـداو فەیلەسوفی فەڕەنسی جان جاك ڕۆسۆ (١٧٧٨ ز) لـە کتێبـــی (گـرێ

(*) ك = کۆچی دوایی کردووە.

بەستی کۆمەڵایەتی)دا، سەرەڕای بێتوانـایی خـاوەنی ئـەم بیردۆزانـە لەوەی ئەم بناغە فەلسەفیە بسەلمێنن وە لە چ کاتێکدا ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتیە بەدی هاتووە.

ئیسلام دەست پێشخەربووە لە سەقامگیرکردنی بنەمای گرێ بەست نەك لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی بیردۆزەیی، بەڵکو لەسەر بناغەیەکی واقعی کرداری، ئەوەتا یەکەم گرێبەستێك لـە دەوڵـەتی ئیسلامیدا بریتیە لەگرێ بەستی پەیمانی عەقەبە کەلە سەر بناغەی ئەو پەیمانـە دەوڵەتی ئیسلامی بەرپابوو، ئـەوەبوو پێغەمبـەر ﷺ لـە پـاش ئـەو پەیمانە کۆچی کرد بۆ مەدینە، بۆ ئەوەی پیادەی سـەلاحیاتەکانی بکـا بەپێی ئەوپەیمان و ڕێککەوتنەی کـە بەڕەزامەنـدی خـەڵکی مەدینـە بەدی هات و بەو پێیەش پێغەمبەر ﷺ ئەبێتە ئیمام و مافی بیسـتن و گوێڕایەڵی دەبێ لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە راسـتی دا (گـرێ بەسـتی کۆمەڵایەتی) دەوڵەتی ئیسلامی راستی یەکی مێژوییە و بەڕەزامەندی هەردوولا بەدی هات، خەڵکی مەدینە لەیەکـەم کۆبونـەوەیان لەگـەڵ ئـەودا لـە مەککـە بـە پێغەمبـەر ﷺ یـان ووت: (ئێمـە گـەل و نەتەوەکەمان بەجێ هێلاوە، هیچ گەل و نەتەوەیەك نیە ئەوەندەی ئەوان دوژمنایەتی و خراپە لە نێوانیاندا بێ، ئەمە خوایە بە هۆی تۆوە کۆك و ڕێك بن، دەچینە لایان و بانگەشەیان دەکەین بۆ ئەم کارەی تۆ، ئـەوەی خۆمان لەم ئایینەدا لێتمان وەرگرتووە دەیخەینە ڕوو بۆیان، ئەگەر خوا

کۆك و کۆی کردنەوە بۆت ئەوا هیچ کەسێ لە تۆ سەربەرزتر نابێ)[١] ئەوان رەزامەندی و بەدەمەوە هاتنی گەل و هۆزەکەیان بەمەرج دانا بۆ ئەو مەبەستە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا دوو پەیمان و بەیعەتی جیا لە یەکی گرێدا، بەیعەتی یەکەمی لەسەر باوەڕبون بوو بە خواو هاوبەشی پەیدانەکردن بۆی و گوێڕایەڵی کردنی بوو، بەڵام پەیمان و بەیعەتی دووەم بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و بەرگری لێکردنی بوو، کە بریتیە لە پەیمان و بەیعەتی جەنگ.

لەسەر ئەم بناغەیە کەلە گرێ بەستی بەیعەتدا خۆی دەنوێنێ دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە بەرپاکرا، پێغەمبەری خوا ﷺ بە کودەتایەکی سەربازی یا شۆڕشێکی جەماوەری نەچووە مەدینەوە، بەڵکو بە پێی گرێ بەست و رەزامەندی بوو، قورئانیش ئەمە تەئکید دەکاتەوە هەروەك لە فەرمودەی خوادا هاتووە: ﴿فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ (النساء: ٦٥) نەخێر، سوێند بە

(١) تهذیب سیرة ابن هشام ل ٥٣، شێخی ئەلبانی ئیسنادەکەی بەباش (حسن) داناوە لە پەراوێزی (فقه السیرة ل ١٤٦)دا لەراستی ئیسنادەکەی (صحیح)ە، موحەمەدی کوڕی ئیسحاق گێڕاویەتیەوە، کە پێشەوایەتی ئەوخاوەن قورساییە لە (السیرة والمغازي)دا، ئەویش لە مامۆستاکەی (عاصم بن عمر الانصاري) یەوە گێڕاویەتیەوە کەجێی متمانەیە و زانایە بەژیاننامەی پێغەمبەر و هاوەڵان، ئەویش لە کۆمەڵێك لەو ئەنسارییانەوە گێڕاویەتیەوە کە ئامادەی پەیماننامەکە بوون — کەواتە ئیسنادەکەی (صحیح)ە.

پەروەردەگارت ئەوانەی (لافی بـڕوا لێـدەدەن) بـڕوا نـاهێنن هـەتا لـە هـەموو کێشـەیەکدا کـە ڕوودەدا لـە نێوانیانـدا تۆنەکەنـە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، قورئان ئـەوەی سـەلماندوە کـە موسـڵمانان لـە مەدینەدا پێغەمبەریان کردوەتە دادوەر بەوەی کارو بارو کێشـەکانیان دەگێڕنەوە بۆ لای ئەوو باوەڕیان پێی هێناوە، ئەمـەش نـاوەڕۆکی گـرێ بەستی شاهێدی دانی پێغمەبەرایەتیە بەئەو، لەگەڵ ئەوەشدا دەتـوانن دادوەری ببەنە لای کەسـانی تـرو پشـت هەڵکـەن، هـەروەك خـەڵکی مەککە کردیان بەڵام ئەم پشت تێکردنە لە بازنەی باوەڕدەریان دەکا بۆ بازنەی هاوبەش پەیداکردن، پێغەمبەری خـواش ﷺ چـەندین جـار پەیمان و بەیعەتی لە هـاوەڵان وەرگرتـوە – هـەروەك لـە حودەیبییـەدا روویدا – بۆ ئەوەی ئەم بنەمایە تەئکیـد بکاتـەوە، ئـەویش بنـەمای بیستن و گوێڕایەڵیە بنیات لەسەر گرێ بەستی بەیعەت.

دواتریش پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی وەرگرت لە نوێنەری هـۆزو شارەکان ئەوانەی ئارەزوومەندانە دەهاتنە نێـو ئیسـلامەوەو پابەنـدی گوێڕایەڵی کردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەبون، بۆ ئەوەی تەئکید بکاتەوە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکە بەرپا بووە لەسـەر بناغـەی ڕێککـەوتنی هەردولا، هـەروەك لەگـەڵ نوێنـەری (کنانـە)و نوێنـەری (عـامر بـن صعصعە)و نوێنەری (عقیل بن کعـب)و نوێنـەر (مزینـە)و... هتـدا ئەنجام درا[1].

---

(١) سەیری طبقات ابن سعد ( ١ / ٢٢ ) بکە.

خوای گـەورەش بـەڵێنی جێنشـینی سـەرزەمینی بـەباوەڕداران داوە هەروەك فەرمویەتی: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ (النور: ٥٥) واتە: خـوا بـەڵێنی دڵنیابـەخش‌و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێـوەو کـاروکردەوە چـاکەنیان ئەنجام داوە بەڕاستی لەئاییندەیەکی نزیکدا جێنشین‌و پایەداریان دەکات لەوڵات دا، بۆ ئەوەی تەئکید لەسەر ئەوە بکاتەوە کـە جێنشـینی بـۆ کۆو کۆمەڵ و ئوممەتە بەگشتی نەك تەنها بۆ پێغەمبەر ﷺ .

لەبەر رونی ئەم بنەمایەو ئەوەی کە ئیمامەت دانامـەزرێ مەگـەر پـاش گـرێ دانـی بەیعـەت نـەبێ، هـاوەڵان خوایـان لێـرازی بێـت دەسپێشخەرییان کرد بۆ بەستنی ئەم پەیمانە لە کاتی بەجێ‌نشین بونی خەلیفەی یەکەم دا، ئەبوبەکر نەبووە خەلیفە پاش ئەوە نەبێ کە گـرێ بەستی بەیعەتیان پێیدا هیچ دەسەڵات یا هێزێکی نەبوو کـە بتوانـێ پیادەی کاروبارەکانی پێ بکـا وەك خەلیفەیـەکی موسـڵمانان، ئەگـەر ناوەڕۆکی ئەو گرێ بەستە نەبوایە، کە بەرەزامەندی سـەرجەم هـاوەڵان بەدی هات، ئەوانەی کەخاوەنی پایەی (الحل والعقد) بون هەنـدێکیان لە کەپری (بەنی ساعیدە) پەیمانیان پێیدا و جەماوەری هاوەڵانیش لـە مزگەوتدا بەیعەتی گشتییان پێیدا[(١)].

ئەگەر ئەم گرێ بەستە ئەوەندە گرنگ و ناچـاری نەبوایـە هـاوەڵان

(١) سەیری (صحيح البخاری) لەگەڵ (الفتح) بکە چ (السلفية) ١٣ / ٢٠٦ ف ٧٢١٩

خۆیانیان پێوه سەرقاڵ نــەدەکرد و خــەریك دەبــون بــە ســپاردەکردنی پێغەمبەری خواوە ﷺ، وە پێویستیشی نەدەکرد تەواوی ئەوانــەی لــە سەقیفەو مزگەوتدابون ئەو پەیمانە بدەن ئەگەر زەرورەت و ناچاری لــە ئارادا نەبوایە، بە هەمان شێوە عومەر تەنها بــە پــاڵاوتنی ئەبوبــەکر کاتێ کە لە سەرەمەرگدابوو وەپاش ئەوەی راوێــژی بــە هــاوەڵان کــردو ئەوانیش پێی رازی بون[1] یەکسەر نەبوو بە خەلیفە، بەڵکو کاتێ بوو بە خەلیفە کە موسڵمانان بەیعەتیان پێیــدا لــە پــاش کۆچــی دوایــی ئەبوبەکر بە رەزامەندی هاوەڵان –خوایان لــێ رازی بێت- هــەر بۆیــە شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە فەرمویەتی (ئەگەر وارێ بکەوتایە تــەنها عومەرو کۆمەڵێك لە هاوەڵان بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بدایەو هاوەڵانی تر رێگربونایە لە بەیعەتدان ئــەوا بــەو بەیعەتــە (ئــەوەی یەکــەم –و-) نەدەبویە ئیمام، ئەبوبەکر کاتێ بوبــە ئیمــام کــە جــەماوەری هــاوەڵان بەیعەتیان پێیدا ئەو هاوەڵانەی خاوەنی تواناو هێزبون)[2] جارێکی تــر دەڵــێ: (هەروەها عومەر کاتێ ئەبوبەکر ئەوکارەی پێسپارد ئەو وەختە بۆیە ئیمام کە بەیعەتیان پێیداو گوێڕایەڵیان بۆی دەربــڕی، ئەگــەر وا ڕێبکەوتایە ئەوان پێسپاردنەکەی ئەبوبــەکریان جێبــەجێ نەکردایــەو بەیعەتیان پێی نەدایە نەدەبویە ئیمام).[3]

---

(١) طبقــات أبــن ســعد ١٤٨/٣،وە(ابــن جريــر الطــبري ٣٥٢/٢، وە حــاکم٧٩/٣ وتویەتی:(سەحییحە بە پێی مەرجی موسلم)

(٢) منهاج المسلم ١ / ١٤١.

(٣) منهاج السنة ١ / ١٤٢.

ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێ‌سپاردن (عهد) تـەنها پالآوتن (ترشیح)ە، ئوممەت بۆی هەیە پەسەندی کاو دانی پێـدانێ یـا بەرهەڵستی بێو پەسەندی نەکا، جەماوەریش — کە زۆرینەن- ئـەوانن تای تەرازووی هەڵبژاردنەکە قورس دەکەن لەکاتی بونی جیـاوازی لـە ئوممەتداو رێـك نـەبونی لەسـەر بۆچـونێك لـە بابـەتی هەڵبـژاردنی ئیمامدا، بە هەمان شێوە عوسمان نەبوو بە ئیمام و فـەرمانڕەوا تـەنها بەوەی عومەر پـالآوتی لـە نێـو شـەش کەسـەکەدا، وە بەڕەزامەنـدی پێنجەکەی تریش نـەبوو بـەوە، بـەڵکو پـاش ئـەوە بـوو بەخەلیفـەی موسڵمانان کە هاوەڵان لە مزگەوتدا گرێ بەستی بەیعەتی گشتیان لە گەڵیدا ئەنجامدا، هەروەك شێخی ئیسلام ئـیبن‌و تەیمیـە فەرمویـەتی: (عوسمان نەبوو بە خەلیفە بەوەی هەندێکیان هەڵیان بژارد بەڵکو بـە بەیعەتی خەڵکی بوو، هەموو موسـڵمانان بەیعـەتیان بـە عوسمانـدا کەس لە بەیعەت پێدانەکەی دوا نەکەوت)[1] بەهەمان شێوە خەلیفەی راشدی چوارەم عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) نەبوو بـە خەلیفـە مەگـەر پاش گرێ بەستی بەیعەت نەبێ.

هەروەها ئەوانەشی لە لایەن ئیمامەوە خەلیفەیـەتیان پێسـپێرراوە تەنها بەو پێسپاردنە لە لایەن ئیمامەوە نابن بە ئیمام (خەلیفە) پاش وەفاتی کەسی یەکەم. (کە خەلیفەی پێشووە)، بەڵکو نابێ بـە ئیمـام

(١) سەرچاوەی پێشوو ١ / ١٤٢.

مەگەر دوای ئەوەی لە لایەن ئوممەتـەوە پـەیمانی بەیعـەتی پێ‌بـدرێ، هـەروەك (أبـو يعلـى الحنبلـي) وتویـەتی: (ئیمامـەت گـرێ نـادرێ (دانامەزرێ) بۆ ئەو کەسەی پێی سپێردراوە بە خودی ئەو پێسپاردنە، بەڵکو بە گرێبەستی موسڵمانان دا دەمەزرێ)[1] هەروەها فەرمویەتی: (پێسپاردنی ئەو بۆ کەسانی تر گرێبەستی ئیمامەت نیـە)[2] بـەڵکو پاڵاوتنەو راوەستاوە لەسەر ئەو پەیمانەی ئوممەت پاشتر پێی دەدەن.

لەبەر ترسناکی و گرنگی ئەم بەیعەتە بـەردەوام تـەواوی خەلیفـەو پاشاکان پاشتر سوور دەبون لەسەر شەرعیەت پێدانی دەسـەڵاتەکەیان بەوەی بەیعەت وەرگرن لە ئوممەت ئەگەر بەنابەدڵی و ناخۆشیش بووە؟!

گرێبەستی (بەیعەت) وەکـو گـرێ بەسـتەکانی ترەوایـە، بـە کـورتی پوختەی هەمان ئەو مەرجانەی تێدایە کەلەو گرێ بەستانەدا مەرجن، ئەم گرێبەستە زیاتر بە گرێبەستی نوێنەرایـەتی (الوكالـة) دەچێت، بەوپێیـەی ئوممـەت خـۆی رەسـەن و ئەسـڵە تێیـدا، ئـەو کەسەشـی هەڵدەبژێررێ بۆ ئەوەی ئیمام بـێ پـێی دەبێتـە نوێنـەری ئـەو (واتـە ئوممەت) بۆ راپەراندنی ئەو شتانەی خوا پێویستی کردووە موسـڵمانان پێی هەستن، وەکو بەرپاکردنی دادگـەری و مـافو سـنورەکان و ئـەو بەرژەوەندیانەی ئیمام پێی هەڵدەسێ لە بری ئوممەت بە پێی ئەو گـرێ

---

(١) الأحكام السلطانية ل ٢٥.

(٢) سەرچاوە پێشوو.

بەستی بەیعەتەی پێی دراوە، ئەمــەش تەئکیـد لەســەر ئەوەدەکاتــەوە کەماف لێرەدا بۆ ئوممەتە لەگەڵ کێدا بیــەوێ گـرێی بـدا یـا هــەڵی وەشێنێتەوە دەیکا، کەس ناتوانێ بەرهەڵستی و ناســازی لەســەر بکــا لەم ڕووەوە، هەروەك ماوەردی فەرمویەتی: (ئەگەر بوو بە ناکۆکیان — لەسەر ئیمامەت-) هەریەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد لــە پێشــترە، گوێ لە بانگەشەکەیان نــاگیرێو سوێندیشــیان نــادرێ، چــونکە ئــەو خاوەن مــاف نیــە تێیــدا، بــەڵکو ئــەوە مــافی تــەواوی موســڵمانانە، سوێندەکەی هیچ حوکمێکی نیە، کشانەوەکەشی ڕۆڵ نابینــێ، ئەگــەر یەکێکیان دانی نابە لە پێشتری ئەوەی تــر ئــەوا دانپێدانەرەکــە لێــی دەردەچێ، بەڵام ناچەسپێ بۆ ئەویتر، چونکە دانپێدانانەکەی لــە مــافی موسڵماناندایە)[1].

لێرەدا ماوەردی ڕوونی دەکاتەوە کە حوکمی گرێدانی بەیعــەت چــی دەبێ ئەگەر بەدووکەس درابوو بێئەوەی بزانرێ کامیان لــە پێشــترە، وە گوێ لە بانگەشەی کەسیان ناگیرێ بەوەی بۆی نیە لە شتێکدا سوێند بخوا کە مافی ئەو نیە، چونکە گرێ بەستی ئیمامــەت مــافی ســەرجەم موسڵمانانە، بەهەمان شێوە ئەگەر یەکێکیان دانــی نــا بەلەپێشــتری ئەوی تر، دان پێدانانەکەی پەسەند ناکرێ، بەڵکو بەو دانپێدانانەی لە ئیمامەت دەردەچێ بەو پێیەی لە پێشتر نیە، ئیمامەتەکەشی بۆ ئەوی

---

(١) الاحكام السلطانية ل ١٠.

تر ناچەسپێنرێ چونكە دان پێدانانی یەكێكیان بۆ ئەوی تریـان هـیچ كاریگەرییەكی نیە، لەبەرئەوەی خاوەن ماف لێرەدا ئوممەتە.

بەهەمان شێوە ئەگەر سیفەت و مەرجەكانی ئیمامــەت تـەنها لـە كەسێكدا بەدی هات، ئەوا تەنها لەبەر ئەوە نابێ بە ئیمـام، هـەروەك ماوەردی فەرمویەتی: (چونكە ئیمامەت گرێ بەستێكە بـە (عاقـد) بەدی دێت هەروەك چۆن ئەگەر قەزا ئەگەر تەنها كەسێك بۆی دەشـیا نابێت بە قازی تاوەكو دایدەمەزرێنن تیایدا)[1] (أبو یعلی الحنبلـی)ش هەروای فەرموە ئەوەتا دەڵێ: (بەهەمان شێوە گرێ بەستی ئیمامــەت بەدی نایەت بە خاوەنی گرێ بەستە (عاقـد) نـەبێ بەهــەمان شـێوە قەزا، كە نابـێ بـە قـازی تـاوەكو پێـی نەسـپێررێ، نابـێ بـە قـازی باسیفەتەكانیشی تیابێ، ئیمامەتیش بەهەمان شێوەیە)[2].

(قەلقشەندی) فەرمویەتی: (ئیمامەت دانامەزرێ مەگەر بە گـرێ بەستی حەلل و عەقد نەبێ، چونكە ئیمامەت گرێ بەستەو بە خاوەنی گرێ بەستەكە نەبێ بەدی نایەت، ڕای جـەماوەری زانایـانیش لەسـەر ئەمەیەو ڕافعیو نەوەوی تەنها ئەمەیان ووتووە هەردوكیان شایســتەی پشت پێبەستنن)[3].

هەموو ئەمانە تەئكید لەسەر ئـەوە دەكەنـەوە كـە گـرێ بەسـتی

(١) الاحكام السلطانية ل ٩ رامێنە لە ووتەی (مافی سەرجەم موسڵمانانە) بڕوانە چۆن ئەو مافە لە واقیعدا و بەناوی ئایینەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

(٢) الاحكام السلطانية ل ٢٤

(٣) مأثر الإناقة في معالم الخلافة ١ / ٤٧ – ٤٨.

ئیمامەت وەکو گرێ بەستەکانی تـرە، زیـاتر بەگرێبەسـتی وەکالـەت دەچێ، ئیمام تیایدا نوێنـەری ئوممەتـە،[1] ئوممەتـە هـەڵی دەبـژێرێ و هەرئـەویش مـافی لەکارخسـتنی هەیـە، ئـەم بنەمایـەش زۆر ڕوون و ئاشکرا بـووە لـە قۆنـاغی یەکـەمی قۆناغـەکانی گوتـاری سیاسـی ئیسلامی کە نمایندەی ڕێنومابیەکانی ئـایینی دابـەزێنراوە، تەنانـەت موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کە لە نێوان ساڵانی (٤١ ك بۆ ٦٠ ك) فەرمانڕەوایی کرد نەبوو بەخەلیفەو ئیمامی ئوممـەت تـەنها لەسـاڵی کۆمەڵ (عام الجماعة)دا نەبێ، پاش ئەوەی ئوممەت کۆك بون لەسەری و هەمو بەیعەتیان پێیدا پاش ئەوەی حەسەنی کـوڕی عەلـــی —خـوای لـێ ڕازی بێت- بەیعەتی پێیدا، جارێك ئەبوموسلمی خـەولانی چـووە لای موعاویەو پێی ووت: (السلام علیکم ایها الاجیـر! سەلامت لـــێ بێت ئەی کرێکار! پێی ووترا بڵێ ئەی ئەمیـر.

ئەویش فەرمووی بەڵکو تۆ کرێکاری...)[1]

ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گرێ بەستی ئیمامەت لە دیدی هاوەڵاندا —خوایان لـێ ڕازی بێت- گرێ بەستێکە زیاتر بە گرێ بەستی وەکالەت دەچێ، ئیمامیش وەك وەکیل یا کرێکارە، هـەر بۆیـە عەبدوڵلای کوڕی عومەر (خـوای لـــێ ڕازی بێـت) کاتـێ موعاویـە ویســــتی لە پاش خۆی خەلیفایەتی بســپێرێ بە یەزیدو داوای کـرد

---

(١) نوێنەرایـەتی بـونی لـە بـری ئوممـەت نـاکۆك نیـە بـەوەی خـودی خەلافـەت نوێنەرایەتیکردنی پێغەمبەرە ﷺ لە پیادەکردنی شەریعەتدا.

(١) سەیری تهذیب تاریخ دیمضق (٧/ ٣٢٣) و سیر الأعلام (٤/١٣) بکە .

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لەسەر ئەوە بەیعەت بدا ئەویش پێی ووت: (من پیاوێکم لە موسڵمانان، دەچمە شتێکەوە موسـڵمانان هاتبێتنـە ناویەوە) وە فەرمووی: (بەخوا، ئەگەر ئوممەت پاش تۆ کۆك بن لەسـەر بەندەیەکی حەبەشی، ئەچمە نێو شتێکەوە کە ئوممەت بچێنە نێویەوە)[1] کارەکە دەداتە دەست ئوممەت و هەرشتێ ئەوان هەڵی بژێرن‌و پێی ڕازی بن ئەم لەگەڵیاندایـە، کـە ئەمـەش تەئکیـدە لەسـەر ئـەوەی مـافی هەڵبژاردنی ئیمام تەنها مافی ئوممەتە.

هەروەها سووربوونی موعاویەش (خـوای لـێ ڕازی بێـت) لەسـەر وەرگرتنی بەیعەت بۆیەزید بەڵگەیە لەسـەر زەرورەت و گرنگـی گـرێ بەستی بەیعەت، وە شەریعەتی هەر ئیمامێك بەبێ ئەوە بەدی نایەت و بە تەواو دانانرێ، وە ئەوەشی کە خەلیفەی موسڵمانانە دەسەڵاتی ئەوەی پێ نەدا مافی سەپاندنی کوڕەکەی هەبێ بەسەر ئوممەتدا، وە ڕاسپاردنی ئەویش بۆ کوڕەکەی بە بێ‌گرێ بەستی بەیعەت هیچ نرخێکی نیە، هەر بۆیە سووربوو لەسەر ئەو گرێ بەستە بۆ کوڕەکەی لەبەر گرنگیەکەی.

زانایان دەقیان لەسەر ئەوە هەیە کە ئیمام بریکاری ئوممەتە، ئـەوەتا لە کتێبـی (كشف القناع عن متن الاقناع)ی فیقهـی حەنبەلیەکانـدا هاتووە کە (هەڵسوکەوتی –ئیمـام- بەسـەر خەڵکیـەوە لـە ڕێگـەی ئەوەوەیە کە بریکاریانە، ئەو بریکاری موسڵمانانە ، بۆی هەیە خـۆی لەکارخات ئەوانیش – واتە ئەهلی حەلل و عەقد- بۆیـان هەیـە لـە کاری خەن ئەگەر داوای کـرد لـەکاری بخـەن، لەبەرئـەو فـەرموودەی ئەبوبەکری صدیق (خوا لـێی ڕازی بێت) فەرمووی لامبەرن لامبەرن

(١) إبن جرير الطبري ( ٣ / ٢٤٨).

وتیان: لات نابەین[1].

هەروەها هۆی ئەوەشیان روونکردووەتەوە کە ئیمام بە مردنی ئەهلی (حل وعقد) کە بەیعەتیان پێی داوە لە کارناخرێ و لانابرێ بـۆ ئـەوە دەگەرێتەوە کە ئەو بریکاری ئوممەتە نەك کەسانی خاوەن (حل وعقـد) لە (کشف القناع)دا هاتووە: (لە کـار لانـابرێ بـە مردنـی ئەوانـەی بەیعەتیان پێی داوە چونکە ئەو بریکاری ئەوان نیـە بـەڵکو بریکـاری موسڵمانانە)[2].

هۆکاری دروستی داخوازیکردنی ئیمام بۆ ئەوەی ئوممەت لـە کـاری بخا بێ ئەوەی هۆکارێك هەبێ شایستەی ئەو لەکارخستنە بێ بۆ ئـەوە دەگرێنەوە کە ئەو بریکاری ئوممەتە، بریکاریش بۆی هەیە داوای لە کار لابردنی خۆی بکا لە بریکارەکەی (ئەوەی کارەکەی پێسپاردووە —و-)، هەروەك ئەبویەعلای حەنبەلی، فەرمویەتی: (چـونکە ئـەو بریکـاری موسڵمانانەو بریکاریش دەتوانێ خۆی لەکار لابا).[3]

هەروەها هۆکاری لەکارنەخسـتنی ئـەمیرو قـازی لـەکاتی مردنـی خەلیفەدا دەگێرنەوە بۆ ئەوەی کـار پێسـپاردنی خەلیفـە بـۆ ئەمانـە نوێنەرایەتی کردنی موسڵمانانە لە ژیاندان، بە پێچەوانەی وەزیرەوە کە لە کاردەخرێ بە مردنی خەلیفە چونکە جێگرو نوێنەری ئەوە.[4]

---

(١) کشف القناع (٦/١٦٠) هەروەها سەیری (مطالب اولي النهي في فقة الحنابلة (٦/٢٦٥) بکە.

(٢) دوو سەرچاوەکەی پێشوو.

(٣) المعتمد في أصول الدين ل (٢٤٠).

(٤) الاحکام السلطانیة ی ماوەردی ل ٣٧

٤- گرێبەستنی بەیعەت بەبێ ڕەزامەندیی و ئارەزوومەندی ئوممەت بەدی نایەت.

ئائەمە بریتیە لە بنەمای چوارەم لە بنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو، جا ئەگەر ئیمامەت جێبەجێ نەبێت مەگەر دوای گرێبەستی بەیعەت لە نێوان ئوممەتو ئیمامدا، لە کاتێکدا بەیعەتیش گرێبەستێك بێ وەك گرێبەستەکانی تر، ئەوا دەبێ رەزامەندیو ئارەزومەندی لە هەر دولای گرێ بەستەکەوە بەدی بێت، چونکە هیچ گرێ بەستێك لە گرێبەستەکان دروست دەرناچێ ئەگەر بە ڕەزامەندیو بە دوور نەبێ لە هەر زۆرو ناچارکردنێ، لە کاتێکدا رەزامەندی لە گرێ بەستی کڕینو فرۆشتنو سەوداگەریدا پایەیەك بێ لە پایەکانی گرێبەست یا مەرجێك بێت لە مەرجەکانی دروست بونی هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾ (النساء/٢٩) ئەوا دەبێ لە گرێ بەستی ئیمامەتدا چۆن بێ؟!

لە نێوان هاوەڵاندا جیاوازی نیە لەوەدا کە بۆ دروستی بەیعەت پێویستە رەزامەندی و ئارەزوومەندی بەدی بێت بێئەوەی زۆرلێکردن یا ناچارکردنی تێدابێت، هەر بۆیە ئەبوبەکر بە هاوەڵانی فەرموو: (ئایا ڕازی دەبن بەو کەسەی دەیکەمە جێنشین بەسەرتانەوە؟ بەخوا من ئەوپەڕی بیری خۆمم بۆ گوشیوەو خزمو کەس و کاریشم نەکردووە بەسەرپەرشت، وە من عومەری کوڕی خەتتابم کردووە بەجێنشین،

گوێبیست و گوێڕایەڵی بن).

ووتیان: (بیستمانو گوێڕایەڵی بوین) [(١)] ، لە گێڕانەوەیـەکی تـردا (ئایا بەیعەت دەدەن بەو کەسەی لەم نوسراوەدایە؟ فەرموویان بەڵـێ. هەندێکیان فەرمویان: زانیومانە، هەموو دانیان پێیـداناو ڕازی بـون پێیو بەیعەتیان پێیدا) [(٢)].

ماوەردی ئـەو جیاوازییـەی نێـوان زانایـان بـاس دەکـا کـە: ئایـا ڕەزامەندی ئەهلی حەلل وعەقـد بـە مـەرج گـیراوە بـۆ کاتـێ ئیمـام کەسێك تر بۆ دوای خۆی دەکاتە جێنشین؟

(هەندێ لە زانایانی بەسـرە وای بۆچـوون کـە ڕەزامەنـدی ئـەهلی ئیختیار (مەبەستی حەلل وعەقدە —و-) لە بەیعەتەکەیدا مەرجە بۆ ئەوەی ئوممەت پێوەی پابەند بێ، چونکە مافێکە پەیوەسـتە بەوانـەوە، پابەند نابن پێیەوە ئەگەر ڕەزامەندی ئەهلی ئیختیاری ئەوانی لەسـەر نەبێ)[(٣)] ئا ئەمە بۆچونێکی دروسـتـه بەدەر لە هەر بۆچونێکی تر، هاوەڵانیش (خوایان لـێ ڕازی بێت) لەسەر ئەم بۆچونە بوون.

هاوەڵانیش (خوایان لـێ ڕازی بێت) بەیعەتیاندا بـە هەریەکـە لـە ئەبوبەکرو عوسمانو عەلـیدا بێ هیچ زۆرلێکردن یـا ناچـارکردنێك،

---

(١) ئیبن جەویری تەبەری (٢ / ٣٥٢) بە سەنەدێك کە کەسـەکان جێی متمانەن، سەیری حاکم (٣ / ٩) بکە کە دەڵێ (فەرمودەکە سەحیحە بە پێی مەرجی موسلم).

(٢) ئیبن سەعد لە (الطبقات) ) ٣ / ١٤٩ لە چەند ڕێگەیەکەوە.

(٣) الاحکام السلطانیة ی ماوەردی ل ١١.

ناکرێ بڵێین گرێبەستی کڕین و فرۆشتن لە چارەکە دیناریکدا پڕوپوچ و دانەمەزراوە ئەگەر یەکێك لە لایەکان نارازی بوو، لـە هـەمان کاتـدا گرێبەستی ئیمامەت بە دروست ببیـنین لـە زۆرکردنـدا، ئەمـە دژو پێچەوانەیە بە دیدو تێڕوانینی گرێ بەستەکان (النظرية العقـود) لـە شەریعەتی ئیسـلامیدا کـە بـە مـەرجی گرتـووە بـۆ دروسـتی هـەر گرێبەستێك ڕەزامەندی هەردولا بەدی بێت، چونکە گرێبەستن (عقد) بە زۆرەملـێ نابێت.

لە کاتێکدا خوای گەورە گوێڕایـەڵیکردنی خـۆی بـە ئـەرك دانـاوە لەسەر بەندەکانی بەڵام رازی نیـە زۆریـان لێبکـا ناچـاریان بکـا بـۆ گوێڕایەڵیکردنی تا ئـەوەی خـوای گـەورە فەرمویـەتی: ﴿لاإكـراه في الدين﴾ (البقرة ٢٥٦). ئەی چـۆن تەصـەوری ئـەوە دەکـرێ گرێبەسـتی ئیمامەت دروست بێ — کە دەخوازێ گوێڕایەڵی ئیمـامی پێبکـرێ — بێئەوەی ئوممەت رازی بێت، وە ناچار بکرێ بەوگرێ بەسـتیە و پاشـان پابەند بکرێ بە ناوەڕۆکەکەیەوە بە ناچارکردن؟!

هەر بۆیە ماوەردی بەدەق دەڵێ: (ئەگـەر ئـەهلی حـەللو عەقـد-کەسێکیان بۆ دەست نیشانکردن پاش ئەوەی بە کۆششی و ئیجتهـادی خۆیـان گەیشـتنە ئـەوەی هەڵیببـژێرن، ئـەوا دەیخەنـە روو، ئەگـەر بەدەمیانەوە هـاتن بەیعـەتی پێـدەدەن، بـە بەیعـەت پێـدانی ئـەوان ئیمامەتەکە دادەمەزرێ، ئەگەر بەرهەڵستی بە ئیمام بونی کراو بەدەم (بەیعەت دانەکەوە) نەهاتن ناچار ناکرێن بۆ بەیعەت پێدانی، چونکە گرێبەستێکە بـە ڕەزامەنـدی و ئارەزوومەنـدی دەبـێو زۆرلێکـردن و

ناچارکردنی تێدانیه).[1]

لەبەر ڕونی ئەم بنەمایە بووە مالك بەربەزەیی خواکەوێ -فتوایەکەی خۆیدا کە بەیعەتی زۆرلێکراو دانامەزرێ، ئەمەش لە کاتێکدا بووە (محمد بن عبدالله بن الحسن ذو النفس الزکیة) ساڵی (١٤٥) ك دژ بە (أبو جعفر المنصور العباسی) ڕاپەڕی، ڕاپەڕین و دەرچونەکەشی لە مەدینەدا بوو، خەڵکی مەدینەش داوای فەتوای دەرچونیان کرد لەگەڵیدا، لەگەڵ ئەوەی پێشتر بەیعەتیان دابوو بە ئەبوجەعفەری مەنسور، مالکیش فەرمویی: (بەیعەتدانی ئێوە بە ناچاری بووە، ناچارکراویش سوێندی ناکەوێ، (دوای ئەوە —و-) خەڵکی بە خێرایی بەرەولای موحەممەد چون و مالکیش لە ماڵی خۆی دەرنەچوو.[2]

ئەگەر هەموو ئەمانە سەلما، وە ئیمامەت دانامەزرێ بە بێ گرێ بەستی بەیعەت، گرێبەستیش بەرەزامەندی هەردوولا دەبێت، وە ئەمەش گرێبەست و بریکارییە: کە ئوممەت تیایدا رەسەن و ئەسڵەو ئیمام بریکارە لەوەی هەستێ بە چەند کارێکی دیاری کراو بەپێی چەند دەربڕینێکی دیاریکراو کە ئەمە دەقڤەکەیەتی: (پەیمانمان پێتدا بە پەیمانێکی رەزامەندیانە، بەوەی دادگەری و راستڕۆیی بەرپا بکەی و

(١) الاحکام السلطانیة ی ماوەردی، ل (٨) سەرنج لەم هۆکارییەی ماوەردی بدە کە دواتر – لە قۆناغی دووەمدا– تەئکید دەکرێتەوە لەسەر پاشەکشەی گوتاری سیاسی لەم بنەمایەو بەتەئویلی خودی ماوەردی خۆی.

(٢) (ابن جري الطبري (٤ /٤٢٧)، روداوەکانی ساڵی (١٤٥) ك، و (سیر اعلام النبلاء) (٨/٨٠).

پێداویستیەکانی ئیمامەت بەجێ بگەیەنی)[1] یاخود (پەیمانت پێدەدەین لەسەر کیتاب و سوننەت) بەو شێوەیەی هاوەڵان دەیانکرد، ئەگەر هەموو ئەمانە سەلما ئەوا گرێ بەستێك لە شەریعەتدا نامێنێتەوە کە پێویست و خوازیار بێ درێژەی پێبدرێ و نەکرێ هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو تەواوی ئەو گرێ بەستانەی کە پەسەندی بەردەوامیو ماوەدرێژی دەکەن - وەك بەکرێدانو بریکاریو مارەبڕین- ئەکرێ هەڵبوەشێنەوە یانەهێڵرێن، بە تایبەت گرێبەستەکانی بریکاری، چون ئەم گرێ بەستانە فراوانترین گرێبەستی شەریعەتی ئیسلامین لەم رووەوە، کە هەردوولای گرێ بەستەکە بۆیان هەیە هەڵی بوەشێننەوە، چونکە خاوەنی ڕەسەن مافی ئەوەی هەیە هەرکاتێ بیەوێ بریکار لابا، چونکە ئەو خاوەنی مافە، (ئیبن جەوزی) لە وەڵامی ئەو کەسەی وا دەبینێ کە حوسەین هەڵەی کردووە لەوەدا کە دژ بە یەزید راپەڕیوە وتویەتی: (ئەگەر سەیری ژیاننامەو مێژوو (السیر) بکردایە دەیانزانی چۆن بەیعەتی پێدراوەو خەڵکی پێوە پابەند کرا، ئەگەر خەلافەتەکەش بەدروست دابنرێ ئەوا چەندین ڕەفتاری لێ بەدەرکەوتووە کە سەرجەمیان هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستەکە بە پێویست دادەنێن).[2]

گرێبەستی ئیمامەت وەکو گرێبەستی تر دەکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە،

---

(١) الاحكام السلطانيةی (ابويعلى) ل٢٥ و(كشف القناع) ٦/١٦٠ و(مطالب اولي النهي ٦/٢٦٥).

(٢) سەیری (الفروع) ی (محمد بن مفلح الحنبلي) ٦ / ١٦٠ بكە

ئەمەش ڕون و ئاشکرابووە لە قۆناغی یەکەمی قۆناغـەکانی گوتـاری سیاسی، هەروەك ئەبوبەکر لە وتارە بەناوبانگ‌و دروستەکەیدا فەرموی: (ئەی خەڵکینە من کرام بەسەرپەرشتیاری ئێوە بێئەوەی باشترینتان بم، ئەگەر چاکم کرد پشتیوانیم کەن، ئەگەر هەڵـەو لادانم هـەبوو راسـتم کەنەوە، گوێڕایەڵیم کەن تاوەکو گوێڕایەڵی خوا دەکەم لە نێوانتانـدا، ئەگەر بێ فەرمانییم کرد ئەوا گوێرایەڵ بونتـان بـۆم پێویسـت نابـێ لەسەرتان).[(١)]

هەر ئەم بۆچونەش پاڵنـەری ئاژاوەگێرەکـان بـووە، ئەوانـەی دژ بـە عوسمان (خوا لێـی ڕازی بێت) راپەڕین کە سـوور بـن لەسـەر لـەکار لادانی، چونکە وایان دەبینی بۆیان هەیە داوای لەکار لادانـی بکـەن، عوسمانیش راوێژی کرد بە هـاوەڵانی تـرو ئـەوانیش ئـەوەیان پەسـەند نەکرد، هەر ئەمەش پاڵنەری عومەر بووە بۆ لە کار لادانـی سـەعدی کوڕی وەقاص لە کاربەدەستی کوفە کاتێ بینی خەڵکەکـەی سـکاڵای

---

(١) (محمد بن اسحاق) لە مێژووەکەیدا گێڕاویەتـەیوە هـەروەك لـە (المختصـر) ل (٣٠٣) دا هاتوە لە (الزهري)و ئەویش (أنس)ە وە (خوای لێ ڕازی بێت). وە (عبدالرزاق ١٦/ ٣٣٦) لە (معمر)ەوە ئەویش بە (مرسل)ی لە (زهري) گێڕاوەتـەوەو (ابن سعد)یش لـە (الطبقات ) (١٣٦/٣) لە ڕێگەی (هشام بن عروة) ئـەویش لـە باوکیـەوە لەبەسـەرهاتی (بەیعەت)دا باسی دەکات، (أبو عبيد)یش لـە (الاموال) ل (١٢) لـە ڕێگـەی (هشام عن ابيه عن عروة بن الزبير) و وە لە ڕێگەی (اسماعيل بن ابی خالد من قيس بن ابي حازم عـن ابـي بكـر)ەوە هـاتووە (ابـن كـثير)یـش لـە (البدايـة والنهايـة): ( ٦٦ /٣٠٦)دا سـەبارەت بـە رچـەکە (محمـدی کـوڕی (اسـحاق) فەرمویـەتی: (ئەمـە رچـەیەکی چاك (حسن) ە هەرواشە.

لێدەکەن، لەبەر حەزو داخوازی ئەوان لە کار لای برد، چونکە بریکاری ئوممەتە تەنانەت لەسەر جێگەی مردن‌و لە سەرەمەرگدا فەرموی: (من سەعدم لەبەر بێ‌توانایی‌و ناپاکی لانەبردووە) وەك تەئکیدکردنەوەیەك لەوەی لە کار لابردنەکە بە پێی داخوازی خـاوەن مافـە، کـە خـەڵکی کوفەن و بە شێکن لە ئومەت، هەر بۆیە عومـەر دوودڵ نـەدەبوو لـە لابردنی هەر ئەمیرێك کە خەڵکی وڵاتەکە سـکاڵایان لێـی بکردایـە تەنانەت ئەگەر ئەمیریش لەسـەر هـەق بوایـە، لەبـەر ڕونێتـی ئـەم بنەمایە، کـە بریتیـە لـەوەی ئیمـام بریکـاری ئومەتـە، هـەر بۆیـە فەرموویەتی: (شتێکی سوك و ئاسانە ئەگەر خەڵکێك بەوە بـاش بـن ئەمیرێکیان بۆ بگۆڕم بە ئەمیرێکی تر، حەسەنی کـوڕی عـەلی خـۆی لەکار لابرد لەگەڵ ئەوەی خەڵکی عێراق ساڵی (٤٠ ك) پاش کۆچـی دوایی بەیعەتیان پێیدابوو کە خەلیفەیان بێت، بەویست و ڕەزامەنـدی خۆی ئەم پایەیەی دابە موعاویەو خەڵکی عێراقیش بە دوای حەسەندا (خوای لـێ ڕازی بێت) بەیعەتیان بە موعاویەدا.

**٥- ڕەزامەندی بەدی نایەت ئەگەر ئیمامەت و کاروبـــاری ئوممەت بە ڕاوێژی نێوان موســڵمانان نەبێت.**

**لە سەرەتاو کۆتاییدا ئوممەت سەرچاوەی دەســەڵاتە، هــەروەك خــوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشـوری: ٣٨). لەمــەدا مەبەســت هەڵبــژاردنی دەســەڵاتە، هــەروەك عومــەر فەرمویــەتی (فەرمانداریێتی و ئەمیرایەتی بە ڕاوێژە لەنێوان موسڵماناندا) وە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ﴾ (آل عمران: ١٥٩). ئەم ئایەتە کاروبارەکانی تریش دەگرێتەوە بەدەر لە هەڵبژاردنی دەســەڵات، ڕاوێــژ لەم قۆناغەدا لە بناغەکانی گوتاری سیاسی بوو، چەمکی ڕاوێژ ئــەو گۆڕانکارییانەی بەسەردا نەهات کە دواتر هاتە سەری لەوەی: کە ئایا ڕاوێژ پێویست (واجب)ە یان نا؟ وە ئایا ڕاوێژ بۆ پابەندێتی (ملزمــە)ە یاخود تەنها بۆ ئاگاداری و زانین (معلمە)ە؟؟!**

**بەڵکو تەواوی هەڵس وکەوتەکانی هــــاوەڵان تەئکید لەسەر ئــەوە دەکەنەوە کە ڕاوێژ پێویستە و دەبێت پابەندێتی پێوە دەربڕی، هــەروەك (أبوبکر بــن الجصــاص) لــە تەفســیرەکەیدا بــۆی چــووە لــە ئایــەتی: (وشاورهم في الامر) کە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەرمانەکـە لەم ئایەتەدا بۆ واجبێتییەو مەبەستیش لــە ڕاوێــژ کارکردنــە بــەوەی ڕاوێژکاران پێی دەگەن. وەڵامــی ئەوانــەیش دەداتــەوە کــە پێچــەوانەی ئەمەیان وتووەو فەرمانی هاتووی نێو ئەم ئایەتەیان بە ئیشێکی باش و**

چاك (الاستجباب) لێكداوەتەوە[١] (رازی)ش لە تەفسیرەكەیدا ئەمەی بە بەهێزتر داناوە ئەوەتانێ دەفەرموێ: (رووكاری فەرمانەكە بۆ واجبێتیە، فەرمودەی (وشاورهم) واجبێتی دەخوازێ)[٢] زانایـانی ئەندەلوسـیش هەمان بۆچونیان هەیە، هەروەك (ابن عطیة-٥٤١ ك . ك) ووتویەتی: (راوێژ لە رێســاكانی شـــەریعەت و بڕیـارو حوكمـە گرنگەكانـە، هەركەسێ راوێژ بە زانایان و دینداران نەكا لە كار لابردنی پێویســتە، ئەمەش جێی ناكۆكی نیە)[٣]

(ابـن خویزمنــداد (٤٠٠ ك. ك) هــەروای فــەرمووە: (پێویســتە كاربەدەستان لەو شتانەی نایزانن راوێژ بە زانایان بكەن، یـا لـە هـەر شتێكی تـری ئایینیـدا كـە ئیشـكالیان بـۆ دروسـت دەبێـت، وە لـە كاروباری جەنگیشدا راوێژ بە تایبەت مەنـدانی سـوپا بكـرێ، وە بـە كەسایەتیەكان لە بەرژەوەندیەكانی خەڵك دا، (وە راوێژ بكا -و-) بـە نوسـەر و وەزیـرو كاربەدەسـتە دیارەكـان لەوشـتانەی پەیوەسـتن بـە بەرژەوەندیەكانی وولات و ئاوەدان كردنەوەی).[٤]

راوێژ لەم قۆناغەدا دوو كاروباری لە خۆ دەگرت: هەڵبژاردنی ئیمام، بەشداریكردن لە ڕاو بیـروبۆچونەكاندا.

---

(١) احكام القرآن ٢ / ٣٣٠

(٢) تفسير الرازي ٩ / ٦٧

(٣) تفسير القرطبي ٤ / ٢٤٩.

(٤) تفسير القرطبي ٤ / ٢٤٩ – ٢٥٠

هاوەڵانیش کۆبوون لەسەر ئـەم بنەمایـە، وە لەسـەرئەوەی ئوممـەت ئیمام هەڵدەبژێرێ، وە هەر ئـەویش بەشـداری بیروبۆچـونەکانی دەکـاو بەبێ ئەم هیچ کاروبارێك یەکلایی ناکاتەوە، هـەروەك پێغەمبـەر ﷺ وای دەکرد، لە هیچ کاروبارێکی گشـتیدا هـیچ مەسـەلەیەکی بـەبێ ڕاوێژی ئوممەت یەکلا نەدەکردەوە، ڕاوێژی بە هاوەڵانی دەکرد لە هەموو کاروبارێکیاندا ئەگەر وەحی لەبارەوە دانەبەزیایە، هەروەك لە جـەنگی ئوحدا وای کرد بیروبۆچونی خۆی وابوو لــە مەدینـەدا بمێنێتــەوە، ڕای زۆرینەش لەگەڵ ئەوەدا بوو دەربچن بۆ جەنگ، ئـەوەبوو بـە قسـەیانی کردو لە بۆچونەکەی خۆی دابەزی، (إبن کثیر) فەرموویەتی: (زۆرینەی خەڵك لەگەڵ دەرچوون بوون بۆ ڕووبەڕوی دوژمن، بە پێی فـەرموودەو بیروبۆچـونی پێغەمبــەری خـوا ﷺ نـەکرا) هـەروەك فەرموویـەتی: (خـەڵکی بـەردەوام هــانی پێغەمبــەری خوایـان دەدا تـاوەکو خـۆی ئامادەکردو جلی جـەنگی پۆشـی..... پاشـان چـووە ناویـانو خـەڵکی سەرزەنشتی خۆیان کردو ووتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ مان ناچـارکرد بۆمان نەبوو وابکەین).[1]

لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناچاری دەرچـوون کـرا، کەچـی وەك ڕێزێك بۆ ڕای زۆرینە کە سوور بوون لەسەر هەڵوێسـتی خۆیـان، لەگەڵیان دەرچوو، ئایەتی ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ (آل عمران: ١٥٩) لـەم جەنگەدا دابەزی، بۆئەوەی تەئکید لەسـەر زەرورەتـی ڕاوێـژ بکاتـەوە،

---

(١) البدایة والنهایة (١٤/٤) ، سەیری فتح الباری (٣٤٦/٧) بکە.

هەرچەندە سەرەنجامەکان بەوشێوەیەش بێ کەلەم جەنگە کەوتەوە. (ابن جریر الطبري) ئەم واتایەی لە هەندێ لە خاوەن تەفسیرەکانەوە باس کردووە، کەوتویانە: (لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژدەکەن، پاشان بە سەرەنجامێك دەگەن کە کەسایەتیەکانیان کۆك دەبن لەسەری).[1]

(ملأ)یش بریتیە لە کۆمەڵ بونی خەڵکیو سەرکردەکانیان، هەر بەم شێوەیەش خوای گەورە وەسفی باوەڕداران دەکاو فەرمویەتی: ﴿وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾ (الشورى:٣٨)، ڕاوێژی خستۆتە نێوان نوێژو زەکاتەوە کە هەردوکیان لە پایەکانی ئیسلامن، بەمەش تەئکید لە پلەوپایەی ئایینی ڕاوێژ دەکاو ڕوونی دەکاتەوە کە یەکێکە لە فەرزەکانیو پایەیەکە لە کۆمەڵگەی مسوڵمانو دیارترین تایبەتمەندیەتی، پێغەمبەریش ﷺ لە هەموو کەس زیاتر ڕاوێژی دەکرد، لە کاروبارە گشتیەکانیشدا بۆ ڕاوێژکردن کەسی جیا نەکردۆتەوە، بەڵکو لە جەنگو ئاشتیدا ڕاوێژی بەتەواوی ئەو مسوڵمانانە دەکرد کە ئامادەی ئەو شوێنە بوون، گوێبیستی ڕاو بۆچونی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بوو لە جەنگی ئوحددا[2] و حەزی بە بۆچونەکەی هەبوو سەرەڕای ئەوەشی دەیزانی دووڕوو دوژمنکارە، قورئانیش ئەم بارە وەسف دەکا هەروەك لە فەرموودەی خوادا هاتووە ﴿وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ﴾ (المنافقون: ٤) ئەگەر شتێك بڵێن گوێیان لێدەگری.

---

(١) التفسير ٣/٤٩٦..

(٢) سەیری البداية والنهاية ٤/١٤ بکە

ئەمەش لەبەرئەوە بـووە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە کاروبـارە گشتیەکاندا کەسی تایبەتمەند نەدەکرد بە ڕاوێـژ پێکردنـەوە، ڕاوێـژی کرد بە خەڵکی بۆ ئەوەی سەروەت و سامانەکانی (هوازن) بگێڕێتـەوە بۆیان، لەناویاندا وتارێکی داو فەرمووی: ((پاش سـوپاس و سـتایش، براکانتان بە پەشـیمانییەوە هاتونەتـە لامـان، مـن وادەبیـنم دەسـت کەوتەکانیان بۆ بگێڕینەوە، هەرکەسێ ئەمەی پێ‌خۆشە بـا وابکـات، هەرکەسـەش پێـی خۆشـە بەشـەکەی خـۆی لابـێ تـاوەکو یەکـەم دەستکەوتێ کە خوادا پێمانی دەدات پێی دەبەخشـینەوە باوابکـات)) خەڵکەکـەش وتیـان ئـەوەمان پێخۆشـە ئـەی پێغەمبـەری خـوا، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ((ئێمە نـازانین کـێ لەمـەدا ڕێی پێـداوین وەکـێش ڕێی نـەداوە، بگەڕێنـەوە تـاوەکو عەریفـەکانتان کاروبارتانمان بۆ بەرز دەکاتەوە))، خەڵکی گەڕانەوە، قسـەیان لەگـەڵ عەریفەکاندا کرد، پاشـان گەڕانـەوە بـۆلای پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هەواڵیان پێدا کە ڕازی بوون).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تـردا بەسـەنەدێکی بـاش (جیـد) لەگێڕانـەوەی موسای کوڕی عوقبەدا هاتووە: (هەرکەسە پێی خۆشە بێ زۆرلێکردن بیبەخشێت با بیکات، هەر کەسـەش پێـی ناخۆشـە بیبەخشـێ ئـەوا لەسەرمنە بریتی بـدەم)، خـەڵکی هـەر چـی یـان پێبـوو بەخشـیان، کەمێك نەبێ لە خەڵکی داوای بریتییان کرد، لە گێڕانەوەی (عمرو بن

---

(١) صحيح البخاري بە (فتح)ەوە ٨/٣٣ ف /٤٣١٩.

شعیب)دا هاتووە کە کۆچکەرەکان فەرموویان: (ئەوەی هی ئێمەیە بـۆ پێغەمبەری خوا ﷺ یە، پشـتیوانەکانیش هــەمان شـتیان فـەرموو، ئەقرەعی کوڕی حابس ووتـی: (مــن‌و بەنوتـەمیم شـتی وا ناکـەین)، عوینەش ووتی: (من‌و بـەنو زرارەش نـەخێر)، عەبباسـی مرداسـیش ووتی: (من‌و بەنو سولەمیش نەخێر)، بـەڵام بـەنو سـولەیم ووتیـان: (بەڵکو ئەوەی هەمانە بۆ پێغەمبەری خوایە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (من تمسك منكم بحقه فله بكل إنسان ست فرائض مـن أول فيء نصيبه) ئیتر ژن‌و منالەکانیان بۆ خاوەنەکانیان گێڕایەوە).[(١)]

ڕاوێژی بە هەموو خەڵکی کرد، تیایاندا هەبوو نەومسـوڵمان بـوو تەنها لە دوای ڕزگارکردنی مەککەوە مسوڵمان بـوو یاچـەند ڕۆژێـك پێش ئەم ڕووداوە، تیایاندا هەبوو دوای کۆچی پێغەمبــەری خـوا ﷺ هەڵگەڕایەوەو ڕەخنـەیان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەگرت لـەوەی کەدەسـتکەوتەکانی هــەوازنی گێڕابوویـەوە بۆیـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر ئەوەندەی پێ‌فەرموون: (ئێمـە نـازانین کـێ ڕازییەو کێ ناڕازییە، بگەڕێنەوە تاکو عەریفەکانتان کاروبارتانمان بـۆ بەرز دەکەنەوە)، ڕازی بونیانی بە مەرج گرت، عەریفەکان بـریتین لـە نوێنەرو نمایندەکانی گەل لە چەرخی نوێدا، (ابن أثیـر) فەرموویەتی: (عُرفاء کۆی عریف)، کە بریتیە لە هەڵسەنگێنەری کاروباری هۆز یا کۆمەڵێك لە خەڵکی بۆ سەرپەرشتی کاروباریـان، فەرمانـدە لـەوەوە

(١) سەبری فتح الباری ٣٤/٨ بكە

کاروباری ئـەوانیتر دەزانێـت)،[1] (حـافظ ابـن الحجـر) فەرمووێـەتی: (بریتیە لەوکەسەی کە کاروباری کۆمەڵێك لە خەڵکی بەڕێوە دەبـات. دەوتـرێ (عرفـت فأنـا عـارف وعریـف) ئەمـە واتـای ئەوەیـە: کـە سەرپەرشتی کاروباری بەڕێوەبەرییان و پاراستنیانم لە ئەستۆ گرتووە... لەبەرئەوەی ئاشنایە بە کاروباریان تاوەکو لە کاتی پێویستیدا سەروتر پێی ئاشنا بێت).[2]

بوخاری لەبابێکی لـەژێر ناونیشـانی (العرفـاء للنـاس)[3] لـەژێر (کتاب الأحکام)دا جێکردووەتەوەو فەرموودەی پێویستی هێناوە، (ابن البطـال) فەرمووێـەتی: (ئـەم فەرموودەیـە مەشـروعیەتی دانـانی عەریفەکانە، چـونکە ئیمـام هـەر خـۆی ناتوانـێ تـەواوی کارەکـانی ڕاستەوخۆ ببات بەڕێوە، پێویستی بە دانانی کەسانێکە کـە هاوکـاری بکەن بۆ ئەوەی بەکارەکانی هەستێ، ئەمرو نەهییش ئەگەر ئاڕاسـتەی هـەموو لایـەك کـرا هەنـدێکیان پشـتگوێی دەخـەنو لەوانەیـە کەمتەرخەمی تێدا بکرێت، بەڵام ئەگەر هـەموو کۆمەڵـە خـەڵکێك عەریفێکیان هـەبێت ئـەوا ناچـاردەبن فـەرمانی دەرکـراو جێبـەجێ بکەن).[4]

عەریفەکان ئەو سەرکردانەی خەڵکین کە کاروباریان هەڵدەسوڕێنن و

(١) النهاية في غريب الحديث (٣/٢١٨).
(٢) فتح الباري، (١٣/١٦٩).
(٣) صحيح البخاري به (فتح)ەوه (٨/٣٣) ف (٤٣١٩).
(٤) سەرچاوەی پێشوو (١٣/١٦٩).

خەڵکی بە دەمسپی خۆیانیان دادەنێن، یاخود بە شێوەیەکی ئاسایی کۆمەڵگە جیاکارییان پێدەبەخشن، شاعیری سەردەمی نەفامیش وتویەتی: (أو كلما وردت عكاظ قبيلة بعثوا إلى عريفهم يتوسّم).

ئیبن‌وجەریر دەگێڕێتەوە کە (عومەر ﷺ نوسراوێکی نوسی بۆ ئەبوموسای ئەشعەری ﷺ: (بەردەوام خەڵکی کەسایەتیان هەیەو پێداویستیەکانیان بۆ دەگەیەنن، لای خۆتەوە ڕێز لەو کەسایەتیانە بگرە، مسوڵمانی بێدەسەڵات ئەوەندەی لە دادگەری بەسە کە لە فەرمانڕەواییو سامان دابەشکردندا مافی خۆی بدرێتێ)[1].

هاوەڵانیش هەستیان بە گرنگی ڕاوێژ کردبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەت دا، ناکۆك نەبوون لەسەر ئەوەی کە کاروبارەکانیان بەڕاوێژە، یەکەمو گرنگترین کاروبارێکیش کاروباری ئیمامەتو هەڵبژاردنی خەلیفەیە، هەر بۆیە عومەر ﷺ لەسەر جێگای مردن بە عەبدولای کوڕی عەبباسی ﷺ فەرموو: (سێ‌شتم لێوە تێبگە، ئەمیرایەتی بەڕاوێژە...)[2] لەدوا حەجیدا کاتێك کە لە مینا بوو هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە پیاوێك وتویەتی: (ئەگەر عومەر ﷺ مرد بەیعەت بە فلان کەس دەدەم، بە خوا بەیعەتی ئەبوبەکر

(١) تاريخ الطبري ٥٦٦/٢، بە ئیسنادێکی سەحیح لە (شعبة بن الحجاج عن أبي عمران الجوني) کە هەر یەك بە پێی مەرجی بوخاریو موسلمە.

(٢) مصنف عبدالرزاق ٣٠٢/١٠، بە ئیسنادێکی سەحیح، قورتوبیش فەرمویەتی: (عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ خەلافەت کە گەورەترین شتێکە کردیەتی بە ڕاوێژ ٢٥١/٤.

کوت‌وپڕی یەك بوو وە کۆتایی پێهات) عومەریش ﵁ فەرمووی: (بە خوا من — خوا حـەز کـات- ئـەم ئێوارەیـە لـە نێـو خەڵکیـدا دەبمو ئاگاداریان دەکەمەوە لەو کەسانەی ئەیانەوێ کاروباریـان زەوت کـەن) پاشان کاتێ گەیشتەوە مەدینە لە یەکـەم هەینیـدا هەسـتاو گوتـارە بەناوبانگەکەیدا سەبارەت بە خەلیفایەتی ئەبوبـەکر﵁ و فـەرمووی: (هەرکەسێ بەیعەت بە پیاوێـك بـدات بێڕاوێـژی مسـوڵمانان ئـەوا نەخۆییو نە ئەوەشی بەیعەتی پێدراوە شوێن کەوتەیان نابێتو خۆیان ڕووبەڕووی کوشتن دەکەنەوە).[(١)]

ئەم وتارە دیارترینو دروسـت تـرین وتارەکـانی عومـەرە ﵁ و بـە ئامادەیی هاوەڵانیش ﵃ فەرموویەتی ئەمەش کۆك بونیان دەگەیـەنێ لەسەر ئەوەی مافی هەڵبژاردنی ئیمام بۆ ئوممەتەو حەرامە ئەم مافـە زەوت بکرێت، وە هەر کەسەش بەبێ ڕاوێژی موسـڵمانان بەیعـەت بـە کەسێك بدات ئەوا خۆی تووشی کوشتن دەکا).[(٢)]

عومەریش ﵁ بە شەش کەسـەکەی ووت: (هەرکەسـێ لـە ئێـوە بەبێ ڕاوێژی موسڵمانان بوو بە ئەمیر ئەوا لە گەردنی دەن)، (ابن أبي شـيبة) ئـەم وتـارەی بـە ئیسـنادێکی سـەحیح گێڕاوەتـەوە، کـە لـە

(١) صحيح البخاري بە (فتح)ەوە ١٢/١٤٥ ف ( ٦٨٣٠ ).
(٢) سەیری (الفتح) ١٢/١٥٠ بکە .

دواییەکەیدا هاتووە: (جێنشیێتی کردن بەبێ ڕاویێژ نابێت).[1]

(ابن أبي شيبة) هـەمان ووتـاری بـە ئیسـنادێکی تـر لـە ڕێـی (زهـری)ەوە دەگێڕێتـەوە — هـەروەك بوخـاریش گێڕاویەتـەوەو لـە کۆتاییەکەیدا هاتووە (بەیعەتەکەی خۆیی و ئەوەشی بەیعـەتی پێـداوە دانەمەزراوە)[2]. واتە بەیعەتی کەسێك دانامەزرێ ئەگەر بەیعـەتی دا بەپیاوێك کەبەیعەتەکەی بە پێی ڕاوێژو ڕەزامەندی موسڵمانان نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوە مافێکە لە مافەکانیان و حەرامە زەوت بکرێ.

(إبن كثير)یش لە (البداية والنهاية)دا باسـی ئـەوە ئـەکات: کـە کاتێ هەر پێنج کەسی خاوەن ڕاوێژ (پاش هاتنەدەرەوەی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف) ڕازی بوون یەکێك لە خۆیان هەڵبـژێردرێت، پاشـانیش پاڵاوتنەکە قەتیس ما لە نێوان عوسمان و عەلی دا (خوایـان لـێ ڕازی بێت): (عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف) ﵁ هەسـتا بـە ڕاوێـژکردن بـە خـەڵکی سـەبارەت بــە هــەردووکیان و ڕای موسـڵمانانی کـۆکردەوە، بیروبۆچونی کۆمەڵ و بەش بەش و تاك و جوتی وەردەگرت، بـە نهێنـی و

---

(١) طبقات ابن سعد بە ئیسنادێکی سەحیح بە پێی مەرجی بوخاری و موسلم، حافظ لە (فتح)دا دەڵێ (ابن سعد) بە ئیسنادێکی صحیح لە فەرموودەی (ابن عمر)ەوە هێناویەتی).

(٢) المصنف ٤٣١/٧، و(ابن أبی شیبة) لە (تاریخ المدینة)دا ٩٣٣/٣ بە پوختی و بە ئیسنادێکی سەحیح هێناویەتی (بەیعەت بە بێ ڕاوێژ نابێت ) وە لە ٩٣٦/٣ بە سەنەدێکی سەحیح هاتووە کە: هەرکەسی داوای ئەوەی کرد بیکەن بە ئەمیر بەبێ ڕاوێژی موسڵمانان ئەوا دەبێ بیکوژن).

ئاشكرا، تەنانەت چووە لای ئافرەتان لە كەژاوەكانیاندا، بەنـدەكان لـە كاتی پەیمان پێدانی ئازادكردنیاندا (المكاتب)، تەنانەت پرسیاری لـەو سوارەو عەرەبە دەشـتەكیانەش دەكرد كە دەهـــاتنە مـەدینەوە، ئەمـە سێ شەوو سێ ڕۆژی خایـــاند)[1].

ئەگەر ئەمە مافێك نەبوایە لە مافەكانی خەڵكی و حەرام نەبوایـە پێشێل بكرێ یا دەستی بەسەردا بگیـرێ یا لێیـان زەوت بكـرێ ئـەوا هیچ كات عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف بەو شێوەیە تێنەدەكۆشا تاوەكو ئەو هەموو هەوڵە بدات بـۆ پرسـیاركردن لـە خـەڵكی، (وەرگرتنـی بیـروبۆچونیان).

هاوەڵانیش كۆك بوون لەسەر ئەم بناغەو ئەسڵەو هیچیان نكوڵیان لێی نـەكردووەو بەیعـەتی ئەبوبـەكر ﵁ لـە سـەقیفە بەڕەزامەنـدی هاوەڵان بووە – هەروەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە[2] – كە عومـەر بەیعەتی پـێداو پاشـان كۆچـكەرانو پشـتیوانان لـە كـەپری بـەنی ساعیدەدا، پاشان موسڵمانانی تر لە مزگەوت دا، بـە هـەمان شـێوە بەیعەت پێدانی عومەریش بە ڕەزامەندی تەواوی موسڵمانان بـووە ﵁ پاش ڕاوێژ پێكردنیان وەك لە (ثقات ابـن حبـان)دا هـاتووە:[3] (كـە ئەبوبەكر چەند كەسێكی لە كۆچەرو پشتیوانەكان بانگهێشت كرد بۆ

---

(١) ابن كثير ٧/١٥١ .

(٢) فتح الباري ١٢/١٤٥ ف ٦٨٣٠.

(٣) ١/١٩١.

ڕاوێژ پێکردنیان سەبارەت بە عومەر)[*] پاشان بەیعەتی عوسمان دێت ئەوەبوو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بەیعەتی پێداو پاشان کۆچـەرانو بەدوایدا پشـتیوانانو فەرماندەی سەربازیو موسڵمانان، (بە گشتی)، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ﷺ بە عەلـی کوڕی ئەبوتالیبی فـەرموو ﷺ: (من ڕوانیمە بیـروبۆچونی خەڵکی و بینـیم کـەس بـە عوسمـان ناگۆڕنەوە، ڕێ مەدە بەخۆت شـتێکی تـرت بـۆ دروسـتبێ).[1] (ابـن حجر) فەرموویـەتی: (بـێدەنگبوونی ئامـادەبوانی خـاوەن ڕاوێـژ لـە کۆچەرو پشتیوانانو فەرماندەی سەربازان بەڵگەی باوەڕبونیان بوو بـە وتەکانی عەبدوڕەحمانو ڕازیبوونیان بە عوسمان).[2]

لێرەدا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هەڵبـژاردنو ویسـتی خـەڵکی کردە بەڵگە بۆ پارسەنگی لە نێوان پـاڵێوراوانی جێنشـینایەتی، کـە بریتی بوون لە عوسمانو عەلی (خوایان لێ ڕازی بێـت)، عـەلیش ﷺ پاش کوژرانی عوسمـان (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: (بەیعـەت پێدانی من دەبێ بە ڕەزامەندی موسڵمانان بێـت)، کاتێـك کـە چـووە مزگەوتەوە کۆچەرو پشـتیوانەکانیش هاتنـە مزگەوتـەوەو بەیعـەتیان پێیدا پاشانیش خەڵکی بەیعەتیان پێی کرد)،[3] لـە گێڕانەوەیـەکی

---

(*) پاشتر لە لایەن موسڵمانانەوە بەیعەتی پێدەکرێ. (وەرگێڕ)

(١) صحيح البخاري بە(فتح)ەوە ١٣/١٩٤ ف (٧٢٠٢).

(٢) صحيح البخاري بە(فتح)ەوە ١٣/١٩٧ف (٧٢٠٢) سەیری تاريخ الإسلامي (ذهبي) سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین بکە ل ٣٠٥.

(٣) ابن جرير الطبري , ٢/٦٩٦.

تردا هاتووه کە وتارێکی داوەو فەرمویەتی: (ئـەی خەڵکینـە، ئەمـە کاروباری ئێوەیەو هیچ کەسێ مـافی تیـا نیـە، مەگـەر ئێـوە پێـی بسـپێرن ئەگەر بتانەوێ شان دەدەمـەژێری، ئەگـــەرنا هیچم نابێ بەسەر کەسەوە).[1]

لەگەڵ ئەمەشدا حەسەنی کوڕی وای دەبینی خەڵکی بەیعەت نـەدا تاوەکو لە هەموو وڵاتانەوە بەیعەتی پێدەدەن، بۆیە بە باوکی فەرموو: (ئایا فەرمانم پێ نەکردی کە خەڵکی بەیعەتت پێنەدا تاوەکو خەڵکی هەموو وڵاتێك نوێنەری خۆیان ڕەوانە بکەن بـە بەیعەتەکەیـــانەوە؟) ئەویش فەرمووی: (بەیعەت پێدانەکەم پێش ئەوەی بەیعـــەتی شارانی تر بگا لەبەرئەوە بوو ترسام ئەم کاروبـــــارە لەناوچـێ[2]و پاشـانیش ئاژاوەگێری ڕووبدا.

ئەمەش تەئکیدکردنەوەی مافی ئوممەتـە لـە تـەواوی وڵاتانـدا بـۆ هەڵبژاردنی ئیمام، هەر ئەمەش ئەسڵە مەگـەر لـە کـاتی ناچـاریو بارودۆخی تایبەتیو جیاکار دانەبێ هەروەها ئومـەت مـافی ئەوەشـی هەیە مەرج لەسەر خەلیفە دابنێو پابەندی بکا بەو مەرجانـەی کـەم بێ فەرمانی تێدا نیە هەروەك چۆن عەبدوڕەحمان ﵁ بەمـەرجی دانـا لەسەر عوسمانو عەلی کە کاربکەن بە کیتابو سوننەتو ژیاننامـەو

---

(١) ابن جرير الطبري , ٢/ ٧٠٠.

(٢) سەیری (ابن كثير) ٢/٢٤٥, ابن جرير الطبري ٣/١٠ ,١٩ بکە کە دەربڕینەکەی بەم شێوەیەیە (أمرتك لاتبايع حتى يأتيك وفود أهل الأمصار والعرب وبيعة كل مصر).

ڕێوشوێنی (السیرە)ی هەردووخەلیفە ئەبوبەکرو عومەر، عوسمان ڕازی بوو، عەبدوڕەحمانیش پێی ووت: (بەیعەتت پێدەکەم لەسەر سـوننەتی خــواو پێغەمبەرەکــەی ﷺ وە هــەردوو خەلیفــەی پاشــی، ئــیتر عەبدوڕەحمان بەیعەتی پێداو خەڵکیش بەدوایدا بە کۆچەرو پشـتیوانو سەرکردەکانی سوپاو موسڵمانانەوە بەیعەتیان پێیدا).[(١)]

لە کاتێکـدا کـارکردن بەتـەواوی ژیاننامـە (سـیرە)ی ئەبوبـەکرو عومەر لە ئەسڵدا واجب نیە، هەر بۆیـە عـەلی فـەرمووی: (توانـاو وزەی خۆم دەخەمەکار (أعمل طاقتي)، لە گێڕانەوەیەکی تردا هـاتووە کە عەبدوڕەحمان وتویەتی: (لە عەلـی یەوە دەستم پێ‌کردو پـێم ووت: بەیعەتت پێ‌دەدەم لەسەر کیتابی خـواو سـوننەتی پێغەمبەرەکـەیی‌و ژیاننامەی ئەبوبەکرو عومەر (خوایان لـێ ڕازی بێت)، عەبـدوڕەحمان دەڵێ: عەلی فەرمووی (فیما استطعت) پاشـان خسـتمە پـێش چـاوی عوسمانو پەسەندی کرد).[(٢)]

هەروەك چۆن خەڵکی میسر چەند مەرجێکیان لەسەر عوسمـان ﵁ دانا کە ئەگەر پابەند نەبێ پێیانەوە ئەوا ئەمان گوێڕایەڵی ناکەن.[(٣)]

بەهــەمان شـێوە هــاوەڵان بەمــەرجیان گـرت عــەلی ﵁ تۆڵــەی عوسمانیان بۆبسێنێ، (ابن جرير الطبري) وتویەتی: (تەڵحـەو زوبـەیرو

---

(١) مسندإمام احمد ٧٥/١ سەیری فتح ١٩٧/١٣ بکە .

(٢) (صحیح البخاری) لە (الفتح)ەوە ١٩٤/١٣ ف ٧٢٠٧.

(٣) سەیری لاپەڕەکانی دواتر بکە.

کۆمەڵێك لە هاوەڵان لای عەلی کۆبونەوەو پێیان ووت: (ئـەی عـەلی، ئێمە پیادەکردنی سنورەکان (حدود)مان بەمـەرج دانـاوە)[1] هـەموو ئەمانە تەئکید لەسەر ئەو مافەی ئوممەت دەکەنـەوە کـە بـۆی هەیـە مەرج دابنێ لەســـەر ئیمام لە هەر مەرجێك کە دەیـەوێ پێش‌و پاش بەیعەتیش، چونکە ئەو بریکاری ئوممەتە.

هەروەك چۆن ڕاوێژ لەئەسڵ دا بۆ هەڵبژاردنی ئیمامە، بـە هـەمان شێوە بۆکاروبارەکانی تری ئومەتیشە کە دەقیان لەبارەوە نیە، هەر چوار خەلیفەکە لەو شتانەی دەقیان لەسەر نەبوو هیچ شتێکیان بێڕاوێـژی موســـڵمانان نەدەبڕی یەوە، وەك شـوێن پێهـەڵگرتنێکی پێغەمبـەری خوا ﷺ ئەبوبەکر ئەگەر شتێك ڕووی تێبکردایە دەیڕوانی یە کتێبـی خوا، ئەگەر شتێکی ببینایەتەوە بۆ قەزاوەت ئەوا کاری پـێدەکرد لـە نێوانیاندا، ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەری خواشدا بەدی بکرایەکاری پێدەکرد، ئەگەر نەیزانیایە دەچوو لـەبارەی سـوننەتەوە پرسـیاری لـە موسڵمانان دەکرد، ئەگـەر ئەوەشـی بـۆ نەڕەخسـایە ئـەوا سـەرکردەو زانایانی موسڵمانانی بانگهێشت دەکردو ڕاوێژی پێدەکردن، بە هەمان شێوە عومەر رضي الله عنه وەهای دەکرد ئەگەر کۆبونایە لەسەر شتێك دەستیان پێوەی دەگرت[2] عومەر ڕاوێژی لە کاروبارەکاندا دەکرد تەنانـەت بـە

---

(١) تاريخ ابن جرير (٢/٧٠٠).

(٢) رواه البيهقي (١١٤/١٠ , ١١٥)، حافظ لە (الفتح) دا( ٣٤٢/١٣) , دەڵێ: بەیهەقی بە سەنەدێکی صەحیح گێڕاویەتی‌یەوە.

ئافرەتانیش، هەندێجار ڕایەکانی پەسەند دەکردن[1] عومەر کوڕو ئەنجومەنێکی ڕاوێژی هەبووە گەورەو بچوکی زانایان ئامادەی دەبون.[2]

زهری فەرموویەتی: ( کوڕی عومەر جمەی دەهات بە قورئان خوێنان، بەلاوو پیریانەوە، هەندێ جار ڕاوێژی پێدەکردن،[3] زۆربەی ئەو بڕیارانەی خەلیفەکانی ڕاشدین دایانو ئەوریێو شوێنانەی گرتیانەبەر -لەو شتانەی دەقیان لەبارەوە نەبوو - پاش ڕاوێژو ڕا وەرگرتن ئەنجام دراون، هەروەك عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی: (عوسمان چی کرد؟ ئەوەی سەبارەت بە نوسخەکانی قورئان کردی بەبەرچاوو ئاگاداری ئێمەبوو،[4] ووشەی (ملأ) کەلەوتەکەی ئیمامی عەلی دا هاتووە (ما فعل عثمان؟ مافعل في المصاحف إلا عن ملأنا) لێرەدا کۆمەلێك لە خەڵکیو زۆرینەیان دەگرێتەوە.

عومەریش ﵁ ڕاوێژی بەخەڵکی دەکرد سەبارەت بەوەقف کردنی زەوی یە ڕزگارکراوەکان، بەردەوام سێ ڕۆژ لە مزگەوت دا مشتومڕی لەگەڵ کردن، گفتوگۆی لەگەڵ دەکردنو گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد، تاوەکو قەناعەتی پێکردنو ڕایەکەیان پەسەندکرد.[5]

---

(١) البيهقي (١١٣/١٠) , بە ئیسنادێکی سەحیح .

(٢) سەیری (صحيح البخاري) بە (الفتح) (٣٣٩/١٣) بکە.

(٣) (شرح السنه)ی بغوی ( ١٢٠/١٠).

(٤) سەیری فتح الباری (٣٤٣/١٣) بکە, وتویەتی ئیسنادەکەی باش (حسن)ە, لەو شوێنەدا (حافظ) زۆر هەڵوێستی باس کردووە کە بەرەنجامی ڕاوێژکردن بوون.

(٥) سەیری (الخراج)ی ئەبو یوسف ل (٢٤ – ٢٧) بکە.

لەو وتانەی عومەر فەرمووی: (پاش ئـەوەی ڕاویـژی بەکۆچـکەران کردو ئەوانیش جیاوازی یان تێکەوت، پێنج کەس لەخەزرەج لە گەورەو دەم سپی یەکانی بانگکردو پێی وتن: (من بێزارتانم نەکردووە، تـەنها مەبەستم بەشداری کردنتانە لەوسپاردەیەی بەسەرشانمەوەیەو کاروباری ئێوەیەو لە ئەستۆی مندایە، من کەسێکم وەکو ئێوە، ئـەمڕۆ ئێـوەدان بڕیار لەسەر هەق دەدەنو دەنێنو دەیچەسپێنن، (خۆتان دەزانن — و -) کێ لەگەڵم دایەو کێش جیاوازە لەگەڵم، مـن نامـەوێ شـوێن حـەزو بۆچونەکانی من بکەون، کیتابی خواتان لەگەڵەو بـەڕەوا دێتـەگۆ....، هەموویان گوتیان: بۆچون بۆچونی خۆتە، جـوانترین قسـەت کـردووەو باشترین دیدو بۆچونت هەیە).[1] بەهەمان شـێوە لـەدانانو نوسـینی دیوانەکاندا ڕاوێژی پێکردن.[2]

عوسمان بۆ کوشتنەوەی عوبەیدوڵلای کوڕی عومەر — پاش ئـەوەی ئەبو لوئلوئەی ئاگرپەرستو هورموزانی لە تۆڵەی باوکیدا کوشـت — ڕاوێژی بـە خـەڵکی کـرد - کۆچـکەران کۆبـوون لەسـەر پێویسـتی کوشتنەوەی، زۆربەی خەڵکی پێچەوانەیان بوونو لەگەڵ کوشـتنەوەیدا نەبوون، عوسمانیش ڕای زۆرینەی پەسەند کردو لە ماڵی خـۆی خـوێن بابیەکەی دا.[3]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەرچاوەی پێشوو , (طبقات ابن سعد ٣/٣٢٤) یش.

(٣) طبقات ابن سعد (٣/٢٧١) , بە ئیسنادێکی سەحیحو بە پێی مەرجی هەریەکە لە بوخاریو موسلیم.

عوسمان نوسراوی کرد بۆکاربەدەستەکانی‌و پێی ووتن: (عومەر ڕێو شوێنی بۆ داناون کە لێمان پەنهان نی یە، بەڵکو بە ئامادەیی ئێمە دایناوە.[1]

ڕاوێژ بە تەنها لەهەندێ خەڵك دا بەدەر لەوانی تر کورت نەبۆتەوە، بەڵکو هەموو ئەوموسڵمانانەی ئامادەی مزگەوت دەبوون بە بۆچونەکانیان بەشدارییان دەکرد، پیاوبوایە یاخود ئافرەت، گەورەبوایە یاخود بچوك، بە مەرج دانانی ڕاوێژو ڕەزامەندی تەنها کورت نەدەبۆیەوە لە موسڵماناندا، بەڵکو ڕەزامەندی عامەی ناموسڵمانانیش مەرج بوو لەوگرێ بەستانەی لە نێوان ئەوان‌و موسڵمانان دا دەبەسترا، ئەبو عوبەید دەفەرموێ: (بە هەمان شێوە ئەگەر گەورەی هاوبەش پەیداکەرانی شارێك گرێبەستێکیان ئەنجام داو ئاشتەواییەکیان لەسەر شتێك گرێدا، ئەوا باشترو جێ‌متمانەتر ئەوەیە پەیمانەکە بەسەر گشتینەیاندا تێ‌نەپەڕێ ئەگەر ڕازی نەبوون پێی.

(مکحول) ووتویەتی: ئەگەر موسڵمانان دابەزینە لای شورەی شارێك‌و دوژمن داوای سوڵح‌و ئاشتەوایی بکات لەگەڵ موسڵماناندا بەوپێیەی ماڵەکانی نێو ئەو قەڵاو شورەیە بپارێزن، ئەمە ناگوجێ‌و نابێ بکرێ تاوەکو فەرماندەی سوپا پیاوێك دەنێرێ بۆ نێو شوراکەو

---

(١) ئیبن‌و جەریر (٥٩١/٢) ، ئەمەش تەئکیدە لەسەر ئەوەی لەوکاتەدا بڕیاردەدرا بیروبۆچونی کۆمەڵ‌و زۆرینەی خەڵك بووە.

خەڵکەکەی کۆدەکاتەوەو زانیاریان پێدەدا سـەبارەت بـەو ڕێکەوتنـە، ئەگەر پێی ڕازی بوون ئەوا بەوپێیە ڕێك دەکەون لەگەڵیان ئەگەرنا لە شورای خۆیاندا دەهێڵرینەوەو ئاشـتەواییەکە ناکـەن.... سـەرکردەکانی سوپای موسڵمانان پێش عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ﵁ سەرکردەکە ڕێك دەکـەوت لەگـەڵ کاربەدەسـتان‌و سـەرکردەکانی قـەڵا بـە پێـی ڕێکەوتنی هەردوولا، بێئەوەی دانیشتوانی تری شـورەو قەڵاکـە (کـە ڕۆمــی بــوون) پــێی بــزانن، عومــەری کــوڕی عەبدولعــەزیز ﵁ بەرهەڵستی ئەمەی لێ کـردن‌و فەرمانیـدا بەسـەرکردەو فەرمانـدەی سـوپاکانی کـەکاری پێنەکـەن‌و هەرکەسـێکیش ئـەوەیان بخاتـەپێش چاوپەسەندی نەکەن، تاوەکو نوسـراوێك نەنوسـن‌و پـەیامنێرو چـەند شاهیدێك ئاراستەی سەرجەم خەڵکی قەڵاو شورەکەی نەکەن.

(ئەبوعوبەیـد) دەفـەرموێ: ئەمــە ڕووی ڕاسـتەقینەیە، مەگـەر لەکاتێکدا نەبێت کەشوێن کەوتووان مل کەچی سەرکردەکانی خۆیـان بن، ئەو گرێبەسـت‌و ڕێکەوتنانـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ سەرکردەو سەرۆکەکانی خەڵکی نەجران‌و جگەلەوانیش ئـەنجامی داون بــەم پێیــە دەخوێنرێنــەوە، وە ئەوانــە بــە ئاگــاداری خۆیــان بــووەو شوێنکەوتەکان لە بۆچونی نوێنـەرەکانیان دەنەچـوون‌و زۆریشـیان لێ نەکرابوو لەسەری.(١)

---

(١) الأموال ی ، ئەبو عوبەید، ل (١٩١ – ١٩٢).

جا ئەگەر ئەمە هەڵسوکەوت بێ لەگەڵ ناموسڵمانان‌دا، وە ڕازی بوون‌و ڕێککەوتنی هەموویانی پێویست بێ بۆ ئەو گرێبەستانەی کە سەرکردەکانیان لەگەڵ موسڵماناندا ئەنجامی دەدەن بێ‌ئەوەی زۆریان لێ بکرێ یاناچار بکرێن، ئەوا ڕەزامەندی گشتی موسڵمانان لەپێشترە، وە نابێ ئیمام بێ‌ئەوان هیچ بیروبۆچونێکی بسەپێنێ، وەهیچ ڕایەك بەبێ ڕێکەوتنی (ملأ) یان کەزۆرینە دەرنەبڕن.

عەلی ﷺ دوای ئەوەی کۆچەرو پشتیوانان هاتنەلای‌و دەیانویست بەیعەتی پێبدەن پێی فەرموون: (شتی وا ناکەم، مەگەر لەپێش چاوی هەمووان‌و بەڕاویژ بێت)[2] وە پاش ئەوەی خەڵکی بەیعەتیان پێیدا فەرمووی: (ئەمە بەیعەتی گشتی یە، هەرکەسێ بیداتە دواوە، ئاینی موسڵمانانی نەویستووەو ڕێو شوێنی ئەوانی نەگرتووە).[3]

کە ئەمەش تەئکیدە لەسەرئەوەی ئەم ڕێو شوێنە بەشێکە لە ئایین‌و ڕێو ڕچەی باوەڕدارانەو پێویستە لەمەدا شوێنیان بکەوین، هەروەکو خوای بالادەست فەرموویەتی: (**وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيراً**) (النساء: ١١٥) واتە ئەوەی دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات‌و لێی جیابێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاست‌و دروستی بۆ ڕوون بوەتەوەو ڕێبازێك بگرێتەبەر کە جیابێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران

---

(١) ثقات ابن حبان ٢/٢٦٧.

(٢) ثقات ابن حبان ٢/٢٦٨

ئەوە ڕووی وەردەچەرخێنن بۆ ئەو ڕوگەو بەرنامەیەی هـەڵی بـژاردووەو ڕووی تێ‌کردووەو (لەقیامەتیشدا) دەیخەینە ناو دۆزەخەوەو دەیسوتێنین کە ئەویش سەرەنجامێکی زۆر ناخۆش‌و سامناکە.

وە دەست گرتن بەڕای گشتینەی خـەڵکی‌و پابەنـدێتی پێـوە —لـە شتێکدا دەقی تیا نی یە— لەڕێ‌و شوێنی خەلیفەکانی ڕاشـیدینە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی داوە بە شوێن کەوتنی و وازهێنـان لـە پێچەوانەکەی، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين مـن بعـدي، عضّـوا عليهـا بالنواجـذ، وإيّاكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة).[(١)]

ئەگەر خەڵکی جیاوازیان هەبوو لـە دوو ڕاو بۆچـوندا ئـەوا ئیمـام پێویستی بەزۆرینەی ڕەهایە بۆ بەهێزتر دانانی یەکێك لـەودوو ڕایـە، هەروەك عومەر وای کرد کاتێ هاوەڵان سەبارەت بـەزەوی دەسـتکەوت جیاوازی یان بۆ دروست بوو، ئەوەبوو دەکەسـی لـە پشـتیوانان بـانگ کرد: پێنجیان لە ئەوس‌و پێنجیان لە خەزرەج، هەمان ڕێگەی گرتەبەر کاتێ شەش سەرکردەی پاڵاوت بۆجێنشینی لەپاش خۆی، پـاش ئـەوەی موسڵمانان داوایان لـێ‌کرد کەسێکیان بۆ بپـاڵێوێ کـە بەشایسـتەی ئەو کارەی دەزانێ، عەبدوڵڵای کوڕیشی کردە حەوتەم بە مەرجێ بـۆی نەبێ خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەو کارە، زیادکردنی ئەویش بۆ یەکلاکردنەوەی

---

(١) رواه أبـوداود , ف ژمـارە (٤٦٠٧) و ترمـذي , ف ژمـارە (٢٦٧٨) وابـن ماجـة ف ژمارە (٤٢) فەرمویەتی فەرموودەکە (حسن صحيح)ە.

کارەکەبوو، لە کاتێکدا ئەگەر دەنگەکان یەکسان بـوون هـەروەك لـە (صحيح البخاری)دا هاتووە کە(عەبدوڵڵای کـوڕی عومـەر چـاودێرو شاهێدە بە سەرتانەوەو لەم مەسەلەیەدا هیچـی بـۆ نـی یـە).[1] لـە گێڕانەوەیـەکی تـردا (واهـاتووە کـە عومـەر فەرمویـەتی) (ئـەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەگەر ئەم خەڵکە -واتە شـەش کەسـەکە- جیاوازی یان تێکەوت ئەوا لەگەڵ زۆرترەکەیاندا بە، ئەگەر سێ‌سێش بوون ئەوا شوێن ئەو کۆمەڵە بکەوە کە عەبدوڕەحمانی تێدایە).[2]

لە گێڕانەوەیـەکی تـردا هـاتووە: (عومـەری کـوڕی خـەتتاب ﷺ بـەخاوەن ڕاوێـژەکانی فـەرمووە: لەکارەکانتانـدا ڕاوێژبکـەن، ئەگـەر دوودوو بوون بگەڕێنەوە بۆڕاوێژکردن، ئەگەر چوارو دوو بوون، ئەوا لای زۆرینە بگرن)،[3] ئەو وتەیـەی دەڵـێ: (بگەڕێنـەوە بـۆ ڕاوێـژکردن) تەئکیدکردنەوەیـە بـۆ بنـەمای دووبـارە دەنگدانـەوە لـە کـاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا بۆ ئەوەی یەکلابێتەوە.

(ابن شيبه)[4] بە ئیسنادێك بە پێی مەرجی بوخاری فەرمودەیـەك دەگێڕێتەوە لە (موسى بن عقبه) لە نافع ئەویش لە (ابن عمر)ەوە کە عومەر بە(صهيب)ی فەرمووە: (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئامادەکەو

---

(١) سەیری فتح الباری ٧/٦١ , ف (٣٧٠٠)بکە , وە قسەی (حافظ) لە ٦٧/٧ دا.
(٢) تاريخ الطبري ٥٦١/٢.
(٣) طبقات ابن سعد ٤٥/٣.
(٤) تاريخ المدينة ٩٢٥/٣.

له خەلافەتیشدا هیچی بۆ نی یە ، بەسەریانەوە پاســەوان بــە ، ئەگــەر پێنجیان بە پیاوێکیان ڕازی بوونو کەسێکیان ملی نەدا ئەوا بەشمشێر سەری بقرتێنه ، ئەگــەر چــواریان ڕێککــەوتن لەســەر ڕازی بــوون بــە یەکێکیان، دوانەکەی تریان ملیان نەدا ئەوا بدەن لەســەریان، ئەگــەر سێکەسیان بەکەسێك ڕازی بوونو ئەوسیانەی تر بە کەسێکی تر، ئەوا عەبــدوڵڵای کــوڕی عومــەر بکەنــە دادوەر، هەرلایــەکیان عەبــدوڵڵا پشــتگیری کــرد بــا یــەکێك لــەوان هەڵبــژێرن، ئەگــەر بــە حــوکمی عەبدوڵڵاش ڕازی نەبوون، ئەوا لەگەڵ ئەوەیان بن کــە عەبــدوڕەحمانی کوڕی عەوفی لەگەڵدایه ، ئەوانی تر بکوژن ئەگەر پشتیان دەکــرد لــە کۆدەنگیو جیڕای خەڵکی) .

له گێڕانەوەیەکی تری (ابــن ســعد)دا هــاتووە: (پاشــان لــە ڕۆژی ســێیەم دا دەم ســپیو نــاودارانی خــەڵکیو ســەرکردەی ســەربازان کۆبکەنەوەو یەکێك بکەن بە ئەمیر، هەرکەسە بەبێ ڕاوێژ ببێتە ئەمیر ئەوا لەملی دەن).[١]

عوسمان پابەند دەبوو بەکردنی ئەوەی خەڵکی گشتینە دەیانویستت، هەروەك لەنوســراوەکەیدا بۆخــەڵکی کوفــە فەرمویــەتی، کاتــێ کــە داوایان لێی کرد ئەمیرەکەیان (سەعیدی کوڕی عاص) یان بۆ لــەکار بخات، فەرمووی: (پاش (ســوپاسو ســتایش) لــە ڕاســتیدا کەســێکم

---

(١) سەیری پێشتر ل ٣٥ – ٣٦ بکە.

کردووه به فەرماندەو ئەمیرتان که خۆتان هەڵتان بـژاردووه، سـەعیدم لابرد بۆتان، بەخوا هەرچی شت هەیە که پێتان خۆشـەو بێفـەرمانی خوا نی یه هـەمویتان داواکـردووه، هـەموو شـتێکی ناخۆشـیش کـه بێفەرمانی خوای تیا نی یه لەکۆڵ خۆتان کردۆتەوه، هەرچـی پێتـان خۆشه بۆتانی دەکەم، تاوەکو هیچ بەڵگەتان بەسەرمەوه نەمێنێ).[1]

پیاوە ناودارو خانەداکانی خەڵکی کوفه داوایان لـه عوسمـان کـرد ئاژاوەگێڕانیان بۆ دەرکا، ئەویش بۆی نوسین: (ئەگەر زۆرینەتان لەسەر ئەو ڕایه کۆبونەتەوه ئەوا بیانێرن بـۆلای موعاویـه)[2] وه کـاتێکیش داوایان له موعاویه کرد کەواز له ئەمیرایەتی شام بهێنـێ بـەوه (دەم کوتی کردن) بەڵگەی لەسەر هێنانەوه که (ئەگەر ئەمـه ڕاوبۆچـونی فەرماندەی باوەڕداران‌و کۆمەڵی موسڵمانانه ئەوا لەوبارەوه نوسـراویان بۆم دەناردو منیش وازم لەکارەکه دەهێنا).[3]

(قعقاع بن عمرو) ئەوەی کرد بو به بەڵگه بەسەر (قیس الأرحبـي) – یەکێك له سەرکردەی شۆڕشگێڕان – که چۆن کەسه تایبەتەکان ئەبواردرێن له کاروبارێك که گشتینەو خەڵکی پێی ڕازی بوونه[4]؟!.

ئەو قسەیەی عومەر: (ئەوانی تـر بکـوژن ئەگـەر پشـتیان کـردە

---

(١) ابن جرير ( ٦٤٢/٢).
(٢) ابن جرير ( ٦٣٨/٢).
(٣) ابن جرير ( ٦٣٨/٢).
(٤) ابن جرير الطبـري ( ٦٥٠/٢).

کۆدەنگیو جیۆڕای خەڵکی)، وە ئەو وتەیەی کە (لەگەڵ زۆرینەدا بن) و (زۆرینەتان لەسەرئەوە ڕێککەوتن)، هەموو ئەمانـە تەئکیـد لەسـەر چەسـپاوی ئـەم بنەمایـە دەکەنـەوە لـە گوتـاری سیاسـی شـەرعی دابـەزێنراودا. جـا هـەروەکو چـۆن ئوممـەت مـافی هەڵبـژاردنی دەسەڵاتدارانی هەیە ئەوانەی کاروبارەکانی بۆ دەبەن بەڕێوە بەو پێیەی بریکاری ئەون، بە پێی دیدی گرێبەستی بەیعـەت، وە مـافی ئـەوەی هەبێ لە ڕاو ئیجتیهاددا بەشـداریان بـێو بـەبێ ڕاوێـژو ڕەزامەنـدی ئوممـەت هـیچ کاروبارێـك نەبڕنـەوە، وە یـەك لایەنـەو بـەدەر لەئـەم کاروبارەکان یەکالانەکەن — بە هـەمان شـێوە ئوممـەت مـافی لـەکار لابردنی ئیمامی هەیەو دەتوانێ لە دەسەڵات دایماڵێ، ئەمەش زانراوەو ئاشکرا بووە لای هاوەڵان ﷺ - لە قۆناغی یەکەمی گوتـاری سیاسـی ئیسلامی، ئەمەش بە ئاشکرا لە ووتـارە بەناوبانگەکـەی ئەبوبـەکردا دەدرەوشێتەوە، کە هاتووە تیایدا: (ئەگەر خراپم کرد ڕاسـتم بکەنـەوە، گوێڕایەڵم بن تاگوێڕایەڵی خوادەکەم لەنێوتاندا، ئەگـەر بێفـەرمانیم کرد ئەوا گوێڕایەڵیم پێویست نابێ لەسەرتان).[(١)]

شۆڕشگێڕەکان ئەوانەی دژ بە عوسمان ڕاپەڕین داوایـان لێـی کـرد خۆی لە خەلافەت داماڵێو دەست لـەکار بکێشـێتەوەو واز لەئوممـەت بهێنێ کە کەسێکی تر هەڵبژێرێ، عوسمانیش ﷺ ئەشتەری نەخـەعی

---

(١) سەیری پێشتر بکە.

بانگ کرد کە سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕان بوو ڕایەخو سـەرینێکی بـۆ داناو پێی ووت: (ئەی ئەشتەر، خەڵکی چی لەمن دەوێ ؟ ووتی سـێ شت کە دەبێ یەکێکیان هەربکەی، عوسـمان فەرمووی چین ؟ ئەشتەر ووتی: (سەرپشـــــکت دەکەن لەوەدا یـا دەبـێ کارەکـــەیان[(١)] بـۆ بـەجێ بهێڵـیو بڵـێی ئـەوە کاروبـاری خۆتانـە کێتـان دەوێ بـۆی هەڵیبژێرن، وە لە نێوان ئەوەی تۆڵـە لـە خـۆت بسـێنی، ئەگـەر ڕێ ئەدەیت ئەوا ئەو خەڵکە شەڕت لەگەڵ دەکەن، عوسمانیش فـەرمووی: (یەکێکیان هەردەبێ بکەم؟ ئەویش ووتی: یەکێکیان هەردەبێ بکەی، عوسمانیش فەرمووی: ئەوەی کە کاروبارەکەیان بۆ بەجێ بهێڵم، ئەوا من پۆشاکێك داناکەنم کە خودا پێی بەخشیوم،[(٢)] گێڕەرەوەکە (ابن عون)ە وتویەتی: کەسانی تر جگە لە حەسەن دەڵێن عوسمان وتویەتی: بەخوا، ئەگەر بچمە بەردەمیانو لە ملـم بـدرێ پـێم خۆشـترە لـەوەی واز لـە کاروباری ئوممەتی موحەمەد بهێنمو دەست درێژی بکەنە سـەریەکتری، (ابن عون) کە گێڕەرەوەی ئەم فەرموودەیەیە لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە وتویەتی: (وتویانە: ئەمە زۆر بە قسەی عوسمان دەچـێ، عوســـمان

---

(١) سەرنج لەوتەی (کارەکەیان بۆبەجێ بهێڵی, تخلع لهم أمرهم) کە ئاماژەی بنـەمای کاروبار بۆ ئوممەتەو خەلیفەکانیش تەنها بریکاریانە.

(٢) ئـەم گێڕانەوەیـە لـەوەوە نەسـەلماوە، چـونکە وەك پاشـتر باسـی دەکـەین کـە ئـەو ڕاوێژی بە هاوەڵان کردووە سەبارەت بەدەست لە کار کێشانەوەو خۆلابردنی, بەڵکو ئەوەی دروستە ئەوەیە کە ئەو ترساوە لەوەی ئەگەر خۆی لاببات خەڵکی نەتوانن لەسەر یەکێك کۆك بنو پاشان ئاژاوە ڕووبدات.

فەرموبوی: ئــەوەی تۆڵــە لــەخۆم بســێنمەوە(*) بــەخوا دەزانم هــەردوو هاوڕێکەم تۆڵەیان لەخۆیان دەکردەوە بەڵام جەستەی من بەرگەی تۆڵە کردنەوە ناگرێ، ئەوەشی کە بمکوژن، بەخوا ئەگەر بمکوژن، هیچ کـات دوای من یەکتریتان خۆش ناوێ‌و هەمووتان پێکـەوە نوێژناکـەن‌و لــە دوای منــیش هــەمووتان پێکــەوە شــەڕ لەگــەڵ دوژمــن ناکــەن)،(١) لەڕاستیدا عوسمان سەبارەت بەوداوایەی کە شۆڕشگێڕەکان بۆ لە کـار لابردنی ئەو خستیانەڕوو ڕاوێژی بە عەبدوڵلای کـوڕی عومـەر کـرد، ئەویش ئاماژەی بەوەدا کـە ئــەوە نــەکات(٢) بـۆ ئــەوەی نەبێتــە بــاوو سوننەتێك، هەرکاتێك هەندێ لە خـەڵکی حـەزیان بــە ئەمیرەکـەیان نەکرد بچن بیکوژن یا لەکاری خەن، تەنانەت ئەگەر زۆرینەشی لەگەڵ بێت، هەروەك عوسمان (رضي الله عنه) بەوشێوە بووە کە ئەو زۆرینــەی هــاوەڵانی ئەهلی حەلل‌وعەقدی لەگەڵدابوو، وەکەمینــە بــۆی نیــە بیروبۆچــونی خۆی بســـەپێنێ بەســـــەر ئوممــەت دا، هەربۆیــە عەبــدوڵلای کـوڕی

---

(*) ئەسڵی ئەم گێڕانەوەیە ئیبن‌وعەون لە حەسەنەوە گێڕاویەتیەوە، بەڵام لە ڕێگەی تریشەوە هاتووە وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە(وەرگێڕ).

(١) (خلیفه بن خیاط) له (تاریخ)ەکەیدا ل (١٧٠) و (ابن سعد) لە(الطبقات ٣/٥٣) و(ابن أبی شیبه) لە (المنصنف) (٧/٤٤١) دا، لە (اسماعیل بن علیه عن ابن العون عن الحسن البصري ) وتویەتی (وثاب مولی عثمان بن عفان ) هەواڵی پێداوم . ئەم ئیسنادە زنجیرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زانا فەرموودەناسەکان، هەروەها (ابن جریر ٢/٦٦٤) بە هەمان سەنەد دەیگێڕێتەوە .

(٢) طبقات ابن سعد (٣/٤٨) و تاریخ الخلیفة ل (١٧٠)، أحمد لە (الفضائل)دا (١/٤٧٣) بە سەنەدێکی سەحیح.

عومـــەر ﵁ عوسمـــانی ئاگـــادارکردەوە لـــەوەی دانەبەزێتەســـەر حـــەزو ئارەزووەکانیـــان تـــاوەکو نەبێتـــە باووســـوننەت کەکەمینـــە ڕای خـــۆی بسەپێنێ بەسەر زۆرینەدا.

عوسمانیش ﵁ پێشـــوازی لـــە نوێنـــەرەکانی میســـر کـــردو وتوێـــژو گفتوگۆی لەگەڵ کردن‌و ئەوانیش مشت‌ومڕیان لەگەڵی کرد، عوسمان پێی ووتن: (چیتان دەوێ ؟ گێڕەرەوە وتویەتی: ئەوانیش پەیمانیان لـــێ وەرگرت‌و چەند مەرجێکیان لەســـەری نوســـی، ئـــەویش پـــەیمانی لـــێ وەرگرتن – کـــە بێ‌فـــەرمانی نەکـــەن‌و لـــە کۆمـــەڵ دانـــەبڕێن مـــادەم مەرجەکانیان بۆ ڕاپەڕێنێ – پاشان فەرمووی چـیتان دەوێ؟ ووتیـــان: خەڵکی مەدینە بەخششیان پێ‌نەدرێ چونکە ئەم سامانە بۆکەسێکە لەســـەری جـــەنگاوە، وەبۆئـــەم پیـــاوە بـــەڕێزو بەتەمەنانـــەی هـــاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ، فەرمووی هەرهەموو بەوە ڕازی بوون)[1].

لەنێوانیشیاندا عـــەلی ﵁ و جـــابری کـــوڕی عەبـــدوڵڵای ئەنســـاری هەبووە وەك ناوبژیوان، عەلی پێی فەرموون: (بـــە کتـــابی خـــوا بـــەڵێن

---

(١) أحمد لە (الفضائل ٤٧٣/١) و عبدوڵڵای کوڕی لە (زوائد)ەکەیدا کە خستویەتیە سەری، ٤٧٠/١و (ابن ابي شيبة ١١٣٢/٣) و(ابن جرير ٦٥٥/٢)و ابن حبان لە (صحيحه)ەکەیدا ف ژمارە ٦٩١٩، هەموویان لە (معتمر بن سليمان عن أبية عن أبي نضرة عن أبي سعد مولى أسير الأنصاري، ئەمە سەنەدێکی (صحيح)ە (أبو نضرة) (منذر بن مالك العبدي)ە (أبو سعيد)یش هەندێك بەهاوەڵ باسیان کردووە،هەروەك لە (الإصابة ٩٩/٤)دا ئاماژەشی بەم فەرمودەیە داوە، وە (ابن شيبة ١١٣٨/٣) لە ڕێگەیەکی تری (صحيح)ەوە لە (أبو نضرة)ەوە فەرمودەیەکی لەم شێوەیە دەگێڕێتەوە.

دەدەن‌و سەرکۆنەی هەرشتێ دەکەن کە پێی ڕازی نین، پاشان چەند کەسێکی دیاریان لەگەڵی هاتن‌و لەسەر پێنج شت ڕێك کەوتن: - دوورخراوە بگەڕێتەوە، بێبەشکراو پێی بدرێ، دەست کەوت زۆر بکرێ، لە دابەش کردندا دادگەری ڕەچاوبکرێ، کەسی ئەمیندارو خاوەن ڕێز کاربەدەستی پێبسپێردرێ، وە (ابن عمر) بگەڕێنرێتەوە بۆ بەسرەو ئەبوموساش بۆ کوفە، ئەمەشیان لە نوسراوێکدا نووسی) [1].

لە گێڕانەوەیەکی ترو لە فەرمودەی جابری کوڕی عەبدوڵلادا هاتووە کە عوسمان ﵁ پێی ووت: (اعطهم عليّ الحق) بیاندەرێ‌و مافەکانیان لەسەر من، وە من پاشگەز دەبم لە هەموو ئەو شتانەی ئومەت پێی ناخۆش بووە). جابر فەرموویەتی: (لەسەر حەق‌و ڕەوا ڕێکەوتین، لەسەرئەوەی هەموو دورخراوەیەك بگێڕینەوە، بەشی هەموو بێبەشکراوێك بدەین، وە لەناو گشتینەدا بە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کار بکەین) [2].

(ابن جرير) لە (واقدی) مێژوونوسەوە دەگێڕێتەوە کە میسرییەکان جارێکی تر گەڕانەوە، پاش ئەوەی نوسراوێکیان دۆزی یەوە فەرمانی

---

(١) (ابن خياط) لە (تاريخ )ەکەیدا ل ١٦٩ – ١٧٠ گێڕاویەتیەوە لە ئیسماعیلی کوڕی عەلیە لە ئیبن‌و عەون ئەویش لە حەسەنی بەسرییەوە، ئەمەش ئیسنادێکە زنجیرەبەندە بە پێشەوا جێمتمانەکانەوە، وە (ابن شبه) ٣/١١٣٧ لە ڕێگەی ئیبن‌و عەونەوە هاووێنەی ئەمەی باس کردووە بە ئیسنادێکی (سەحیح) موحەممەدی کوڕی سیرینیش هاووێنەی ئەمەی باسکردووە .

(٢) ابن شيبه ٣/١١٣٥ بە سەنەدێکی سەحیح.

سزادانی تێدابوو، عوسمانیش ﷺ نەرێی ئەوەی کرد زانیاری بەشتێکی وەها هەبێ، پێیان ووت: (ناکرێ بگەڕێینەوە تاوەکو لات نەبین و یەکێکی تر لە هاوەڵانت نەخەینە شوێنت کە وەك تۆمان لێ نەکات، جێنشینایەتییەکەمان بۆبگێڕەوەو واز لە کاروبارمان بێنە) [1].

ئەوان جێنشینایەتی (خلافه) و کاروبار (الامر)یان بەهی خۆیان دادەنا، کە ئەمەش تەئکیدکردنەوەی مافی نەتەوەیە لە هەڵبژاردنی خەلیفەو بەشداری پێکردنی لەکاروبارەکاندا.

عوسمانیش پێی ووتن: (ئەگەر بینیتان ڕەوایە هەردووپێم بخەنە کۆتێکەوە ئەوا بیکەن)[2] لەبەرئەوەی بریکاری ئوممەتە، هەر ئەویشە مافی دەسەڵات پێدانی پێ بەخشیوە، هەواڵەکان زۆرو زەوەندن لەسەر ئەوەی عوسمان فەرمانی دا بەوانەی کەدەیانویست شەڕی بەرگری لەسەر بکەن کە دەست بگرنەوەو شەڕ نەکەن.[3]

(عەلی)ش ﷺ پاش ئەوەی خەڵکی بەیعەتیان پێیدا فەرمووی: (ئەمە کاروباری خۆتانە مافی هیچ کەسێکی تێدا نی یە مەگەر ئێوە

(١) الطبري ٦٦٧/٢ واقدی بە ئیسنادێك گێڕاویەتی یەوە کە کەسەکانیان جێمتمانەن جگە لە (سفیان بن أبي العوجاء) نەبێ کە هەندێ بە لاوازو هەندێ بەجێی متمانە باسیان کردووە.

(٢) أحمد لە (الفضائل ٤٩٣/١) وعبداللەی کوڕیشی لە(زوائد)ەکەیدا ٤٩٦/١و (ابن أبی شیبة) لە (المصنف ٥٢٢/٧)داو (خلیفة بن خیاط) لە (التاریخ )ل ١٧١ بە ئیسنادێکی سەحیح لەسەر مەرجی بوخاریو موسلم هێناویەتی.

(٣) خلیفة بن خیاط ل ١٧٣ – ١٧٤.

فەرمانی پێبدەن، دوێنــێ ئێــوارە لەســەر شــتێ جیابوینــەوە، ئەگــەر دەتانەوێ بەو شێوەیە، دەیکەم ئەگینا هیچم بەسەر کەسەوە نیە)[1].

هەموو ئەوشتانەی عوسمان‌و عەلی بەڵگەیە لەســەرئەوەی لابردنــی خەلیفە مافی ئەو خەڵکەیە کــە هــەڵی بــژاردووە، عوســمانیش کاتــێ داخوازی‌و وەسیەتەکانی ئاژاوەگێڕانی پەسەن نەدەکرد لەبــەر ئــەوەبووە ئەوان هەموو ئوممەت‌و خەڵکی نــەبوون، بــەڵکو هــاوەڵان‌و گشــتینەی موسڵمانان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کــە عوســمان خــۆی لــە خەلافــەت‌و جێ‌نشینی دامالێ، خۆیشی ترساوە لەوەی کــە ئەگــەر خــۆی دامالــێ لەوکارە ئەمە سەربکێشێ بۆڕوودانی ئاژاوەی گــەورەو ئــەم ڕەفتــارەش پاشتر ببێ بەباوو هەر کۆمەڵۆچکەیەك بیروبۆچونێکی هەبێ بــەهێزی چەك بیسەپێنێ بەسەر ئوممەتدا، بەمــەش کاروبــاری دەوڵــەت ڕێــك‌و ڕاست نەبێ‌و کاروباری ئوممەتیش بەم شێوەیە چاکساز نەبێ.

ئەگەر گەورە هاوەڵان داوایان لێی بکردایە واز لە دەســەڵات بهێنــێ دوودڵ نەدەبوو تێیــدا، عوســمان بەوانــەی (کــە داوای کــەنار خســتنی ئەویان دەکرد) نەیدەووت: (حەلاڵ نی یە بۆتان ئەم داوایە بکەن، هــیچ یەك لەهاوەڵانیش وای نەووتوە، یەکەم ووتارێکیشی کە پاش بەیعــەت پێ‌دان، دای ئەمە بو (پاش سوپاس‌و ستایش، لــە ڕاســتی دا بــارێکی قورسم خراوەتە سەرشان‌و پەسەندیشم کــردوە، ئاگــادارىن مــن شــوێن کەوتــەم نــەك بیدعەچــی، ئێــوەش پــاش کیتــابی خــواو ســوننەتی

---

(١) ابن جرير ٢/٧٠٠.

پێغەمبەرەکەی ﷺ سێ ئەرکتان لەسەرمە:
١/ شوێنکەوتنی ئەوانەی پێش خۆم، لە شتێکدا کە کۆبن لەسەری و بیگرنەبەر.
٢/ دانـانی ڕێو شـوێنی چـاکەخوازان لـەو شـتانەی بـە ئاگـاداری زۆرینەی ئێوە دانەنرێ.
٣/ وازتان لـێ بهێنم مەگەر شتێك خۆتان بە پێویستی بزانن)[1].
لێرەدا عوسمان پابەندبووە بەوەی شوێنی ئـەو شـتانە بکـەوێ کـە کۆبونەتـەوە لەسـەری و لەسـەردەمی هـەردوو خەلیفـە ئەبوبـەکرو عومەردا داهێنراون، وەڕێو شوێنە نوێیەکانیش کە لە ڕێی کۆمـەڵی هاوەڵانو بە ڕاوێژی ئەوان دادەنرێ، نابێ بەبێ ئەوان هیچ کارێك یەکلا بکرێتەوە، (ملأ) یش بریتی یە لە کۆمەڵو ئـەهلی حـەلل و عەقـدی ئەوان، ئەگەر هاوەڵان (خوایان لـێ ڕازی بێت) ڕێك بکەوتنایە لەسەر ئەوەی ئەو وازبهێنێ لە خەلافەت ئەوا عوسمان ﵁ وای دەکرد. عەلی- پاش ئەوەی بەیعەتیان پێیـدابینی هەنـدێ لـە خـەڵکی نـاکۆکن لـە سەری- بۆیـە فـەرموی: (ئـەم بەیعەتـەم لـەکۆڵ بکەنـەوە، کێتـان پێ خۆشە ئەوە هەڵبژێرن)[2].

---

(١) ابن جرير لە ٢/٦٩٣ گێراویەتی یەوە لە گێڕانەوەی ( سيف بن عمر التميمی)ی مێژوو نووس لە ( قاسم بن محمد عن عون ابن عبدالله بن عتبة ؟!) دیارە لەم ئیسنادەدا کەوتن (سقط)ێك هەیە، چونکە (سیف) لە (قاسم)ەوە بە هۆی (سهل بن یونس )ەوە فەرموودە دەگێڕێتەوە، کە لێرەدا دیار نی یە).
(٢) ثقات ابن حبان ٢/٢٧١.

ئەبوبەکریش لە دووەم ووتاری پاش بەیعەتـدا فـەرمووی: (ئەمـە کاروبـــاری خۆتانــە بۆخۆتـــان، کێتـــان پێخۆشــە ئــەوە بکەنــە سەرپەرشـــتیارتان، وە من بەدەمتانەوە دێمو وەکـو یـەکێك لـە ئێـوە دەبـــم)[1].

عوسمـــانیش بەعەبـدوڵڵای کـوڕی عومــەری فــەرموو: (خـەڵکی خۆشیان لێم نایەت، منیش دەمەوێ لە خۆمی داماڵم یا لێی دەرچـم، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرمووی: وامەکە)[2].

(١) ثقات ابن حبان ٢/١٦٠، سەنەدەکەی باس نەکردووە، (أحمد)یش شتێکی لەم شێوەیەی لە (فضائل الصحابة ١/١٣١-١٣٢)دا باس کردووە، عەبدوڵڵای کوڕیشی لە (زوائد)ەکەیدا ١/١٣٣ لە چەند ڕێگەیەکەوە قسەی لەسەر هەیە، هێناویەتی.

(٢) ابن أبي شبة ٤/١٢٢٤ بە سەنەدێکی (جيد).

٦- ڕاوێژ بەبێ ئازادی نابێ:

هەروەك چۆن ئوممەت مافی هەڵبژاردنی ئیمامو بەشداری کردنی بیروبۆچونەکانیو مافی لەکار لابردنیشی هەیە، بەهەمان شێوە مافی ئەوەی هەیە ڕەخنەی لێ بگرێو ئامۆژگاری بکاو ڕێگری سیاسەتەکانی بکا، ئازادی سیاسی یەکێکە لەو دوو بناغەیەی گوتاری سیاسی لەم قۆناغەدا لەسەری ڕاوەستاوە بەوپێیەی تەمسیلی ڕێنوێنیە ئایینیە دابەزێنراوەکان دەکا.

ئازادی بە جوانترین شێوەو ڕوخسار لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ و لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ﷺ بەرجەستەبوو، قورئانیش بنەمای- (لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)(البقرة: ٢٥٦) زۆرکردن لە ئاییندا نیەی چەسپاندو بۆ ئەوەی تەئکید لەسەر بنەمای ئازادی بکاتەوە لە سەرجەم وێنەو شێوەکاندا، لە کاتێك دا ئەگەر خوای بەرزو بالا زۆر لە بەندەکانی نەکات بۆ ئەوەی باوەڕی پێبهێننو گوێ ڕایەڵی بکەن، چۆن وێنای ئەوە دەکرێ بەندەکانی ناچاربکرێن بەوەی مل کەچیو گوێڕایەڵی مرۆڤەکانی تر بکەن ؟!

ئەمەش مانای ووشەی (لاإله إلاالله)یە، تەنها خوای گەورە مافی پەرستراوێتی هەیە، پاشان هەموو دروستکراوەکانی تر مرۆڤنو هیچ کەس مافی گوێڕایەڵیکردنی ئەوی تری نیە مەگەر لە گوێڕایەڵێتی خوادا بێت، هەربۆیە دەقەکان کاتێك دێن، گوێڕایەڵیکردن کورت

دەکەنەوە لـە گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای باڵادەسـتو شـوێن کـەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هـەروەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی: (لاطاعة في معصية الله، إنما الطاعـة بـالمعروف)[1] گوێڕایـەڵی لـە بێفەرمانی خوادا نیە بەڵکو تەنها لە چاکەکاریدایە، وە فەرمویەتی: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)[2] واتە (لە بێ فـەرمانی خـوادا گوێڕایەڵی بۆ هیچ کەسێ ناکرێ)، بۆ ئەوەی بەمە تەئکید لەسەرئەوە بکاتەوە کە مافی گوێ ڕایەڵیکردن تەنها لە شتێکدایە کە بـە ڕوونو ئاشکرایی گوێڕایـەڵی کردنـی خوایـە، بـەم شـێوەیە ئیسـلام دەسـت پێشخەری بووە بەسەر سەرجەم یاساکانی تـردا لـەکۆتو بەنـدکردنی مافی دەسەڵات لەگوێڕایەڵی کردنـدا، بـەوەی گوێڕایـەڵی بـۆکردنی ڕەهانییە، وەگـوێ ڕایـەڵیکردن لەبـەر خـودی دەسـەڵات خـۆی نیـە، کاتێکیش دەسەڵات فەرمانیدا بەخراپە یا ستەمی ئەنجام دا ئەو کاتـە مــافی گوێڕایــەڵی لەدەســت دەداو وونــی دەکــا، بــەڵکو پێویســتە ڕووبــەڕووی ببینــەوەو ڕاســتی بکەینــەوە هــەروەك پێغەمبــەر ﷺ فەرمویەتی: (من رأى مـنكم منكـراً فلـيغيره بيـده، فـإن لم يسـتطع فبلسانه...)[3] هەرکەسێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بـە دەسـتەکانی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی ئەوا بە زمانی... هەروەها فەرمویـەتی: (إن

(١) رواه بخاری ف . ژماره (٧١٤٥) و مسلم ف . ژماره (١٨٤٠).

(٢) ئەحمەد ریوایەتی کردووە ( ٦٦/٥ – ٦٧) بە سەنەدێکی سەحیح.

(٣) مسلم گێڕاویەتیەوە ف ژمارە (٤٩).

الناس إذا رأو الظالم فلم يأخذوا على يده عمهم الله بعقابه) [(١)] خەڵکی ئەگەر ستەمکاریان بینیو دەستیان نـەگرتو ڕێگریـان لێـی نـەکرد خوای گەورە بە گشتی سزایان دەدات، وە فەرمویـەتی (أفضـل الجهـاد كلمة الحق عند سلطان جائر)[(٢)] چاکترین جیهادێك ووتنـی ووشـەیەکی ڕەوایـە لای سـوڵتانێکی سـتەمکار، هـەروەها فەرموویـەتی: (سـيّد الشهداء حمزة، و رجل قام إلى إمام جائر فأمره ونهاه، فقتلـه)[(٣)] واتـە سەرکردەی شەهیدان حەمزەیـەو وە پیاوێکـە دەچـێتەلای ئیمـامێکی ستەمکارو فەرمانی پێدەکاو بەرهەڵستی دەکـا، ئـەویش ئـەیکوژێ، وەفەرمویەتی (إذا رأيت أمتي تهاب أن تقـول للظـالم: ياظـالم – فقـد تودع منها)[(٤)] ئەگەر ئوممەتەکەم گەیشتە ئـەوەی بترسـێ لـەوەی بـە

---

(١) ئەحمەد گێڕاویـەتی یـەوە /٧، (أبـوداود) ف ژمـارە (٧٣٣٨) (ترمـذی) (٢١٦٨)و فەرمویـەتی (فەرمودەیـەکی حەسـەنی سـەحیحە) و (٣٠٥٧) (إبـن ماجـة) ف ژمـارە (٤٠٠٥) (إبـن حبـان) بە(صـحیح)ی داناوە ژمـارە(٣٠٤) هەمووشیان ئـەم فەرمودەیـە دەدەنە پاڵ ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت).

(٢) ئەحمـەد گێڕاویـەتی یـەوە (٥/ ٢٥١ و ٢٥٦ و ١٩/٣ و ٦١ و ٣١٥/٤) و ئـەبوداود ف ژمارە (٤٣٤٤)، ترمزی، ف ژمارە (٢١٧٥) وئیبنو ماجة، ف ژمارە (٤٠١١) نەسائی (١٨٧/٢) لـە ڕێگـەی کۆمـەڵێك لـە هاوەڵانـەوە، ئـەلبانی بـە (صـحیح)ی دانـاوە لـە (الصحيحه)دا ژمارە (٤٩١).

(٣) حاکم گێڕاویەتیەوە ١٩٥/٣ وە فەرمویەتی ( ئیسنادەکەی سەحیحە)، ئەلبانیش لە (الصحيحه)دا بە ژمارە(٣٧٤) بە (صحيح)ی داناوە.

(٤) ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە (١٦٣/٢ و١٩٠)، (هیثمی) لـە (مجمع الزوائد) (٢٧٠/٧)دا دەڵـێ (ئەوانـەی گێڕاویانەتـەوە کەسـانێکن کـە فـەرموودی دروسـت (صـحيح) دەگێڕنەوە.

ستەمكار بلێ ئەی ستەمكار ئـەوا دەسـتی لێ بشـۆ، وە فەرمویـەتی (لتأخذن على يد الظالم، ولتأطرنه على الحق أطرا، ولتقصرنه على الحق قصراً، أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض ثـم ليلعنـنكم كمـا لعنهم)[١] یان دەبێ دەستی سـتەمكار بگـرن‌و نـەهێڵن سـتەم بكـاو پابەندی دەكەن بە حەق‌و ڕەواوە یـا ئـەوەتانێ خـودا دڵتـان لەئاسـتی یەكتری تێك دەداو وەكو ستەمكارەكان بەرنەفرین دەكەون.

دەسەڵاتیش لەلایەن ئوممەتـەوە لێپرسـراوو بەرپرسـە لـەو هـەڵس‌و كەوتانەی دەیكات هەروەك لە فەرمودەدا هاتووە: (كلكـم راع وكلكـم مسؤول عن رعيته، فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته)، قورئـانیش تەئكید لەسەر ئەم بنەمایە دەكاتەوە لەو فەرمودەیەیدا كە بـاس لـە تایبەتمەندێتی ویستی ڕەهایانەی خودا دەكا كە هاوبەشی نیـە، كاتـێ فەرمویەتی: (لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ) (الانبيـاء: ٢٣)، تـەنها خوایە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێ لە شتێكدا كە دەیكا، بـەڵام جگـە لەو ئەوا هەموو كەس لێپرسراوە لەو شتانەی كـە دەیكـا لـە دونیـاو دوارۆژدا.

---

(١) ئـەبوداود گێڕاویـەتی یـەوە، ف ژمـارە (٤٢٣٦) و (٤٣٣٧)، و (ترمـذي)، ف ژمـارە (٣٠٥٠) و ئیبن‌و ماجە، ف ژمارە (٤٠٠٦)، ئەحمـەد ٣٩١/١، لـە فەرمودەی ئیبن‌و مەسعودەوەو ترمذي بە (حسن)ی داناوە، پاڵپشتێكی تری هەیە لـە فەرمودەیـەكی ئەبوموسـای ئەشـعەریدا، (هیثمـي) لـە (مجمـع الزوائـد) (٢٩٦/٧)دا ووتویـەتی: (طبرانـی) گێڕاویـەتی یـەوەو (گێڕەرەوەكـانی لـەو كەسـانەن فـەرمودەی دروسـت دەگێڕنەوە).

بۆیــه دەبیـــنین ئـــازادی لـــه ڕوونتریـــن شـــێوەیدا لـــەم قۆناغـــەدا دەدرەوشێتەوەو بەدەردەکەوێ، ئەوەتانێ کەسانێك لە مەدینەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە ناخەوە دوژمنایەتی یان دەکــردو فــرت‌و فێڵیان بەرامبەری ئەنجام دەدا وەکو دوڕووەکـانی مـەدینـه، پێغـەمبـەر ﷺ دەیـــانی ناســـی، بـــەڵام هیچـــی لـــەدژ نـــەکردن، لـــەبارەی سەرکردەکەیانەوە (عبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) قورئان ئـەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿يَقُولُونَ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ﴾ (المنافقون: ٨) واتــه دووڕووەکــان ئــەڵێن: ئەگــەر گەڕاینــەوە بــۆ مەدینە ئەوا سەربەرزو بەڕێزەکانمان (مەبەستیان خۆیانـه) سەرشـۆڕو بێڕێزەکــان دەربــەدەر ئەکــەین (کــه مەبەســتیان پێغەمبــەر ﷺ و هاوەڵەکانە)، ئەمەش نیازو بڕیارە بۆ ڕوخاندنی دەوڵـەتی ئیسـلامی‌و دەرکردنی پێغەمبەر ﷺ لەمەدینە، لەگەڵ ئەوەشـدا پێغەمبـەر ﷺ هیچی لێ نەکرد، بەڵکو پاش ئەوەی ئەم هەواڵەی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئوبەی کوڕی سەلولی پێگەیشت‌و هەندێ لە هاوەڵان ویستیان بیکوژن، ئەو فەرمووی: (لا بل نحسن صحبته) (نەخێر بەڵکو هاوڕێیەکی بـاش دەبین بۆی) وە فەرمووی: (لايتحدث الناس أن محمداً يقتل أصحابه)[1] با خەڵکی نەڵێن موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێت.

(ابـن سـلول) گەیشــتبووە ئاســتێك، لــه ڕۆژی ئوحــدا ســێیەکی

(١) بوخاری، ف ژمارە (٤٩٠٥) و فتح الباری ٨/٦٤٩ – ٦٥٠.

سوپاکەی گەڕاندەوەو پێغەمبەری بەجێهێشت لـە کاتێکـدا دەیوسـت بەرەو جەنگ بڕوا[1]؟!

پیاوێك ڕەخنە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەگـرێ لەکاتێکـدا کـە سەروەت‌و سامانی جەنگ بەشـدەکاو پـێی ئـەڵێ: (دادگەربـە ئـەی موحەممەد، تۆ دادگەریت نەکرد! ئەمجۆرە بەشکردنە لەبەر خوا نەبوو!) پێغەمبەریش ﷺ فـەرمووی: (دەك تیاچـی! کـێ دادپـەروەری دەکـا ئەگەر من نەیکەم؟) هـاوەڵان ویسـتیان لێـی دەن پێغەمبـەریش ﷺ فەرمووی: (پەنا بەخوا لەوەی وای لـێ بێت خەڵکی بڵێن من هـاوەڵانم دەکوژم)[2].

پیاوێکی جولەکە بەپێغەمبەری خوای ووت – لەکاتێکدا ئەو لەناو کۆڕی هاوەڵانیدا بوو-: (ئەی نەوەی عەبدولموتتەلیب ئێـوە خـەڵکێکی قەرز کوێرن) واتە مافەکان نادەنەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ سـەروەت‌و سامانێکی بەسـەلەم (سـەلەف) لـێ وەرگرتبـوو، عومـەر ویسـتی لەجولەکەکە بدات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئێمـە شـتێکی ترمان لە تۆ دەوێ ئەی عومەر، فەرمانی پێبکـەی بـە جـوانی داوای خۆی بکات، فەرمانیش بەمن بدەی بە جوانی بیدەمەوە)[3] عومەریش

---

(١) سەیری (البدایة والنهایة) ٣/١٤ بکە.

(٢) بوخاری گێڕاویەتی یەوە، ف ژمارە (٣١٣٨) بەکورتی، موسلم، ف ژمارە (١٠٦٣) و (١٠٦٤) بەدرێژی.

(٣) (إبن حبان) گێڕاویەتیەوە، ف ژمارە (٢٨٨)، حاکم ٣/٦٠٤ – ٦٠٥.

لە ئاشتی حودەیبییەدا بەرهەڵستی پێغەمبەری خوا ﷺ ی کردوو پێی فەرموو: (بۆچی لە ئایین دا سەرشۆڕی قەبوڵ بکەین[1]؟! بە هەمان شێوە بارودۆخ لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین بەوشێوەیە بووە، موسڵمانان بەرهەڵستی سیاسەتی خەلیفەکانیان دەکردو ڕەخنەیان لە ڕەفتارەکانیان دەگرت، کەسیش بەهۆی ئەم بەرهەڵستی کردنانەوە تووشی ئازار نەدەبوو، ئەمەش بەڵگەی چەسپاندنی بنەمای ئازادی سیاسی یە، پاش ئەوەی ئەبوبەکر رضي الله عنه بوو بە خەلیفە ووتارێکی داو تیایدا فەرمووی: (ئەگەر چاکەم کرد هاوکاریم بکەن، ئەگەر هەڵەشم کرد ڕاستم بکەنەوە) بۆ ئەوەی تەئکید بکاتەوە لە بنەمای ئازادی سیاسیو مافی ئوممەت بۆ ڕەخنەکردنی سیاسەتی ئیمامو هەڵسەنگاندنی.

بەهەمان شێوە ئەو گفتوگۆو پەیڤینەی لە نێوان کۆچەرو پشتیوانان لە سەقیفەدا ڕویدا سەبارەت بە کاروباری خەلافەت نمونەیەکە تەئکید لەسەر مەودای ئەو ئازادی یە سیاسی یە دەکاتەوە کە هاوەڵان پیادەیان کردووە، ناکۆکیەکانی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکان سەبارەت بەوەی کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست لە پاش پێغەمبەری خوا ﷺ، ڕوونو ئاشکرابوو تاوەکو گەیشتنە ئەوەی حەبابی کوڕی مونذری ئەنساری لەو ڕۆژەدا بڵێ: (ئەمیرێك لە ئێمەو ئەمیرێك لە ئێوە) ئەبوبەکریش بەم

(١) بوخاری، ف ژمارە (٣١٨٢) .

وتەیە وەڵامی دایەوە: (ئێوە ئاشنان بەوەی ئەم هۆزی قورەیشە پلەو پایەیەکیان لەنێو عەرەبدا هەیە کە ئەوانی تر نیانە، خەڵکی مل کەچی بۆ کەسێ لەوان دەردەبڕێ) لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (عەرەب ئەم کارە بۆئەم هۆزی قورەیشە بەگونجاوتر دەبینێ) [1].

ئەبوبەکر ﷺ ئەوەی کرد بە بەڵگە کە عەرەب - واتە موسڵمانان، چونکە ئەوکاتە هەر ئەوان موسڵمان بوونو مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتیان هەبوو — ڕازی نابن بە جگە لە قورەیش بەهۆی ئەو پلەو پایەیەی کە هەیانبوو لەناو عەرەبدا، لە دەرەوە قورەیش، هەموو عەرەب وەکو یەك یەکسان بوون.

عومەر بەرهەڵستی ئەبوبەکری کرد کاتێ ویستی لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا بجەنگێ، بەردەوام ئەبوبەکر مشتومڕی بوو لەگەڵ هاوەڵاندا تاوەکو توانی قەناعەتیان پێبکا[2].

پیاوێك هاتەلای ئەبوبەکرو زۆربەڕەقیو زبری قسەی لەگەڵ کرد، (أبو برزة الأسلمي) وتی: (لە ملی دەم ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ؟)، ئەبوبەکر زۆر توڕەبوو لەم قسەیەی ئەبوبەرزە کردی، وە فەرمووی: (نەخێر بەخوا ئەمە بۆکەسێك ڕەوا نیە لە دوای

(١) سەیری ( صحیح البخاری) لەگەڵ (فتح)دا بکە ١٤٥/١٢، ف ٦٨٣٠، ١٥٢/١٢.
(٢) بوخاری گێڕاویەتی یەوە، ف ژمارە (١٣٩٩)

پێغەمبەری خوا ﷺ).[1]

بیلالی حەبەشیو لەگەڵیدا کۆمەڵێك لە هاوەڵان بەرهەڵستی سیاسەتی عومەریان کرد سەبارەت بەچۆنێتی دابەشکردنی ئەو زەوییانەی بە دەستکەوت گیرابوون، داوایان دەکرد بەسەر ڕزگارکەران (الفاتحین)دا دابەشی بکات، عومەریش دیدو بۆچونی لەگەڵ وەقفکردنی بوو بۆ هەموو موسڵمانان، ئەوەندە مشتومڕیان لەگەڵی کرد تاوەکو کەوتە دوعاکردن لێیانو دەیوت ((خوایە بیلالم لەکۆڵ کەیتەوە)).

لێرەدا خەلیفە هیچ هۆکارێکی نەبینیوەتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بەرهەڵستکارانی لەم کێشەیەدا جگە لە گفتوگۆو پاشان دوعا لێکردنیان، بیلالیش لە هەموویان زیاتر بەرهەڵستی عومەری دەکرد، عومەریش هاوەڵانی کۆکردەوەو پێی ووتن: (قسەی ئەو خەڵکەتان بیستووە کە وای بۆدەچن من مافیانم خواردووەو ستەمم لێیان کردوە، وە من پەنادەگرم بەوەی ستەم بکەمو ستەمکاربم، ئەگەر ستەمم لێ کردبێتن لە شتێکداو دابێتم بە خەڵکێکی تر ئەوا سەرم لێ تێك چووەو خراپەم کردووە).[2]

---

(١) ئەبو داود گێڕاویەتی یەوە، ف ژمارە (٤٣٦٣) و نەسائی ١٠٩/٧ – ١١١ بە سەنەدێکی سەحیح، ئەبوداود فەرمویەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە مانای ئەم فەرمودەیەدا ووتویەتی:( واتە بۆ ئەبوبەکر نیە پیاوێك بکوژێ مەگەر بە یەکێك لەو سیانە نەبێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :( کفر بعد إیمان – وزنا بعد إحصان – أو قتل نفس بغیر نفس).

(٢) (الخراج)ی ئەبو یوسف ل ٢٥ – ٢٦ و (اموال)ی (ابوعبید) ل ٦٣.

له ڕاستیدا خه‌ڵکی ڕازی بوون به بۆچونه‌که‌ی عومه‌ر ﷺ و هاوه‌ڵان له‌سه‌ری کۆك بون‌و ئه‌وانه‌شی پێی ڕازی نه‌بوون دڵ‌و ده‌رونیان ئـارامی گرت.(١)

له‌کاتێکدا ئه‌گه‌ر به‌رهه‌ڵستی فه‌ردیانه‌و تاکه‌که‌سی بۆسیاسـه‌تی خه‌لیفـه‌کان لـه سـه‌رده‌می ئه‌بوبـه‌کرو عومـه‌ردا شـتێکی دیـارو ئاشکرابێ، ئه‌وا کاری سیاسی‌و به‌رهه‌ڵستی سیاسیانه پاشتر چـووه قۆناغێکی نوێتره‌وه‌و چه‌ند ڕه‌هه‌ندێکی ڕێکخستنانه‌ی زیاتری به‌خۆوه بینی، ئه‌وه‌بوو چه‌ندین کۆمه‌ڵی ڕێکخراوی به‌رهه‌ڵستکار به‌سیاسه‌تی عوسمـان ﷺ ، به‌ده‌رکـه‌وتن، ئه‌مـه‌ش سـه‌ره‌تا لـه به‌سـره‌و کوفـه‌و میسـره‌وه‌بوو، پاشـان زیـاتر بلاوبویـه‌وه، توانیـان چـه‌ند هـاوه‌ڵێکی پێغه‌مبه‌ریش به‌ره‌و ڕیزه‌کانیان که‌مه‌ندکێش بکـه‌ن وێنـه‌ی عـه‌ممـاری کـوڕی یاسـر کـه عوسمـان ﷺ نـاردبووی بـۆ زانینـی هـه‌واڵی ئـه‌و نه‌یارێتییه له میسر، که‌چی چووه ڕیزیانه‌وه.(٢)

ئه‌و داخوازیانه‌ی به‌رهه‌ڵست کـارانی سیاسـه‌تی عوسمـان داوایـان

---

(١) الأموال ل (٦٧).

(٢) ابن جرير ( ٦٤٨/٢)، البداية والنهاية (١٧٨/٧)، هی تریشیان له‌گه‌ڵ بووه که به هاوه‌ڵ باسکراوه وه‌ك (عبدالرحمن بن عديس البلوي)، که لـه‌و که‌سانه بووه لـه‌ژێر داره‌که‌دا به‌یعه‌تی دا هه‌روه‌ك له (الإصابة)٤١١/٢) دا هاتووه، وه (عمرو ابن الحمق الخزاعي) هـه‌روه‌ك لـه الإصـابة دا ٥٣٣/٢ هـاتووه. وه (عـدي بـن حـاتم الطـائي ) هـه‌روه‌ك لـه (ثقات ابن حبـان ٢٦٠/٢) دا هـاتووه، وه (جنـدب بـن زهير الغامـدي ) هـه‌روه‌ك لـه (الإصـابة) ٢٤٨/١ دا هـاتووه وه (جنـدب بـن كعب الأزدي) هـه‌روه‌ك لـه (الإصـابة) ٢٥٠/١، وه (عـروة بـن الجعـد البـارقی) هـه‌روه‌ك لـه (الإصـابة) ٤٧٦/٢ دا هاتووه. سه‌يری (ابن جرير الطبـري) ٦٣٩/٢ و ٦٥٢/٢ بکه.

دەکرد چەند شتێکی دیاری کراو بوو کەلەم خالانەدا خۆدەنوێنن: -

١/ چاکسازی سیاسی ئەویش بە هەڵبژاردنی کاربەدەستو فەرمانبەرداری نوێ بۆ هەرێمەکانو لەکارخستنی ئەو کاربەدەستانەی خەڵکی سکالای لەدەستیان هەبوو، وە ڕێکەوتن لەسەر گەڕانەوەی سەرکردەی نەیارەکان بۆ وڵاتو شوێنی خۆیان کە دوورخرابونەوە لێی.

٢/ چاکسازی ئابوری، ئەویش بە دابەشکردنی دادگەرانەو بە شینەوەی شتومەكو سەروەتو سامانی دەست بەسەراگیراو بە شێوەیەکی یەکسانانە.

٣/ چاکسازی بەڕێوەبەری، ئەویش بەخستنەکاری کەسانی ئەمیندارو خاوەن هێزو توانا لە ناو موسڵمانان بۆ کاروبارە بەڕێوەبەرێتییەکانی دەوڵەت، لە جێی خزمو کەسوکار، کە ئەمەش بنەمای ڕەخساندنی هەلەکانە بۆ هەموو کەس.

لەسەر ئەم مەرجانە ئەوانو خەلیفەی ڕاشدی عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) ڕێکەوتنیان گرێدا، بە ئامادەبوونی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) بەڵگەنامەکە ڕێکەوتنی لەسەرکرا.[1]

عوسمانیش (خوای لێ ڕازی بێت) ستایشی ئەو نوێنەرو وەفدەی میسری کرد کە ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ گرێدان،[2] لە گێڕانەوەیەکدا

(١) سەیری پێشووتر بکە ل ٤٥.

(٢) (ابن جرير) ٢/٦٥٥ بە ئیسنادێکی سەحیح، وە (مصنف إبن أبي شيبة)دا ٧/٥٣٠.

هـــاتووه کـــه: ئەبوســـەعید مـــەولای ئـــەبو ئوســـەید وتویـــەتی: (بەرهەڵستکاران ووتیان: بەخوا ئەی فەرماندەی موسڵمانان شـتێکی باشت کرد — لەچەند شتێکدا پرسیاریان لێ کردبوو ئەویش پەشـیمان بونەوەو گەڕانەوەی خۆی بۆدەربڕیبـوون — پاشـان عوسمـان (خـوای لێ ڕازی بێت) هەستا ووتـارێکی دا ووتـی: (هـیچ کـاروانێکم نـەبینیوە باشتربێ لـەم کاروانـە، بـەخوا تـەنها قسـەی ڕاسـتو ڕەوایـان کـرد، پرسیاری ڕاستو ڕەوانیان کرد). [١]

هەموو ئەمانە تەئکیـد لەسـەر مـەودای ئـەو ئازادییـە سیاسـیە دەکاتەوە کە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدی دا ڕەگی داکـوتی بـوو، عوسمـــان هەڵنەســـا بـــە ڕووبەڕووبونـــەوەی ئـــەو بەرهەڵســـت کـــاریو نەیارێتییە، هەروەك هەندێ لـە سـەرکردەکانی سـوپاکەی ئاماژەیـان پێیدا، بەڵکو ئەو دیدو بۆچونی وابو کە ئەوان شتێکیان ئەنجام نەداوە بەهۆیەوە خوێنیان حەڵاڵ بکاو شایستەی کوشتن بـن، زۆر بـە ئاسـایی لەگەڵیان دانیشتو گفتوگۆی لەگەڵ کردنو داخوازی یەکانی بیسـتنو وەڵامی داواکارییەکانی دانەوە، عەلیش (خوای لێ ڕازی بێت) ئاماژەی بەم هەڵسوکەوتانەی عوسمان داوە.

خەلیفەو ئەوهاوەڵانەی لەگەڵی بوو هەستیان بە مەشروعیەتی ئـەو کارە کردبوو کـە بەرهەڵسـتکاران لـە شـێوەی نـەیارێتی کۆمەڵیـدا

---

(٣) ابن شبة ١٢٩/٣ بە ئیسنادێکی دروست (صحیح).

بەرامبەر سیاسەتی دەسەڵات گرتبویانەبەر، هەر بۆیە عوسمان دانی نا بەو کارانەی ئەنجامیان دابوو، مەرجەکانیانی پەسەند کرد، بە هەمان شێوە هاوەڵانی تریش ئەمەیان پێ‌پەسەند بوو، ئەگەر ئەوەی پێ‌ی هەستابوون شتێکی خراپو نەشیاو بوایە، عوسمان لەگەڵیان دانەئەنیشتو ستایشی نەدەکردنو گوێبیستی مەرجەکانیشیان نەدەبوو، وە عەلیش (خوای لێ ڕازی بێت) نەدەبووە نێوەندو هاوەڵانو خەلیفەش دەست پێشخەر دەبوون بۆ نەهێڵانی ئەم خراپەیەو لابردنو ڕووبەڕووبوونەوەی، لەبەر ئەو فەرمودەیەی: ((من رأى منكم منكراً فليغيره بيده)) .

لەڕاستی دا نەیارێتی یەکە لەم قۆناغەدا نەیارێتی یەکی سیاسی ئاشتیانەبوو، دروشمی چاکسازی سیاسی بەرزدەکردەوە، هەربۆیە هاوەڵانیش (خوایان لێ ڕازی بێت) لەسەر ئەم بناغەیە مامەڵەو هەڵسو کەوتیان لەگەڵی دەکرد، بەتایبەت سەرکردەو سەردارو ڕابەرەکانی لە هاوەڵان[1] و گەورە تابعینو ناودارەکانیشیان لەقورئان خوێنانو پاڵەوانانی ڕزگارکاری یە ئیسلامی یەکان بوون،[2]

---

(١) سەیری پێشووتر بکە ل ٥٢.

(٢) لەوانە ئەشتەری مالکی کوڕی حارسی نەخەعی سەیری (الإصابة ٤٨٢/٣) و (طبقات ابن سعد ٢٣٩/٦) بکە وە (کومەیلی کوڕی زیاد) هەروەك لە (الطبقات ٢١٧/٦) و (الإصابة ٣١٨/٣)دا هاتووە وە (عەمری کوڕی ئەصەم) هەروەك لە (الطبقات ٢١٦/٦)دا هاتووە وە (زەیدی کوڕی صوحان) وەك لە (الطبقات ١٧٦/٦)دا هاتووە.

هەندێکیشیان پاشتر بوونە سەرکردەی سوپاکەی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) وێنەی ئەشتەری نەخەعی، کە عەلی دواتر کردیە والی میسر، هەروەها موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکرو زەیدی کوڕی سوحانو کەسانی تریشی تێدا بوون.

پاشان ئەم بزوتنەوە سیاسی یە لە هێڵی خۆی دەرچوو، پاش ڕێکەوتنی لەگەڵ خەلیفە بۆ چاکسازی کردن جارێکی تر گەڕایەوە مەدینە، لێرەوە لادان دەستی پێ‌کرد، بەبیانوی ئەوەی ئەوان نوسراوێکیان دەست کەوتووە کە لە عوسمانەوە بۆئەمیری میسر نێردراوە بەوەی سزایان بدات، ئەوانیش مەروانیان بەوناردنە تۆمەتبارکرد– پاش ئەوەی عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) سوێندی بۆ خواردن کە نە نوسیویەتی‌و نە ئاگادارێتی– و داوای تەسلیم کردنی مەروانیان کرد، عوسمانیش ترسا لەوەی بەبێ بەڵگە مەروان بکوژن، بێ‌ئەوەی شتێکی وای کردبێ کە شیاوی کوشتن بێت.(١)

پاشان داوای لابردن‌و دەست لەکارکێشانەوەی خەلیفەیان کرد، سوور بوون لەسەر ئەمە، عوسمانیش (خوای لێ ڕازی بێت) ڕاوێژی بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرکرد، ئەویش ئاماژەی ئەوەی پێ‌کرد کە ئەم داوایەیان پەسەند نەکا، هۆکاری پەسەندنەکردنی ئەم داوایەش – هەروەك لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا هاتووە– لەبەرئەوە بوو ترساوە لە ڕوودانی فیتنەو شەڕوشۆڕی نێوان ئوممەت، لە هەندێ گێڕانەوەش دا

---

(١) سەیری (ثقات ابن حبان) ٢/٢٥٩ – ٢٦٠ بکە.

هاتووه کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریو وەسیەتی ئەوەی بۆکردووە کە خۆڕاگر بێو خۆی دانەماڵێ لە خەلیفایەتی، کەئەمەش لە ئەسڵدا بەڵگەی مەشروعیەتی ئەم جۆرە داخوازییەو واز لە کارهێنان دەگەیەنێ، ئەگینا پێی دەوتن: ئەوەی ئێوە داوای دەکەن لەڕووی شەرعەوە حەرامەو دروست نیە بۆتان، وە لەمبارەیەوە ڕاوێژی بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نەدەکرد، وە کە (مغيرة بن الأخنس الثقفي) ئەو ئامۆژەیەی نەدەدا بە بەعوسمان [1] ئەمانە بەڵگەن لەسەرئەوەی ئەم باسو خواسە مەسەلەیەکی ئیجتیهادییە، چونکە ئەگەر دەقێکی لەبارەوە هەبوایە ئەوا ڕاوێژی بەکەس نەدەکرد.

لەڕاستی دا بزوتنەوەکە لە ئامانجە چاکسازییەکانی خۆی لایدا، وە سنوری خوایی بەزاند، پاشانیش ڕێی هەڵەکرد، پەندو عیبرەت لە هەڵسوکەوتی نەیارەکاندا نیە، ئەوان سەرمەشقو پێشەنگ نەبوون، بەڵکو سەرمەشقیو پێشەنگێتی لەهەڵسوکەوتو مامەڵەی خەلیفەی ڕاشد عوسمانە ﷺ لەگەڵیاندا، وە لەوەدایە کەبەدروستی نەبینیوە بجەنگێ لەگەڵیاندا یا تەنگەتاویان بکا، لەبەرئەوەی دەیزانی تەنها لەبەر نەیارێتیان بۆ ئەم داواکردنیان بەوەی چاکسازی بکرێ لەو شتانەی وایان دەبینی پێویستی بە چاکسازیە دروست نیە بەوجۆرە

---

(١) هاوەڵێکە لە (يوم الدار)دا کوژرا، سەیری (الإصابة) ٣/٤٥٢، (الاستيعاب) لە پەراوێزی (الاصابە ٣/٣٨٧)بکە، بڕوانە ئەو ئامۆژەیەی دەیدا بە عوسمان بۆ وازهێنان لە خەلافەتو خەلیفەیەتی لە کتێبی (طبقات ابن سعد ٣/٤٨) بە سەنەدێکی سەحیح، سەیری پێشووتریش بکە.

هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکا.

هەربۆیە عائشە ﵂ کاتێك کە لە مەککە دەبێو هەواڵێکی درۆی پێدەگا، سەبارەت بەوەی عوسمان ﵁ نوێنەرانی میسری کوشتووە، دەڵێ (إنا لله وإنا إليه راجعون) کەسانێك دەکوژێ کە هاتوون داوای ڕەوایان هەیەو ئینکاری ستەم دەکەن، بەخوا بەوە ڕازی نابین).[(١)]

هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێت نەیان دەزانی کاروبارەکان دەگاتە ئەو ئاستەی پاشتر پێی گەیشت لە هەڵکوتانە سەر ماڵی خەلیفەو کوشتنی، کە بە تاوانو جەریمەیەکی قێزەون دادەنرێ، دواتر عوسمان هەڕەشەی کوشتنی لێ دەبیستن، بەڵام ئەو ئەوەی بە هۆکارێکی تەواوو دروست دانەدەنا بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان، یا تەنگەتاوکردنیان، عەبدوڵلای کوڕی عومەر گوێی لە (مسور بن مخرمه) بوو لە بازاڕدا دەیوت: بەخوا دەیکوژین، مەبەستی عوسمان بوو، ابن عمریش فەرمووی: (ئێوە ئەتانەوێ بیکەن بە هیرقلێتی، هەر کاتێك تورەبوون لە پاشایەك بیکوژن).[(٢)]

---

(١) (ابن جرير) ٧/٣ لە (ابن شبة)ی مێژوو نوسەوە ئەویش لە (أبی الحسن المدائني) مێژوو نووسەوە بە ئیسنادی خۆی لە عائیشەوە، (سحيم) مەولای (وبرة التميمي) تێدایە (ابن أبی حاتم) لە (الجرح والتعديل) باسی کردووە بێئەوەی هیچ شتێکی لەسەر بڵێ.

(٢) (ابن شبة) ١١٧٥/٤ بە ئیسنادێکی سەحیح گێڕاویەتیەوە کە کەسەکانی وەکو ئەوانەی موسلیمە.

عوسمان ﷺ لەسەر هەمان ڕێوشوێنی ئەبوبەکر دەڕۆیشت کاتێ فەرمووی: (ئەگەر چاکم کرد هاوکاریم بکەن، ئەگەریش لام دا ڕاستم بکەنەوە)، هەموو ئەوبنەما ڕوونو چەساوانە لەژێر کەڵەکەبوونی زۆرێك لە گێڕانەوە مێژووییەکاندان کە پێویستیان بە لەبێژنگ دانو ڕەخنە کردنە، وون بوون، تاوەکو بزانین: بۆ ئەوەی ڕوویدا؟ وە چۆن ڕوویدا؟

عوسمان ﷺ بەوانەی ووت کە گەمارۆیان دابوو: (چیتان دەوێ؟ پێیان ووت: دەتکوژین یا لەکارت دەخەین، ئەویش فەرمووی: ئەی بۆ نەنێرین بۆ هەموو شوێنەکانو لە هەر وڵاتێك باشترین کەسیان بهێنینو بیانکەینە دادوەر لە نێوان منو ئێوەدا، بۆ ئەوەی ئەگەر مافێکم پێنەداون پێتانی بدەم؟).(١)

ئەمەش تەئکیدکردنەوەیە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆئوممەت لە کاتی ڕودانی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتو هەندێ لە چینو بەشەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾(النساء: ٥٩) خوای گەورە لەم جۆرە ناکۆکییانەدا فەرمان دەدا بە گەڕانەوە بۆ ئوممەت، هەروەك لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشورى: ٣٨) ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ (آل عمران: ١٥٩) ﴿فَأَصْلِحُوا بَيْنَ

---

(١) (ابن شبة) ١١٩٢/٤.

﴿أَخَوَيْكُمْ﴾ (الحجرات: ١٠) .

لەکاتێکدا ئەگەر نەیارێتی کردنی دەسەڵات لە سەردەمی عوسماندا سنورداربوو لە چەند کۆمەڵێکی دیاری کراو لە میسرو کوفەو بەسرە، ئەوا لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشدی چوارەم (عـەلی کـوڕی ئـەبوتالیب ﷺ)دا بارەکە گەشەی سەند، ئەوەبوو لـە نـاوخۆی مەدینـەدا نـەیارو بەرهەڵسـتکاری بۆ دروست بـوو، کـە مەدینـە پایتـەختی دەوڵـەتی ئیســــــلامی بـوو، بـە سـەرکردایەتیکردنی کۆمـەڵێك لـە گـەورە هاوەڵانیش ﷺ کە بریتی بوون لە (تەڵحەی کوڕی عوبیدوڵڵاو زوبەیری کوڕی عەوام) کە هەردوکیان لە دەکەسـی موژدەپێـدراوی بەهەشـتو ئەوشـەش کەسـەش بـوون کـە عومـەر بـۆ ڕاوێـژ (شـوری) هـەڵی بژاردبوون، عائشە ﷺ و کۆمـەڵێك لـە هـاوەڵانیش پشـتیان گـرتن، بەمەش نەیارێتییەکە چووە فۆناغێکی نوێـوە، ئـەوەبوو پـاش ئـەوەی بەیعەت درا بە عەلی ﷺ هاتن بۆ لای‌و فەرمویان: (ئەی عەلی، ئێمە پیادەکردنی سنورەکانمان هەبووە، ئەو خەڵکەش بەشـداری کـردووە لـە خوێنی عوسماندا)، ئەویش پێی ووتن: (چی بکـەم لـە خـەڵکێك زاڵ بوون بەسەرمانداو دەسەڵاتمان نیە بەسەریاندا؟).[١]

داوای لێ کردن لەسەرخۆبن تا فیتنەکە کپ دەبێتەوە، بـەڵام ئـەوان دیدو بۆچونیان وابوو کە بێتوانایی ئیمام لەوەی هەسـتێ بەوکارانـەی

(١) (ابـن جریـر) ٢/٧٠٢، البدايـة والنهايـة ٧/٢٣٩، تـاريخ الإسـلام ی (الـذهبي) – سەردەمی خەلیفەکان – ل ٤٨٣.

لە لایەن ئوممەتەوە پێی سپێردراوە تا لە جێی ئەوان ئەنجامیدا ئـەرك‌و واجبەکە لەکۆڵ ناخا، بەڵکو پێویستە ئوممەت پێی هەسـتێ، چـونکە گوتارەکە لەئەسڵدا ڕووبەڕووی ئوممەتە، بەو پێیەی گوتـاری قورئـانی بەزۆری ڕووی لە ئوممەتە، هەربۆیە وتیـان: (ئـەوەی لەسـەر ئیمەیـە ئەنجامی دەدەین‌و دوای ناخەین)[1] هەموویان ﷺ ئیجتیهادیـان کـرد، کرداری تەڵحەو زوبەیر بەڵگەبوو لەسەر ئەوەی ئەوان وایان دەبینی کە گوێڕایەڵی‌و مل کەچی‌و بەیعەت دان بە ئیمام نابێتـە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی واجبێـك لەسـەر ئوممـەت لابچـێت، ئەگـەر ئیمـام نـەتوانێت ڕایپەڕێنێ، دیدو بۆچونی عەلیش ﷺ وابوو کە ئەوان بۆیان نی یە ئەو تێپەڕێنن‌و بەبێ ڕەزامەنـدی ئـەو هـیچ کارێـك بکـەن، پـاش ئـەوەی بەیعەتیان پێی داوە.

تەڵحەو زوبەیرو عائشـەو ئەوانـەی لەگـەڵیان بـوون ڕووەو بەسـرە ڕۆیشتن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی عوسمـان، هـەموو ئـەم کارانـە دەچێتە بازنەی کاری سیاسی‌و نـەیارێتی کۆمەڵیانـەی ڕێکخـراوی دژ بەدەسەڵات، کە ناکرێ بانگەشەی ئەوەبکرێ کە ئەو هاوەڵانە دژایـەتی ئەسڵێك لە ئەسـڵەکانی ئیسـلامیان کـردووە، یـاخود بیدعەیـەکیان لەئایین دا بەدیهێناوە کە خوا مۆڵەتی نـەداوە، بـەڵکو لـە کارێکـدا ئیجتیهادیان کردووە کە جێگەو بواری ئیجتیهادکردنـە، عـەلیش ﷺ

---

(١) ئیبن‌و جەریر ٢/٧٠٢.

پاشتر پاشگەزبونەوەی خۆی دەربـڕی لەوشـەڕەی کەلەگـەڵیان کـردی، حەسەنی کوڕیشی ﵁ پێشتر نەهی کردبـوو لـە بـاوکی کـە بـەوکارە هەستێ[١] پاشـتر ناکۆکییەکـە گەشـەی کـرد، دوو کۆمـەڵو پـارتی سەرەکی لێ کەوتەوە کەبووە مایەی دابەشبونی دەوڵەتی ئیسلامی بـۆ دووبەش: کۆمەڵو پارتی عەلیو شـوێنکەوتوانی لەخـەڵکی عـیراقو کۆمەڵو پارتی موعاویەو شوێنکەوتوانی لە خەڵکی شام، لە کاتێکدا زۆرینەی هاوەڵان لە مەدینەدا پەرگیریان لە هەردوو کۆمەڵەکە کـرد، هـەردولاش هەسـتیان بـەوە کردبـوو کـە جـەنگو شـەڕکردن هـیچ چاکەیەکی بـۆ ئوممـەت تێـدا نیـە، وە چارەسـەر بریتییـە لـە داوەری دانەدەست کیتابو سوننەتو ئوممـەت کردنـە دادوەر لـە نێوانیانـدا، تاوەکو هەڵبـژاردنو لەکارخسـتن بەویسـتی ئـەوبێ، خـەڵکی عـیراق ئەبوموساو شامییەکانیش عەمری کوڕی عاصیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی لە بارەکە بڕوانن و ئەو بڕیارەشی دەیدەن (ئەوا ئوممەت پشـتیوانە لـەو بڕیارەدا)[٢] کاتێکیش هەردوو دادوەرەکە لە (دومة الجندل)دا کۆبونەوە کۆمەڵێك لەو هاوەڵانـەی پـەرگیریان لـە هـەردوولا کردبـو ئامـادەی داوەرییە کە بوون، لە سەروی هەموویانەوە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر،

---

(١) سەیری (البداية والنهاية) ١٤٥/٧ بکە وە (مصنف إبن أبی شیبة ٥٤٥/٧ و ٥٤٦) بە ئیسنادێکی دروست هێناویەتی لە حەسەنەوە کە باوکی لە ڕۆژی شەڕی (جەمەل)دا دەیوت: (ئەی حەسەن، حەزم دەکرد بیست ساڵ پێش ئەمڕۆ بمردمایە).

(٢) سەیری (ابن جریر) ١٠٣/٣٢ ( ثقات ابن حبان ٢٩٣/٢، و ابن کثیر ٢٨٨/٧) بکە.

هەردوو دادوەرەکە ڕێکەوتن (لەسەر ئـەوەی عـەلی‌و موعاویـە لـەکار بخەن، پاشان کارەکە بکەنە ڕاوێژ لەنێو خەڵکیدا، تـاوەکو باشـترینیان هەڵبژێرن، یابەدەر لەوان هەڵبژێرن).[1]

بەڵام هەردوکیان ڕێك نەکەوتن لەسەر کەسێك[2] (عـەلی)یش ﷺ ئەبوموسای ڕاسپادوو (وەك نوێنـەری خـۆی) هـەموو سـەڵاحیاتێکی پێبەخشیبوو وە پێی وتبوو: (بڕیارو حوکم بدە ئەگەر بە لەمل دانیشم بێ).[3]

لەڕاستیدا بەسەرهاتی دادوەریکردن (التحكيم) لـە خـودی خۆیـدا بەڵگەیەکی ڕوون‌و ئاشکرایە لەسەرئەوەی کە ئوممەت داوەرو حەکەمـە لەدەست نیشانکردنی ئەوکەسەی هەڵی دەبژێرێ بۆ پێشـەوایەتیکردن، هـەروەك ئەوەشـی ڕویـدا لـە نێـوان هـەردولادا بەڵگـەی ڕیشـەداری حیزبیەتی سیاسی‌و دروستی ئینتیمـای سیاسـییە، کـە بریتییـە لـە حەزومەیل بوون لەگەڵ لایەك بەدەر لـەویتر، ڕای دروسـت‌و تـەواویش لـەوەدا بـوو ئوممـەت بکرێتـە دادوەر تـاوەکو ئـەوەی پـێی ڕازییـە هەڵیبژێرێ، چونکە ئەو خاوەنی مافە لە سەرەتاو کۆتاداو بۆهیچ کەس نیە بەزۆرو هێز خۆی بسەپێنێ بەسەریدا.

---

(١) سەیری ابن كثير ٢٩٤/٧، وە سەیری (ابن جرير) ١١٢/٣ بکە.

(٢) ئـەم ئەندازەیـە یـەك دەنگـی نێـوان گێڕانـەوە مێژووییەکانـە، بـەڵام بەسـەرهاتی فێڵکردنی عەمری کوڕی عاس لە ئەبوموسای ئەشعەری هیچ بناغەیەکی دروستی نی یە.

(٣) مصنف ابن أبى شيبه ٥٤٨/٧ بەدوو سەند یەکێکیان دروست(صحيح)ە.

به دڵنیاییـــەوە کۆمـــەڵگای موســـڵمان توانـــاو لێوەشـــاوێتی فرەیـــی سیاسی تێدا بەدەرکەوت هەر لە وەفاتی پێغەمبەر ﷺ و کۆبونـــەوەی هـــاوەڵان لـــە کـــەپری بـــەنی ســـاعیدەو کێبـــەرکێی نێـــوان کۆچـــەرو پشتیوانان لەسەر ئیمامەت، تا ئـەوەبوو حـەبابی کـوڕی (منـذر) ی ئەنســـاری ووتـــی: (ئـــەمیرێ لـــە ئێمـــەو ئـــەمیرێ لـــە ئێـــوە)، بـــەڵام یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە بەگفتوگۆو پێڕازی بـوون بـەلادا خـرا، پاش ئەوەی ئەبوبەکر ﵁ تەئکیدی کرد لەسەر ئەوەی کـە عـەرەب -واتە مسوڵمانان- ڕازی نابن‌و مل کەچی دەرنابڕن مەگەر بۆ ئەم هۆزی قورەیشە نەبێ، عەرەبە مسـوڵمانەکانیش لەوکاتـەدا مـافی ئـەوەیان هەبوو ئەوەی دەیانەوێ هەڵی بژێرن، پشـتیوانانیش ئـەم ڕاسـتییەیان دەزانی کە ئەوکارە پێویستی بەڕاپرسی نییە، چونکە لەوکاتەدا ئەمـە شتێکی زانراوبـوو، بـۆ هـەموو عـەرەبێکی موسـڵمان، عـەرەب لـە نەفامیدا مل کەچ‌و گوێڕایەڵی یەکتری نەدەبوون مەگەر بـۆ قـورەیش ئەویش لەبەرئەوەی خەڵکی ماڵی خوا (بيت الحرام) بوون.

هەموو ئەمانە تەئکید لەســەر مـەودای ئـەو ئازادییـە سیاسـییە دەکەنەوە کە لەم ماوەیەدا هەبووە، ئەبوبەکر ﵁ بنـەمای (لـە ئێمـە ئەمیری و لەئێوە ئەمیرێ)ی ڕەفز نەدەکردەوە، کە بریتییە لـە بنـەمای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە نێوان هێـزە کێبـەرکێ خوازەکـان، لەبەرئەوەی ئەمە بنەمایەکی نادروست بێ لە شەریعەتدا، یاخود لەبەر ئەوەی ئەمە ناکۆکە بە ئیسلام‌و نارێك بێ‌لەگەڵیدا، ئەگەر وابوایە ئەوا

ئەو بەڵگە شەرعیانەی باس دەکرد کە ئـەم جـۆرە بنەمایـەی یاسـاغ دەکرد، بەڵکو بەڵگەی ئەو بۆیان ناڕازی بوونی عــەرەب بــوو. پاشـان ڕودانی پەرتەوازەیی و فیتنە، لەوبارەیەوە فەرمووی: (ئێوە ئەوە دەزانن ئەم هۆزەی قورەیش پلەوپایەکیان لای عەرەب هەیە، کـە ئـەوانی تـر نیانە، عەرەب تەنها بەکەسێك لەوان ڕازی دەبـێ، تەقـــوای خواتـان هەبێ و درز مەکەنە ئیسلام).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تـردا هاتووەکـە (پشـتیوانەکان ووتیـان سـەرەتا پیاوێك لەکۆچەران هەڵدەبژێرین، ئەگەر مـرد کەسـێك لەپشـتیوانان هەڵدەبژێرین، ئیتر هەتاهەتایە هەروا، بەم شێوەیەش شـیاوترە ئەگـەر قورەیشی یەك هەڵەی کردو لایدا ئەنساری یەك بیهێنێتـەوە سـەر ڕێ، بەهەمان شێوەش بۆ ئەنساری یەکە.[2]

ئەمــەش بەتــەواوی بنــەمای دەستاودەســت پێکردنــی ئاشـتیانەی دەســەڵاتە لــە نێــوان دووپــارتی سیاســی دا، جارێکیــان ئــەمیان فەرمانڕەوایی دەکاو جارێکی تـر ئـەویان، تـاوەکو ئـەوەی لـە دەرەوەی دەسەڵاتە چاودێربێ بەسەر ئەوەی بەڕێوەی دەبا، لە گێڕانەوەیەکی تـردا هاتووە: (کۆچکەرەکان کۆبونەوەو ڕاوێژیان کردو وتیان: پشـتیوانانیش لەم کارەدا بەشیان هەیە، گێڕەرەوە دەڵـێ: چوون بۆلایان، یەکێك لەوان

---

(١) فتح الباری ١٢/١٥٢.

(٢) فـتح البـاری ٧/٣١، ئەمـە گێڕانـەوەی مێـژوونووس (موسـای کـوڕی عقبە)یـە لـە (الزهري)ەوە.

(واته له پشتیوانان) ووتی: ئەمیرێ له ئێمەو ئەمیرێ له ئێوه)، واتـه له کۆچکەران، عومەر پێی ووتن: کێ سێیەمی هەیه وەك ئەوەی ئەبوبەکر هەیەتی ﴿ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ﴾ (التوبة: ٤٠) لـه گێڕانەوەیەکی تردا (پشتیوانەکان ووتیان: ئەمیرێ له ئێمەو ئەمیرێ له ئێوه، عومەریش هات بۆ لایان‌و پێی ووتن: ئایا ئێوه نازانن پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە ئەبوبەکر پێش نوێژی بۆ خەڵکی بکا؟ کێتان پێی خۆشە پێش ئەبوبەکر بکەوێ؟...)[(١)].

بوخاریش له ڕوداوی (سەقیفە)دا فەرمودەیەکی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ دەگێڕێتەوە، وه تیایدا هاتووە: (یەکێك لە پشتیوانەکان ووتی: ئەمیرێ له ئێمەو ئەمیرێ له ئێوەی قورەیش، ئیتر غەڵبەغەڵب زۆربوو، دەنگ بەرزبویەوە...)[(٢)] ئەم قسەیەی ئەوان لەدوای ئەو وتەیەی ئەبوبەکربوو کە ووتی: عەرەب ئەم کارە بۆ ئەم هۆزی قورەیشە بە گونجاو دەبینێ.

بوخاریش فەرمودەیەك له عائیشەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە تیایدا هاتووە (ئەبوبەکر قسەی کردو ووتی: ئەمیر لە ئێمەبێ‌و وەزیر لەئێوە، حەبابی کوڕی (منذیر) ووتی: نەبەخوا واناکەین، لە ئێمە ئەمیرێ‌و لە

(١) ئەحمەد بە ئیسنادێکی حەسەن (٢١/١) له فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە گێڕاویەتی یەوە.
(٢) سەحیحی بوخاری لەگەڵ فەتحولباری (١٤٥/١٢) ف (٦٨٣٠).

ئێوه ئەمیرێ، ئەبوبەکر ووتی: نا لە ئێمە ئەمیرو لە ئێـوە وەزیـر...)[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ئەبوبەکر فەرمووی: ئێمە ئەمیرو ئێوە وەزیـر، ئەمەش لە نێوان ئێمەو ئێوەدابێ).[2]

پاشان پشتیوانەکان ڕازی بـوون بـە ئەبوبـەکر، هـەموو لایـەکیش بەیعەتیان پێیدا پاش گفتوگۆو ڕەزامەندی هەمولایەك.

لە ڕاستیدا بیرۆکەی فرەیی سیاسیو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە نێوان کۆچـەرو پشـتیوانانـدا - وەکـو لـە سـەرەتادا پشـتیوانەکان خستیانەڕوو- بۆچونێکی دروستو ڕێکە بە بنەمای (**وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ**) (الشورى: ٣٨) ووشەی (الأمر) لێرەدا مەبەست پێـی ئیمامەتـە، ئەمەش ئەسڵەو هەرچی شتی تر هەیە پاشکۆی ئەمانـەن[3]— ئەگـەر سروشتی ئەوکاتەی عەرەب وانەبوایە تەنها پەسەندی بوو گوێڕایـەڵی کەسێکی قورەیشی بێ، ئەمەش واقعی حاڵی ئەوان بوو لە نەفامێتیو سەرەتای ئیسلام دا-.

ئەوکەسەی بانگەشەی کرد بۆ بنەمای: (لە ئێمە ئـەمیرێو لـەئێوە ئەمیرێ) تووشی تەنگ پێهەڵچنین نەبوو، مافی دەربڕینی بۆچونەکەی

---

(١) سەحیحی بوخاری لەگەڵ فەتحولباری ١٢/١٤٥ ف ٦٨٣٠.

(٢) فەتحولباری ٧/٣١.

(٣) هەر بۆیە عومەر لە سەرەمەرگدا بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی فەرموو :( ئەمـــەم لێ وەرگرە : فەرماندەیی و ئەمیرایەتی بە ڕاوێژ دەبێ لـە نێو مسوڵمانانـدا) سـەیری پێشووتر بکە.

لـــێ زەوت نەکرا، تەسفیەش نەکرا بــە بیــانوی پاراســتنی ڕژێمــەوە، چونکە ئیسلام ئیقرار ناکا لەسەر ئەم جۆرە شێوازە ناشەرعیانە، چـۆن کەسێك تەنگەتاو دەکرێ کە داوای مافی خۆی دەکا لە ڕاوێژ، وە مافی خۆی لەوەداکە خۆی بپالێوێ تاوەکو ئوممەت ئەو یا جگە لەو بپالێون؟

هەروەها ڕووداوی (سەقیفە) ئەوەش تەئکید دەکاتەوە کە بە مــەرج دانانی قورەیشی بوون لە ئیمامەتدا شتێکی بـاوو زانـراو نـەبووە لــە نێوان هاوەڵانـدا، ئەگـەرنا پشـتیوانان ناکۆکیـان لەسـەری نـەدەبوو، ئەبوبەکرو عومەریش ئەو جۆرە بەڵگانــەیان نەدەهێنایــەوە، وە دەیــان ووت: لەڕاستیدا پێغەمبەر ﷺ ئەم مەســەلەیەی داوە بــە قــورەیش‌و حەرامە ناکۆکی لەسەر دروست بکەن، بەڵکو ئەوەیان کردە بەڵگە کە عەرەب پێی پەسەن ناکرێ، پشتیوانانیش هەستیان بەم ڕاسـتییەکرد، ئەگینا ئەیان ووت: بەڵێ عەرەب پەسەندمان دەکـا، ئاشکراشـە کـە پشتیوانان لە (قحطان)ن و عەرەبی حیجازیش هەموویان (عدنان)ین‌و تەنها ڕازی دەبوون مل کەچی قورەیشی بکەن، لەڕاستیدا ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی‌و ڕای زۆرینە کە عەرەبەکان بـوون یەکلاکـەرەوە بـوو لـەم بابەتەدا، هەروەها عومەریش کردیە بەڵگەی هێنایەوە بۆ باشتـــرێتی ئەبوبەکر، هەموو ئەمانە تەئکید لەسەر دەرنەکەوتنی بانگەشەی بـە مەرج گرتنی قورەیشی بوون دەکەنـەوە سـەبارەت بـە ئیمامــەت لـەو

ماوەیەدا.[1].

هــەروەك چــۆن ئــەم بنەمایــە جــارێکی تــر بەدەردەکــەوێ کاتێــك کێبەرکێ دەکەوێتە نێوان ئەو شەش کەسەی عومەر هەڵیان دەبژێریو دەیان پاڵێوێ بۆئیمامەت، چون ئەم پاڵاوتنە بناغەدانانو چەسپاندنی

(١) سەیری فەتحولباری (١٩/١٣) بکە حافظ گومانی لەسەر ئەوەهەیە کە قورەیشی بوون کۆڕای لەسەربێ، چونکە لە عومەر دەگێڕنەوە کەویستویەتی موعازی کوڕی جەبەلو سالمی مەولای ئەبو حوزەیفە بکاتە جێنشین، (ابن کثیر)یش ئەم ئیشکالە لە (البدایة والنهایة)(٩/٥٨)دا دەخاتە ڕوو کەچۆن دەبێ زانایانی عێراقو باشترینی تابعین بەیعەت بدەن بە (إبن الاشعث) کە قورەیشی نیەو لە(کندە) بووە؟ لەوانەش بەیعەتیان پێیدا (عامری الشعبی) و (سعید بن جبیر)و زۆرێك لە قورەیش هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم کێشەیە لە سەدەی یەکەمدا لە ئەسڵدا دیارو بەرچاو نەبووە، لە سەردەمی عەبباسیشدا بە پێی حوکمی ئەمری واقیع بانگەشەی کۆڕابوونی لەسەرکراوە، ئەگەرنا ئەو دەقانەی هاتون زیاتر بە هەواڵ گێرانەوە (اخبار) دەچن وەك لەوەی بڕیارو (احکام) بن پشتیوانانیش هەروا تێگەشتبوون . (ابن أبی شیبە)، لە(مصنف)دا لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:( ئەگەر زەید زیندوو بوایە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکردە جێنشین، زەیدی کوڕی حاریسەش قورەیشی بوو، ئەحمد لە(مسند)ەکەیدا (٢٠/١) لە ڕێگەی ئەبو ڕافعەوە لەعومەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:( ئەگەر بگەیشتمایە بە یەکێك لە دووپیاوو ئەم کارەشم بسپاردایە پێیان ئەوا دەمسپارد بە/ سالمی مەولای ئەبو حوزەیفەو ئەبو عوبەیدی کوڕی جەڕاح)، ئەحمد شاکر فەرمویەتی ئیسنادەکەی (صحیح)ە، ئەحمەدیش (١٨/١) لە ڕێگەی (شریح بن عبید راشد بن سعد)و جگە لەم دووانەشەوە گێڕاویەتیەوە کە عومەر فەرمویەتی :( ئەگەر ئەجەلم هات ئەبو عوبەید وەفاتی کردبو ئەوا، موعازی کوڕی جەبەل ئەکەمە جێنشین، (حافظ) لە (فتح)دا (١١٩/١٣) وتویەتی (پیاوەکانی جێی متمانەن، فەرمووەکە (مرسل)ە، بەڵام لە کۆمەڵێك زانایانی تابعینی شامەوە باسکراوە بەهۆی ڕێگەکانی تری هاتنیەوە بەهێز دەبێ.

ئاشتیانەی بنـەمای ئـاڵوگۆڕی ئاشـتیانەی دەسـەڵاتەو جێگیرکردنـی بنەمای فرەییە، وەکردنەوەی دەرگایە لەبەردەم کێبەرکێی دروست بـۆ گەیشتن بەدەسەلات، بەمەرجێ ئوممەت داوەرو یەکلاکەرەوە بێت بەهەر هۆکارێ ئەم مەبەستە بەدی بێنێو ئەم بنەمایە بچەسپێنێ.

ئەم هەستکردنەش بوو وای لە عەلیو موعاویە کرد ﵄ ڕێك بکەون لەسەر بنەمای داوەری کردن (التحکیم) کە بریتی یە لـە گەڕانـەوەی کاروباری دەسەڵات بۆ ئوممەت، بۆئەوەی یەکێك لەوان یا جگـە لـەوان هەڵبـژێرێ، ئـا ئەمــەش فرەلایـەنی سیاسـییە، هـەردوو داوەرەکـەش ڕێککەوتن لەسەر لەکار لابردنیانو گەڕانەوەی کاروبارەکە بۆئوممـەت، بۆ ئەوەی بەڕاوێژ یەکێك لەوان یا جگە لەوان هەڵبژێرێ.

هەر لەبەر ئەمەش (خـەوارج) لـە فـەرمانی عـەلی ﵁ دەرچـوون لەبەرئەوەی ئـەو ڕازی بـوو بـە بنـەمای داوەری کـردن (التحکـیم) و گەڕانەوەی کارەکە بۆ لای ئوممەت.

لەڕاستیدا تەواوی ڕووداوە مێژووییەکان تەئکید لەسەر چەسـپاوی بنەمای ئازادییە سیاسییەکانی تاكو کۆمـەڵ دەکـەن لـە سـەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا، لەسەردەمی ئەواندا تـاك تـاکی کۆمەڵگـەو کۆمەڵەو گروپەکانیش بیروبۆچونەکانی خۆیان بەدەرخستو نـەیارێتی خۆیـان بەوپـەڕی ئازادییـەوە بەرامبـەر بـە سیاسـەتی خەلیفـەکان دەخستەڕوو، بێئەوەی بترسن لە تەنگەتاوکردن، یا زەوتکردنـی مـافو

ئازادییەکانیان – هەرئەمەش ڕاڤەی بە ئاسـان تیرۆرکردنـی هەرسـێ خەلیفەی ڕاشدینمان بۆ دەکا – ئەمەش بـە جـوانترین شـێوە لـەپاش بەدەرکەوتنی بزوتنەوەی خەواریج ڕوونو ئاشکراتر دەبێ کە بریتی بوون لە توندترین بزاوتی سیاسی تونـدڕەو، ئەگـەر جیاوازییـەکانی نێـوان هێزە کۆمەڵایەتیو حیزبەکان پـێش خـەواریج جیاوازییـەکی سیاسـی بوونو پەیوەست بوبێتن بەبابـەتی ئیمامـەتو چـۆنێتی بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵـەت، ئـەوا بزوتنـەوەی خـەواریج دادەنـرێ بـە یەکـەم بزوتنـــەوەی فیکـــری سیاســـی نـــەیار، لەگـــەل هـــەموو ئەمانەشـــدا بزوتنەوەیەکی چەکداربوون پاش داوەری کـردن (التحکیم)ەکـە دژ بـە عەلی دەرچوونو دەستیان کرد بە بەکافردانان (تکفیر)ی عـەلیو ئـەو هاوەڵانەشی لەگەڵیدابوون، لەگوێڕایـەڵی عـەلی دەرچـوون، لـەکاتی ووتاردانیدا لەسەر دوانگە (مینبەر)تانەو تەشەریان لێی دەدا، ئەویش لاقەی نەدەکردنو ئازاری نەدەدان، بەڵکو ئەو وتە بەناوبانگەی فەرموو کە پاشتر بویە ڕێسایەکی چەسپاو بۆ مامەڵـەو هەڵسوکـەوت کـردن لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی دژە ڕابوون لە بیرو بۆچوندا، ئەوەبوو فەرمووی: (ئەوان سی شتیان لەسـەرمانە: دەستپێشـخەر نـەبین لـە شـەڕکردن لەگەڵیان ئەگەر شـەڕیان لەگـەڵ نـەکردین، ڕێگـری مزگەوتـەکانی خوایـان لـێ نەکەین کە یادی ئەوی تێدا بکەن، وە بێبەشیان نەکەین

لە دەست کەوتەکان تائەوکاتەی دەستیان لەگەڵ دەستمان دایە). [1]

پاشـــان لـــە بەرامبـــەر ئەمـــەدا چـــەند مـــەرجێکی لەســـەردانان‌و فەرمووی: (بەمەرجێ خوێنی حەرام نەڕێژن، ڕێگری نەکەن، ستەم لـە پەناهەندە (ذمي)ەکان نەکەن)، عائشە ﵂ فەرمووی: (کەواتـە ئـەی بۆچی جەنگی لەگەڵ کـردن؟ عەبـدوڵڵای کـوڕی شـەداد فـەرمووی: (سوێند بەخوا هەڵی نەکوتایە سەریان کەسی بۆ نەناردن تا دەسـتیان کرد بە ڕێگری‌و ڕشتنی خوێن‌و بە حەڵاڵ دانی خوێنی پەنادراوان). [2]

ئەمەش تەئکید لەسەر مەودای ئەو ئازادی یە فیکری‌و سیاسی یە دەکاتەوە کە مسوڵمانان پیادەیـان دەکـرد لەسـەردەمی خەلیفـەکانی

---

(١) مصنف إبن أبی شیبة (٥٦٢/٧) بەسەنەدێکی (صحیح) لە ڕێگەی (سلمه بن كهيل لە ڕێی (كثير بن نمر) ئەویش لە کاتی وتاردان لە عەلی بیستووە، ئەمیش مەرجی بوخاری‌یە بە (إسناد) دادەنرێ مەگەر (کثیر) نەبێ کە (ابن حبان) لە (ثقات)ەکەیدا باسی کردووە، (إبن جرير) لە (تاريخ)(١١٤/٣) لە ڕێگەی (کثیر)ەوە گێڕاویەتی یەوە، لە (١١٥/٣) بە ئیسنادێکی (صحیح) لە ڕێگەی (ليث بن أبي سليم) لە هاوەڵانیەوە پاشان لە عەلی‌یەوە گێڕاویەتی یەوە، (لیث)یش پەسەند (مقبول) لە (المتابعات)دا.

(٢) ئەحمەد لە (المسند ٨٦/١ – ٨٧) و(ابو يعلى الموصلى ٣٦٧/١ ف ٤٧٤) و حاکم لـە (المستدرك) دا گێڕاویەتیـەوە (حـاکم) دەفـەرموێ (سـەحیحە لەسـەرمەرجی بوخاری‌و موسلم) هەرچەندە خۆیان نەیانهێناوە) (إبن کثیر)یش لە (البداية والنهاية ٢٩٧/٧) دەڵێ: (سەنەدەکەی سەحیحە) هەرواشە وەك دەیڵێ، (هیثمي) لـە (مجمع الزوائد) ٢٣٥/٦ – ٢٣٧) دا وتویەتی (کەسەکانی جێی متمانەن)، عائشە پـێی خراپ بوو عەلی شەڕیان لەگەڵ بکات تا ئەوەبوو بەسەرهاتەکەیان بۆگێڕایەوە، هـەروەك چـۆن ئـەوکارەی عوسمانیشـی پـێ‌خراپ بـوو، کاتێـك هـەواڵێکی درۆی پێ‌گەیشـتبوو گوایـە عوسمـان ئـەو نوێنەرانـەی کوشـتووە کـە هـاتبوون بـۆ بەرهەڵستی‌و نەیارێتی سیاسەتەکانی، هەروەك چۆن ئەو ڕەفتارەی موعاویەشی بە خراپ دانا کاتێك (عدی بن حجر)ی کوشت (سەیری البداية والنهاية ٥٧/٨) بکە.

ڕاشدین دا، عەلی ﷺ هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەواریجدا کرد پێش ئەوەی شمشێر لە ئوممەت هەڵکێشن، بە هەمان ئەو ڕێو شوێنو مەونهەجەی عوسمان ﷺ گرتیەبەر لەگەڵ ئەوانەی لە دژی دەرچوونو تانەو تەشەریان لە بۆچونەکانی ئەداو ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی دەگرت، ئەوەبوو ئەو ڕووی لێ وەرگێڕان، چونکە وای نەدەبینی ئەم جۆرە نەیارێتی کردنە پێویست دەکا بیانکوژێ، یا بیانگرێ یاخود لێیان بدات، هەر ئەمەش نامەو ڕێبازی عومەر بوو لەگەڵ ئەوانەی پێچەوانەی بیروبۆچونەکەی بوون، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ستەمی لێکردوون لە بەسەرهاتی ئەو زەویانەی بە غەنیمەت دەست کەوتبوون، هەر ئەمەش لای ئەبوبەکر چەسپابوو هەر بۆیە لە (أبو برزة الأسلمي) توڕە بوو کاتێك پێشنیاری کرد ئەو پیاوەی جنێوی بە ئەبوبەکرداوە بکوژرێ، وەنەیهێشت لێی بدرێ تەنها لەبەرئەوەی خەلیفەی توڕەکردبوو، چونکە ئەمە شتێکی تێدا نیە شیاوی کوشتن بێ.

(حافظ) إبن حجر پاش ئەوەی ئەو دەقانە لە عەلی ﷺ دەگێڕێتەوە فەرمویەتی: (ئەمانە ئەوەی لێ وەردەگرین کە نابێ شەڕ لەگەڵ کەسێکدا بکرێ کە باوەڕی بەدەرچوون هەیە لە گوێڕایەڵی بۆ ئیمام ئەگەر پەنا بۆجەنگو کوشتار نەبا، یا خۆی بۆ ئامادە نەکا، لەبەر ئەو گوتەیەی کە فەرمویەتی: (ئەگەر دەرچوون کوشتاریان بکەن) (طبري)ش کوڕا باس دەکات سەبارەت بەوکەسانەی بە هۆی بیروباوەڕیانەوە بە کافر دانانرێن، ئەوەش دەداتە پاڵ عومەری کوڕی

عبدالعزیز کە نوسراوی نوسیوە سەبارەت بە خەواریج ئەگــەر خــوێنی حەرامیان نەڕشت وازیان لێ بهێنرێ، ئەگەر بەوکارانەش هەستان ئەوا شەڕیان لەگەڵ بکەن ئەگەر کوڕەکەشم بووە.

لە ڕێگەی (إبن جریج)ەوە هاتووە کە دەڵێ ووتم بــە (عطـاء): لـەچ کاتێکدا کوشتاری خەواریج حەڵاڵ دەبێ؟ فەرمووی: (ئەگەر ڕێگریـان کردو ئاسایشیان تێکـدا) (طبــري) ئــەوە دەداتــە پـاڵ حەسـەن کـە پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە پیاوێك کــە هــەمان بۆچــونی خــەواریجی هەیە بەڵام لەگــەڵیان دەرنەچــووە؟ فــەرمووی: (کــردەوە کاریگــەرترە لەسەر خەڵکی وەك لە بۆچون – العمل أملك بالناس من الـرأي)،[1] واتە تەنها لەسەر توندڕەوی بۆچونەکانیان نـاگیرێن تـا بۆچــونەکانیان نەکەنە ڕەفتارو پیادەکردن.

ئەم قسەیەش لە (خطـابي) دەگێڕنــەوە کــە ووتویــەتی: (زانایـانی ئیســـلام کۆبونەتـــەوە لەســـەر ئـــەوەی خەواریجـــەکان – ســـەرەڕای گومڕابونەکەیان – گروپێکن لە گروپە ئیسلامییەکان، بــە کـافریش دانانرێن تائەوکاتەی پەیوەستو پابەندن بە ئەسڵی ئیسلامەوە.[2]

وە وتویەتی: (طبــري)ش بەسەنەدێکی (صحیح) لــە عــەلی یــەوە دەگێڕێتەوە کەباسی خەواریجی کردووەوو فەرمویەتی: ئەگــەر دژایــەتی ئیمامێکی دادگەریان کرد بجــەنگێن لەگــەڵیان، ئەگــەریش دژایــەتی

(١) فتح الباري ١٢(/١٩٩).
(٢) فتح الباري (١٢/٣٠٠).

ئیمامێکی ستەمکارو زۆرداریان کـرد کوشـتاریان مەکـەن، چـونکە بۆئەوە قسەی خۆیان هەیە). [1]

(حافظ) نوسیویەتی: (هەمان شت دەوترێ سـەبارەت بـەڕووداوی حوسەینی کوڕی عەلی و خەڵکی مەدینە لە ڕوداوی (الحره) داو دواتـر بۆ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو ئەو قورئان خوێنانـەی دژ بـە (حجـاج) دەرچوون، [2] عەلی ﷺ شاهیدی مسوڵمانێتی خەواریجی داوە کاتێـك کە پرسیاری لێ دەکەن (ئایا کافرن؟ فەرمووی: (لە کافرێتی ڕادەکەن، پێی وترا، ئەی دووڕوو (منافق)ن؟ فـەرمووی دووڕوەکـان بـە کـەمی یادی خوا دەکەن، ووتیـان ئـەی کەواتـە چـین؟ فـەرمووی (کۆمەڵـە خەڵکێکن دەست درێژی دەکەنو یاخی بوون لێمان). [3]

بەڵکو بەرهەڵستی جنێوو جنێو پێدانیشیانی کردوو (لەو بارەیـەوە فەرمووی): (جنێویان پێمەدەن، بەڵام ئەگەر دژ بە ئیمامێکی دادگەر دەرچوون کوشـــتاریان بکەن، خۆ ئەگەر دژ بە ئیمامێکی سـتەمکارو زۆردار دەرچوون کوشـــــــتاریان مەکەن، چـونکە بـۆ ئـەوە قسـەی خۆیان هەیە). [4]

عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیزیش هـەمان ڕێو شـوێنی عـەلی ﷺ

---

(١) فتح الباري ٣٠١/١٢.

(٢) فتح الباري ٣٠١/١٢.

(٣) مصنف إبن أبي شيبة ٥٦٣/٧ بە سەنەدێکی سەحیح.

(٤) مصنف إبن أبي شيبة ٥٥٩/٧، بە سەنەدێکی سەحیح.

گرتەبەر بەرامبەر بــە خــەواریج، ئـەوەبوو چــووبەگژیاناو مشــتومڕو گفتوگۆی لەگەڵ کردن، پاشان بەو پیاوەی کە ناردی بۆ لایــان ووتــی: (ئەگەر کوشتاریان دەکردو خراپەکارییان ئـەنجام دەدا ئـەوا هەڵکوتـە سـەریانو کوشـتاریان بکـە، خـۆ ئەگـەر کەسـیان نەدەکوشـتو خراپەکارییان ئەنجام نەدەدا وازیان لـێ بهێنە).[1]

حەسـەنی کـوڕی سـاڵح لـە باوکیـەوە دەگێڕێتـەوە کەوتویـەتی: (نوسراوی عومەری کوڕی عەبدولعزیزمـان بەسەردا خوێندرایـەوە کـە ئەگەر خوێنی حەرامیان ڕشتو ڕێگریان ئەنجام دا، ئەوا بەری بـە لـە حەروریو (خەوارج)، وە فەرماندە بە کوشتاریان).[2]

ڕای زۆرینەی زانایـانیش لەسـەر ئەمـە جێگیربـوو هـەروەك (ابـن قدامە) وتویـەتی: (ئەگـەر کەسـانێك بیروبۆچـونی خەواریجـەکانیان خستەڕوو وەکو بە کافردانانی ئەو کەسانەی کە گوناهی گەورە ئـەنجام دەدەنو واز لە جەماعـەت دەهێـننو خوێنوسـامانی مسـوڵمانان بـە حەڵاڵ دەزانن، بەڵام لـە سـایەی دەسـەڵاتی ئیمـام دا بـوونو خـوێنی حەرامیان نەڕشتبوو.. ئـەوا بـەو شـتانەیان دروسـت نیـە بکـوژرێنو کوشتاریان بکرێ، ئەمە وتەی ئـەبو حەنیفـەو شـافیعیو جـەماوەری ئەهلی فیقهـە.. کـردەوەی عەلیشـیان کردۆتـە بەڵگـە چـونکە ئـەو فەرمویـەتی: (ئێـوە سـێ مافتـان لەسـەرمانە: بەرهەڵسـتی

(١) مصنف إبن أبي شيبة (٧/٥٥٧)، بە سەنەدێکی سەحیح.

(٢) مصنف إبن أبي شيبة (٧/٥٥٧)، بە سەنەدێکی سەحیح.

مزگەوتـــەکانتان لێ نەکـــەین بـــۆ یـــادی خـــوا کـــردن تیایـــدا، دەستکەوتەکانتان بدەینێ تا ئەوکاتەی دەستتان لەگەڵ دەستمان دایە، وەدەست پێشخەری جەنگتان لەگـەڵ نەکـەین.... (عـدي إبـن أرطـأة) نوسراوی کرد بـۆ عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز کـە خەواریجـەکان جنێوتان پێدەدەن، ئەویش لەوەڵام دا بۆی نووسـی: (ئەگـەر جنێویـان پێمدا جنێویان پێبدەن یا لێیان ببورن، ئەگـەر چـەكو شـیریان لـێ هەڵکێشان بە ڕووتان هەمان شتیان لەگەڵ بکەن، ئەگـەر وەشـاندیان بیوەشێنن... لەبەرئەوەی پێغەمبەر ﷺ هیچی نەکرد لـەو دووڕوانـەی لە مەدینەدا لەگەڵی بوون، کەسانی تر لە پێشترن بۆئەوەی چـاکەیان لەگەڵ بکەن). [1]

لـە ڕاسـتیدا ئـەم سیاسـەتەی عـەلی ﷺ نماینـدەی ڕێنماییـە دابەزێنراوەکانی ئیسلامە لە جوانترینو دادگەریترین شێوەدا، چونکـە - سەرەڕای توندڕەویو زێدەڕۆییان- تەواوی ئازادییە عەقائیدیو بیریو سیاسیو مافە داراییەکانی بۆ نەیارانی بیروبۆچـونەکەی خـۆی دابـین کردووە، شەڕکردنی لەگەڵیان ڕێگرتن بـوو لەدەسـت درێژییـەکانیانو بەرگری بوو لە خراپەکارییەکانیان، نـەك لەبـەر خراپـی بیروبۆچـونو توندڕەویان یا لەبەرئەوەی لە بیروبۆچـوندا نـەیاری بـون، لەبەرئـەوەی زانیاری هەبوو بەوەی ئـەو ئاینـەی بنـەمای ((لا إکـراه في الـدین)ی هێناوە، قەڵسو تەنگەتاو نیە بە بـونی ئایینـەکانی تـر لـە سـایەی

---

(١) (مغنی)ی (ابن قدامة) (١٠/٥٨ – ٦٠).

دادگەری ئیسلام دا، جا بۆیـە باشـترە قـەڵسو تەنگـەوتاو نـەبێ بـە جیاوازی بیروبۆچـون لـە نێـوان کەسـانی یـەك ئـایین دا لەوشـتانەی لێکدانەوەو بیروبۆچونەکانی جیاوازییـان هەیـە لەوبارەیـەوە، ئەمـەش کرۆکـی پێـوەری ئاشـکرا (القـايس الجلـي)ە کـە تـەواوترین جـۆری پێوانەکردن (القياس)ە، وە ئەم ڕێو شوێنەی خەلیفەی ڕاشدی چـوارەم بەدی هێناو هاوەڵان (خوایان لـێ ڕازی بێت) کـۆك بـوون لەسـەری‌و خەلیفەی ڕاشد عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش پیادەی کرد: ئا ئەمە دواتر گەورەترین شوێنەواری هـەبوو لـە سـەقامگیرێتی کۆمەڵگـەی ئیسلامی سەرەڕای زۆری ئـەو کۆمـەڵو دەسـتە فیکـری‌و مەزاهیبـە فیقهـــی‌و حزبـــە سیاســـییانەی دەوڵـــەتی ئیســـلامی‌و پایتەختـــە سەرەکییەکانی جمەیان دەهات پێیان.

موسڵمانان لە مێژووی خۆیاندا ئاشنا نەبوون بەجەنگەکانی تـەنگ پێ‌هەڵچنینی ئایینیانە یا لەڕیشە دەرهێنانی ئەو کۆمەڵو تایەفانەی دژە ڕاوبۆچـون بـوون بەوشـێوەیەی لــە ئـەوروپادا ڕوویـدا، لەبـەر سەقامگیربوونی بنەمای ئازادی بە چەمکە گشتگیرییەکەی هـەر لـە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە.

ئـا ئـەم ئازادییـە سیاسـییە- لەناویـدا وازهێنـان لەوانـەی دژی دەسـەڵات دەردەچـن بـە مـەرجی شـەڕنەکردن- جـوانترین‌و نایـابترین مومارەسەی سیاسی یە کە مرۆڤ پێی گەیشتووە لە هەر سیسـتمێکی سیاسی نوێدا؟!

## ٧- فەرمانڕەوایـــەتی و گوێڕایـــەڵێتی ڕەهـــا بـــۆ خـــواو پێغەمبەرەکەیەتی: -

کیتابو سونەت دوو سەرچاوەی تەشریعنو ئەو دەستورەن کە پێویستە دادوەری یان بېرێتە لا، ئیسلام پێش تەواوی سستمو فەلسەفە زەمینیەکان کەوتووە لە چەسپاندنی بنەمای ئەو مەشروعیەتەی کە دەبێ هەموو لا بێ جیاکاری ملکەچی بۆ دەربڕن، فەرمانڕەواو فەرمانبەر وەك یەك.

ئەوروپا تەنها دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ز ئاشنای بنەمای مەشروعیەت بوو ، بەڵام پێش ئەوە پادشا خۆی دەوڵەت بووە هەروەك پاشای فەرەنسا لویسی چوارەم ووتی: (من دەوڵەتم) سەرووەریو گوێڕایەڵی ڕەهاش بۆ ئەو بوو، هەموولا ملکەچی بوون، ئەو ملکەچی کەس نەدەبوو، بەڵکو مەشروعیەتی هەر یاسایەك لەوەدابوو کە پادشا دەری بکا بۆ ئەوەی ببێتە ئەو شتە تەواوەی مرۆڤەکان لە دەوڵەت دا پێوەی پابەندبن، هەرکەسەش سەرپێچی کرد سزا بدرێ! ئەمە بارودۆخی هەموو جیهان بووە پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بەرپابێ لەمەدینەی منەوەرەدا، کە یەکەم دەوڵەت بوو

لەسەر بناغەیەکی دەستوریانە بەرپابوو.[1]

---

(١) سەیری (المبادئ الدستورية العامة)ی (أ.د عادل الطباطبائي) – ڕاگری پێشووی کۆلیژی ماف – ل (٥٩) بکە کە دەڵێ: (ئەکرێ لێرەدا ئەوە باس بکەین کە یەکەم دەستوری نوسراو کە جیهان پێی ئاشنا بوبێ بریتی‌یە لەو بەڵگەنامەیەی پێغەمبەری بەڕێز ﷺ ئامادەی کرد بۆ ڕێکخستنی کاروباری مەدینە پاش ئەوەی لە مەککەوە بۆی چوو، چونکە ئەو بەڵگەنامەیە پێشەکی‌یەکی تێدایە کە ڕاگەیاندنی بەرپابوونی یەکێتی‌یەکی سیاسی ئیسلامی یە، پێکهاتەکەی بریتی یە لە کۆچەرە مەککەیی و پشتیوانە مەدینەیی یەکان، سەرەڕای کەمینەکانی تری دانیشتوی مەدینە، کە ئامادەییان دەربڕی بۆ سازدانی ئەو یەکێتی یە سیاسی یە نوێیە سەرەڕای ئەوەی ئەو گەڵاڵەنامەیە چەندین دەق لە دابینکاری کۆمەڵایەتی و بەرپاکردنی دادگەری و ڕێکخستنی قەزا لەخۆ دەگرێ، هەروەها چەند بنەمایەکی سزایی گرنگی تێدایە وەکو بنەمای کەسێتی سزا (شخصيه العقوبه)و بنەمای تۆڵە سەندنەوە بۆ کوشتنی دەست ئەنقەستی دوژمنکارانە، هەروەها جۆرەها تاوانکاری ژماردووە کە ڕووبەڕووی نەفس و سامان و دارایی دەبێتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەو بەڵگەنامەیە پێغەمبەری خوا دەکاتە فەرمانڕەوای باڵای دەوڵەت و دادوەر لەنێو خەڵکی دا، هەروەك چەند دەقێکیش پایەو حەقی کەمینە ئایینی یەکانی لە دەوڵەتی ئیسلامی نوێدا ڕوونکردۆتەوە، لە کۆتایشدا بەچەند دەقێکی تر ئەوماف و ئازادیانە ڕوونکراوەتەوە کەئیسلام دابینی کردووە، هەر لەوێدا باسی مافی ژیان و ئازادی بیروڕاو مافی موڵکداریی و ئاسایش و خانوبەرەو گواستنەوەو مافی یەکسانی و مافی هاریکاریکردنی داراییانەی تاکی کردووە، بەمەش ئیسلام دەبێتە یەکەمین چەسپێنەری پایەکانی ئازادی‌یە ئابوری و کۆمەڵایەتی‌یەکان، هەروەها بەڵگەنامەکە باسی مافی کۆبونەوەی لەسەر بناغەی هۆز یاخود لەسەر بناغەی ئایین کردووە وە مافی ڕادەبڕینی داوە .

لەو خستنەڕووەی پێشەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو حوکمانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بڕبڕە پشتی هەر بەڵگەنامەیەکی دەستوری نوێشە، بەمەش ئیسلام پێشڕەوێتی خۆی تەئکید دەکاتەوە بەسەر ڕێکخستنە نوێکانیشدا تەنانەت لەم بوارەشدا.

ئەو مەرجەعیەتەی تێدا دەستنیشان کرا کە دادگایی بۆ لادەبرا لـە نێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەردا لەکاتی جیاوازیو ناکۆکیدا، قورئانیش فەرمانڕەواییو دادوەریکردنی تەنها بەخوا بەخشیوە، ئـەوە بـە تـەنها مافی لە یاسا دانانی ڕەهای هەیە بۆبەندەکانی، وەهەر خۆیشی مـافی گوێڕایەڵی ڕەهای هەیە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ﴾ (یوسف:٤٠) واتـە: بەڕاسـتی حـوکمو فەرمان ڕەوایی جگە لە خوا شایستەی کەسی تر نیە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، باوەڕبوون بە تاکێتیو وەحدانیـەتی خوا لە فەرمانڕەوایەتیدا ئەو بناغەیەیە کە یەکتاپەرستی ئەوی لەسەر بنیات دەنرێ لە پەرستنو گوێڕایـەڵی کردنیـدا، ئـەو (أمـر)ەی لـە ئایەتەکەدا هاتووە بەشێکە لە (الحکم)و جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی، وە لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایەتی بۆ خوایەو مافێکە لـە مافـەکانیو هـیچ کەسێ لەوەدا ڕکابەری ناکا، هـەر بۆیـە فـەرمانی داوە تـەنها خـۆی بپەرسترێ، یەکتاپەرستی لـە هاوبـەش پەیـداکردنو گوێڕایـەڵی لـە بێفەرمانیو ئیمان لە کوفر جیاناکرێتەوەو ناناسرێ مەگـەر بـە پێـی فەرمانو حوکمی خوا نەبێ، هەرکەسێ ئەم بناغە ئیمانییە گەورەیەی لانەچەسپێو جێگیرنەبێ — یەکتاپەرسـتی ڕەهـا تـەنها بـۆ خـوا لـە حاکمیەتدا- ئەوا یەکتاپەرستی خوای لە پەرستنو گوێڕایەڵیدا بـۆ ساغ نابێتەوە، چونکە پەرستنو گوێڕایەڵیکردنی خوا نـازانرێ تـەنها لە ڕێگەی حوکمو شەرعی خواوە نەبێت، وە پابەندێتی بە حوکمی خـوا

دەرنابڕدرێ مەگەر بە دانپێداهێنانو باوەڕبوون نەبێ بەوەی تەنها ئەوە فەرمانڕەوایەتی (حکم)و تەشریعو کاروبار(الأمر)ی بەدەستە: ﴿أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ﴾ (الأعراف: ٥٤) واتە: ئاگادربنو بزانن هەرچی دروســـت کردنو بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە.

بەمەش جگە لە خوا دادەماڵرێ لە مافی گوێڕایەڵی ڕەهـا، کـاری گرنگی پێغەمبەرانیش تەنها بریتیە لە ڕوونکردنـەوەو پێڕاگەیانـدن، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ﴾ (النـور: ٥٤) خوای گەورە گوێڕایەڵی پێغەمبەری بە گوێڕایـەڵی کردنـی خۆی داناوە لەبەرئەوەی ناوەندو گەیەنەری نێوان خـواو بەندەکانیـەتی، خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِـنْكُمْ فَـإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ (النسـاء: ٥٩)، لەم ئایەتـەدا خوای گەورە گوێڕایەڵیکردنی خۆیی‌و پێغەمبەرەکەی سـەربەخۆو جیـا باسکردووە، بەڵام گوێڕایەڵی کاربەدەستو فەرمانڕەوایانی کـردووە بـە پاشـکۆ، هەربۆیـە بـە (واو) (عطـف)ی کـردووە بێئـەوەی فرمـانی (وأطیعوا – گوێڕایەڵی بکەن) دووبارە بکاتەوە، بـۆ ئـەوەی تەئکیـد لەسـەر ئـەوە بکاتـەوە کـە گوێڕایـەڵی کاربەدەسـتو فـەرمانڕەوایان کۆتبەندە بـە گوێڕایـەڵیکردنی خـواو پێغەمبەرەکەیـەوە، لەبەرئـەوە فەرمویەتی (فإن تنازعتم في شـيء) واتـە ئێـوەو کاربەدەسـتەکانتان (ئەگەر ناکۆك بوون لە شتێکدا) یاخود فەرمانڕەوایانو کاربەدەسـتان لە نێوان خۆیاندا ئەوا (فردوە إلی الرسول) بۆئـەوەی تەئکیـد لەسـەر

مەشروعیەت بکاتەوەو مەرجەعیەت دەست نیشان بکا، بۆ ئەوەش لـە هەموو بارەکاندا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ قورئان.

هەروەها لە ووتەی ((وأولي الأمر منكم) سێ ئاماژە هەیە: -

یەکەم: دەبڕینەکە بەکۆ هاتووە (أولي الأمر) نەیفەرمووە (ولي الأمر) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی (أولي الأمر) بریتین لە کۆمەڵی (ئـەهلی حەلل‌و عەقد) لە زانایان‌و سەرۆکەکان‌و سەرکردەکانی کۆمەڵگا، ئەوانە بریتین لەوانەی پێویستە گوێڕایەڵیان بۆ بکرێ ئەگەر کـۆك بوون لەسەر ڕایەك کە پێچەوانەی کیتاب‌و سوننەت نەبێت، ئەگەر جیاوازو ناکۆکیش بوون لەنێوان خۆیانـدا، یـاخود نـاکۆکی یەکـە کەوتە نێوان ئـەوان‌و ئوممەتـەوە پێویسـتە بگەڕێنـەوە بۆکیتـاب‌و سوننەت.[1]

دووەم: ئەم ئایەتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئـەکرێ نـاکۆکی لـە نێـوان کاربەدەست‌و فەرمانڕەوایان، یاخود لـە نێـوان ئـەوان‌و ئوممـەت دا ڕوبدات، لەوکاتەدا پێویسـتە دادوەریەکـە ببرێتـەوە بـۆ کیتـاب‌و سـوننەت، کـەس هـیچ کـەس پابەنـد ناکـا بـە بـیرو بۆچـون‌و ئیجتیهادەکانیەوە.

سێیەم: لە فەرمودەی (منكم)دا ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی کە پێویسـتە کاربەدەست‌و فەرمانڕەوایان نوێنەری هەموو ئوممەت بن، بەهـەموو

(١) سەیری (فتح الباری) ١١٢/١٣ بکە.

چینو توێژو کۆمەڵو گروپەکانیەوە نەك یەکێکیان، قورئان بەم ئایەتە تەئکید لەسەر بنەمای مەشروعیەتو مەرجەعیەت دەکاتەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەر ﷺ ئەمەی تەئکید کردەوە لە یەکەم چونە نێو مەدینەدا، ئەوەبو بەڵگەنامەی مەدینە (صحیفة المدینة) [(١)]ی دانا کەبەیەکەم دەستوور[(٢)] دادەنرێ کە جیهان پێی ئاشنابووە، کە تیایدا مافو ئەرکەکانی سەر مسوڵمانانو ئەو کیتابیانەی لەگەڵیان بوون دەست نیشانکراوە، (ابن اسحاق) فەرمویەتی: (پێغەمبەری خوا ﷺ نوسراوێکی نووسی لەنێوان کۆچەرو پشتیوانەکاندا، پەیمانو بەڵێنیبوو بۆجولەکەکانو دانی نابوو بە ئاینو سەروەتو داراییاندا، مەرجی پێدانو مەرجی لەسەر دانان: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان: ئەمە نوسراوێکە لە موحەممەدی پەیامبەرەوە بۆ نێوان باوەڕدارانو موسڵمانانی قورەیشو یەسرب، لەگەڵ ئەوانەی شوێنیان کەوتوونو لەگەڵیاندانو جیهادیان لەتەکدا کردوون: ئەوانە هەمویان یەك ئوممەتن جیا لە خەڵکی.

هەموو کۆمەڵێکیان بە چاکەو دادگەرانە بریتی دیلەکانیان دەدەن،

---

(١) (السیرة)ی (ابن هشام ٥٠١/١)و (الأموال)و (أبو عبید ٢١٥) (سنن البیهقی ١٠٦/٨) بەدرێژی.

(٢) دەستوور ئەو بەڵگەنامە سیاسییەیە کە کاروبارەکانی دەسەڵاتو مەوداو سەلاحیەتەکانی ڕێك دەخاو پەیوەندی تاکەکان بەومافانەی کە هەیانەو بەو ئەرکانەی لەسەریانە دیاری دەکا.

وه باوەڕداران ڕێ نادەن کەسێك لە نێوانیاندا بکەوێتە ژێرباری قەرزەوە بێئەوەی بریتیو خوێن بایی بۆ نەدەن، وه باوەڕداران دژی ئەو کەسانەن کە لە نێوان خۆیاندا یاخی دەبن یاستەمکاریو دوژمنایەتیان دەوێو فەسادو خراپەکاری دەخەنە نێوان بڕوادارانەوە، دەبێت بە هەموویان دژی بن ئەگەر کوڕی یەکێك لەوانیش بێت، ئەو جولەکانەی لەگەڵمان دێن ئەوا پشتیوانیو چاکەیان لەگەڵ دەکریو ستەمیان لێ ناکریو کەس زاڵ ناکرێ بەسەریاندا، ئاشتی باوەڕداران یەکە.... وه ئێوه لە هەر شتێکدا جیاوازیتان بۆ دروست بوو ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ خوای گەورەو بۆ موحەممەد ﷺ، وه جولەکەکان لەگەڵ باوەڕداراندا دەبەخشن تاوەکو جەنگاوەرن، وەئەوان لەگەڵ باوەڕداراندان، جولەکە ئایینی خۆیان هەیەو مسوڵمانانیش ئایینی خۆیان... دەبێ چاکە ئەنجام دریو خراپە نەکرێ... جولەکەو مسوڵمان هەریەکەیان بەخشینی خۆیان لەسەرەو دەبێ پشتگیری یەکتری بکەن لەگەڵ هەرکەسێکدا کە دژایەتی ئەم نوسراو (صحیفە)یە بکا.. هاریکاریو پشتگیری بۆستەم لێکراوە.. وه ئەگەر لە نێوان ئەوکەسانەی بەم نوسراوە ڕازین ڕووداوێ یا ناکۆکییەك ڕوویداو ترسی خراپتربوونی لێ دەکرا ئەوا گەڕانەوەی بۆ لای فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەبێ... (١)

ئەم نوسراوە دەستوری یە زۆرێك بنەمای دەستوری لەخۆ دەگرێ وەکو

---

(١) بە کورتی یەکی زۆر پوخت، سەیری سەرچاوەکانی پێشوو بکرێ، شێخی ئیسلام لە بارەی ئەم (صحیفە)یەوە لە (الصارم المسلول ل٦٤) دەفەرموێ (زانایان بەم نوسراوە ئاشنان ) وه بە بەڵگەوە دەیهێنێتەوە.

دەستنیشان کردنی ئەو هەرێمەی دەوڵەتەکـەی تێـدا بـەرپاکراوە کـە مەدینەی منەوەرەیە، وە دەست نیشانکردنی گەل‌و کۆمەڵ‌و هۆزەکانی، وە ڕێکخســتنی پەیوەنـدی نێـوان تـاك‌و کۆمەڵـەکانی، وە پەیوەنـدی هەمویان بەودەسەلاّتەی پێغەمبەری خوا ﷺ نوێنەرایەتی دەکا، ئـەو بریتیە لەو مەرجەعیەتەی خەڵکی مەدینە داوەری بـۆ دەبـەن تـاوەکو فەرمانڕەوایەتی لەنێوانیاندا بکا بەوپێیەی خوای گەورە دایبەزانـدووە، هەروەك خوای گـــــــەورە فەرمویەتی: ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ (المائدة: ٤٩) .

مەرجەعیەتی هەموو موسڵمانێ بە تەواوی دەستنیشـان کـراوە بـە پێی ناوەڕۆکی شاهێدیدان بەوەحدانیەتی خواو پەیامدارێتی موحەممەد ﷺ، بەلاّم لە مەدینەدا چەندین کۆمەڵی جولەکە هەن نـە باوەڕیـان بەکیتابەو نە بە سوننە، هەربۆیـە دەبـێ بەڵگەنامەیـەکی دەسـتوری دابنرێ کە ماف‌و ئەرکەکانی تێدا دیاری بکرێ‌و مەرجەعیەت بێ بـۆ کـاتی نـاکۆکی‌و جیـاوازی، تـاوەکو پابەنـدبون پێـوە لـە بـەرەنجامی گرێبەنـدی‌و ڕەزامەنـدی هـەردولا بێـت، بـۆ ئـەوەی زۆرلێکـردن یـا سەپاندنی تێدا نەبێت.

لـە دەسـت نیشـانکردنی مەرجەعیـەت‌و چەسـپاندنی بنـەمای مەشروعیەتی یاساییدا پاراستنی مـاف‌و ئازادییـەکان‌و دامرکانـدنی هەڵچـونەکانی دەسـەلاّت هەیـە بـۆ ئـەوەی مـەوداو سـەلاّحیتەکانی تێنەپـەڕێنێ، ملکەچـی‌و گوێڕایـەڵیکردنی پابەنـدە بـە یاسـای

شەریعەت، هــەروەك پێغەمبــەر ﷺ فەرمویــەتی: (گوێڕایــەڵی لــە بێفەرمانی خوادا نیە، گوێڕایەڵی لە چاکەکردنایە)[1] وە فەرمویەتی: (گوێڕایەڵی مەخلوق ناکرێ لە بێفەرمانی خوادا).[2]

بەم شێوەیە فەرمان ڕەوا سەلاحیاتو دەسەلاتی لەدەست دەدا ئەگەر پێچەوانەی حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی بوو —کە دەستوری بالاّیە لــە دەوڵەتی ئیسلامیدا- خەلیفەکانی ڕاشــدینو هــەموو مســوڵمانانیش ئەمەیان زانیوە، ئەبوبەکری صدیق لە یەکەم وتاریو لەپاش بەیعــەت فــەرمووی: (گوێڕایــەڵیم بکــەن تــا ئەوکاتــەی گوێڕایــەڵی خــواو پێغەمبەرەکەی دەکــەم، ئەگــەر بێفــەرمانیم کــرد ئــەوا گوێڕایــەڵیم پێویست نیە لەسەرتان)، هاوەڵان (خوایان لــێ ڕازی بێت) بەیعــەتیان بەخەلیفەکان دەدا لەسەر کارکردن بە کیتــابو ســوننەو پابەنــدبوون پێیانەوە، هەروەك لە بەیعەت پێدانی عوسماندا باسمان کرد.[3]

پاش ئەوەی موسڵمانان کۆبونەوەو بەیعەتیان دا بــە عەبدولمــەلیکی کوڕی مەڕوان، عەبدوڵلاّی کوڕی عومەر نوسی: (مــن دان دەنــێم بــە گوێبیســتیو گوێڕایــەڵیکردنی بەنــدەی خــوا: عبــدالملك، ئــەمیری

---

(١) صـحیح البخـاری، هـەروەك لـە فـتح ( ١٢٢/١٣) ف (٧١٤٥)دا هـاتووە، وە مسـلم ١٤٦٩/٣، ف (١٨٤٠) هاتووە.

(٢) ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە (٦/٥ – ٦٦) بە سەنەدێکی سەحیح.

(٣) سەیری (صحیح)ی بوخاری لەگەڵ فتح بکە (١٩٤/١٣)، ف (٧٢٠٧).

باوەڕداران لەسەر سوننەتی خواو پێغەمبەرەکەی بە پێی توانام).[(١)]

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (گوێبیستو گوێڕایەڵ بن، هەرچەندە بەندەیەکی حەبەشیش بکەنە فەرماندەتان)[(٢)] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (گوێبیستیو گوێڕایەڵی بکەن تا ئەوکاتەی کیتابی خوا پیادە دەکا لە نێوانتاندا).[(٣)]

سوننەتی پێغەمبەر گوێڕایەڵی دەسەڵاتداری پابەند کردووە بە سێ مەرجو کۆتەوە: -

١/ کۆتی یەکەم: بەرپاکردنی نوێژ کە کۆڵەکەو دروشمی ئایینە، جا کاتێ فەرمان ڕەوا وازی لەنوێژ هێناو بانگەشەی نەکرد بۆکردنو بەرپاکردنی، ئەوا گوێڕایەڵی بۆکردنی نامێنێو مەشروعیەتی بەردەوام بوونی لە دەسەڵاتدا لەدەست دەدا، لەبەر فەرمودەی: (خراپترینی ئیمامەکانتان ئەوانەن ڕقتان لێیانەو ڕقیان لێتانە، نەفرینیان لێدەکەنو نەفرینتان لێدەکەن) وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئایا بەشیر توریان دەین؟ فەرمووی: (نەخێر، تا ئەوکاتەی نوێژتان لەنێودا دەکەن،[(٤)] کاتێ وازهێنرا لە نوێژ، جا ئیتر بوترێ وازهێنانی نوێژ کوفرە یاخود بوترێ فیسقە جیاوازی نیە.

(١) صحیح البخاری بە (فتح)ەوە ١٢١/١٣، ف (٧١٤٢) .
(٢) صحیح البخاری بە (فتح)ەوە ١٢١/١٣، ف (٧١٤٢)، مسلم ١٤٦٨/٣، ف (١٨٣٨).
(٣) رواه أحمد ٤٠٢/٦، حمیدی، ف ژمارە(٣٥٩)، (ترمذي) ف ژمارە (١٧٠٦) بە سەنەدێکی سەحیح کە لە (صحیح مسلم) ف ژمارە ١٨٣٠ فەرمودەیەکی وا هەیە.
(٤) صحیح مسلم، ف ژمارە ١٨٥٥.

٢/ کۆتی دووەم: بەرپاکردنی کیتابو فـەرمان ڕەوایـەتی پـێ‌کردنی، لەبەر فەرمودەی: (اسمعوا وأطیعوا ولـو عبـد حبشي مـا أقـام فیکم کتاب الله)،[١] مەشروعیەتو مافی گوێڕایەڵی دەسەڵاتی کۆتبەند کردووە بەوەی تاوەکو فەرمانڕەوایی بە شـەریعەت بکـا، جا ئەگەر لەکاری خست ئـەوا مەشـروعیەتی بـەردەوام بـوونی لەدەســـت دەدا، جــائیتر وەك یەکـــە بـــوترێ لەکارخســـتنی فەرمانڕەوایـەتی بـە کیتـاب کـوفرە، یـاخود بـوترێ فیسـقو گوناهبارییە.

٣/ کۆتبەندی سێیەم: - دەرنەکەوتنی کوفری ئاشکرا لە دەســەڵاتەوە کە پێکدادان لەگەڵ شەریعەت دا بکا، لەبەر ئـەو فەرمودەیـەی دەفەرموێ: (کێبەرکێ لەگەڵ کاربەدەستاندا نەکەین سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتییەکەیان، مەگەر کوفرێکی ئاشکرایان لـێ‌ببینین، کە لە لایەن خواوە بەڵگەو بورهانمـان لەسـەری هـەبێ — وإن لا ننازع الأمر اهله إلا أن تروا کفـراً بواحـاً عنـدکم مـن الله فیـه برهان)،[٢] واتـە ئەگـەر وابـوون ئـەوا لەوکاتـەدا نـاکۆك بـن لەگەڵیانو فەرمان ڕەوایەتییەکەیان لەدەست دەربکـەن، جـائیتر دەرکەوتنی کوفرەکە بە حەڵاڵ زانین بێ یا بە پێچەوانەوە بێ، بەم شێوەیە شەریعەتی ئیسلامی‌دانی ناوە بە مافی ئوممەت لە چاودێری

---

(١) سەیری پێشووتر بکە.

(٢) صحیح مسلم ژمارە (١٧٠٩) و صحیح الخاری ژمارە (٧٠٥٦).

کردنی دەسەڵات، وە مـــافی ئـــەوەی پـــێدراوە بـــەرگری لەولادانـــە بکات کە لە دەستوری دەوڵەتو سستمە گشتییەکەیدا ڕوودەدت، جا ئەگەر دەسەڵات بناغە گشتییە قەتعییەکانی پاراست، ئەوەش لەڕێی پیادەکردنی دروشمەکانی ئیسلامو پایە دیارەکانیو فەرمان ڕەوایەتی کرد بە کیتابو یاساکانی ناویو کـوفرێکی ئاشـکرای لـێ نەکەوتەوە، ئەوا پێویستە بەچاکی گوێڕایەڵی بکرێ لەشـتە باشەکاندا وەلەوشتانەی بێفەرمانی خوای تێـدا نیـە، تەنانـەت ئەگەر ئیمامیش بـەهۆی سـتەمێکەوە یـا کەمتەرخەمییەکـەوە سنوری دادگەریشی بەزاند، ئەگەر ستەمەکەی گەیشتە تاکەکان ئەوا خوای گەورە مافی بەرگری دەسـت درێژییـەکانی دەسـەڵاتی پێبەخشیون، بەوەی بەرگری بکەن لەخوێنو نامووسو سەروەتو سامانیان.

هـــاوەڵانیش ﵃ ئـــەم بناغەیـــەیان دەزانـــی، ئـــەویش بنـــەمای مەشروعیەتی بڕیارەکانی ئیمامە، وە ئەو بڕیارانە دەبێ دروسـت بـنو دژایەتی کیتابو سوننە نەبن، ئەگینا بەهاکەی وون دەکـاو پێویسـتە پەسـەند نـەکرێو جێبـەجێ نـەبێ، چـونکە گوێڕایـەڵی لـەکارە چاکەکاندایە، هەرئەم هۆیەش بوو وایکرد لە تەڵحەو زوبەیرو عائیشە ﵅ پێچەوانەی خەلیفەی ڕاشد عەلی کوڕی ئەبو تالیـب بکـەنو لـە فەرمانی دەربچن، لەبەر ئەوەی وایان دەبینـی وازهێنـان لـە بکـوژانی عوسمان ﵁ حەرامە، وە ئەم واجبەش دەبێ بـەرپا بکـرێ، جـا ئەگـەر

ئیمام نەیتوانی ئەنجامیدا ئـەوا ئەرکەکـە دەگەڕێتـەوە سـەر ئوممـەت بەوپێیەی حوکمە شەرعییەکان لە سەرەتادا ئاراستەی ئوممەت دەکرێ، ئیمامیش بەپێی گرێبەسـتی بەیعـەت وەك بریکـارێ هەڵدەسـێ بـە ئەنجامدانی ئەم حوکمانە.

ئەو هاوەڵانە وایان دەبینی کە نابـێ گوێڕایـەڵی ئیمـام بکـرێ لـە دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارو حوکمەکانی خـوای گـەورەدا، هـەر بۆیە دەست پێشخەرییان کرد بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها هەستکردن بوو بەم بنەمایە کە پاڵی نا بە عەبدوڵلای کوڕی عومەرو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسو چەندانی تر لە هاوەڵان ئەوانەی خۆیان بەدوور گرت لە فیتنەو لەعەلیش خۆیان کـەنارگرتو گوێڕایەڵییان نەکرد کاتێ کە فـەرمانی پێـدان لەگـەڵی دەرچـن بـۆ جەنگ کردن لەگەڵ تەڵحەو زوبەیر، چـونکە دیـدو بۆچـونیان وابـوو گوێڕایەڵیکردن تەنها لە چـەکەکردن دا دەبـێ، ئـەو جەنگـەش ڕووی ڕەوایەتی بەدەرنەکەوتووە، بەڵکو بـە بۆچـونی ئـەوان ئەمـە جـەنگی فیتنـەو شـوبهەو گومانـە، هەربۆیـە ڕەوا نیـە ئیمـام – هەرچـەندە هاوێنەی عەلی کوڕی ئـەبو تـالیبیش بـێ لـە زانسـتو خۆپـارێزیو ئیجتیهـاددا– خـەڵکی پابەنـدکا بـە گوێڕایـەڵیکردنی خۆیـەوە لـە شتێکدا کە چاکە نیە.(١) تـەنها ئەوانـە لەگـەڵی جـەنگان کـەوایان

---

(١) سەیری (فتح الباری) ٣١/١٣، ٣٣-٣٤ و ٤٧ بکە.

دەبینی لەسەر ڕەوایـەو ئـەوەی فـەرمانی پێـدەکا بەشـێکە لەچـاکە، هەربۆیە عەلی ﵁ ناچار بوو وازیان لـێ بهێنێو پابەندیان نـەکا بـە بیروبۆچونەکانی خۆیەوە.

هەموو ئەمانە تەئکید لەسەر چەسپاوی مەشـروعیەت دەکەنـەوە، کە بریتیە لەوەی فەرمانەکانی دەسەڵات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەبـێ پێچەوانەو دژ نەبی لەگەڵ یاساو دەستوری بەرزو باڵادا، کە بریتیە لـە کیتابو سوننەت کە هەریەکە لە ئوممەتو ئیمـام وەکویـەك ملکـەچ دەبن بۆیو لەکاتی جیاوازیو ناکۆکیدا بۆی دەگەڕێنـەوە، گوێڕایـەڵی دەسەڵات پێویستە ئەگـەر فەرمانیـدا بـە ڕەواو دادگـەری یـا چـاکەو بەرژەوەندی، مافی گوێڕایەڵیش لەدەسـت دەدا ئەگـەر فەرمانیـدا بـە ستەمو ناڕەوا یا زیانو خراپەکاری.

هەربۆیە ئەبوبەکر لە یەکەم وتاریدا فەرمووی (ئەگەر خراپم کـرد ڕاستم بکەنەوە) عومەریش فەرمووی: (خـەڵکی بێتوانـا نـین لـەوەدا یەکێك لە خۆیان بکەنە کاربەدەست، جـا ئەگـەر ڕێـكو ڕاسـت بـوو شوێنی بکەون، ئەگەریش لایدا بیکوژن، تەڵحە فەرمووی: چیە ئەگەر بڵێی: ئەگەر لاربوو لەکاری بخەن؟ عومەر فەرمووی: نەء، کوشتن جێ پەندە بۆ دوای خۆی؟) [1] ئەشعەس بـەخۆیی‌و کۆمـەڵێك لەخـەڵکی کوفەوە هاتنـەلای عومـەرو داوایـان لێکـرد سـەعدی کـوڕی ئـەبی

---

(١) ابن جرير الطبري (٢/٥٧٢) لە فەرمودەی موسای کوڕی عوقبەی مێژوونوسەوە لە عومەرەوە بە(مرسل)ی.

وەقاسیان بۆ لابەرێ کە ئـەمیری کوفـەو پاڵـەوانی قادسـیەو خـاڵۆی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، عومەریش بەپێی ویسـتو حـەزی ئـەوان لەکار لایبـرد.

سەرەڕای متمانە بونیشـی بـە سـەعد، پاشـان عومـەر پرسـیاری لێکردنو ووتی: ئەگەر ئیمامەکەتان ستەمی کردو مافەکانتانی زەوت کردو بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردن چی لەگـەڵ دەکـەن؟ ووتیـان: ئەگەر زۆرداریيەکمان لێبینی خۆ ڕادەگرین؟ عومەر فەرمووی: نە بەو خوایەی هیچ پەرستراوێکی تری نیە، نابنە شاهێد لەسەر زەویدا تاوەکو واتان لـێ نەیەت ڕایان بگرن چۆن ڕاتـان دەگـرنو لـە پێنـاوی ڕەوادا لێیان دەدەن وەکو چۆن ئەوان لێتان دەدەن ئەگەرنا نابێت).[1]

هەروەها دەسەڵات مەشـروعیەتی بـوونو بـەردەوامێتی لەدەسـت دەدات ئەگەر بیـەوێ حوکمـەکانی دەسـتوری دەوڵـەت کـە کیتـابو سـوننەیە لـەکاربخا، ئـا لەوکاتـەدا پێویسـتە لـە دژی ڕاپـەڕیو لـە فەرمانی دەرچی، ئەوەبوو هاوەڵان پەیمانیان دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەك لە فەرمودەی سەحیح دا هاتووە: (ألا ننازع الأمر أهله إلاّ أن تروا كفراً بواحاً عندكم من الله فيه برهـان)[2] وە لەسـەر ئـەوەی لـە

(١) ابن شبة (٣/٨١٦) بە سەنەدێکی (جيد) بە پێی مەرجی بوخاری تا دەگاتە هارون ی کوڕی عەبدوڵلای حـەزرەمی، کەلـە (ثقات)ی (ابن حبـان)دا هەیـە- لـە (عفیـف بـن معديكرب) کە بە (هاوەڵ) ژمێردراوە هەروەك لە (الإصابة)دا هاتووە.

(٢) البخاری بە(فتح)ەوە (١٣/٥)، ف ژمارە (٧٠٥٦) ومسلم ٣/١٤٧٠ ف ژمارە (١٧٠٩).

هەرکوێیەك بوون قسەی ڕەوا بڵێن یابەکاری ڕەوا هەستن و لـە پێنـاوی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن ((علی أن نقول (أو نقوم) بـالحق أینما کنّا، لا نخاف في الله لومة لائم)).[1]

ئەم فەرمودەیە سێ بنەمای سیاسی سەرەکی لەخۆدەگرێ: -

١/ پێویستە گوێڕایەڵی دەسەڵات بکـرێ تائەوکاتـەی بەئەرکـەکانی خۆی هەڵدەسێ و لەوڕووەوە کێبەرکێی لەگەڵدانەکرێ.

٢/ مافی ئومەتە لایبەرێ و لە دژی دەرچێ ئەگەر سنوری (مـا أنـزل الله)ی بەزانـد، وە کـوفری ئاشـکرای دەرخسـت کـە بریتیـە لـە سـەرپێچی ئاشـکرا وەك لـە هەنـدێ گێڕانـەوەدا هـاتووە،[2] نەوەوی فەرمویـەتی: (مەبەسـت لـە کـوفر لێـرەدا تاوانکـاریو سەرپێچیە)،[3] ئەمە ئەگەر ڕەخساو خراپەکاری لـێ نەکەوتـەوە، (داودی) فەرمویـەتی: (ڕای زانایـان سـەبارەت بـە فەرمانـدە ستەمکارەکان ئەوەیـە کـە ئەگـەر تـوانرا لابـبرێ بـەبێ ئـاژاوەو ستەمکاری ئەوا پێویستە، ئەگینا خۆڕاگری پێویستە).[4]

بەڵام ئەگەر ئیمام کوفری کردو بێباوەڕبوو، یـاخود شـەریعەتی لەکارخست ئەوا بەکۆڕا پێویستە لە دژی دەرچن، (قاضي عیاض)

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەیری (فتح الباری) بکە ٨/١٣.

(٣) شرح مسلم ٢٢٩/١٢.

(٤) فتح الباری ٨/١٣.

فەرمویەتی: (زانایان کۆن لەسەر ئـەوەی کـە ئەگـەر کـوفرێکی بەسەر داهات یا شەرعی گۆڕی یابیدعەکاری دەکرد ئـەوا مـافی سەرپەرشـتیێتیو کاربەدەسـتیێتیو گوێڕایـەڵی لەدەسـت دەداتو پێویستە لەسەر مسوڵمانان لە دژی ڕاپەڕنو لەکاری بخەن ئەگـەر توانیان ئیمامێکـــی دادگەر دابنێن، ئەگەر ئـەوە بـەدی نـەهات تەنها بۆ کۆمەڵێکیان نەبێ ئـەوا پێویسـتە لەسـەریان کافرەکـە لابـــەن). [1]

ئیبنوحەجەر فەرمویەتی: (ئەگەر بێباوەڕبوو بە کۆڕا لادەبـرێو پێویستە لەسەر هەموو مسوڵمانێ بەوکارە هەستێ). [2]

٣/ بنەمای ئازادی بیروڕاو مافی دەربڕین (وأن نقول الحق أينمـا كنـا) ڕاستو ڕەوا بڵێین لە هەرکوێیەك بووین، بێئەوەی ترسو بـیم لـە دەسەڵات هەبێ، حەرامیشە لەسەر دەسەڵات مافی بیروڕا دەربـڕین زەوت بکا.

ئـەم بەیعەتـەش لەشـەوی عەقەبـەدابوو لـە مەککـەو لـە پـێش کۆچـکردنی پێغەمبـەر ﷺ، ئـەو گـرێ بەسـتەش بریتیـە لـەو بەڵگەنامەیەی کە لەسەر بناغەی ئەو دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەدا دەمەزرا، کە ئەمەش تەئکیدە لەسەر ئەوەی ئەو بەیعەتە لـە پێنـاوی

---

(١) (شـرح مسـلم)ی نـەوەوی ٢٢٩/١٢ کـە ووتـەی (أو بدعـە)ی بـە ( بیدعـەی کافرکـەر لێکداوەتەوە).

(٢) فتح الباری ١٢٣/٣.

بەرپاکردنی ئایینو دەوڵەت دا بووە پێکەوە، تیاشیدا گرنگترین مـــافو ئەرکە بنەڕەتییەکان دەست نیشان کرا.

(عوبـــادە) ی کـــوڕی (صـــامت) لـــە شـــام دا ئـــەم فەرمودەیـــەی دەگێڕایەوەو بە ئاشکراش هەندێ ڕەفتاری موعاویەی و بە خراپ دادەنا، ئەم فەرمودەی بەیعەتەشی بە بەڵگە دەهێنایەوە، موعاویەش نوسراوی بۆ عوسمان کردوو تیایدا نوسی: (لەڕاستیدا عوبادەی کـــوڕی صـــامت شامو خەڵکی شامی لـێ تێکدام) کاتێك عوبادە هات بۆ لای عوسمان پێی فەرموو: گوێم لە پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ بـــوو دەیفـــەرموو: (إنـــه سيلي أموركم بعدي رجال يعرفونكم ما تنكرون، وينكرون عليكم مـــا تعرفون، فلا طاعة لمن عصى الله تبارك وتعالى، فلا تعتلوا بربكم).[1]

واتە: (لە دوای من کەسانێك کاروبارتان دەگرنە دەست شتانێك بەباش دەزانن کە ئێوە بە خراپی دەزانن، هەندێ شتان لـێدەکەن بە خراپ کە بە چاکتان زانیوە، گوێڕایەڵی بۆ کەسانێك نیە کـــە بێفـــەرمانی خـــوا دەکەن، کەواتە (خۆتان تاوانبار مەکەنو گوێڕایەڵیان مەبن).[2]

(١) مسند احمد (٣٢٩/٥،٣٢٥)، وە حاکم (٣٥٦/٣–٣٥٧) لـە چـەند ڕێگەیەکـەوە بـە کورتیو بە (صحیح)ی داناوە، سەیری (تهذیب ابن عساکر ٢١٤/٧–٢١٦) و ئەلبانی بـە (صـحیح)ی دانـاوە ژمـارە (٥٩٠)، ئیبنو ئـەبو شـەیبە لـە (المصنف ٥٢٦/٧)دا (حـاکم)یش بـە پێـی مـەرجی بوخـاریو موسـلم بـە (صـحیح)ی دانـاوە ٣٥٧/٣ لـە عوبادەوە بە دەربڕینی: (ستكون عليكم أمراء يأمرونكم بما تعرفون ويعملون ما تنكرون، فليس لأولئك عليكم طاعة).

(٢) (ابن أبو شيبه)و (طبراني) گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی بە (صحیح)ی داناوە،هەروەك لـە (الجامع ژمارە ٣٦٦١)دا هاتووە.

(ابن عبــاس) فەرمویــەتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرمویــەتی: (سیكون أمراء تعرفون وتنكرون، فمن نابذهم نجا، ومن اعتزلهم سلم، ومن خالطهم هلك). [1] لەمەولا چەندین ئەمیرتان دەبێ هەندێ شتیان بە باش دەزانن‌و هەندێ شتیش بــە خــراپ، هەرکەســێ بەرهەڵســتیان بکات ڕزگاری دەبێت، هەرکەسەش خۆی کەنار بگرێ لێیان سەلامەت‌و پارێزراو دەبێــت، هەرکەســێکیش تێکــەڵیان بــێ تیادەچــێ) ووشــەی (المنابذة) لە فەرمودەکەدا بەرگری‌و ڕووبەڕووبونەوەی لادانەکانە.

هاوەڵان ﷺ ڕووبەڕووی لادان‌و ناڕێکی دەبونەوە ئەگەر لە خەلیفــەو ئەمیرەکانیشەوە بوایە، هەندێکیان ئینکاری بە دانیشــتنەوە وتــاردانی مەڕوانی کوڕی حەکــەمیان کــرد، ئەبوســەعیدی خــودری فــەرمووی: ئەمە (ئەو پیاوەی ئینکاری کرد لە مەڕوان) ئەرکی سەرشــانی خــۆی جێبەجێ‌کرد، لە پێغەمبەری خوا ﷺم بیســتووە فەرمویــەتی: (مــن رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يســتطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان). [2] نەوەوی لــە شــرۆڤەو شــەرحی ئــەم فەرمودەیەدا دەڵێ: (کیتاب‌و سوننەو کۆڕای ئوممەت پێکەوە واجبێتی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستیکردنی خراپــە دەســەلمێنن، ئەمــەش بــە هەمان شێوە بەشێکە لەو ئامۆژگاری (نصیحە)یەی لە ئایین دا هەیە، زانایان فەرمویانە: فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خەراپە تایبــەت

---

(١) مسلم گێڕاویەتی یەوە ١/٦٩ ف ژمارە ٤٩٥.

(٢) موسلیم گێڕاویەتی یەوە ١/٦٩ ف ژمارە ٤٩.

نیە بە کاربەدەستان، بەڵکو ئەوە بۆ تاکەتاکەی مسوڵمانان دروستە، ئیمامی حەرەمەین فەرمویەتی: بەڵگەش کۆڕای مسوڵمانانە، چونکە جگە لە کاربەدەستانیش لە سەرەتای ئیسلامو چاخی دواتریش فەرمانیان بەچاکە دەکردو بەرهەڵستی خراپەیان دەکرد، مسوڵمانانیش دانیان بەکارەکانیاندا دەنا بێئەوەی کاربەدەست بو بێتن).[1]

ئیبنو مەسعودیش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (هەر پێغەمبەرێك خوا ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی ئەوا لە ئومەتەکەیدا حەواری و هاوەڵی هەبووە، کە دەستیان بە سوننەتەکەیەوە گرتووەو شوێنی فەرمانەکانی کەوتوون، پاشان کەسانێك دواتر دێن ئەوەی دەیڵێن نایکەن وەشتانێك دەکەن کە فەرمانیان پێنەکراوە، هەرکەسێ بەدەستی جیهادیان بکات باوەڕدارە، هەرکەسی بەزمانی جیهادیان بکات باوەڕدارە، هەرکەسێ بەدڵی جیهادیان بکات باوەڕدارە، لە دوای ئەوەوە هێندەی تۆوی خەرتەلەیەك باوەڕی نیە)،[2] لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ئەمیرە دووایینەکان کەسانێکن ئەوەی دەیڵێن نایکەن، وەئەوەی دەیکەن فەرمانیان پێنەکراوە)،[3] ئیبنو ڕەجەبی حەنبەلی فەرمویەتی: (ئەمە بەڵگەیە لەسەر

---

(١) شرح النووی علی المسلم ٢/٢٢ – ٢٣.

(٢) مسلم ١/٧٠ ف ژمارە ٥٠.

(٣) مسند أحمد ١/٤٦٢ بە سەنەدێکی سەحیح بە پێی مەرجی موسلم.

جیهادکردنی فەرماندەکان بەدەست – ئەحمەد ئەم فەرمودەیەی بەتەواو دانەناوە.... وەلأمیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە گۆڕانکـاری بەدەسـت جـەنگ ناخوازێ، هەروەها ئەحمـەدیش دەقـی هەیـە لەبارەیـەوە فەرمویـەتی: (گـۆڕان بەدەسـت نـەك بـە شـیرو چـەك، ئـا لەوکاتـەدا جیهـادی فەرماندەکان بەدەستە.... بریتیە لەوەی بەدەستی ئـەو سـتەمانە پـوچ بکاتەوە کە فـەرمانی پێدەکـەن ئەگـەر توانـای هـەبوو لەسـەرئەوە، هەموو ئەوانە دروستە، بەڵام ئەمە لەڕووی شەڕکردنەوە نیە لەدژیان‌و دەرچوون لێیان). [1]

شێخ عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەدی کوڕی عەبـدولوهاب سـەبارەت بەڕونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە فەرمویەتی: (ئەهلی سوننە‌و جەماعە لەم مەسەلەیەدا جیاوازیان تێدایە هـەروەك لای ئالوبـەیتیش هەیـە، هەندێ لە ئەهلی سوننە کە هـاوەڵان‌و دواتریشـی تێدایـە هاوڕێنـەی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس‌و ئوسامەی کوڕی زەیدو موحەمەدی کوڕی مەسلەمەو عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵃ و جگە لـەوانیش، هـەروەها ئەمە قسەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و کۆمەڵێك لە زانایانی فـەرمودە ناسیشە، کەفەرمویانە: (کە فەرمان بەچاکەو نەهی کردن لە خەراپـە بە زمان دەکرێ ئەگەر توانرا، ئەگینا تەنها بە دڵە، وەنابێ بەدەسـت‌و ڕاکێشانی شیرو دەرچون بـێ دژ بـە ئیمامـەکان، ئەگەرچـی ئیمـامی

---

(١) جامع العلوم الحكم لا ٣٢١.

زۆرداریش بن.

لەلایەکی تـرەوە کۆمــەڵێك لــە هــاوەڵان ﷺ وە لــەپاش ئــەوانیش هەندێك لــە تــابعین‌و پێشــەوایانی دوای ئــەوان بۆچــونیان وایــە کــە شیرهەڵکێشان لە فەرمان بەچاکەو نەهی کردن لە خراپــەدا پێویســتە ئەگەر خراپەکە تەنها لادەبرا، ئەمە گوتەی عەلی کــوڕی ئــەبوتالیب‌و هەموو ئەو هاوەڵانەیە ﷺ کە لەگــەڵی بــوون وەکــو عــەمماری کــوڕی یاسرو عەبدوڵلای کوڕی عــەبباس‌و ئــەبو ســەعیدی خــودری‌و جگــە لەوانیش، وە ئەمە ووتــەی دایکــی بــاوەڕداران‌و ئــەو هاوەڵانەشــە کــە لەگەڵیدا بوون وەکو عەمری کوڕی عــاص‌و نوعمــانی کــوڕی بەشــیرو ئەبو عادیەی سولەمی‌و جگەلەوانیش، وەگوتەو بۆچــونی عەبــدوڵلای کوڕی زوبەیرو حوســەینی کــوڕی عــەلی یــە، وەقســەی هــەموو ئــەو کەسانەشە کە ڕاپەڕین دژ بە حەجاجی فاســق، لەوانــە عەبــدوڕەحمانی کوڕی ئەبولەیلاو سەعیدی کوڕی جوبەیر، ئەبو بوختــەری (طــائي) و (عطا)ی سولەمی‌و حەسەنی (بصری)و شــەعبی و هەنــدێ لەوانــەی بەدوایاندا هاتن، هاوێنەی خواناسی خاوەن فــەزڵ عەبــدوڵلای کــوڕی عبدولعەزیزی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عومەرو عوبەیــدوڵلای کــوڕی حەفسی کوڕی عاسم وە هەموو ئەوانــەی لەگــەڵ موحەممــەدی کــوڕی عەبدوڵلای کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالب دا دەرچــوون بە هاوڕێیەتی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵلای برایــی‌و هەشــیمی کــوڕی

بەشیــرو وەڕاقو جگەلەوانیش).[1]

هەروەها لە فەرمودەدا هاتووە: (ستكون أمراء فتعرفون وتنكـرون، فمن عرف برئ، ومن أنكر سلم، ولكن من رضي وتـابع) قـالوا: أفـلا نقاتلهم؟ قال: (لا، ما صلوا)،[2] لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: (خير أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونكم، وتصلون علـيهم، ويصـلون علـيكم، وشرار أئمتكم الذين تبغضونهم ويبغضونكم، وتلعنـونهم ويلعنـونكم، قالوا: أفلا ننابذهم السيف يا رسـول الله؟ قـال ﷺ : لا مـا أقـاموا فيكم الصلاة)،[3] باشترینی پێشەواکانتان ئەوانەن خۆشـتان دەوێـنو خۆشتانیان دەوێن، بۆیـان دەپاڕێنـەوەو بۆتـان دەپاڕێنـەوە، خراپترینـی پێشەواکانتان ئەوانەن کە ڕقتان لێیانـەوە ڕقیـان لێتانـە، نـەفرینیان لـێدەکەنو نەفرینتان لێدەکەن، فەرمویان ئایا بەشیر دەریان پـەڕێنین ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟ فـەرمووی نـەخێر تـاوەکو ئەوکاتـەی نوێـژ لەناوتاندا دەکەن) .

هەموو ئەم دەقانە تەئکیـد دەکەنـەوە لەسـەر مـافی ئوممـەت لـە لابردنی ئیمامو ڕوبەڕووبونەوەی لادانی دەسەڵات ئەگەر بەهێزیش بووە، ئەگەر لادانەکەی گەیشتە ڕادەی لەکارخستنی دروشمـەکانی ئیسـلامو حوکمە فەرزەکان، (عیاض) کـۆڕای بـاس کـردووە لەسـەر پێویسـتی

---

(١) جواب أهل السنة ل (٧٠ – ٧١).

(٢) رواه مسلم (٣/١٤٨٠)ف (١٨٥٤) لە فەرمودەی ئومو سەلەمە (خوا لـێی ڕازی بێ).

(٣) صحيح مسلم ١٤٨١/٣، ف (١٨٥٥) لە فەرمودەی عەوفی کوڕی مالیکەوە.

لابردنی فەرمان ڕەوا ئەگەر شەرعو ئاینی گۆڕی یا کـافربوو،[1](ابـن حزم) یش فەرمویەتی: (گوێڕایەڵیکردنی ئیمام واجبە تائەو کاتەی بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی سەرکردایەتیمان دەکات، ئەگەر لایدا لە شتێکی نێو کیتابو سـوننەت ڕێگـری لـێدەکریێ، حـەددو حەقی بەسەردا پیادە دەکـرێ، ئەگـەر ئـازارو ئەزێتـەکانی تـەنها بـە لابردنی بەدی دەهات ئەوا لادەبرێو کەسی تر دەخرێتە جێی) .

هەروەها فەرمویەتی: (واجب وایە ئەگەر شتێك لە زۆرداریو ناوادادی ڕویدا هەرچەندە کەمیش بێ لەوبارەیەوە قسـە لەگـەڵ ئیمـام بکـرێو ڕێگری ئەو کارەی لێبکرێ، ئەگەر خـۆی گـرتو گەڕایـەوە بـۆ دواوەو ملکەچی دەربڕی بۆ تۆڵە دانەوەی ئەو ئازارانـەی بـە پێسـتو لاشـەی خەڵکی گەیاندووە یاخود ئامـادەبوو حـەددی زینـاو تۆمـەتبارکردنو عەرەق خۆری بەسەردا جێبەجێ بکرێ ئـەوا بـواری لابردنـی نیـە، وە ئیمامەو دروست نیە لەکار لابرێ، ئەگەر ئامـادە نـەبوو شـتێك لـەم واجبانە جێبەجێ بکرێ بەسەریداو بەخۆدا نەچووەوە، پێویستە لابرێو کەسێکی تر لە جێی دابنرێ کە ڕەوا جێبەجێ بکات).[2]

(عبدالقاهر)ی (بغدادی) وتویەتی: (هەرکاتێ کاروبـاری دیـاری ئیمام بە پێی شـەریعەت بـوو، ئـەوا کاروبارەکـانی لـە ئیمامـەت دا ڕێکخراوە، وەهەرکاتێ لەوەلایدا ئەوا ئوممەت پێوەرە بەسەریەوە بۆئەوەی

---

(١) النووي شرح مسلم، (٢٢٩/١٢).

(٢) الفصل في الملل والنحل (١٧٦/٤).

له هەڵەکەی ڕاستی کەنەوە، یاخود بیخەنە سەر ڕێگەیەکی تـر، ڕێو شوێنی ئوممەت لەگەڵ ئـەودا وەکـو ئـەو ڕێو شـوێنەیە کـە خەلیفـە لەگەڵ بریکارو قازیو کاربەدەستو فەرمانبەرەکانیـدا هەیـەتی، جـا ئەگەر ئەمانە لە سوننەت لایاندا ئەوا یان دادگەریان پێ ئـەنجام دەدا یاخود کاری پێیان نامێنیو دەیانگۆڕێ)، [(١)] واتە ئوممەت لە سـەرووی ئیمامەوەیـــە هـــەروەکو چـــۆن ئیمـــام لـــە ســـەرووی وەزیـــرو کاربەدەستەکانیەوەیە، بۆی هەیە ئەگەر ئیمام لایدا بیگەڕێنێتەوە بـۆ هەقو ڕەوا یاخود پێویستی پێی نەمێنیو لەکاری بخـاتو کەسـی تـر هەڵبژێردرێت هەروەك چۆن ئەو وادەکات لەگەڵ ژێردەستەکانیدا.

بـــەم شـــێوەیە ئیســـلام بنـــەمای مەشـــروعیەت دەچەســـپێنێ، مەشروعیەتیش بریتیە لەوەی کـە هەڵسوکەوتـەکانی دەسـەڵات لـە سنورەکانی شەریعەتو یاسای دەوڵەت دابنو لەسـەر ئـەو بناغەیـەو پابەندبوون پێیەوە ئوممەت گرێبەستی (بەیعەت) ئـەنجام دەدا لەگـەڵ ئیمام دا، جا ئەگەر لە (قطعیات)ی ئەو پەیمانە لایدا ئـەوا پێویسـتە لەسەر هەموو ئوممەت بە بەرپرسیارێتی خۆی هەسـتێو دژ بـە ئیمـام ڕاپەڕێو لاییباتو ئیمامێکی دادگەر لە شوێنی دانـێ، کـە ئەمـەش تەئکیدە لەسەر ئەوەی کە ئوممەت بریتیە لەسەر چاوەی دەسـەڵات، وە هەر ئەو ئەسڵەو ئیمامیش بریکاری ئوممەتە.

---

(١) أصول الدين ل (١٧٨).

تەواوی هەڵوێستەکانی هاوەڵان لەقۆناغی یەکەمدا تەئکید لەسەر ڕوونیو چەسپاوی ئەم بنەمایە دەکەنەوە، هەربۆیە هاوەڵان ڕێگرییـان نەدەکرد لەخەڵکی ئـەو وولاتانـەی هـاتبوون بـۆلای عوسمـان ﵁ بـۆ گفتوگۆو مشتومڕ لەگەڵ کردنیو ڕەخنە گرتن لەو لادانـەی ئـەمیری هەرێمەکان تێی کەوتبوون، چونکە ئەمەیان بەمافی ئەوان دەزانی.

هەروەها هەر ئەم بنەمایەش بـوو پـاڵی نـا بـە تەڵحـەو زوبـەیرو عائشـــەوە ﵁ بـــۆ سەرپێچـــیکردنی عـــەلی ﵁ و دەرچـــوون لـــە گوێڕایـــەڵیکردنی، چـــونکە ڕایـــان وابـــوو کوشـــتنی عوسمـــان ﵁ خراپەیەکەو پێویستە تۆڵەی بۆبسێنرێ لەوکەسانەی پێی هەستاون.[1]

هۆکاری ڕاپەڕینو دەرچوونی حوسەینی کوڕی عەلی ﵁ ش لەگـەڵ خەڵکی عیراقدا بە پێی هەمان بنەما ڕاڤەدەکرێ، دەرچوونی خـەڵکی مەدینە کە زۆربـەیان کـوڕی هـاوەڵان بـوون لـە ڕووداوی (الحـره) داو ڕاپەڕینی عەبدوڵڵای کـوڕی زوبـەیرو خـەڵکی لەگوێڕایـەڵی کردنـی یەزیدو لەکارلادانی بەهۆی ئەو هەموو ستەمو لادانانەی لەسـەردەمی ئەودا ڕوویدا لەژێر سایەی هەمان بنەمادا جێی دەبێتەوە.[2]

شێخی ئیسلام (ابن تیمیـه) فەرمویـەتی: (دەسـەڵاتدارو سـوڵتان بەرپرسە لەو دەستدرێژیو کەمتەرخەمیانـەی لـە مافەکانـدا ئـەنجام

---

(١) سەیری (ابن جریر ٣/١٥) بکە.

(٢) سەیری قۆناغی دووەم بکە کە پاشتر باسی دەکەین.

دەدرێ، ئەگەر لە توانـای ئـەودابوو)، [1] هەربۆیـە شەرعناسـان لـە کتێبەکانی فیقهداو لە دەروازەو بـابی تاوانـەکان (الجنایـات)و تۆڵـە سەندنەوەکان (القصاص)و دەعواو قەزادا جیاوازییان نەدەخستە نێوان فەرمان ڕەواو خەڵکی (الحاکم والمحکوم)دا.

هەموو ئەو بنەما باسکراوانەی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو لە ڕونترین شێوەو وێنەدا لە ڕوداوی (السقیفە)دا بەدەردەکەوێ لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ ، ئەوەبوو دەست پێشـخەری هـاوەڵان بـۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتی ئیمامەت ڕوونکردنەوەی زەرورەتی دەوڵەت بوو بۆ ئایین وە بەوەی کە ئاین بێ‌دەوڵەت نابێ، هەروەها کۆبونەوەشیان لەسەر یەك ئیمام بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەوڵەت بەبێ ئیمامەتو دەسەڵاتێك بونی نیە، هەروەها گرێ دانی بەیعەتیش بۆ ئەبوبەکر لـە سـەقیفەداو پاشان لە مزگەوتدا بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئیمامەت بەبێ گرێبەستی بەیعەت بـەدی نایـەت، لـە ڕێککـەوتنو گفتوگۆکـانو پاشـان ڕازی بونەکانیان ئەوە بەدەردەکەوێ کە بنەمای گرێبەست بەبێ ڕەزامەنـدی نابێو ڕازیبونیش بەبێ ڕاوێژ نابێ، ڕادەربڕینی هەرلایەك بـۆ بۆچـونی خۆی بەبێ هیچ ترسو بیمێك بنەمای (ڕاوێژ بەبێ ئـازادی نابێ)مـان بۆ دەخاتە ڕوو، هەروەك چۆن بەیعەت پێدانیان بـە ئەبوبـەکر لەسـەر

---

(١) مجموع الفتاوی (٢٠/٥٤).

کیتابو سوننه[(١)] بنەمای (مەشروعیەتمان بۆ دەخاتە ڕوو وەدەری دەخا شەریعەت بریتیە لەمەرجەعیەت هەروەك چۆن ئەبوبەکر لەو وتــارەی کە ڕاستەوخۆ دوای بەیعەت پێدانی تەئکیدی لەســەر ئــەم بنەمایــە کردەوە.

(١) سـەیری (السـنة)ی خـلال لا ١٠٣ و(مصـنف عبـدالرزاق ١١/٣٣١) بکـە لـە باسـی بەیعەت دانی خەڵکی بە ئەبوبەکر بە پێی کیتابو سوننەت.

**٨- هێنــانەدی هەردوو بنەمای دادگەریو یەکسـانی**

دادگەری لە قەزاو یەکسانی لـە بەخشـیندا، لـە گـرنگترین ئـەو بنەمایانەن کە گوتاری سیاسی لە قۆناغی یەکەمدا لەسەری بنیـات نراوەو نمایندەی ڕێنماییە ئایینیە دابەزێنراوەکان دەکەن، قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتیدا تەئکیدی لەسەر ئەو دوو بنەمایـە کردووەتــەوە وەکـو لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ (النساء: ٥٨) واتە: ئەگەر داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا بەدادگەرانـە بیکەن، ﴿وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَـوْمٍ عَلَـى أَلاَّ تَعْـدِلُوا اعْـدِلُوا هُـوَ أَقْـرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ (المائدة: ٨) دوژمنــیو قینــی دەســتەیەك هــەڵتان نــەنێ بــە هەقانەت ڕەفتار نەکەن، بە یەکسـانیو بێجیـاواز لەگـەڵ خەڵکیـدا ڕەفتار بکەن چونکە ئەوە دەبێتە هۆی پـتر نزکبونــەوە بــە پارێزکـاری، بــەڵکو خــوای گــەورە مەبەســتی نــاردنی پێغەمبــەرانو دابەزانــدنی کتێبەکانی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجـە دانــاوە، هــەروەك خــوای گــەورە فەرمویەتی: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ (الحديـد: ٢٥) ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بــە چـەند بەڵگەی ئاشکراوەو لەگەڵیدا کتێبو تەرازوی هەڵســەنگاندنمان نــاردە خوار تاوەکو خەڵکی لە نێوان خۆیاندا بەدادگەری هەستن.

قورئان داوای دابەشکردنی سامانو دارایی دەکا بۆ ئــەوەی ڕێگــری بکا لەبەردەم زاڵبوونی چینی سەرمایەدار بەســەر ســامانو داراییــدا،

هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ﴾ (الحشر: ٧) واتە بۆئەوەی سەروەت‌و سامان تەنها لای دەوڵەمەندەکان کۆنەبێتەوەو دەستاودەستی پێبکرێ.

هەروەها قورئان هاتووە بۆئەوەی ڕێگری بکا لەوەی دەسەڵات کە مەترسی دارترە لە ماڵ‌و سامان، تەنها لە نێوان چین یان خێزان یا حیزبێکی دیاریکراودا نەبێ‌و دەستاو دەستی پێ‌بکرێ، هەربۆیە دانی ناوە بە بنەمای ڕاوێژداو (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ) لەدەسەڵات دا بچەسپێ، تاوەکو لە نێوان ئوممەتدا دەستاو دەستی پێبکرێ بەپێی ڕەزامەندی ویست‌و هەڵبژاردەی خۆی، بێ‌ئەوەی هیچ کەسێ هەژمونی هەبێ بەسەریدا، یاخود مافی ئوممەت زەوت بکا، وەبۆئەوەی ڕێگری بکرێ لە بەرپابوونی دەسەڵاتێکی زۆردار کەخۆی بسەپێنێ بەسەر ئوممەت دا لەڕووی سیاسییەوە.

هەروەها دانی ناوە بەبنەمای: (كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ) لە سەروەت‌و ساماندا بۆ ئەوەی لە نێوان تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەستاو دەستی پێبکرێ، وە ڕێگری بکرێ لەوەی سەرمایە دارەکان بتوانن هەژمونی خۆیان بسەپێنن بەسەر توانا ماددیەکانی ئوممەت لە ڕووی ئابورییەوە.

پێغەمبەر ﷺ تەئکیدی لەسەر ئەم بنەمایە کردۆتەوەو فەرمویەتی: (ما أعطاكم ولا أمنعكم، إنما أنا قاسم أضع حيث

أمرت). [1] واته نه پێتاندەبەخشم‌و نـه لێتـان قەدەغـه دەکـەم، مـن تەنها دابەشکارم، لە شوێنێکدا دای دەنێم کە فـەرمانم پێکـراوە)، وە پێی وتوون: (ئەی خەڵکینە، بەشی من لەم ماڵو داراییەدا تەنها پێنج یەکە، پێـنج یەکەکـەش بۆخۆتـان گەڕاوەتـەوە)، [2] وە فەرمویـەتی: (هەرکەســێ ســامان‌و داراییــەکی لـــێ بــەجێ‌ماوە ئــەوا بـــۆ میراتگرەکەیەتی، هەرکەسیش پەککەوتەو خاوو خێزانـی لـــێ بـەجێ ماوە ئەوا لەسەر منەو لە ئەستۆی دەگرم) (من تـرك مــالاً فلورثتــه، ومن ترك كلاً وعيالاً فإلي وعليّ). [3] پێغەمبەر ﷺ یەك بەشی دەدا بەڕەبەن، بەڵام دووبەشی دەدا بەکەسی خێزاندار. [4]

پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا هەرکەسی کاروبارێـك ڕاپـەڕێنێت بـۆ بەرژەوەندی مسوڵمانان ئەگەر ڕەبـەن بـوو ژنـی بـۆ بهێنـرێ، ئەگـەر خانووبەرەو جێگەی نەبوو بـۆی دابـین بکـرێ، ئەگـەر ئـاژەڵ‌و ئـاژەڵی سواری نەبوو بۆی دابین بکرێ، [5] ئەمانەشی بە مافی خۆیان داناوە لە (خانـەی سـامان) (بیـت المـال)دا لەبەرئـەوەی بەرژەوەنـدی ئوممـەت ڕادەڕێنن.

---

(١) البخاری، ف ژماره (٣١١٧).

(٢) ئەبوبەکر گێڕاویەتی یەوە ف ژماره (٢٦٩٤) و مالك لە (الموطأ) ٤٥٨/٢.

(٣) بوخـاری ٥١٧/٨، ژمـارە (٤٧٨١)، موسـلم لـە ٥٩٢/٢ گێڕاویـەتی یـەوە، ف ژمـارە (٨٦٧)، وە ئەبوداود ٣٦٠/٣ – ٣٦١، ف(٢٥٩٤) و ( ٢٩٥٥) .

(٤) ئەحمەد لە (المسند)دا ٢٥/٦ و ئەبوداود ٣٥٩/٣، ف ژمارە (٢٩٥٢)، (ابن حبان ابن حبان ١٤٥/١١، لە ف ژمارە (٤٨١٦) بە سەحیحی داناوە.

(٥) الأموال لا ٢٧٩.

هــاوەڵانیش ﷺ هەســتیان کردبــوو بەبنــەمای واجبــی پاراســتن‌و پارێزگاری‌کردنی سامان‌و دارایی گشـتی‌و پێویسـتی سـەرف کردنـی بەپێی ناوەڕۆکی دادگەری‌و یەکسانی، هەربۆیە هاوەڵان ﷺ لـە (بیـت المال)دا بە پێی دابینکردنی پێویستییەکانیان پارەیان بۆ ئەبوبـەکرﷺ بڕیــەوە، لــە گێڕانەوەیەکــدا هــاتووە: (کاتــێ ئەبوبــەکر کاروبــاری پێ‌ســپێردرا هــاوەڵانی پێغەمبــەری خــوا ﷺ فــەرمویان: بــەپێی بێ‌نیازوبوونی لە خەڵکی بۆی ببڕنەوە، ووتیان: باشە، جـل‌و بـەرگ بـۆ کردنی ئەگـەر کـۆن‌و بێ‌کـەڵك بـوون‌و داینــان‌و جـل‌و بـەرگی تـری هــەڵگرت، دابینکردنــی ئــاژەڵی ســواری لــەکاتی ســەفەرکردنیدا، بەخشــین‌و نەفەقــەکردن بــۆ مــاڵ‌و منــاڵی هــەروەك چــۆن پــێش بــە خەلیفەبوونی بۆخۆی دەیکرد، ئەبوبەکر فەرمووی ڕازیم).(١)

عومەر کە لە سەردەمی ئەبوبەکردا قازی بــوو — وە ئەبوعوبەیــدە کە لەسەر (خانەی سـامان) (بیــت المــال) بــوو هەســتان بــە دانــان‌و بڕینەوەی بڕی نەفەقەی خەلیفە لە (خانەی سامان)ی مســوڵمانان بــە ڕەزامەندی هاوەڵان ﷺ.(٢)

هاوەڵان شەش هەزار درهەمیان بۆ ئەبوبەکر بڕیەوە لــە ســاڵێکدا، کاتێکیش لەسەرەمەرگ دا بوو فەرمانیدا ئەو سامانە زیادەیــەی کــە هەیەتی بگەڕێتەوە بــۆ خانــەی ســامانی مســوڵمانان، عومــەر لــەم

(١) طبقات ابن سعد ١٣٧/٣، بە سەنەدێکی سەحیح لە حەمیدی کوڕی هیلالەوە.

(٢) طبقات ابن سعد ١٣٧/٣، بە سەنەدێکی سەحیح لە (عطاء)ی کوڕی (سائیب)ەوە.

بارەیـــەوە فـــەرمووی: (ئەبوبـــەکر پـــاش خـــۆی مانـــدووکرد بـــەم هەڵسوکەوتانەی).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (کاتێ ئەبوبـەکر کەوتـە نەخۆشـی مەرگییەوە، فەرمووی: سەیر بکـەن چـەندێك لـە سـەروەت و سـامانم زیادی کردووە لـەو کاتـەوەی چـوومەتە نێـو ئەمیرایەتییـەوە، پاشـان بینێرن بۆ خەلیفەی پاش خۆم).(٢)

ئەبوبەکر لە بەخشینی خانەی سامان (بیت المال)دا یەکسانی و وەك یەکی ڕەچاوەدەکرد لـەنێوان خەڵکیـدا، عائشـە فەرمویـەتی: (بـاوکم سامان و دارایی دابەش دەکرد دەیدا بە ئازادو دەیدا بە کۆیلەو دەیدا بە ئافرەت و دەیدا بەکەنیزەك، پاشان لە سـاڵی دووەمـدا بیسـت بیسـتی پێ دەدان).[3]

لـە گێڕانەوەیەکـدا هـاتووە: (ئـەو یەکسـانی ڕەچـاو دەکـرد لـە دابەشکردنی سامان لەنێو خەڵکیدا، بە ئـازادو کۆیلـەو نێـرو مـێ و گەورەو بچوکەوە، وەکو یەك).[4]

---

(١) طبقات ابن سعد (١٣٧/٣)، لەچەند ڕێگەیەکی ترەوە.

(٢) طبقات ابن سعد (١٤٣/٣)، بە سەنەدێکی سەحیح بەپێی مەرجی بوخاری و موسلم، لە چەند ڕێگەیەکی زۆرتریشەوە کە هەموویان سەحیحن گێڕاویەتی یەوە، ئەمەش تەئکیدکردنـەوەی مـافی ئوممەتـە لـە چاودێری دارایی و گێڕانـەوەی ئـەو سامان و دارایی یە کە لە ماڵی خەلیفەدا هەیە بۆ (خانەی سامان).

(٣) سەرچاوەی پێشوو ( ١٤٤/٣).

(٤) سەرچاوەی پێشوو (١٥٩/٣ – ١٦٠).

هەر هــاوەڵان ﷺ پێداویســتییەکانی خەلیفــەی دووەم (عومــەری کوڕی خەتتاب)یان بڕییەوە پــاش ئــەوەی ڕاوێــژی پــێ‌کردن ســەبارەت بەوەی چی لە خانــەی ســامان بەردەکــەوێ‌و بــۆی دروســتە، ئــەوانیش کۆبونەوە لەسەرئەوەی خۆراکی ڕۆژانەو ئەنــدازەی پێویســـــــتیەکانی بۆ هەیە.[1]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (عومەر خەڵکی کۆکردەوەو پیێی ووتــن: (سەرقاڵتان کردووم بە کاروبارەکانتانــەوە، چــۆن دەبیــنن‌و چــەند بــە دروست دەزانن بۆمن لەم ســامان‌و داراییــەدا؟ عــەلی ﷺ فــەرمووی: ئەوەی کاروباری خۆت‌و ماڵ‌و منداڵتی بە باشی پێ دەڕوا بــەڕێوە لــەم سامانەدا، هیچی ترت بۆ نیە، خەڵکەکەش وتیان: قســــە قســــەی عەلی یە).[2]

هەنــدێ لــە هــاوەڵان ﷺ پــاش ئــەوەی عومــەر بــوو بــە خەلیفــە پرسیاریان لێی کرد: کە چــەندەی بــۆ دروســت‌و حەڵاڵــە لــە خانــەی مسوڵمانان؟ ئــەویش فــەرمووی: (پۆشــاکێکی هاوینــەو پۆشــاکێکی زستانە، ئەوەشی حەج‌و عەمرەی پێ‌دەکەم، خواردنی خۆم‌و ماڵ‌و منالم هاووێنەی خواردنی پیــاوێکی قورەیشــی، نــە دەوڵەمەندەکــەیان‌و نــە هەژارەکەیان، پاشان منیش پیاوێکم وەك مسوڵمانەکان، وەکــو ئــەوان

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ٣/ ٢٣٣ – ٢٣٤.

(٢) (ابنء جرير الطبري) ٤٥٢/٢ لە گێڕانەوەی مێژوونووس سەیف بن عمر بن اسحاق بە سەنەدێك بە پێی مەرجی بوخاری موسلم.

تووشی بەسەرهاتو ڕووداو دێم.[1]

عومەر ﷺ سێجار سوێندی دەخواردو دەیفەرموو: (بە خـوا، هـیچ کەس مافی زیاتری نیە لەم سامانەدا لە کەسێکی تر، منـیش مـاف دارترینیانم تێیدا، بــە خــوا، هــەموو مســوڵمانێ بەشــی هەیــە لــەم سامانەدا، بە خوا ئەگەر بمێنم بۆیان شوان دێ بــۆ بەشــی خــۆی لــەم سامانە لەکاتێك هەر لە شوێنی خۆی شوانێتی خۆی دەکا).[2]

عومەر هەرکاتێ پێویستی بوایە لەخانەی سامان قــەرزی دەکــرد، کاتێکیش بەخشیشەکەی خۆی وەردەگرت قەرزەکەی دەدایەوە بە خانەی سامان،[3] وە دەیفەرموو: (دەزانن منو ئێوە وەك کێواین؟ منو ئێــوە وەکو کەسانێکین سەفەرێکیان کردووەو پارەی مەسروفاتی خۆیــان داوە بە کەسێکیانو پێی دەڵێن: بۆمانی سەرف بکــە، ئایــا بــۆی دروســتە بۆخــۆی هەنــدێکی هــەڵگرێ؟ فــەرمویان نــەخێر ئــەی فەرمانــدەی مسوڵمانان، فەرمووی: دەی کەواتە منو ئێوەش واین.[4]

پاشان فــەرمووی: مــن کاربەدەســتانم دانــەناوە لەســەرتان تــاوەکو قەمچی ڕیزتان کەن، یا تەشەر لە راموستان بدەن، وەیاخود سەروەتو سامانتان ببەن، بەڵکو بــۆ ئــەوە دامنــاون کیتــابی خــواو ســوننەتی

---

(١) ابن سعد (٣/٢٠٩) بە سەنەدێکی سەحیح، الأموال (أبو عبید) ل (٢٨١).

(٢) ئەحمــەد گێڕاویــەتی یــەوە (٤٢/١) و ئەحمــەد شــاکر فەرمویــەتی: ســەنەدەکەی سەحیحەو ئەبوداود ف ژمارە (٢٩٥٠).

(٣) ابن سعد (٣/٢٠٩) بە سەنەدێکی سەحیح و الأموال ی (أبو عبید) لا (٢٨١).

(٤) ابن سعد (٣/٢٠٩) بە سەنەدێکی سەحیح و الأموال ی (أبو عبید) لا (٢٨١).

پێغەمبەرکەتان ﷺ فێرکات، هەرکەسێ کاربەدەستەکەی ستەمی لێ کرد ئەوا مۆڵەت دراوە با بەرزی کاتەوە بۆ من و پێمی بگەیەنێ تا تۆڵەی بۆ بکەمەوە، عەمری کوڕی عاص فەرمووی: ئەی ئەگەر ئەمیرەکە تەمێی یەکێك لە خەڵکەکەی خۆی کرد، ئایا تۆ تۆڵەی لێ دەکەیتەوە؟! عومەر ﷺ فەرمووی: ئەی بۆچی تۆڵەی لێ ناسێنم، لەکاتێکدا بینیومە پێغەمبەری خوا ﷺ تۆڵەی لە خۆی سەندووە؟

عومەر ﷺ نوسراوی کرد بۆ فەرمانداەی سەربازەکان و تیایدا هاتبوو لە مسوڵمانان مەدەن و ڕیسوایان مەکەن، بێبەشیان مەکەن بەهۆی ئەوەوە بێباوەڕ (کافر) بن)،[1] عومەر دیوانەکانی دانا کە لە فارس و ڕۆمەوە وەری گرتبوو، بەمەش بناغە ئیدارییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دانا، هیچ یەکێك لە هاوەڵان ﷺ لەسەر ئەمە بەرهەڵستی و ڕێگری لێ نەکرد، وەك کارکردنێ بە فەرمودەی (ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاتان) (أنتم أعلم بأمور دنياكم) .

پاش ئەوەی سەروەت و سامان زۆر بوو ڕاوێژی کرد بە هاوەڵان بۆ دانانی دیوانەکان، عەلی ﷺ فەرمووی: هەموو ئەو سەروەت و سامانەی لە ساڵێکدا کۆدەبێتەوە هەمووی دابەش بکرێ و هیچی لێ هەڵنەگیرێ، عوسمان ﷺ فەرمووی: وادەبینم سەروەت و سامان گەلێك زۆربووە و بەشی

---

(١) ابن سعد (٣/٢١٢-٢١٣) بە سەنەدێکی سەحیح بە پێی مەرجی موسلم، وە ئەحمەد (٤١/١) ئەحمەد شاکر فەرمویەتی: ئیسنادەکەی باش -حسن-ە، وە ئەبوداود ژمارە (٤٥٣٧) وە نەسائی (٨/٣٤).

هەموو خەڵکی کردووە، جا ئەگەر نەژمێردرێن تاوەکو بزانرێ کێ وەریگرتوەو کێ وەرینەگرتووە، ئەترسم ئەم مەسەلەیە بە خراپی بڵاوببێتەوە (واتە بێ ئەوە ناکرێ ڕێکخرێو بزانرێ کێ وەریگرتووەو کێ وەرینەگرتووە) .

وەلیدی کوڕی هیشام ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، لەشامەوە هاتوومەتەوە، لەوێ دەمبینی پادشاکانیان دیوانیان دانابوو، سەربازەکانیان ناونوسو ڕێکخستبوو، عومەریش ﵁ فەرمووی: پلەو پایەی هەرکەسێ بنوسن، لە خزمە نزیکەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ دەست پێبکەنو پاشان ئەوانی تر بنوسن، زیاتری دا بەپێشینەکانو فەرمووی: بەخوا ئەوکەسەی لەگەڵ پێغفەمبەری خوا ﷺ جەنگی کردووەو ئەوەی جەنگی پێغەمبەری خوای کردووە یەکسان ناکەم.[1]

لەخانەی ساماندا مووچەی ساڵانەی بڕیەوە بۆ پیاوانو ژنانو منداڵانو کۆیلەو مناڵە دۆزراوەکان، پێی ووترا: لەڕاستیدا سامان زۆربووە لەدەستی خەڵکیدا تاوای لێهاتووە سەرف دەکرێ لەشتی باشو خراپ دا، ئەویش فەرمووی: (ئەوە مافێکی خۆیانە وەریان گرتووە، من دڵخۆشترم لەخۆیان بەوەی وەریان گرتووە، سوپاسی من مەکەن لەسەری، بەڵام من زانیم ئەو سەروەتو سامانە زۆرە، بەڵام ناکرێ لێیان بگرمەوە).[2]

(١) ابن سعد ٢٢٤ – ٢٢٦.
(٢) ابن سعد ٢٢٦/٣ – ٢٢٧.

وه دەیفەرموو: (بەوکەسەی هیچ پەرستراوێك جگە لەو نیە، هەموو کەسێك مافی لەم سامانەدا هەیە، پێی بدەم یان پێی نەدەم، هیچ کەس مافەکەی لەوی تر زیاتر نیە تێیدا، منیش هەروەك تاکە کەسێکی ئەوانم، بەخوا ئەگەر مام ئەبێ شوان لە سەنعاوە بێت و بەشی خۆی ببا لەم سامانەو هەرلە شوێنی خۆیشیدا بێ)، [1] جارێك گوێی لە گریانی منداڵێك بوو، پرسیاری کرد بۆ وا دەگری؟ پێیان ووت: ئەوە لەشیر دەیبڕنەوە، تاوەکو لە خانەی سامان موچەی بۆ ببڕنەوە، ئەویش بانگکەرێکی ناردە نێو خەڵکی و پێی ووتن: ئێمە موچە بۆ هەموو منداڵێك دەبڕینەوە کە لەدایك دەبێ (إنا نفرض لكل مولود في الإسلام) لەوبارەیەشەوە نوسراوی بۆ وڵاتانی تر کرد. [2]

لەکۆتایی ژیانیدا هاتە سەرئەوەی شوێنی سوننەتی ئەبوبەکر بکەوێ لەوەك یەك پێدانی بەخشینەکان، پاش ئەوەی زیاتری دەدا بەهۆی لە پێشینەیەتی و زۆر ڕۆڵ بینین و توش هاتنەوە، وە فەرمووی: (ئەگەر بمێنم خوارترینی خەڵك دەگەیەنم بە پایەدارترینیان). [3]

بنەمای (ئەمەت لەکوێ بوو من أین لك هذا؟)ی چەسپاند، کاتێك کەسێکی دەنارد بۆ شارێك سامانەکەی دەنوسی، کاتێکیش لای دەبرد ماڵەکەی دەکرد بەدوو بەشەوەو نیوەکەی دەگێڕایەوە بۆ خانەی

---

(١) ابن سعد ٣/٢٢٧.

(٢) ابن سعد ٣/٢٢٨، وە (فتوح البلدان) ی (البلاذري لا ٦٤٣).

(٣) ابن سعد ٣/٢٢٩، لە ڕێگەی مالك لە (الموطأ) دا.

سامانی مسوڵمانان.[1]

عومەر یەکەم کەس بوو چاودێری دارایی دانا لەسەر والییەکان، وە هەر کاتێ خەڵکی وڵاتێ سکاڵایان لە ئەمیرەکەیان بکردایە لایدەبرد، وە دەیوت: (شتێکی ئاسانە ئەگەر خەڵکێك چاك ببن بەهۆی ئەوەی ئەمیرێکیان بۆ بگۆڕمو یەکێکی تر لەشوێنی دابنێم)،[2] ئەگەر خزمو کەسو کارەکەی شتێکیان بکردایە کە ئەم بەرهەڵستی خەڵکی لێدەکرد ئەوا سزاکەی چەندانە دەکردەوە لەسەریان)،[3] لە هەموو کاربەدەستێتییەك بێبەشی دەکرد لە ژیانیداو لە پاش مردنیشی، لە ساڵی (الرمادە)دا پاش ئەوەی گرانی ڕووی لە خەڵکی کردوو برسێتی بڵاوبویەوە ویستی لەگەڵ هەرماڵێکدا ماڵێکی هەژاری وەك خۆیان دابنێ تاوەکو گرانییەکە نامێنێ)،[4] وە فەرمووی: (ئەگەر ئەوەی ڕووبەڕووم دێ وەك ئەوەبێ کە پشتم تێکردووەو بەجێم هێڵاوە ئەوا زیادەی سامانی دەوڵەمەندەکانم وەردەگرتو بەسەر هەژارە کۆچەرەکاندا دابەشم دەکرد).[5]

کاتێکیش لە سەرەمەرگدا بوو وەسیەتی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی کرد کە قەرزەکانی بۆ بداتەوە بەخانەی سامان، کە هەشتا هەزار درهەم

---

(١) ابن سعد ٣/٢١٤ – ٢٣٣، و الأموال ل ٢٨٢.

(٢) ابن سعد ٣/٢١٥ بە سەنەدێکی سەحیح لە حسنو ئەویش لە عومەرەوە (رضي الله عنه).

(٣) ابن سعد ٣/ بە ئیسنادێکی سەحیح .

(٤) ابن سعد ٣/ ٢٤٠.

(٥) ابن جریر ٢/٥٧٩ بە ئیسنادێکی سەحیح بە پێی مەرجی بوخاریو موسلم.

بوو، ووتی: (ئەی عەبدوڵڵای کوڕی عومـەر، بڕوانـە بزانـە چـەندێك قەرزم لەسەرە، ژماردیان بینیان هەشـتا هـەزارە، فـەرمووی: ئەگـەر سامانی آل خطاب بەشی کرد ئەوا بیدەن، ئەگینا داوا لەبـەنی عـەدی کوڕی کەعب کەن، ئەگەر بەشی نەکرد داوا لە قـورەیش بکـەن‌و داوا لە کەسی تر مەکەن، لە جێی من ئەو سامانە بدەن).[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ئاماژەی دا بەوەی کە ئەو بـڕە پارەیـە قەرزی خانەی سامان بێ تا ئەوکاتـەی عەبـدوڵڵا دەتوانـێ بیداتـەوە، عومەر ﵁ ڕازی نەبوو، کاتێك کۆچی دوایی کرد عەبـدوڵڵای کـوڕی عومەر پارەکەی هێنـای بـۆلای عوسمـان‌و شـاهێدەکانی ئامـادەکردو دایەوە بە خانەی سامان.[2]

عومەر ﵁ هەموو ئەوبەندە عەرەبانەی لەخانەی سامان ئازاد کرد کە لە نەفامیدا بە کۆیلە کرابوون،[3] لە دوا وتاریشـیدا ئامـۆژگـاری کردوو فەرمووی: (ئاگاداربن وا من ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی تەقوای خواتان هەبێ لە فەرمانڕەواییـداو دادگـەربن لـە دابەشـکردندا)،[4] نوسراوێکی نوسی بۆ ئەبو موسای ئەشـعەری کـە قـازی ئـەوبوو لـە عیراق دا: (مسوڵمانی لاواز ئەوەندەی لە عەدل بەسە کە دادگـەر بـێ

(١) ابـن سـعد ٣/ ٢٥٧ بـە ئیسـنادێکی سـەحیح، بوخـاریش لـە الفـتح دا ٧/٦٠ ف (٣٧٠٠)، دەبڕینەکەش هی بوخارییە.

(٢) ابن سعد ٣/ ٢٧٣، الأموال ی أبو عبيد ل ٢٨٢.

(٣) ابن سعد ٣/ ٢٧٤ بە ئیسنادێکی حەسەن، وە الأموال لا ١٤٧ – ١٤٨.

(٤) ابن جرير ٣/٤٥

له حوکمو دابەشکردندا).[1]

وه به کاربەدەستو والــی یەکانی دەووت: (هەرکەسێ ئەمیرەکـەی ستەمی لـێ بکا ئەوه ئیتر لای منەوه مافی ئەمیری نامێنێ)،[2] لـه وتارێکیدا بۆ خەڵکی فەرمویەتی: (خوایەگیان، مـن تـۆ دەکـەم بـه شاهێد بەسەر ئـەمیری شـارو ولاتەکانـەوه کـه مـن تـەنها بـۆ ئـەوه دەیاننێرم تاوەك خەڵکی فێری دینو سـوننەتی پێغەمبەرەکـەیان ﷺ بکەن، وه دەسـتکەوتەکانیان بۆبـەش بکـەن، وه دادگـەر بـن، ئەگـەر شتێکیان لــێ ئاڵۆز بوو بۆمی بەرز بکەنەوه).[3]

وه بەکاربەدەستانی دەووت: (بۆیە ئێوەم کـردووه بـه کاربەدەسـتیان تاوەکو نوێژیان پێبکەن، به ڕەوا قـەزاوەتیان لـه نێوانـدا بکـەنو بـه دادگەری بەشیان بدەن...عومەرتۆڵەی له کاربەدەستانی دەسەند، ئەگەر کەسێك سکاڵای لـه دەسـتی کاربەدەسـتێکی بکردایـه کاربەدەسـتو سکاڵاکارەکەی کـۆدەکردەوه ئەگـەر شـتێکی لەسـەر بچەسـپایه کـه پێویست بوایه تۆڵەی بکردایەتەوه تۆڵەی لـێدەکردەوه).[4]

دوا ئامۆژگارییەکانی که لەسەر جێگەی مردنو لـه سـەرەمەرگدا ئەوەبوو که فەرمووی: (وەسیەتم هەیه بۆ خەلیفەی دوای خۆم کەچاوی

---

(١) ابن جرير (٢/٥٦٦ ) به ئیسنادێکی سەحیح.

(٢) ابن جرير (٢/٥٦٦) به ئیسنادێکی سەحیح.

(٣) ابن جرير (٢/٥٦٧) به ئیسنادێکی سەحیح.

(٤) ابن جريـر (٢/٥٦٧) بـه ئیسـنادێکی سـەحیح لـه عوسمـانی کـوڕی (عاصـم)ەوه کـه عومەرو عوسمان له تابعی یه جێمتمانەکانن بەڵام به عومەر نەگەیشتووه.

لــه کۆچــەره یەکەمینــەکان بــێ، مافیــان بزانــێ، ڕێزیــان بپــارێزێ، وەسیەتی ئەوەی بۆ دەکـەم کەچـاکە لەگـەڵ ئەنسـارییەکان بکـا.. وە وەسیەتی بۆ دەکەم کە لەگەڵ خەڵکی وڵاتان چاك بێت، چونکە ئەوانە بەرگریکەرو پارێزەری ئیسلامن، کۆکەرەوەو هێنەری سامانو داراییـنو ڕق دەخەنە دڵی دوژمنەوە، وە هیچیان لـێ وەرنەگرێ مەگـەر زیـادەی ماڵەکـەیان، ئـەویش بـە ڕەزامەنـدی خۆیـان، وە وەسـیەتی بۆدەکـەم چاکەکاربێ لەگەڵ عەرەبە بیابان نشینەکاندا چونکە ئەوانـە ڕیشـەی عەرەبو کەرەسەی ئیسلامن، وە لە پاشـکۆی ماڵـەکانیان وەربگـرێو بیگەڕێنێتەوە بۆ هەژارەکانیان، وەوەسـیەتی بـۆ دەکـەم چـاکەکار بـێ لەگەڵ ئەوانەی لە ئەستۆی خواو پێغەمبـەر ﷺ دانو (ذمـي)ن، وە ئەمەکداری بە بەڵێنەکانیان بکرێو لە پێناویاندا جەنگ بکرێ وە لە توانای خۆیان زیاتر نەدری بەسەریاندا)،[(١)] کاتێك عوسمان رضي الله عنه لەپاش عومەر کاروباری گرتەدەست نوسراوێکی نوسی بۆ ئەمیرەکانیو تیایدا هاتبوو: (ڕەفتارو هەڵسوکەوتت ڕاستو ڕێك بێو سـەیری کاروبـاری مسوڵمانان بکەنو بزانن چی پێویستە لەسـەریان تـاوەکو سـەروەتو سامانی خۆیانیـان پێبـدەنو ئەوشـتەی پێویسـتە لەسـەریان لێیـان وەربگرن، پاشان ستایشو چاکەکاری لەگەڵ (ذمـي)یەکانـدا بکـەنو مافەکانیان پێ بدەنو ئەوەشـی لەسەریانە لێیان وەرگرن، پاشان ئـەو

---

(١) بوخاری بە فەتحەوە (٦١/٧) ف ژمارە (٣٧٠٠).

دوژمنەی گومان لەپەیمان شکێنیان دەکرێت داوای پاراستنی بــەڵێنو وەفاداریان لــێ بکەن).[1]

وە بۆ کاربەدەستی خەراجی نوسی: (خوا دروســتکراوەکانی بەهــەق دروستکردووە، تەنها هــەقو ڕەواش پەســەند دەکــا، دەســت بــە ڕەواوە بگرن، بە هۆیەوە مافو ڕەوا پەخش بکەن، ئەمەکدار بــن، ئەمەکــدار بن ستەم لە بێباوكو بەڵێن پێدراوو پەنابەر مەکەن، خــودا دوورژمنــی ئەو کەسانەیە ستەمیان لــێ دەکەن).[2]

وەکاتێکیش ئاژاوەگێڕی هەڵگیرسا، خەڵکی تۆمەتباریان کرد بەوەی کەس‌وکارەکەی خۆی دەباتە پێشەوە لە خانــەی ســامانی مســوڵمانان، فەرمووی: (من سەروەت‌و سامانی مسوڵمانان بۆخۆم بە حەڵاڵ نازانم، وە بۆ هیچ کەسێکی تر لــە خــەڵکی، تــەنها پێــنج یــەکیش هاتۆتــە بەردەستم، هیچی بۆ من حەڵاڵ نیە، مسوڵمانان سەرپەرشتی دەکــەن‌و لە شوێنی خۆیدا دایدەنێن‌و بەکەسی خۆی دەدەن).[3]

ئەمەش تەئکیدکردنەوەی مافی ئوممەتە لە چاودێریکردنی سامانی گشتی‌و لێپرسینەوەی ئیمام‌و پرسیارکردن لە شێوازی سەرف کردنــی، لە کاتی گەمارۆدانەکەشی دا، نوسراوێکی نووسی بۆ وڵاتان، ، تیایدا باسی لەوە کردووە کە ئەو پابەند بووە بــەو بەڵێنانــەی داویــەتی بــەو

(١) ابن جرير ( ٢/٥٩٠ – ٥٩١).

(٢) ابن جرير ( ٢/ ٥٩١).

(٣) ابن جرير ( ٢/٦٥١).

کەسانەی هاتوونەتە لای‌و چەندین مەرجیان بۆی دانابوو، تیایدا هاتبوو: (وانازانم شتێکم نەکردبێ لەو شتانەی بەڵێنم پێیان دابوو، ئەوان وای بۆدەچوون کە دەیانەوێ حدودەکان پیادەبکرێ، منیش ووتم: پیادەی کەن بەسەر هەرکەسێکدا کە دەزانن دەست درێژی کردۆتە سەرکەسێك، پیادەی کەن بەسەر هەرکەسی دوورو نزیکدا کەستەمی لێکردوون، وە وتیان: بێبەش بەشی درێ، سامان بدرێت بەکەسی خۆی، لە پێنج یەك‌و سەدەقەدا دەست درێژی نەکرێ، کەسی بەهێزو ئەمیندار بکرێتە ئەمیر، مافەخوراوەکانی خەڵکی بدرێتەوە، ڕەزامەندیم لەسەر ئەوانە دەربڕی‌و ئارامگر بووم بۆی، هەموو ئەوانەم کردووە).[1]

هەروەها تیایدا هاتووە: (ئەوان لە نێوان یەك لەم سێ شتەدا هەڵبژاردن‌و ئیختیارم پێدەدەن، یا ئەوەتا تۆڵەی هەمووئەوکەسانەم لێ ئەستێنن کە سزام داون هەڵە بوبێتم یا پێکابێتم، یا ئەوەتا دەبێت خۆم لەکارخەم‌و کەسێکی تر بکەنە ئەمیر، یا ئەوەتا نامە دەنێرن بۆ تەواوی سەربازان‌و ئەو خەڵکانەی مەدینە کە گوێڕایەڵییان دەکەن تاوەکو هەموو ئەوکەسانەی خوای گەورە بیستن‌و گوێڕایەڵی منی لەسەر فەرزکردوون وەلابخەن‌و لێیان بەری بن.. منیش وەکیلی ئەوان نیم، پێشتریش زۆرم لێ نەکردوون بۆ بیستن‌و گوێڕایەڵی کردنم، بەڵکو

(١) ابن جریر ٢/٦٨٦.

ئارەزوومەندانە ملکەچیان دەربڕیوە، ئەو ئیختیارەی داویانەتـە دەستم هەمووی ناکۆکیو خۆخۆیـەتیو کردنـە ئەمیرییـە، خـۆمم ڕاگرتـووە بەوانەشەوە لەگەڵمدان، ڕێو شـوێنی خـراپو پەرتـەوازەیی ئوممـەتو خوێن ڕشتنم پێخراپ بوو، بۆ خوا داواتان لـێدەکەم کـە شـوێنی ڕەوا بکـەونو هەرچـی لەسـەرمە لێمـی وەرگـرن، بـە دادگەرییـەوە ناوەندێتیمان بکەن). (١)

لە گێڕانەوەیەکی تردا هـاتووە: (مـن بانگەشـەتان دەکـەم بـۆلای کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ، کێتان پێخۆشـە بیکەنـە ئـەمیرتان، ئەمـە کلیلـی سـامانی خانەکـەتان، بیـدەن بەدەسـتی ئەوکەسـەی دەتانـەوێ)، (٢) عەلـــی ﷺ پـێش ئـەوەی بەیعـەتی خەلیفایەتی پێبدرێ فەرمووی: (ئاگـاداربن، شـتێك بـێئێوە ناکـەم، ئاگادارین کلیلـی سـامانتان لای منـە، ئاگـادارین بـێئێوە بـۆم نیـە درهەمێکی لـێ دەرکەم، ئایا ڕازین؟ ووتیان: بەڵێ، فەرمووی خوایـە شاهێدبە، لەسەر ئەوە بەیعەتیان پێی دا). (٣)

هەروەها عەلـی ﷺ لە کاتی خەلیفایەتیدا فەرمووی: (گـوێم لـە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: (خەلیفە لە ماڵی خوادا تـەنها

---

(١) ابن جریر (٢/٦٨٦ – ٦٨٧)، ئیســنادەکەی لاوازە بەلام بە بەڵگەکانی تر بەهێز دەبێ، إبن أبی شیبە لە تاریخ المدینة (٤/١١٦٤ – ١١٦٥) بە ئیســنادێکی تر گێڕاویەتی یەوە.
(٢) ابن أبی شیبة (٤/١١٩٣ – ١١٩٤).
(٣) ابن جریر (٢/ ٦٩٧).

دوو تەشت خواردنی بۆ هەیە، یەکێکیان بۆخۆیو ماڵو منالی دەیخوا، خواردنی دووەمیش دەیخاتە بەردەستی خەڵکی).[١]

موعاویەش لەنێو خەڵکیدا وتاری داو ووتی: (لەخانـەی سـاماندا زیاد لە پێبەخشـــینەکانی ئێوە هەیە، من ئەوەتـــــان لـە نێوانـدا بەش دەکەم، ئەوە ســـامانی ئێمـە نیـە، بـەڵکو دەســتکەوتێکە خـوا پێمانی داوە).[١]

هەموو ئەوانەی باسکران تەئکید دەکەنەوە لەسەر دادگەریکردن لە کێشەکانو یەکسانی لە دابەشکردندا، وەخانەی سامان حورمەتی خۆی هەیەو ئوممەت بۆی هەیـە لێپرسـینەوەی ئیمـام بکـات لەسـەر ئـەو سەرفکردنەی لەخانەی ساماندا دەیکا، هەروەها پێداویستی یەکانی بۆ دیاری دەکاو ئەندازەکەی دەت نیشان دەکات، وە مافی ئیعتیراز گرتنی هەیە لە سیاسەتە داراییەکانیو لێپرسـینەوە لـەکاتی لادانەکانیـدا، چونکە خانەی ســامانی مسـولمانان هـی موسـڵمانانە نـەك ئیمـام، ئەمەش بە کۆڕای هاوەڵان ﵃ و کۆڕای هەر هەموو مسولمانانە.

پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ و مشــتومڕو قـەزاوەتی قەرزێکـــــی خۆی لەگەڵ دەکردو بەزبری قســەی لەگـەڵ پێغەمبـەی خوا ﷺ دەکـرد، هــاوەڵان ﵃ ویســتیان لـــێی بـدەن، ئـەویش ﷺ

(١) ئەحمـەد گێڕاویـەتی یـەوە لـە (المسـند)دا (٧٨/١)، ئەحمـەد شـاکر فەرمویـەتی (ئیسنادەکەی سەحیحە).

(٢) الأموال أبو عبيد ل (٢٦٥).

فەرمووی: (دعوه فإن لصاحب الحق مقالاً – وازی لـێ بێـنن چـونکە خاوەن ماف قسەی خۆی هەیە).[1]

لەڕاستیدا دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم دەوڵەتێکە لە مێژوودا ئاشنای سستەمی دابینکاری کۆمەڵایەتی بوبێ‌و بڕێك دارایی تایبەتی بەردەوامی بۆ هەر مرۆڤێك بڕیبێتەوە، جا ئیتر کەسەکە پیاو بوبێ یا ئافرەت، گەورە بوبێت یا بچوك، ئازاد بوبێ یا کۆیلە، عومەر دیوانەکانی بۆ پیادەکردنی ئەم بنەمایانە دانا، دیوانێکی دانا بۆ هۆزەکانی عەرەب‌و ئەوانەی پەیوەست بوون پێیانەوە، هەروەها بۆ خەڵکی شارەکانیش چەند دیوانێکی دانا کە ناوەکانیانی تێدا تۆمار کردوو موچەکانیانی بە یەکسانی دیاری دەکرد لە نێوان هەموو تاقم‌و کۆمەڵەکاندا، بە پێی پێویستی.

شافعی (٢٠٥ ك. ك) دەفەرموێ: (دەبێ ئیمام هەموو جەنگاوەری وولاتان ئامار بکا – کە بریتین لەو کەسانەی بالغ بوونەو لە پیاواندا پانزەساڵیان تەواو کردووە – وە خاوو خێزان دەژمێردرێ – کە بریتین لەوانەی نەگەیشتونەتە بالغ بوون وە ئافرەتان بەگەورەو بچوکیانەوە وە ئەندازەی خەرجییەکان‌و پێدوایستییە حەیاتییەکان بزانرێ، بە ئەندازەی هاوژیانی‌و هاوگوزەرانیان لە وولاتی خۆیاندا، هەموو ساڵێکیش جەنگاوەرەکان بەخشینی خۆیان پێ‌بدرێ، ئەو بەخشینەشی

[3] صحيح البخاری بە (القتح)وە ٦٥/٥ ف(٢٣٩٠) و ٦٢/٥ ف (٢٤٠١).

لە دەستکەوت دەدرێ تەنها بۆ ئەو باڵغانەیـە کـە توانـای جیهادیـان هەیە، پاشان خاوو خێزانو ئافرەتان جلو پۆشاكو خەرجییان پێبـدرێ کە ئەوەندەی بەشی ساڵێکیان بکات، ئەگەر پاش ئەم وەسفەی کردمان ماڵی زیادە مایەوە، ئەوا ئیمام دایدەنێ بۆ چاککردنی قەڵاو قولەکانو زیادکردنی ئەسپو وڵاخی بەرزە وە هەرشـتێ کـە مسـوڵمانان بـەهێز دەکـا، ئەگــەر مســوڵمانانیش پێویســتیان پێــی نــەماو هــەموو بەرژەوەندییەکانیان کامڵ بوو، ئەوەی دەمێنێتەوە لە نێوان هەموویاندا بە پێی مافیان لەو سـامانەدا دابەشــی دەکـەن، وە فەرمویـەتی: لـە دەستکەوتو موچەو ڕۆزی فەرمانڕەوایانو کاربەدەسـتی ڕووداوەکـانو هەرکەسی هەستاوە بـە سـەروکاریکردنی دەسـتکەوت نمونـەی والیو نوسەرو سـەرباز کـە نـاکرێ بێئـەوان دەسـتکەوتەکە ڕێـك بخرێ — ئەمانیش بە پێی هاوشانی خۆیان پێیان دەدرێ). [1]

سیاسەتی داراییانەی ئەبوبەکر ﵁ بریتی بوو لـە بەشـینەوەی وەك یەك لە نێوان خەڵکیدا بە گەورەو بچوكو ئازادو کۆیـەو نێـرو مێـوە، هەندێ لە هاوەڵان پێیـان ووت: تـۆ خـەڵکیت یەکسـان کـردووە لـە کاتێکدا ئەوانە خـەڵکی پێشـینەو خـاوەن فـەزڵی تێدایـە؟ ئـەویش فـەرمووی: (ئـەو پیشـینەو خـاوەن فەزڵـەی باسـی دەکـەن ئـەوە پاداشـتەکەی لای خوایـە، بـەڵام ئەمـەیان گوزەرانـەو پێبەخشـینی

---

(١) الخطابي لە پەراوێزی (سنن أبی داود)دا ٣/٣٦٠.

یەکسان باشترە لە خۆخۆییو فەزڵ دانــی هەنــدێك بەســەر هەنــدێکی تردا). [1]

کاتێك عومەریش هات زەوییە دەستکەوتووەکانی وەقف کرد بۆ بەرژەوەندی موسڵمانانو چەند ئایەتێکی سورەتی (حجرات)ی کردە بەڵگە: ﴿ مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ، لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ، وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾(الحشر: ٧– ١٠).

عومەر فەرمووی: (ئەم ئایەتە هەموو خەڵکی دەگرێتەوە، هیچ کەسێ نەماوە لە مسوڵمانان کە بەشو مافی نەبێ تیایدا)، [3] بەوانەشی ووت کە بەرپەرچی ئەم سیاسەتەیان دەدایەوە کە: خوای گەورە ئەوانەی بەشدار کردووە لەم دەستکەوتەدا کە بە دوای ئێوەدا دێن، ئەگەر بەشی بکەم (بەسەر ڕزگارکەرەکاندا) هیچ نامێنێتەوە بۆ

(١) الخراج ی ئەبو یوسف ل ٤٢، الأموال ی (أبوعبيد) ل ٢٧٧.

(٢) ئەبو دواد ٣/٣٧٥ ف (٢٩٦٦) الخراج، ئەبو یوسف ل ٢٦، الأموال ی ئەبو عوبەید ل ٢٢.

دوای خۆتان، ئەگەر بمێنمەوە شوان لە (صنعاء)دا لـەم دەسـتکەتەی پێدەگات بێئـەوەی دڵۆپـێ خـوێنی بـڕژێو مانـدوبێ).[1] هـەروەها فـەرمووی: (بـە خـوا ئەگـەر بمێـنم وادەکـەم بێوەژنـەکانی عێـراق پێویستیان بە هیچ ئەمیرێکی دوای من نەبێ).[2]

عومەر بۆ منـاڵی شـیرەخۆرەو کۆرپـە موچـەی جـێگیری بڕیـەوەو فەرمووی: (بەو خوایەی هیچ پەرستراوێکی نیە، هەموو کەسـێك لـەم سامانەدا مافی هەیە، منیش تیایدا وەکو یەکێك لە ئێـوەم، بـە خـوا ئەگەر بمێنم شوان لە شاخی (صنعاء)ەوە بەشی خۆی لەم سامانە دەباو هەر لە شوێنی خۆیدایە پێش ئەوەی ڕووی سوور هەڵگەڕێ، بۆ مناڵی کۆرپـە هـەر بـە لـە دایکبـوونی سـەد درهـەمی پـێدەدرا، ئەگـەر پێبگەیشتایەو گەورە بوایە دەیگەیاندە دووسەد، کاتێکیش دەگەیشتە بلوغ زیادی دەکرد، پاشان فەرمووی: (ئەگەر بژیم هەموو خەڵکی وەك یەك لـێدەکەم تاوەکو لە پێبەخشیندا وەك یـەك بـن)،[3] حەسـەنی کوڕی عەلی ﷺ فەرمووی: (بەشی مناڵی کۆرپە لەو کاتەوە پێویسـت دەبێ کە دەست دەکات بە قیژەقیژ).[4]

ئەم سیاسەتەی عومەر ﷺ بـووە ڕێگـر لـەوەی لـە نێـو دەوڵـەتی

---

(١) الخراج ی ئەبویوسف ل ( ٢٤ و ٤٦).

(٢) الخراج ی ئەبو یوسف ل (٣٧).

(٣) الخراج ی ئەبو یوسف ل (٤٦)، الأموال ی ئەبو عوبەید ل (٢٢٦ – ٢٢٧).

(٤) الأموال ی ئەبو عوبەید ل (١٣٩)، واتە بەوەی تەنها بە زیندوویی لە دایك بێ ئەوە پێویست دەبێ بۆی.

ئیسلامیدا دەرەبەگایەتی بەرپاببێ، وەمافی تەواوی تاکەکان بپارێزێ، لە ســـەرەتاوە عومەر وەك یەكی نەدەدا بە خەڵکی، پاشان گەڕایـەوە بـۆ یەکســـانییەکەی ئەبوبـەکر، هـەروەها عـەلیش ﷺ ئەمـەیانی گرتەبەر.(١)

ئەبوبەکر وای دەبینی کە هەموو مسوڵمانان کوڕو نەوەی ئیسلامن، ئەم سامانەش میراتییە بۆ ئەوان، هەربۆیە وەك یەك بەشدارن تیایـدا، هەرچەند هەنـدێکیان لـە ڕووی پێشـینەیەتیو سەرخسـتنی دینـەوە باشترن لە هەندێکی تریان.(٢)

دابینکارییە داراییە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت نا مسـوڵمانەکانی نێو دەوڵـەتی ئیسـلامی گرتبـۆوە، لـەم قۆناغـەدا کـە نمایندەیـەتی ڕێنماییەکانی ئیسلامی دابـەزێنراوی دەکـرد، عومـەر جولەکەیـەکی هەژاری بینی داوا لە خەڵکی دەکا، پێی ووت: (چی ناچـاری ئەمـەی کردووی؟ ووتی: سەرانەو پێویسـتی پیرێتـی، عومـەر ﷺ فـەرمووی: بەخوا دادگەرو بە ویژدان نەبووین لەگەڵیـدا، کـاتی لاویتییەکـەیمان بردووە، پاشان لە پیرێتییەکەیدا ڕیسـوای دەکـەین،: (إنما الصـدقات للفقراء والمساكين)، ئا ئەمە لە هەژاری خاوەن کیتابەکانـە، سـەرانەی لەسەر ئەوو هاوشێوەکانی لابرد، بە خەزێنەدارەکەی فـەرموو: چـاوت

---

(١) الأموال ی ئەبو عوبەید ل ٢٧٨.

(٢) الأموال ی ئەبو عوبەید ل ٢٧٨.

لەمەو هاووێنەکانی بێ)،[1] فەرمانیدا ڕۆزیان بۆببڕێتەوە.[2]

خالیدی کوڕی وەلید رضي الله عنه سـولْحی لەگـەڵ حیرەییـی یەکانـدا کـرد لەسەر ئەوەی کە: (هەر پیرێك توانای کارکردنی نـی یـە، یـا تووشـی بەڵاو ئافەتێك بووە، یاخود دەوڵەمەند بووەو هـەژار کـەوتووەو خـاوەن قەرزەکانی خێری پێدەکەن، ئەوا سەرانەی لەسەر لابـبرێ، لـە خانـەی سامانی مسوڵمانان خۆیی‌و خاوو خێزانی یارمـەتی دەدرێـن، تـا ئـەو کاتەی لە وولاتی کۆچ‌و لە وولاتی ئیسلامدا جێگیرە، ئەگـەر دەچـوون بۆ دەرەوەی وولاتی کۆچ‌و وولاتی ئیسـلام ئـەوا بـەخێوکردنیان لەسـەر مسوڵمانان نیە).[3]

عەلی کوڕی ئەبوتالیب‌و موعاویە رضي الله عنهم چەندین بڕە پارەی تایبـەت‌و موچەیان بڕیبووەوە بۆ گیراوەکـان لـە بەندینخانەکانـدا وە پۆشـاکیان دەدانی‌و نەفەقەیان دەکردن)،[4] بەهەمان شێوە عەلی رضي الله عنه بـڕە پـارەی تایبەت کراوی ئەو کەسانەی دەدا کە دژی ڕاپەڕیبوون‌و لـە فـەرمانی دەرچـوو بـوون، وە مافـە دارییـەکانی نـەبڕیبوون، لەگـەڵ ئـەوەی

---

(٣) الخراج ی ئەبو یوسف ل (١٦٢)، وە کەسی سەنەدەکەی جێی متمانـــەن، الأموال ل (٤٦و٥٠).

(٤) سەیری الدرر المنثوری سیوطي بکە لە ڕاڤەی ئایەتی ژمارە (٦٠) لە سورەتی تەوبـە ( إنمـا الصـدقات للفقـراء والمسـاکین) هـەروەها ابـن جریـری طـبري لـە تەفسیرەکەیدا، الأموال ی ئەبو عوبەید ل (٤٦).

(١) الخراج ی ئەبو یوسف ل (١٤٤).

(٢) الخراج ی ئەبو یوسف ل (١٤٩ – ١٥٠).

نوێنەرایەتی حیزبێکی نەیاری سیاسەتەکانی ئەویان دەکـرد، نـەیاری فیکرو بیروباوەڕیشی بوون، چونکە ئەوان بەکافریان دادەنا، عەلی پێـی ووتن: (سێ مافیان لەسەرمانە... لە دەستکەوت بەشیان بدەین تا ئەو کاتەی دەسیان لەگەڵ دەستماندایە).[1]

ئەبوعوبەید فەرمویەتی: (عەلی دیدی وابوو کە خـەواریج مافیـان هەیە لەم دەستکەوتەدا تا ئەو کاتـەی بـە ئاشـکرایی دژبـە خـەڵکی دەردەچن، ئەو لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی جنێوی پێ دەدەن، بەڵکو زیـاتر لە جنێویشی پێدەدەن، (واتە کافری دەکەن) لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوان لەکاروبارو هەڵسوکـەوتو دانیشـتنیاندا لەگـەڵ مسـوڵمانان بـوون تاوەکو پاشتر بە تەواوی دەرچوون).[2]

ئەم موچە تایبەتانە مانگانەبوو، هەروەك عومەری کوڕی خـەتتاب وای کرد، ئەوەبوو موچەو ڕۆژی مانگانەی دەدایە خەڵکی بـە پیـاوانو ئافرەتانەوە،[3] عومەری کوڕی عەبدولعەزیز موچـەو بەخشـینەکانی خەڵکی دەدا، جا ئەگەر لە خانەی ساماندا زیادە بمایەتەوە، ئەوا قەرزی قەرزارەکانی پێدەدایەوە، ئەگەر لـەوەش زیـاتر بوایـە دەیـدا بەوانـەی دەیانویسـت کچـە عـازەب مـارە بکـەن بـە ئەنـدازەی پێویسـتی هاوسەرگیریان، ئەگەر زیاتر بوایە فەرمانی دەکرد بە سەلەم (تسليف)

---

(١) الأموال ل (٢٤٥) بە سەنەدێکی سەحیح.

(٢) الأموال ل (٢٤٥).

(٣) الأموال ل (٢٤٥).

بدرێ به پەککەوتووەکانی ئەهلی ذیمە تاوەکو بتوانن بەو سامانە کشتیاری زەوییەکانی پێبکەن، بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بکەن، ماوەی دانەوەشی ساڵێك یا دووساڵ بوو.(١)

له هەموو ئەمانەدا عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ سەرمەشقی بوو، زوهری نوسراوێکی نووسی بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە بە درێژی باسی زەکاتو ئەوانەشی پێی دەشێت کردبوو، لەوانەش باسی نەخۆشی درێژ خایەنو پەککەوتەو هەژارانی کردبوو، تاوەکو ڕێبوارانو ئەوانەی خانوبەرەو کەسوکاریان نیە، بۆ ئەوەی جێی حەوانەوەو خواردەمەنییان بۆ دابین بکرێ لە خانوبەرەی دیاریکراودا بە شێوەیەك ئەگەر ڕێبوار پێیدا تێپەڕی پەنای بۆ ببا).(٢)

هەموو ئەوەی ڕابورد تەئکید لەسەر چەسپاویو ڕونێتی هەردوو بنەمای عەدالەت له قەزاو یەکسانی لە بەخشیندا دەکەنەوە، وە تەئکیدن لەسەر ئەوەی ئەم دووانە دیارترین بنەمای گوتاری سیاسی بوون لە قۆناغی یەکەمدا.

لەڕاستیدا هەڵوێستی خەلیفەکانی ڕاشدین لە دارایی سامان، وە سیاسەتی ئەوان لە سەرفو خەرج کردنیدا بەم شێوەیەی کە هەبووە لەسەر بناغەی دادگەریو یەکسانی دامەزرابوو: کە بەڵگەن لەسەر ڕیشەداری مافی ئوممەتو حەققانیەتی ئەو لەوەی لەخانەی ساماندا

---

(١) الأموال ل (٢٦٥).

(٢) الأموال ل (٥٧٤).

هەیــە، وە ئیمــام بریکــاری ئوممەتــە بــۆ ســەرفکردنی بــە پێــی بەرژەوەندیەکانی، هەروەك شێخی ئیسلام ئـیبنو تەیمیـە فەرمویـەتی: (کاربەدەستی سامانەکان بۆیان نیە بە پێی ئارەزووی خۆیـان دابەشـی بکەن، هەروەك چۆن خاوەن مـاڵ موڵکەکـەی خـۆی دابـەش دەکـات، بەڵکو ئەوان ئەمیندارو نوێنەرو بریکارن، خاوەن موڵك نین).(١)

---

(١) السیاسة الشرعیة ل (٣٩)، ڕامێنە، لە واقعی جیهانی ئیسلامیو عەرەبی بە تایبەت، وە چـۆن یـاری بـە سامانی ئوممـەت دەکـرێ، یـە هـەمان ئـەو شـێوەیەی یـاری بـە ئازادیو کەرامەتی دەکرێ ؟!!!

## ٩- پارێزگـاری کـردن لـه مـافو ئـازادی یـه مرۆیـی یـه فـه‌ردی و کۆمه‌ڵیه‌کـانو پاراسـتنیان:

له‌ڕاستیدا گوتاری سیاسی شه‌رعی دابـه‌زێنراو بنـه‌مای ڕێزگرتنـی مرۆڤی چه‌سپاندووه، ته‌ئكیدی له‌سه‌ر هه‌ره‌پێویستی پاراستنی مـافو ئازادییه مرۆییـه‌كان كردۆتـه‌وه، هـه‌روه‌ك لـه قورئـانو سـوننه‌ت دا هاتووه، له‌وانه‌ش: -

أ/ مافی مرۆڤ له ژیاندا، وه پاراستنی لـه ده‌سـتدرێژی، مسـوڵمان بێت یان نامسوڵمان، قورئان حه‌رامی كردووه ده‌ست درێژی بكرێته سه‌ر خودی مرۆڤ به حه‌رامێكی قه‌تعیو یه‌كلا، مه‌گـه‌ر لـه‌باری تۆڵه‌كردنه‌وه‌و ڕه‌تدانه‌وه‌ی ده‌ست درێژیدا، هه‌ر بۆیـه خـوای گـه‌وره فه‌رمویه‌تی: ﴿وَلا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاّ بِالْحَقّ﴾ (الأنعام: ١٥١) واته: هیچ كه‌سێك مه‌كوژن كه خوا حه‌رامی كردووه مه‌گه‌ر به هه‌قو ڕه‌وا نه‌بێت، ﴿ مَنْ قَتَلَ نَفساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَـا النَّـاسَ جَمِيعـاً﴾ (المائـدة: ٣٢)، ئه‌وه‌ی كه‌سێك به ناهه‌ق بكـوژێو لـه جیـاتی كوژراوێـك نـه‌بێت یاخود گونـاهو خراپـه‌كاری ئـه‌نجام نـه‌دابێت لـه زه‌ویـدا، (وه‌كـو جه‌رده‌ییو ڕێگری و.... هتد) ئه‌وه وه‌ك ئه‌وه وایـه هـه‌موو خـه‌ڵكی كوشتبێ، ئه‌وه‌شی كه‌سێك له مه‌رگ ڕزگار بكـات هـه‌روه‌ك ئـه‌وه

وایە هەموو خەڵکی ڕزگار کردبێو ژیانی پێ بەخشیبێ.

لێرەدا کوشتنی تەنها مرۆڤێك وەك کوشتنی تەواوی خەڵکی وایە لە ڕووی حەرامێتییەوە، وە ژیاندنەوەو زیندو ڕاگرتنی وەك ژیاندنەوەو زیندو ڕاگرتنی تەواوی خەڵکییە، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەواو لە تۆڵەدا نەبێ لە حەوت گوناهە بە هیلاك بەرەکانە، هاووێنەی هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوا [1] سزای کوشتنی نەفس بە ستەمو دەست درێژی، تۆڵەسەندنەوەیە، چونکە تۆڵە سەندنەوە ژیانی هەمو لایەکی تێدایە، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة: ١٧٩) بەوپێیەی سڵەمینەوەیە بۆ مرۆڤ لەوەی پەنابەرێتە بەرکوشتنی ئەوانی تر، بەمەش دەستەبەربوونی ژیانی ئەوانی تر بەدی دێ، لە هەمان کاتدا تۆڵە سەندنەوە هۆکاری زیندو ڕاگرتنی ئەو کەسانەشە کە دەیانەوێ کەسێکی تر بکوژن بەهۆی ئەوەی دەسڵەمێتەوەو دەترسێ لە تۆڵەسەندنەوە، بەمەش ژیان بۆ هەموولا دەستەبەر دەکرێ.

شەریعەت ئەو تاوانانەی دیاری کردووە کە حەدەکەی کوشتنەو بە شێوەیەکی سنوردار کورتی کردۆتەوە، کە ناکرێ تێپەڕێنرێت، دەسەڵات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ناتوانێ ئەو چەند شێوەیە ببەزێنێ، ناکرێ

---

(١) بوخاری ف ژمارە (٢٧٦٦)و موسلم ف ژمارە (٨٩).

مرۆڤ بکوژرێ لەبەر نەیارێتیکردنی بۆ دەســەڵات، تەنانــەت ئەگــەر هەوڵیشیدا دەست درێـژی بکاتــە ســەر پیــاوانی دەســەڵات لــەخوار کوشتنەوە، هەربۆیە دەوڵەتی ئیسلامی لە قۆناغی یەکـەمی گوتــاری سیاسیدا کە ئایینی دابەزێنراوی تێــدا بەجەرســتەیە ئاشــنا نیــە بــە ڕووداوی کوشتنی سیاسی ئەوکەســەی نــەیارێتی دەســەڵاتی کردبــێ، پێغەمبــەر ﷺ پەســندی نــەبووە هــیچ شــتێك بکرێــت بەرامبــەر بەرهەڵســتکارانی خــۆی لــەناو مەدینــەدا، ئەوانــەی ئیســلامەتیان دەردەخستو لە هەمان کاتدا هانی دەرکردنی پێغەمبــەریان ﷺ دەدا لە مەدینــەدا، نــەك هــەر ئەوەنــدە بــەڵکو نەخشــەیان دەکێشــاو بــە جیدییەوە کاریان لەسەری دەکرد، هــەروەك قورئــان هــەواڵی پــیلانو نەخشەکاریەکانیانمان پێدەدا لە فەرمودەی: ﴿ يَقُولُونَ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ﴾ (المنافقون: ٨)، ئــەوان پیــادەی ژیــانی سیاسیانەی خۆیانیان دەکردو لــە کاروبارەکــانی دەوڵــەتی ئیســلامیدا بیروڕای خۆیانیان دەردەبڕی، قورئانیش وەسفی حــاڵی پێغەمبــەر دەکــا لەگەڵیاندا لە فەرمودەی: ﴿وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ﴾ (المنافقون: ٤) .

پیاوێك قسەی ناشرینی بە خەلیفە ئەبوبەکر رضي الله عنه ووت، (أبو بــرزە) ویستی بیکوژێ، ئەبوبەکر زۆر توڕەبوو لە (أبــو بــرزە)، و پێــی ووت: (نەخێر بــەخوا شــتی وا لــە دوای پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــۆ کــەس

نابێت)، [1] پیاوێك مشتی گرتبوو له عوسمـان ﷺ دەیویسـت تـیرۆری بكات، یەكسەر گرتیان، عوسمانیش ڕاوێژی بەهاوەڵان كرد ﷺ (كـەس ڕای لەسەر كوشتنی نەبوو، بۆیە بەرڵڵای كرد)،[2] لەگێڕانەوەیەكـدا هـاتووە كـە هـاوەڵان فـەرمویان: (شـتێكی خراپـی كـردووە، بـەڵام نەتیكوشت، ئەگـەر بتیكوشـتایە دەكوژرایـەوە، عوسمـان ﷺ ئـازادی كرد)،[3] لـە گێڕانـەوەیكی تـردا عوسمـان ﷺ فـەرمووی: (ویسـتی بمكوژێ، بەڵام خـوا نەیویسـت، وازی لـێ‌هێناو نەیكوشـت)،[4] لـە گێڕانەوەیكی تردا هاتووە عوسمـان پرسـیاری لـێ‌كرد، ئەمـە چـیە؟ پیاوەكە ووتی: ویستم بتكوژم، عوسمان پێی ووت: سوبحانەڵڵا، تیاچی، لەسەر چـی دەمكـوژی ؟، كـابرا ووتـی: كاربەدەسـتەكەت لەیەمـەن سـتەمی لـێ‌كردووم، عوسمـان پێـی ووت: ئـەی بۆچـی سـتەم لێكردنەكەیت بۆم بەرز نەكردۆتـەوە ؟ ئەگـەر بـە ویـژدان نەبومایـە لەگەڵتا یا بتم گێڕایەتـەوە بـۆ لای كاربەدەسـتەكەم، ئەوسا ئـەوەت بویستایە لە من، پاشان عوسمـان فـەرمووی: بەندەیـەك هاتـە دڵیـا گوناهێك بكات، بەڵام خوا پاراستی لیم. گێڕەرەوە دەڵێت، بەخوا تەنها

---

(١) سەیری پێشووتر بكە ل (٥٠).

(٢) ابن أبی شبة (١٠٢٦/٣) بە ئیسنادێكی سەحیح.

(٣) ابن أبی شبة (١٠٢٦/٣) بە ئیسنادێكی حەسەن.

(٤) سەرچاوەی پێشوو (١٠٢٧/٣).

قامچییەکی لـێ نەداو بۆ ڕۆژێکیش نەیگرت.[١]

عوسمان ﷺ عەمماری کوڕی یاسری نارد بۆ لای خەڵکی میسر کاتێ نەیارێتی سیاسەتی عوسمانی ﷺ تێدا دەرکەوت، عەممار ﷺ چووە پاڵ نەیارەکان، خەڵکی زیاتر دابەزینە سەر عوسمـان ﷺ، ئـەمیری میسـر ئیبن‌و ئەبی سەرح نوسراوێکی نوسی بـۆ عوسمـان کـە مۆڵـەتی بـدا عەممارو هاوڕێیانی سزابدا یـان بیـانکوژێ، عوسمـانیش بـۆی نوسـی: (خراپترین بۆچونت بووە، بەوەی مۆڵەتت بدەم سزای عەممارو هاوڕێیانی بدەی).[٢]

لە گێڕانەوەیەکدا هـاتووە: (بـە چـاکی هاوەڵێتیـان بکـە، ئەگـەر هاوەڵێتیان کردی، ئەگەر ویستیان بڕۆن‌و سـەفەر بکـەن پێداویسـتی ڕۆشتنیان بۆ دابین بکە، خۆ بپارێزە لەوەی پێچەوانەی ئەمەم پێبگا کە بۆتم نووسی).[٣]

پیاوێك پیاوێکی هێنا بۆ لای عەلی ﷺ لە کاتێکـدا کـە خەلیفـە بوو، وە وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەم پیاوەم بینی قسەی ناشـرینی پێدەوتی، ئەویش فەرمووی: تۆش جنێوی پێبدە، هەروەك بە منـیدا،

---

(١) سەرچـاوەی پێشـوو، بـە ئیسـنادێکی حەسـەن‌و بـە مورسـەلی، هەرئەمـەش ڕاڤـەی تیرۆرکردنـی هەرسـێ خەلیفـەی ڕاشـدینمان بۆدەکا، کـە بریتـی بـوو لـەو ئازادیی‌و خۆنەپارێزییەی خەلیفەکان، یاخود نەبوونی حەرەسی ئاسایش پارێز نەك بە هۆی ستەم‌و زۆرداریەوە کوژرابێتن، وەك هەندێ داخ لە دڵ‌و کینە بازەکان دەیڵێن.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ٣/١١٢٣ بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ٣/١١٢٣ بە ئیسنادێکی حەسەن.

کابرا ووتی: هەڕەشەشی لــێ دەکردی (واتە بە کوشــتن)، عەلـــی ﵁ فەرموی: (کەســێ ناکوژم کە نەمی کوشتبێ).[1]

تەواوی ئەوەی ڕابورد جەخت دەکاتــەوە لەســەر بنــەمای ڕێــزداریو شکۆمەندی نەفسی مرۆیی، وەدەسەڵات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا مــافی ئەوەی نیە کوشتنی کەسێك حەڵاڵ بکا یا سزای کەســێك بــدا یــاخود تەنگ هەڵچنێ بە نەیارە سیاسییەکانی تەنها لەبەرئــەوەی نــەیارێتی فەرمان ڕەواو سیاسەتەکانی ناکەن یاخود ڕەفزی بڕیارەکانی دەکەن.

(١) ابــن أبــی شــیبة لــە (المصــنف ٤٦٤/٧)دا، الأمــوال ی ئــەبو عوبەیــد ل ٢٤٥ بــە ئیسنادێکی سەحیح.

## ب- مافـــی مرۆڤـ لە ئازادی دا

ئەمە لەکاتی دەرکەوتنی ئیسلام دا ڕوون و ئاشکرابووە بەوپێیەی ئیسلام بانگەشەیەك بووە بۆ ئازادی مرۆڤەکان بە چەمکە گشتگیرەکەی، شایەتی دانی ئەوەی هیچ کەس جگە لە خوا شایەنی پەرستن نیە، (شهادة أن لاإلە إلا اللە) نەرێ کردنێکی ئاشکرای سەرجەم جۆرەکانی کۆیلەیەتی و مل کەچیە بۆ جگە لە خوای گەورە: ﴿وَلا يَتَّخِذ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾(آل عمران:٦٤).

تەواوی خەڵکی لەمرۆڤایەتی بوون و ئازادیدا یەکسانن، بەندایەتی تەنها بۆخوایە، کەس سەروەرێتی بەسەر کەسی تردا نیە، گەورەی ڕاستەقینە تەنها خوای گەورەیە، هەرئەوە، ڕێزی مرۆڤی گرتووە، : ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ (الاسراء: ٧٠)، وە مرۆڤی کردووە بەجێنشینی خۆی لەسەر زەویدا: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ (البقرة: ٣٠) .

هەربۆیە پێغەمبەر ﷺ لە زۆر فەرمودەیدا تەئکید لەسەر ئەم واتایە دەکاتەوە، هەروەك لە فەرمودەیەکیدا ﷺ هاتووە (السيد الله تبارك وتعالى)، [1] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی سەروەرێتی ڕەها هی

---

(١) ئەبو دواد گێڕاویەتیەوە (٥/١٥٤)، ف (٤٨٠٦)، وە ئەحمەد(٤/٢٥،٢٤) لە الفتح (٥/١٧٩)، وتویەتی: کەسەکانی جێمتمانەن زیاد لە یەکێکیش بە سەحیحی داناوە، خەتابی وتویەتی هەروەك لە پەراوێزی ئەبودود دا دەڵێ:( السيد خوایە، مەبەست لەوەیە گەورەیەتی ڕاستەقینە هی خوایە).

خوایە، مرۆڤەکان هەموویان بران هیچیان گەورەتر نین لەوانیتریان.

هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (کەستان نەڵێ: بەندەکـەم، کەنیزەکەکەم، هەمووتان بەنـدەی خـوان، هــەموو ئافرەتــەکان (إمــاء الله)ن، بەڵکو بڵێن: ڕۆڵەکەم، کچەکەم، کوڕەکەم)،[1] خەتتابی دەڵێ: (هۆکاری نەهێشتنەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مرۆڤ دروســتکراوەو ڕێی بۆ ئاسانکراوە تاوەکو بە دڵسۆزییەوە یەکتاپەرستی خوا ئەنجام بداو واز لەهاوبەش بۆدانانی بهێنێ، هەربۆیە باش نیە لەناویشیدا وەك یــەکی پیشان بدرێ، بۆئەوەی نەچــێتە نێــو واتــای هاوبەشــی پەیداکردنــەوە، ئازادو کۆیلە لەمەدا جیاوازی نیە)[2] ئەسڵ ئازادییە لە مرۆڤــ دا — تەنانەت ئەگەر کرابە کۆیلەش، هەربۆیە فەقیهەکان ڕێسای ئەسڵ لــە مرۆڤدا ئازادیە -الأصل في الانسان الحرية- یان بڕیــاردا، ئیســلامیش کە هات بانگەشەی کرد بــۆ ئــازادکردنی کۆیلــە، ئەوەشــی کــرد بــە گەورەترین هۆکاری نزیك بونەوە لە خوای گەورە، هەروەك کردیە هــۆی سڕینەوەی زۆرێك لە گوناهەکان، وەفەرمانی بە موکاتەبەدا[3] بۆ ئــەو کەســانەی دەیانــەوێ ئــەنجامی بــدەن لــە پێنــاوی ئازادبوونیــان لــە کۆیلەیەتی، هەروەها خــوای گــەورەش فــەرمانی داوە بەگــەورەکانیان

(١) بوخاری ٥/١٧٧ ف ٢٥٥٢، موسلم ٤/١٧٦٤، ف ٢٢٤٩، دەربڕینەکە هی موسلمە.

(٢) فتح الباری ٥/١٧٩.

(٣) موکاتەبـە گرێبەسـتێك بـووە لـە نێوان گـەورەو کۆیلەکەیـدا، لەسـەر ئـەوەی کۆیلـە سامانێکی دیاریکراو بدا بۆ ئەوەی ئازاد بێت.

هاوکاری داراییان بکەون لەوڕووەوە تاوەکو بتوانن خۆیان ئازاد بکـەن، هەروەك خوای گەورە فەرمویـەتی: ﴿فَكَـاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْـتُمْ فِـيهِمْ خَيْـراً وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ (النـور: ٣٣) زۆرێك لە زانایان وای بۆ دەچن کە واجبە خاوەن کۆیلە موکاتەبـە بکـا بـۆ کۆیلەکـەی ئەگـەر کۆیلە داوای کرد وە پێویستە لە سامانی خۆی هاوکاری بکات تاوەکو ئازادبێ).[1]

عومـــەر هەرســـتی بەمەبەســـتەکانی ئیســـلام کردبـــوو لـــەم بانگەشـــەیەدا، هەربۆیـــە ئـــازادکردنی تـــەواوی کۆیلـــە عەرەبـــەکانی ڕاگەیاند هەر لە سەردەمی نەفامی یەوە تاکو ئەوکاتە، ئەمەش یەکەم بزافی ئازادکردنی کۆیلەبوو، کە جیهـان پێـی ئاشـنا بـووە، عومـەر بڕیتیەکی دەدا بۆ هەرکەسێ کە کۆیلەیەکی عەرەبی لابوو وە پابەندی کردن بەوەی ئازادیان کەن[2] بەمـەش تەواوی عـەرەب ئـــازاد بـوون، پاش ئەوەی هەر لە ســـەردەمی نەفامییـــەوە کۆیلـەیان تێـدابو، بـە هۆی جەنگـــەکانی نێوان خۆیـانو دیلێتییـــەوە، ئیسـلامیش هـاتو ئازادی کردن.

بەمەش عەرەبە مسوڵمانەکان یەکەم نەتەوەن لـەناو خۆیانـدا لـە کۆیلەیەتی ڕزگاریان دەبێ، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی ئەم سیاسەتەی بە

---

(١) سەیری (جامع القرطبي) ١٢/٢٤٥ – ٢٥٢ بکە.

(٢) سـەیری الأمـوال ی ئـەبو عوبەیـد ١٤٧ – ١٧٨ بکـە، وە (مسـند)ی ئەحمـەد ١/٢٠، ئەحمەد شاکر ووتویەتی (ئیسنادەکەی سەحیحە).

شــێوەیەکی ئیلزامـــی بــۆ ناعەرەبــەکان پیادەنــەکرد، لەبەرئــەوەی نەتەوەکانی تر لە بارودۆخی جەنگدا بوونو هەردیلێکیان لــە عــەرەب بگرتایــە دەیــانکرد بــە کۆیلــە، بارروودۆخەکــەش هــەڵسو کــەوتی هاوبەرامبەری دەخواســت، هــەر بۆیــە ئەگــەر مســوڵمانان پــەیمانیان لەگەڵ ئوممەتێکدا هەبوایە کــە نابــێ کۆیلــەیان لــە نێوانــدا هــەبێ، ئەبوایە پابەندێتی پێوە دەربــڕیایەو حەرام دەبــوو کەسیان لـــێ بــە کۆیلە بکرێ، هەربۆیە قاسم لــە مالکــەوە دەگێڕێتــەوە کــە: (ئەگــەر پەیمان لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەبوو، ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا بــوون کە لەگەڵیان نەجــەنگێینو وە کۆیلــەیان لـــێ نــەگرین، ئــەوەش لــە بەرامبەر پێدان یا نەدانی شتێکدا بوو، ئەوا لەم بارەدا دروســت نیــە (کۆیلە) یان لــێ بکرین، هەروەها ئەگەر ئەوان کۆیلــەی ســوپایەکی جەنگ کەری تریان گرت کەئێمــە پــەیمانمان لەگــەڵیان نــەبوو، ئــەوا حەرامە ئەو کۆیلانەیان لــێ بکرین ئەگەر لە نێــوان ئێمــەو ئەوانــدا پەیمان هەبوو کە نابێ کۆیلەکردن لە نێوانماندا هەبێ).(١)

ئیسلام بە تەواوەتی بە کۆیلەکردنی حەرام کردووە چ بە فرۆشتن بــێ یاخود لە بری قەرزاربوون، زانایان کۆن لەسەر حەرامیو یاساغی ئەم

(١) المدونــة ٢٧٤/٤، لەســەر ئــەم بناغەیــە پێویســتە پابەنــدێتی بــەو بەڵگەنامــە نێودەوڵەتیانــەوە دەربــبڕین کــە ڕێگــری لەکۆیلەیــەتی کــردن دەکــەن، چــونکە ئــەو بەڵگەنامانــە ڕێكو ڕاســتە بــە مەبەســتەکانی شــەریعەتی ئیســلامی کــە خواســتو شەیدای ئازادکردنی مرۆڤە لە کۆیلایەتی.

کاره، لەبەرئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرمویەتی: (قال الله تعالى: ثلاثة أنا خصمهم يوم القيامة: رجل باع حراً فأكل ثمنه، ورجل استأجر أجيراً فاستوفى منه ولم يعطه أجره...)، [1] واتە خوا فەرمویەتی سێ کەس من لە دوارۆژدا دوژمنیانم: پیاوێك کەسێکی ئازاد بفرۆشێو نرخو بەهاکەی بخوات، وە پیاوێکی تر کرێکارێك بەکرێ بگرێتو کارەکەی پێبکاتو پاشان کرێکەی نەداتێ.....) .

هەروەك خوای گەورە یەکێك لەو هەشت بەشەی شایستەی پێدانی زەکاتنو زەکاتیان پێدەدرێ بۆ ئازادکردنی کۆیلەو بەندەیە: (وفي الرقاب) واتە لە پێناوی کڕینی کۆیلەو ئازادکردنیدا لەسامانی زەکاتو لە خانەی سامانی مسوڵمانانی پێدەدرێ). [2]

هەموو ئەمانە تەئکید دەکەنەوە لەسەر گرنگی ئازادی لەشەریعەتی ئیسلامیدا، چونکە مەبەستە بەندایەتی بۆهیچ کەس نەکرێ تەنها بۆ خوای تاكو تەنها نەبێت، هەربۆیە عومەر ﷺ ووتە بەناوبانگەکەی فەرموو: (لە کەیەوە خەڵکیتان کردووە بە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایك بوون)، [3] ئەمەی وەك بەرگرییەك ووت لە (قبطي)یەکی مەسیحی کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەودابوو.

ئازادی مرۆڤ خوازیاری ئەوەیە کە کۆتو بەند لەسەر هەڵسو

(١) البخاري (٤/٤١٧) ف (٢٢٢٧).
(٢) سەیری الأموال ی ئەبو عوبەید ل (٥٧٣ – ٥٧٤) بکە.
(٣) مناقب عمرى ابن الجوزي ل (٧٢).

کەوتەکانی نەبێ، وە دەسەڵات بۆی نەبێ ڕێگـری لـە هـەرکارێ بکـا مەگەر کارەکە یاساغ بێ یاخود سەربکێشـێ بـۆ زیـان گەیانـدن بـە بەرژەوەندی گشتی یاکەسانی تر.

هەروەك چۆن حەرامە مرۆڤ بە هـۆی قەرزارییـەوە بکرێتـە کۆیلـە بەهەمان شێوە حەرامە بەهۆی قەرزارییـەوە بگیرێـت ئەگـەر توانـای دانەوەی نەبو لەبەر فەرمودەی خوای گەورە: ﴿وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ﴾ (البقرة: ٢٨٠) واتە: ئەگەر قەرزارەکە نەداربوو ئەوا مۆڵەتی بدرێ تادەرووی لـێ دەکرێتەوە، زانایانیش کۆکن لەسەر ئەمەو لەگەڵ ئەوەدان دروست نیە کەسێ توانای قەرزدانەوەی نەبێ حەبس بکرێت بە پێچەوانەی کەسێکەوە کە هەیەتیو دوای دەخاو قەرزکوێرە، ئەمە ئەو شتەیە کە بەڵگە نامەکانی مافەکانی مرۆڤ لە هـەوڵ دان بۆئـەوەی پێی بگەنو بڕیاری لەسەردەن، بەڵام نەیان توانیوە !

لەڕاستیدا ئازادی مرۆڤ دەخوازێ هیچ کۆتێك لەسەر ئازادییەکـەی دانەنرێو هیچ جۆرێك لەجۆرەکانی زۆرلـێکردن نەیگرێتەوە، هەربۆیە ئیسلام دانی ناوە بە بنەمای (لا إكراه في الدين) زۆرکردن لە ئـایین دا نیە، ئایینیش بە چەمکە گشتییەکەی واتای گوێڕایەڵیو مـل کەچـی دەگەیەنێ.

دروســت نیــە دەســەڵات تاکــەکانی بــەهێزو زۆر، ملکەچـی گوێڕایەڵیکردنی بکا، یـاخود پابەنـدیان بکـا بـە بۆچـونێك یـاخود تێڕوانینێکەوە، بەڵکو مرۆڤ ئازادە لەوەدا کـە بـاوەڕ دێنـێ یـان نـا،

﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ (الكهف: ٢٩) واتـه: ئـەوەی دەیـەوێت باباوەڕ بهێنێـتو ئـەوەی دەیـەوێت باکـافرو بێباوەڕبێت، ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (یونس: ٩٩) واته: ئایا تۆ دەتەوێت زۆر له خەڵك بکەیت بۆ ئەوەی بـڕواداربن وه ئـازادی هەیه لەوەدا شوێنی ئەو ئایینه بکەوێ کەمل کەچەو گوێڕایەڵه بـۆی ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ (الكافرون: ٦) (١) واته: ئایینی خۆتان بۆ خۆتانو ئاینی خۆم بۆخۆم.

هەروەها مرۆڤی مسوڵمان له دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆی هەیـه لـه کاروباره تایبەتیەکانی کۆمەڵو تائیفەکـەی خۆیـدا داوەری ببـات بـۆ شەریعەتی تایبەتی خۆی لەبەر فەرمودەی خوای گەوره: ﴿فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ (المائدة: ٤٢) (٢) واته: ئەگەر کێشەیەکمان هێنایەلات ئەوا حوکمیان بکه یاخود گوێیان پێمـەدەو بیـده دەسـتی خۆیان، هەروەها مرۆڤ له سایەی شەریعەتی ئیسلامیدا مافی ئازادی موڵکداریو کڕینو فرۆشتنو بازرگانیو گواسـتنەوەو کـارو وەرگرتنـی کرێی گونجاوی کـاری هەیـه، لەبـەر فـەرمودەی خـوای گـەوره کـه

(١) ئازادی بیروڕا ئەوه ناگەیەنێ مسوڵمان مافی ئەوەی هەبێت هەڵگەڕانەوەی خۆی به ئاشکرا ڕابگەیـەنێ، چونکه ئـەم ڕاگەیاندنـه تەشـەرەدانی ئاشـکرایه لـه ئـایینی ئیسـلامیو دەسـت درێـژی کردنـه بـۆ سـەر بیروبـاوەڕی ئوممـەت، بـەڵام ئەگـەر کافربونەکەی به پەنامەکی بوو، ئەوا دەسەڵات هیچی بەسەریەوه نابێ به هـەمان شێوەی دووڕووەکانی مەدینه.

(٢) سەیری تفسير القرطبي بکه (٦/١٨٥).

دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ﴾ (هـود: ٨٥) شــتی خــەڵکی بەکەم مەگرن‌و بەکەمی مەزانن، وەلەبەر چەندین فەرمودەی تری وەك: (أعطوا الأجير أجره قبل أن يجف عرقه) [(١)] کرێی کرێکار بـدەن پـێش ئەوەی عارەقی ووشك بێتەوە، هەروەها ئازادی ڕادەبــڕین‌و ڕەخنــەکردنی دەسەڵات (وأن لصاحب الحق مقالاً) خاوەن ماف قســەی خــۆی هەیــە، (وان نقول الحق أينما كنا، لانخاف لومة لائم) [(٢)] وە ڕەواو هەق بڵێین لە هەر کۆێیەکدا بووین، لە سەرزەنشــتی سەرزەنشــت کــاران نەترسـین، وەبۆی هەیە هەر فەرمانێکی دەسەڵات پەسەند نەکا ئەگەر پێچەوانەی بیروباوەڕی بوو وە بە حەرامی دەزانی لەبەر فــەرمودەی: (إنمــا الطاعــة بالمعروف – گوێڕایەڵی کردن لە چاکەدایە) هــەروەها مــافی ئەوەشــی هەیە سەروەت‌و سامانی بە حــەزو ئــارەزووی خــۆی ببەخشــێ، لەبــەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لايحل أخذ مال أمــرئ إلا بطيــب نفس منه) [(٣)] واتە حەڵاڵ نیە سامانی هیچ کەسێ ببردرێ ئەگــەر بــە ڕەزامەندی خۆی نەبێ، وە لەبەر ئەو فەرمودەیــەی خــوای گــەورە کــە دەفەرموێ: ﴿لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾(النساء: ٢٩) واتە: ماڵ‌و سامانی یەکتر بە ناهــەق‌و بــەبێ

---

(١) ابـن ماجـة گێڕاویـەتی‌یـەوە، ف ژمـارە (٢٤٤٣)، والبيهقـي (١٢١/٦) وە ئـەلبانی لـە (الإراء)دا بە (صحيح)ی داناوە (١٤٩٨).

(٢) سەیری پێشوتر بکە .

(٣) ئەحمـەد گێڕاویـەتی‌یـەوە، وە ئـەلبانی لـە (الأرواء)دا ئـەم فەرمودەیـەی بـە (صحيح) داناوە بە ژمارە (١٤٥٩).

بەرامبەر مەخۆن لە نێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانییەك بێت‌و لەسەر ڕەزامەندی هەمووڵایەكتان بێت

هەروەها مافی ئەوەی هەیە سەر بە هەر حیزب یا كۆمەڵێك بێت كە دەیەوێ، جا ئەگەر دروست بێ بۆ نامسوڵمان لە سایەی شەریعەتی ئیسلامیدا ئینتیما بكا بۆ ئاینەكانی ترو داوەری ببات بۆ شەریعەت‌و ڕێسا ئاینییەكان‌و سەركردەكانیان، ئەوا ئینتیماكردن بۆ كۆمەڵە فیكری‌و سیاسییەكان لە ڕوویەكی ترەوە لەپێشترە، هەرلەبەر ئەم هۆیەیە عوسمان‌و عەلی ﵄ ڕێگر نەبوون لەوەی ئینتیما بكرێ بۆ كۆمەڵە سیاسی‌و فیكرییەكانی وەك خەواریج، ئەوەبوو عەلی ﵁ وای نەدەبینی كە بۆی هەبێ ڕێگری ئەم جۆرە ئینتیماكردنە بكا، تا ئەوكاتەی پەنا نەبەنە بەر هێز دژ بە دەوڵەت، لەبەر ڕوونی بنەمای (لاإكراه في الدين)، مەبەستیش لە دروستی (الجواز) و ماف (الحق) لێرەدا دروستی‌و مافی قەزائین، كە دەسەڵات ناتوانێ زەوتیان بكات‌و دەستیان بەسەردا بگرێ، نەك دروستی لە ڕووی دیانەت‌و فەتواوە، چونكە حەرامە ئینتیما بۆ خەواریج‌و گروپە بیدعەییەكان بكرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هاوەڵان هیچ ڕێو شوێنێكیان بۆ خۆیانە نەدیەوە كە ڕێگری ئەم جۆرە ئینتیماكردنە بكەن، لەبەر فەرمودەی خوای گەورە (لاإكراه في الدين)، وە لەبەر كۆڕای هاوەڵان ﷺ لەسەر ئەوەی دەستكاری خەواریجەكان نەكرێ تاوەكو ئەوان بەشیر هەڵنەكوتنە سەر خەڵكی.

ئەوا لەپێشترە، بوترێ دروستو ڕەوایە ئینتیما بکرێ بۆ ئەو کۆمەڵە سیاسیانەی بەرنامەی چاکسازی ئەخەنـە ڕوو، وە هـەوڵ دەدەن بگەنـە دەسەڵات لە ڕێو شوێنی ئاشتیانەوە بێ ئەوەی پێکدادانیان هـەبێ بـۆ ئایینی دەوڵەت، ئەمەش وەك ئەو مافەی مرۆڤ وایـە کـە لـە مـاڵی خۆیدا چی بیەوێ دەیکا، وە دروست نیە دەوڵەت جاسوسی لەسەر بکـا یاخود ئەو مافــەی لـــێ زەوت بکـا، هەرچـەندە لـە ڕووی دیانـەتو ئایندارییەوە حەرامە لە ماڵی خۆیدا ئەو شتانە ئەنجام بدا کە لە ڕووی شەرعەوە حەرامە.

هەروەها مرۆڤ مافی پەسەندنەکردنی سـتەمو بەرهەڵسـتیکردنی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە دەسەڵاتیشەوە بێت، لەبەر فەرمودەی: (مـن قتل دون ماله فهو شـهيد)[1] واتـە هەرکەسـە بـۆ بـەرگریکردن لـە سامانەکەی بکوژرێ شەهیدە.

هاوڕێی بەڕێز، عەبدوڵڵای کوڕی عـەمری کـوڕی عــاص ﷺ ئـەم فەرمودەیــەی کــردە بەڵگــە، لەوکاتــەی ئــەمیری مەککــەو طــائف عەنبەسەی کوڕی ئەبوسوفیان جۆگەیـەکی ئـاوی ڕاکێشـابوو تـاوەکو زەوییەکەی پی ئاو بدات، بەمەش لە بێستانو باخەکـەی عەبـدوڵڵای کوڕی عەمر نزیك ببویەوە، عەبدوڵڵاش ڕێگری کردو چەكو پشتیوانو هاوپشتەکانی خۆی هێناو بە ئەمیری ووت: (بە خوا تاکە کەسـێکمان

(١) بوخاری بە (الفتح)ەوە (١٢٣/٥ ف ٢٤٨٠)، وە موسلم ١٢٤/١ ف ١٤١.

مابێت ناهێڵین دیواری بێستانەکەمان کون بکەن، خالیدی کوڕی عاص چوو بۆلاییو ئامۆژگاری کرد، عەبدوڵڵای کوڕی عەمریش فەرمودەی (من قتل دون ماله فهو شهيد)[1]ی کردە بەڵگە، پرسیار لە پێغەمبەر کرا ﷺ سەبارەت بەدەست درێژیکردنی دەسەڵات لە وەرگرتنی زەکات دا، ئەویش فەرمووی: (من أدّى زكاة ماله، فتعدى عليه الحق فأخذ سلاحه فقاتل فهو شهيد) [2] هەرکەسێ زەکاتی ماڵی خۆیدا، بەڵام ستەمیان لێکردو زیادەیان لێ وەرگرت ئەویش شەڕی لەگەڵ کردن، ئەوا شەهیدە.

پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کردو فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر پیاوێك هاتو دەیویست سامانەکەم ببات؟ فەرموی: سامانەکەتی مەدەرێ، ووتی ئەی ئەگەر شەڕی لەگەڵ کردم؟ فەرمووی: شەڕی لەگەڵ بکە، ووتی: ئەی ئەگەر کوشتمی؟ فەرمووی تۆ شەهیدی، ووتی: ئەی ئەگەر کوشتم؟ فەرمووی: لە ئاگردایە.[3]

سەعیدی کوڕی زەید – کە یەکێکە لەوانەی موژدەی بەهەشتیان پێدراوە – فەرموودەی: (من قتل دون ماله فهو شهيد)ی کردە بەڵگە کاتێك کۆمەڵێك لە قورەیشییەکان هاتنو سەبارەت بە بەشێك لە

---

(١) سەیری دوو سەرچاوەکی پێشوو بکە.

(٢) ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە ٦/٣١٠ وە ابن حبان ف ژمارە ٣١٩٥، و حاکم ١/٤٠٤ وە بە سەحیحی داناوە، زەهەبیش ڕێکە لەگەڵی دا، هەیسەمیش لە (مجمع زاوئد)دا ٧٢/٣ وتویەتی (سەرجەم کەسەکانی کەسی فەرمودەی سەحیحن).

(٣) مسلم ١/١٢٤ ف ١٤٠.

زەوییەکەی قسەیان لەگەڵی کرد، ئەویش فەرمووی: (گوێبیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم دەیفەرموو: (من قتل دون ماله فهو شهيد، ومن قتل دون دينه فهو شهيد، ومن قتل دون دمه فهو شهيد، ومن قتل دون أهله فهو شهيد)، لە گێڕانەوەیکی تردا هاتووە: (من قتل دون ماله فهو شهيد، ومن قتل دون دمه فهو شهيد، ومن قتل دون أهله فهو شهيد).[1]

(ابن المنذر) فەرمویەتی: (زانایان لەسەر ئەوەن پیاو بۆی هەیە بەرگری لەوشتانە بکا کەباسمان کرد، ئەگەر بەستەم دەیانویست لێی داگیرکەن...)[2] لە گێڕانەوەیکی تردا هاتووە: (من أريد ماله بغير حق فقاتل فقتل فهو شهيد)[3] هەرکەسێ بەناڕەوا سامانەکەیان بوێ، ئەویش بجەنگێ لەسەری و بکوژرێ ئەوا شەهیدە.

خەتتابی فەرمویەتی: (ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێ بەرگری لە سامانەکەی یاخود خاووخێزانو کەسوکارەکەی یائاینەکەی بکاو بکوژرێ، ئەوا پاداشت دەدرێتەوەو پلەوپایەی شەهیدەکانی

(١) ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە (١/١٨٧و١٩٠)، وە ئەبوداود، ف ژمارە (٤٧٧٢) وە ترمذي ف ژمارە (١٤٢١)، وە نەسائی (٧/١١٦)، وە ئیبنو ماجە ف ژمارە (٢٥٨٠) بە سەنەدێکی سەحیح.

(٢) فتح الباري (٥/١٢٤).

(٣) أبوداود ف ژمارە (٤٧٧١)، وە ترمذی ف ژمارە (١٤٢٠) وە فەرمویەتی فەرمودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

دەستگیر دەبێ).[1]

ئەبوبەکری سدیق نوسراوی زەکاتی بۆ ئەنەسی کوڕی مالك ئەمیری بەحرەین نوسیو تیایدا هـاتبوو: (ئـا ئەمـه فـەرزی سـەدەقەیە، کـە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مسوڵمانانی داناوە، ئەوەی خـوای گـەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ هەرکەسێ لە مسوڵمانان لەڕێی خۆیەوە داوای کرد با پێـی ببەخشـرێ، هەرکەسـەش سـەرووی ئـەوەی داواکرد باپێی نەدرێ).[2]

(ابن حجر) فەرمویەتی: (واتە هەرکەسێ لەوە زیاتری لـێ داواکرا لە ڕووی تەمەن یـا ژمـارەوە ئـەوا ڕێگـری لـــێدەکری، (رافعـی)ش یەکدەنگی بەهێزی ئـەم ڕایـەی گێڕاوەتـەوە)[3]، دەسـەڵات بـۆی نیـە سامانی خەڵکی بە نارەوا ببات، ئەگـەر کـردی ئـەوا دروسـتە بۆیـان بەرگری لـێ بکەنو لە گوێڕایەڵی دەرچنو بەرگری لەخۆیان بکەن.

(ابن حزم)- پاش ئەوەی فەرمودەکەی عەبدوڵڵای کـوڕی عـەمرو بەسـەرهاتەکەی بـاس کـردووە فەرمودەکـەی ئەبوبـەکری سـەبارەت بەزەکات هێناوە فەرمویەتی: (ئەوەتا پێغەمبەری خـوا ﷺ فـەرمان دەدا بەوکەسەی زۆری لـێ دەکری بە نارەوا سامانەکەی ببرێ، کەنەیـدا پێیان، وە فەرمانی داوە لـە پێناویـدا بجـەنگێ، ئـیتر یـا بـە ڕاسـتو

---

(١) سەیری حاشیه أبو داود (١٢٨/٥) بکە.

(٢) البخاري بە (الفتح)ەوە (٣١٧/٣) ف (١٤٥٤).

(٣) سەرچاوەی پێشوو (٣١٩/٣).

ڕەوانیو ســەرکەوتوویی دەجـەنگێ، یابـەپاکیو شـەهیدی دەکـوژرێ، پێغەمبـەریش ﷺ سـامانێکی لـە سامانێکیتـــر جیانەکردۆتـەوە، لەمەش دا ئەبوبەکرو عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەسـەڵاتو جگـە لە دەسەڵاتیش (لەو مەسەلەیە)دا وەك یەك دەبینن).[1]

هەروەها (ابن حزم) لە ڕوونکردنـەوەی جیـاوازی نێـوان کوشـتاری یاخی بووانو ئەوانی تردا دەڵێ: (هەرکەسێ تەنها لە پێناوی دونیـادا ڕاپەڕێ بەو شێوەیەی یەزیدی کوڕی موعاویەو مەڕوانی کوڕی حەکـەم کردیان وە عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانیش دژ بـە عەبـدوڵڵای کـوڕی زوبەیریش وای کرد، مەڕوانی کوڕی موحەممەدیش لە هەستانیدا دژبـە یەزیدی کوڕی وەلید بەو شێوەیە بوو، هـەروەها ئەوانـەش کـە دژ بـە مەڕوان هەستانەوە هەروابوون، ئەمانە بیانویان نیە، چونکە بـە هـیچ شێویەك تەئویلیان نـەبووە، بـەڵکو دەسـت درێـژیو یـاخی بـونێکی ئاشکرایە، بەڵام ئەوانەی بانگەشە دەکەن بۆ فەرمان بە چاکەو نـەهی کـردن لــە خراپــەو سەرخســتنی قورئــانو ڕێو شــوێنی باشــانو فەرمانڕەوایەتی بە دادگەری، ئەوە دەست درێـژیو یـاخی بـوون نیـە، بەڵکو یـاخی بـوان ئەوانـەن دژایـەتییان کـردوون، بەهـەمان شـێوە هەرکەسێ دەویسترا ستەمی لـێ بکرێو ئەویش بەرگری لە خۆی کـرد جا ئیتر ئەوەی دەیویست ستەمەکەی لـێ بکا ئیمام بوو یا کەسی تـر، ئەمەیان جێی جیاوازی و ناکۆکییە، تاقمێك دەڵێن: دەسەڵات لەمەدا

---

(١) المحلى ١١/٣٠٩.

وەکو ئەوانی تر نییە، دژایەتی دەسەڵات ناکرێ هەرچەندە بیەوێ ستەم بکا، بەڵام کۆمەڵو تـاقمێکی تـر نـاکۆکن لەگەڵیانـدا، وە وتویانـە: دەسەڵاتو جگە لە دەسەڵاتیش لەمەدا وەکویەکن، هەروەك لەڕێگـەی (عبدالرزاق) و لە (معمر)و ئەویش لـە (أيـوب)و (أبـی قلابـة) ەوە گێڕاویانەتەوە کە دەڵێ: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کاربەدەستێکی نارد کە (وهط) [1] وەرگرێ، ئەمە گەیشتەوە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کـوڕی عـاص، ئـەویش خـۆی بـە چـەكو پشـتیوانو هاوپشـتو غولامەکانیەوە ئامادەکرد، ووتی: (من گوێبیسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بووم کە دەیفەرمووە: (من قتل دون ماله مظلوماً فهو شهيد) لە ڕێگەی (عبدالرزاق عن جريج)ەوە هاتووە کە وتویەتی عەمری کـوڕی دینار هەواڵی پێم دا، کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عـاص لـە پێناوی (وهط)دا خۆی ئامادەی جەنگ کردو پاشان فەرمووی: (بۆچی لە پێناویدا ناجەنگێم لە کاتێکدا گوێبیستی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بووم کە دەیفەرمووە: (من قتل دون ماله فهو شـهيد)، (ابـن جـريج) وتویەتی (سليمان الأحول) هەواڵی پێم داوە کـە فەرمویـەتی: کاتـێ ئەوەی لە نێوان عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عـاصو عەنبەسـەی کوڕی ئەبوسوفیاندا ڕویداو هشامی کوڕی موغـەیرەی مەخزومیـە — چوبۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عـاصو دەسـتی کـرد بـە ئامۆژگاریکردنی، عەبدوڵڵای کـوڕی عـەمری کـوڕی عاصـیش پێـی

---

(١) الوهـط : باخچەو زەوی عەمری کوڕی عاص بووە لە (طائف).

ووت: ئایا نازانی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (هەرکەسێ لە پێناوی بەرگری لە ماڵەکەیدا بکوژرێ شەهیدە؟).

(ابن حزم) دەفەرموێ: (ئا ئەوە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصە کە پاشماوەی هاوەڵانەو بەئامادەیی ئەوانی تریان ﷺ دەیەوێ جەنگی عەنبەسەی کوڕی ئەبوسوفیانی کاربەدەستی موعاویەی برای بکا کە ئەمیری باوەڕدارانەو کە فەرمانی دابوو (وهط)ی لێ بسەنرێ، عەبدوڵڵای کوڕی عەمریش وای دەبینی کە لێسەندنی واجب نیە، موعاویەش – بەر بەزەیی خوا بکەوێ – ناچێت بە ئاشکراو بە ستەمکاری ئەو (مافەی) داگیربکا، بەڵکو بێگومان جۆرێك لێکدانەوەو تەئویلی هەبووە لەو ڕووەوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەمریش وای دەبینی کە ئەمە ڕەوا نیەو جلی شەڕی پۆشیو لە ناو هاوەڵانیشدا ﷺ کەس ناکۆكو دژی نەبوو، بە هەمان شێوە لە ئەبوحەنیفەو شافعیو ئەبوسولەیمان و هاوەڵانیانەوە هاتووە کە ئەگەر کەسێك دەرچوو دژ بە ئیمام پرسیاری هۆکاری دەرچونەکەیان دەکرێ، ئەگەر باسی ستەم لێکراویەکەیان کرد ئەوا مافیان پێدەدرێ، ئەگینا داوای گەڕانەوەیان لێدەکرێ، ئەگەر گەڕانەوە ئەوا هیچیان لەسەر نیە، ئەگەر بەرهەڵست بوون شەڕیان لەگەڵ دەکرێو دەکوژرێن، ئەمەیان تەنها وتەی مالکە، کاتێکیش جیاواز دەبن هەروەك باسمان کرد پێویستە ئەو جیاوازییەیان بگێڕنەوە بۆ لای خوای گەورە ئەمەش فەرزێکەو خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى

اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ (النساء: ٥٩)، گەڕاینەوە بۆ قورئان دەبینین خوای گـەورە جیاوازی ناکا لەوەدا پێویستە شەڕی کۆمەڵو گروپی یـاخیو دەسـت درێژکار بکرێ، دەسەڵاتداربێ یا دەرەوەی دەسەڵات، بەڵکو خوای گەورە فەرمانی داوە بـە شـەڕکردن لەگـەڵ هەرکەسێکدا کـە دەسـتدرێژی دەکاتە سەر برای مسوڵمانی بەگشتی تا ئەو کاتـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ فەرمانی خـوای گـەورە، خـواش هیچـی لـێ وون نابـێ، فـەرمودەی پێغەمبەری خواش ﷺ (من قتل دون ماله فهو شـهيد) بـە هـەمان شێوەو بۆ گشتیو هەموانەو دەسەڵاتی لەویتر جیانەکردتەوە.

له قورئانو سوننەتو ئیجماعو قیاس دا هیچ جیاوازیەك ناکرێ له نێوان ئەوەی بیەوێ سامانی کەسێك ببات یـا خـوێنی بڕێـژێ یـاخود دەست درێژی بکاتـە سـەر نامووسـی، یـاخود تـەواوی ئەوانـەی لـە موسڵمانان بوێ، دەست بەرەڵڵاکردنیش لە ئاسـت ئەمانـەدا دروسـت نیەو تیاچوونی دینو خەڵکی تێدایەو خـوای گـەورەش یارمـەتی دەرو پاڵپشتە). [(١)]

لە نێوان حوسەینی کوڕی عەلیو وەلیـدی کـوڕی عەتبـەی کـوڕی ئەبوسوفیاندا ناکۆکییەك دروست بوو لە پێناو سامانێکدا کەلەنێوان هەردوکیاندا بوو لـە (ذي المـروة) وە وادەردەکـەوێ کەوەلیـد بـەهۆی دەسەڵاتیەوە ویستبێتی مافێکی حوسەینی کوڕی عەلی بۆ خۆی ببات، حوسەین پێی ووت: سوێندم بە خوا، یـا ئـەوەتا دادگەرانـە مافەکـەم

(١) المحلى (١١/٩٨ – ٩٩).

پێ‌دەدەی، یاخود شیرەکەم هەڵدەگرم، پاشان لە مزگەوتی پێغەمبــەری خوادا ﷺ دەوەستین، دواتر بانگەشەو داوای (حلف الفضول) دەکەین؟ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش کاتێ گوێی لەم قسەیەی حوسەین بوو — ووتی منیش سوێند دەخۆم بەخوا، ئەگەر بانگەشەی بۆ بکـا شـیرەکەم هەڵدەگرم، پاشان لەگەڵی دا دەوەستین تاوەکو مافەکەی بۆ دەگەڕێتەوە یاخود هەمووومان دەمرین، ئەمە گەیشتە (مسور بن مخرمه بـن نوفـل (الزهري) ئەویش هەمان قسەی کرد، وە گەیشتە عبدوڕەحمانی کـوڕی عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵای تەمیمی هــەمان ووتــەی ئــەوانی دووبــارە کردەوە، کاتــێ ئەمــە گەیشــتەوە وەلیــدی کــوڕی عوتبــە مافەکــەی حوسەینی جێ‌بەجێ‌کرد.[1]

لە تەواوی ئەم مافانەدا جیاوازی نـاکرێ لـە نێـوان مسـوڵمانانو نامسـوڵماناندا لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمویەتی: (لقد شهدت في دار عبدالله بن جدعان حلفاً، ما احب أن لي به حمر النعم، ولو أدعى به في الإسلام لأجبت، تحـالفوا أن يـردوا الفضول على أهلها)[2] دیارە پەیمانی (الفضول)یش لەسەر پشتیوانی کردنو سـەندنەوەی مـافی سـتەم لێکـراوان بـووە لـە سـتەمکارانو

---

(١) ابـن اسـحاق لـە السـيره ١/١٥٥ دا گێڕاویـەتی یـەوە لـە ڕێی ئـەوەوە (ابـن جريـر) لـە (تهذيب الآثار) دا لە ((مسند عبدالرحمن بن عوف) ل ٢١ – ٢٢) دا هێناویـەتی، وە ئیسنادەکەی (صحيح)ە.

(٢) فەرمودەکە بەیهەقی ٦/٣٦٧ بە سەنەدێکی صحيح بە مورسەلی گێڕاویەتی یەوە، بە پێی چەند بەڵگەیەکی تر سەحیحە، سەیری (البداية والنهاية) ٢/٢٧٠ – ٢٧١ بکە.

سەندنەوەی مافی بێدەسەلاتان بووە لە خاوەن هێزەکانو مافی ڕێبواران لە نیشتەجێکان.

(زیاد بن جدیر) – باج گربوو لەسەر ڕوباری فورات – ویستی لە بازرگانێکی زمی نەسرانی دووجار لە هاتنو گەڕانەوەیدا نیوەی دەیەکی لێ وەرگرێ، بازرگانەکەش بە کاروانی خۆی گەیاندەلای عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ و سکالای زیادی بردەلای، عومەریش نوسی بۆ زیاد: کە تەنها یەك جار نیوەی دەیەکیان لێ وەبگرێ، نەسرانیەکەش هاتەوە لای عومەر پێی ووت: من ئەو کابرا پیر(شیخ)ە نەسرانی یە بووم کە سەبارەت بە زیاد قسەم لەگەڵ کردی، عومەریش وەلامی دایەوەو ووتی: منیش ئەو کابرا پیر (شیخ)ە حەنیفییەم کە پێداویستییەکانتم بۆ جێبەجێ کرد.[1]

هەندێ لە خەلیفەکانی بەنو ئومەییە ویستیان هەندێ لە کەنیسەکانی ئەهلی ذیمە بڕوخێننو بیگۆڕنە (شتی تر)، ئەهلی ذیمەش بەرهەڵستی ئەمەیان کرد، پەیمان نامەی ئاشتەوایی نێوان خۆیانو مسوڵمانایان دەرکرد، کە تیایدا هاتبوو نابێت دەستکاری پەرستگاکانیان بکرێ، هەروەها فەقیهەکانیش بەرهەڵستی ئەم کارەیان کردو نەنگیان دایە پاڵ ئەو کەسانەی ویستبویان کەنیسەکان بڕوخێنن یا بیگۆڕنە شتی ترو ئیمزای ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو

(١) الخراج ل ١٣٥ – ١٣٦ی ئەبو یوسف، الخراج ی یحیی بن آدم ل ٦٧ – ٦٨، لە چەند ڕیچگەیەکەوە کە هەندێکیان سەحیحن.

عەلی ﷺ یان کردە بەڵگە بۆ پەیمانی ئاشتەوایی یان، وەدانیان نـا بـەو مەرجانەی کە لە بەرژەوەندی ئەهلی ذیمە بوو.[1]

لە (فتوح البلدان)دا هاتووە کە: (کاتێ موعاویـەی کـوڕی ئـەبو سوفیان بوو بە والی ویستی کەنیسەی یوحەننا لە دیمەشـق بداتـە دەم مزگەوتـەوە، نەسـرانییەکان نـەیانهێڵاو ئـەویش وازی هێنـا، پاشـان عەبدولمەلیکی کوڕی مـەڕوان لـە سـەردەمی خۆیـدا داوای کـرد بـۆ زیـادکردنی مزگـەوت، وە سـامانێکی زۆری پێبەخشـین، بـەڵام ڕازی نەبوون بیخەنە بەردەستی، پاشـان وەلیـدی کـوڕی عەبدولمـەلیك لـە سەردەمی خۆیدا کۆی کردنەوەو ماڵێکی زۆری پێبەخشین بەومەرجەی کەنیسەکەی پێبدەن، بەڵام ڕازی نەبوون، ئەویش ووتی: ئەگەر وانەکەن ئـەوا دەیـڕوخێنم، هەنـدێکیان ووتیـان: ئـەی ئـەمیری بـاوەڕداران، هەرکەسێ کەنیسەیەك بڕوخێنێ شێت دەبێتو تووشـی بـەڵاو ئافـەت دەبێ، قسەکەی کاری لێی کرد، داوای پاچو پێمەڕەیەکی گەورەی کردو دەستی کرد بە ڕوخاندنی هەندێ لە دیوارەکانی بە دەستی خۆی، لـەو کاتەدا عەبایەکی خـەززی زەردی لەبـەردابوو، پاشـان فەرمانیـدا بـە کرێکـارو ڕوخێنـەرەکان کـە هەسـتن بـە ڕوخانـدنیو خسـتیە نێـو مزگەوتەکە، کاتێکیش عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو بە جێ نشین نەسرانیەکان سکاڵایان بردەوە لای سەبارەت بەوکارەی وەلید کـردی بـە کەنیسەکەیان، ئەویش نوسراوی کرد بۆ کارەبەدەسـتەکەیو فـەرمانی

(١) الخراج ی ئەبو یوسف ل (١٤٧).

پـــێدان ئـــەوەی خســـتویانەتە نێـــو مزگەوتەکـــەوە بـــۆ زیـــادکردنی بیگەڕێننەوە، خەڵکی دیمەشق ئەمـــەیان پێنـــاخۆش بـــوو، دەیـــان وت: مزگەوتەکەمان بڕوخێنین پاش ئەوەی بانگمان تێداداوەو نوێژمان تیادا کردووە بکرێتەوە بیعە؟!! لەوڕۆژەشدا (سلمان بـن حبیـب المحاربی) و زانایـــانی تریـــان لـــەناودابوو، چـــوونە لای نەســـرانییەکان و داوایـــان لـــێکردن کە سەرجەم ئەو کەنیسانەی (غوطة) کە بەزۆر دەســـتخراون دەدرێتەوە پێیان، بەومەرجەی لە کەنیسەی یوحەننا خۆش بـن و داوای نەکـــەن، ئـــەوانیش ڕازی بـــوون لەســـەری و زۆریشـــیان پـــێخۆش بـــوو، لەمبارەیەشەوە نوسراویان نوسی بۆ عومەر، ئەویش دڵخۆش بوو پێی و کارەکەی بەڕێخست.[1]

هەروەها پێویستە دەوڵەتی ئیسلامی دیلەکانی ڕزگار بکا، جا ئـیتر مسوڵمان بن یان ئەهلی ذیمە و لە خانەی سامانی مسوڵمانان بریتیان بۆبدرێ، (أبو عبید) ووتویەتی: (هەروەها لە پێناوی ئەهلی ذیمەش دا جیهاد دەکـرێ، دیلـەکانیان بریتـی دەدرێ، کـاتێکیش ڕزگـار کـران دەگەڕێنەوە حاڵەتی زمی بوونو بارودۆخی پێشـوویان بـە شـێوازێکی ئازادانە، لەم بارەیەوە چەندین فەرموودە هەیە......).[2]

هەمەلایەنیو گشتگیرێتی فەرمودەی: (فكوا العـاني- أي الأسـير وأطعموا الجائع)[3]ی بە بەڵگە هێناوەتەوە، کـە واتـای ئەوەیـە: دیـل

---

(١) فتوح البلدان ١٧١ – ١٧٢.

(٢) الأموال ل ١٣٩.

(٣) البخاري، ف ژمارە ٣٠٤٦.

ڕزگارکەن‌و برسی تێرکـەن، وە وەسـیەتی عومـەری کـوڕی خـەتتابی کردۆتە بەڵگە کە تیایدا هاتووە: (وەسـێتم بـۆ جێنشـینی دوای خـۆم ئەوەیە چاکەکاربێ لەگەڵ ئەهلی ذیمەداو لە پێناوەیاندا بجـەنگێ‌و لـە توانای خۆیان زیاتریان نەخاتە سەرشان).(١)

ئەمیری شام (صالح کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس) مامەی خەلیفەی عەبباسـی ئـەبو جەعفـەری مەنسـور، هەسـتا بـە دوورخستنەوەو کۆچ پێکردنی هەندێ لە نەسرانییەکانی شاخی لوبنان (جبل لبنان)، پـاش ئـەوەی گرفـت‌و ڕووداوی نـەخوازراویان دروسـت کردبوو، ئیمامی ئەوزاعی بەرهەڵستی کردو نامەیـەکی بـۆ نوسـی‌و پڕوپوچی ئەم ڕەفتارەی ئەمیری تێدا ڕوون کردبۆوە، وە وتبـوی: (کیـف تؤخذ عامة بعمل خاصة؟! مما لم يكن تمالأ عليه خروج من خرج مـنهم، ولم تطبق عليه جماعتهم، فيخرجـون مـن ديـارهم وأمـوالهم؟!! وأحـق الوصايا بأن تحفظـ وصية رسول الله ﷺ وقوله: من ظلـم معاهـداً أو كلفه فوق طاقته فأنا حجيجه، من كانت له حرمة في دمه فله في مالـه والعدل عليه مثلها(٢) فإنهم ليسـوا ببعيـد، ولكـنهم أحـــرار أهـل

(١) البخاري، ف ژمارە ٣٧٠٠.

(٢) ئەمە بنەمایەکی گەورەی ئیمامی ئەوزاعی یە لە ڕوونکردنەوەی حەرامێتی خوێنی مرۆڤ کە دەخوازری سامان‌و ناموسی بپارێزرێ‌و حەرام بێ لەوانی تر، وە مرۆڤ هـەمان ئـەو مافانـەی هەیـە کـە مسـوڵمان لـە دەوڵـەتی ئیسـلامی دا هەیانـە، بـە شێوەیەکی کورت‌و پوخت.

الذمة)[1] واته: چۆن هەمویان لەبەر هەندێکیان سـزا ئـەدەیت، کـە پشتگیری ئەوانیان نەکردووە کە دەرچوونو ڕازی نەبوون لەسەر ئـەوەی کردویانــە، بەمــە مــاڵو حاڵیــان لـــێ تیێـك دەدەیـت ؟!! باشـترین ئامۆژگارییەك ئەوەیە وەسیەتی پێغەمبەری خـوا پیـادە بکـەیت کـە دەفەرموێ: هەرکەسێ ستەم لە پەنادراوو بەڵێن پێـدراوێك بکـاو لـە توانا بەدەریان بەسەردا بسەپێنێ ئەوا من ناحەزیم، هەرکەسێ خوێنی پارێزراو بێت سامانیشی دەپارێزرێت، دادگەریش لەگەڵیاندا هەروایە، ئەوانە کۆیلەنین، بەڵکو ئازادەکـانی ئـەهلی زیمـەن، وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیك خەڵکی قوبرسی گواستەوە بۆ شام، فەقیهـ و مسوڵمانان ئەم کارەیان زۆر پێنەشیاوو ناشایســتەبوو، لایـان گـەورەبوو، کاتێـك فەرمانڕەوایەتی کەوتە دەست یەزیدی کـوڕی وەلیـد گەڕانینیـەوە بـۆ قــوبرس، فەقیهــەکان ئەمــەیان زۆر پێبــاش بــوو، بــە دادگــەریو عەدالــەتیان دانا.[2]

هەمو ئەوانەی ڕابوورد تەئکید لەسەر مەدای چەسپاوێتی بنـەمای پاراستنی مافو ئازادی یـە تاکەکەسـی یـەکان دەکاتـەوە لـەگوتاری سیاسی شەرعی لەو قۆناغەدا.

---

(١) الأموال ی ئەبوعوبەید لا (١٨٣ – ١٨٤).

(٢) الأموال ی ئەبوعوبەید لا (١٨٧).

## ١٠- پێویستی تێکۆشان لە پێناوی خوادا:

ئەمە بریتیە لە بنەمای دەیەم لەی بنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو، خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری صدیق ﵁ لە یەکەم وتاریداو لەپاش ئەوەی هەڵبژێردرا بە خەلیفە تەئکیدی لەسەر ئەم بنەمایە کردەوەو تیایدا هاتووە: (هەر خەڵکێ وازبهێنێ لە جیهادی ڕێی خوا، ئەوا خوا تووشی ڕیسواییان دەکا)،[1] هەر بۆیە ئەو و هاوەڵان کۆبوون لەسەر جەنگی هەڵگەڕاوەکان کە بریتی بوو لە جیهادی بەرگری بۆ پاراستنی ئایینو دەوڵەتو ئوممەت لەو مەترسی یە ناوخۆییانەی هەڕەشەی لە یەکێتی سیاسیو تەشریعی دەکرد، لەبەرئەوە جەنگان لەگەڵ ئەوانەی لە ئیسلام پاشگەزببونەوەو بەرهەڵستی زەکات دانیان دەکرد تاوەکو ئەبوبەکر فەرموی: (بە خوا ئەگەر زەکاتی ساڵێکم پێنەدەن، کە پێشتر دەیاندا بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا لەسەر ئەوە جەنگیان لەگەڵ دەکەم چونکە زەکات مافی سامانە)[2] هەروەك کۆبوون لەسەر جیهادی ڕزگاری خوازی بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلامو ئازادکردنی نەتەوەکان لە بەندایەتیکردنی جگە لە خوا، وە لە ستەمو زۆرداریو بڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستیو دادگەریو ئازادیو بەدیهێنانی یەکسانیو برایەتی، چونکە پەیامی پێغەمبەر ﷺ بۆ هەموو جیهانو خەڵکی یە، هەروەك چۆن ڕوبعی

(١) سەیری پێشوتر بکە.

(٢) صحیح البخاری فەرمودەی ژمارە (١٤٥٦).

کوڕی عامر بۆ ڕۆستەمی دەربڕی بەوەی کە ووتــی: (لەڕاســتیدا خــوا ناردومانیێتی بۆ ئەوەی بەندەکان لە بەندایەتیکردنی بەنــدەکان دەربــاز بکەین‌و بۆ پەرستشی خوای بەندەکانیان ئامادە بکەین، وە لە ستەمی ئایینەکانەوە بیانگەیەنینە دادگەری ئیسلام، وە لە تەسـك‌و تروسـکی دونیاوە بیانگەیەنینە بەرینی‌و فراوانی دونیاو دوارۆژ) مسوڵمانان کۆن لەسەر واجبیێتی تێکۆشـان لـە پێنـاوی خـوادا بـە هـەردوو جیهـادی بەرگری‌و ڕزگاریشەوە هەروەك (ابن عطیة) فەرمویەتی: (ئەوەی کـۆڕا لەسەری چەسپاوە ئەوەیە کە جیهاد لەسەر هەموو ئوممەتی موحەممـەد ﷺ فەرزی کیفایەیە، جا ئەگەر هەندێك لە مسوڵمانان پێی هەستان ئەوا لەسەر ئەوانی تر دەکەوێ، مەگەر دوژمن بێتە گۆڕەپانی ئیسلام، ئا لەو کاتەدا دەبێتە فەرزی عــەین)[1] شـێخی ئیسـلام ئیبن‌وتەیمیـە فەرمویەتی: (جەنگی بەرگری سەخترین جۆرەکانی بەرگری کردنە لـەو هێرش‌و هەڵکوتانانەی دەکرێتە سەر ئەو شتانەی پێویستە بپارێزرێن‌و ڕێزدار بن وە دەکرێنە سەر ئاین، کە ئەمە بـە کـۆڕا واجبـە، چـونکە دوژمنی هێرشبەر کە دین‌و دونیا گەندەڵ‌و خراپ دەکا هیچ شتێك نیە پاش باوەڕهێنان لەو بەرگری کردنە پێویستر بێـت، بۆیـە مـەرجی بـۆ دانەنراوەو بە پێی تواناو بۆ لوان بـەرگری ئـەنجام دەدرێ)[2] وە لەبـەر ڕوونــی‌و چەسـپاوێتی ئـەم بنەمایـە دەبیـنین تەنانـەت لـە قۆنـاغی دووەمیشدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە هەروەك پاشتر ڕوونی دەکەینەوە.

(١) تفسير القرطبي ٣٨/٣.
(٢) الفتاوى المصرية ٥٠١/٤.

# قۆناغـــی دووەم

# قۆناغی گوتاری ســـیاسـی
# شــەرعی تەئویلکـــراو

**٧٣ ك ١٣٥٠ ك (بە نزیکـــی)**

# بەشـــی دووەم
# قۆناغی گوتاری سـیاسـی شـەرعی تەئویلكـراو

ڕوخسارو ئەدگارەكانی ئەم گوتارە لەوكاتــەوە دەسـتی پـێكرد كـە جێنشینێتی لە راوێژەوە گۆڕا بۆ پاشایەتی یەكی تورِكی (عضوض)،(*) پێغەمبــەریش ﷺ ســەبارەت بەمــە هــەواڵی پێــداوین، ئــەوەتا فەرمویەتی: (تكون النبوة فيكم ما شاء الله أن تكون، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة، فتكون ما شاء الله أن تكون، ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها، ثم تكون ملكاً عاضاً، فيكون ما شاء الله أن يكون، ثم يرفعها إذا شاء، ثم تكون ملكاً جبرية، فتكون ما شاء الله أن تكون، ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة)[1]، واتە پێغەمبەرایەتی دەبێ ئەوەندەی خوا بیەوێ لەناوتانـدا دەمێنێ، پاشـان دەبێتـە جێنشـینایەتییەك كـە بـە پێـی بەرنامـەی پێغەمبەرایەتییە، ئەمەش ئەوەندەی خوا بیەوێ بەردەوام دەبێ، پاشـان كاتێ بیەوێ هەڵی دەگرێو نایهێڵێ، پاشـان دەبێتـە پادشـایی یـەكی

(*) ووشـەی تورکی مان بۆ (عضـوض) بەکارهێناوە، لە کاتێکدا ووشـەی (عضـوض) وەرگێڕانی پیت بەپیتی دەکاتە گازگر یا بەکەسێك دەگوترێ قەپ بکات بە شتێك داو بەری نەدا (وەرگێڕ).

(١) ئەحمەد لە (المسند)دا ٤/٢٧٣ گێڕاویەتی یەوە، فەرمودەکە سەنەدەکەی سەحیحە، سەیری (سلسلة الأحاديث الصحيحة)ف ژمارە٥ بکە.

تورکی، ئەمەش ئەوەندەی خوابیەوێ بەردەوام دەبێ، پاشان کاتێ بیەوێ هەڵی دەگرێو نایهێڵێ، پاشان دەبێتە پادشاییەکی زۆرداری خۆسەپێن، ئەمەش ئەوەندەی خوا بیەوێ بەردەوام دەبێو پاشان کاتێ کە دەیەوێ هەڵی دەگرێو لایدەبات، پاشان دەبێتەوە جێنشینایەتیەك کە بەپێی ڕێو شوێنو بەرنامەی پێغەمبەرایەتییە.

پادشایەتی تورکی (الملك العضوض) ئەو پادشایەتییەیە کە ستەمو توندوتیژی تێدایە وەکو لە ڕژێمە بۆماوەییو پشتاوپشتەکان دا دەیبینین، وەپادشایەتی زۆرداری خۆسەپێن (الملك الجبری)ش بریتیە لەو پادشایەتییەی لوت بەرزو خۆسەپێنو ناچارکەرە، هاووێنەی ڕژێمە سەربازییەکانی ئەمڕۆ.

چاخو سەردەمی خەلیفە ڕاشدییەکان ساڵی (٤٠)ك کۆتایی پێهاتو سەردەمی ئەمەوی دەستی پێکردو لەگەڵیدا ئەو گوتاری سیاسی یەی نماینده‌ی ڕێنمایی یەکانی ئایینی دابەزێنراوی دەکرد دەستی کرد بە پاشەکشەو ئەوگوتارە سیاسییەی نمایندەی ڕێنمایی یەکانی ئایینی تەئویلکراوی دەکرد دەستی پێکرد، ئەوەبوو دەست کرا بە بەڵگە هێنانەوە بە دەقەکان نەك لەسەر ئەو شێوە دروستەی کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ویستویانە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمویەتی: (یەکەم کەسێ کە سوننەتو ڕێو شوێنی من دەگۆڕێ

پیاوێکە لە ئومەوی یەکان).[1]

ئەم قۆناغەش لەدوای سەردەمی خەلیفەی ڕاشد عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە ساڵی (٧٣) ك دەست پێدەکات، کە ئەمە دوا خەلیفەی هاوەڵە، ئەم ماوەیە درێژ بویەوە تاکەوتنی خەلافەتی عوسمانی، ئەم قۆناغەش لە ڕووی پەشەکشەوە لە بنەماکانی تەعالیمی ئایینی دابەزێنراوو لە ڕووی گوتاری سیاسیەوە بە پێی چاخە جۆراو جۆرەکانی جیاوازی تێدا هەیە، بەڵام دیارترین ئادگارو تایبەتمەندی ئەم قۆناغەش بریتیە لەوەی کە دێ: -

١/ دەست بەسەراگرتنی مافی ئوممەت لە هەڵبژاردنی ئیمامو گۆڕینی فەرمان ڕەوایی لە ڕاوێژەوە بۆ پشتاو پشتی:

لەڕاستیدا ئەم پاشەکشێیە دیارترین ئادگارو تایبەتمەندی یەکانی ئەم قۆناغەیە، ئەوەبوو ئوممەت مافی خۆی لەهەڵبژاردنی ئیمام دا لە دەستداو ئەم مافەش بە زۆر دەستی بەسەردا گیراو دەست کرا بەبانگەشەی لەبەرتریو شیاوێتی لە ئیمامەت داو ئەمەش ڕێو شوێنی خۆی بینییەوە لە گوتاری سیاسیدا تاوەکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ڕیشەی خۆی دادەکوتا.

---

(١) سەیری (سلسلة الأحاديث الصحيحة)ف ژمارە (١٧٤٩) بکە، ئەلبانی فەرمویەتی: (لەوانەیە مەبەست لەم فەرمودەیە گۆڕینی سستمی هەڵبژاردنی خەلیفەو کردنی بێ بە پشتاوپشتی بێ، ئەمەش دیارترە).

پاش ئەوەی ئەبوبەکر لە یەکەم گوتاری دا دەیفەرموو: (مـن کـراوم بە سەرپەرشتیارتانو باشترینتان نیم، ئەگەر چـاکەم کـرد هاوکـاری‌و پشتیوانیم بکەن، ئەگەر خراپەشم کرد ڕاستم بکەنـەوە)، عومـەریش دەیفەرموو: (میرایەتی بەڕاوێژی نێوان مسوڵمانانە، هەرکەسی پەیمان (بیعە) بدا بەپیاوێك بێ ڕاوێژی مسوڵمانان نە شوێنی خۆی دەکەون‌و نـە ئەوەشـی ئـەو بەیعـەتی پـێ‌داوە). عـەلیش دەیفـەرموو: (ئـەی خەڵکینە، میر ئەوکەسەیە ئێوە میرایەتیتان پێ‌بەخشیوەو کردوتانە بە ئەمیر).

کەچی لە پڕێکدا گوتاری سیاسـی دەگۆڕێـت‌و موعاویـەی کـوڕی ئەبوسوفیان دەڵێ: (هەرکەسێ دەیـەوێ لـەم کاروبـارەدا قسـەبکا بـا بکۆکێ،(*) بزانە ئێمە لەخۆیی و باوکی شیاوترنین بۆ ئەم کارە(**))،(١) وە دەیوت: (کێ لە ئێمە شـــیاوترە بەم کارە؟ کێ دوبەرەکیمان لەگەڵ دەکات؟).(٢)

بەم شێوەیە پاش ئەوەی کارەکە مافی ئوممەت بوو، حەرام بـوو ئـەو مافەی ئوممـەت زەوت کـرێ‌و کێبـەرکێی لەگەڵـدا بکـرێ، هـەروەك عومەر فەرموی: (مـن خـەڵکی بـەئاگا دێـنم لەوانـەی ئەیانـەوێ

(*) لە دەقەکەیدا دەڵێ (فلیطع لناقرنە، واتە باشاخی خۆیمان بۆدەرخا)، بەڵام لە کوردیدا دەبڕینێکی لەوەی سەرەوە لە هەندێ ناوچەدا بەکاردێ.

(**) مەبەستی خەلیفایەتی‌و خەلافەتە (وەرگێڕ).

(١) صحیح البخاري، ف ژمارە (٤١٠٨

(٢) سەیری فتح الباري ٧/٤٠٤ بکە.

مافەکانیان زەوت بکەنو دەستی بەسەردا بگرن) — کەچی بانگەشەی باشترێتیو لەبەرتری پاش سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لـەگوتاری سیاسیدا بەدەردەکەوێت، بەنو ئومەییە ئەم بانگەشەیەیان دەکـرد بـە بیـانوی ئـەوەی ئـەوان خـاوەن مـافو کـەسوکاری عوسمـانن، ئـەو خەلیفەیـەی بەســتەملێکراوی کـوژرا، عەبباســیو عەلەویـەکانیش هەمان بانگەشەیان دەکـرد بـەبیانوی ئـەوەی کـەسوکارو میراتگـری پێغەمبەرن ﷺ ، تەنانەت ئەبو عەبباسی سەففاح یەکـەم خەلیفـەی عەبباسی لـە یەکـەم گوتاریـدا لـە سـاڵی ١٣٢ ك لەکوفـە ووتـی: (سـەبەئیەکان گومانیـان وابـووە کـە شـیاوترن بـە سـەرۆکایەتیو سیاسەتو خەلافەت لە ئێمە، بۆیە ڕویان شێواو ڕەش بوو... هتد). [1]

داودی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبباسی مامیشی لە ووتارەکەیدا وتویەتی: (ڕێزو سەروەریمانی ژیاندەوە، مافو میراتیمـانی گەڕاندەوە... بزانن ئەم کارە لەناو ئێمەدا دەبێو ناچـێتە دەرەوەی ئێمـە تاوەکو دەیدەینە دەستی عیسای کوڕی مەریەم). [2]

بەئەوزاعی ووت: (ئایا خەلافەت بەوەسیەتی پێغەمبەری خوا ﷺ مافێکی ئێمە نی یە؟!!.) [3]

بەم شـێوەیە گوتـاری سیاسـی لـەڕێی ئـەم بانگەشـەو بیانوانـەوە

(١) تاريخ ابن جرير (٣٤٦/٤).

(٢) تاريخ ابن جرير (٣٤٨/٤).

(٣) مقدمة الجرح والتعديل (٢١٢/١).

پاشاکشەیەکی مەترسی داری کردو مـافی هەڵبـژاردنی ئیمـامی لـە خەڵکی زەوت کرد، بۆ ئەوەی ببێتە مافێکی وا کە دواتر هەریەکە لـە ئومەوی و عەبباسیی و عەلەویـەکان بـە چـەندەها جـۆری جیاجیـای تەئویلکردنی دەقەکانی قورئـانو سـوننەت، بانگەشـەی خۆیـانی بـۆ بکـــــەن !!

لەڕاستیدا گوتەزای بوونی دەق لەسەر ئیمامەت یەکـەم لاوازی یـە کە هاتۆتە سەر گوتاری سیاسی و دەرگای بـۆ ئـەم جـۆرە بانگەشـانە خستۆتە سەرپشت، ئەم داواو بیانوو بانگەشانە لەسەردەمی عەلی یەوە ﵁ بەدەرکەوتنو ئەویان ناچارکرد بەوەی ووتاربدات بۆ ڕوونکردنـەوەی ئەوەی لەوبارەیەوە هیچ وەسیەتێکی بۆ نەکراوەو ئەم کارە بـۆ کۆچـەرو پشتیوانەکان بەجێهێڵراوە، بەڵام تـەواوی ئەمانـە بێئاکـام بـوو لـە کپکردنەوەی ئاژاوەی بوونی دەقو بانگەشەی لەبەرتری لەگـەڵ ئـەوەی لە ووتارێکیدا دەڵێ: (هاتونەتە لام دەڵێن: بەیعەت بەیعەت! دەسـتان ڕاخستبوو من چنگم نوقاند، دەستم بە ڕوتاندانا ئێوە ڕاتان کێشا)،[1] وە دەفەرموێ: (ئەگەر ئیمامەت دانەمەزرێ تاوەکو خەڵکی بە گشـتی ئامادە نەبێت، ئیتر هەر ئەبێ ئەوە بکـرێ، بـەڵام خـەڵکی ئامـادەبوو فەرمان دەکەن بەسەر ئەوانەی کە ئامادەی نەبوونە، پاشان ئامـادەبوو بۆی نیە پاشگەز بێتەوە، ئامادە نەبوش بۆی نیـە هەڵبـژێرێ)،[2] وە

(١) نهج البلاغة بە لێکدانەوەی موحەممەد عەبدە (٢/٢٠).

(٢) نهج البلاغة (٢/٨٦).

فەرمویەتی: (بە خوا حەزم بە جێنشـینایەتی نیـە، سەرپەرشـتیاریم پێخۆش نیـە، بـەڵام ئێـوە منتـان بـۆی بـانگ کـردو پێتانـدام[*] و ئەوئەرکەتان خستە سەرشانم).[1]

وەك حوججەیەکیش لەسەر موعاویە ﵁ فەرمووی: (ئـەو خەڵکـە بەیعەتی پێدام کە بەیعەتیان دابوو بە ئەبوبـەکرو عومـەرو عوسمـان لەسەر هەمان ئـەو شـــتانەی بەیعـەتیان بـەوان دابـوو، ئامـادەبوو شتێکی تری بۆ نیەو نەهاتوش بۆی نیە پەسەندی نەکاو ڕەتیکاتەوە، - راوێژیش بۆ کۆچەرو پشتیوانەکانە، ئەگەر کۆبونەوە لەسەر کەسـێكو ناویان نا بەئیمام ئەوە بۆ خوای گەورەش جێی ڕەزامەندییە).[2]

لە ژیانی خۆیدا گوتەی شیاوترێتی (الأحقیة)ی ئەو بۆ خەلافەت لە لایەن هەندێ لە هەوادارییانەوە بڵاوبویەوە،[3] پاشـان لـەنێو خـەڵکی شامدا کەسی تر هـەمان ئیـدعای دەکـرد، پاشـان بـەردەوام هـەموو تاقمەکان دەقەکانیان تەئویل دەکرد بۆ پشتگیری داواکانیـان، تـاوەکو کارەکە گەیشتە لوتکە لە دەرکەوتنی تائیفەکانی عەقائیـدی لەسـەر بناغەی داوای شیاوترێتی ئەم بنەماڵـە یـان ئەویـدیو کێشـەکە لـە

---

(*) پێمتانـداو ئـەو ئەرکـەتان خسـتە سەرشـانم وەرگێڕانـی دەربڕینـی ( وحملتمـوني علیـها)یە کە ماناکەی بەم شێوەیەش دێ ( ئێوە منتان خستە سەری) بەڵام ئەوەی سەرەوە گونجاوتر دیارە (و).

(١) نهج البلاغة (٢/١٨٤).

(٢) نهج البلاغه (٣/٧).

(٣) سەیری صحیح البخاري ف ژمارە (١٧٤١) و فتح الباري (٥/ ٣٦١ – ٣٦٢) بکە.

کێشەیەکی سیاسی شەرعی بەرژەوەندییەوە گۆڕا بۆ کێشەیەکی عەقائیدی (ئایدۆلۆژی) ؟!

لەڕاستیدا ئەم جۆرە بیانوو بانگەشانە چەند کێشەیەکی زەروری بوون بۆ دابڕین و پۆشینی شەرعیەت بە بالای فەرمان ڕەوایی میراتگری و پشتاوپشت دا، جائەگەر بابەتی ئیمامەت و دەسەلات لە بواری مافە تایبەتی یەکاندابن، کەواتە گونجاوە بۆ میراتگریتی وەکو ئەو مافانەی تر کە دەکرێ بە میراتی وەربگیرێن ؟

ئەمەش سەرەنجامێکی حەتمی ئەم جۆرە بانگەشەکردنانەیە، یەزید یەکەم خەلیفەبوو لەڕێگەی میراتگری یەوە گەیشتە خەلافەت،[1] هەرچەندە ئەم بنەمایە بەڕوونی لە دەوڵەتی ئومەویدا بەدەرنەکەوت بەوشێوەیەی لە دەوڵەتی عەبباسی و عەلەویدا بەدەر دەکەوێت، ئیتر واقع چەمکە نوێکانی خۆی سەپاند بەسەر فیقهی ئیسلامیداو تەئویل کردنیش ڕێگەی گرتەبەر بەرەو دەقەکانی گوتاری سیاسی، ئەگەر دروست بێ بۆ ئەبوبەکر ﵁ کاری فەرمانڕەوایەتی دوای خۆی بسپێرێ بەوکەسەی بە شیاوو گونجاوی دەبینێ، بە پێوان لەسەر ئەوە — دروستە خەلیفایەتی بسپێردرێ بە کوڕو نەوەکان ؟ بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو جیاوازییە بکرێ لە نێوان سپاردنی ئەبوبەکر بۆ عومەرو سپاردنی ئەوانی تر بۆ کوڕو براکانی خۆیان.

---

(١) یەزید ڕاستەوخۆ بە بیانەی میراتگرییەوە نەگەیشتە خەلافەت، بەڵکو لە ڕێگەی تەئویلکردنی میراتگرییەوە بوو ئەویش لە ڕێی بیردۆزەو تێڕوانینی سپاردن بە کوڕو نەوە (العهد للأبناء) ؟!!.

لەڕاستیدا سپاردنی (عەهدی) ئەبوبەکر بۆ عومەر لەبواری پالاوتن بوو پاش ڕاویژو ڕەزامەندی، بێ زۆرلێکردن یا پابەنـدکردن، هـەروەها لە نێوانیاندا نزیکی یا خزمایەتییەك نەبوو گومانو دوودڵی بورووژێنێ لە مەبەسـتی ئـەم پالاوتنـە، هـەروەها ئـەو بارودۆخـەی چـواردەوری دەوڵەتی ئیسلامی نوێی دابوو – کە تازە لە جەنگە نـاوخۆیی یـەکان دەرباز ببوون – جەنگی هەڵگەڕاوەکان – دەستیش کرابـوو بەجـەنگی هەردو ئیمپراتۆریـەتی فـارسو ڕۆم – هـەموو ئەمانـە ئەبوبـەکریان ناچارترکرد ئـەم جـۆرە ڕێو شـوێنە بگرێتەبـەر، بـە تایبـەت ڕوداوو مشتومڕی سەقیفەی دێتەوە یاد کە لەوانەیە لە دوای وەفـاتی خـۆی یەکلانەبێتەوە، هـەر هـەموو ئەمانـە پـاڵی پێوەنـا تـاوەکو ئـەمجۆرە هەڵسوکەوتە ئەنجام بدا کە ڕۆژانو ڕووداوەکانو سەرکەوتنە گـرنگو ئاشـکراکان ڕاسـتیو دروسـتی دیـدو بۆچـونەکەی ئـەویان سـەلماند، سەلماندی ئەبوبەکر چـەند بیرتیـژ بـووەو عومـەریش شـیاو بـووە بـۆ پێشەوایەتیو سەرکردایەتی دەوڵەتی نوێ.

لەڕاستیدا تەواوی ئەم ئیعتبارو جیـاوازی یانـەی نێـوان سـپاردنی ئەبوبەکر بۆ عومەرو سپاردنی ئەوانیتر بۆ نەوەکانیان هەڵوەشێنرایەوە، تاوەکو گەیشتە ئەوەی زانایانی شەرعناس (فقهاء)و زانستی فیقهـ ئەو پێوانە (قیاس)ە بێئیعتبارو خراپە پەسەند بکاو شەرعیەت ببەخشێتە ئەو سپاردنانەی مافی هەڵبـژاردنی ئیمـام لـە ئومـەت دەسـەنێتەوە، لەڕاستیدا هاوەلان هەستیان بە مەترسی ئەم پاشەکشە ترسناکە کـرد

له گوتاری سیاسی پاش خەلیفەکانی ڕاشدین‌و ئینکاریان کرد، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئینکاری کرد، ویستی ڕەدی قسەکەی موعاویە بداتەوە: (کێ لە ئێمە شیاوترە بۆ ئەم کارە ؟!) عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرمووی: (ترسام قسەیەك بکەم پەرتەوازەیی بخاتە نێو خەڵکی یەوەو خوێنی تیا بڕژێ). (١)

کاتێ موعاویە ویستی خەڵکی بەیعەت بدەن بە یەزیدی کوڕی لە ساڵی (٥٦) ك و لە دوای خۆی خەلیفایەتی بسپێرێ بە ئەو، گەورە هاوەڵان‌و فەقیهەکانی ئەو ماوەیە کە بریتی بوون لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس‌و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرو حوسەینی کوڕی عەلی ڕێگریان لێکرد.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر لە هەموویان زیاتر دژی بوو، ووتارەکەی بە موعاویە بڕی‌و پێی ووت: (بە خوا تۆ حەز ئەکەی ئێمە بتکەینە بریکار لە کاروباری کوڕەکەت داو بتدەینە دەست خوا، (*) بەخوا ئێمە واناکەین، بەخوا یا دەبێ ئەم کارە بگەڕێنیتەوە بۆ ڕاوێژی نێوان مسوڵمانان یاخود دەیکەینە جەنگ لەگەڵت پاشان دەرچوو ڕۆی). (٢)

---

(١) رواه البخاري ف ژمارە (٤١٠٨).

(*) واتە هیچ ڕەفتارێك بەرامبەرت نەنوێنین (وەرگێڕ).

(٢) تاریخ خلیفە بن خیاط ل ٢١٤ بە سەنەدێکی (صحیح لغیره) چونکە (نعمان بن راشد)ی تێدایە کە ڕاستگۆیە، بەڵام لاوازی تێدایە، ڕووداوەکە لە چەند ڕووی ترەوە بەهێزە.

کاتێکیش مەڕوانی کوڕی حەکەم سەبارەت بەبەیعەتی یەزید ووتی: (بەپێی ڕێو شوێنی ئەبوبەکری ڕاشدی ڕێنمونی کراوە (سنة أبوبكر الراشدة المهدية)، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر ڕەتی دایەوەو ووتی: (ئەمە ڕێو شوێنی ئەبوبەکر نیە، ئەبوبەکر کەس وکارو هۆزی خستەلاوە وە چوو بەلای پیاوێکی بەنی عەدی یەوە، چونکە بینی شایستەی ئەو کارەیە، بەڵام ئەمەی ئێوە هرقليەتە)،[1] لە گێڕانەوەیکی تردا هاتووە کە پێی ووت: (بەخوا کردوتانە بە هرقلیو کیسرایی).[2]

مەروان ئەوکاتە ئەمیری مەدینەبوو لەلایەن موعاویەوە، موعاویە داوای لێ کردبوو بەیعەت پێدانی یەزیدیان بۆباس بکات، مەڕوانیش ووتاری داو داوای بەیعەتدانی بە یەزید کرد، لە ووتارەکەیدا هاتووە: (خوای گەورە بۆچونێکی باشی خستۆتە دڵی ئەمیری باوەڕدارانەوە سەبارەت بەیەزید، ئەگەر بیکاتە جێنشین ئەوا ئەبوبەکریش عومەری کردە جێنشین)،[3] لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە ووتویەتی: (سوننەتی ئەبوبەکرو عومەرە)،[4] عەبدوڕەحمانیش ڕەتی داوەتەوەو پێی وتووە:

---

(١) تاريخ الإسلام للذهبي ساڵی (٥١)ك، ل (١٤٨).

(٢) ابن كثير (٩٢/٨) لە ڕوداوەکانی ساڵی (٥٨) ك، ئەمە لەگێڕانەوەی(عبدالرزاق بن عمر)ە لە (الزهري عن المسيب عبدالرحمن بن أبي بكر)ەو ئیسنادەکەی (صحيح)ە.

(٣) سەیری فتح الباري (٥٧٦/٨)، ف ژمارە (٤٨٢٧)ە.

(٤) سەیری فتح الباري (٥٧٧/٨) بکە.

(بــەڵکو ســوننەتی هیرقــڵو قەیســەرە)،[1] لەگێڕانەوەیــەکی تــردا: (هرقلیەتتان هێناوەو بەیعەت بۆکوڕەکانتان دەستەبەر دەکەن)،[2] لە گێڕانەیەکی تردا هــاتووە: عەبــدوڕەحمانی کــوڕی ئەبوبــەکر هەســتاو ووتی: (بەخوا درۆت کرد، ئەی مەروان، موعاویەش لەگەڵت دا درۆی کرد، شتی وا نابێت، ڕێو شوێنو سوننەتی ڕۆمان لەناودا دامــەهێنن، هەرکاتێ هرقلیك مرد هرقلێکی تر لەجێگەی دانێن).[3]

پاشان عەبدوڕحمن ووتی: (ئەی کۆمەڵی بەنو ئومەییە، بۆ مەسەلەی خەلیفایەتی یەك لەم سێ ڕێیە بگرنەبەر، یا ڕێو شوێنی پێغەمبــەری خوا ﷺ یاڕێو شوێنی ئەبوبەکر یا ڕێو شوێنی عومــەر، ئــەم کــارە پێشتر بەدەستی پێغەمبەری خوابووە، لە کەس‌وکاری پێغەمبەردا ﷺ هی وا هــەبووە ئەگــەر پێــی بســپێردرایە شــیاوی ئــەوەبوو، پاشــان ئەبوبەکر هات لە کەس‌وکاری ئەویش کەســی واهــەبوو ئەگــەر پێــی بسپێردرایە شیاوی ئەوەبوو، کەچی عومەر لە دوای ئەبوبــەکر گرتیــە دەست‌و، پاشان لە کەس‌وکاری عومەردا کەسی واهەبوو ئەگــەر پێــی بسپێردرایە شیاوی ئەوکارەبوو، کەچی ئەو بۆ ئەم کارە چەند کەسێکی

---

(١) سـەیری پێشـوو، وە سـەیری (الـدرر المنثـوری سـیوطی ١١/٦) بکـە لەبارەیــەوە ووتویــەتی :( لــە عبــد بــن حمیـــد)وە لــە (النســائي وابــن المنــذر وحـــاکم)ەوە گێڕاویەتی‌یەوە وە (حاکم) بە(صحیح)ی داناوە.

(٢) فتح الباري (٨/٥٧٧).

(٣) قال لـە (الأمـالي) (١٧٥/٢) دا گێڕاویـەتی یـەوە لـە ڕێگـەی (ابـن شـبە) مێـژوونوس خاوەنی (تاریخ المدینة) بەسەنەدێکی (صحیح)ی (مرسل).

لەنێو مسوڵمانانیشدا دەستنیشان کرد ، ئاگاداربن ئێوە دەتانەوێ بیکەنــە قەیسەریەت هەرکاتێ قەیسەرێك مرد یەکێکی تــر دەبێتــە قەیســەر، مەڕوانی کوڕی حەکەم تورەبوو). [1]

پاشان کاتێ موعاویە حەجی کرد ڕۆیشتە مەدینەو باسی یەزیــدی کوڕی کردو دواتر لەگەڵ سەرکردەی نەیارەکانی وەك: عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسو عەبدەڕەحمانی کوڕی ئەبوبــەکرو حوسەینی کوڕی عەلیو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﵃ کۆبــووەو بیــانوو هۆکاری ئەم دیاری کردنەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەترسێ لەپاش خــۆی ئوممەت بەبێ ئیمام بەجێبهێڵێ، [2] وە پێی ووتن: (تــەنها ئــەوەم دەوێ بە ناوی خەلافەوە پێشی بخەن، دواتــر ئێــوەن کــە لادەبــەنو دادەنــێن، کۆدەکەنەوەو دابەشی دەکەن، (*) ئەو لەم شتانەدا هیچ دەست وەردانێك ناکات بەسەتاندا). [3]

موعاویــە ﵁ دەیویســت مەلیکیــەتی ڕاوێــژو -مەلەکیــەتی دەستوری– بێتو جێنشــینایەتی بــۆ یەزیــد بێــتو دەســەڵاتی (حــل

---

(١) الذهبي لــە تــاريخ الإسلام ل (١٤٨) دا لــە (ابــن أبــي خيثمــة)ی مێــژوو نوســەوە بــە سەنەدێکی صحيح هێناویەتی.

(٢) ســەیری ابــن جريــر (٢٧٤/٣) ســاڵی (٥٦) ك بــە ئیســــنادێکی صــحيح دەگــــاتەوە (عبدالله بن عون).

(*) مەبەست دانان لادانی کەسەکانە بۆ ئەمیرایەتیو کۆکردنەوەو دابەشکردنی سامانی زەکاتو ...... هتد (وەرگێڕ).

(٣) تــاريخ خليفــە بــن خيــاط ل (٢١٦) ئەمــە بــە پاڵپشــتی یــەکانی تریەوە(صــحيح)ە، سەیری تاريخ الذهبي ل (١٥١) بکە.

والعقد)یش بۆ ئەوانە بێت کە سەرکردەو سەروەری خەڵکن، یەزید هیچ فەرمانو کارێکیان هەڵنەوەشێنێتەوە بەبێ ئەوانیش تاك لایەنە هــیچ کارێك نەبڕێنێتەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ووتی: (لە ڕاســتیدا خەلیفــەکانی پــێش تۆش کوڕیان هەبووە، کوڕەکەی تۆ لە کوڕەکــانی ئــەوان چــاکتر نیــە، لەگەڵ ئەوەشدا بیرو بۆچونیان بەرامبەر کوڕەکانیان بەوشــێوەیە نــەبوە کە تۆ هەتە بۆ کوڕەکەت، ئەوەی بەباشیان دەزانی ئەوەیان هەڵدەبژارد بۆ مسوڵمانان، تــۆ ئاگــادارم دەکــەیت لــەوەی یــەکڕیزی مســوڵمانان بپارێزم، وە هــەوڵ بــدەم بــۆ چاکســازیو نــەهێڵانی نــاکۆکی یــەکانی نێوانیان، منیش شتی واناکەم، من تەنها یەکێکم لە مســوڵمانان جــا ئەگەر کۆك بوون لەسەر کارێك ئەوا منیش یەکێکم لەوان).(١)

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فــەرمووی: (پاش تۆ ئوممەت لەسەرکێ کۆك بون منیش لەگەڵیان دەبم، ، ئەگــەر خەڵکی پاش تۆ کۆبون لەسەر بەندەیەکی حەبەشی ئــەوە مــن دەچــمە نێو ئەو شتەی خەڵکی دەچنە نێــوی)،(٢) عەبــدوڵڵای کــوڕی زوبــەیر چووە لای موعاویەو پێی ووت: (ئەگەر تۆ لە میرایــەتی وەڕەس بــووی ئەوە وازی لێ بێنە باکوڕەکــەت بێــتو بەیعــەتی پێبــدەین، گــوێ بــۆ

(١) تاریخ الخلیفە بن خیاط ل (٢١٣ – ٢١٤)، بە سەنەدێکی (صحیح لغیرە) و تاریخ الذهبي ل (١٤٩) وە سەیری پێشتر بکە.

(٢) ابن جریر الطبري (٣/٢٤٨) ئیسنادەکەی (صحیح لغیرە)ە.

کامتان بگرین؟! گوێڕایەڵی کامتان بین؟! بەخوا هیچ کات بەیعەت بە هەردوکتان نادەین). [١]

هەموویان چونە لای موعاویەو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریان کردە قسەکەر بەناوی خۆیانەوە، ئەویش بە موعاویەی ووت: (ئەی ئەمیری باوەڕداران، سەرپشکت دەکەین لە سێ ڕەفتاردا، هەرکامیان دەکەیت ئارەزووی خۆتە: ئەویش فەرمووی: (بیانخەرە ڕوو، خوا باوکت ببەخشێ! [*] فەرمووی ئەگەر دەتەوێ ئەوەبکە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کردی، ئەگەر دەتەوێ ئەوەبکە کە ئەبوبەکر کردی، ئەو پاش پێغەمبەری خوا ﷺ باشترینی ئوممەت بوو، ئەگەر دەتەوێ ئەوەبکە کە ئەبوبەکر کردی، ئەویش لەپاش عومەر باشترینی ئوممەت بوو، فەرمووی: خوا باوکت ببەخشێ ئەوان چیان کرد؟ فەرمووی پێغەمبەری خوا ﷺ گیانی کێشراو ئەم کارەی بە کەس نەسپاردوو کەسیشی نەکرد بە جێنشین، مسوڵمانان بە ئەبوبەکر ڕازی بوون، ئەگەر دەتەوێ ئەم کارە بەجێبهێڵە تاوەکو خوای گەورە قەزای خۆی دەکاو مسوڵمانانیش کەسێك بۆخۆیان هەڵدەبژێرن؟ ئەویش ووتی: ئەمڕۆ لەناو ئێوەدا کەسێکی وەکو ئەبوبەکر نیە، لەڕاستیدا ئەبوبەکر پیاوێك بوو خەڵکی ملی خۆی لەسەری دەدا بە بڕین، منیش دڵنیانیم لەوەی جیاوازیتان تێناکەوێت، فەرمووی: ڕاست دەکەی، بەخوا

---

(٣) تاریخ خلیفة ل (٢١٤) بەبەڵگەکانی ترەوە (صحیح)ە بإسناد صحیح في الشواهد.

(*) لله أبوك واتایەکی نزیك لەو وەرگێڕانەی سەرەوە دەبەخشێ نەك پڕاوپڕی.

حەزناكەی بەسەر ئەم ئوممەتــەوە بــەجێمان بهێڵــی، دەی ئەوەبكــە كــە ئەبوبەكر كردی، فەرمووی: خوا لە باوكت خۆش بیــت، ئەبوبەكـــــر چی كرد؟ فەرمووی ڕووی كردە پیاوێكی دوور لە قورەیش كەلــەباوان‌و بنەچەو كەسە نزیكەكانی نەبوو، كردی بە جێنشــین، ئەگــەر دەتــەوێ بزانە كێ هەیە لە قورەیش كە لە بەنو عەبدوشەمس نەبێ‌و پێی ڕازی بێت؟ فەرمووی: خوا باوكت ببەخشێ! سێ‌هەمیان كامەیە؟ فەرمووی ئەوەبكە كە عومەر كردی، فەرمووی عومەر چی كرد؟ فەرمووی: ئەم كارەی كردە بەڕاوێژ لە نێوان شەش كەسی قورەیش، كوڕو براو خزمــی خــۆی تیانــەبوو، فــەرمووی: جگــە لەمانــە پێشــنیاری تــرت لایــە؟ فــەرمووی: نەخێـــر، فــەرمووی: ئــەی ئێـــوە؟ فەرمـــــویان ئێمـــەش هەروەها). [١]

پاشان موعاویە چووە سەر دوانگەو ووتاری بۆ خــەڵكی داو ووتــی: (ئەمانە گەورەو سەروەرو باشــەكانی مســوڵمانن، بێ‌ئــەوان تاكرەوانــە هیچ كارێك نابڕینەوە، هیچ كارێك بێ ڕاوێژی ئەوان ئەنجام نادەین)، [٢] خــەڵكی وای بۆچــوون ئــەوان ڕازی بــوون، بۆیــە خــەڵكی مەدینــە بەیعەتیان دا بەیەزید؟!

---

(١) تاریخ خلیفة ل (٢١٦) ئیسنادەكەی (صحیح)ە، بەپاڵپشتەكانی تریەوە، سەیری تـاریخ الـذهبي ل (١٥١ – ١٥٢) بكـە، (علـی القـالی) لـە الأمـالي (٢/١٧٥ – ١٧٦) دەیگێڕێتەوە لە ڕێگەی (ابن شبة)ی مێژوو نوس بە ئیسنادێكی صحیح.

(٢) تاریخ خلیفة ل (٢١٧) بە پاڵپشتو بەڵگەكانی ترەوە ئیسنادەكەی (صحیح)ە.

لەڕاستیدا کارەکە ڕوونو ئاشـکرابوو بـۆ ئـەو هاوەڵـە فەقیهانـە، ئەوانەی ڕەفزی ئـەوگوتارە سیاسـیەیان کـرد لەسـەر تـەئویل بنیـات نرابوو، ڕەفـزی ئـەوەیان کـرد بەیعـەتی موعاویـە بۆیەزیـد بپێـوریٚ بەسپاردن (عهد)ی ئەبوبەکر بۆعومەر، هەستیان بـە مـەترسـی ئـەم گوتارە کرد، بۆیە پایەندبوون بەبنەماکانی گوتاری سیاسـی ڕاشـدی، ئەویش بریتیە لەوەی ئەم کارە بەدەسـتی ئوممەتـە بـە کـێ ڕازی بێـت هەڵیدەبژێریٚ بۆ سەرکردایەتیکردنی، وە ئەم کـارە بـە ڕاوێـژی نێـوان مسوڵمانان خۆیانـە، وە ئـەوەی ئومەویـەکان هێناویانـە ڕێوشـوێن و سوننەتی هرقلو قەیســەرە، نەك ڕێو شوێنو سوننەتی پێغەمبـەری خوا ﷺ و ئەبوبەکرو عومەر، ئەوانەی ژیاننامـەیان بریتـی بـوو لـە نمونەیەکی پیادەکراوی بنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو.

(إبن کثیر) فەرمویەتی: (کاتێك بەیعەت وەرگـیرا بـۆ یەزیـد لـە ژیانی باوکیدا، حوسەین یەکێك بوو لەوانـەی بەیعـەتی نـەدا، ئـەوو عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرو عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرو عـەبـدوڵلای کوڕی عومەرو عەبدوڵلای کوڕی عەبباس).[1]

بەڕاستی ئەو هاوەڵە فەقیهانە هەستیان بە مەترسی هەڵوێسـتەکە کردبوو، بە ناشەرعیان دەزانی بەیعەت بۆ (ولی عەهد) وەربگیریٚ لـە ژیـانی ئیمـام دا، وە بەیعـەت پـاش کۆچـی دوایـی ئیمـام یـاخود

(١) ابن کثیر (١٥٣/٨) لە بەسەرهاتی حوسەینی کوڕی عەلیو هۆکارەکانی دەرچونی.

لەکارخستنی وەردەگیرێتو ئەنجام دەدرێ، بەڵام کاتێ ئەو لە ژیاندا بــێ ئەوە شتێکە نابێ بکرێت.

خەڵکی بەیعەتیان بە یەزیـدا لـە ژیـانی باوکیـدا ﵁، ئـەو وای دەبینی کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوری یەك ئیمام، وە یەك کەلیمــەیی ئوممەتو نەگەڕانەوە بۆ کوشتو کوشتارو ئاژاوەگێڕی گرنگترە لە هــەر شتێکی تر، ئەوەبو دەیفەرموو: (من ترسام لەدوای خۆم خەڵکی بەجێ بهێڵم وەکو مەڕو ماڵاتی ڕۆژی باراناوی کە شوانی نەبێ).(١)

ئەوەی لەبیر چوو ﵁ کە پێغەمبەری خوا ﷺ سورترو بە بەزەیی تر بوو لە ئەو بۆ ئوممەتەکەی، لەگەڵ ئەوەشـدا وازی لــێهێنان تـاوەکو دوای خۆی کەسێك هەڵبژێرن کە پێی ڕازی بن، لەواز لێ هێنانەکەیدا بەرژەوەندی خۆیانی تێدابوو، ڕووداوەکانو ڕۆژانی دواتر ئەوەیان سەلماند ئــەوەی ئــەو لێــی دەترســا (ئــەو شــتەبوو کــە یەزیــد پــاش خــۆی ئارەزوومەندانە ئەنجامیدا، نەك ڕێو شوێنەکەی پێغەمبەری خوا ﷺو ئەبوبەکرو عومەر بەجێیان هێشتبوو، ئەوەبوو هەر کـە موعـاویـە ﵁ کۆچی‌دوایی کرد یەکسەر سەر لەنوێ توندوتۆڵی‌و یەکڕیزی‌مسوڵمانان هەڵوەشایەوە، دەوڵەت لە سەردەمی یەزیددا بە شێوەیك شێوا کە شتی وا پێشتر ڕووی نەدابوو، خەڵکی عێراق لەگەڵ حوسەینی کوڕی عــەلی لە دژی ڕاپەڕین، خەڵکی مەککەش لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی زوبــەیرو

---

(١) ابن كثيـر (٨/ ٨٣).

خەڵکی مەدینە لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەڵەی غەسیلو خەڵکی نەجدیش لەگەڵ نەجدەی کوڕی عامر لەدژی ڕاوەستان.

پاش ئەوەی خەڵکی شام بەیعەتیان بــە یەزیــددا، یەزیــد نوێنــەری نارد بۆ لای ئەمیری مەدینەو داوای لێ کرد بەیعەت لەوانە وەرگرێ کە پێشــتر بەیعــەتیان نــەدابوو، ئــەمیری مەدینــەی ڕاســپارد بــۆ لای عەبدوڵلای کوڕی عومەرو ئەویش ووتی: (خەڵکی بەیعەتی دا منیش دەیدەم)، کابراش پێی ووت: (چی وات لێ دەکات بەیعەت نەدەیت؟ تۆ دەتەوێ خەڵکی ناکۆكو جیــاواز بــنو بجــەنگێن؟! عەبــدوڵڵای کــوڕی عومەر فەرمووی: پێم خۆش نیە بجەنگێنو ناکۆك بنو تیابچن، بــەڵام ئەگەر خەڵکی بەیعەتی داو کەسی تر نەمایەوە ئەوا بەیعت دەدەم).[1]

ئا لەوکاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بەیعــەتی نــەداو چــاوەڕێی ئەوەی کرد بزانێ خەڵکی لەسەرچی کۆك دەبن، چــونکە مــاف مــافی ئەوانە، کاتێك لە وولاتانەوە بەیعەت بە یەزید درا، ئــەویش بەیعــەتی داو عەبدوڵلای کوڕی عەباسیش بەیعەتی دا).[2]

سەبارەت بە حوسەینی کوڕی عەلی ئــەوەبوو بــە نهێنــی نوســراوی خەڵکی عێراقی بۆ هــات، داوایــان لێ کردبــوو کــە بێــت بــۆ لایــان، بەیعەتدانی خۆیانیان پێگەیاندبوو، ئەویش لە مەککەوە چو بۆ لایان، کە پێشتر لەگەڵ عەبدوڵلای کوڕی زوبەیردا لە مەدینەوە ڕایان کرد بۆ

---

(١) ابن جریر ٣/٢٧٢ ساڵی ٦٠ی کۆچی.

(٢) ابن جریر ٣/٢٧٤ – ٢٧٥ وسەیری تاریخ ابن کثیر ٨/١٥٣ – ١٥٤ بکە.

مەککە،[1] یەزیدیش سوپایەکی بۆ ناردو جەنگان لەگەڵیداو لەساڵی ٦١ی کۆچی ﷺ شەهیدکراو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش لە مەککەدا مایەوەو بەیعەتی نەدا بە یەزیدو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە (جێنشینایەتی دەبێ بە ڕاوێژی نێوان خەڵکی بێ).[2]

بەهەمان شێوە خەڵکی مەدینە لە دژی یەزید ڕاپەڕینو بەیعەتیان هەڵوەشاندەوەو بەیعەتیان دا بە عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەڵەی غەسیل، کە پیاوێکی بەڕێزو خاوەن فەزڵو خانەدانێکی خواپەرست بووە،[3] پێشتر بە نوێنەرایەتی چوو بۆلای یەزید، کاتێ حاڵی یەزیدی بینی گەڕایەوە مەدینەو بانگەشەی لابردنی کردو خەڵکی مەدینەش بەیعەتیان پێدا، بانگەشەی ئەمانیش بۆ (ڕەزامەندێتیو ڕاوێژ)[4] بوو، عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەلەش لە هاوەڵە بچوكو کەم تەمەنەکان بووە،[5] لە جەنگی (الحرة)دا کوژرا، چەند هاوەڵێکی تریشی لەگەڵ کوژرا لەوانە: عەبدوڵڵای کوڕی عاصمی ئەنصاری[6] و عەبدوڵڵای کوڕی سائبی مەککی قورئان خوێن،[7] مەعقەلی کوڕی سنانی

(١) ابن جرير ٣/٢٧٤ – ٢٧٥، وە سەیری تاريخ ابن كثير ٨/١٥٣ – ١٥٤ بكة.

(٢) تاريخ خليفة ل ٢٥٨، ابن جرير ٣/٣٥٩.

(٣) تاريخ خليفة ل ٢٣٧، ابن جرير ٣/٣٥٩.

(٤) تاريخ خليفة ل ٢٣٧، تاريخ الذهبي ل ٢٤، ڕوداوەکانی ساڵی ٦٣ك .

(٥) تاريخ الذهبي ل ١٤٤.

(٦) تاريخ الذهبي ل١٤٥ ئەمە گێڕەرەوەی فەرمودەی دەستنوێژە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە لە بوخاریو موسلم دا هاتووە.

(٧) تاريخ الذهبي ل ١٤٦.

ئەشـجەعی هەڵگـــری بەیـداخی هۆزەکـەی خـۆی بـوو لەگـەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی ڕزگارکردنی مەکە، مەعقەلیش چـووبویە لای یەزید. کاتێ بارودۆخەکەی بینی گەڕایەوە مەدینەو دەسـتی کـرد بـە بانگەشـەی دەرچـوون دژ بـە یەزیـدو ڕۆژی (الحـرة)ش هـەڵگری بەیداخی کۆچکەران بوو.[1]

(إبن کثیر) دەفەرموێ: (لەم ساڵەدا خـەڵکێکی زۆری بـەناوبانگو خانەدان لە هاوەڵانو جگە لەوانیش کۆچـی دواییـان کـرد لـە ڕوداوی (الحرة)دا، لەو هاوەڵە بەناوبانگانە: عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەڵە ئەمیری مەدینە لەڕوداوی (الحرة)دا، وە مەعقەلی کوڕی سنانو عوبەیـدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عاصم وەمەسروقی ئەجدەع).[2]

لە مالیکی کوڕی ئەنەسـەوە باسـکراوە کەوتویـەتی: (لـەڕووداوی (الحرة)دا (حەوسەد لە هەڵگرانی قورئان(*) کوژران)،[3] پاشان کاتـێ سوپای یەزید ڕووی کردە مەککـە بـۆ کوشـتاری عەبـدوڵڵای کـوڕی زوبەیرو ئەوانەی لەگەڵیـدابوون، نـەیانتوانی بچـنە نێـو مەککـەوە، عەبدوڵڵاو هاوڕێکانی شکستیان پێهێنان، لەم نێوەندەدا یەزید مردو

(١) تاريخ الذهبي ل (٢٥١)، سەیری تاريخ خليفة ل (٢٣٧) بکە

(٢) البداية والنهاية (٨/٢٢٧)، خەلیفە کوڕی خەیات لە ل (٢٠٤ – ٢٥١)ی مێژووەکەیدا ناوی ئەو کوڕو نەوانەی یاریدەدەرو کۆچکـەرانی هێناوە کە لـە کـاتی دەرچونیان دژ بە یەزید کوژراون.

(*) مەبەستی ئەوانەیە قورئانیان لەبەر بووە، – وەرگێڕ – ).

(٣) الجامع ی (ابن أبی زيد القيروانی ل (١٨٣) و تاريخ الذهبي ل (٣٠).

فەرمانڕەوایەتیەکەی بە سەقامگیری نـەما، هـەروەها پـاش کـوژرانی حوسەینیش، لە نەجددا (نجده بـن عـامر الحنفـی) خـەڵکی یەمامـە ڕاپەڕیو یەزیدی لەکار خست).[1]

تەواوی کاروباری ئوممەت شێوا بەهۆی ئەو گوتارە سیاسیە نوێیــەوە کە مــافی هەڵبــژاردنی ئیمــامی لــە ئوممــەت ســەندەوە، هــەر بۆیــە بانگەوازی خەڵکی مەدینە بۆ (ڕەزامەندیو ڕاوێژ) بــوو، بــە هــەمان شـێوە بانگــەوازی خــەڵکی مەککــەش لەگــەل کــوڕی زوبــەیردا بــۆ (ڕەزامەندیو ڕاوێژ) بووە، چونکە ئەم دووانە بــریتین لــەو دوو بنــەما سەرەکی‌یەی سستمی سیاسی‌یان لەسەر بنیات دەنرێ، لە ئیســلام دا، هەروەك لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێ، ڕاوێــژیش بــەو شــێوەیەی هــاوەڵان تــێی گەیشــتوون دوو مەســەلە دەگەیەنێ: مافی ئوممەت لە هەڵبژاردنی ئیمــام دا، هــەروەك عومــەر فەرمویەتی: (ئیمارەت بە ڕاوێژە)و ڕاوێژ فەرمانڕەوایەتی پشتاو پشتی نیە هەرچەندە دادگەریش بێت، وە مافی بەشداریکردنی ئوممەتە لەگەڵ ئیمام دا لە بیرو بۆچونەکانی دا، وە بەبێ ئوممەت هیچ کارێك یەکلایی نەکرێتەوە، ڕاوێژ لەگەڵ زۆرداریو ناچارکردنی سیاسیدا بونی نیە، ئەم دوو مافە سەر بە دروشمی (ڕەزامەنــدیو ڕاوێــژ)ە، خــەڵکی مەدینــەو مەککەو عێراقو نەجد لە پێناوی ئەم دوبنەمایەدا جــەنگان بــەهۆی

---

(١) (ابن كثير (٨/٢١٨) وە سەیری ابن جریر الطبـري (٣/٣٥٠) لـە ڕوداوەکانی ساڵی (٦٢) ك بکە.

ئەو پلەوشوێنەی لەئیسلام دا هەیانە، چونکە ئەم دووانە لــە ئەســڵو فەریزەو عەزیمەکانی ئیسلامەو گەرەکە بەرپابکرێو بەرگری لێ بکرێ، زانای سەرمەشق (ئەبوحازم سەلمەی کوڕی دینار) بە سولەیمانی کــوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانی فەرموو: (لەڕاستیدا باوو باپیرانت ئــەم کاروبــــــارەیان زەوت کــرد)، واتــە (جێنشــینایەتی)و بــە زۆری شــیر وەریــانگرت بێئــەوەی ڕاوێــژو کۆبونــەوەو ڕەزامەنــدی خــەڵکی لەسەربێ)[1].

هەموو ئەمانە پێش ئەو پاشەکشە ترسناکە بووە کە لــە چــەمکی ڕاوێژدا بەدی هات لەقۆناغی دووەم دا، ئەوەبوو واتای ڕاوێژ دابڕدابــڕو کەلەوپاچە کرا، ڕاوێژ کورت کرایەوە بۆبەشداری کردنــی خــەڵکی لــە ڕاو بیروبۆچون لەگەڵ ئیمام دا؟ پاشان کــورتو کــەم کرایــەوە تــابووە ئەوەی بریتی بێ لە ڕاوێژپێکردنی ئیمام بە ئەهلی حەللو عەقــد بــێ ئەوە پابەندبێ پێیەوە؟ پاشان بۆجــاری ســێیەم کــورت کرایــەوەو وای لێهات ڕاوێژ بریتی بێ لە کارێکی ناواجب، بــەڵکو لــە شــتە بــاشو موستەحەبەکان بێ، ئەگەر ویستی بیکاو ئەگــەرنا وازی لــێ بێنــێ؟ ناشکرێ ئەگەر بارەکە وابێو ئەمە حوکمی ڕاوێژ بــێ خــەڵکی تــەنها لەبەر نەکردنی کارێکی موستەحەب لەگەڵ ئیمام دا بجەنگێن؟

ناکرێ لەم چــەمکە بگــەین مەگــەر لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو ڕوداوە

---

(١) حلية الأولياء (٣/٢٣٥) سەیری پەراوێزی إحياء علوم الدين (٢/١٣٠) بکە.

سیاسیانەی لە سەردەمی هاوەڵاندا ڕوویانداوەو ئـەو هەڵوێستانەی لـە بەرامبەر بەیعەت دان بەیەزیدەوە هەیانبوو، ئەوەبوو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس مەرجیان ئەوەبوو هەموو ئوممـەت بێنە ناو ئەم کارەوەو ڕازی بن بەوەی یەزید خەلیفـەیان بێـت، چـونکە ئوممەت خاوەنی مافەکەیەو ئەوان بەشوێنیا دێن، لـە کاتێکـدا دیـدو بۆچونی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و عەبـدوڕەحمانی کـوڕی ئەبوبـەکرو حوسەین ئەوەبوو کە ناکرێ بچیتە نێو بەیعەتێکەوە تـا ئـەو ڕەگـەزی ناچارکردنی ماددی یامەعنەویە لە ئارادا بێت بـا هـەموو خـەڵکیش بەیعەت بدەن، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر لە سەردەمی موعاویەدا کۆچی دوایی کرد، هەر ئەویش پێی وتبوو: (یا دەبێ لەم کارەدا ڕاوێـژ بگێڕیتەوە نێو مسوڵمانان، یا ئەوەتانێ بە کۆرپەیی لە باری دەبەین)، کە ئەمەش تەئکید کردنەوەیە لەسەر سوربونی لەسەر ئەوەی بجـەنگێ لە پێناوی بەرگریکردن لە بنەمای ڕاوێـژ، بـەلای ئـەوەوە گوێڕایـەڵی دروست نیە بۆ ئیمام ئەگەر مافی ئوممەتی زەوت کرد، ئەم بۆچونەشـی لـە لایـەن حوسـەینی کـوڕی عـەلیو عەبـدوڵڵای کـوڕی زوبـەیرو عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەلەی کوڕی غەسیلەوە پیادەکرا بـەوەی لەگـەڵ یەزیدا جەنگانو لە دژی ڕاپەڕین، لەژێر دروشمـی ڕەزامەنـدیو ڕاوێـژ (الرضا والشوری)دا، لەمەشدا بەسەدان زانایان لەگەڵ بوو لـە کـوڕو نەوەی هاوەڵانو تابعین.

هـەموو ئەمانـە ڕوویـان نـەدەدا ئەگـەر بابـەتی ڕاوێـژ ئەوەنـدە

مەترسیدارو گرنگ نەبوایەو بنچینەیەك نەبوایە لە بنچینەكانی ئیسلامو شایستەی ئەو گرنگی دانە نەبوایە، لە هەمان كاتدا دەوڵەتیش تووشی ئەو شێواویە نەدەبوو كە لە پاش بیست ساڵ لە سەقامگیریو كۆك بوون لەسەر موعاویە توشی هات، ئەگەر ئەم گۆڕانە مەترسیدارە لە گوتاری سیاسی ڕوی نەدایەو ڕێو شوێنو سوننەتی هیرقلو قەیسەر لەنێو مسوڵمانانداا بەدەرنەكەوتایە، هەر كە قەیسەرێك مرد قەیسەرێكی تر فەرمان ڕەوایی دەكرد بە دوایدا، موعاویە ﵁ دەیویست خەلافەت بكاتە پادشاییەكی دەستوری: ناوی خەلافەتەكە لە كەسوكاری ئەودا بێتو حەللو عەقدیش بۆ ئوممەت بێت، خەلیفە دەست نەخاتە كاروبارێكەوە كە ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەبێ ئەوان هیچ كارێك نەبڕێتەوە، وەك سوربونێك لەسەر یەكێتی ئوممەتو گومانیشی وابوو ئەم پەیڕەوكردنە باشترە بۆ ئوممەت لەوەی بەبێ سپاردنو ئیمام بەجێیان بهێڵێ؟!

بەڵام سوننەت هەمووی هەرچاكەو خێردارە، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ ئوممەتی واز لێهێنا تاوەكو كەسێك هەڵبژێرێ كە خۆی پێی ڕازییە (ذهبي) مێژونووس سەبارەت بە موعاویە ﵁ وتویەتی: (خۆزگایە ئەوكارەی نەسپاردایە بە یەزیدی كوڕیو كارەكەی بۆ ئوممەت خۆی بەجێ بهێڵایە).[1]

---

(١) سير الأعـلام ٣/١٥٨.

موعاویه ﷺ خۆی جەنگا لەگەڵ خەلیفەی ڕاشد عەلی کوڕی ئـەبو تالیب ﷺ دا لەسەر بنەمای ڕاوێژ، وەلە گوێڕایەڵی دەرچوو بـەبیانوی گێڕانەوەی کارەکە بۆ ئەوەی بکرێتە ڕاوێژ لە نێوان ئوممەت دا، تـاوەکو ئەوکەسە هەڵبژێرن کە ئوممەت کۆدەبنــەوە لەســەری و هەڵیدەبـژێرن، هەروەك (الزهري) دەڵێ: (کاتــێ موعاویــە هــەرەس‌و شکســتی ڕۆژی ووشترەکە (الجمل)و ســەرکەوتنی عــەلی پێگەیشــت، خــەڵکی شـامی بانگهێشت کرد بۆئەوەی لە پێناوی ڕاوێژ (الشوری)و داخوازی خـوێنی عوسماندا هاوسەنگەری بن‌و لەگەڵی بجەنگێن، ئەوانیش لەسەر ئەمــە بەیعەتیان پێیدا وەك ئەمیرێك نەك وەك خەلیفە). [1]

لەڕاستیدا بنەمای ڕاوێژ پلەوپایەو گرنگییەکی وای هەبوو، تا ئـەو ڕادەیەی هاوەڵان ﷺ بۆ بەرگریکردن‌و پاراستنی شیرەکانان هەڵکێشــا، (ڕاوێژو ڕەزامەندی)ش جگە لە ئـازادی سیاســی بەچـەمکە فـراوان‌و گشتگیرەکەی، شتێکی تر نیە.

هەربۆیە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر – پێش کۆچی دوایــی یەزیـد – بەبێ ئەهلی حــەللو عەقــدو ســەرکردەکانی خــەڵکی مەککــە هــیچ کارێکی نەدەبڕیەوە، لە تەواوی کاروبارەکانیانــدا ڕاوێــژی پــێدەکردن‌و بەبێ ئەوان هیچ شتێکی یەکلا نەدەکردەوە، دروشمی (فەرمان ڕەوایــی‌و حوکم تەنها بۆ خوایە (لاحکم إلا لله)ی بەرزکردەوە، لە مەککە حەجی

---

(١) سير الأعلام ٣/ ١٤٠.

به خەڵکی دەکردو نوێژی جومعەی بۆ دەکردن بەبێ ئـەوەی دەسـەڵاتی ئەمارەت‌و خەلافەتی تێدا بێت، پاش ئەوەی کاربەدەستەکانی یەزیـدی لە مەککە وەدەرنا.(١)

هەموو ئەمانە تەئکیدن لەسەر گرنگـی‌و پـڕ بایـەخێتی بنـەمای ڕاوێژو ڕەزامەندی، چونکە نەمانی ئەم دوو بنەمایە سـەری کێشـا بـۆ ئەوەی بارەکە ئاڵۆزو ناجێگیر بێت هەر ئوممەت ڕێك نەکەون‌و ڕێك نەبن لەسەر یەزید کە تەنها چوارساڵ فەرمان ڕەوایەتی کرد، ئەویش پڕبـوو لە ئاژاوەو جەنگی ناوخۆیی، لە پاش کۆچی دوایی یەزید سـاڵی ٦٤ك عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادی میری بەسرە ووتاریداو سەرخۆشی یەزیـدی پێڕاگەیاندن‌و پێی ووتن: (بۆخۆتان هەڵبژێرن).(٢)

موعـاویەی کوڕی یەزیدیش لە شـامدا هەسـتابویەوەو ووتـاری بـۆ دابون پاش ئەوەی بەیعەتیان پێی دابوو کە خەلیفەبێ لـەو بۆنەیـەدا وتی: (ئەم کارەم بۆخۆتان بەجێ‌هێلا، کـێ باشـە بۆتـان ئـەوە بکەنـە سەرپەرشتیارو کاربەدەستی خۆتان).(٣)

خەڵکی لە مەککەدا بەیعەتی خەلیفایەتیان بە عەبدوڵڵای کـوڕی

---

(١) تاريخ الإسلام ٣/٤٤٤ و سير الأعلام النبلاء ٣/٣٧٣ وتهذيب تاريخ دمشق ٧/٤١٤، ئـەو ئـەم دەبڕینـەی هێنـاوە (ئـەو لـە هـەموو کاروبارەکانیـدا ڕاوێـژی پـێ‌دەکردن، نیشـانی دەدان کـە ئـەم کـارە بەڕاوێـژە لەنێوانیانـدا، بـەبێ ئـەوان هـیچ کـارێکی نەدەبڕیەوە).

(٢) تاريخ ابن خياط ل ٢٥٨.

(٣) تاريخ ابن كثير ٨/ ٢٤١.

زوبێردا ، خەڵکی هەموو شارو وولاتانیش بەیعەتیان پێ ی دا جگە لە خەڵکی دیمەشق، بە خەلیفایەتی مایەوە تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٧٣ك داکوژرا پاش ئەوەی دەساڵ حەجی بە خەڵکی کرد ، عەبدوڵلا، ڕەوشتو ڕەفتارو جوان بوو، کاروباری بە باشی بەڕێوە بردووە، دادگەرو بەداد بووە لەڕووی ژیاننامەو ڕەفتارەوە زیاتر لە خەلیفەکانی تر هاوشێوەی چوار خەلیفە ڕاشدییەکان بووە، وە دواهەمینی ئەو خەلیفانەبووە کە ئوممەت بە ڕاویژو ڕەزامەندی هەڵیبژاردوون دوای ئەم چاخێکی نوێ دەست پێدەکات کە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانە کە یەکەم خەلیفەیە بەهێزی شیرو جەنگ خەلافەتی بۆخۆی ڕاکێشاو دەستی بەسەرداگرت، ئەمەش پاشتر گەورەترین شوێنەواری دەبێت لەسەر فیقهی سیاسی، جا ئەگەر موعاویە پاش ئاشتەوایی کردنی لەگەڵ حوسەینی کوڕی عەلیو کۆبونەوەی ڕەزامەندیانەی ئوممەت لە ساڵی (الجماعة)دا بوبێتە خەلیفە، وە ئەگەر یەزیدی کوڕی لەلایەن خەڵکی شارو وولاتانەوە لەژیانی باوکیدا وەپاشان دوای باوکی بەیعەتی پێدرابێ، وە ئەگەر عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر لەپاش وەفاتی یەزید کەلەمەککەدا بوو لەلایەن گشتینەی وولاتانەوە بەڕەزامەندیو هەڵبژاردن بەیعەتی پێ درابێ، ئەوا عەبدولمەلیك یەکەم خەلیفەیە کە دەست بەسەر خەلیفایەتیدا دەگریو داگیری دەکاو خەڵکی بەناچاریو ناحەزی یەوە بەیعەتی پێدەدەن پاش ئەوەی عەبدوڵلای کوڕی زوبەیری کوشت، بەمەش چاخو سەردەمی خەلیفەی خۆسەپێنەر (الخليفة

المتغلب) دەست پێدەکات، کە پێشتر ئوممەت ئاشـــنای بـــارو ڕەوشـــێکی لەوشێوە نەبووە.

هاوەڵان ﷺ کۆبوون لەسەر ئـەوەی ئیمامـەت تـەنها بەگرێبەنـدی بەیعەت بەدی دێت پاش ڕاوێژو ڕەزامەندی ئوممەت، هــەروەها دانــانی جێنشینیان بەدروست دەبینی بۆ ئەو کەسەی ئیمام دەیپاڵێوێو هــەڵی دەبژێرێ بەمەرجی ڕاوێژو ڕەزامەندی ئوممەت، وە بەو مەرجەی لــەدوای کۆچی دوایی ئیمام ئوممــەت بــێ زۆرلێکــردن، گرێبەســتی بەیعــەتی پێڕەوا ببینێو بەیعەتی پێبدا.

هەروەها کۆش بوون لەسەرئەوەی دروست نیە ، کاری جێنشــینایەتی بە پشتاوپشتی بێ یاخود بــەهێزو زۆرداری دەســتی بەســەردا بگــیرێو وەربگیرێت، ئەگەر بەم شێوەیە بەدەست خــرا ئــەوا بــە ســتەم (ظلــم) دادەنرێ کە لە شەرعدا حەرامە.

ئیبن‌وحەزم فەرمویەتی: (جیاوازی نیە لەنێوان هیچ کەس لەئەهلی ئیسلام لەوەدا کە دروست نیە ئەم کارە بە پشتاوپشت بێ).[1]

بەڵام ئــەمری واقــع ووردە ووردە دەســتی کــرد بەخۆســەپاندن، وای لێهات هەندێ لە فەقیهەکانیش – بە حوکمی ناچاری دەســتیان کــرد بــە تــەئویلکردنی دەقــەکانی شــەرعیەتدان – بــە پشــتاو پشــتی و خۆسەپاندن، تاوای لێهات ئەم دوو شێوەیە بە تێپــەڕینی کــات بوونــە

---

(١) الفصل (٤/١٦٧).

ئەو دوو ئەسڵەی لەسەر زەمینەی واقع پیادە دەکران، جگە لەم دوانەش بیردۆزەن‌و هیچ بوارێکیان نیە لە پەیکەڵکردنی کرداریدا؟! وە وای لێهات ڕێو شوێنی هرقل‌و قەیسەر بوونە جێگرەوەی ڕێو شوێنی ئەبوبەکرو عومەر رضي الله عنه؟!!

سودەیفی کوڕی مەیمونی ئەدیب، گوتاربێژی شۆڕشگێڕی دژ بە ئەمەویەکان، باس لەم پاشەکشێیە دەکاو بە جوانی دەری دەبڕێ لەو وتەیەیدا کە دەڵێ: (خوایە گیان دەستکەوتەکانمان پاش ئەوەی دابەش دەکران قۆرخ کراون، ئەمیرایەتیمان بووەتە سەپاندن، دوای ئەوەی بە ڕاوێژ بوو، سپاردن‌و عەهدمان بووەتە میرات‌و پشتاوپشتی پاش ئەوەی بەویست‌و هەڵبژاردن بوو...)[1]

ماوەردی - قازی قازی یەکان لە دەوڵەتی عەبباسی دا- ووتویەتی: (بەش: سەبارەت بە دامەزرانی ئیمامەت بە سپاردنی پێش خۆی، ئەوە لەو شتانەیە کە کۆڕا (إجماع) لەسەر دروستێتی هەیە، لەدوو ڕووەوە ڕێکەوتن لەسەر دروستیی‌و تەواوێتی هەیە کە بە هۆی ئەم دوو خاڵەوە مسوڵمانان کاریان پێی کردووەو ئینکاریان نەکردووە، یەکەمیان: ئەبوبەکر رضي الله عنه ئەوکارەی سپارد بە عومەر رضي الله عنه، مسوڵمانانیش ئیمامەتی ئەویان بەو سپاردنەی ئەو سەلماند.

دووەم: عومەر رضي الله عنه ئەوکارەی سپارد بە ئەهلی ڕاوێژ، (جماعە)ش بە

(١) سەیری (طبقات الشعراء)ی ابن المتز، ل (٣٧ – ٣٨) بکە.

پەسەندیان زانی بچنە ناو ئەوکارەوە، ئەوانیش خانەدانو پیاو ماقوڵانی سەردەمەکەبوون، لەبەر باوەڕبونیان بەوەی دروستە ئەوکارە بەو شێوەیە ئەنجام درێ، هاوەڵانی تریش هاتنە دەرەوەی ئەم پاڵاوتنو دەست نیشان کردنەوە،(*) عەلی بە عەبباسی فەرموو ﷺ (کاتێ کە عەبباس سەرزەنشتی کرد لەسەرئەوەی چوبویە ناو ڕاوێژەکەوە): ئەوە کارێکی گەورەی ئیسلام بوو، بەخۆم ڕەوا نەبینی لێی دەرچم، بەم شێوەیە سپاردن (عهد) بۆ جێنشینایەتی بووبە (إجماع)ێك لە گرێبەستی ئیمامەت دا، جا ئەگەر ئیمام ویستی جێنشینایەتی بسپێرێ ئەوا پێویستە هەوڵێکی زۆربدا بۆ دۆزینەوەی ئەوکەسەی شیاوترە بۆیو بە زۆرترین مەرجەکانی هەڵدەسێو تیایدا بەدی، جا کاتێك ئیجتیهادەکەی کەسێکی بۆ دیاری کرد دەبێ سەیرکرێ، ئەگەر کوڕ یا باوك نەبوو دروستە خۆی گرێبەستی بەیعەتی پێبداو کاروباری جێنشینایەتی پێڕاسپێرێ، هەرچەندە ڕاوێژیشی نەکردبێ بەو کەسانەی ئەهلی هەڵبژاردنو (اختیار)ن، بەڵام جیاوازیان هەیە لەوەدا: کە ئایا ڕەزامەندی ئەوان مەرجە بۆ تەواوێتی دامەزراندنی بەیعەتەکەی یاخود نا؟ هەندێ لە زانایانی بەسرە وای بۆچوون کە ڕەزامەندی ئەهلی ئیختیار بۆ بەیعەتەکەی ئەو مەرجە بۆ ئەوەی بۆ ئوممەت ببێتە شتێکی پێویستو پابەند، چونکە مافێکە پەیوەندی

---

(*) لەبەرئەوەی تەنها شەش کەس بۆئەو پۆستە پاڵێورابوون، بەمەش هاوەڵانی تر کەوتنە دەرەوەی پاڵاوتنەکەوە، هاوەڵانیش بەمە ڕازی بوون — و — .

پێیانەوە هەیە، ئەگەر ڕەزامەندی ئەهلی ئیختیـاری تێدانـەبو نابێـت پابەندبین پێیەوە.

ڕای دروست ئەوەیـە بەیعەتەکـەی دادەمـەزرێ، ڕەزامەنـدی ئـەوان موعتەبەر نیـە، چـونکە بەیعـەتی عومـەر ﵁ نەوەسـتابوو لەسـەر ڕەزامەندی هـاوەڵان، وە لەبەرئـەوەی ئیمـام خـۆی لـە هـەموو کـەس شـیاوترەو باشـتر لێـی دەزانـێ، هەربۆیـە هەڵبـژاردنی ئـەو گونجـاوو لەبەرترەو قسەی زیاتر دەڕوا، بەڵام ئەگەر (ولی عهد)ەکە کوڕ یا بـاوك بوو ئەوا سەبارەت بە حوکمی گرێدانی بەیعەت بـە تـەنها لـە لایـەن ئیمامەوە بۆی سێ ڕێبـاز هەیـە، یەکـەمیان: دروسـت نیـە بەتـەنها گرێبەستی بەیعەت ئەنجام بدرێ بۆکوڕ یا باوك بەبێ ڕاوێژ بـە ئـەهل ئیختیار، جا ئەگەر ئەوان بە شایستەیان بینی بۆ ئـەوکارە ئـەو کاتـە دروستە گرێبەستی بەیعەتی بۆ ئەنجام بـدرێ، چـونکە ئـەوە بـۆ ئـەو ئەستۆ پاکیەو جێگـەی شـاهێدی بـۆدان دەگرێتـەوە، گرتنـە دەسـتی کاروباری ئوممەتیش لە لایەن ئـەوەوە هـەمان ڕێو شـوێنو (حکـم)ی هەیە، دروستیش نیە کوڕ بۆ باوكو باوك بۆ کـوڕ شـاهێدی بـدا لـەم کارەدا یان یەکێکیان بۆ ئەوی تریان لەبەر ئەو تۆمەتەی لـەم کـارەدا هەیەو لە سروشتی مرۆڤـ دا ئەو حەزە هەیە کە یەکێکیان بـۆ ئـەوی تریان دەیەوێ.

ڕێبازی دووەم: دروستە بە تەنها بۆ کوڕ یـا بـاوك ئـەوگرێ بەسـتە ئەنجام بدرێ، چونکە ئەمیری ئوممـەت قسـە ڕۆیشـتووەو کاروفرمـانی

ڕادەپەڕێنرێ، بۆ ئەوان‌و خۆشیان، بەمەش حوکمی پلەو پایەکەی زاڵ دەبێ بەسەر حوکمی نەسەب‌و خزمایەتیدا، لێرەوە ڕێدەگیرێ لەوەی لە ئەمانەتیدا تۆمەتبار بکرێ‌و ڕێگەبدرێ نەیارێتی بکرێ، لەم کارەشدا سپاردنی بەکوڕ یاباوکی وەکو ئەوە وایە بیسپێرێتە کەسانی تر بەدەر لە کوڕو باوکی، ئایا ڕەزامەندی ئەهلی ئیختیار پاش دروستی عەهدو سپاردنەکە موعتەبەرە بۆئەوەی ئوممەت پێوەی پابەند بێ یان نا؟ ئەوا بەو شێوەیە کەپێشتر خستمانەڕوو لەدوو ڕووەوە)،[1] ماوەردی بۆ گەیشتن بەم حوکمە تەئویل کراوە هەموو ئەو پیشەکیانە دەهێنێتەوە کە خۆی لەخۆیدا تەئویلی ڕووە ڕاست‌و دروستەکەیە، لەوانەش: -

١/ دروستی دانانی جێنشین‌و پێسپاردن بە پێی ئەو کردەوەیەی ئەبوبەکر لەگەڵ عومەردا بە کۆی هاوەڵان کردی.

٢/ بەهۆی گرێبەستی (استخلاف)و (عهد) بەبێ ڕاوێژو ڕەزامەندی مسوڵمانان کەسێك دەبێتە ئیمام، ئەگەر کەسەکە باوك یاکوڕی ئیمامی ئەوکاتە نەبێت، بە بیانوی ئەوەی ئەبوبەکر عومەری هەڵبژارد، هەڵبژاردنی عومەر لەلایەن ئەبوبەکرەوە نەوەستابوو لەسەر ڕەزامەندی هاوەڵان؟!!

ماوەردی هۆکاری بەهێزی ئەم بۆچونە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کە: (ئیمام خۆی لەهەمووکەس شیاوترەو باشتر لێی دەزانێ، هەربۆیە

---

(١) الأحكام السلطانية، ل (١١).

هەڵبژاردنی ئـەو گونجـاوو لەبـەرترەو قسـەی زیـاتر دەڕوا)، (ڕای دروست ئەوەیـە کـە بەیعەتەکـەی دامـەزراوەو ڕازی بـوون پێـی موعتەبەر نیە)؟!!

٣/ جا ئەگەر ئەوکەسەی ئەم کارەی پێدەسپێرێ باوك یا کـوڕی ئـەو کەسـەبوو ئـەوا ڕای بـەهێز -لای مـاوەردی- بـە هـەمان شـێوە دروستییەتی، بە قیاس کـردن لەسـەر کـەسو خـەڵکانی تـر، وە لەبەرئەوەی ئیمام (ئەمیری ئوممەتەو قسە ڕۆیشتووەو کارو فرمانی ڕادەپەڕێنری بۆ ئەوانو خۆشیان، بەمـەش حـوکمی پلەوپایەکـەی زاڵ دەبی بەسەر حوکمی نەسەبو خزمایەتیدا، لێرەوە ڕێ دەگـیرێ لەوەی لـە ئەمانەتیـدا تۆمـەتبار بکـرێو ڕێگەبـدرێ نـەیارێتی بکـــرێ) ؟!!

بەم شێوەیە تەئویل دەکرێتە هۆکارێك بۆپاساودانی ئـەمری واقـعو پەردەپۆش کردنی شەرعیەتەکەی؟ لەڕاستیدا مـاوەردی زیـاتر دەربـڕی واقعی چـاخەکەی خۆیـەتی وەك ئـەوەی دەربـڕی بنـەماکانی گوتـاری سیاسی ئیسلامی بێت، ئەم جیاوازییـەش زۆر بەئاشـکرایی دیـارە لـە نێوان تەئویلو تەفسیرکردنی ئەو بۆ ڕوداوی سپاردنەکەی ئەبوبەکر بۆ عومەرو تێگەیشتنی دروستانەی هاوەڵان بۆ ئەم ڕوداوە کە ڕێكو سازە بە ڕێنمایی یەکانی ئایینی دابەزێنراو.

لەڕاستیدا ماوەردی —لە کاتێکدا کە تەعبیر لە فیقهـی سـەردەمی عەبباسی دەکا- بێئەوەی هەست بکا دەقـەکان وەگـەڕدەخاو بـەکاری

دەهێنێ بۆ خزمەتی واقـع، بـە پێچـەوانەی هاوەڵانـەوە کـە واقعیـان دارِشتەوە -یا ویستیان دایرِێژنـەوە- بەوپێیـەی لەدەقەکانـدا هـاتووە، واتە وای لێهات واقع چەمکەکانی خـۆی شـۆرِکردەوەو دەیسـەلماند بـە شێوەیەك پێویست بێ لـە پێناویـدا تـەئویلی دەقـەکانی شـەریعەت بکرێ، لە پێناوی شەرعیەت پێبەخشینی نەك بە پێچەوانەوە؟!!

وای لێهات ئەوەی لە نیـوەی سـەدەی یەکـەمی کۆچیـدا پەسـەند نەدەکراو رِەفز بوو بە بیـانوی ئـەوەی رِێو شـوێنو سـوننەتی هیرقـلو قەیسەرە، کەچـی لەسـەدەی سـێهەم دا بـوو بـە شـتێکی دروسـتو مەشروع، بە پێوانو قیاس لەسەر رِوداوی بە جێنشینکردنی ئەبوبەکرو عومەر، ئەمە لەگەڵ بـونی کـۆرِای ئـەهلی ئیسـلام — بـە تایبـەتی سوننە- لەسەر ئەوەی دروست نیە ئەم کارە بەپشتاوپشتی بێت[١]؟!!

لە کاتێکدا ئەگەر بیرۆکەی بـە جێنشـینایەتی کـردن سـەنەدێکی شەرعی تەئویل کراوی هەبوبێ بۆئەوەی رِێگەیەکی دروستو مەشروع تاوەکو ئیمامەت بەپشتاوپشتی بۆ کورِەکان بەجێ بمێنـێ، بـە بیـانوی دروستی پێسپاردن (العهد) بۆ ئەوان، وەکو بۆجگە لەوانیش دروستە، ئەوا بیرۆکەی دەست بەسەراگرتنی زۆردارانـەش پـاش عەبدولمـەلیکی کورِی مەرِوان رِێی خۆی بینیـەوەو بـەدیهات تـاوەکو ببێتـە رِێگـەی سێهەم -لای زۆرێـك لـە فەقیهـەکان- کـە بـە هۆیـەوە گرێبەنـدی ئیمامـەت دادەمـەزرێ، بـەڵام ئـەم رِێگەیـە لـەرِووی زەرورەتـەوە بـە

(١) سەیری (الفصل) ی ابن حـزم) (٤/١٦٧) بکە.

دروستیان بینیوه، ئەگینا کۆك بوون لەسەر حەرامیێتییەکەی، ڕەوایەتی پـێدانی تـەنها لـە ڕووی ڕەچـاوکردنی بەرژەوەندییـەکانی ئوممـەتو پاراستنی یەك ڕیزییەکەی بووە؟!

هەربۆیـە ئیمـامی نـەوەوی -٦٧٦ ك ك- فەرمویـەتی: (ڕێگـەی سێهەم بریتییە لە ڕێگەی زۆرداریو دەست بەسەراگرتن، کاتێك ئەگەر ئیمام مرد کەسێك خۆی هەڵقورتاند بـۆ ئیمامـەت کـە مەرجـەکانی ئیمامی تێدابوو بەڵام بێئەوەی کرابێتە جێنشین یا بەیعەتی پێـدرابێ، بەڵکو بەهۆی هێزو سەربازییەوە خەڵکی بەزاندو ناچاریانی کرد، ئەوا جێنشینیەتەکەی دادەمەزرێ، بۆ ئـەوەی یـەکڕیزی مسـوڵمانان بـەدی بێت، جا ئەگەر هەر هەموو مەرجەکانی تێدانەبوو وەك ئـەوەی فاسـق بێت یانەزان بێت، ئەمە دووڕووی هەیـە:- تـەواوترینیان ئەوەیـە کـە دادەمەزرێ لەو ڕووەوە کە باسمانکرد، هەرچـەندە بـەوکارەی گوناهبـار دەبێ). [(١)]

بەردەوام ئەم ڕێگەیە جێگەی جیاوازییەکی کۆنی نێوان فەقیهـەکان بووە، لە ئەحمەدی کوڕی خەنبـەل دوو گێڕانـەوە دەگێڕنـەوە -ئـەو لـە زانایانی سـەدەی دووەمو سـێیەمی کۆچـییە- گێڕانەوەیـەکیان دەڵـێ ئەگەر کەسێك بەزۆری هێز دەسـتی بەسـەراگرتو خـەڵکی لـەدەوری کۆبونـەوە ئـەوا بـەوە دەبێتـە ئیمـام، کۆبونـەوەو سـەقامگیریو یەکلابونەوەی بارەکەی بە مەرج داناوە.

---

(١) روضة الطالبين ١٠/٤٦، ومێ پر الإناقة ١/٥٨.

گێڕانەوەی دووەم: ئەوەیە کە بەدەست بەسەراگرتن نابێت بە ئیمـام، چونکە کاتێك دەبێت بەئیمام کە بەیعەتی پێبدرێ یـا جێنشـینایەتی پێبسپێردرێ، هەندێ لـە ئیمامـەکانی مەزهـەب ئـەم بۆچونـــەیان بەهێز داناوە.[1]

قورتوبی مالکی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: ((ووتراوە: ئەمە (دەسـت بەسـەراگرتن) دەبێتـە ڕێگەیـەك))،[2] کەچـی ئـەوەی کەجێگـەی تێڕوانین‌و جیاوازی بوو پاشتر بووە جێگـەی کـۆڕاو کـۆك بـوون، وەوای لێهـات ئـەم ڕێگەیـە بـوو بـە ڕێگەیـەکی دروسـت بـۆگرێ بەنـدی ئیمامەت؟!

بەم شێوەیە وای لێهات واقع چەمکەکانی خـۆی دەسـەپاند بەسـەر فیقهـ و فەقیهەکاندا، زەرورەت‌و بەرژەوەندی گشتی خوازیـاری پاسـاو هێنانەوە بوون بۆ گرتنەبەری ئەم ڕێ‌و شوێنانە بێ‌ئەوەی هەست بکرێ بەو مەترسـیانەی لـە داهـاتودا بەدیـدێن، وەزۆرداری‌و خۆسـەپاندنی زۆردارانە بەسەر مافی ئوممەتدا – هەرچـەندە بەرژەوەندییـەکی کـاتی بەدی دێنێ – بەڵام لە داهاتوودا سەردەکێشێ بۆ لاوازبوونی ئوممـەت‌و کاولکردنی هێزو یەکێتییەکەی، هـەروەك ئەمـە بـارو بـاوی هـەموو زۆرداریيەکە لەتەواوی سەردەم‌و وولاتە جیاجیاکاندا، وە مەترسی ئـەو

(١) سەیری حاشیه المقنع ٤/١٤٧ ی سلیمان کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بکە هەروەها (الأحکام السلطانية)ی ئەبو یەعلای حەنبەلی ل ٢٣ و (الانصاف)ی (المرداوی ١٠/٣١٠).

(٢) الجامع لأحکام القرآن ١/ ٢٦٩، ئەوەی کە دەڵێ: ووتراوە (قيل) بە لاواز دانانی ئەم بۆچونەیە لای ئەو.

ناکۆکیەی لە نێوان مسوڵمانانداا لە سەرەنجامی ڕاوێژەوە بەدیدێ باشترە لەو یەکێتی و یەکڕیزی یەی بەهۆی زۆرداری یەوە بەدیدێ ئەگەر بۆ مەودایەکی دوور تێی بڕوانین، ئەمڕۆش ئەوە بەدی هاتووە؟!

لەڕاستیدا ئەو ووتەیەی عومەری کوڕی خەتاب ﵁ سودی لێ وەرنەگیرا کاتێ فەرمووی: (لەڕاستیدا ئەمارەت بە ڕاوێژی نێوان مسوڵمانان دەبێ)،[1] وە ئەو ووتەیەی کە فەرموی: (هەرکەسێ بانگەشەی کرد بۆ میرایەتی خۆی بێ ڕاوێژی مسوڵمانان ئەوا چارتان نیە تەنها کوشتنی نەبێ)،[2] یا ئەو ووتەیەی (هەرکەسێ بەیعەت بداتە کەسێك بێڕاوێژی مسوڵمانان ئەوا خۆیو کەسی بەیعەت پێسپێردراویش شوێنیان ناکەوترێتو دوور نیە بکوژرێن)،[3] هەستی کردبوو زەوتکردنی مافی ئوممەت چەند مەترسیدارە، هەربۆیە ڕێگەی گەیشتنی بە ئیمامەت تەنها لە ڕێگەیەکدا کورت کردبوەوە، ئەویش ڕێگەی ڕاوێژو ڕەزامەندی ئوممەت بوو بەدەر لە ڕێگەکانی تر، لەڕاستیدا یەکەم و ترسناکترین لادانێك لە مێژووی مسوڵماناندا لادان بووە لەم دەروازەیەوە، لەوبارەی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لەسەری بوونە.

(١) عبدالرزاق (المصنف) ٥/٤٤٦ بە ئیسنادێکی (صحیح) گێڕاویەتیەوە، سەیری پێشووتر بکە ل ٣٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ٥/٤٤٥ ئیسنادێك حەسەنە بە پاڵپشتەکانیەوە، سەیری (السنة)ی خلال ژمارە١٠٦و پێشتر بکە.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ٥/٤٤٥ بە ئیسنادێکی سەحیح، سەیری پێشووتر بکە ل ٣٦ .

هەربۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لاڕێیی و لادان لە بابەتی ئیمامــەت لــە خەلافــەتی ڕاشــدی یــەوە بــۆ پادشــایەتی تــورکیو وازنەهێنــەر (عضوض)ی بە سەرەتای لادان داناوە لە ســوننەتو داهێنکارییــەکی خراپ بووە لە ئایین داو سەرەتای دەرکەوتنی ئاژاوەگێڕی بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆترسناکی بابەتی ئیمامەتو ئیمامەکان.

بەڕاستی هاوەڵان ﵃ ڕووبەڕووی ئەم لادانە بوونەوە، لــە گــەورەترین بزوتنەوەی نارەزایی دا بــە ئاشــکرا ڕەفزیــان کــرد، ئــەوەبوو حوســەین لەگەڵ خەڵکی عێراقو عەبــدوڵڵای کــوڕی زوبــەیر لەگــەڵ خــەڵکی مەککەو عەبدوڵڵای کوڕی غەسیل لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا ڕاپــەڕین دژ بــەم لادانــەو بانگەشەشــیان بــۆ (ڕاوێــژو ڕەزامەنــدی) دەکــرد، لەوکاتەشدا هــیچ لادانێکــی بیروبــاوەڕی (عقائــد)ی لــەبیر (فکــر)ی دەوڵەتدا ڕووی نەدابوو، بەڵکو تەنها لادانەکــە لــە بــواری سیاســەتی شەرعی دابوو، ئەوەش تەنها بەس بوو بۆ ڕاپەڕینو جــەنگان هــەروەك عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر بە موعاویەی ووت: (بەخوا یا ئەوەتا ئــەم کارە دەگێڕینەوە بۆ ڕاوێژی موســــــڵمانان، یــا ئــەوەتا دەیکــەین بــە جەنگ لەگەڵتدا) .

لەڕاستیدا هەرلە ژیانی هاوەڵاندا ﵃ چەندین لادانو خواروخێچــی فکری ڕوویاندا، هاووێنەی فیکری خەواریج لــە ســەردەمی عــەلی دا، بەڵام هاوەڵان بەئەندازەو وێنەی لادانە سیاسیەکە ڕووبەڕووی نەبوونەوە کە لە بواری ئیمامــەت دا ڕوویدا لەبەر مەترسیو هەستیاری یەکــەی،

بەڵکو خەواریج لە مەککەدا بەدەوری عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیردا بوونو نوێژیان لەگەڵی دەکردو پشتیوانیان لێدەکرد، ئەویش دەستکاری نەدەکردنو ڕووبەڕوویان نەدەبویەوە[1] بەوشێوەیەی ڕوو بەڕووی لادانی دەسەڵات بۆیەوە.

جەنگی ئەوان لە پێناوی ڕاوێژدا بوو لەبەر چەندین هۆکاری دروستتو مەشروع: -

یەکەم: وەك بەرگری یەك لەو مافەی خوای گەورە پێی بەخشیون وەك لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتووە: (وأمرهم شورى بينهم) لێرەدا (الأمر) کە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایە – داوێتیە پاڵیان، بە شێوەیەك کە شایستەیی دەگەیەنێ، ئەوانیش دیدیان وابوو کە بۆیان هەیە لە پێناوی ئەو هەقو ڕەوایەدا بجەنگن، هەروەك چۆن دەجەنگن لە پێناوی خوێنو سەروەتو ناموسیان، هەرکەسێ لە پێناوی ئەوانەدا بجەنگێ ئەوا شەهیدە، لە فەرمودەیەکدا هاتووە لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصەوە کە باشترین مردن ئەوەیە پیاو لە پێناوی مافی خۆیدا بمرێ (نعم الميتة أن يموت الرجل دون حقه).[2]

---

(١) سەیری تهذيب تاريخ دمشق (٧/٤١٥) و تاريخ الإسلام (٣/٤٤٢) بکە.

(٢) ئەحمەد لە المسند (١/١٨٤)و تەبەرانی لە الأوسط وە هەروەها لە مجمع البحرين (٥/١٤٥) گێڕاویانەتەوە، (هيثمي) لە (مجمع الزوائد) (٦/٢٤٤) باب فيمن يقتل دون حقه ووتویەتی :( ئەو پیاوانەی ئەحمەد کەسی فەرمودەی (صحيح)ە، بەڵام ئەبوبەکری کوڕی حفص لە سەعدی نەبیستووە)، ئەلبانی لەفەرمودە(صحيح)ەکاندا بە ژمارە (٦٩٧) بە (صحيح)ی داناوە بە پاڵپشتەکانی تریەوە وەهایە.

دووەم: ئەم داگیرکردنە خـراپو سـتەمەو پێویسـتە لابرێـت، لەبـەر فەرمودەی: (من رأى منكم منكراً فليغيره) وەفەرمودەی: (لتأخذن على يد الظالم ولتأطرنه على الحق أطراً) هەربۆیە لە عومەرەوە ﷺ بە (صحيح)ی هاتووە کە فەرمویەتی: (هەرکەسـی داگـیری بکـا: (بیکـــوژن) .

سـێیەم: وەك دەسـت گرتنێـك بەسـوننەتو ڕێنمـایی یـەکانی خەلیفەکانی ڕاشـدین لـە بـواری ئیمامەتـدا، لەبـەر فـەرمودەی: (عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين من بعدي، عضوا عليها بالنواجذ، وإياكم و محدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة) .

هاوەڵانیش ﷺ هەستیان کردبـوو کـەزەوت کردنـی ئیمامـەت یاخود بە میرات گرتنو پشتاوپشتیێتی لـە ڕێو شـوێنو سـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ و خەلیفـەکانی ڕاشـدین نیـە، بـەڵکو داهێنـان کارییە لە ئاین داو لادانـە لـە سـوننەتی گـەورەی پێغەمبـەرانو ئەبوبەکرو عومەرەوە بۆ سوننەتی هرقلو قەیسەر.

لەڕاستیدا ئەو هاوەڵانەی ئەوکات جەنگان لە پێنـاوی بـەرگری کردن لە ڕاوێژ بریتی بوون لە هاوەڵە فەقیە و زاناکانو باشـترینی هاوەڵان بوون لەوکاتەدا لەڕووی زانستو کردارو ئایینو خۆپارێزیو وەرعەوە، هەستانیشیان بەوکارە لە ڕووی گوێڕایەڵییـەوە بـووە بـۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، ئەوانەشیان جەنگیان نەدەکردو خۆیـان دەپاراست بەڵام بەزمان یا دڵی ئینکاری ئەو بارودۆخـەی کـردووەو

بەڵام دیدو تێڕوانینی وابوو خۆراگری باشترە لـە جـەنگان، لەگـەڵ ئەوەشـــدا پەســـەندیان نـــەبوو مـــافی ئوممـــەت زەوت بکـــرێ لـــە هەڵبژاردنی ئیمام دا، کەچی بیروبۆچـونی دووەم – لەگـەڵ ئـەوەی ژمارەیەکی کەم لە هاوەڵان لەگەڵیـدابوون هاووێنـەی عەبـدوڵڵای کوڕی عومەر – ئەوە پاشتر بووە بـاوو سـوننەت، بـەڵکو بـوو بـە ئەسلێك لە ئەسڵەکانو وای لێ هات ئـەوەی پێچـەوانەی بێـت بـە بیدعەچی دابنرێت؟

هەموو ئەمانەش لەژێر پەستانی ئـەو واقعـەدا بـوو کـە ووردە وورەدە دەستی کردبوو بە سەپاندنی چەمکەکانی خۆی نـەك تـەنها بەسەر فیقهەوە بەڵکو بەسەر بیروباوەڕەکانیشەوە.

چوارەم: ئەوان هەستیان بەوە کردبوو کـە هاتنـە نـاوەوەو بـەدیهاتنی کەلێن لەبابەتی ئیمامـــەت دا سەردەکێشــێ بۆئـەوەی کەلێنـەکان خۆیان بئاخننە نێـو تـەواوی کاروبارەکـانی ژیانـەوە، چـونکە بـە شـێوانو خـراپ بـوونی کۆمـەڵگـەش شـێواو خـراپ دەبـێ، بـە چاکسازبوونیشی کۆمەڵگە چاکساز دەبێت هەروەك ئەبو موسلیمی خەوەلانی بە موعاویەی ووت: (ئیمام وەکو کانیەکی گـەورەو ڕوون وایە، ئاوی لێوە دەچێ بۆڕووبارێکی گەورە، خەڵکیش خۆ هەڵدەدەنە نێو ڕوبارەکەوەو لێڵی دەکەن، لەبەر ڕوونیو پاکی کانیەکە گوێیان لەلێڵی ڕوبارەکە نیەو بە پیسی نازانن، بەڵام ئەگەر لێڵییەکـە لـە سەرچاوەو کانیەکەوەبوو ڕوبارەکە پیس دەبێو تێك دەچـێ)، وەپێـی

ووت: (ئەی موعاویە، ئێمە گوێمان لە لێڵی ڕووبارەکان نیە، ئەگەر سەرچاوەکە بە پاکی‌و ڕوونی بمێنێ).[1]

لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی دەست بەسەراگرتن‌و بۆ ماوەیی‌و پشتاوپشتی بە بیانوی بەجێنشینێتی دان (الإستخلاف)ەوە هەر لەسەردەمی بەنو ئومەییەوە خۆی سەپاند، کەچی فەقیهەکان بەردەوام لەبارەی ڕێگەی یەکەمەوە بیروڕایان دەردەبڕی و تیۆریزەیان دەکردو بەدرێژی قسەیان لەسەری دەخستەڕوو، ڕێگەی یەکەمیش بریتی بوو لە بەیعەت بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەهلی حەلل‌وعەقدو مەرجەکانی یەوە، بە هەمان شێوە تەئویل هاتە نێو ئەم ڕێگەیەشەوە لەگەڵ ئەوەی تیۆری بوو نەك واقعی؟ مشت‌و مڕو قسەو باسێکی زۆر ڕوویداو سەبارەت بە ژمارەو مەرجەکانی ئەهلی حەلل‌وعەقد.

دەستەیەك وای بۆچوون کە گرێبەستی بەیعەت بە ڕێگەی هەڵبژاردن، کاتێ بەدی دێ کە تەواوی ئومەت لەسەری کۆڕابن، ئەمەش گێڕانەوەیەکە لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، پرسیاری فەرمودەی (من مات ولیس له إمام مات میتة جاهلیة)ی لێکرا، ئەحمەد فەرمووی: (ئەزانی ئیمام کێیە؟ ئیمام ئەوکەسەیە کە مسوڵمانان لەسەری کۆدەبنەوەو هەموویان دەڵێن: ئەوە ئیمامە، ئەوە واتاکەیەتی).[2]

---

(١) تهذیب تاریخ دمشق ٣٢٢/٧.

(٢) (الاحکام السلطانیة)ی ئەبو یەعلا ل ٢٣و منهاج السنة ١١٢/١.

بەڵام ئەگەر لەسەر یەك ئیمام كۆنەبونــەوە ئــەوە ســەردەمی ئــاژاوە (فتنە)یە، گۆشەگیریو دوورە پەرێزیو بەیعەت نەدانی تێدا دروســتە، ئەمە مەزهــەبی عەبــدوڵڵای كــوڕی عومەریشــە، ئــەو دەیفــەرموو: (بەخوا لە پەرتەوازەییدا بەیعەت بەكەس نادەم، بەڵام لە كاتی بــوونی (جماعە)دا بەیعەت دەدەمو ڕێگر نابم).(١)

هەربۆیــە لەســەردەمی پەرتەوازەییــدا بەیعــەتی نــەدەدا تــاوەكو مسوڵمانان لەسەریەك پیاو كۆدەبونــەوە، كــاتێكیش لەســەر كەســێك كۆدەبونەوە بەیعەتی دەدا، ئەگینا بەیعــەتی نــەدەدا، هەربۆیــە كاتــێ بەیعەتی دا بە موعاویە كە لەگــەڵ حەســەندا ئاشــتەوایيو ســوڵحی كرد، وە لە مەككەش دا بەیعەتی بە عەبــدوڵڵای كــوڕی زوبێــر نــەدا لەبەرئەوەی مەروان ناكۆك بوو لەگەڵیدا.(٢)

ئەوكاتەی هەریەكە لە حوسەینی كوڕی عەلیو عەبــدوڵڵای كــوڕی زوبەیر لە گوێڕایەڵی (إطاعــة) یەزیــد دەرچــوون عەبــدوڵڵای كــوڕی عومەر پێی فەرموون: (خواتان بیردەخەمەوە لەوەی بگەڕێنەوەو بچــنە نێو ئەوكارەی خەڵكی بەباشی دەزانێ، وەچاوەڕێ بكەن، ئەگەر هــەموو خەڵكی لەسەری كۆبونەوە ئــەوا ئێــوەش ڕیزپــەڕ مــەبنو، ئەگــەریش نــاكۆكو پەرتــەوازە بــوون لەســەری ئــەوا ئــەوە ڕوودەدات كــە ئێــوە

(١) فــتح البــاري (١٣/١٩٥)، ئــەوەی ئــەمڕۆ تێیــدا دەژیــن ســەردەمی پەرتــەوازەییو ئاژاوەیەو نەئیمامی تێدایەو نەبەیعە.

(٢) فتح الباري (١٣/١٩٥).

دەتانەویٚ)،[1] ئەمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبۆچوون‌و بیروڕای ئەو چونە نێو هەرشتێکە کە ئوممەت بچێتە ناوی‌و خەڵکی لەگەڵدابێ، ئەگەر کۆبونەوە لەسەر ئیمامێك ئەوا بەیعەتی پێدەدا، ئەگینا بەیعەت نادا.

کاتێ ئەم ڕێبازە کۆبونەوەی خەڵکی بە مەرج دەگرێ ئەمە واتای ئەوە نی یە کە دەبێ هەموو کەسێك لە مسوڵمانان پێی ڕازی بێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەس ڕێگر نەبێ یاخود کەسێکیان ناکۆکی‌و ململانێی لەگەڵدا نەکا، جا کاتێ کۆمەڵ پێی ڕازی بوون ئەوا دەبێتە ئیمامی گشتی.

دەستەیەکی تری فەقیهەکان کۆبونەوەی ئەهلی حەلل‌وعەقد بە مەرج دادەنێن نەك کۆبونەوەی هەموو ئوممەت، ئەبو یەعلای حەنبەلی دەڵێ: (کۆبونەوەی ئەهلی حەلل‌وعەقد بە ئیجماع دادەنرێ بۆ دامەزراندنی، بە هەمان شێوە لەپێدانی گرێبەستی ئیمامەت دا)،[2] ئەهلی حەلل‌وعەقدیش سەرکردەو کاربەدەستانی خەڵکن لەزانایان‌و ئەمیرەکان‌و ئەوخانەدان‌و کەسایەتیانەی خەڵکی شوێنیان دەکەون.

دەستەی سێهەم وای بۆچون کە ئیمامەت دانامەزرێ مەگەر بە هۆی جەماوەری ئەهلی حەلل‌وعەقدی هەر شارو وڵاتێکەوە نەبێت، بۆ ئەوەی بەگشتی پێی ڕازی بن‌و بە ئیجماع گوێڕایەڵی بۆ

---

(١) ابن کثیر ٨/ ١٦٤ – ١٦٥ سەبارەت بە وەسفی چۆنێتی دەرچوونی حوسەین.

(٢) المعتمد في أصول الدين ل ١٣٩.

ئیمامەکەی دەربــــڕن.[1]

ماوەردی ڕەخنەی لەم بۆچونە گرتووە بە بیانوی ئـەوەی لەبەیعـەتی ئەبوبەکردا چاوەڕێی ئەوە نـەبوون ئەوانـەی لـەوێ نـین ئامـادەبن،[2] مەبەستی ماوەردیش لەمەدا بەهێزکردنی ئەو گوتەزایەیە کـە دەڵـێ: ئیمامەت دادەمەزرێ بە ژمارەی ئەو کەسانەی ئامادەی کۆڕی بەیعەت دانەکە دەبن هەروەها ئەمە وتەی زۆربەی شافعییەکانە.[3]

ئەمەش ڕێبازی چوارەمە، کە بریتیە لەوەی گرێ بەستی بەیعـەت دروست دەبێ بە ئەو کەسانەی ئامادەی کۆڕی گرێبەستەکە دەبـن لـە ئەهلی حەلل‌وعەقد لەکاتی بەیعەت دانەکەدا، تەنانەت ئەگەر گـرێ بەست (عقد)ەکە یەك کەسیش بێت بەمەرجێ ئەوکەسە گوێ لێگیراوو گوێڕایەڵکراو بێت، بە بیانوی ئەوەی کە بەیعەتی ئەبوبەکر بـەدیهات بە بەیعەت پێدانی عومەر بۆی کە ئـەویش یـەك کـەس بـوو؟! ئـاوڕ نادرێتـەوە بـۆ شـارو وولاتـە دوورەکـان، بـەڵکو کاتـێ کـە هـەواڵی بەیعەتەکەیان پێدەگات واجبە ڕازی بن‌و بەیعەت بـدەن،[4] ئەمــەش وتەی ئەشعەری یە.[5]

---

(١) الأحكام السلطانيةی ماوەردی ل ٧.

(٢) الأحكام السلطانيةی ماوەردی ل ٧.

(٣) مآثر الإناقة ١/٤٤.

(٤) مآثر الإناقة ١/٤٤.

(٥) ســەیری (أصــول الــدین)ی بەغــدادی ل٢٨٠-٢٨١و (تەفســیر القــرطبي) ١/٢٦٩ هەروەها (غياث الأمم)ی (جوینی) ل٦٩ بکە.

ئەبو یەعلای حەنبەلیو شـێخی ئیسـلام ئـیبنو تەیمیـەو ئیمـامی حەرەمەینی جوینی ڕێبازی سێهەم بە باشترو بـەهێزتر دادەنـێن، ئـەو ڕێبازەی ڕازی بوونی زۆرینەو جەماوەری ئەهلی حەللوعەقدی بە مەرج داناوە، ئەبو یەعلا ئەم مەزهەبەی داوەتەپاڵ یەکێك لەو گێڕانەوانـەی دەگەیەنرێتە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.[1]

شـێخی ئیسـلام ئیبنوتەیمیـە ڕەددی ئـەو ڕێبازانـەی تـر دەداتـەوە کەبەیعەتی ئەبوبەکر دەکەنـە بەڵگـەو دەڵـێ: (لەڕاسـتیدا ئـەو بـە بەیعەت پێدانی جەماوەری هاوەڵان بوو بە ئیمام ئەوانەی خاوەنی توانا و هێزبـوون، هەربۆیـە دواکـەوتنی سـەعدی کـوڕی عوبـادە ﵁ هـیچ زیانێکی نەگەیاند، چونکە ئەمە تەشەر نـادا لەمەبەسـتی ولایـەت، ئەوکارەش بەڕازی بوونی جەماوەر بەدیهات).[2]

ڕەدی ئەوانەش ئەداتەوە کە دەست خسـتنە ناو دەسـتی عومـەریان بۆ ئەبوبەکر کردووەتە بەڵگە دەری دەخا کـە بەیعەتەکـە بـەو دەست خستنە ناودەستە بەدی نـەهاتووە، بـەڵکو بـە بەشـوێن داهـــاتنی هاوەڵانی ترو ڕازی بوونو موافەقەکردنیان بەو هەڵبژاردنە بەدی هات، چونکە لە هەموو بەیعەتێکدا دەست پێشخەرو بەدواداهاتوو هەیە،[3] پەندیش لە تەسلم بوونو ڕەزامەنـدیو بـەدیهاتنی هێزدایـە کـە بـە

---

(١) الاحكام السلطانية ل (٢٣) .

(٢) منهاج السنة (١/١٤١).

(٣) منهاج السنة (١/١٤١).

هۆیــەوە مەبەســتی ئیمامــەت جێبــەجێ دەبــێ، ئەگــەر وا دابنــێین، هاوەڵانی تر لەمەدا بەدوای عومــەر نەکەوتنایــە لــە بەیعەتــدان بــە ئەبوبەکر ئەوا بــەو کــارەی عومــەر ئەبوبــەکر نــەدەبوو بــە خەلیفــە، (الجوینی)ش مەیلی هەیە بە لای ئەم بۆچونەدا[1].

لەگەڵ ئەم درێژیو دەوڵەمەندی یە فیقهییەی لــەم بابەتــەدا هەیــە کەچی بەردەوام ئەمە باسو خواسێکی تیۆری دوور لە واقــع بــووە کــە بیردۆزەی دەست بەسەراگرتنی زۆردارانە زاڵ بــووە بەســەریدا، ئەمــەش بریتی بووە لەو ڕێگەی کــە هەنــدێ لــە ڕووی ناچــاریو ڕەچــاوکردنی بەرژەوەندی یەوە بەدروســتیان بینیــوە، کەچــی دواتــر دەبێتــە ئەســڵو بنەمایەك بۆ گەیشتن بەدەسەڵات لە ماوەی هەزارو ســێ ســەدو پــەنجا ســـــاڵدا؟!!

عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بەوە وازی نەهێنا کــە بــە زۆری شــیر دەستی گرت بەسەر خەلافەت دا، بەڵکو ســوننەتی دوو بەیعــەتی بــۆ هەر دووکوڕەکەی لەپاش خۆی داهێنا، ئەوە بوو لە ساڵی٨٥ك بۆ دوای خۆی خەڵکی پابەند کرد بە بەیعەتی وەلیدەوە پاش ئەو بۆ ســولەیمان، خەڵکی بەیعــەتی بەهــەردوکیان دا، کــاتێکیش هەواڵەکــە گەیشــتە مەدینــەو هەنــدێ لــە خەڵکەکــەی بەیعــەتیان دا ســەعیدی کــوڕی موسەییەب پێشەوای تابعینی سەردەمی خۆی بەیعەتی نــەداو ووتــی:

---

(١) غیاث الأمم ل ٧٠ – ٧١.

(تاوەکو ئەوکاتەی شەووڕۆژ بەدوای یەکدابێن‌و لێك جیاواز بن بەیعەت نادەم بە دوو کەس)، فەرمودەی: (نهى عن بيعتين في بيعة)[1]ی کـردە بەڵگە، ئەوانیش ئەوەیان خستە پێشچاو کە دەرچێ لە مەدینەو بچـێ بۆ عەمرە تاوەکو خـەڵکی مەدینـە بەیعـەت بـدەن، ئـەویش ووتـی: (جەستەی خۆم ماندوو ناکەم‌و دارایی خۆم نابەخشم بۆ شتێك کە نیازم تیایدا نیە، پێیان ووت: لە ماڵەکەی خۆتدا دانیشـە تـاوەکو کارەکـە کۆتایی دێت، فەرمووی: من گوێم لەبانگ بێ‌و (حي على الصلاة حي على الفلاح) ببیستم‌و نەیـەم ؟! شـتی واناکـەم، پێیـان ووت: باشـە، کاتێك والی نوسـراوەکەی بەسـەرتا خوێنـدەوە نـەخێرو بـەڵێ مەکـە، فەرموی: خەڵکی بڵێ: سەعیدی کـوڕی موسـەییەب بەیعـەتی داوە، شتی واناکەم، پێی ووترا: لەم دەرگایـەوە چـویتە ژوورەوە لـەوی تـرەوە دەرچۆ، فەرمووی: بە خوا ئیتر کەس شوێنم ناکـەوێ. فـەرمان درا بـە لێدانی‌و سوڕاندنەوەی‌و گرتنی‌و شمشێر پێشاندانی، کەچی لەڕایەکـەی پەشیمان نەبویـەوە،[2] عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز دەیفـەرموو: خۆزگە بە کەسێك ناخوازم لەوکارەدا تووشی ئازار نەبوبێ.[3]

کۆمەڵێك چوونە لای سەعید کاتێك کە لـە سـجن دابـوو، پێیـان

---

(١) سەیری صحيح الجامع ژمارە (٦٩٤٣)و (إرواء الغليل) ژمارە (١٣٠٧) بکە.

(٢) تاريخ خليفة ل ٨٩ المعرفة والتاريخ ی للبسوي ١/٤٧٢ – ٤٧٤، جامع ی (ابن أبي زيد القيرواني ل ١٨٤) و(حلية الأولياء ٢/ ١٧٠ – ١٧٢) (تاريخ ابن كثير ٩/٦٤).

(٣) المعرفة والتاريخ ١/٤٧٤ والجامع ل ١٨٤.

ووت: لەخوا بترسە، ئێمە لە خوێن ڕشتنت دەترسین، ئەویش پێی ووتن: لام بچنە دەرەوە، وادەبینن گاڵتەو یاری بە ئاینەکەم دەکەم وەکـو ئێـوە گاڵتــەتان بــە ئاینەکــەتان کــردووە، [1] هــەروەها ووتــی: ئەگــەر عەبدولمەلیك دەیەوێ بەیعەت بە وەلید بدەم با خۆی لە کـار داماڵـێ‌و واز بهێنێ. [2]

لەگەڵ بەناوبانگی ئەم ڕووداوە کەچی ماوەردی ئیدیعای ئەوە دەکـا کە گرێ‌بەست‌و پەیماندان بۆ ئەم دوو بەیعەتە لـە سـەردەمی هـەردوو دەوڵـەتی ئومــەوی‌و عەبباســیدا کــاری پــێ‌کراوەو هــیچ زانایــەکی سەردەمیش ئینکاری نەکردووە؟!! بەڵکو ئەگەر خەلیفـە خەلیفایـەتی بسپێرێ بە زیاتر لـە دووکـەس دروســتە؟! مــاوەردی ڕووداوی ســوپای (مؤتە) بە بەڵگە دێنێتەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ سێ ئـەمیری بـۆ سوپاکە یەك لەدوای یەك دیاری کرد، : (جـا ئەگــەر پێغەمبــەر ﷺ لە ئەمیرایەتیدا کاری وای کردبێ ئەوا هەمان شت لە جێنشینایەتیشدا دروستە) [3]؟! بە وێنەی ئەم تەئویل‌و پێوانە خراپ‌و بێ‌ئیعتیبارە کـە دژ دەوەستێ بە سوننەتە ئاشکراو زانراوەکانی پێغەمبــەر ﷺ لەوانـە لە وازهێنان لـە ڕاوێـژی نێـوان مسـوڵمانان‌و سـونەتی هیرقلیـەت‌و قەیسەرییەت بە ناوی ئایینەوە شەرعیەتی پێ دەبەخشرێ ؟!!

---

(١) الجامع ل ١٨٤.

(٢) تاريخ خليفة بن خياط .

(٣) الأحكام السلطانية ل ١٥.

وەك ئەوەی ماوەردی ئەو بەرهەڵستیو ئینکارەی سەعیدی کوڕی موسەییەبی لەم ڕووەوە نەبیستبێ، لە کاتێکدا سەعید پێشەوای تابعینی سەردەمی خۆیەتی؟! وەك ئەوەی نەیارێتی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسو عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو حوسەینی کوڕی عەلی نەبیستبێ بەرامبەر موعاویە کاتێك کە دەیویست ئەوکارە بە کوڕەکەی بسپێرێ؟! ئیتر وازبێنە لە سێ کوڕو زیاتر؟! لە ڕێی هاوشێوەی ئەم فیقهەی ماوەردییەوە زۆرداری سیاسی بڵاوبوویەوەو سوننەتو ڕێوشوێنی هرقلو قەیسەر سەقام گیربوو، هەروەك پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێدا: ((لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً بشبر وذراعاً بذراع، فقيل يارسول الله كفارس وروم؟ قال: (ومن الناس إلا أولئك؟))، [1] واتە: شوێنی ڕێو شوێنو سونەتەکانی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون بست بەستو گەز بەگەز، وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو فارسو ڕۆم؟ فەرمووی ((ئەی خەڵك کێیە ئەگەر ئەوان نەبن؟!)) .

ئیبنوحەجەر فەرمویەتی: (کاتێ فەرمویەتی (الفرس والروم) هاوبەڵگە (قرينة) هەیە لەسەر ئەوەی ئەم فەرمودەیە پەیوەستە

(١) بوخاری گێڕاویەتییەوە، ف ژمارە (٧٣١٩) لە فەرمودەیەکی ئەبوهورەیرەوە، هەروەها بە ژمارە (٧٣٢٠)یش گێڕاویەتییەوە، وە مسلم بە فەرمودەی ژمارە (٢٦٦٩) لە فەرمودەی ئەبوسەعیدی خودری بە هەمان شێوە هێناویەتی لە کۆتاییەکەیدا هاتووە (اليهود والنصارى؟ قال فمن؟).

بـــەحوكمی نێـــوان خـــەڵكیو سیاســـەتی بـــەڕێوەبردنی خەڵكـــەوە، وە كاتێكیش فەرموییێتی: (الیهود والنصـاری) هـاوەڵ بەڵگەیـە هەیـە لەســـەر ئـــەوەی پەیوەســـتە بـــە كاروبـــاری دیانەتـــەكانو ئەســـڵو فەرعەكانییەوە) .

ئەمەش تەئكید لەسەر مەودای ئەو پەیوەندییە دەكاتـەوە كـە لـە نێوان ڕوودانی ئینحراف لە ئیمامەتو ڕوودانی ئینحراف لـە ئـایین دا هەیە، وەیەكەم هۆكارێكە بۆ دووەم، پێغەمبەر ﷺ هانی داوین دەست بگرین بە سوننەتی ئەوو سوننەتی جێنشینە ڕاشدینەكانی پاش خۆی، زانراویشە خاڵو پەیوەندی هاوبەشی نێوان خەلیفەكانی ڕاشدین بریتی بـــووە لـــە بـــەڕێوەبردنو ســـەرۆكایەتی كردنـــی كاروبـــاری ئوممـــەت، مەبەستیش لە سوننەتی ئەو ڕێنمایی ڕێو شوێنی ئەوە بەتایبەت لـە بـواری سیاســـەتی شـــەرعی دا، ئـــەگینا تـــەواوی هـــاوەڵان شایســـتەی سەرمەشقین لە كاروباری ئایین دا.

عومـــــەری كـــوڕی عەبدولعـــــەزیز لـــە بـــواری بـــەڕێوەبردنو سەرۆكایەتیكردنی ئوممەتدا سوننەتی خەلیفەكانی ڕاشدینی ژیانـدەوە، لەپاش كۆچی دوایی سولەیمانی كوڕی عەبدولمەلیك لـە سـاڵی ٩٩ ك نوسراوەكەی خوێندرایەوە، كە تیایـدا كاروبـاری بەعومـەری كـوڕی عەبدولعەزیزی ئامۆزای سـپاردبوو، عومـەریش هەسـتا ووتـاری بـۆ خەڵكی داو فەرمووی: (ئەی خەڵكینە، سوێن بەخوا من لـە نهێنـیو ئاشكرادا هیچ كات داوام لەخوا نەكردووە بۆ كارێكی وا، هەركەسـێك

لە ئێوە پێی ناخۆشە ئەوا کاروباری بەدەست خۆیەتی).[1]

هەروەها فەرموی: (ئەی خەڵکینە، من قازی نـیم جێبەجێکـەرم، بیدعەچی نیم شوێن کەوتەم، ئەگـەر خـەڵکی شـارو وولاّتـانی دەورو پشتان گوێڕایەڵ بوون ئەوا من سەرپەرشتکارتانم، ئەگەر نەیانویسـت ئەوا سەرپەرشتکار نیم).[2]

لـە گێڕانەوەیکـدا هـاتووە کـە فەرمویـەتی: (ئـەی خەڵکینـە، لەراسـتیدا خـوا هـیچ پێغەمبـەرێکی لـە دوای پێغەمبەرەکەتانـەوە نەناردووە، وەهیچ کیتابێکی لەپاش ئەو کیتابە دانەبەزانـدووە کـە بـۆ ئێوە دابەزیوە، هەرشتێ خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیـەوە حەلاّلی کردبێ ئەوا تاوەکو ڕۆژی قیامەت حەلاّڵە، هەر شتێکیش خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی حەرامی کردبێ ئەوە حەرامـە تـا ڕۆژی قیامەت، ئاگاداربن لەراستیدا من بیدعەچی نیم بەڵکو شـوێن کەوتەم، وەقازی نیم بـەڵکو جێبـەجێکارم، لەکەسیشـتان باشـترنیم، بەڵکو لە هەموتان بارم گرانو قورسترە، ئاگاداربن هیچ کەس بۆی نیە لە سەرپێچیکردنی خوادا گوێڕایەڵی بکرێ).[3]

کاروباری خەلافەتی گەڕانـدەوە بـۆ ئوممـەت، ڕازی بـوونی خـەڵکی وولاّتانی بۆ ئیمامەتەکەی بە مەرج دانـا، ئـەگینا خـۆی دوور دەگـرێ

---

(١) المعرفة والتاريخ ٦١٧/١، حلية الأولياء ٢٩٩/٥، بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٢) تاريخ الذهبي ١٩٣/٥، ابن كثير ١٩١/٩ بە پێی مەرجی موسلم .

(٣) طبقات ابن سعد ٢٦٢/٥، المعرفة والتاريخ ٥٧٤/١.

لێی، بەهۆی ئەوەی دەیزانی مافەکە هی ئەوانەو دروست نیە دەستی بەسەردا بگیرێ، هەربۆیە بۆ دوای خۆی کەسی ڕانەسپارد بۆ جێنشینێتی وەك شوێن کەوتنێك بۆ سوننەت، هەوڵێکی زۆری دا تاوەکو شوێن ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشدین بکەوێ تاوەکو وەکو یەکێك لەوان دانراو حسێبی بۆ کرا.

بەڵام ئەو چاکسازییە سیاسییەی عومەر لە سەرەتاکانی ئەم قۆناغەوە دەستی پێکرد تەواو نەکرا، ئەوەبوو کاروبارەکان لەپاش کۆچی دوایی خۆی گەڕایەوە سەرباری پێش هاتنی، سەردەمەکەی درێژەی نەکێشا، ئەوەبوو ساڵی (١٠١)ك دونیای بەجێهێشت پێش ئەوەی ئەو چاکسازییە تەواوبکا کە دەیویست ئەنجامی بدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوکارو پشتیوان بۆ ئەوەی لەگەڵی دا بەوکارە چاکسازییە هەستن، هەروەك چۆن هاوەڵانی عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵی دابوون، هەر بۆیە کارەکەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەوڵێکی تاکەکەسی بوو نەك کۆمەڵی بەوشێوەیەی لە مەدینە هەبوو، ئەوەبوو کۆچکەرو پشتیوانان خەلیفەیان ڕاست کردەوەو چاوێریان کرد.

## ٢- دەست بەســـــەراگرتنی مافـــی ئوممەت لـە بەشداری کردنی ڕاو ڕاوێژدا:

ئەم لادانو پاشەکشێیە دیارترین مەشخەڵو نیشانەی قۆناغی دووەمە، جا هەروەکو چۆن مافی هەڵبژاردنی ئیمام لە ئوممەت زەوتکراو سەنرایەوە کە بناغەی سەرەکی چەمکی ڕاوێژبوو لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا، بە هەمان شێوە ڕۆڵی ئوممەت لە بەشداریکردنی بیروڕادا پەراوێزخرا، بە پێچەوانەی ئەوبارەی لە سەردەمی ڕاشدین دا لەئارادابووە.

هەربۆیە حەسەنی بەسری - پێشەوای تابعین - نامەیەکی نوسی بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو هانی دا کار بە ڕاوێژ بکاو ئامۆژگاری ووتەی زۆر بەنرخی تیایدا نووسی بوو، لەوانە پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا وەحی بۆ دابەزی هەموو ئەمانە ڕێگرنەبون لەوەی لەوەی خوای گەورە فەرمانی ڕاوێژکردنی پێبکا.[1]

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کاتێ بوو بە ئەمیری مەدینە ساڵی ٨٧ ك کۆڕێکی ڕاوێژی هەبوو لە فەقیهەکانو گەورە زانایانی مەدینە، کە بریتی بوون لە عوروەی کوڕی زوبەریری کوڕی عەوامو عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عوتبەو ئەبوبەکری کوڕی عەبدورەحمانو

---

[1] تاریخ الذهبي ١٩٨/٥ ئیسنادەکەی (صحیح)ە بەپێی مەرجی موسلم.

ئەبوبەکری کوڕی سـولەیمانی کـوڕی خەیسـەمەو سـولەیمانی کـوڕی یەسارو قاسمی کوڕی موحەممەدی کـوڕی ئەبوبـەکری صـدیقو سـالمی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عومەری کوڕی خەتتابو عەبـدوڵلای کـوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاصو عەبـدوڵلای کـوڕی ڕەبیعـەو خارجەی کوڕی زەیدی کوڕی سابیت، لە یەکەم ڕۆژدا کۆیکردنەوەو پێی ووتن: (نامەوێ بێئێوە هیچ بڕیارێك بـدەم، ئەگـەر بینیتـان کەسـێك دەست درێژی دەکا یاستەم دەکا پێمی بگەیەنن).[1]

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پاش ئەوەی بوو بە خەلیفـە سـووربو لەسـەر ئـەوەی کـەکاروباری خەلافـەت بگێڕتـەوە بۆڕاوێـژ لـەنێوان مسوڵمانانداا،[2] ئەگەر مردن پەلەی نەکردایە ئەو کۆمەڵێك خەڵکی خـاوەن بـیروڕای کۆکردبـۆوەو ئامـادەی کۆڕەکـانی دەبـوونو بـە بۆچـونەکانیان هاوکـاریو یارمـەتیان دەداو گوێبیسـتیان دەبـوو[3] لەکارو باری خەڵکیدا بیروبۆچونیان دەخستە پێش دەستی.[4]

هەروەك چۆن قازی عوبەیدوڵلا کوڕی حەسەنی عەنبەری بەسری بۆ خەلیفەی عەبباسی (المهدی) نوسـراوێکی دووردرێـژی سـەبارەت بـە سیاسەتی شەرعی نوسیو تیایدا ئیمامی پێوە پابەند کـردووەو باسـی

---

(١) ابن جرير الطبري (٣/٦٧٣).
(٢) طبقات ابن سعد (٥/٢٦٥).
(٣) طبقات ابن سعد (٥/٢٨٥) کەسەکانی جێی متمانەن بە ئیسنادێکی سەحیح.
(٤) طبقات ابن سعد (٥/١٩٨).

ڕاوێژی کردووەو وتویەتی: (ئەگەر میری بڕواداران پێـی بـاش بـوو لـە خزمەتیا خەڵکێکی هەڵبژێردراوی وولاّتان هەبێ، خەڵکێکی ڕاستگۆو شارەزا بـە سـوننەتو چـاوکراوەو ژیـرو خۆپـارێز بـۆ ئـەو کاروبـارو حوکمانەی خـەڵکی دێتەبەردەسـتیان، یـا ئـەو بەشـخوراویو سـتەم لـێکراوییەکەی بۆیان بەرزدەکرێتەوە — بیکـات، چـونکە لەراسـتیدا میری مسوڵمانان، هەرچەندە خـوای گـەورە بەخشـشو فـەزڵی خـۆی ڕشتووە بەسەریدا بەهۆی ئەو سودەی لەزانستەوە بـەکیتابو سـوننەوە پێـی گەیشـتووە، بـەلاّم کاروبـاری ئـەم ئوممەتـەی بەسـەرەوەیەو بـە ڕۆژهەلاّتو ڕۆژئـاواوە، بـەدوورو نزیکیـەوە بـۆلای ئـەو دەگەڕێتـەوە، هەریەکە لەمانە سەرقاڵی دەکا لـەوی تـر، ئەمـەش دەبێتـە پشـتو پەنایەکی ڕاستو دروست سەبارەت بـەوبارەی تێیدایـە (إن شـاءالله)، خوای گەورەش بە پێغەمبەرەکەی ﷺ (فەرموە لە کاتێك ئەو وەحـی بۆ دابەزی باشترینو خواناسو شارەزاترین کەسێك بووە: ﴿**وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَـوَكِّلِينَ**﴾ (آل عمـران: ١٥٩)، لە کاروبارەکاندا ڕاوێژیان پێبکە، کـاتێکیش بڕیـاری کردنـی کارێکت دا ئەوا پشت بەخوا ببەستە، چونکە لەراستیدا خوای گـەورە ئەوکەسانەی خۆش دەوێ کە پشتی پێدەبەستن، وە بەو خەڵکـە دەڵـێ، لە کاتێکدا جوانی کارو کردەکانیانـت دەخاتـەڕوو: ﴿**وَأَمْـرُهُمْ شُـورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ**﴾ (الشورى: ٣٨)، کاروبارەکانیان بـە ڕاوێـژی نێوانیانە، هەموو ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکی پێیان خۆشە ببیسـتن

میری باوەڕداران خۆی دەخاتــە پــێش چــاویان‌و پێداویســتیەکانیان بــۆ ئەنجام دەدا، وە هیوایان وایە خــوای گــەورە ئــەوە بڕەخســێنێ بــۆمیری باوەڕداران، بەوەی خۆی ڕاستەوخۆ دەست بەکاربێ بۆیان‌و ئــارام بگــرێ لەسەریان، وەخوای گەورە هێزو ویســت‌و بــەردەوامی پێ‌ببەخشــێ بــۆ کاروباریان، چونکە ئەمانە نیشــانەو مەشــخەڵی دادگــەرین، وە لــەو کارانەن کاربەدەست لەپێناوی کاروبــاری خەڵکیــدا پــێ‌ی هەڵدەســێ، وەدەیگەیەنێ بەوەی دەیەوێ تیایدا ڕۆبچێ‌و بەئەنجامی بگەیەنێ، خوای گەورە ئەوەی بۆ میری باوەڕداران تەواوو ئاســان کــردووە، هیــوام وایــە کارکردنی دادگەرانەی ئەووو ئایین‌و هێزو تیڕوانینی ئەو بۆخودی خــۆی بەو سەرەنجامەی بگەیەنێ، هەڵبژاردنی ئەمــەش هەڵبژاردنی باشترین‌و جوانترین کاروبارە، وە ئەو دەزانــێ چــی ووتــراوە ســەبارەت بــە دەرگــا داخستن لەڕووی نەدارو هەژارو لانەوازاند.

لەخودا دەپاڕێمەوە بۆ میری باوەڕداران کە بەزەیی‌و فراوانی و فەزڵی خۆی پێ‌ببەخشێ، وە ویلایەت‌و کاربەدەستێتییەکەی دادگەرانــە بــێ‌و ســاغ‌و ســەلامەتی پێ‌ببەخشــێ‌و ســۆزرو نــەرم‌و نیــانی‌و بــەزەیی پێداهاتنــەوەی ئــەوان بخاتــە دڵیــەوەو بیســتن‌و گوێڕایــەڵی ئــەوانیش بەدەست بهێنێ‌و قسەیان جۆرکاو ئاڵۆزیان نەهێڵێ). [1]

لەم نامە بەپێزەدا بانگەشــەیەکی ئاشــکرا هەیــە بــۆ هەڵبــژاردنی

(١) (أخبار القضاة)ی وکیعی کوڕی جەڕاح (١٠٧/٢) .

کۆمەڵێك لە خەڵکی وولاّتان تاوەکو بەشداری خەلیفە مەهدی بکـەن بـۆ ڕووبـەڕوو بونـەوەی کاروبـارو دادو حـوکمو بەشـخوراوی و سـتەم لێکراوییـەکانی ئوممـەت، وەك شـوێن کـەوتنێکی پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانیرضي الله عنهم، کە کاروبارەکانیان بـە ڕاوێـژی نێوانیـان بـووە، هـەروەك قورئان ئەمەی بە باشترین سیفاتیان باسکردووە، قـازی عەنبـەری لـە گوتارو بانگەشەکەیدا ئەم شتانەی خوارەوەی دیاریکردووە: -

١/ سروشتی کۆڕەکەو شێوازی هەڵبژاردنەکەی، ئەوەش دەبێ بەڕێگەی هەڵبـژاردن بـێو هـەموو ولاّتــان بگرێتــەوە، لــەو ووتەیەیــدا: (هەڵبژێراو بن —منتخبون-) ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە مەبەست لێی هەڵبژاردنیان بێ لەلایەن خەڵکی وولاّتان خۆیانـەوە، ئـەگینا دەیفەرموو بە مەهدی: (تۆ هەڵیان دەبژێری (تنتخبهم)).

٢/ هەروەها ئەرکەکانی دیاری کردووە، وەکاریـان لـەوەدا بەرجەسـتە دەبێ چارەسەری ئەو کاروبارو گرفتانەبکەن کە لە لایەن خەڵکـەوە بۆیان دێو ئەو ستەم لێکراویو حوکمانەی دەخرێتە بەردەستیان.

٣/ هەروەها پاڵپشتی شەرعی بۆئەم جۆرە پـرۆژە چاکسـازییە دیـاری کردووە، کە بریتیە لە فەرمانی قورئـانی (**وأمـرهم شـوری بیـنهم**) (**وشاورهم في الأمر**) و ئەو ڕێو شوێنەی پێغەمبەر ﷺ و هــاوەڵان رضي الله عنهم لەسەری بوونە.

٤/ بەهەمان شێوە سیفاتی ئەوکەسە هەڵبژێردراوانەی دیاری کردووە، وە دەبێ ئەو کەسانە خاوەنی دادگەریو ژیریو ئەزمونداری بن.

پێش تریش حەسەنی بەسری ئەم داوایەی لە خەلیفەی دادگـەری ئەمــەوی (عومــەری کــوڕی عەبدولعــەزیز) کردبــوو، ئــەوەتانێ عوبەیدوڵڵای کوڕی حەسەنی عەنبەری قازی بەسرە پاش پەنجا ساڵ هەمان بانگەشە بۆ خەلیفەی عەبباسی دادگــەر (مەهــدی کــوڕی مەنسور) دووبارە دەکاتەوە، دیاریشی دەکا کە چۆن ئــەم بنەمایــە پیادە بکا.

وادەردەکەوێ خەڵکی بەسرە بەردەوام چاویان لەوەبووە کە ڕاوێژ بەرپا بکرێ بە پێی ئەو تێڕوانینە سیاسیەی هەیانبووەو بەردەوام نزیکترینی تێڕوانین بووە لەوبنەمایانەی لــەگوتاری سیاسی ســەردەمی ڕاشــدیدا هەبووە، هەربۆیە فەقیهەکانیان وایان دەبینی (کە ڕەزامەندی ئــەهلی ئیختیار بۆ بەیعەتی وەلی عەهد مەرجە بۆئەوەی ئەو بەیعەتە لەلایەن ئومەتەوە پابەندێتی پێــوەبکرێ، چــونکە مافێکــەو پەیوەنــدی هەیــە پێیانــەوە، ناچــارنین پابەنــدبن پێیــەوە مەگــەر ڕەزامەنــدی ئــەهلی ئیختیاری لەسەربێ). [1]

ماوەردی وەڵامیــان دەداتــەوەو تەئکیــد لەســەرئەوە دەکاتــەوە کــە بەیعەتەکەی دروستەو ڕەزامەندی ئەوان ئیعتباری بۆناکرێ[2]؟!! بــەڵام ئەو بانگەشەیەی دەکرا بۆ کارکردن بە ڕاوێــژو دەنگدانەوەیــەکی زۆری هەبوو لە دەوروپشتی بەسرەدا ڕۆشنایی بەچاو نەبینی، هیچ یــەك لــە

(1) الأحكام السلطانية ی ماوەردی ل ١١.

(1) الأحكام السلطانية ی ماوەردی ل ١١.

خەلیفەکان هەڵنەسان بەجێبەجێکردنی ئـەو پرۆژەیـە، پاشـان زۆری نەخایاند ئەو بانگەشەیە کۆتایی پێهات دوای ئەوەی زەمەنێکی زۆری بەسـەردا تێپـەڕی، وە پـاش ئـەوەی فیقهـی سیاسـی تـەئویل کـراو زیندەبەچاڵی کردو تاوەکو ئێستاش ئەم فیقهە دەقـەکان بـۆ خزمـەتی واقع وەگەڕدەخاو شەرعیەت دەبەخشێتە هەموو لادانێكو بۆتـە هـۆی شاردنەوەی مەشـخەڵەکانی گوتـاری سیاسـی شـەرعی دابـەزێنراو؟!! لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئیسلامی بە تایبەت لە مەغربو ئەندەلوسدا خاڵی نەبووە لە چەند هەوڵدانێك بۆ جێبـەجێکردنی هاوێنـەی ئـەم پرۆژەیە.

خەلیفـە (الناصـر لـدین الله الأمـوي) ئەندەلوسـی (٣٥٠) ك.ك کـۆڕێکی ڕاوێـژی لـە فەقیهـەکان هـەبووە، بـە ڕادەیـەك پلەوپایـەو دەسەڵاتیان هەبووە، تا کار گەیشتە ئەوەی خەلیفە داوای لێکـردن کـە وەقفێك لەو وەقفانەی پێبفرۆشن کە تـەرخان بـووە بـۆ نەخۆشـخانەی قورتوبەو هاوشانی کۆشـکەکەی بـووە بـەو مەرجـەی بەهاکـەی بـە چەندقات بدات، سکاڵای بردەلای (ابـن بقـی) قـازی قورتوبـەو داوای لێکـرد لەوبارەیـەوە قسـە لەگـەڵ فەقیهەکانـدا بکـات، ئـەوانیش داواکەیان پەسەند نەکرد چونکە وەقف کرابوو، حورمەتو ڕێزی وەقفی هەبوو، خەلیفە توڕەبـوو، فەرمانیـدا بـە وەزیرەکـان دەسـت وەردەنـە کارەکەوە تـاوەکو پەسـتان بخەنـە سـەر فەقیهـەکان (لـە نێوانیانـدا گفـتوگۆو مشـتومڕێکی زۆر بـوو، بـەلام لەگـەڵیان نەگەیشـتە

چارەسەرێك...)[١].

هەروەها لە ژیاننامەی سوڵتانی دادگەر عەلی کوڕی یوسفی کوڕی تاشفین پادشای مورابیتەکان لە مەغرب (٥٣٧ ك)دا هـاتووە: (ئـەو هـیچ کـارێکی لەتـەواوی مەملەکەتەکەیـدا نەبڕیوەتـەوە بێڕاوێـژی فەقیهەکان، هەرکاتێکیش کاری سپاردبێ بە یەکێك لـە قازییـەکانی یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئەوەبووە کە هیچ کارێك نەبڕێتـەوە، وە هـیچ فەرمانێك کۆتایی پێنەهێنێ بچوك یاگـەورە، مەگـەر بـە ئامـادەیی چوارکەس لە فەقیهەکان)[٢].

بەردەوام زانا مالیکی یەکانی ئەندەلوس دەیان ووت: (ڕاوێژ واجبـە لە تەواوی کاروبارەکانی ئوممەت دا هەروەك (ابن خویز منداد المـالکی — ٤٠٠ ك.ك) فەرمویەتی: (پێویستە لەسەر کاربەدەســـــتان ڕاوێـژ بە زانایان بکەن لەو شتانەی کە نایزانن، وە لەو کاروبارانەی ئـایین دا کە ئاڵۆز بووە لێیـان، لـە کاروبـاری جـەنگ دا ڕاوێـژ بـە کەســـە دیارەکـــانی ســـوپا بکـــەنو لـــە بەرژەوەندیەکانیشـــدا ڕاوێـــژ بـــە کەســـــایەتیو پیاو ماقوڵان بکەن، لەو کاروبارانەشدا پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانی ووڵاتو ئاوەدان کردنەوەیەوە ڕاوێژ بە نوسەرو وەزیرو کاربەدەستانەوە بکەن)[٣].

---

(١) (الإعتصام) ی شاطبي، ل (٣٩).
(٢) المعجب في تلخيص أخبار المغرب، ل (١٧١).
(٣) تفسير القرطبي (٤/٢٤٩ — ٢٥٠).

(ابن عطية الأندلسـي) ڕاڤـهكار– (٥٤١)ك. ك- فەرموویـەتی: (ڕاوێژ لـە ڕێسـاكانی شـەریعەتو بڕیـارو حوكمـە زۆر گرنگەكانـە، هەركەسێ ڕاوێژ بە ئەهلی زانستو دین نەكات لابردنی واجبە، ئەمـە جێی ناكۆكی نیە)،[1] واتە لە نێـوان زانایـانی ئەندەلوسـدا یـاخود لەنێوان فەقیهەكانی مەزهەبی مالكیدا.

لەوانەیە ئەمە هۆكاری پابەندبوونی هەندێ لە خەلیفەو پادشاكانی ئەندەلوسو مەغرب بێ لەوەی كار بە ڕاوێژ بكەن لەبەرئەوەی لە دیدی فەقیهەكانی ئەو وولاتەدا واجب بـووە، لـە كاتێكـدا لـە ڕۆژهەلاتـدا كەسێك نەمابوو ئەم بۆچوونو دیدەی هـەبێ، هەربۆیـە مـاوەردی لـە (الأحكام السلطانية)دا باسی هۆكارانە ناكات كە بـە هۆیـەوە ئیمـام لادەبرێ ئەگەر جێبـەجێی نـەكرد هـەروەك (ابـن عطیـة) دەڵـێ، وە پێویستییەكانی سەرشانیشی دیاری ناكا هەروەك (ابن خـویز منـداد) دەفەرموێ، ئەمە لەبەر بڵاوبونەوەی ئەو بیروبۆچونو وتەیـە بـووە لـە نێوان زانایـانی ڕۆژهەلاتـدا كـە ڕاوێـژیان بـە سـوننەت دادەنـاو بـە پێویستیان نەدەزانی، ئەمـەش سـەری كێشـا بـۆ ئـەوەی زۆرێـك لـە خەلیفەكان بەسوك سەیری بكەنو پابەندی نەبنو كاری پێنەكەن، بـە پێچەوانەی ئەوبارەی لە ئەندەلوسو مەغرب دا هەبووە.

زۆرێك لە خەلیفەو پادشاكان خەڵكی چاكو دادگەرو خـاوەن فـەزڵ

---

(١) تفسير القرطبي (٤/٢٤٩).

بوونـــەو ســـووربوون لەســـەر شـــوێنکەوتنی حوکمـــەکانی شـــەرعو جێبەجێکردنی، بـەڵام ئـەوان لـە زانایـانو فەقیهـەکانی سـەردەمی خۆیاندا تەنها گوتاری سیاسی شەرعی تەئویلکراویان بـەدی کـردووە، کە بابـەتی ڕاوێـژی پـەراوێز دەخسـتو بـە خـراپترین شـێوە کـەناری دەخست، ئەمەش سەری کێشـا بـۆ بڵاوبونـەوەی دیـاردەی (دادگـەری زۆردارو خۆسەپێن – العادل المستبد) لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا.

## ٣/ وون بــوونی ڕۆڵــی ئوممــەت لــە چــاودێری‌کردنــی خانــەی ســـاماندا (*)

هەروەکو چۆن مافی ئوممەت لەم قۆناغەدا لە بەشـداری پـێ‌کردنی بیروڕاو بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دا پەراوێز خرا، بە هەمان شـێوە مافی ئەوەشی لـێ زەوت کرا کە چاودێری خانەی سامان‌و ڕێکخستنی کاروباری ئابوریدا بکا، لەکاتێکدا هاوەڵان لە سەردەمی خەلیفـەکانی ڕاشدین دا بە پێی پێویستی‌و کەم‌وکوڕی موچەیان لە خانەی سـامان بۆ خەلیفە دەبڕیەوە، خەلیفەش پاش ڕاوێژکردن‌و زانینی بیروبۆچـونیان تەسەرڕوفی تێدا دەکرد وەکیلی خانەی سامانیشی دەدایە ئـەو کەسـەی ڕازی بوون بکرێتە وەزیری دارایـی، کەچـی پـاش سـەردەمی ڕاشـدین ‌بارودۆخەکە گۆڕا، وای لێهات خەلیفە لە خانەی ساماندا بە ئـارەزوی خۆی دەیبەخشی‌و دەیگرتەوەو ئاڵ‌وگۆڕی پێ دەکـرد بـێ لێپرسـینەوەو چاودێری، مەگەر تەنها ویژدانی خۆی، وای لێهات لەم ڕووەوە تـەواوی ئازادی هەبوو.

ئەم لادانــە لــە ســەرەتای ســەردەمی ئومەویــەوە دەسـتی پـێ‌کرد، موعاویە لە نوێژی هـەینی دا ووتـاری دەداو دەیـوت: (ئـەم دارایـی‌و سامان‌و دەستکەوتانە هـی ئێمەیـە، کـێ بمانـەوێ دەیـدەینێ‌و کـێش بمانەوێ نایدەینێ، کەس وەڵامی نەدایەوە، کاتێك جومعەی دووەم هات

---

(*) خانەی سامان = بـیت المال – وەرگێڕ –.

هەمان ووتەی پێشووی دوبارە کردەوە، هــیچ کــەس وەڵامــی نەدایــەوە، کاتێکیش جومعەی سێیەم هــات، هــەمان ووتــەی دووبــارە کــردەوە، کەسێك لەوانەی لە مزگەوتەکەدابوو بۆی ڕۆییو ووتی نەخێر، بــەڵکو ئەم دارایيو سامانو دەستکەوتە هی ئێمەیە، هەر کەســەش ڕێگربــێ لە نێوان ئێمەو ئەودا بە شیرەکانمان حوکمی دەکەین، کاتێك نوێژەکەی کرد فەرمانیدا پیاوەکەیان هێنایە ژوورەوە، لەسەر جێگە لەگەڵ خۆیدا دایینیشاند، پاشان ڕێیدا بێنە ژوورەوە بۆلای، پاشان فــەرمووی: ئــەی خەڵکینە، من لــە جومعــەی یەکەمــدا قســەم کــردو کــەس وەڵامــی نەدامەوەو لە دووەمیشدا کەس وەڵامی نەدامەوە، کــاتێکیش ســێهەم جومعــە هاتــەوە ئەمــە ژیاندمیــەوە، خــوا بیژیــەنێت، گوێبیســتی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم دەیفەرموو: (ڕۆژێك دێــت خــەڵکێك قســە دەکەنو کەس ڕەدیان ناداتەوە، وەکو مەیمون کە لە کۆمەڵ دەبنو خــۆ فڕێدەدەنە ئاگرەوە) ترسام خوای گەورە من وەکو ئەوانە لێ بکا، کاتێك ئەم پیاوە وەڵامی دامەوە ژیاندمیەوە، خوا بیژیەنێ، هیوام وایە خــوای گەورە نەم کات بەوانە).(١)

هەروەها پیاوێك هات بۆ لای سەعدی کوڕی ئــەبو وەقــاصو پــێی وت: (گوێم لە مەڕوانی کوڕی حەکەم بوو وای بۆدەچــوو کــە ســامانی

---

(١) (أبو يعلي الموصلي) گێڕاویەتییەوە، ف ژمارە (٧٣٨٢) لە (مجمع الزوائد)دا دەڵێ: کەسەکانی جێمتمانەن، ئەلبانی لە (الصحيحه)دا بە ژمارە (١٧٩٠) بە (صحيح)ی داناوە.

خوا سامانی خۆیەتی، هەرکەسێ ویستی پێی دەبەخشێو هەرکەسەش نەیەوێ ڕێگری لـێ دەکا، سەعد پێی ووت: ئایا تۆ گوێت لـێ بـوو وای دەوت؟ ووتی بەڵێ، سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصیش کـە سـەعیدی کوڕی موسەییەبو حارسی کوڕی بەرصـائی لەگەڵـدابوو، چـووە لای مەڕوان کە ئەو کاتە ئەمیری مەدینەبوو لەلایەن موعاوەیەوە- و پێـی ووت: ئەی مەڕوان تۆ وات داناوە کـە سـامانی خـوا سـامانی خۆتـە، هەرکەسێ بتەوێ پێی دەبەخشیو هەرکەسـەش بتـەوێ ڕێگـری لـێ دەکەی؟ ووتی بەڵێ، سەعد پێی ووت: کەواتە دژت دەپاڕێمەوە،هەردوو دەستی بۆ  پاڕانەوە بەرزکردەوە، مەڕوان یەکسەر پـەلاماری داو پـێی ووت: سوێندت دەدەم بە خوا لەوەی کـە داوا بکـەی سـامان سـامانی خوایەو کێ بیەوێ پێی دەبەخشێو کێ بیەوی پێی نابەخشێ.[1]

کاتێ موعاویە ﵁ ویستی بەیعەت بدرێ بە یەزید ئەوەی بە مەرج دانا کە هاوەڵان خۆیان (سامان کۆ بکەنەوەو هـەر ئـەوانیش دابەشـی بکەن)،[2] مسوڵمانان کۆبوون لەسەرئەوەی کە سـامانو دارایـی لـە خانەی سامانی مسوڵماناندا مافی ئوممەتە، ئیمـام بـۆی نیـە دەسـتی تێوەربدا مەگەر بە پێی ئەو ڕێو شوێنانەی شەرع دیاری کردووە وە بە شێوەیەبێ کە بەرژەوەندی گشتی مسـوڵمانان بـەدی دەهێنـێ، بەشـی ئیمام لە خانەی ساماندا تەنها بەپێی پێداویستیو موچەی هاوشێوەی

(١) حاکم لە (المستدرك) (٣/٥٠٠ – ٥٠١) بە ئیسنادێکی (صحیح) گێڕاویەتییەوە.
(٢) سەیری پێشووتر بکە.

خۆی دروستە بۆی تەرخان کریّ.

ئـەمیر سـدیق خـان ووتویـەتی: (خەلیفـە تاکیّکـە لەتاکـەکانی مسـولّمانان، وەکـو هـەر خـەڵکیّکی تـر مـافی هەیـە لەخانـەی سامانیاندا، ئەو ئەوەندەی کەسیّکی هاوپلەی خۆی پـیّ دەدریّو وەری دەگریّ، تایبەتمەندییەکی زیاتریشی هەیە، ئەویش بریتیـە لـەوەی بـە چەند بەرژەوەندییەك هەڵدەسیّ کەسی تـر پیّـی هەڵناسـیّ، موچـەی کارکردنیشی پیّدەدریّ لەخانەی ساماندا، لەراستیدا خـوا بەدروسـتی داناوە کارمەندی سەدەقە بەشـیّکی هـەبیّ تیایـدا، بەهـەمان شـیّوە موچەی هاوشیّوەی خۆی پیّدەدریّ، ئەگـەر بیـەویّ خۆیشـی لـەگوناه رزگاربکـا ئـەوا لـەکاتی دابەشـکردنی دەسـتکەوتو بەخشـینی مسلّماناندا ئەوەندەی بەشی کەسیّکی هاوشیّوەی خۆی، لە ئازایـەتیو جیهادو زانست دا پیّ دەبەخشریّ بـە پـیّی جۆراوجـۆری هۆکارەکـانی شایستەیی، پاشان موچەکەی خۆی وەردەگـریّ، بـە پـیّی پیّویسـتیش خیّزانو خزمەتگوزاری دەبیّ، نەك بە پیّی ئەندازەی حەزی خۆی).[1]

لە کتیّبی (الإقناع)ی فیقهـی حەنبەلییەکانـدا هـاتووە: (خانـەی سامان موڵکی مسولّمانانە، هەرکەسیّ بـەفیڕۆی بـدا دەبـیّ دابینـی بکاتەوەو زەمانەتی بکـا، بـەبیّ مۆڵـەتی ئیمـامیش حەرامـە لیّـی ببریّت)،[2] ئەو گوتەیەی کە دەڵیّ خانەی سـامان مـوڵکی سـەرجەم

(١) إكليل الكرامة ل ١٢٧ – ١٢٨.

(٢) كشف الإقناع ٣١٠.

مسوڵمانانەو ئیمامیش تەنها بەپێی ئەوەی شەرع هێناویەتی دەتوانێ بــەكاری بهێنـــێو تەســـەڕوفی تێـــدا بكـــا لەبەرژەوەنـــدی گشـــتی مسوڵمانانداو دابەشی بكا لە نێوان ئەوكەسانەی شایستەی پـێدانن، وە هـــەر مســـوڵمانێك مـــافی هەیـــە تێیـــدا، ئەمـــە جـــێی كـــۆڕای فەقیهەكانی هەموو مەزهەبەكانە، تەنانەت وتراوە هەركەسێ بیروڕای وابێت كە ئەو دارایی‌و سامانەی لە خانەی ساماندایە هی دەســەڵاتو ســوڵتانە ئــەوا بــەم بیروبــاوەڕەی كــافر دەبــێ، هــەروەك لــە كتێبــی حەنەفیەكاندا باس كراوە.

لــە چــۆنێتی ڕێكخســتنی داهاتــەكانی خانــەی ســامانو ســەرف كردنەكانی‌و ڕوونكردنەوەی مافی هەموو تاكـەكان تیایـداو چـۆنێتی دابەشكردنی و.. هتد فیقهی ئیسلامی گەیشتووەتە پلەیەك تەنانـەت یاساكانی هاوچەرخیش پێی نەگەیشتووە، خـاوەن مافـەكان دەتـوانن داوای مافەكانی خۆیان بكـەن لـە خانـەی ســاماندا، ئەگـەر خانـەی سامان بێتوانابوو ئەوا دەبێتە قەرزێكی ئەمان لەسەر خانەی سامان، هەركاتێ داهاتی تێهات شیاوی دەبن‌و بۆ ئەمانە... هتد). [1]

كەچی ئەم تێڕوانینە فیقهی یە لەسەر زەمینەی واقـعو لـەقۆناغی دووەمــدا بــەهای خــۆی لەدەســت دا پــاش پــەراوێز خســتنی ڕۆڵــی چاودێرانەی ئوممەت، وای لێهات خەلیفە هیچ چاودێریكی لەسەر نەما

(١) سەیری الأحكام السلطانیةی ماوەردی ل ٢٢٦و دواتری بكە.

جگەلە ویژدانو دەروونی خۆی نەبێت هەرئەمەش بوو سەری کێشا بـۆ تەسەڕوف کردن لە سـامانی ئوممەتـدا بـەپێی پێویسـتو حـەزەکانی زۆرێك لە خەلیفەو پادشاکان.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هات هەوڵو تێکۆشانێکی زۆریدا بۆ چاکسازیکردنی ئەو زیادە ڕۆییانەی بەنوئومەییە لە دارایـیو خانـەی سامانی مسولّمانانـدا کردبویان، لەخۆیـەوە دەسـتی پـێکردو سـەیری موڵکە تۆمارکراوەکانی باوکی کرد، هەرچـی زەویو زارێکـی هـەبوو گەڕاندیەوە بۆ خانەی سامانی مسوڵمانان،[١] پاشان نـەوەی مـەڕوانی کۆکردەوەو ووتارێکی بۆدانو فەرمووی: (من وادەزانم نیوەی دارایی ئەم ئوممەتە لە دەستی ئێوەدایـە، ئـەوەی لـەو داراییـە لـەژێر دەسـتانایە بیگێڕنەوە، پیاوێکیان ووتی: نە بـەخوا، شـتی وا هـیچ کاتـێ نابێـت مەگەر سەرمان لەلاشە جیاکەیتەوە، بەخوا ناسوپاس گوزارو بێبـاوەڕ نابین بە باوو باپیرانمـانو کـوڕو نـەوەکانمان هـەژار ناخـەین، عومـەر فەرمووی: جابزانن ئەگەر هاوکاریم نەکەن لەوەدا ئەم مافانە بۆمـاف دارەکانی بسێنم، ئەوا گەردنتان پێکەچ دەکەن).[٢]

پاشان لەناو خـەڵکی دا هەسـتاو وتـارێکی داو فـەرمووی: (ئـەم خەڵکە -واتە بەنو ئومەییە- هەندێ بەخشیشیان پـی دایـن، بـەخوا نەدەبوایە پێمان بدەن، وە نـەدەبوو ئێمـەش وەری بگـرین، وەوا دەبیـنم

(١) المعرفة والتاريخ ١/٥٨٧ بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٢) المعرفة والتاريخ ١/٦١٥ بە ئیسنادێکی سەحیح.

ئەوەی گەیشتووە بەمن لای خوای گەورە لێپرسینەوەم لەسەر دەکرێ، ئاگاداربن وا من گەڕاندمەوەو لە خۆمو خانەوادەکەمەوە دەستم پێکرد). [1]

لە سەرەمەرگیدا پێی ووترا: منداڵەکانت بەبێ سامان بەجێهێشت؟! ئەویش فەرمووی: (نەدەبوو شتێکیان پێبدەم کە هی ئەوان نەبووە، وە مافێکم لێ زەوت نەکردوون کە هی خۆیان بوبێ، کەسێك دەکەمە سەرپەرشتیاریان کەئەرکی سەرپەرشتی پیاوچاکان لە ئەستۆ دەگرێ، ئەوان یەکێك لەم دووکەسەن، یا کەسێکن گوێڕایەڵی خوا دەکەن، یا بێفەرمانی خوا دەکەنو فەرمان بەرداری لەدەست دەدەن). [2]

لە دابەشکردنی خانەی سامانی مسوڵماناندا ڕێو شوێنو سوننەتی خەلیفەکانی ڕاشدینی زیندوو کردبووەوە، وە دەیفەرموو: (لەم سامانەدا تەنها چەند پێگەو شوێنێکم تیایدا هەیە خوا بۆمی ئەنجام داوە)، [3] وە فەرمویەتی: (من چەند کاربەدەستێکم بەسەرتانەوە داناوە، ناڵێم باشترینتانن، هەرکەسێ کاربەدەستەکەی ستەمی لێکرد ئەوا مۆڵەتی منی نیە، ئەگەرنا با نەیبینم، سوێند بەخوا ئەگەر من خۆمو ماڵو

---

(١) المعرفة والتاريخ ١/٥٨٧ بەئیسنادێکی سەحیح، سەیری بە حەرام دانانی وەرگرتنی بەخشینو دیاری میرە ستەمکارەکان بکە لە لایەن عومەرو فەتوای هاوچەرخ سەبارەت بە دروستیو جائیزبوونی ؟!!

(٢) المعرفة والتاريخ ١/٥٨٧ بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٣) المعرفة والتاريخ ١/٥٧٠.

منالْم لەم سامانە گرتبێتەوە پاشان ڕەزیلیم کردبێ تیایدا بۆ ئێوە، کەواتە من کەسێکی ڕژدو ڕەزیلم)،[١] وە هەستا بەبڕینی دەرماڵەی هاوڕێو هاوکارانی بەنوئومەییە،[٢] سامانو دارایی ئومەویەکانی بە سامانو دارایی مافخۆری و ستەمکاری ناودەبردو دەیگەڕاندەوە بۆ خانەی سامان.[٣]

یەکێکیان پێی ووت: ئایا لەم سامانەدا مافمان نیە؟

عومەر پێی فەرموو: ئێوەو دورترین کەسی مسوڵمان لای من لەم سامانەدا وەکویەکن، مەگەر کەسێك لە مسوڵمانان بە هۆی دوورو درێژیو بێچارەیی یەوە دەستمان پێی نەگات.[٤]

هەر ئەو نوسراوێکی نووسی بۆ قازییەکەی لە مەدینە ئەبوبەکری کوڕی حەزمو فەرمانی پێکرد سەیری دیوانەکان بکاو پاکی بکاتەوە تەواوی ئەو ستەمو زۆردارییانەی خەلیفەکانی پێش خۆی کردویانە، چ مافی مسوڵمانێك بێت یاخود مافی پەیمان پێدراو (معاهد)ێك بێت، وە مافەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئەگەر مردوش بێت بیگەڕێنەوە بۆ کەسو میراتبەرەکانی،[٥] وەکو یەکیش شتی بەسەر خەڵکیدا دابەش

---

(١) المعرفة والتاريخ (١/٥٧٦).

(٢) المعرفة والتاريخ (١/٥٧٤ و ٥٩٨) و ابن سعد بە ئیسنادێکی (صحيح).

(٣) تاريخ الذهبي (٥/١٩٦).

(٤) تاريخ الذهبي (٥/١٩٨).

(٥) ابن سعد لة الطبقات (٥/ ٢٦٤).

دەکردوو زیاتری نەدەدا بەکەس.[1]

نوسراوێکی نوسی بۆ خەڵکی وولاتانو تیایدا فەرمانی پێکردبوون کە ناوی منداڵە لەدایك بووەکـانی تێـدا بنوسـرێ تـاوەکو لەخانـەی ساماندا بەشیان بۆ ببڕێتەوە، وەناوی مردووەکانیان بنوسن تـاوەکو لـە خانەی ساماندا ناویان بسڕدرێتەوە، لە کۆتایی نوسـراوەکەدا هـاتووە: (لەڕاستی دا ئەمە تەنها سامانی خۆتانەو دەیگرێینەوە بۆتان).(٢)

عەبدوڵلای کوڕی عەلاء هاتەلای عومەر، یەکێك بووە لە یاخیانو لە گوێڕایەڵی دەرچووبو، بەوبۆنەیـەوە لـە بەخشـین بێبـەش کرابـوو، عومەر فەرمانیدا بەخشـینەکەی پـێ بدرێتـەوەو بەخشـینی سـاڵانی پێشووشـی بـۆ بگێـڕدرێتەوە،[3] وە فـەرمانی دەرکـرد بەخشـینی گیراوەکان بدرێت بە خۆیان،[4] هەربۆیە بەشی خۆیان مانگ بە مانگ وەردەگرت لەگەڵ پۆشتەنی هاوینو زستان.[5]

وە فەرمانیدا بەهەواڵ پرسینی بارودۆخی ئەوانەی کە نەخۆش بوون، وە ئەوانەی بێکەسو سامانو دارایی بوون، تاوەکو بەدەمیانەوە بنو ئەوەندەیان بۆ دەستەبەر بکرێ لە خواردنو پێخۆر کە کاروباریان پێ

(١) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٦٦).
(٢) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٦٧).
(٣) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٦٥).
(٤) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٦٩ – ٢٧٥).
(٥) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٥٧).

بچێت بەڕێوە،[1] وە فەرمانی دا بەوەی بریتی گیراوو دیلی مسوڵمانانو ئەهـلی ذیمـە بـدرێ، پیاوان بن یا ژنان، ئازادبن یان کۆیلــە.[2]

موچەو پێبەخشـینی بـە عـەرەبو مـەوالی وەك یـەك دەدا،[3] وە فەرمانیدا هیچ کەس لە کاربەدەستان –کارمەنـدان- موچـەو ڕزقـی گشـتیو تایبـەتی نـەبێت، هەرکەسـەش شـتێکی وەرگرتـووە بـا بیگێڕێتەوە.[4]

بۆ یەکێك لە کاربەدەستەکانی نووسی: (پـاش سـوپاسو سـتایش، بڕوانە بارودۆخی ئەهلی ذیمــە و نەرم بە لەگەڵیان، ئەگەر کەسێکیان پیربوو وە سامانی نەبوو ئەوا نەفەقەی بکێشە، ئەگـەر خـزمو کـەسو کاری هەبوو فەرمانیان پێ بکە ئەوان نەفەقەی بکێشن).[5]

وە نوسراوێکی نووسی بۆ والیەکەی لە عێراق داو فەرمانی پـێکرد مـوچەو ڕۆزی خەڵکی دابەش بکا بەسەریاندا، ئەگەر شتێکی زیـادبوو ئەوا با قەرزی قەرزارانی پێبدرێتەوە بێ زیادەڕۆییو سەرشێتی، ئەگەر لەوەش زیادبوو با مارەیی ئەوانەی پێ بدرێ کە دەیانەوێ هاوسەرگیری ئەنجام دەنو سامانو داراییان نیە، ئەگەر شتێك زیادبوو با بـە سـلفە بدرێتە ئەو ئەهلی ذیمــیانەی توانای سەرف کردنیـان نیـە لـە زەویو

---

(١) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٧٦ و ١٩٤) بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٢) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٨٦ و ٢٧٣).

(٣) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٢).

(٤) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٤) بە ئیسنادێکی سەحیح.

(٥) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٦) بە ئیسنادێکی سەحیح.

زارەکانیانداو ناتوانن بیکەنە کشتوکاڵ.[١]

خاوەنی دیوان پارەیەکی بڕیەوە بۆ ئەوانەی نەخۆشی درێژخایـەنیان هەیە یاخود پیرو پەککەوتەن هەروەك چۆن بۆ تەندروستو ساغەکانی لە خانەی ساماندا بڕیبویەوە، عومـەریش ڕەزامەندی دەربڕی لەسەری[٢].

مەیمونی کوڕی مـەهران سکاڵای توندوتیژی فەرمانڕەوایی‌و ســامان کۆکردنەوەی بردە لای‌و ئەویش نوسراوێکی بۆ نوسی: (بــە شــێوەیەکی ڕەوا سامان کۆکەنەوە، بە پێی ڕوونبونەوەی ڕاســت‌و ڕەوایــی قــەزاوەت بکە، ئەگەر شتێکت لێ ئالۆسکاو شێوا بۆمی بەرزکەرەوە، جا ئەگــەر خەڵکی هەربەوەی کارێکیان لەسەر قورس بــوو وازی لێ بهێــنن ئــەوا کاروباری دین‌و دونیا بەڕێوە ناچێ، کەواتە خەڵکی سەرکەش مەکەن‌و هەڵیان مەخلیسکێنن‌و بارگرانیــان مەکـەن)،[٣] وە فەرمانیـدا ئــەو شوێنانەی سنوردار کرابوون بۆ خەڵك والا بکرێ‌و ڕێگری کــرد لــەوەی ئەو کان‌و کانگانە دەرکرێن کە سوودو قازانجەکەی تایبەتەو زیانەکەی دەکەوێتە سەر هەموو خەڵکی بــە گشــتی)،[٤] بۆهەریەکــە لــەپێنج یــەك‌و دەســتکەوت‌و زەکــات‌و ســەدەقە خانــەی ســامانی ســەربەخۆو تایبەتی دانا[٥] بۆ ئەوەی زەکــات‌و پێــنج یــەك یاخـــود دەســتکەوت

---

(١) (الأموال) ی ئەبوعوبەید ل (٢٦٥).

(٢) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٦).

(٣) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٦).

(٤) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٢٩٨)(صحیح)بەپێی مەرجی هەریەکە لەبوخاری‌و موسلم.

(٥) ابن سعد لە الطبقات (٥/ ٣١٢).

تێکەڵ بەیەك نەبن.

عومەر هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی چاکسازی ئەو شتانە بکا کە هەندێ لە خەلیفەکانی پێش خۆی تێکیان دابوو، تاوای لێهات — لەسەردەمی ئەودا — سەروەتو سامان بە شێوەیەك زۆربوو کەکەس نەدەبینرا زەکات وەربگرێ لەبەر دەوڵەمەندیان،[1] کەچی دواتر کەسانی تر هاتن کە کاروبارەکانیان وەکو ڕەوتی یەکەمجاری لێکردەوە، سەرەڕای ئەوەی فەقیهەکان لە کتێبەکانی (الأحكام السلطانية)دا بە دوورو درێژییەکی زۆرجوان باسیان لە ڕێکخستنی کاروباری خانەی سامانو حوکمەکانی دارایی کردووە بە شێوازێك شتی وا لای نەتەوەکانی تر بەدی ناکرێ، بەڵام وونبوونی ڕۆڵی چاودێریانەی ئوممەت دەرگای خستە سەرپشت بۆ یاریکردن بە داراییو سامانی ئوممەتو تەسەڕوف پێوەکردنی بە پێی حەزو ئارەزووەکانیان، سەرەڕای بوونی کۆڕای فەقیهەکان لەسەر حەرامێتی ئەمجۆرە ڕەفتارانە وە ڕوونکردنەوەی ئەوەی خانو دارایی یەکەی ناوی مافی مسوڵمانانە نەك خەلیفەو ئەمیرەکان یان نوێنەرو وەزیرەکانی، بەڵام بە تێپەڕینی کاتو سەردەم سەری کێشا بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە ئەو سامانو دارایی یەی لە خانەی ساماندا هەیە هی ئیمامەو بە ئارەزووی خۆیو بێلێپرسینەوەو چاودێری کاری تێدا دەکا، تاوای لێ هات دارایی و سامانی تایبەتی

---

(١) المعرفة والتاريخ ١/٥٩٩ و تاريخ الذهبي ٥/ ١٩٧ بە ئیسنادێکی سەحیح.

ئیمام تێکەڵ کرا بەداراییو سامانی گشتی ئوممەت، بە ئارەزووی خۆی لێیان دەبەخشیو بەویستی خۆیشی ئەوەی بیەوێ بێبەشی دەکا.

مەنسوری عەبباسی لە وتارێکیدا کە بۆ خەڵکی دەدا وتی: (ئـەی خەڵکینە، من بریتیم لە دەسەڵاتی خوا لەسـەر زەمینـەی ئـەودا، بـە پـێی یارمـەتیو ویسـتی ئـەو دابەشـی دەکـەمو بـە مۆڵـەتی ئـەو دەیبەخشم، خوای گەورە منی کردووە بە کلیلی سەر دەرگاکەی، ئەگەر ویستی دەمکاتەوەو ئەگەر ویستی دام دەخا).[1]

ئەوەش مەودای ئـەو لادانـە ڕوون دەکاتـەوە کـە بەسـەر چـەمکی جێنشینایەتیو چەمکی مافی ئوممـەت لـە خانـەی ساماندا هـات، ئەوەبوو دەسەڵات بوو بە سێبەری خوا لە زەوی دا پاش ئەوەی نوێنـەرو جێگری ئوممەت بوو، وە سـامانیش بـوو بـە سامانو دارایـی خـواو خەلیفە بە ویستی خۆی چی بیەوێ دەیکا، پاش ئـەوەی ئەمـە مـافی ئوممەت بوو ؟!!

---

(١) البداية والنهاية ١٠/١٢٥.

## ٤- پاشەکشێی ڕۆڵی ئوممەت لە ڕووبەڕووبونەوەی ستەم و لاداندا

ئەم قۆناغی دووەمە پاشەکشەیەکی ترسناكو گەورەی بەخۆوە بینی سەبارەت بە ڕۆڵی ئوممەت لە ڕەخنەکردنی لادانەکانی دەسەلاتو هەڵسەنگاندنی، بە تایبەت لە چەرخی عەبباسی دا، سەرەتای ئەم قۆناغە بزوتنەوەی حوسەینی کوڕی عەلیو خەڵکی عێراقو بزوتنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو خەڵکی مەککەو بزوتنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی غەسیلو خەڵکی مەدینەی بەخۆوە بینی، هەروەها سەردەمی ئومەوی بزاوتە نارەزایی خوازە سیاسییەکانی دژ بە سیاسەتی خەلیفەکانو لادانەکانیانی بەخۆوە بینی، کە لەوانەیە کاریگەرترینو مەترسی دارترینیان بزوتنەوەی قورئان خوێنان بوبێ لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەسدا لە عێراقو دژ بە حەجاجو عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان لە ساڵی (٨١)ی کۆچی، ئەوەبوو بەیعەتی عەبدولمەلیکیان لە خۆیان داماڵیو بەیعەتیان دا بە عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەس لەسەر کیتابو سوننەو لابردنی ئیمامە گومڕاکان.[1] عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەس توانی زاڵ بێت بەسەر ناوچەی فارسداو، پاشان بە سوپاکەیەوە دابەزی یە عێراقو حەجاجی تێك شکاندو پاشان حەجاج بەسرەی بەجێهێشت، کاتێکیش عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەس

---

(١) ابن جرير (٣/ ٦٢٢ – ٦٢٤).

چـــووە ناویـــەوە هــەموو خەڵکەکــەی بــەزانایانو ســـەرکردەکانیەوە بەیعەتیان پێ‌ی دا لەســەر لابردنــی حــەجاجو عەبدولمــەلیکی کــوڕی مەڕوان.[1]

قورئان خوێنانیش کەبریتی بوون لە زانایانی هەردوو شاری -کوفەو بەسرە- هەمویان کۆبونەوە لەگەڵ جەنگاوەراندا بۆ کوشتاری حــەجاج، ئەوکاتە سەدهەزار کەس بوون.

عەبدولمەلیکی کــوڕی مــەڕوانیش کۆبویــەوە لەگــەڵ ڕاوێــژکارانو ســـەرکردەکانی خەڵکی شام داو ئەوانیش پێیان ووت: (ئەگەر تــەنها بە لابردنی حەجاج خەڵکـــــی عێـراق ڕازی دەبـن، ئـەوا لابردنـــــی حەجاج ئاسانترە لە جەنگ کردن لەگەڵ خــەڵکی عێـراق دا، لاییــەرە گوێڕایەڵی تەواوت بۆ دەکــەنو خــوێنی ئێمــەو ئــەوانیش دەپـارێزی، بابەخشینو ڕزقو ڕۆزیشــیان بەســەردا دابــەش بکـرێ هــەروەك چــۆن دەدرێت بە خەڵکی شام).[2]

بەڵام خەڵکی عێراق ئەم پێشنیارەیان پەسەند نەکرد، لەوکاتەش دا لــە پێشـــەوا فەقیهــەکانیش کەســانی وەك ئەنەســی کــوڕی مالــكو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عامری شەعبیو ئەبو ئیسحاقی ســوبەیعیو عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبولەیلاو ئــەبو بوختــەری تــائیو عــەبــدوڵڵای کوڕی شەدادی کوڕی هادو حەسەنی بەصریو موسلمی کوڕی یەســارو

---

(١) ابن جرير ٣/٦٢٥..

(٢) ابن جرير ٣/ ٦٣٠ وابن كثير ٩/٤٣.

نەزری کوڕی ئەنەسی کوڕی مالكو ئەبوعوبەیدەی کوڕی عەبـدوڵڵای کوڕی مەسعودو تەڵحەی کوڕی مەسرەفی یەمامیو زوبەیـدی کـوڕی یەمامیو موحەمەدی کوڕی سەعدی کـوڕی ئـەبووەقاصو چـەندانی تریان لەگەڵ بوون لە زانایانی هەردوو شار.[1]

ئەوەبوو ئەوانو حەجاجو سوپاکەی هەشتاویەکجار بەیەك گەیشـتنو بەیەکیاندادا، سەرکەوتنیش یاوەری ئەوان بوو، تادوا ڕوودوا کە بریتی بوو لە ڕۆژی (دیر الجماجم ی ساڵی ٨٣ ك)، لەو جەنگەدا فەقیهـەکان وتاریان بۆ خەڵکی داو هانیان دەدان بۆجەنگان، عەبدوڕەحمانی کـوڕی ئەبولەیلا هەستاو ووتی: (ئەی کۆمەڵی قورئان خوێنان، ڕاکـردن لـە هیچ کەسێ ناشرین نیە بەوڕادەیەی لە ئێوە ناشرینە، من گوێبیسـتی عەلی بووم – خوا پلەی لەنێو پیاوچاکاندا بەرزکاتەوەو باشـترین پلـەو پاداشتی شەهیدانو ڕاستگۆیانی پێببەخشێ – لەوڕۆژەی ڕووبـەڕووی خەڵکی شام بوینەوە دەیفـەرموو: ئـەی بـاوەڕدارن، هەرکەسـێ بینـی دەستدرێژی یەك هەیەو کاری پێدەکرێو خراپەیەك هەیە بانگەشەی بۆ دەکرێو بەدڵ بێزاری لــێدەربڕی ئـەوە سـەلامەتو سـاغو دەرچـووە، هەرکەسـەش بـە زمـان ئینکـاری کـرد ئـەوە پاداشـتی هەیـەو لـە هاوەڵەکەی تری باشترە، هەرکەسەش بە شمشێر ئینکاری کرد بۆ ئەوەی ووشەی خودا بەرز ڕابگیرێو ووشەی ستەمکاران لە ژێـرەوە بـێ، ئـەوە

---

(١) سەیری تاریخ خلیفه بن خیاط بکه ل ٢٨٦ – ٢٨٧ و ابن جریر ٦٣١/٣.

کەسێکە ڕێی ڕێنمونیی پێکاوەو ڕوناکی دڵنیـایی‌و ئـارامیی لـەدڵی دایە، دەی لەگەڵ ئەمانەدا بجەنگێن کە چەند کاریان بۆخۆیان حـەڵاڵ کـردووەو بیدعەچـی خراپـە داهێنـەرن، نـەزانن‌و نائاشـنان بـەڕەواو دەستدرێژی دەکەن‌و ئینکاری ناکەن.

وە ئەبولبەختەریش فەرمووی: (ئەی خەڵکینە، لـە پێنـاوی دیـن‌و دونیاتانا بجـەنگێن، بـەخوا ئەگـەر بەسـەرتانا زاڵ بـن ئایینەکـەتان لـێ‌تێك دەدەن‌و دەست بەسـەر دونیاکەشـتانا دەگـرن)، شـەعبیش فەرمووی: (ئەی ئەهلی ئیسلام، بیانکوژن، دڵ لەدڵ مەدەن‌و ناڕەحەت مەبن لە کوشتاریاندا، بەخوا نەمزانیوە لەسەر پانایی ئەم زەوی یـەدا کەسانێك هەبن وەك ئەمانە کاراتربن لە ستەمداو سـتەمکارتربن لـە فەرمان ڕەوایی دا، با بەمانە دەست پێ‌بکرێ‌و لێرەوە بناسرێن).

سەعیدی کوڕی جوبەیریش فـەرمووی: (بجـەنگێن لەگـەڵیان‌و بـە دڵنیایی یەوە شەڕیان لەگەڵدا بکەن، گوناهیان لەملی من، بیانکوژن لەسـەر ئـەو زۆرداری یـەی لـە فـەرمان ڕەوایـی دا هـەیانبووەو ئـەو زۆرداریيـەی بەرامبـەر بـە دیـن کردویانـەو سەرشـۆڕی یـەی بەسـەر هەژاراندا هێناویانەو ئەو مراندنی نوێژەی کردویانە بەخوو).[1]

---

(١) ابن جرير (٣/٦٣٥) و ابن كثير (٩/٤٢).

لـەم ووتــارانەوە زۆر بــە ئاشــکرایی هــۆکارو پاڵنەرەکانــی دەرچونو ڕاپەڕینمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بریتین لە: -

- زۆرداری لەفەرمان ڕەواییو ستەمکاری لە دابەش کردندا.
- خۆبەگەورەزانیو سەپاندنو چەوساندنەوەی لاوازو بێدەسەلاتان.
- بەرگری کردن لە ئایینو پاراستنی لەگۆڕانو تێکدان.
- بــەرگری کــردن لــە دونیــاو ژیــانی خــەڵکیو پاراســتنی لــەوەی گاڵتەجاڕیو خراپەکاری پێبکرێ.

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: (ئەبوبەکری کوڕی عــەبیاش هــەواڵی پــێ دایــنو فــەرمووی: زانایــان دەفــەرموون: هــیچ کەســێ ڕانەپــەڕیوەو دەرنەچــووە باشــتربێ لەوانــەی (الجمــاجم) و (الحــرّة)[1] ئەوانیش بریتی بوون لەو زانایانەی لە مەدینەدا دژ بەیەزید ڕاپــەڕین لە ڕۆژی (الحرّە) لە ساڵی (٦١) ك و ئەو قورئان خوێنانەی لە عــیراق داو لە ساڵی (٨١) ك دژ بە عەبدولملەلیك ڕاپــەڕین، ئــەو شکســتەش کاریگەری یەکی گەورەی هەبوو لەسەر فکــری سیاســیو عەقائیــدی، ئەوەبوو لــە لایەکــەوە گوتــەزای (الإرجــاء)و (الجــبر) پــەرەی ســەندو بڵاوبووە، لە لایەکی ترەوە واجبی گوێڕایەڵیو ملکەچــی بــۆ ئیمــامی ستەمکاری کەوتەوە، با وەکو حەجاجیش بێت، چونکە وەها بڵاوبویەوە خوا خۆی زاڵو سەردەستی کــردوونو ئــەم بەڵایــەش تــەنها بــە دوعــا

[1] العلل ی ئەحمەد گێڕانەوەکەی عەبدوڵلا (١٦٨/٣).

لادەچێ، بەڵاکەش بریتیـە لـەو (قضــاء)ەی پێویـستە ملکەچـی بـۆ دەربڕدری و ئارامی لەسەر بگیرێ؟!!!

حەسەنی بەسری — بـەر بـەزەیی خـوا بکـەوێ - بـانگخوازی ئـەم فیکرەیە بوو- پێی ووترا: ئایا دەرناچی بیگۆڕی؟ ئـەویش دەیفـەرموو: لەراستیدا خوا ئەمە بە گەڕانەوەو تەوبە دەگۆڕێ نەك بە شمشێر[1]؟!!

پێدەچێ ئەم بۆچونەشی -وەك دەردەکەوێ- پاش ئەو شکستە بـوو، چونکە پێشتر بیروڕای وابوو کـە دەبـێ دژ بـە پێشـەوایانی سـتەمکار دەرچی هەروەك یونس لەبارەیەوە وتویەتی: -بەخوا- حەسەن لە ئاژاوەو خوێنڕێژی یەکاندا یەکێك بوو لە زانا سەرکردەکان.[2]

پرسیاری لـێکرا سەبارەت بە جەنگکردن لەگـەڵ ئـەو حەجاجـەی خوێنی حەرامی ڕشتووەو بـە حـەرام سـامانی دەسـتکەوتوە؟ ئـەویش ووتی: (بیروڕام وایە جەنگی لەگەڵ نەکەن، چونکە ئەگـەر ئـەو سـزاو تۆڵەیەك بێت لەلایەن خواوە ئەوا ئێوە ناتوانـــــن سزاو تۆڵەی خـوا بە شـــیرەکانتان بگێڕنەوە، ئەگـــەریش بەڵایەك بێت ئەوا ئارام بگرن تا خـوا بڕیـارو حـوکمی خـۆی دەدا، چـونکە خـوای گـەورە باشـترین بڕیاردەرێکە).[3]

(١) ابن سعد لە الطبقات دا ١٢٧/٧.

(٢) ابن سعد ١٢٠/٧ بەئیسنادێکی (صحیح) بە پـێی مـەرجی بـۆ خـاریو موسلم، گێڕانەوەکان جیاوازیان تێدایە سەبارەت بە دەرچوونی لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئەشعەس دا.

(٣) ابن سعد ١٢٠/٧ بەئیسنادێکی صحیح.

بە سەعیدی کوڕی ئەبوحەسەنی بـرای – کـە لەگـەڵ عەبـدوڵڵای کوڕی ئەشعەس دا خەڵکی هان دەدا دەیفەرموو: (ئەی خەڵکینە بەخوا خوای گەورە وەك سزایەك حەجاجی بەسەرتانا زاڵ کـردووە، بـە شمشـێر ڕێگری لە سزای خوا مەکەن، بەڵکو ئارام بن و لە خوا بلاڵێنـەوە)،[1] وە دەیفـــەرموو: (ئەگـــەر خـــەڵکی لەکاتێکـــدا لەلایـــەن دەسەڵاتدارەکانیانەوە تاقی دەکرێنەوە خۆیـان ڕابگرتایـە ئـەوا زۆر بـە زوویی ڕزگاریان دەبوو، بەڵام پەنا بۆ شمشێر دەبەن، ئیتر دەدرێنە دەست ئەوان، بەخوا ڕۆژێکی چاکیان تووش نایەت).[2]

لەگەڵ ئەوەشدا دیدو بۆچونی لەگەڵ بەرگری سلبیانە دابوو بـەوەی هاوشـــانی دەســەڵاتداری زۆردار دەرنەچـیت و خـۆتیش بپـارێزی لـە پشتگیری کردنی لەکاتی ڕودانی ئاژاوەگێڕی (الفتنە)دا،[3] پێی وتـرا: بۆ ناچیتە لای میرەکان و فەرمانیان پێبکەی بە چـاکەو نـەهی خراپـە کردنیان لێ بکەی؟ ئـەویش فـەرمووی: (مسـوڵمان بـۆی نیـە خـۆی سەرشۆڕ کا، شمشێرەکانیان پێش زمـانی ئێمـە دەکـەوێ)،[4] لـەپاش شکست ئەم بۆچونە سیاسی یـە فکریانـە دەنگـۆی خـۆی هـەبوو لـە دەرونی خەڵکی بەسرەدا و بڵاویش دەبویەوە لەبەرئەوەی حەسـەن خـۆی

---

(١) ابن سعد ١٢١/٧ بە ئیسنادێکی صحیح.

(٢) ابن سعد ١٢٠/٧ بە ئیسنادێکی صحیح.

(٣) ابن سعد ١٢٠/٧ بە ئیسنادێکی صحیح.

(٤) ابن سعد ١٢٠/٧ بە ئیسنادێکی حەسەن.

لەوێبوو، بانگخوازی ئەم جۆرە بیروبۆچونە بـوو، کەچـی دەنگۆیـەکی گەورەی نەبوو لەنێو زانایانی کوفەدا، ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا بوون کـە دژ بە پێپێشەوایانی زۆردار ڕاپەڕنو دەرچـنو هـەر ئەمـەش بۆچـوونو مەزهەبی ئەوان بوو.

ئەم شکستە شوێنەوارو کاریگەری دەرونیو فیکری هەبوو، چـونکە زۆرێك لە زانایانی هەردوو شاری بەسرەو کوفە لەسەر دەستی حەجاجی زۆردارو ستەمکاردا لەناوچوون، ئەمەش هیچ ڕاڤـەو لێکدانەوەیـەکی لای زۆربەی خەڵکی نەبوو ئەوەنەبێ کە ئەمە سزایەکە لەلایەن خواوە، وە ئەمە ویستی خوایەو پێویستە ڕێی لـێ نەگیرێ یا بەرگری نەکرێ، بـەڵکو ملکـەچ بیـتو ڕازی بیـت پێـی، ئاوڕیـان نەدایـەوە لـەوەی هۆکارگــەلی ســەرکەوتنی ئــەمان زۆر لەدوایــە، بــەهۆی خراپــی نەخشەکێشــانیەوە، وە بــەهۆی توانــا ســەربازی یــەکانی حەجاجــەوە، هەربۆیە قەتادە وتویەتی: (ئیـرجـاء لـە دوای شکسـتی عەبـدوڵڵای کوڕی ئەشعەسەوە داهێنرا) واتە لـە دوای ئـەو ڕووداوە بەدەرکـەوتو بڵابویەوە، وە شافعیش دەفەرموێت: (ئیـرجاء لەدوای شکستی قورئان خوێنەکان بەدەرکەوت)، هەروەها زوهـدو تەسـووفو کـەنارگیری لـە ژیانو کاروبارەکانی - لەوانەش کاروبارە سیاسی یەکان - لەپاش ئەمە بڵاوبویــەوەو تەشــەنەی کــرد لــە دوای ئــەوەی قورئــان خــوێنو خواپەرستەکان سەرکردایەتی بزوتنەوەی بەرگری دژە لادانیـان دەکـرد، وای لـێ هات بەسرە بووە بەناوبانگترین بنکەی بزوتنـەوەی تەسـەوفو

کەنارگیری لەکاروبارەکانی دەوڵەت).[1]

بەردەوام فەقیهەکان بەرهەڵستی لادانـەکانی دەسـەڵاتیان دەکـردو ڕووبەڕووی دەبونەوە، حەجاج (إبراهیم تیمی) سـجن کـرد لەبەرئـەوەی هانی ئەوانەی ئەدا کە لەگـەڵی بـوون بـەوەی ئـارامبگرنو مـوژدەی ڕزگاربوونو لاچونی ناخۆشیو ناڕەحەتی پێدەدان، هەر بۆیە لە سجنی حەجاج دا بە ئارامگریو خواپەرستی کۆچی دوایی کرد.[2]

سەعیدی کوڕی جوبەیریش بەردەوام لـە مەککـەدا خـۆی پـەنهان کردبوو لە دەستی حەجاج هەڵهاتبوو، چـووە لای زوهـری کـە لەگـەڵ ئەمیری مەدینە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا بۆ حەج هـاتبوو، لـە زوهری پرسی: ئایا دەترسی هاوڕێکەت بـەم دیـدارە بزانیـّت؟ زوهـری ووتی: نا بەڵکو دڵنیاو ئـارام بـە،[3] ئـەوەش دەگــــەڕایەوە بـۆ ئـەو سۆزداری یەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەیبوو لەگەڵ سەرکردەی نەیارە سیاسی یەکان دا.

عومەر لە یەکەم ووتاری دا پـاش جێنشـینایەتی ئامـاژەی بۆئـەم مەسەلەیە کـرد، ئـەوەبوو فـەرمووی: (لەراسـتیدا ئـەو پیـاوەی لـە پێشـەوای سـتەمکاران هـەڵهاتووە سـتەمکار نیـە، ئاگـاداربن کـە پێشـــەوای ســـتەمکار خـــۆی گوناهبـــارو تاوانکـــارە، ئاگـــاداربن

(١) سەیری تاریخ الذهبي (٥/٢) بکە.
(٢) (العـلل)ی ئەحمەد گێڕانەوەی عەبدوڵلا (١/ ١٣٧ – ١٣٨).
(٣) (العـلل)ی ئەحمەد گێڕانەوەی عەبدوڵلا (١/ ١٨٦).

گوێڕایەڵیکـردنی خەڵکی نابێت لە بێفـــەرمانی و ســــــەرپێچی خوا دابێت).[1]

ئەمـــەش دەگەڕایـــەوە بـــۆ زۆری نـــەیارانی دەســـەڵاتو ئەوانـــەی دەسەڵاتیان پێپەسەند نەبوو بەهۆی لادانو ستەمکارییەکانیەوە لـەو کاتەدا، حەجاج ئیبراهیمی نەخەعی - فەقیهی تابعین لە کوفـەدا -ی دەرکـرد بـە هـۆی ئـەوەی دژایـەتی دەسـەڵاتی دەکـرد،[2] ئیـبراهیم دەیفەرموو: (ئەوەندە کوێری بەسـە پیـاو خـۆی لـە ئاسـت کاروبـاری حەجاج دا کوێرو کەنەفت بکات،[3] ئەو وای دەبینی دروستە نـەفرین لە حەجاج بکرێو جنێوی پێبدرێ.[4]

ئیبراهیمی تەیمی لەسەردەمی حەجاج دا داوای لە خەواریجەکان کرد بێنە ژێربەیداخی گوێڕایەڵی کردنـەوە، کەچـی ئیبراهیمـی نەخـەعی بەرهەڵستی ئەوکارەی لـێ کـردو پێـی ووت: بـۆ لای کـێ بانگیـان دەکەی؟ بۆ لای حەجاج[5]؟!

بەهەمان شـێوە سـەعیدی کـوڕی موسـەییبەبیش لـە مەدینـەدا بەنـدکرا، لەبەرئـەوەی ئامادەنـەبوو بەیعـەت بـە وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیك بـدات، لـە بەرامبـەردا ئەشـکەنجەو ئـازار دراوو بـەناو

(١) تاريخ ابن كثير ٩/٢٠٧.
(٢) ابن سعد ٦/٢٩١، العلل ی ئەحمەد ١/ ١٣٧ – ١٣٨.
(٣) ابن سعد ٦/٢٨٦ بەئیسنادێکی سەحیح.
(٤) ابن سعد ٦/٢٨٦ بەئیسنادێکی سەحیح.
(٥) ابن سعد ٦/٢٨٧ بەئیسنادێکی سەحیح.

خەڵکی دا دەیانسوڕادەوە.[1]

خالیدی کوڕی عەبدوڵڵای قەسری میری مەککە لە (٨٩ -١٠٦)ك لە سەردەمی بەنو ئومەییەدا چەندین شەرعناسـی مەککـەی گـرتو بەندی کرد، لەوانە: عطای کوڕی ئەبو ڕەباحو عــەمری کــوڕی دینــارو طەلقی کوڕی حەبیبو صوهەیبی مــەولای کــوڕی عــامرو ســەعیدی کوڕی جوبەیر.[2]

تەواوی ئەم ڕووداوانە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا - فەقیهــەکان هەســتاون بــە ڕووبەڕووبونــەوەی ســتەمو لوتکەی ئەم ڕوو بەڕووبونەوەیەش لــە بزوتنــەوەی نهێنــی ئالوبەیتــدا خــۆی دەنوێنــێ کــە لــە هــەوڵی ڕوخانــدنو خســتنی دەوڵــەتی ئومەوییەکاندا بوو، ئەم بانگەشەیە بە نهێنیو لە ساڵی (١٠٠)ك دا دەستی پێ کرد، کاتێك کە موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس نوێنەرەکانی نارد بۆ عێراقو خوراسان تاوەکو بانگەشە بکەن بۆ ئالوبەیتو خستنی ئومەییــەکان، لــە ســاڵی (١٠٣)ك لــە حەفتاکەس دوانزە نەقیبی هەڵبژارد[3]و نوسراوێکی بۆ نوسین کــە بــە پێی ئەو نەخشەیە هەنگاو بنێنو ناوەڕۆکەکەی جێبەجێبکەن.[4]

---

(١) سەیری پێشووتر لا (١٢٨) بکە.

(٢) العلل ی ئەحمەد گێڕانەوەی عەبدوڵڵا (٤٦٨/٢) و سیر أعلام النبلاء (٤٢٩/٥).

(٣) ابن جریر (٣٢٠/٤).

(٤) ابن جریر (٦٦/٤) و ابن کثیـر (٩/ ١٩٧ – ١٩٨)، ئەمەش دەری دەخات کە کاری سیاسی لە ڕووی ڕێکخستنو نهێنیو کارکردن بە پێی نەخشەو بەرنامەی کاری ڕوون گەیشتبووە ئاستێك.

موحەممەدی کــوڕی عــەلی ویســتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ بکاتــە سەرمەشق لەوەدا کە بەیعەتی لە پشتیوانان وەرگرت لە عەقەبەداو لە عەقەبەی دوەمیش لەنێو حەفتا پیاودا دوانزە نــەقیبی هەڵبــژارد، وەك شوێن کەوتنێکیش بــۆ ســوننەت لــە بانگەشــەکەیدا پابەنــدبوو بــە نهێنــیو پەنهانییەکەیــەوە، ئــەوەبوو پێغەمبــەر ﷺ کاروبــاری ئــەم بەیعەتدانەی بە نهێنی هێشتەوەو هیچ کەس پێی نەزانی.

بانگەشەو بانگەوازەکەش بەنهێنی مایەوە، تا ئەو کاتەی هەندێ لە بانگەشەکارانی لە خوراسان ساڵی (١١٧)ك دەستیان بەســەر داگــیراو هەندێکیان کوژرانو هەندێکیشیان بەند کران.[١]

لە ساڵی (١٢١)ك پێشەواو فەقیهی ئالوبەیت زەیدی کوڕی عــەلی کوڕی (زین العابدین) کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئــەبوتالیب لە کوفەدا ڕاپەڕی، پاش ئەوەی خەڵکەکەی بەنهێنی بەیعــەتیان پــێی دابوو لەسەر لابردنی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، ئــەویش بەیعــەتی پێدان لەسەر (کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی، وەبەرگری کردن لەلانەوازو چەوساوەکانو بەشدانی بەش خوراوانو دابەشکردنی دەســت کەوت لە نێوان خەڵکی دا وەکویــەكو ڕەتدانــەوەی ســتەمکاران)،[٢]

---

(١) سەیری پێشوتر بکە.

(٢) ابـن جریـر(١٩٩/٤)، ســەرنج دەدرێ لێــرەدا بابــەتی جێبــەجێکردنی دادگــەری کۆمەڵایــەتیو دابەشــکردنی ســامان بــە یەکســانی و ڕووبەڕووبونــەوەی ســتەم لــە دیارترین ئەو بنەمایانەبوون کە بزوتنەوەکانی ڕاپەڕینی سیاسی ئەوکاتە جەختی لەسەر دەکردەوە.

زەید پاش چەند مانگێك لە بەیعــەت ڕاپــەڕیو لــە ســاڵی ١٢٢ك دا کوژراو یەحیای کوڕی هەڵهات بۆ خوراسان کـە لـەوێ بانگەوازەکـەی بڵاو ببویەوە.[1]

بانگەوازی نهێنی عەبباسی لە مەککــەدا دەرکــەوتبوو، وە تیایــدا بڵاوببویەوە، میــری مەکە ساڵی ١٢٤ ك کۆمەڵێکی بەندکرد، لەوانە عاصمی کوڕی یونسی عجلی بە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ نــەوەکانی عەبباس.

هەرلەم ماوەیەداو لە ساڵی ١٢٦ ك یەزیــدی کــوڕی عەبدولمــەلیك ڕاپەڕی دژ بە کوڕەمــامی خەلیفــە وەلیــدی کــوڕی یەزیــد بــە هــۆی خراپــەکاری و کــارە نارەواکانیــەوە، دواتــر کوشــتیو پــاش بەیعــەت ووتارێکی بۆ خەڵکی داو ووتــی: (ئــەی خەڵکینــە، بــەخودا مــن لــە پێناوی برسێتیو تێرنەخۆریو نارەزایی دونیاویستی دا دەرنەچــووم، وە مەبەستیشم حەزکردن نیــە لــە پادشــایەتی، شــانازیش بــە گــەورەیی نەفسی خۆمەوە ناکەمو من ستەمم لە نەفســی خــۆم کــردووە ئەگــەر پەروەردگارم بەزەیی پێمدانەیەتەوە، بەڵکو دەرچوونم تورەبوون بووە لــە پێناوی خواو پێغەمبەرو ئایینەکەی، وەك بانگخوازێــك بــۆ لای خــواو کتێــبو ســوننەتی پێغەمبەرەکــەی ﷺ ، لــە کاتێکــدا مەشــخەڵو نیشانەکانی ڕێنمایی ڕوخێنرانو ڕوناکی خاوەن تەقواکان کوژێنرانەوەو

---

(١) ابن جرير ١٢١٩/٤.

ســـتەمكاری ســـەركەش بەدەركـــەوت، كەهـــەموو ڕێـــزو حورمـــەتو حـــەرامكراوێكی دروســـتو حـــەڵاڵ كردبـــوو، لەگـــەڵ هـــەموو بیدعەتكارییەك دابوو، لەگەڵ ئەوەدا بەخوا كیتابی بەڕاست دانەدەناو باوەڕی بەڕۆژی لێپرسینەوە نەبوو، لە ڕاستیدا ئەو كوڕە مامم بـوو لـە حەسەبدا، لە نەسەبیشدا پشتو پەنام بوو، كاتێـك ئەوانـەم لێ بینـی سەبارەت بە كاروباری ئەو ئیستیخارەم بەخوا كـردو داوام لێكـرد نـەم داتەدەستی خۆم، بۆ هەمان شت هاوكارو پشتیوانانم بانگهێشـت كـرد كە بەدەممەوە هاتن، وە هەولّم بۆی دا تاوای لێهات خوای گەورە بەهێزو دەسەڵاتی خۆی نەك هێزو دەسەڵاتی مـن، خەڵكو خاكو بەندەو وڵاتانی لـێ ڕزگاركرا.

ئەی خەڵكینە، لەراستیدا مافتانـە لەسـەرم كـە بـەردێك لەسـەر بەردێكو خشتێك لەسەر خشتێك دانەنێمو هیچ ڕوبارێ جۆماڵ نەكەمو هـیچ سـامانێك زیـاد نەكـەمو نەیبەخشـمە ژنو ڕۆڵەیـەك، وە هـیچ سامانێك لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر نەگوێزمەوە — تـاوەكو كـەمو كورتی یەكانی ئەم وڵاتەو پێداویستـی یـە تایبـەتی یـەكانیان دابـین نەكەم، تاڕادەی هاوكاریو پشتیوانی كردنیان، ئەگەر شـتێك زیـادبوو بیگوازمەوە بۆ ئەو وڵاتانەی پاش ئـەودێ، لەوانـەی زۆر پێویسـتیان پێیەتی، بە كەلەبەرو قولەكاندا كۆتان ناكەمەوە بە شێوەیەك خۆتانو خاوخێزانتان تووشی ئاژاوەو فیتنە بكەم، دەرگام لەسەرتان داناخـەم، تاوەكو بەهێزتان لاوازتان نەخواو سەرانە بە ڕادەیەك لەسەر ئەوانـەتان

دانانیێم که ئەگەر سەرانەیان لـێ وەربگیـرێ ببێتە هۆی هەڵکەندنیان له ولاتەکەیانو بنـەبڕکردنی وەچەوسـانەوەیان، پێبەخشـینی هـەموو سـالێکتانو ڕزقو ڕۆزی مانگانـەتان لەسـەرمە، تـاوای لـــێ دێ گوزەرانی نێوان مسولمانان دەگوێزرێتەوەو خول دەخواو سەرو خواریـان وەکویەکی لـێ دێ، ئەگەر ئەمەکداربووم بەرامبەر ئـەوەی ووتم، ئـەوا گوێڕایـەڵو ملکەچـم بـنو بەباشـی پشـتگیرو هاوکـارم بـن، ئەگـەر ئەمەکداریش نەبوومو وەفام پێنـەکرد ئـەوە بۆتـان هەیـە لامبـەرن، مەگەر داوای پەشیمان بونەوەم لێ بکەن، ئەگەر پەشیمان بوومەوە لێم پەسەند بکەن، ئەگەر زانیتان کەسێك هەیە بـە چاکەخواز ناسـراوەو هەمان ئەو شتانەتان پێدەبەخشێ لای خۆیەوە بەو شێوەیەی کـە مـن پێتان دەبەخشمو ویستان بەیعەتی پێبدەن، ئـەوا مـن یەکـەم کەسم بەیعەتی پێدەدەمو گوێڕایەڵی دەکەم.

ئــەی خەلکینـــە، لەڕاســـتدا گوێڕایــەلیکردنی خــەلکی لـــە بێفەرمانیکردنی خوادا ناکرێ، ئەمەکداریش له شکاندنی پـەیمان دا نابێ، گوێڕایەلی تەنها گوێڕایەڵیکردنی خوایە، گوێڕایەڵی بکـەن تـا ئەوکاتەی گوێڕایەڵی خوادەکا، جـا ئەگـەر سەرپیێچـی خـوای کـردوو بانگەشەی کرد بـۆ خراپـەکاری ئـەوە ئـەو شایسـتەی ئـەوەدەبێ کـە بێفەرمانی بکرێو بکوژرێ، ئەم ووتانە دەڵێمو داوای لـێخۆشبوون له

خوادەکەم بۆ خۆم‌و ئێوە). [1]

ئەو ڕوداوانە مەودای ئەو لادانانە ئاشکرادەکا کەتووشی دەسەڵات هاتبوو کەلەخەلیفە وەلیدی کوڕی یەزیدا خۆی دەنواند ئەو خەلیفەیەی کە تۆمەتبار بوو بە زەندەقەو خراپەو ستەمکاری، ئەم ووتارە چەندین بنەمای لەخۆ گرتووە ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی ڕاشدییە، لەوانە سەلماندنی مافی ئوممەت لەم کارەداو مافی ئەو لە لابردنی ئیمام کاتێ لادان‌و خراپەکاری ئەنجام دەدا، وە مافی ئەو لەوەی بەیعەت بدا بە کەسێ کە پێی ڕازییەو دەیەوێ، گوێڕایەڵی کەسێ ناکرێ لە بێفەرمانی‌و سەرپێچی خواداو گوێڕایەڵی خەڵکی ناکرێ لە بێفەرمانی خوای گەورەدا، ئەم ووتارە ماف‌و بەشی تاکەکان دەچەسپێنێ لە خانەی ساماندا لە پێبەخشینی ساڵانەوە بۆ ڕزق‌و ڕۆزی دانی مانگانە.

یەزیدی کوڕی وەلید نوسراوێك دەنوسێ بۆ خەڵکی عێراق‌و هۆکاری دەرچوون‌و کوشتنی وەلیدی تیادا باس دەکا، ئەوەش لەبەرئەوەی گۆڕانی بەسەر نیشانەو مەشخەڵەکانی ئایین‌و یاساو بەرنامەکانیدا هێنابوو، وە بە هۆی ئەو ستەم‌و زۆرداریەی بە ئاشکرا هەیبوو، وە چۆن باس لەوە دەکات ئەو سوپایەکی بۆ ناردووەو داوای لێکردووە ئەم کارە بەڕاوێژی نێوان مسوڵمانان بێ، وە

---

(١) ابن جرير ٤/٢٥٥ – ٢٥٦.

مسوڵمانان بڕواننە خۆیانو بزانن کێ باشەو ڕێك دەبن لەسەری، بۆ ئەوەی ئەم کارەی پێبسپێرن، وەلید ملەجیڕیی کردوو خۆی بە گەورە زانی، خوای گەورەش کلۆکۆی دامرکاندەوە، وە لە نوسراوەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو بە فەرمانی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانداریان دەکاو شوێنی پێشینانی خۆی لە باشترینی خەلیفەکان دەکەوێ،[1] وە ئەوەشی کردۆتە مەرج کە هیچ کەسێ بەبێ هاودەنگی ئوممەت نەکاتە جێنشین بەسەریانەوە.[2]

هەموو ئەو شتانەی کە یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك خستیەڕوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو تائەوکاتەش بەردەوام سەدای تایبەتی خۆی هەبووە لەنێو ژیانی سیاسی ئەو سەردەمەدا، وە بەردەوام ململانێ هەبووە لە نێوان هەردوو گوتاری دابەزێنراوو تەئویل کراو، بۆیە دەبینین هەر سێ خەلیفەی ئومەوی موعاویەی کوڕی یەزیدو عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو یەزیدی کوڕی وەلید لەوانەبوون کە باوەڕیان هەبووە بە زەرورەتی گەڕانەوە بۆ کارکردن بە پێی بنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو، وەکو گەڕاندنەوەی کاروبارەکان بۆ ڕاوێژی نێوان مسوڵمانان خۆیان، وە بەبێ ڕەزامەندیو ڕاوێژی ئەوان کەس نەکرێتە جێنشینو بەبێ ئەوان هیچ کارێك یەکلا نەکرێتەوەو سامانو داراییش

(١) ابن جرير ٤/٢٥٥ – ٢٥٦.

(٢) ابن جرير ٤/٢٦٠.

بە یەکسانی بەسەریاندا دابەش بکرێ.... هتد، بەڵام ئەم خەلیفانە زۆر بەخێرایی ناهێڵرێن‌و لەناودەبرێن؟!!

هەر لەم ساڵەدا کە ساڵی (١٢٦ ك)یە، موحەممە کوڕی عەلی دامەزرێنەری بانگەوازی نهێنیانەی عەبباسی پاش (٢٦) ساڵ لە کاری ژێرزەمینی وەك حیزبێکی سیاسی نەیار، کۆچی دوایی کرد، لە شوێنی ئەو کوڕەکەی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی ئیمامیان هەڵبژارد، ئیبراهیمیش وەسیەت‌و ژیننامەی خۆی نارد بۆ ئەو نەقیبانەی لە خوڕاساندا شوێن کەوتەی بوون، ئەوانیش بە ئیمام پەسەندیان کردو نەفەقەیان بۆ نارد،[1] پاشان ساڵی (١٢٧) ك هاتن بۆ مەککەو چاویان کەوت بە ئیبراهیم‌و پێنج یەك (الخمس)یان پێ‌ی دا.[2]

لە ساڵی ١٢٧ ك لەکوفەدا عەبدوڵڵای کوڕی موعاویەی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ڕاپەڕی، پاشان ڕووەو ڕەیی‌و ئەسبەهان‌و ڕۆیشت‌و دەستی گرت بەسەریاندا، لە ساڵی (١٢٨) ك ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدا ئیمام، ئەبوموسلیمی خۆراسانی بە نهێنی وەك ئەمیرێك نارده لای شوێنکەوتوانی لە خۆراساندا، وە فەرمانی پێ‌دان گوێڕایەڵی‌و ملکەچی بکەن،[3] وە لە ساڵی (١٢٩ ك)دا ئیبراهیمی ئیمام فەرمانی دا بە ئەبوموسلمی

---

(١) ابن جرير (٤/٢٧٠).

(٢) ابن جرير (٤/ ٢٩٠).

(٣) ابن جرير (٤/٣٠٠).

خۆراسانی کە دەعوەی عەبباسی ئاشکرا بکا.[1]

ئیبراهیم لە مەککەو لەکاتی حەج دا بە نەقیبەکان دەگەیشت،[2] بـەردەوام نامـەی بـۆ دەنوسـین، کـاتێکیش نـاکۆکی کەوتـە نێـوان ئومەویەکانـەوە بارودۆخیـان ئـاڵۆزی تێکـەوت، فـەرمانی دا بـە شوێنکەوتوانی بانگـەوازو گوێڕایـەڵییان بـۆ عەبباسـیەکان ئاشـکرا بکەن، ئەوەبوو ئەبوموسلم ساڵی (١٢٩ ك) لـە (مـەرو)ی خۆراسـان خـۆی ئاشـکراکردو لـە هـەموو لایەکـەوە خـەڵکی بـۆ لای هـاتن و بەیعـەتیان پـێی داو ئاڵایـان هـەڵکردو بانگخوازانیـان لـە گشـت شوێنێکدا بڵاوکردەوە.[3]

لەم ساڵەدا مەڕوانی کوڕی موحەممەد ئیبراهیمی گرت و لە دیمەشقدا بەندی کرد، پاش ئەوەی نامەیەکی وەڵامدانەوەی دۆزیەوە کە بـۆ ئـەبو موسلمی ناردبوو[4]، لە ساڵی (١٣٠)ك ئەبو موسلیم و شوێنکەوتوانی دەستیان گرت بەسەر خۆراساندا و پاشان ڕووەو عێراق هاتن و لە ساڵی (١٣٢) ك زاڵ بوون بەسەر کوفەدا،[5] لەم ساڵەدا بەیعەتی خەلافەت درا بە ئەبو عەبباسی سەففاح عەبدوڵڵای کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی

---

(١) ابن جرير (٤/ ٣٠٥).

(٢) ابن جرير (٤/ ٣٠٦).

(٣) ابن جرير (٤/ ٣٠٧ – ٣١٠).

(٤) ابن جرير (٤/ ٣١٥).

(٥) ابن جرير (٤/ ٣٥٤ – ٣٥٥).

عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لە مەدینەدا.[1]

ئەوان بانگەشەیان دەکرد بە ڕازی بوون بە کەسێك لـە ئالوبـەیت، ناوی کەسێکی دیاری کراویان نەدەبرد تا ئەوکاتـەی بەیعەتیانـدا بـە سەففاح،[2] کاتێك ئیبراهیمی ئیمام دەسـتگیرکرا بـە نهێنـی بۆپـاش خۆی کارەکـەی بـە سـەففاح سپاردبوو، وە فـەرمانی دەرکردبـوو بـە شوێنکەوتووانی کەگوێڕایەڵیو ملکەچی بن، وە فـەرمانی پـێکردبوو کەس‌وکارو خێزانەکەی بهێنن بۆ کوفـە،[3] کاتێـك هـەواڵی ئـەوەیان پێگەیشت کە مـەڕوان ئیبراهیمـی لـە سـجندا کوشـتووە، بـەڕوونی بانگەوازیان بۆ سەففاحی برای ئاشـکرا کـرد،[4] هـەر لـەو سـاڵەدا بەیعەتی خەلیفایەتی پێدرا، پاشان عەبدوڵڵای کوڕی عەلی مامی لە لای زابدا گەیشت بە مەڕوانی کوڕی موحەممـەدو سـەرکەوتن یـاوەری بوو،[5] مەڕوان بەرەو شـــــام هـەڵهاتو عەبـدوڵڵای کـوڕی عـەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بە سـوپاکەیەوە شـوێنی کـەوت تـا ئەوەبوو شامی گرتو مـەڕوانی کوشـتو دەسـتی کـرد بـە کوشـتنی ئومەویەکان.[6]

---

(١) ابن جرير ٤/٣٤٣.

(٢) ابن جرير ٤/٣٤٤.

(٣) ابن جرير ٤/٣٤٥.

(٤) ابن جرير ٤/ ٣٤٨ – ٣٤٩.

(٥) ابن جرير ٤/٣٥١.

(٦) ابن جرير ٤/٣٥٤ – ٣٥٥.

بەم شێوەیە دەوڵەتی عەبباسی یەکان لەسەر داروپەردوی دەوڵـەتی ئومەویەکان بەرپابوو، تاپوچیو بێسودی دیدو تیڕوانینەکەی حەسەنی بەسریو ئەوبانگەشەیەی بسەلمێنێ کەوای دەردەخست بەهێز نـاتوانرێ گۆڕان ئەنجام بدرێو پەشیمانی وتەوبـە تـەنها ڕێگەیەکـە بۆگـۆڕینی واقعو لابردنی ستەم، وە ئەوتێڕوانینەشـــی بەهەڵـە دەرچـێ کـەوای دەبینی هیچ گەلێك سەرکەوتوو نابـێ ئەگـەر لـە دژی ئیمامەکـەیان ڕاپەڕنو دەرچن.

لەراستیدا جیاوازی یەکی ڕوونو ئاشکراو مەودایەکی بەرینو فراوان هەبوو لـەنێوان ئـەو بزوتنەوانـەی گـۆڕان خـوازی سـەرپێیی بـوونو نەخشەو ئامانجیان دیاری کراو نەبوو — بەو شێوەیەی کوڕی ئەشعەسو قورئان خوێنانی هاوەڵی کردیان — وەلەنێوان بزاڤی عەبباسی یەکانـدا کە لە ساڵی (١٠٠ ك) دەستیان پێکردوو ماوەی سی ساڵ بـە نهێنـی کاریـان کـرد وەك پـارتێکی سیاسـی ڕێکخـراوی نـەیار، کەچـەندین نەقیبو لقی هەبوو لەتەواوی هەرێمەکانداو بە درێژایی سی سـاڵ بـە نهێنی لە مەککەدا کۆڕیان گرێ دەداو ساڵی (١٣٢ ك) توانی بگاتـە ئامانجی خۆی.

لەراستیدا سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە ئاماژەیەکی بەئاگاهێنـەریو بەتاڵ کەرەوەی تیۆرەکەی حەسـەنی بەسـری بـوو کـە بـرەوو مـوژدەی پێدەداو لە پێنـاوی سـەلماندنی دا چـەندەها ئایـەتو فـەرمودەی بـۆ تەئویل دەکرد.

لە کاتێکدا ئەگەر بیروبۆچونە سیاسی یەکانی ئەو بۆ ماوەیەك لە بەسەرەدا دەنگدانەوەی هەبوبێ، ئەوا کوفەو مەدینەو شارە سەرەکییەکانی تر لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە دوور بوونە لە دەنگدانەوەی بیروبۆچونەکانی، ئەوەبوو زۆری نەخایاندا (ذو النفس الذكية) موحەممەدا کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی ساڵی (١٤٥ ك) لە مەدینەدا ڕاپەڕی‌و ئەبو جەعفەری مەنسوری عەبباسی کرابو بە خەلیفە — پێشتر بەنوهاشم کە ئەبوجەعفەری مەنسوریشیان لەگەڵ بوو بە نهێنی لە مەککەدا پێش کەوتنی دەوڵەتی ئومەویەکان بەیعەتیان بە حەسەن دابوو،[1] ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن برای (ذو النفس الذكية)ش لە بەسرە ڕاپەڕی.[2]

خەڵکی مەدینەش داوای فەتوایان لە مالکی کوڕی ئەنەس کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ (ذو النفس الذكية)دا دەرچن، ئەویش فەتوای دروستی ئەو کارەی بۆدان، چونکە بەیعەتدانیان بە ئەبوجەعفەری مەنسور لەژێر زۆرو ناچاریدا بووە، زۆر لێ کراویش بەیعەتی لەسەر نیە، کاتێکیش فەتوای بۆدان خەڵکی چوون بۆلای موحەممەد (ذو النفس الذكية)و بەیعەتیان پێ‌ی داو لەگەڵیدا بونە هاوسەنگەری، لەبەر ئەم

---

(١) ابن جرير (٤/ ٤٠٢) و ابن كثير (١٠/٥٨).

(٢) ابن جرير (٤/ ٤٢٢) و ابن كثير (١٠/٩٣).

هۆیەش مالك سزادرا.[1]

لە فەقیهەکانی مەدینەش عەبدولعەزیزی دراوەردی‌و ئەبوبەکری کوڕی ئەبوسەبرەو عەبدولحەمیدی کوڕی جەعفەر[2] و عەبدوڵڵای کوڕی هورمزو موحەممەدی کوڕی عەجلان دەرچوون،[3] لە فەقیهەکانی عیراقیش چەندین کەسی وەك عیسای کوڕی یونس‌و موعازی کوڕی موعازو ئیسحاقی کوڕی ئەزرەق‌و موعاویەی کوڕی هیشام‌و کۆمەڵێکی زۆر لە فەقیهـ و زاناکان لەگەڵ ئیبراهیم دەرچوون‌و ڕاپەڕین،[4] سوفیانی سەوری و ئەبوحەنیفەش فەتوای دروستی دەرچونیان لەگەڵ ئیبراهیم دا، هەر بۆیە خەڵکی کوفە بەخێرایی چوون لەگەڵی.[5]

بەردەوام زاناو فەقیهەکانی ئوممەت لە سەرەتای سەدەی دووەمەوە ڕوبەڕووی لادان‌و خراپەکاری یەکانی دەسەڵات دەبوونەوە، هەیانبوو بانگەشەی دەرچوونی دەکرد لە دژیان، هەیان بووە لەگەڵ بەرگریکردنی سلبی دابووەو نەچووەتە ژێرباری هیچ کاروبارێکیانەوە، زۆرێك لە زانایان لەو ماوەیەدا قەزایان نەگرتۆتە دەست لەبەر هەمان هۆ، خەلیفەکانیش هەستیان بەوەدەکردو دەیانزانی.

---

(١) سەیری پێشتر بکە.

(٢) ابن جرير (٤/٤٥٢).

(٣) ابن جرير (٤/٤٤٨).

(٤) ابن جرير (٤/ ٤٦٨) و ابن كثير (١٠/٩٨).

(٥) تاريخ بغداد (١٣/٣٩٧ – ٣٩٨).

(الثوري) به یـهكێك لـهو هاوهڵانـهی كـه ئهبوجهعفـهر ئـهركی (قضاء)ی پێسپاردبوو دهڵێ: (تیاچی! بهبێ چهقۆ سهریان بڕیت، چی دهكهی ئهگهر ڕۆژی دوایی وترا: ئهبوجهعفـهرو شـوێنكهوتوانی چـۆن بوون؟ وا تۆ كاریان بۆ ڕادهپهڕێنی؟).[1]

هەربۆیه كاتێك سوفیان دهچێته لای مهنسور بـه تونـدی لهگـهڵی ههڵسوكهوت دهكاو پێی دهڵێ: ڕقت له ئێمهو بانگهوازهكهمانه، ڕقت لـه نـهوهو خزمـانی پێغهمبـهری خوایـه ﷺ؟ (الثـوري)ش وهڵامـی دهداتهوهو ئهم ئایهته دهخوێنێتهوه ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ﴾ تا ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾.[2]

زانایان بۆ كارنهكردنیان لهگـهڵ ئـهو خهلیفانـهدا ئـهم ئایهتـهی خوارهوهیان تهئویل دهكرد: ﴿وَلا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ﴾ (هود: ١١٣) بیروڕایان وابو وهرگرتنی (قضاء) بۆیـان خۆخستـنه پاڵو نزیكبونهوه لێیان، بهخشینی شهرعیهته به دهسهڵاتهكهیان، ههر بۆیه خهلیفهو ئهمیرهكان زۆریان لهوانه ئازارو ئهشكهنجهدا كه قهزایان نهدهگرته دهست، ئهوهبوو (ابـن هـبيرة) مـیری عـیراق لـه سـهردهمی ئومهویهكاندا ههستا به ئـازارو ئهشـكهنجهدانی ئهبوحهنیفـه، لهبـهر ئهوهی پهسهندی نهبوو ئهركی قهزایان بۆ ڕاپهڕێنێ[3]، ههروهك چۆن له

(١) مقدمة الجرح والتعديل (١/١١٤).
(٢) مقدمة الجرح والتعديل (١/١١٤).
(٣) تأريخ بغداد (٣/٣٢٦ – ٣٢٧).

سەردەمی ئەبوجەعفەری مەنسور -خەلیفەی دووەمــی عەبباسـی دا- تووشی هەمان ئازارو ئەشکەنجەدان هات.[1]

ئەبوجەعفەری مەنسور سوێندی خوارد کە ئەبێ ئەبوحەنیفە قەزای بۆ بگرێتەدەست، ئەبوحەنیفەش نەیکردو ووتـی: (بـۆ ئـەو شـــوێنە ناشـێم، ئـەبو جەعفـــەریش پـێی ووت: پشـت هەڵدەکـەی لــە کاروبارمانو پێت باش نیە[2]؟!

هەموو ئەمانەش لەگەل ئـەوەدابوو کـە قـازی سـەربەخۆیی یـەکی تەواویشی هەبوو لە قەزادا، کەچی ئەبوحەنیفە بـیروڕای وابـوو ئـەوان پێشـەوای زۆردارنو نابێـت بچـێتە نێـو کاروباریانـەوە بـۆ ئـەوەی شەرعیەت نەبەخشـێتە دەسـەڵاتیان، هەرئەمــەش وای لــە خەلیفـەو میرەکـان کـرد زانایـان ناچـار بـە قـەزا بکـەن ئەگـەر بـە لێـدانو بەندکردنیش بووە بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەن بەدەسەڵاتیان.

ئەبوحەنیفە لە سجن دا مایەوە تا ئەوەبوو ساڵی (١٥٠ ك) تیایـدا مرد،[3] هەروەها ئەوەش لەبەرئەوەبوو کـە لەگـەڵ ئیبراهیمـی کـوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن دا بوو،[4] سوفیانی سەوریش نەدەچووە لای سوڵتانو دیدو بۆچونیشی لەگەڵ ئەوەدابوو کە نەچنە لایـانو کاریـان

(١) تأريخ بغداد ٣/ ٣٢٨ – ٣٢٩.
(٢) تأريخ بغداد ٣٢٨/١٣.
(٣) تأريخ بغداد ٣٢٨/١٣.
(٤) تأريخ بغداد ٣٢٩/١٣، سەيرى الملل والنحل ى شهرستانى بكە ل ١٥٨.

بۆ نەکەن، ئەوەبوو داوایان لێ کرد قەزایان بۆ بکا بەڵام ئەو هەڵهاتو خۆی وون کرد لێیان، پاشتریش لەسەردەمی خۆحەشاردانیدا لە بەسـرە کۆچی دوایی کرد.(١)

لە حەجو لەکاتی میٖنادا بردیانە لای مەنسورو پێی ووت: لە خـوا بترسە، تۆبە هۆی شمشـێری کۆچـکەرو پشـتیوانانەوە گەیشـتوی بـەم پلەوپایەو بەم شوێنە، کەچی لـەولاوە نـەوەو ڕۆڵـەکانیان لـە برسـانا دەمرن، عومەر حەجی کردو تەنها بیستوپێنج دیناری سەرف کرد، وە دەچـووە بـن سـێبەری دارەوە، تـۆش سـەروەتو سـامانەکانی خانـەی سامانت لە حەجەکەتدا سەرف کردووە، مەنسوریش پێی ووت: ئەتەوێ وەکو تۆبم؟! (الثوري)یـش پێـی ووت: نـا، بـەڵام کـەمتر لـەوەی تـۆ تیایدایو لەسەرو ئەوەشەوە کە من تیایدام.(٢)

وە بە مەهـدی ووت: لـەخوا بترسـە، زەویـت پڕکـردوە لـە سـتەمو زۆرداری، لە خوا بترسە کـوڕو نـەوەکانی کۆچـەرو پشـتیوانان لەبـەر دەرگان، مافەکانیان پێ بدە.(٣)

(الثوری) بە نەنگی داناکە شورەیکی قازی چوووەتەوە نێو قـەزاوەو سەرکۆنەی کرد، ئەویش بیـانوی هێنایەنـەوە کـە خـەڵکی بـێ قـەزا

---

(١) سەیری طبقات ان سعد ٦/٣٥٠ – ٣٥١ و سير أعلام النبلاء ٧/٢٦٦ – ٢٤٤ بکە.

(٢) الجرح والتعديل ١/١٠٦ وسير أعلام النبلاء ٧/٢٦٣.

(٣) سـير العلام، تأريخ بغداد ٩/٦٠ الأولياء ٦/٣٧٧ و سەيری الجرح والتعديل ١/١١ بکــە.

کاروباریان ناڕوا، دەبێ قازیان هەبێ.

(الثوری)ش وەڵامی دایـەوە ووتـی: خـەڵکی دەبـێ پۆلیسیشـیان هەبێ[1] وای چواندوە کە قەزاوەت کردن بۆیان وەك ئـەوە وایـە کـاری پۆلیسیان بۆ ئەنجام بدەی.

مەنسور دەربارەی خۆی لـێ پرسی کە من چۆنم؟ ئەویش پیێ ووت خراپترین پیاوی.[2]

وە فەرموویەتی: ئەبو جەعفەر چی لە من دەوێ ؟ بەخودا ئەگەر لە بەردەمیدا بوەستم پێ ی دەڵێم: لە شوێنی خۆت هەستە کەسانی تر لە تۆ لە پێشترن بۆ ئـەو شـوێنە[3] سـوفیان بـە مەهـدی ووت: بڕوانـە عومەری کوڕی خەتاب ئەویش ووتی: عومەر هاوەڵی هەبوە.

سوفیان ووتی: دەی عومـەری کـوڕی عبدولعـەزیز ووتـی: ئەگـەر نەتوانم.

سوفیان ووتی: دەی لە ماڵەکەتدا دانیشە.[4]

ئەمەش ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە بانگـەوازی سـەلەفی چاکسـازی خواز ئەوەی کە لەسەر بناغەی گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری پێشین: هـاوەڵان و خەلیفەکانی ڕاشیدین بە تایبەتی ئەبوبەکرو عومەر بـەرپا بـووە لـە

---

(١) حیلة الأولیاء ٤٧/٧

(٢) حیلة الأولیاء

(٣) الجرح والتعدیل ١١٣/١

(٤) حیله الأولیاء ٣٧٨/٦

سەرەتاوە بانگەوازێك بــووە بــۆ چاکســازی سیاســی بــەوەی ئــەو کــارە بگەڕێتەوە بۆ راوێژی نێوان موسڵمانانو شوێنکەوتنی هەڵسو کەوتو سوننەتی هەریەکە لە ئەبوبەکرو عومــەر لــە سیاســەتی شــەرعیدا، چونکە لەوکاتەدا لادانی عەقائیدی رووی نەدابوو، ئەو بانگەشەیە لە کۆتــایی یــەکانی ســەردەمی هاوەڵانــدا دەســتی پێکــرد پــاش ئــەوەی گۆڕانکاری هات بەسەر گوتاری سیاسیدا، پاشان بەردەوام زانایــان لــە سەدەی دووەمدا داوایــان لــە خەلیفــەکان دەکــرد بگەڕێنــەوە ڕێــڕەوو ڕەفتاری ئەبوبەکرو عومەر هەروەك چۆن ســوفیانی ســەوری داوای لــە مەهدی عەباسی کرد مەهدیش پێی ووت: (ببە هاوەڵم تــا بــە پێــی ژیاننامەی هەردوو عومەرەکە هەڵسوکەوت بکەم و هەنگاو بنێم)[1] کە سووربونی ئوممەت دەگەیەنێ لەســەر گەڕانــەوە بــۆ ســەر ڕێبــازی هەریەك لەو دووانە لە گوتاری سیاسیدا.

عەبدولمەلیکی کوری مەروان گوێی لــێبوو هەنــدێ لــە هــاوەڵانی باسی ژیاننامەی عومەری کوڕی خەتاب دەکەن، ئەویش ووتی: (نەهی دەکەم لە باسکردنی عومەر چونکە تاڵ چێژی یە بۆ میرەکــانو خــراپ کردنو تێکدانی خەڵکی یە).[2]

هەموو ئەمانە بەڵگــەن لەســەر ئــەوەی بانگــەوازی چاکســازیانەی پێشین لە بناغەدا بانگەشە بووە بــۆ چاکســازی سیاســی هــەروەك لــە

---

(١) حيلـة الأولياء (٦/٣٧٨).

(٢) البداية و النهاية (٩/٧١)

هەردوو سەردەمی یەکەم و دووەمی کۆچیدا بینرا.

یەکێکی تر لـە زانـا نـەیارەکانی ئـەم ماوەیـە پێشـەوای شـارەزا موحەمەدی کوڕی ئەبو زیئبی قورەیشی مەدینەی یـە (١٥٩ ك . ك)، کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە مالك باشتری دادەنا، لەبـەر ئازایـەتی و ڕەوا خوازی و فەرمان کردنی بە چاکە.[١]

لەبارەیەوە دەیووت: بە سەعیدی کوڕی موسەییەب دەچـێ[٢] واتـە لە ڕەوا خوازی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاریدا.

مەهدی کوری مەنسور حەجی کرد ڕۆیشتە مزگەوتی پێغەمبەرەوە، خەڵکی لەبەری هەستان، موحەمەدی کوڕی ئـەبو زەیئـب هەڵنەسـا، پێی وترا: هەستە ئەوە میری باوەڕدارانە، وەڵامی دانەوە ووتی: خەڵکی تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانەکان هەڵدەسنەوە، مەهـدی ووتـی: وازی لـێ بهێنن هەرچی مووی سەرمە گرژ بووە.[٣]

مەنسور حەجی کرد، لەو کاتەدا محمدی کوڕی ئەبو زیئب و مـالکی لە مەککەدا بانگ کرد، پرسیاری لەمحمدی کوڕی زیئب کرد سەبارەت بە حەسەنی کوڕی زەیدی کوڕی حەسەنی کوری فاتیمە؟

ئەویش پێی ووت: بەڕاستی وێڵی دادگـەری بـوو، ئـەبو جەعفـەر ووتی: ئەی چی بەمن دەڵـێی؟ فـەرمووی: بـەخوای ئـەم خانەیـە تـۆ

(١) تأريخ بغداد (٣٢٨/١٣).
(٢) تأريخ بغداد (٢٩٨/٢).
(٣) تأريخ بغداد (٢٩٨/٢).

کەسێکی زۆردارو ستەمکاری.[1] وە بە مەنسوری ووت: خەڵکی تیا چوون، ئەگەر لەو دەستکەوتەی لاتەو لە دەستت دایە هاوکاریت بکردنایە؟ مەنسور پێی ووت: دادو هاوار بۆت، ئەگەر من قەڵاو قوولەکانم توندو تۆڵ نەکردایەو سوپاو لەشکرم نەخستایەتە ڕێ، لە ماڵەکەتدا دەهاتنە سەرت و سەرتیان دەبڕی.

موحەمەدی ئەبو زیئب ووتی: پێشتریش قەڵاو قولەکان توندو تۆڵ کران و سوپاو لەشکریش بەڕێ خراو ووڵاتان ئازادکراو خەڵکیش بەشی خۆیان پێدرا لە لایەن کەسێکی باشتر لە تۆوە.

مەنسور ووتی: ئەوە کێ بوو؟ هاوار لە دەستت!

ئەویش فەرمووی: عومەری کوڕی خەتاب.[2]

میری مەدینە عەبدولسەمەدی کوڕی عەلی - مامی مەنسور - پیاوێکی بەند کردبوو، لە گرتووخانەدا تەنگەتاوی کردبوو، کەس و کارەکەی سکالایان بردە لای مەنسور، مەنسوریش نێردراوێکی نارد فەرمانیشیدا کۆمەڵێك لە زانایانی مەدینەش بەیاوەری خۆیان ببەن و بچنەلای پیاوەکە لە گرتوخانەکەداو شایەتی خۆیان تۆمار بکەن بەو شێوەیەی بینیویانە[3]. کاتێك عەبدولسەمەد بەمەی زانی بارودۆخەکەی لێ گوشاد فراوان کردو گرتوخانەی ڕێك کردو پاکی

(١) تأريخ بغداد (٢/٢٩٨).

(٢) تأريخ بغداد (١٣/٢٩٩).

(٣) ئەوە لیژنەیەکی پاراستنی مافی مرۆڤ بووە.

کــردەوە، زانایــان مــالیکی کــوری ئەنــەس و کــوری ئــەبو ســوبرەو موحەمەدی ئــەبو زەیئــب چــونە لای، موحەمــەدی ئــەبو زەیئــب بــە نێردراوەکەی ووت: شاهێدی من مەنووسە، من خۆم دەینوسم، نووسی: گرتوخانەیەکی تەنگو باریکی توندم بینی و دەستی کرد بە نووسینی توندوتیژیەکانی گرتنەکە.[1]

کاتێ مەنسور حەجی کرد موحەمەدی ئەبو زئـب باســی ســتەمی عەبدولسەمەدی بۆی کرد، بــە مەنســوریان ووت: موحەمــەدی ئــەبو زیئب لە کەس رازی نیە، لە بارەی خۆتەوە لێی بپرسە، مەنسوریش لە بارەی خۆیەوە لێی پرسیو سوێندی لەسەر خوارد کە دەبێ پێی بڵــێ: موحەمەدی ئەبو زیئبیش ووتی: پەروەردگارم، بەخوا ئــەوەی زانیبێــتم کەسێکی زۆردارە[2]!!!

ئەهلی قەدەر لە مەدینەدا پــەنایان بــۆ دەبــرد لــە ترســی زۆرداری مەهدی کاتێ فەرمانی دابــوو بــە لێــدانی ئــەهلی قــەدەرو دەربــەدەر کردنیان لە مەدینە.

ئەوانیش خۆیان لای ئــەو دەپاراســت و دەری نــەدەکردن، ســەردانی نەخۆشیانی دەکرد، بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە لەگەڵ ئەوەی بۆچــونیانی لە قەدەردا پێ پەسەند نەبوو، وە نەنگی لێ دەگرتن.[3]

---

(١) تأريخ بغداد ٢٩٩/١٣

(٢) تأريخ بغداد ٣٠٠/٢

(٣) تأريخ بغداد ٣٠٠/٢

پرسیاری هەریەکە لە مالیكو موحەمــەدی ئـەبو زیئـب كـرا لـە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئەویش ووتی: کوڕی ئەبو زئیب لـە دینـی دا چاکترەو وەرعو خۆپارێزی زیاترەو لای دەسەڵاتداران حەقبێژ ترە، کـوڕی ئەبوزیئب چووە لای ئەبو جەعفەرو لێی نەترسـا لـەوەی حـەقو ڕەوای پێی بڵێو وتی: ستەم بڵاوە لەبەردەم دەرگاکەتداو ئەبوجەعفـەر هـەر ئەبو جەعفەرە[1]؟!!

هەروەها مالیکیش پەسەندی نەبووە قەزا بگرێتەوە دەست لەسـەر ئەوە بەندکرا، ساڵی(١٤٧) ك ئەشکەنجەدرا بە هـۆی ئـەو بۆچـوونەی هـەیبوو سـەبارەت بـە بەیعـەتی زۆرلێکـراو، وە سـور بـوو لەسـەر بۆچوونەکەی کە بەیعەتی زۆرو ناچاری پەسەند نیە.[2]

وە دەیفەرموو: (لەسەر هەمان ئەو شتە لێدرام کە سەعیدی کوری موسەیب و موحەمەدی کوری مونکەدرو رەبیعـە لێیـان درا، چـاکەو خێر لە کەسێکدا نیە لەسەر ئەو کارە ئازار نەدرێ) .[3]

وە ئەو هەرکاتێ پرسیاری لـێکرا بێ سەبارەت بـە جـەنگ لەگـەڵ خەلیفەکاندا دژ بەوانەی لە فەرمانیان دەردەچـن، دەیفـەرموو ئەگـەر

(١) تأریخ بغداد (٣٠٢/٢) واتای (ئەبو جەعفەر هەر ئەبو جەعفەرە ) واتە کاروبارو زۆرداری ئەبو جەعفەر لای کەس شاراوە نیە، وەکێ دەتوانێ ئەمەی بە ئاشکرا پێ بڵێ؟ هەر بۆیە ئەحمەد ئەم هەڵوێستانەی کوڕی ئەبو زەیئبی لە لا گەورە بوو.

(٢) (العـلل) ی ئەحمـەد – روایة المروزي – ل (١٨٦).

(٣) تأریخ الذهبي (٣٣١/٩) واتە چاکەکە لە کەسێکدا نیە لە پێناو خوادا ئازار نەدرێ : چونکە ئەمە میراتی پێغەمبەرانە .

وەکو خەلیفە عومەر کوری عەبدولعەزیز بێت ئەوا لەگـەڵی بجەنگـە، ئەگەر وەکو ئەم ستەمکارانە بێت، ئەوا لەگەڵیان جـەنگ مەکـە،[1] مەنسور فەرمانی دا بە موحەمەدی کوڕی عمران مـیری مەککـە کـە سوفیانی سەوریو کوڕی جورەیجو عوببادەی کـوڕی کەسـیرو چـەندین فـــەقیهی تـــر بەنـــدبکا لەوانـــەی دژایـــەتیو نـــەیاری سیاســـەتی ئەبوجەعفەری مەنسور دەکەن.[2]

ئەوزاعیش پەسەندی نەبوو لەدەوڵەتی عەبباسـی دا قـەزا بگرێتـە دەست و- ئەو لەوکەسانە بوو دیدو بۆچـونیان لەگـەڵ بـەرگریکردنی سلبی دابوو- عەبدوڵلای کوڕی عەلی -مـامی سـەففاحو مەنسـور- پاش ئەوەی زاڵ بوو بەسەر شام داو ئەمەویـەکانی کوشـت لـە سـاڵی (١٣٢ ك) ئەوزاعی بانگ کرد، کە ئەوکات فەقیهو ئیمامی خـەڵکی شام بوو، کاتێ ئامادەی کۆڕەکەی بوو عەبدوڵلای کوڕی عـەلی لـــێی پرسی: چی دەڵێی سەبارەت بـەم دەرچـونەمان؟ ئایـا شـوێنو پێگـەو ڕەوتـــی کارمـــان تێکۆشـــانە لـــە پێنـــاوی خـــوادا؟ ئـــەوزاعی ووتـــی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (إنما الأعمـال بالنيـات....) بەمـە تورەیی عەبدوڵلای کوڕی عەلی زیاتربوو، هەربۆیە ووتی: چـی دەڵێـی سەبارەت بەخوێنی ئومەویەکان؟ ئەوزاعی فـەرموی: پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: (لايحل دم إمرئ مسلم إلا بإحدى ثلاث، النفس بـالنفس،

(١) سەیری تبصرة الحكام ٩٦/٢ بکە.
(٢) ابن جرير الطبري ٥١٥/٤ ساڵی ١٥٨.

وزنا بإحصان، وكفر بعد إيمان) .

عەبدوڵلا تورەییەکەی زیاتربوو، پێی ووت: (سەبارەت بە خەلافەت هەواڵم بدەرێ، ئایا ڕاسپاردە (وصیە) نیەو لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆ ئێمە جێماوە، عەلیش لە (صفین)دا جەنگی لەسەری بەرپا نەکرد؟

ئەوزاعی وتی: ئەگەر ڕاسپاردە بوایە ڕێی نەدەدا کەس پێشی بکـەوێ وە ڕازی نەدەبوو بەدوو داوەرەکە، ووتی: سەبارەت بە سەروەت‌و سامانی ئومەویەکان هەواڵم بدەرێ ئایا حەڵاڵ نیە بۆمان؟

ئەوزاعی فەرمووی: ئەگەر بۆ ئەوان حەڵاڵ بوبێت بۆ تـۆ حەرامـە، ئەگەر بۆ ئەوان حەرام بێت ئەوا بۆ ئێوە حەرامترە، لەمــەوە عەبـدوڵلا فەرمانیدا دەری بکەن.[1]

زەهەبی مێژوونوس ووتویەتی: (عەبدوڵلای کوڕی عەلی پادشایەکی زۆردارو خوێنڕێژو زۆر بـەتین‌و توانـا بـووە، لەگـەڵ ئەوەشــدا پێشــەوا ئـەوزاعی تــالاوی هــەقی پێدەچەشــت هــەروەك دەبینــی، نــەك وەك کۆمەڵێك زانای خراپ، ئەوانەی ئەو ستەم‌و زۆرداریانەی میرەکـان بـە چـاك نیشـان دەدەن‌و بـە هەڵەشــــــــەیی خـۆی تێهەڵـدەقورتێنن، پڕوپوچ‌و نارەواکانیان بـەڕەوا هەڵدەگێڕنـەوە -خـوا لـەناویان ببـات- یاخود بێدەنگ دەبن لەگەڵ ئەوەی توانای ڕوونکردنەوەی هەق‌و ڕەوایان

---

(١) العلــل ی ئەحمەد – گێڕانەوەی المروزي ل ٢٨٨ – ٢٩٠ والجـرح والتعديل ٢١١/١ – ٢١٢ و سير أعلام النبلاء ١٢٣/٧ – ١٢٥ لە چەند ڕێگەیەکی زۆرەوە بەسەرهاتەکە ڕاست‌و دروستە.

هـــــەیە). [1]

ئـەوزاعی ســاڵی (١٢٥ ك) نوســراوێکی ســەبارەت بــە کاروبــاری خەڵکی مەککە نووسی بـۆ خەلیفـەی مەهـدی: (پاشـان پیـاوێکی خەڵکی مەککـە نوسـراوێکی بـۆم هێنـاوە باسـی ئـەوگرانی و نـرخ بەرزییەی تێدادەکا کە خەڵکی تیایدا دەژین‌و ئـەو کـەم درامەتییـەی تیایاندایـە لەوکاتـەوەی دەریایـان لـێگیراوەو گـەنمیان ووشـك بـوەو مـەڕوماڵاتیان لـەڕولاواز بـووە، دوومشــت گـەنم بـە درهەمێکـەو دومشت‌ونیو گەنمەشامی بەدرهەمێکەو مشتێ زەیت بە درهەمێکـە، ڕۆژ بە ڕۆژیش گرانی یەکە زیاتر دەبێت، لەراستیدا ئەگەر خوای گەورە زوو دەرویەکیان لێ نەکاتـەوەو پـێش گەیشـتنی ئـەم نوسـراوەی مـن زۆربەیان یان هەندێکیان لەبرسا دەمرن، ئەو خەڵکـە فەرمانبـەرداری میری باوەڕدارانن – خوا چاکسازی کا – و ئەو بەرپرسیارە، کەسێك کە گوێی زوهری بووە هەواڵی پێمدا کە دەیفەرموو: لەراستیدا عومـەری کوڕی خەتتاب لە ساڵی (الرمادە)دا – کەسـاڵێکی گرانـی‌و نـەداری بوو – پـاش ئـەوەی هـەوڵێکی زۆریـدا بـۆ هاریکـاریکردنی بیابـان نشینەکان بە ووشترو گەنم‌و زەیت لەسەرجەم لادێ نشینەکانەوە تاوەکو ووشك هەڵهاتبوو ئەوەندە ماندو ببـوو، هەسـتاو داوای لـە خـواکردو فـەرمووی: خوایـەگیان، ڕزق‌و ڕۆزیـان بخەبانەکانـەوە، خـوای گـەورە

---

(١) سیر أعـلام النـبلاء (١٢٥/٧) ئـەوە لەسـەردەمی زەهەبیـدا بـوو، چۆن دەبـوو ئەگـەر سەردەمی ئێمەی ببینیایە ؟!!!

پاڕانەوەکەی لـە ئـەوو لـە مسـولّمانانی وەرگـرت، هـات بـە هانـای بەندەکانیەوە، عومـەر فەرمووی: بەخوا ئەگەر خـوای گـەورە دەروازەی والاّ نەکردایە هەرماڵێك کـە توانـاو بـواری هەبوایـە ژمارەیـەك لـە هەژارەکانم دەبردە سەریان، چونکە دووکـەس تیاناچـن ئەگـەر بەشـی یەکێکیان پێبدرێ، پێمان گەیشتووە تەنها لە میسرەوە هـەزار هـەزار ڕبە بارکراوەو نێردراوە بۆ عومەر.

لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەیشتووە کە فەرمویەتی: ئایا نزیکـە واتـان لـێ بێـت کـە منداڵـەکانی خۆتـان بـە تێـری بهێننـەوەو دراوسێکەشتان بە برسێتی لە تەنیشتانا ژیان بگوزەرێنێ؟ ئەگەر مـیر پێی باش بوو – خوا ئیسلاّحی کا – ئەوا باسووربێ لەسەرئەوەی داوا لـە مـیری بـاوەڕداران بکـا بـۆ بـەهاناوە هـاتنی خـەڵکی مەککـەو مسولّمانانی دەوروبەری لە دەشتایی‌و دەریاوە بەوەی خواردن‌و زەیتیـان بۆ بنێرێ، پێش ئەوەی هیچ کەسێکیان بە برسێتی تیابچێت –.

داودی کوڕی عەلی هەواڵی پـێدام کـە عومـەری کـوڕی خـەتتاب فەرمویەتی: ئەگەر کاوڕێك لەکەناری فوراتدا ون ببێ گومـان دەبـەم خوای گەورە پرسـیاریم لێ بکـا). [١] هـەروەها ئـەوزاعی نوسـراوێکی نووسی بۆ یەکێك لە میرەکان کە تیایدا ئەیترسێنێ‌و نەهی لێ دەکـات لەوەی ستەم لە مسولّمانان بکا یادەست درێژیان بکاتـە سـەر یـاخود

(١) مقدمة الجرح والتعديل (١/ ١٩٢، ١٩٣).

بەرامبەر خراپەکاریەکانیان زیادە ڕەوی بکا لــە ســزادانیانا، هــەروەها ئەیترسێنیو نەهی لێ دەکا لەوەی ستەم لە ئەهلی ذیمە بکاو هــەواڵی پێدەدا کە ئەو کارانە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی لــە نێــوان خۆیانــدا ڕقو کینەیان بەرامبەری هــەبێ، وەکاتــێ هەنــدێ لــە ژیــرو هۆشــیارەکان بۆچونێکی وایان بۆ دروست بووە کە واز بهێنن لەوەی جیهادیان لەگەڵ بکەن هۆکارەکەی بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە.

ئەوزاعی ڕێگری کرد لە میری شام ســاڵەحی کــوڕی عــەلی کــوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس -برای عەبدوڵڵای کوڕی عەلی- لەوکاتەی کە ویستی هەندێ لە نەسرانییەکانی شاخی لوبنــان ڕاگــوێزێ، پــاش ئەوەی هەندێ کەسیان مەیلیان دابــوو بــە لای ڕۆمەکانــەوەو تــەکبیرو پیلانگێڕیان سازدا، وە بۆی نوسی: (چۆن بــەهۆی گونــاهی تایبەتــەوە هەمویان تووش دەکەییو تەڕو ووشك پێکەوە دەســوتێنی، تــا بگاتــە دەرکردنیان وولاتو ماڵو منداڵیان؟ کەچی خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ (الأنعام: ١٦٤) ئەمە ڕەواتــرە لــە ئاســتیا بوەســتیو بیکەیتە سەرمەشقی خۆت، وە ڕەواترین سپاردەو ئامۆژگارییەك ئەوەیە ئەو سپاردەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەری خوا ﷺ لــەگوێ بگــری کــە فەرمویەتی: (من ظلم معاهداً أو كلفه فوق طاقته فأنا حجيجه...)[1] هەرکەسێ ستەم لە پەنادراوو پەیمان پێدراوێك بکات یاخود بەدەر لــە

(١) فتوح البلدان للبلاذري.

توانای خۆی تەکلیفی لێ بکات ئەوا من دەبمە ناکۆكو ناحەزی...

هەروەها بەرگری لە مافەکانی خەڵك دەکرد، داوای لە خەلیفـەکان ئەوەبوو کە بەویژدان بن لەگەڵیانو مافەکانیان بە باشی بدەن هەروەك لەو پەیامەیدا بۆ مەهدی هاتووە، ئەوەبوو تیایـدا هـاتبوو: (ئـەمیری باوەڕداران –خواییپارێزێ– بـۆ خـەڵکی کـەنار (الساحل) هـەموو ساڵێك لە پێشەکی بەخشینەکانی خۆیان دە دینـاری دانـاوە، ئـەمیری باوەڕداران –خوا ساڵحی کا– ئەگەر بڕوانێتە ئەوە ئەزانی ئەو دەدینارە بۆ خێزانێکی دەکەسی کەمتر یازیاتر، بەش ناکا..

ئەگەر ئەمیری بـاوەڕداران – خـوا بیپـارێزێ – پـێی بـاش بـو بـا فەرمان بکات بە ئەندازەی پێویست پێیان بدرێتو هـەمو سـاڵێکیش ئەمەیان پێببەخشرێت، ڕێو شوێن وابووە کە بـەردەوام دەیـەکیان بـۆ هاتووە، کەچی ئێستا بە شێوەیەکی ترەو پێداویستییەکانیان زۆر بووە، زیانەکانی دیاری داوە لێیـان، لەکاتێکـدا ئـەوان خـەڵكو ڕەعیـەتی ئەمیری باوەڕدارانن و ئەو لێپرسـراوە لێیـان، لەراسـتیدا ئـەو شـوانەو هەموو شوانێکش لێپرسراوە لە مێگەلەکەی، پێمـان گەیشـتووە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (لەڕاستی پێم خۆشە کاتێك دونیـا بـەجێبهێڵم کـە کەسـێکتان داوای مافخوراوییـەکی خـۆیم لێ نـەکا سەبارەت بەخۆییو سامانو دارایی یەکەی.

خـوای گـەورە بەخشـەکانی خـۆی بـۆ ئـەمیری بـاوەڕداران بەجێبگەیەنێو لەگەڵ خەڵکەکەیدا سەر ڕاستی کا، نێردراوی ئەمیری

باوەڕداران بە بەخشینەکانیەوە هاتەلامان بەو نەفەقەو جل‌وبەرگەوە کە ئەمیری باوەڕداران – خوا لەش ساغی کا – فەرمانیدا بەسەر خەڵکی کەنار – الساحل – دا دابەش کرێ، ئێمەش دابەشمان کرد، بۆ هەر پیاوێك دینارێك، دوو دینار، سامانەکە بۆ هەتیوو بێوەژنەکان کەم بوو، هیچیان بەسەردا دابەش نەکرا، هەتیوو بێوەژن‌و هەژارەکان کە لە کیتابی خوادا سێ‌جۆر بەشیان هەیە، لە سەدەقات‌و پێنج یەکی دەست کەوتەکان، وە لەو دەستکەوت‌و دەستهاتانەی خوای گەورە دەیداتە پێغەمبەرەکەیی‌و باوەڕدارانی خەڵکی شارو لادێکان، جا ئەگەر ئەمیری باوەڕداران – خوا ئیسلاحی کا – ڕای وابوو شتێکیان بۆ بنێرێ تا لە نێوانیاندا دابەش کرێ، با بیکات.

خوای گەورە ئەمیری باوەڕداران بچوێنێ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ لە دڵ نەرمی‌و بەزەیی هاتنەوەی بە باوەڕداراندا‌و بەخشش‌و لەش ساغی پێ ببەخشێ، والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته) .[1]

زانایان پاشتریش بەردەوام بوون لە بەرهەڵستیکردنی لادانەکانی دەسەڵات، لە سەرەتای سەدەی سێ‌هەمەوە مەئمون ویستی بیروباوەڕی خۆی سەبارەت بە خەلقی قورئان ڕاگەیەنێ‌و خەڵکی بە زۆر بهێنێتە سەرئەو بۆچونە، بەڵام لە ترسی بەرهەڵستیکردنی یەزیدی کوڕی هارون کە شێخی ئیسلامی سەردەمی خۆی بوو جورئەتی نەکردو

[1] مقدمه الجرح والتعدیل ١/١٩٤ – ١٩٥.

نەیوێرا ئەوە بکات، وەدەیوت: ئەگەر پلەوپایەی یەزیدی کوڕی هــارون نەبوایە گوتەی خەلقی قورئانم ئاشـکرا ئـەکرد، پـێی ووتــرا: یەزیـد کێیــە ؟! تــاوا خــۆتی لێ بپــارێزی ؟! ووتـــی: خــۆمی لێ ناپــارێزم لەبەرئەوەی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام ئەترسم ئەگـەر ئـەوەم کـرد وەڵامـم بداتەوەو خەڵکی ناکۆکی تێبکەوێو ئاژاوە ڕووبدات.

پێی ووترا: کەسێك بنێرە تا هــەواڵو بۆچـونی ئـەوت بـۆ بهێنــێ، ئەویش پیاوێکی نارد ئەو هەواڵە بە یەزیدی کوڕی هــارون بگەیــەنێ، چوو بۆ کۆڕو مەجلیسەکەیو هەواڵەکەی پێدا، یەزیـد ووتــی: درۆت بەدەمی ئەمیری باوەڕدارانەوە کـردووە، ئـەمیری بـاوەڕداران شـتێ بــە خەڵکی ناکا کە نایزانن چیەو کەسیش پێشتر شتی وای نەووتووە.

یەزیدی کوڕی هارون ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە ئەو بۆچونە کوفرە، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی مەئمون بیروڕای وایە؟ مــەئمون ئــەو بۆچــونەی ڕانەگەیاند، دوای ئەوەنەبێ یەزیدی کوڕی هاون لــە ســاڵی (٢٠٦ ك) مرد، کە ئەو لەو کەسانە دەژمێردرا کە بەردەوام فــەرمانیان بەچــاکە دەکردو بەرهەڵستی خراپەکاری بوون.[(١)]

ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی قوتابیشی هەنگاوەکانی ئەوی هەڵگرت - ماوەیەکیش هۆگری بووەو لەگەڵیدا ژیاوە- کـاتێکیش ئــەو بیروبــاوەڕە ڕاگەیەنرا، ئەحمەد ڕووبەڕووی بویەوەو وەڵامی دایەوە، بەهۆی ئەوەشەوە

---

(١) تاريخ بغداد ١٤/٣٤٢ – ٣٤٦، السيرى ذهبي ٩/٣٦٢ – ٣٦٤.

بەندکراو لێی دراو هەڕەشەی کوشـتنی لێکـرا، شمشـێری پێشـان درا، کەچی پەشیمان نەبووە لەوەی ئەو بۆچونە کوفرە، لێیان دەویست تەنها لەبەر خەڵکی و خۆپارێزی وەڵامیان بە ئەرێ بداتەوە، بـەڵام ئـەو ئـەم فەرمودەیەی بۆ بـاس دەکـردن: (إن مـن کـان قـبلکم ینشـر أحـدهم بالمنشار لایصده ذلك عن دینه) لەپێش ئێوەدا کەسانی واهەبوون کـە بە مشار لەت دەکرا بەڵام ئەوە وای لـێ نەکرد لە ئایینەکەی پاشگەز بێتەوە.

لە بەندینخانە ئازاد کـرا، هەڕەشـەیان لێ کـرد کـە نابـێ لەگـەڵ کەسدا کۆبێتەوە، وە نابێ لە بەغدا بمێنێتەوە، هەر بۆیە بـە پـەنهانی مایەوە، وە دەیفەرموو پێغەمبەری خوا ﷺ سـێ‌ڕۆژ لـە ئەشـکەوتدا خۆی حەشاردا، گونجاو نیە لـە خۆشـییەکاندا شـوێنی سـوننەتەکانی پێغەمبــەری خــوا ﷺ بکــەوینو لــە ناخۆشــیو تەنگانــەدا وازی لـێبهێنین، لە سەردەمی موعتەسەمو پاشان (واثق)یشدا بەوشـێوەیە مایەوە تاوەکو (متوکل) هاتو ئەو فتنەو ئاژاوەیەی هەڵگرت.

فەرمودەناسانو فەقیهەکان لە بەغدا کۆبونـەوە بـۆ لەکارخسـتنی (واثق) لەبەرئەوەی دەیویسـت لـە قوتابخانەکانـدا ئـەم بیروبـاوەڕە بـە منداڵان فێربکا، ئەحمەدیش فەرمانی پێدان ئارام بگرنو لێی ڕانەپەڕن.

پاشانیش لە تەواوی ئەوانە بوورا کە ئازاری دابـوون، وە نەیهێشـت (متوکل) ئەشکەنجەی موعتەزلە بدات، هەربۆیە دەیانوت: لەوکاتەی توانامان هەبوو بەسەر ئەحمەددا ئازارو ئەشکەنجەماندا، کاتێکیش ئەو

**توانای شکا بەسەرماندا لێمـــان بورا[1]؟!**

ئەو دیدو بۆچونی وابوو ئەوانە هەرچەندە خـاوەنی ئـەو بیروبـاوەڕەن بەڵام مسوڵمانی تەئویلکارن، هەرچەندە ئەو بیروباوەڕە لەخودی خۆیـدا کوفر بێت، لەبـەر پێـدا کێشـانو نـاکۆك بـوونی بەدەقـەکان، هـەر لەبەرئەوە نەیهێشت لە (واثق) ڕاپەڕن، بۆچونیشی وابوو گوێڕایـەڵیان واجبەو پێویستە لە جیهادکردنـدا هاوکاریـان لەگـەڵ بکـرێ، هـۆی ڕەفزکردنی دەرچونیشی دەگەڕاندەوە بۆ ترسی ئاژاوەگێڕیو خوێن ڕشتنو لەدەستدانی مافەکانو ڕێگریو شکاندنی سنوری حەرام کراوەکان.

پێیان ووت: ئایا ئێمە لە فیتنەو ئاژاوە گێڕانین؟ فـەرمووی: ئەمـە فیتنەو ئاژاوەیەکی تایبەتە، ئەگەر شـیر وەشـێندرا فیتنـەو ئاژاوەکـە هەمووان دەگرێتەوەو ڕێو بانەکان دادەخرێن،[2] ئەم ڕوداوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەقیهەکانی بەغدای ئەهلی سونە دەرچوونو ڕاپەڕینیان پێباش بووە، ئەگەر ڕەفزکردنی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل نەبوایە.

لەمبارەیەوە ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی –پێشەوای شەهید[3]– خۆی کۆکردەوەو ئامادەسازی کردو خەڵکی بـەنهێنی بەیعـەتیان پێـدا لەسەر لەکارخستنو لابردنی (واثق)و فەرمانکردن بەچاکە لـە سـاڵی (٢٣١ )ك، بـەڵام زاڵ بـوون بەسـەریداو (واثـق) لـەبارەی خـەلقی

---

(١) سەیری بەسەرهاتی ئەم ڕوداوی میحنەیە لە کتێبی سیر أعلام النبلاء (٢٣٢/١١)بکە.
(٢) سیر أعلام النبلاء (١٦٦/١١) (ذهبي) مێژوو نوسیش بەو شێوەیە وەسفی کردووە.
(٣) سیر أعلام النبلاء (١١/ ١٦٨).

قورئانــەوە تــاقی کــردەوە، کەچــی ئــەو وەڵامــی نەدایــەوە، بەمــەش فەرمانیدا لـەخاچ بـدرێ، ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەلی – هـاوڕێی – لەبارەیەوە دەیفەرموو: (بەربەزەیی خوا بکەوێ، خۆی کردە قوربانی).[1]

زەهــەبیش لەبارەیــەوە فەرمویــەتی: ئەحمــەدی کــوڕی نەسـر زۆر فەرمانی دەکرد بەچاکەو قسەی ڕەوای گەلێك زۆربوو،[2] (إبن كثير)یش فەرمویەتی: (ئەو لـەو پێشـەوایانەی سـوننەبوو کـە زۆر فـەرمانیان بەچاکە دەکردو نەهیان لە خراپە دەکرد)، هەروەها فەرمویـەتی: (لـە گەورە زانا کاراکان بووە)، یەحیای کوڕی موعینیش دەیفەرموو: (خوا بە شاهەدەت کۆتایی بەژیانی هێنا).[3]

لەراستیدا بەرهەڵستیکردنی ئیمامی زۆردار لەو سـەردەمانەدا لـە بەناوبانگترین باسو خواسەکانی خەڵکی بووە، تەنانـەت ئـیبن‌و حـەزم بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد کـە ئـەوە ڕێبـازی پێشـەوایانی مەزهەبـە بەناوبانگەکانی سەدەی دووهەم بووە، ئەوەتا وتویەتی: (تەواوی ئوممەت ڕێکن لەسەر واجبێتی فـەرمان دان بەچـاکەو نـەهی کـردن لەخراپـە بێ‌ئەوەی کەسێك ناکۆك بێت لەمەدا.... وەچـەند کۆمـەڵێکی ئـەهلی سوننەو تەواوی موعتەزیلەو خەوارج‌و زەیدییەکان لەگەڵ ئەوەن کەشیر هەڵکێشان لە فەرمان بەچاکەو نەهی کردن لە خەراپە واجبە، ئەگـەر

---

(١) سير أعلام النبلاء ١١/١٦٦.

(٢) سير أعلام النبلاء ١١/١٦٦.

(٣) البداية والنهاية ١٠/٣١٧ – ٣١٩.

نەکرا خراپەکە بەبێ ئەمە بەرهەڵستیو ڕێگری لێ بکرێ) .

پاش ئەوەی باسی واجبێتی بەکارهێنانی هێز دەکـات بـۆ لابردنـی خراپە، لە خراپەیەکدا ئەگەر بەهێز نەبێ لانەچێ، ئەوا ئـەم بۆچـونو گوتەیە دەداتە پاڵ ئەو هاوەڵانەی جیاوازو ناکۆك بـوون لەگـەڵ عـەلی کـوڕی ئەبوتالیبـدا، وە ئەوانـەی ڕاپـەڕین لـە دژی یەزیـدی کـوڕی موعاویە، هاووێنەی حوسەینو عەبـدوڵڵای کـوڕی زوبـەیرو کـوڕانی کۆچکەرو پشتیوانان لە مەدینە، وە ئەوانەی دژبـە حـەجاج ڕاپـەڕین، وەکو ئەنەسی کوڕی مالیك، وە دەڵێ: (پاشـان دوای ئـەمان کەسـانی تریش هەبوون لەوانەی دوای تابعین هـاتن، وەکـو عەبـدوڵڵای کـوڕی عومەری کوڕی عەبدولعـەزیزو عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەری کـوڕی عەبدوڵڵاو موحەممەدی کوڕی عەجلانو ئەوانـەی لەگـەڵ موحەممـەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەسەندا دەرچوونو هـەروەها هـاشمی کـوڕی بشرو مەتەری وەڕاقو ئەوانـە لەگـەڵ ئیبراهیمـی کـوڕی عەبـدوڵڵادا ڕاپەڕین، گوتەو قسەکانی زانایانیش هـەر بەڵگـەی ئـەم بۆچـونانەن، لەوانـە ئـەبو حەنیفـەو حەسـەنی کـوڕی حـەی و شـورەیکی کـوڕی عەبدوڵڵاو مالیكو شافعیو داودو هاوەڵانیان، تەواوی ئەوانەی باسـمان کرد لە کۆنو نوێ، یا ئەوەتا بـە فـەتوا قسـەی کـردووە لەوبارەیـەوە، یاخود بە هەڵکێشانی شمشێر بەشداریکەربووە لـە بەرهەڵسـتیکردنی ئەو شتانەی بە خراپی زانیوە).[١]

---

(١) الفصل (٤/١٧٤ – ١٧٢).

(ابن حجر) وەك جیاکردنەوەیەك لــە نێــوان دەرچــوونو ڕاپــەڕینی خەوارجو یاخی بووانو ئەوانەی لەسەر ڕەواو هەقن ووتویەتی: (بەشێك ڕاپەڕینو دەرچونیان وەك تورەبوونێك بووە لە پێنــاوی ئــایینو ســتەمو زۆرداری کاربەدەســتانو وازهێنانیــان لــە ڕەفتــارکردن بــە ســونەتی پێغەمبەر ﷺ، ئەوکەسانە خاوەنی هــەقو ڕەوان، لەوانــە حوســەینی کوڕی عەلیو خەڵکی مەدینە لە (الحرە)و ئەو قورئان خوێنانەی دژبــە حــەجاج دەرچــوون، بەشــێکی تریــان دەرچــونیان بــۆ داواکــردنو دەستکەوتنی پادشایەتیو دەسەڵات بــووە کەئەمانــە یــاخی یــەکانن) ئەمیش بەدەق دەڵێ دەرچوون دژبە ستەمکاران ڕێبازو پەیڕەوی پێشــین بووە، لەژیاننامەی حەسەنی کوڕی حەی دا دەڵێ: ئەو لەگەڵ دەرچوندا بووەو (ئەمەش ڕێبازی دێرینی سەلەفە).[1]

(أبــوبکر الجصــاص)یــش وتویــەتی: (ڕێبــازی ئــەو - مەبەســتی ئەبوحەنیفەیــە- بەربــەزەیی خــوا بکــەوێ بەناوبانگــە ســەبارەت بــە کوشتاری ستەمکارانو ئیمامە زۆردارەکــان.... باسوخواســی ئــەو لــە مەسەلەی زەیدی کوڕی عەلی دا بەناوبانگە، لەوەی سامانو دارایی بۆ بردووە، وە بە نهێنی فەتوای بۆ خەڵك داوە بەوەی پشتگیری زەید بکرێو لە هاوشانی دا جەنگ ئەنجام درێ، کاروباری ئــەو لەگــەڵ موحەممــەدو ئیبراهیم کە هەردوو کوڕی عەبدوڵلای کوڕی حەسەن بوون بە هــەمان

---

(١) فتح الباري (٢٨٦/١٢) وتهذيب التهذيب (٢٨٨/٢).

شـــێوەیە)،[1] ئەمـــەش ڕێبـــازی حـــەمادی کـــوڕی ئەوبوســـولەیمانی مامۆستاکەشیەتی،[2] کە پێشەواو ئیمامی خەڵکی کوفەبوە لە چاخی خۆیدا، (ابن العربی) وتویەتی: (لە گێڕانەوەی سەحنون دا هـاتووە — لە ئیبن قاسم ئەویش لە مالکەوە — کە زانایانمان فەرمویانـە- تـەنها لە پەنای ئیمامی دادگەردا جەنگ دەکرێ، جا ئیتر یەکەم بێت یـاخود ئەوەیان بێت کە لە دژی دەرچووە، جا ئەگەر هیچیان دادگەرنەبوون واز لە هەردوکیان بهێنە، مەگەر خۆت یاسامانەکەت بووبەنیشانو دەست درێژییان کردیەسەر یا ستەم لـە مسـوڵمانان کـرا، ئـەوجا بـەرگری لەوەبکـــە..... ئەوانــە بەیعــەتیان حسـێب نـاکرێ ئەگــەر بەیعــەت پێدانەکەیان لەترسابوبێ).[3]

زوبەیدی وتویەتی: (دەرچـوون دژ بـە ئیمـامی زۆردارو سـتەمکار مەزهەبی کـۆنو دێرینـی شـافعی یـە،[4] لەمـەزهـەبی ئەحمەدیشـدا گێڕانەوەیەکی بێهێز (لاواز) هەیە سەبارەت بە دروستی دەرچـوون دژ بە ئیمامی زۆردارو ستەمکار، بنیات لەسەرئەوەی لەوەوە گێڕدراوەتەوە کە ئیمامەتی خۆسەپێن دانامەزرێ -هـەروەك پێشـتر باسـکرا- (ابـن رزین)یش ئەم بۆچونەی هەیەو لە (الرعایە)دا ختستویەتی یە ڕوو کـە

(١) أحکام القرآن ١/٧٠.

(٢) تاریخ بغداد ١٣/٣٩٨.

(٣) أحکام القرآن ی (ابن العربی) ٤/١٧٢١.

(٤) إتحاف السادە ٢/٢٣٣.

له کتێبی حه‌نبه‌لییه‌کانه، له پێشه‌وایانی مه‌زهه‌بیشدا (ابن عقیـلو ابن الجوزي) وتویانه دروسته دژ به ئیمامی زۆردار ده‌ربچیت).[1]

ئه‌م پرسه له‌سه‌ر پرسی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی گرێ به‌ستی ئیمامه‌ت بـه فیسقو گوناهکاری بنیات ده‌نرێ، که ئه‌مه‌ش خۆی له‌خۆیدا پرسـێکه جێی جیاوازی یه، (قرطبـي) فه‌رمویه‌تی: (سیانزه‌هه‌م، ئه‌گه‌ر ئیمـام دانرا پاشان فاسق بویه‌وه دوای دامه‌زرانی گرێ به‌سـته‌که، جـه‌ماوه‌ری زانایان وتویانه: له‌راستیدا ئیمامه‌ته‌که‌ی هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه به فیسقێکی ڕوونو ئاشکرا، له‌کارده‌خرێو لاده‌برێ، چونکه سـه‌لماوه کـه ئیمـام بـۆ ئه‌نجامدانی حدوده‌کانو جێبه‌جێکردنی مافه‌کانو پاراستنی سه‌روه‌تو سامانی هه‌تیوو شێته‌کانو تیڕوانینی کاروباریانو چه‌ندین خاڵیتر کـه پێشتر باسـکرا داده‌نـرێ، کـاتێکیش کـه فیسـقی تێدایـه ئه‌مـه وای لـێده‌کات نه‌توانێ به کاروباره‌کانی هه‌ستێو ڕایانپه‌ڕێنێ، ئه‌گـه‌ر وا دابنێین فاسقێك ببێته هۆی پوچه‌ڵکردنه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی کـه بـۆی دانـراوه، ئایا باشتر نیه هه‌رله سه‌ره‌تاوه دروست نـه‌بێ بدرێتـه ده‌ست که‌سـی فاسق، له‌به‌رئه‌وه‌ی سه‌رده‌کێشێ بـۆ پوچـکردنه‌وه‌ی ئـه‌و شـته‌ی بـۆی دانراوه، ئه‌مه‌ش به‌و شێوه‌یه‌یه، هه‌ندێکی تر وتویانه: ته‌نها به کوفرو وازهێنان له نوێژ یاخود به‌وه‌ی واز له بانگکردن بۆ نوێژ بهێنێ یاخود به وازهێنان له به‌شێکی شـه‌ریعه‌ت لاده‌بـرێو لـه‌کار ده‌خـرێ له‌بـه‌ر

---

(١) (الانصاف) ی مرادی (١٠/٣١٠ – ٣١١).

گوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کـە لـە فـەرمودەی عوبـادەدا هـاتووەو دەفەرمویێ: (وألا ننازع الأمـر أهلـه (قـال) إلا أن تـروا كفـراً بواحـاً عندكم من الله فيه برهان).[1]

ماوەردی ئـەم مەسـەلەیەی بـاس کـردووەو هـیچ جیـاوازی یـەکی نەخستۆتەڕوو، جا ئەگەر دەرچونەکەی سنوری دادگـەری (العدالـة)ی بەزاندبێ بەهۆی شـوێنکەوتنی ئارەزوکانیـەوە لـە فیسـقو زۆرداریو بەزاندنی سنوری قەدەغـەکراوەکانو ئەنجامـدانی خراپـە کارییـەکانو شوێنکەوتنی حەزەکان، ئەمە فاسقی یەو دەبێت لە سـەرەتاوە ڕێگـری لـێ بکریێ لەوەی گرێبەستی ئیمامەتی بۆ بەدی بێت، وەنابێ درێـژەی پێبدرێ ئەگەر شتێکی لەوجۆرە بەسەر ئیمـام دا هـات، بەمـەش لـە ئیمامەت دەردەچێ.[2]

لەگەڵ بەناوبانگی ئەم پـرسو مەسـەلەیە -واتـە دەرچـوون دژبـە پێشـەوای سـتەمکارو زۆردارو بەرهەڵسـتیکردنی سەرکەشـییەکانی دەسەڵاتو ڕووبەڕووبونەوەی لادانو خراپەکارییـەکانی- لـە سـەرەتای یەکەمی سەردەمی هـاوەڵانو تـابعینو شـوێن کەوتوانیانـدا، کەچـی سەردەمی گوتاری فیقهی سیاسی تەئویل کراو پەرەسەندنێکی فیکری نویێی بەخۆوە بینی، کە زیاتر دەربڕی واقع بوو، وەك لەدەقەکان، ئەوەتا (ابن مجاهد البصـري الأشـعري) -مامۆسـتای بـاقلانی- بانگەشـەی

(١) الجامع لأحكام القرآن ٢٧١/١.

(٢) الأحكام السلطانية ل ١٩.

کۆڕای ئومەت دەکات سەبارەت بە حەرامی دەرچـوون دژ بـە ئیمامـە زۆردارەکان، (ابن حزم)یـش ئـەم بانگەشـەیە ڕەت دەکاتـەوە، زۆر بـە نەشیاوێکی گەورەی باس دەکات، (ابن حزم) ووتویـەتی: (سـوێن بـێ لەسەرم، زۆر گەورەیە کاتێ ئەو دەزانێ کـە پێچـەوانەکردنی ئیجمـاع کافر بوونە، کەچی ئەم بۆچونە فڕێ بداتە سەر خەڵکی، دەشزانێ کـە باشترینی هاوەڵانو خەڵکانی تریش لە ڕۆژی (الحره)دا دەرچوون دژ بـە یەزیدی کوڕی موعاویە، وە عەبدوڵڵای کـوڕی زوبـەیرو ئەوانـەی کـە شوێنی کەوتبوونو لە باشترینی مسوڵمانان بـون، بـە هـەمان شـێوە دەرچـوون، حەسـەنی بەسـریو گـەورە تابعینـەکانیش دژبـە حـەجاج جەنگان، ئایا بیروڕای وایـە ئەوانـە بێبـاوەڕو کـافربوون؟! سـوێندبی لەسەرم، ئەگەر ئەمە جیاوازییەکی شاراوەو پەنهان بوایە بیانویەکمان بـۆی دەدۆزییـەوە، بـەڵام ئەمـە مەسـەلەیەکی بەناوبانگـەو زۆربـەی عەوامی بازاڕیش دەیزانێو کچانی نێو پەردەو کەژاوەکانیش دەیـزانن، لەبەر بەناوبانگی یەکەی).(١)

پاشان زۆری نەخایاند ئـەم بانگەشـەیەی (ابـن المجاهـد البصـری) موتەکـەلیم لـەنێو فەقیهەکانـدا بـرەوی پەیـداکرد، وەك دەربـڕی کاریگەری واقعی ئەوچەرخە لەسەر فیقهـــ و دەقـە شـەرعی یـەکان، تاوەکو نەوەوی (٦٧٦ ك . ك) لە سەدەی حەوتەمـدا بانگەشـەی بـۆی

(١) مرتب الاجماع ل ١٩٩.

کرد ، ئەوەتا دەڵێ: (سەبارەت بەدەرچوون‌و جەنگ کردن دژیان ئەوا بـە کۆڕا (اجماع)ی مسوڵمانان حەرامە ، هەرچەندە فاسـق‌و سـتەمکاریش بن، سوننیەکان کۆن لەسەر ئەوەی سـوڵتان بـەهۆی فیسـقەوە لـەکار لانادرێ، ئەوەشی لە هەندێ کتێبی هاوەڵاندا هاتوە کە لەکار لادەبـرێ ئەوە هەڵەی ئەو کەسەیە کەوتویەتی‌و پێچەوانەی ئیجماعـە). [1] بـە هەمان شێوە (قاضي عياض)یش هەمان بانگەشەو ئیـدیعا دەکـا. [2]

هەروەك چۆن ئەم بانگەشەیە -لەژێر پەسـتانی واقـع دا- لـە کتێبـی شەرعناس‌و فەقیهەکاندا بڵاوبویەوە، بە هەمان شێوە لـە کتێبـەکانی بیروباوەڕ (الإعتقاد)یش دا بڵاوبویەوە، پاشـان زۆری نەخایانـد بـو بـە ئەسڵێك لە ئەسڵەکانی بیروباوەڕ (العقیدە)؟!!

شێخی ئیسلام (ابن تيمية) وتویەتی: (بیروڕای ئەهلی سوننە بـەوە گەیشتووە کە دەبێ لەکاتی فیتنـەو ئـاژاوەدا واز لەجـەنگ‌و کوشـتار بهێنـرێ، لەبەرئـەو فـەرمودە سـەحیحانەی لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕدراونەتەوە، ئەمەشیان لە کتێبـەکانی بیروباوەڕیانـدا باسـکردووەو فەرمانیش دەکەن بە ئـارامگری لەسـەر زۆرو سـتەمی ئیمامـەکان‌و

(١) سەیری شەرحی ئەوبکە بۆ صحیحی موسلم ٢٢٩/١٢ تەنها بە بانگەشەی (إجماع أهل السنه)ەوە نەوەستاوە تەنانەت کۆڕای هـەموو مسوڵمانان (إجماع المسلمين)ی بـە هـەموو کۆمـەڵ‌و دەسـتەکانەوە ئیـدیعا کـردووە، لـە کاتێکـدا دەرچـوون دژ بـە پێشەوا زۆردارەکان لە (أصول)ی موعتەزیلەو خەوارج‌و زەیدیە؟!!.

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

وازهێنانی جەنگ لەدژیان). [١]

(ابن أبو العز) ڕاڤەکاری (العقیدة الطحاویة) لە پرسی گوێڕایەڵیکردنی ئیمامی زۆرداردا وتویەتی: (سەبارەت بە پێویستی گوێڕایەڵی کردنیان هەرچەندە زۆرداریو ستەم بکەن، لەبەرئەوەیە کە دەرچوون لە گوێڕایەڵییان بەرەنجامی خراپەکارییەکانی چەند قاتی ئەو زۆرداری یەیە کە بە هۆی ئەمانەوە ڕوو دەدات، بەڵکو خۆڕاگری لەسەر زۆرداریەکانیان هۆکاری سڕینەوەی گوناهەکانو چەندانە بوونی پاداشتەکانە، چونکە خوای گەورە بەهۆی خراپی کارو کردەوەکانمانەوە بوو ئەمانەی زاڵ کردوە بەسەرماندا، سزاش بەپێی ڕەگەزی کارەکە دەبێت، هەربۆیە پێویستە لەسەرمان داوای لێخۆشبونی زۆر بکەینو تەوبە بکەینو کارو کردەوەمان چاکساز بکەین، خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿ وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ ﴾ (الشوری: ٣٠) وەفەرمویەتی: ﴿ أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ ﴾ (آل عمران: ١٦٥) وەفەرمویەتی: ﴿ مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ ﴾ (النساء: ٧٩) وەفەرمویەتی: ﴿ وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ

(١) (منهاج السنة)٢٤١/٢، لەگەڵ ئەوەش دا ئەم ئەسڵەی لە (العقیدة الواسطیة)دا باس نەکردووە لەگەڵ ئەوەی بۆ ڕونکردنەوەی (أصول أهل السنة) داینـاوە وەك ئەوەی ڕەچاوی ئەو ناکۆکیو جیاوازیيە کۆنانەی کردبێ لەم پرسەدا لە نێوان سەلەف دا هەبووە.

**بَعْضاً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ** (الأنعام: ١٢٩)، جـا ئەگـەر خـەڵكی بیانـەوێ لەستەمی ئەمیری ستەمکار ڕزگاریان ببێ، باواز لەستەم بهێـنن، لـە مالکی کوڕی دینارەوە گێڕدراوەتەوە لە هەندێ کتێبی خـوادا هـاتووە کە خوای گەورە فەرمویەتی: (مـن خـوام، پادشـای پادشـاکانم، دڵـی پادشایان بەدەستمە، هەرکەسە گوێڕایەڵیم بکا، پادشاکانی بە بەزەیی دەکەم، هەرکەسەش بێفەرمانیم بکا پادشاکان دەکەمە هۆکاری تۆڵـە سەندنەوە لێی، خۆتان سەرقاڵ مەکەن بە جنێـودان بـە پادشـاکانەوە، بەڵکو پاشگەزبنەوەو تەوبە بکەن، بەسۆزترین کەس دەبن بۆتـان).[1] بەم شێوەیە دۆزو کێشەکە لەدۆزو کێشەیەکی خیلافی ئیجتیهادییـەوە گۆڕا بـۆ دۆزو کێشـەیەکی ئیجمـاعیو بـڕاوە، وە لـە مەسـەلەیەکی فیقهییەوە گۆڕا بۆ بنچینەیەکی عەقائیدی کە بەجۆرە ئیسـرائیلیاتانە بەڵگەی بۆبهێنرێتەوە.

بەم شێوەیە گوتاری سیاسی فیقهی چـووە قۆنـاغێکی نوێـوە، کـە تیایدا زانایان هەستان بە تەئویلکردنی دەقەکان بۆ بەخشینو پۆشینی شەرعیەت بەسەر واقعو ڕیشەدارکردنیدا، جارێك بەناوی ئەوەی ئەمـە دەلالەتی دەقەکانەو جارێکی تـر بـەناوی ئـەوەی بەرژەوەنـدی ئەمـە

---

(١) شرح العقيدة الطحاوية ل (٤٣٠)، ئەلبانی لە پەراوێزی ئەم (أثر)ەدا فەرمویەتی: ئەمە ئیسـرائیلیاتە، هەندێ لە وانەی شـارەزاییان کەمە بەرزیان کردۆتەوە بۆ پێغەمبـەر ﷺ و گەیاندویانـە بـەو، الطبراني لـە(الأوسـط)دا لـە (أبـودرداء)ەوە گێڕاویەتیەوە، (الهيثمي)(٢٧٩/٥) وتویەتی (ئیبراهیمی کوڕی ڕاشدی تێدایە کە واز لە فەرمودەی دەهێنرێ— متروكه).

دەخوازێو دەرچونیش تەنها خراپەکاری لێ دەکەوێتەوە.... هتد.

بێئەوەی خوێندنەوەیەکی دروستی واقع بکرێ، وە بێئەوەی هەست بەوە بکرێ ئـەو بەرژەوەندییـەی واگومـان دەکـرێ تـەحریمی بـەرگری سەرکەشـییەکانی دەسـەڵاتو لادانـەکانی پـێدەکرێ بریتیـە لـە بەرژەوەندییـەکی ئێسـتاییو کـاتی، چـونکە زۆر ناخایـەنێت ئـەو سەرەنجامانە خراپتر دەبن لەوەی کە لە بەرەنجامی دەرچونەوە بەدی دێت، چونکە ئومەت بەرەو لاوازیو لێکترازانو شی بونەوەو پاشان کـەوتنو گلان دەبا بەو شێوەیەی لە سوننەتو رێو شوێنە کۆمەڵایەتی یەکاندا بەدی دەکرێ، هەرئەوەش ڕویدا، هەرکە ئەم جۆرە لە گوتـاری سیاسـی تەئویل کراو بڵاوبویـەوە – خـەرمانێك لـە قودسـیەتو پـیرۆزی کـرا بەبەردا تاوەکو گەیشـتە ئەوپـەڕی لادانو زۆرداریو خۆسـەپێنی – و کارەسات بەسەر ئوممەت داهات، ئەوەبوو و یەکسەر داگیرکاری تەتاری بە سوپا دڕندەو هەمەجیەکەیەوە پایتـەختی دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە ساڵی (٦٥٦ ك) دا ڕوخاند، لە گەورەترین کارەسـاتێکی مێژوویـیدا، کە مسوڵمانان بەخۆیانەوە بینیویانە، هـەر ئەمـەش لـە ئەنـدەلوسو هەرێمەکانی تردا ڕوویدا، پاشان سەرەنجامی ئوممەت بەوە گەیشت کـە لەبـەردەم هـەژموونو زاڵێتـی ڕۆژئـاوای کۆلۆنیـاڵی خـاچ پەرسـتدا بەچۆکدا هاتو تێکشکا، بەهۆی وون بوونی ڕۆڵی ئوممەتو گەنـدەڵی سسـتمەکانو بڵاوبونـەوەی ئـەم گوتـارە سیاسـییە تـەئویلکراوەی شەرعیەت دەبەخشێتە بوونی خۆی بەڵکو هـەوڵی خۆپـارێزی دەدات،

ئیتر فەسادەکەی لە هــەر ڕادەیەکـدابێت، کەمتەرخــەمی کردنـی بــە بەرژەوەندییەکانی ئوممەت گەیشتبێتە هەر ئاستێك، گرنگ پاراســتنی بەرژەوەندی تەختو پایەگاکەیەتی؟!!

ئەوانەی خاوەنی ئەم گوتــارە تــەئویلکراوە بــوون بــە تێڕوانینێکــی سلبیو لەیــەك لاوە دەیــان ڕوانییــە بزاڤــەکانی نارەزایــەتی سیاســی، ئەویش ئەو بەرەنجامو ئاژاوەو فیتنەیەیە کــە بەهۆیــەوە هەنـدێ کــەس بڕێـك ســامانو دارایــی تێیــدا دەچــوو، بێئــەوەی بڕواننــە زەرورەتــی بەرپاکردنو دروستبونی ئەم بزاڤانە کە دەبونە ڕێگر لــەوەی دەســەڵات ستەمو زۆرداریو سەپاندنو لادان ئەنجام بدا کە لەوانەیە سەربکێشــێ بۆ ئەوەی ئوممەت بە تــەواوی بکەوێتــە ژێــر دەســـەڵاتی دوژمنێکـــی دەرەکی یەوە ؟!

ئەمەش بە فیعلی ڕویدا، کاتێك ئەوەی لێی ترسان ڕوویدا، ئەوکاتە بــوو ئوممــەت توانــای بــەرگریکردنی لــەخۆی نامێنــێ، پــاش ئــەوەی تێکشکێنراو و مافی لــێ زەوت کرا، دواتــر ڕۆڵــی نــەماو ژیــانی لــە پەراوێزی ڕوداوەکانی واقع دا دەبردەسەر، لێرەوە خەڵکی چاوەڕوان بوون دەســـەڵات هــەموو شــتێ لــەبری ئــەوبکات، تەنانــەت لەخۆڕاســت کردنەوەشــدا – دەســەڵات خــۆی ڕاســت بکاتــەوە –و بەخۆیــدا بچێتەوەو ڕەخنە لە سیاسەتەکانی خۆی بگرێت؟

لەراستیدا ترسناکترین شتێ کەلەم گوتارەدا هەبوو ئەوەبوو ڕێگــەی بڕی و بووە کۆسپ، تەنانەت لەو خەلیفەیەو پادشایانەشی مەبەستیان

بوو چاکسازی ئەنجام بدەن، چونکە ئەگەر بوترایە واجبە ئیمامەت بــە ڕاویژ بێت، وە بوترایە حەرامە میرات‌و پشتاوپشتی بەدی بێت‌و واجبــە ڕاوێــژی ئوممــەتی تێــدابکریۆ بــەبێ ئــەو هــیچ کارێــك یــەکلا نەکرێتەوەو...هتد، لەوانەبوو هەندێ لەو خەلیفانەی کەدەهاتن بـاوەڕو ئیسلاح خوازییەکەی وای لـێ بکردایە کـاری پێبکـاو بیچەسـپێنێ، تاوەکو ئوممەتیش ژیانێکی سەرلەنوێ دەست پێبکات، بەهــەمان ئــەو ڕێۆ شوێنەی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا بەسـەریان بردبـوو لە کاروبارە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەم گوتارە تـەئویل کـارە دەقــەکانی بەوپێیە تەئویل دەکرد کــە واقــع دەیخواســت، کــارێکی نــەکرد واقـع پەلکێش کا بۆ ئەو مەبەستەی کە دەقەکان بـۆی هــاتوون، وای لـــێ هات کاتێ کە خەلیفە چـاك‌و پادشـا دڵسـۆزەکان دەهــاتن شـتێکیان نەدەبینی کە پێویست بێ لەسەریان ئەنجامی بدەن جگــە لەدادگــەری، ئاوڕیان نەدەدایەوە بۆ لای هیچ شـتێکی تـر لــە بنــەماکانی گوتـاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو کە زانایــەك مابـێ لەسـەردەمی خۆیانـدا بانگەشەی بۆ بکا یـا مــوژدەو مزگێنــی پێبـدا، بــەڵکو گوتـارێکی تەئویل کراویــان دەبینــی کــەپێی وابــوو ڕاوێـژپێکردنی ئوممــەت لــە کاروبارەکــانی خۆیــدا کــارێکی بــاش‌و موســتەحەبەو گەڕانــەوەی کاروبارەکان بۆ لای خەڵکی کارێکی دروست‌و موباحە؟

له راستيدا ئەو هـۆكارانەى سـەرى كێشـا بـۆ بلاوبونـەوەى ئـەم گوتـــاره تەئويل كراوه زۆرن، گرنگـتـرينيان ئەمانەن: -

١/ خاوەنى ئەم گوتاره تێڕوانينێكـى جـوزئىو يـەك ڕوو ناتـەواويان هەبووه بۆڕووداوەكانى مێژوو، نەك تێڕوانينێكى گشتىو هەمەكى، بۆيـه گومانيـان وابـوو هـەموو دەرچـوونو يـاخى بونێـك تـەنها خراپەكارى لىَ دەكەوێتەوه، (ابن القيم) ووتويەتى: (ئينكاريكردنى پادشايانو دەرچوون له دژيان بناغەى هەموو خراپـەو ئاژاوەيەكـه تاكۆتايى دونيا).[١] نەيان دەڕوانييه ئـەو ڕووداوانـەى زۆرێـك لـه چاكسازى بەدواى خۆيدا دەهێنا، عەبدوڵلاى كوڕى زوبـەير دژ بـه يەزيد ڕاپەڕى، سەردەمەكەشـى باشـتربوو لـه سـەردەمى يەزيـد، عەباسييەكان دژبه ئومەويەكان ڕاپـەڕين، - لـەكۆى گشـتيدا — سەردەمى ئەمان له سـەردەمى ئومـەويـەكان باشـتربوو، ئەحمـەدى كوڕى حەنبەل به باشترى دادەنانو دەيوت: (نوێژيان بـەجىَ هێنـاو سوننەتيان زيندوو دەكردەوه)، سـەلاحەددين دەوڵـەتى فاتميـەكانى ڕوخاندو سەردەمى ئەو له سەردەمى ئەوان باشتربوو، شێخى ئيسلام موحەمەدى كوڕى عەبدولوەهاب بەدەركەوتو لەگەڵ موحەممـەدى كوڕى سعوددا دەوڵـەتى خۆيانيـان بـەرپاكرد، سـەردەمى ئـەمان لەسەردەمى پێش خۆيان باشتربوو...... هتد.

(١) أعلام الموقعين ٣/٤، ڕامێنه ؟بزانه ئەم دەربڕينه چ زيادەڕۆيىو ڕۆچونێكى تێدايه بۆ پلەوپايەى دەسەلاتو سوڵتان؟.

ڕووداوەکانی مێژوو ئێجگار زۆرن، بەڵکو ئـەوە مێـژووی تـەواوی گەلانی جیهانە تەئکید دەکاتەوە لەسەر ناڕاستـی ئـەم بیردۆزەیـە، ئەمە چەند یاساو ڕێسایەکی کۆمەڵایەتین مسوڵمانانو ئەوانی تـر تیایـدا یەکســانن، لەراســتیدا هۆکــاری ڕاپــەڕینی ئـەوروپاو گەشەسەندنو دەرچونیان لەو بارودۆخەی تیایدا بــوون بریتـی بـوو لەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیانەی بەرەنگاری زیادەڕەویەکانی دەسـەڵات بونەوە تاوەکو کاروبارو بارودۆخی ژیانی دونیایان ڕێكو ساز بویەوە، بە هەمان شێوە هـەموو ئەوانـەی ئـەم ڕێگەیـەیان گرتەبـەر بـۆ بەرەنگاربونـــەوەو بـــەرگریکردنی زیدەڕەویـــەکانی دەســـەڵاتو ئازادکردنی گەلان لە زۆرداریو ستەمو توانیان پەرە بەخۆیان بدەنو بارودۆخیـان چـاك بکـەنو دادگـەریو بەویـژدانی لـە نێوانیانـدا بەدەرکەوت، کەشتی وا لای گەلانی تر بەدی نەدەکرا، بـەڵکو ئـەو دادگەریو سەقامگیریو ئازادیـەی پـاش شـۆڕش بۆگـەلی ئێرانـی بەدیهات باشتربوو لەو بارودۆخـەی لەسـەردەمی شـادا هـەیانبوو، ئەمەش بـارودۆخی زۆربـەی وولاتانـە، کەواتـە ناگونجـیو نـاکرێ خۆبدەینـە دەسـت ئـەو بیردۆزەیـەی وادەبینـێ بەرەنگاربونـەوەی زیادەڕەویەکانی دەسەڵات تەنها زیانی لێ دەکەوێتەوە.

چۆن وایە؟ لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ سـەبارەت بـە فـەرمانڕەوا ستـەمکارەکان دەفـەرموێ: (فمـن جاهـدهم بیـده فهـو مـؤمن) هەرکەسێ بەدەست دژیان تێبکۆشێ ئەوە بـاوەڕدرە، وەدەفـەرموێ: (إلا أن تروا كفراً بواحاً) وەگەر کوفرێکی ئاشکراتان لـێ بینـین،

ئەگەر دەرچوون لەدژیان هیچ سودێکی نەبوایە ئەوا بۆ هەندێ بارودۆخیش خوای گەورە مۆڵەتی پێنەدەدا، بەڵکو خوای گەورە هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ستەمو زۆرداری هۆکاری تیاچونن، قورتوبی دەڵێ: فەرمودەی خوا ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى﴾ (هود: ١١٧) واتە: خوای گەورە خەڵکی هیچ لادێو شارێك لەناونابا (بِظُلْمٍ) واتە: بەهۆی هاوبەشی پەیداکردن (شیرك) و بێباوەڕی (کفر) ەوە (وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ) ئەگەر خەڵکەکەی لە نێوان خۆیاندا مافەکانی یەکتری بدەن، واتە تەنها بەهۆی کوفرەوە لەناویان نابا تاوەکو خراپەکاریو گەندەڵی بۆ زیاد نەکەن، هەروەك چۆن گەلی شوعەیبی بەهۆی گزیکاریکردن لە کێشانەو پێوانەدا لەناو برد، وەگەلی لوتی بە هۆی هاوڕەگەز بازییەوە لەناوبرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تاوانو خراپەکاری نزیکترە، بەهۆیەوە سزای تیاچوونی دونیایانە بەدی بهێنێ وەك هاوبەش پەیداکردن (الشرك)، هەرچەندە سزای هاوبەش پەیداکردن لە دوارۆژدا قورسترە.

لە (صحيح الترمذي)دا فەرمودەیەك هاتووە کە ئەبوبەکری سدیق فەرمویەتی: ((گوێبیستی پێغەمبەری خودا بوم ﷺ کە دەیفەرموو: ((إن الناس إذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يده اوشك ان يعمهم الله بعقاب من عنده)).[1] واتە: لەراستیدا ئەگەر خەڵکی بینیان ستەمکار ستەم دەکاو دەستیان نەگرت نزیکە خوای گەورە سزایەکی گشتی لەلایەن خۆیەوە بۆ هەموان بنێرێ.

---

(١) تفسير القرطبي (٩/١١٤).

شەوكانى لە راڤەی ئەم ئايەتــەدا ووتويــەتى: ﴿وَمَـا كَـانَ رَبُّـكَ لِيُهْلِكَ الْقُـرَى بِظُلْـمٍ وَأَهْلُهَـا مُصْـلِحُونَ﴾ (هـود: ١١٧) واتەدروســت نەبووەو وەهاش نەسەلماوە كە خوای گەورە خەڵكی شارو لادێيەكانی تيا بردبێ تەنها بە هۆی ستەمێكەوە كە تێيەوە گلاون كە بريتيــە لە هاوبەش پەيداكردن، لە كاتێك ئەگــەر خەڵكەكــەی لــە نێــوان خۆياندا چاكساز بووبێتن و مافی يــەكتريان دەســتەبەر كردبێــت وە ستەميان لە يەكتری نەكردبێ.

واتە: خوای گەورە تەنها بەهۆی هاوبەش پەيداكردنەوە لــەناويان نابات تا دەگاتە ئەوەی خراپەكاريش لەســەر زەويــدا ئــەنجام دەدەن‌و ئەمەشی بۆ زياد دەكەن، هەروەك چۆن گــەلی شــوعەيبی بەكــەم‌و كورتی لە كێشانەو پێوانەو بەكەم زانينی شتی خەڵك لەناو برد، وە گەلی لووتی بەهۆی ئەنجام دانی ئەو كارە ناشيرين‌و قێزەونەوە لەناو برد، ووتراويشە: فەرمودەی ((بظلم)) (حال)ە لــە (فاعــل) ەكــەوە بەمەش واتای ئايەتەكە بەم شێوەيەی لــێ‌دێت: خــوای گــەورە بــە ستەم خەڵكی شارو لادێكان لەناو نابات ئەگەر ئەوان لە حــاڵێكی چاكسازدا بن‌و خراپەكاری لەسەرزەويدا نەكەن).[1]

(١) فتح القدير، هەربۆيە – وەك لە صحيح مسلم (٢٨٩٨) دايە فەرمودەيەك دەفەرموێت ((تقوم الساعة والروم أكثر الناس – كاتێك قيامەت بەرپا دەبێت رۆم زۆرترين خەڵكە، عەمری كوری عاس بۆ ڕوونكردنەوەی هۆكاری ئەمە فەرمويەتی: ( لە راستی دا ئەوان چەند سيفەتێكيان تيادايە ... پێنجەميان چاكەيەكی جوانە : كە بريتی يە لەوەی لەهەموو كەس زياتر ڕێگە دەگرن لە ستەمی پادشاكانيان (امنعهم من ظلم الملوك).

٢/ تێکەڵ کردنیان لە نێوان چەمکی دەرچونو راپـەرینی سیاسـیانە (الخروج السیاسی) بۆ رووبەرووبوونەوەی زیادەڕەویـەکانی دەسـەڵات وەك بەرگریـەك لـە ئوممـەت و لابردنـی سـتەم لێـی، وە چـەمکی دەرچوونی بیروباوەڕیانە (الخروج العقائیدی) کـە دەرچـووان خوێنـو سامانی موسڵمانان حەڵاڵ دەکەنو بە کافریان دادەنێن و ئەمەیانە دەقەکان سەرزەنشتیان دەکەن.

شـێخی ئیسـلام ئیبنـو تەیمیـە ئامـاژەی داوە بـەو تێکەڵییـەی زانایـانی دوایـین لـەم ڕووەوە تـێی کـەوتوون، کاتێـك کوشـتاری خەوارجو یاخی بووانو تەئویل کاران تێکەڵ بەیەك دەکەن، شـێخی ئیسلام ئەم تێکەڵ کردنەی ئەوان وەك نەنگیو عەیبەیەك ئـەژمار دەکاو دەڵێ: ((جەماوەری زانایان (لەکۆندا) جیاوازییـان خسـتۆتە نێوان خەواریجو نێوان ئەوانەی لە جەمەلو سەفینو ئـەوانی تـرەوە لەوانـەی بـەیاخیو تـەئویل کـار دادەنـرێن، هـەر ئەمـەش لـەو هاوەڵانـــەوە زانــــراوەو گشــــتینەی فەرمودەناســـانو فـــەقیهو موتەکەلیمینیش لەسەر ئەم بۆچونەنو ووتەی زۆربەی پێشەوایانی وەکو مالكو ئەحمەدو شافیعیو زانایـانی تـریش بەشـوێن کـەتوە کانیشیانەوە لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەیەدایە)).[١]

هەروەها وتویەتی: (ئەوانەی لـە حوکمەکانـدا کتێبیـان دانـاوە

---

(١) مجموع الفتاوی (٣٥/٥٤)، سەیری پێشتر، ل (١٦٢) بکە.

کوشتار (قتـــال)ی یاخییـــانو خـــەوارجیان هـــەموو بـــاس کـــردووە، سەبارەت بەکوشتاری یاخی بوان لە پێغەمبەری خـواوە ﷺ هـیچ فەرمودەیەك نەگێڕدراوەتەوە جگە لە فەرمودەی (کوثر بـن حکـیم عن نافع) نەبێت، کە ئەویش هەڵبەستراوە، سـەبارەت بـە کتێبـە دانراوەکانی فەرمودەی هاووێنەی (صـحیح البخـاری) و (السـنن) جگە لە کوشتاری هەڵگەڕاوەو خەواریج کە بە ئارەزووبـازان (أهـل الأهواء)ناو دەبرێنو هیچ شتێکی تریان تێدا نابینی.. هەر ئەمەش لە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ڕێساو بناغەیەکی جێگیرو سەلماوە، ئەمەشە ئـەو جیاوازییـەی لـە نێـوان کوشـتاری ئەوانەدا هەیـە کەدەرچـوون لـە شـەریعەتو سـوننەت، ئەمەیـە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کوشتاریانی داوە، بـەڵام کوشـتاری ئەوانەی تەنها لە گوێڕایەڵی ئیمامێکی دیاری کراو دەردەچن ئـەوا لە دەقەکاندا هیچ فەرمانێکی لەوشێوەیە (بۆکوشتاریان) نیە.(١)

پاشان باسی ئەو قەدەغەکراوانە دەکات کە ئەو فەقیهانـە تـێی کـەوتوون بـەهۆی ئـەم تێکەڵکرنـەوە کـە لـەم خاڵانـەدا خـۆی دەبینێتەوە: -

١- (بـڕوا بونیـان) بەکوشـتاری هەرکەسـێ کـە لـە گوێڕایـەڵی پادشایەکی دیاریکراو دەردەچـێ، هەرچـەندە ئـەو کەسـە کـە

(١) مجموع الفتاوی (٤/٤٥١).

دەرچووە لە شوێنکەوتنی شەریعەت‌و سوننەتیشـدا وەکـو ئـەو پادشایە وابێ یانزیك بێت لەوەوە ؟!

٢- بە یەکسان کردنی ئەوانـەی کـە لـە گوێڕایـەڵی پادشـایەکی دیاریکراو دەردەچن لەگەڵ ئەوانەی پاشگەزبونەتەوە لە هەندێ یاساکانی ئیسلام؟!

٣- بە یەکسان کردنی ئەمانەو ئەوانەی دژ بە ئومـەت دەردەچـن‌و خوێن‌و سەروەت‌و سامانی بە حەلاڵ دادەنێن[1]؟!

بەهۆی ئەو تێکەڵیەی لەلایەن ئەو فەقیهانەوە ڕوویداوە (ئەبینی دەستەیەك لەو فەقیهانە بە پێی زۆرێـك لـە حـەزو ئارەزووەکـانی پادشـاو کاربەدەسـتەکان، دەجولێنـەوە فـەرمان دەدەن هاوشـانیان کوشتار بکرێت دژ بە دوژمنانیان، لەسەر ئـەو بناغەیـەی ئـەوان دادگەرن‌و ئەوانی تـر یـاخی بـوون، ئـەمان لێـرەدا وەکـو ئەوانـە دەمـارگیری یـەی هەنـدێ لـە زانایـان دەکـەن لـە بەرامبـەر هاوشانەکانیان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەوا لەگـەڵ ئەواندایـە، یاخود ئـەوان زیـاتر لەگـەڵ حـەزو ویسـتێکدان کـە تـەئویلێکی کەموکورتی تێدایە نەك ئیجتیهاد).[2]

ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی زانایانی کۆن — ئەوکەسـانەی دژ بـە ئیمامە زۆردارەکان ڕادەپەڕین بە چاکەخوازو ئەهلی فـەزڵ (خـاوەن

(١) مجموع الفتاوى ٤/٤٥١ — ٤٥٢.

(٢) مجموع الفتاوى ٤/٤٥١.

ڕەوا) ناودەبرد وەکو حوسەینی کوڕی عەلیو خەڵکی مەدینە کە دژ بــە یەزیــد ڕاپــەڕینو ئــەو قورئــان خوێنانــەی دژ بــە حــەجاجو عەبدولمەلیك ڕاپەڕین، زانایان لەوکاتەدا بەحــەرامیان دادەنــا کــە دژیان شەڕبکرێ، بەڵکو هەندێ لە پێشــەوایان بــە واجبــی دادەنــا لەگەڵیان دەربچی، هەندێکیشــیان ئــەم دەرچــونەیان بــە دروســت (جواز) دادەنا، هەندێکی تریشیان دیدوبۆچــونی وابــوو لەگــەڵیان دەرنەچی، بــەڵام هــەموویان بــە حــەرامیان دادەنــا بجــەنگێی لــە هاوشانی ئیمامە زۆردارەکانەوە دژ بــە ڕاپــەڕیوەکان، کــە خــاوەنی ڕەوایەتی بوون).[1]

به هەمان شێوە بەحەرام دادەنرا کوشتاری ئەوکەسە بکرێ کە لە گوێڕایەڵی ئیمامێکی زۆردار دەرچووە کە دەیویست خوێنی بڕێــژێ یاسامانەکەی زەوت کا یا ناموسی سوك کا، وە بۆی هەبوو بە پێی توانای خۆی بەرگری لە خۆیو سامانو خاوو خێزانی بکا.[2]

هەروەها بە حەرام دادەنرا کوشتاری ئــەو خەوارجانــە بکــرێ کــە مسوڵمانیان بە کافر دادەنا لەکاتێکدا ئەوان دژ بە ئیمامی زۆردار دەرچوبێتن، ئەگەر مەبەستیان نەبوبێ کوشتارو جەنگی مسوڵمانان بکەنو هەڵ نەکوتنە سەریان.

عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) لە بــارەی خەوارجــەوە فەرمویــەتی:

(١) سەیری (فتح الباری) ٤٨٦/١٢بکە.
(٢) سەیری فتح الباری) ٣٠١/١٢ و پێشتری ل ١٦٢ بکە.

(ئەگەر ناكۆكیو دژایەتیان هەبوو لەگەڵ ئیمامێكی دادگەر جەنگیان لەگەڵدا بكەن، ئەگەر دژو ناكۆكیش بوون لەگەڵ ئیمامێكی زۆرداردا شەڕیان لەگەڵ مەكەن، چونكە گوتەو بیروڕای خۆیان هەیە).[1] بە هەمان شێوە ئەو یاخییانەی دژبە ئیمامی دادگەریش دەرچوون یەكسەر كوشتاریان لەگەڵ ناكرێ تاوەكو ئیمام بۆڕێكەوتنو چاكەخوازی بانگیان نەكا، وەدەبێ ئەو ستەمكاریانەیان لەسەر هەڵگرێ ئەگەر ستەمیان لێ كرابوو، جائەگەر هەر ڕازی نەبوونوشەڕیان دەكرد ئەوكاتە ئیمامی دادگەر جەنگو كوشتاریان دەكاو پێویستە هاوپشتی بكرێ.[2]

زۆرێك لە پێشین وایان دەبینی وازبهێنرێ لەجەنگ لەكاتی ئەو ئاژاوەیەی لە نێوان مسوڵمانانداا بەرپا دەبێت، هەرچەندە ئیمامیش دادگەر بێت، سەرەڕای هەموو ئەمانە زانایانی دووایین — هەروەك شێخی ئیسلام دەیڵێ — هەموو ئەم جۆرانەیان تێكەڵ بەیەك كردووە، یەك بڕیارو حوكمیان بۆداناون، وەك شوێن كەوتنێكی حەزو ئارەزووەكانی پادشایانو پشتگیری كردنیان، خێرابوون لە ڕازیكردنو پشتگیری كردنیاندا بە تەئویل كردنی دەقەكان، بەشێوازێك ئەو

(١) فتح الباري (١٢/٣٠١).

(٢) سەیری (المغنی)ابن قدامە بكە (٥٣/١٠) لە باسی بە مەرج دانانی بانگەشەكردنی یاخی بوان بۆ ئیسلاحو لابردنی ستەم لێیان پێش ئەوەی لەگەڵ ئیمام دا جەنگیان بكرێ.

دەقانە واتای وا لەخۆ نـاگرنو وەدەقـەکانیان بـە شـێوازێك وەگـەڕ دەخست کە لە خزمەتی دەسەڵاتدار بن؟!

(ابن سلمون الكنانی) دەڵێ: (مالك وتویەتی: ئەگەر هاوشێوەی ئەم خاوەن ئارەزووبازانە دەرچوون دژ بە مسوڵمانانو خراپە کارییان کردو خوێنیان ڕشت، وادەبینم کە جەنگیان لەگەڵ نـەکری مەگـەر ئیمامەکە دادگەربێت، جا ئەگەر ئیمام دادگـەر بـوو ئـەوا مافـە لەسـەر مسـوڵمانان جـەنگیان بکـەن تـاوەکو دەیانگێڕنـەوە بـۆ دادگـەریو ڕەوا، بـەڵام ئەگـەر ئیمـام دادگـەر نـەبوو ئـەوا بـۆ مسوڵمانان هەیە جەنگیان نەکەن، مالك وتویەتی: ئەگەر شتی وا ڕویدا ئەوا لە ماڵی خۆتدا دانیشە، ئەگەر ویسـتیان سـامانەکەت ببەن بـە شمشـێرەکەت بجـەنگێ لەگـەڵیان، پـاش ئـەوەی داوایـان لـێدەکەی لەبەرخاتری خوا وازت لـێ بێنن، (ابن القیم) وتویەتی: ئەگەر چـوونە شـارێکەوە تـەنها ئیمامیـان مەبەسـت بـوو ئـەوا جـەنگیان لەگـەڵ نـاکرێ، ئەگـەر هـاتوو ئیمامەکـە زۆردارو ستەمکاربوو، مەگەر بیانەوێ لەگەڵ ئەوەشدا زیان لە مسـوڵمانان بدەنو سامانو دارایی یەکەیان داگیر بکەن، ئەوا هاووێنەی ئەمانە پاش خاتر خوایی جەنگیان لەگـەڵ دەکـرێ، ئەگـەر هـەر وازیـان نەدەهێنا، عیسا لە (ابن القاسـم)ەوە دەیگێڕیتـەوە کـە پرسـیاری کاربەدەست (والی)یەك لە مالـك کـرا کـە کەسـێك دەیـەوێ لـە کاربەدەستی لایبەرێ: ئایا پێویستە بەرگری لـێبکری؟ فەرمووی:

ئەگەر وێنەی عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بـوو ئـەوا شـتێکی زۆرباش‌و شیاوە بەرگری لـێ بکـری بـەڵام بـەدەر لـەوە وازی لـــێ بهێنەو ئەوەی دەیەوێ بابیکا، تاخوا تۆڵە لە ستەمکار بەستەمکار بکاتەوەو زاڵـم زەواڵـی بـۆ پەیـدا دەبـێ، پاشـان خـوا تۆڵـە لـە هەردوکیان پێکەوە دەکاتــەوە، یــەحیا وتویــەتی: بۆچـونی ڕاسـت سەبارەت بە دەسەڵاتێك کە سەرزەنشتی لەسەرە ئەوەیـە کـە هـیچ پشتگیری یەکی نەکرێ‌و لایەنگیری نەبی، هەرکەسەش ڕوو بـەڕووی کەسێك بویەوەو ویسـتی دەسـتدرێژی بکاتـە سـەرخۆی‌و سـامان‌و دارایی یەکەی با بەرهەڵستیان بکات) .

(ابـن القاسـم)یـش شـتێکی هاوشـێوەی ئەمـە لـە هـاوەڵانی مالیکەوە دەگێڕێتەوە، لە (مختصر ابن شعبان)دا (ابن القاسم) لـە مالیکەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرمویەتی: ئەگـەر خـەڵکی بەیعـەتی ئەمیرایەتییان بەخشی بە پیاوێك پاشـان کەسـێکی تـر هەسـتاو بانگەشەی بۆبەیعەت پێدانی خۆی کـردو هەنـدێکیان بەیعـەتیان پێ دا، بەیعەت پێدراوی دووەم دەکوژرێ ئەگـەر پێشـوو دادگـەر بوبـێ، ئەگـەی وێنـەی ئـەم (سـتەمکارانەش) بێـت ئـەوا هـیچ پابەندییەك بەبەیعەتەکەوە نـاکرێ، ئەگـەر بەیعـەت پێدانەکـەی لەترسا بوبێ‌و بەیعەت دانەکەش بۆ دووەمە ئەگەر دادگـەر بێـت، ئەگینا بەیعەتێکی وەهای نیە پایەنـدی پێـوە بکـری، (الأبهـري) وتویــەتی: ئەگــەر کۆمــەڵێك خــەڵك گەلەکۆمــەیان کــرد لــە

ئیمامێکی دادگەرو بەهۆی حەزو دەرمارگیری یەوە لەدژی دەرچوون - هەروەك خەڵکی شام کردیان - ئەوا هەوڵیان لەگەڵ دەدرێ تاوەکو دەگەڕێنەوە بۆ ڕەوا، جگە لەویش وتویەتی: هەردەستەیەك کۆبویەوەو ئیمامێکی بۆ خۆی داناو بەرهەڵستی کرد لە فەرمان ڕەوایی ئیمامێکی دادگەر ئەوە یاخی (باغی)یە.

لە (کتاب الإستغناء)دا هاتووە کە هەندێ لە دوایینەکان وتویانە: ئیمامەکان چەند بەشێکن، یا ئەوەتا ئیمامێکە بە ڕەزامەندی مسوڵمانان ئەم کارەی گرتووەتە دەستو هەموویان ڕازی بوون لە ڕەفتارو ڕەوشتیو لە دادگەری یەکەیدا، یاخود بەبێ ڕاوێژو تێ ڕوانینو جەنگ لەسەرکردن خزێنراوەتە نێو ئەو کاروبارەوەو پێی دراوە، مسوڵمانانیش کارو ڕەفتاریان بەدڵە لەوکاتەوەی کارەکەی پێدراوەو بەشیاوی ئەو کارەی دەزانن- پێویستە مسوڵمانان بەرگری لەم شێوە فەرمان ڕەوایە بکەن.

بەڵام ئەو کەسەی لە بەرەنجامی زۆرو خۆسەپاندنەوە ئەم کارە دەگرێتە دەست بەبێ ڕاوێژ، کارەکەشی لەبەر دەڕواو دادگەری ئاشکرا بە دەردەکەوێ بەوشێوەیەی لە خەلیفەکانی ڕاشدیندا هەبووە - ئەوە پێویستە لەسەر مسوڵمانان ئامۆژگاری بکەنو گوێڕایەڵی بن، وە داوای چاکسازیو چاکەخوازی بۆ بکەن، بەڵام ئەوکەسەی کاربەدەستێکەی بەخۆسەپانو بێڕاوێژ گرتۆتە دەستو داواش لە خەڵکی دەکا تاوەکو بەیعەتی پێ بدەن، لە هەمان کاتدا زۆرداری لێ بەدەرکەوتوە لە سامانو خوێنو شتی تردا، لەگەڵ

ئەوەشدا کارەکەی بۆ چۆتە سەرو پادشــایەتی دەکــاو زاڵــە بەســەر کاروباریدا، خەڵکیش لە سایەیدا پارێزراون لەو ئاژاوەیــەی ئــایینو سامانیان تیــا دەبــاو خوێنیــان لــە ڕشــتن دەپــارێزرێو خــەڵکیش بەگشتیو تایبەتیانەوە بە عەوامو خەواسەوە ژیان دەگوزەرێنن.

وە دەشزانرێ گوێڕایەڵیو ملکەچیکردنی باشترە بۆ ئەوەی ڕێگری بکــرێ لــە خراپــەکاریو تیاچــوونی کەســەکان- لــەم کاتــەدا گوێڕایەڵیکردنی پێویستە لەو حوکمانەی بانگەشەی بــۆ دەکــا، وە لە پێدانی زەکاتــدا ئەگــەر داوای کــرد، هەرچــەندە زۆردارە، لــەم شتانەدا پێویستە بە ئیمامێکی گوێڕایەڵی کراو دابنرێ هەرچەندە ستەمکاریش بێت، بۆ خۆی مەی بخواتەوەو دەست درێژی هەبێو لە خانەی سامان ببــات، بــەڵام نابێــت جــەنگ بکرێــت لەگــەڵ ئــەو کەسانەدا کە بەیعــەتیان پــێی نــەداوە، پێویســتیش نیــە لەســەر مسوڵمانان پشتیوانی لــێ بکەنو لەپێناویدا خوێنی خۆیان برێژن، ئەگەر هاتوو کەسانێك لێی ڕاپەڕین بەهۆی زۆرداریيەکەیەکانیەوە وەکەسێکی تریان کرد بە ئیمامی خۆیانو بانگەشەیان بۆی دەکرد، پێشــەوا (أبــو المعــالی) فەرمویــەتی: ئەگــەر والیو کاربەدەست زۆرداری کــردو ســتەمی دەرکــەوت ئــەوا ئــەهلی حــەللو عەقــد پێویستە ڕێگری لــێ بکــەن ئەگــەر بەشیر هەڵکێشــانو جــەنگ بەرپاکردنیش بووە).[1]

---

(١) العقــد المنظم بحاشية تبصرة الحكام ٢/١٩٥ – ١٩٧.

٣/ یەکێکی تر لەوهۆکارانەی سەری کێشا بۆ بڵاوبونەوەی ئەم گوتارە سیاسی یە تەئویل کراوە بریتیــە لــە: بڵاوبونــەوەی فــەرمودەکانی فیتنەو ئاژاوەگێڕی (احادیث الفتن) کە تەئکیــد دەکەنــەوە لەســەر ئەوەی هەر سەردەمێك کە دێت ئەوەی پاش خۆی لەو خــراپترە، بــێ تێگەیشتن لە واتای دروستی ئەو فەرمودانە، وای لــێهات زۆربەی زانایــانی دووایــن کاربکــەن لەســەر چەســپاندنو ڕیشــەدارکردنی ئەمری واقعو بەرگری لێکردنی، لەترسی ئەو داهاتووەی کە خراپترە لە ئێستا، هەروەك دەقەکان تەئکید لەسەر ئەمە دەکەنەوە؟

(حافظ ابن الحجر) وەڵامدانەوەی هەیــە ســەبارەت بــەواتای ئــەو فەرمودەیــەی ئەنــەس کاتێــك کــە خــەڵکی دەهــاتنو ســکاڵای ئەوستەمەیان دەکرد کە لــە حەجاجــەوە توشــیت دەهــات ئــەویش پێیانی ئەووت: (اصبروا فإنه لا يأتي عليكم زمان إلا والذي بعــده شر منه حتى تلقوا ربكم).[١] واتە ئارام بگــرن چــونکە لەڕاســتی هیچ سەردەمێکتان بەسەردا تێناپەڕی کە ئەوەی دواتری لەو خراپتر نەبێت، تا دەگەن بە پەروەردگاری خۆتان.

(حافظ) فەرمویەتی: (ئەم ڕەهایی یە ئاڵۆزیو ئیشکالی دروست کردووە لەگەڵ ئەوەی هەندێ کات زیانو خراپییتیان لە پــێش خــۆی کەمترە، ئەگەر لــەم ڕووەوە هــیچ شــتێ نــەبێت تــەنها ســەردەمی

---

(١) رواه البخاري ف ژمارە (٧٠٦٨).

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە زۆر بەناوبانگەو بـە پێچـەوانەی ئەو ڕەهاییەیە، بەڵکو ئەگەر بوترێ: خراپـە لـە سـەردەمی ئـەودا پوکایەوەو تەنك بوو شتێکی دوور نیە ئیتر چ جـای ئـەوەی بـوترێ سەردەمی ئەو لە پێش خۆی خراپتر بووە، حەسـەنی بەسـری دەڵـێ: ئەمە بۆزۆرینەو زاڵێتـی یـە، پرسـیاری هـاتنی عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیزی لێکـرا لـەپاش حەجاجـەوە ووتـی: دەبـێ خـەڵکی هەناسەیەك بدەن، هەندێك واوەڵامیان داوەتەوە کە مەبەسـت لـەم فەزڵ دانە فەزڵدانی کۆی سەردەمەکەیە بەسەر کۆی سەردەمێکدا، چونکە لە سەردەمی حەجاج دا زۆرێك لە هاوەڵان لە ژیاندا بـوون، لە سەردەمی عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیزدا بنـەبڕ بـوون، ئـەو سەردەمەی هاوەڵانی تێدابێت باشترە لەوکاتو سەردەمشی بەدوایدا دێت، لەبەرئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ ((خير القرون قرني)) ئەمەش لە (صـحيح) دایـە، هـەروەها ئـەو فەرمودەیـەی دەڵـێ: ((أصحابي امنة امتي فإذا ذهب أصحابي أتى أمتى ما يوعدون)) (أخرجه مسلم)، واتە: هاوەڵانم دەرگـای ئاسایشـی ئوممەتەکـە مـن ئەگەر هاوەڵانم ڕۆیشتن ئوممەتەکەم هەموو ئەو شتانەیان بەسەردادێ کە بەڵێنیان پێدراوە.

پاشـان دەبیـنین عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعود مەبەسـتەکە بـە ئاشـکرایی دەردەبـڕێ، کـە ئـەو شایسـتەترە بـە شـوێن کـەوتن، فەرمویەتی: (هیچ ڕۆژێکتان بەسـەردا تێناپـەڕێ ئەمـەی دوایـی

لەوەی پێشەوەی خراپتر نـەبێ تـا دوارۆژ بـەرپا دەبێـت، مەبەسـتم توشبوونی خۆشگوزەرانی نیە، یاخود شـتێ کـە کـەڵکی نـەبێت، بەڵکو هیچ ڕۆژێکتان بەسەر داتێ‌ناپەڕێ لەوەی پێش خۆی زانستی تێدا کەمتر نەبوبێتەوە، ئەگەر زانایـانیش ڕۆیشـتن خـەڵکی وەکـو یـەکیان لـێ دێو یەکسـان دەبـن، فـەرمان ناکـەن بـە چـاکەو بەرهەڵستی خراپە ناکەن، لە ئاوا کاتێکدا تیادەچـن، لـە ڕێگـەی ئەبو ئیسحاقەوە ئەویش لە (أبي الأحوص) لـە (ابـن مسـعود)ەوە هاتووە سەبارەت بەووتەی (شر منه) وتویەتی (ساڵێکی بـەپیتمان توش هات، (ابن مسعود) فـەرمووی: (مەبەسـتم ئەمـە نـی یـە، بەڵکو مەبەستم ڕۆیشتن‌و نەمانی زانایانە)، لە ڕێگـەی (شـعبی) یەوە ئەویش لە (مسروق)ەوە دەیگێڕنەوە کە عەبدوڵلا فەرمویەتی: (هیچ سەردەمێك بەسەرتانا تێ‌ناپەڕێ ئەوەی دووایی لەپێش خـۆی خراپترو زیان بەخشتر نـەبێ، مەبەسـتم ئـەوە نـی یـە ئـەمیرێ لـە ئەمیرێکی پێشووتر باشتر یا ساڵێك لە ساڵێکی تر باشـتر نایـەت، بـەڵام زانـاو تێگەیشـتووەکانتان دەڕۆن‌و جێنشـینیان نابیننـەوە، خەڵکێکی تردێن بە بۆچـونی خۆیـان فـەتوا دەدەن) دەربڕینێکـی تریشی لەم بارەیەوە لـێ دەگێڕنەوە (ئەوە کەمو زۆری باران نـی یـە بـەڵکو ڕۆیشـتنی زانایانـە، پاشـان خـەڵکێك پەیـدا دەبـن لـە کاروبارەکانـدا بـە بۆچـونی خۆیـان فـەتوا دەدەن‌و نـاوی ئیسـلام دەزڕێنن‌و کەل‌وکۆنی دەکەن‌و دەیـڕوخێنن)، (الـدارمي الأول) لـە

ڕێگەی (شعبی)ەوە بەم دەربڕینە هێناویەتی: (مەبەستم بە پیتی ساڵێك نی یە لە چاو ساڵێکی تردا) ئەویتری بە هەمان شێوەیە، لە جێی (شـــارەزاکانتان: وفقهاؤکم) (باشـــترینتان: خیـارکم)ی بـۆ زیاد کردووە.

ئەگونجێ مەبەست لەو سەردەمە باسکراوانە سـەردەمی هـاوەڵان بێت، بنیات لەسەر ئەوەی گوتارەکـە ڕووی لەوانـە بۆیـە تایبەتـە بەئەوانەوە، بەڵام ئەوانەی پاشتردێن ئەوا هەواڵەکـە نایانگرێتـەوە، بەڵام هاوەڵەکە (مەبەست ئەنەسە —و-) بەگشتی تێی گەیشتووە، هەر بۆیە وەڵامی ئەو کەسەی کە سکاڵای حەجاجی لادەکـات بـەو شێوەیە دەداتـەوەو فـەرمانی ئارامگریـان پێدەکـات، کـە ئـەوان یازۆریان لە (تابعین)ن، (ابن حبان)یش لە (صحیح)ەکەیدا بەڵگـە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی فەرمودەکەی (أنس) لەسـەر گشـتییەکەی نیە، بەهۆی بـوونی ئـەو فەرمودانـەی لـە بـارەی مەهـدی یـەوە هاتوونو باس لەوە دەکەن کە زەوی پڕدەکـات لـە دادگـەری پـاش ئەوەی پڕکراوە لە ستەمو زۆرداری).[١]

لەگەڵ ئەمەشدا چەمكو تێگەیشتنی ئەوەی (هـیچ سـەردەمێك نایەت ئەوەی دوای خۆی خراپتر دەبێ) لە نێوان هـەموو خەڵکیـدا بڵاوبویـەوە، ئەمـــەش ســەری کێشـا بـۆ بڵاوبونـەوەی گیـانی

---

(١) فتح الباري (١٣/١٢).

نائومێدبوون له چاكسازیو ترسان له داهاتو و خۆخستنه باوەشـی ئێستاو ئارەزوونەمان لەگۆڕانكاری بـەو شـێوەیەی قورئـان هـانی داوین لەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿إِنَّ اللَّـهَ لا يُغَيِّـرُ مَـا بِقَـوْمٍ حَتَّـى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ (الرعـد: ١١) ئەوەتا قورئان هەواڵمان پێدەدا كە گۆڕانكاری له دەروونو نەفسی مرۆڤەوە بەرەو باشتر یاخراپتر دەست پێدەكات، خوای گەورەش بە هیچ شێوەیەك ستـەم لـە بەنـدەكانی ناكات. هەرئەم گیانەش بووە هۆی ئـەوەی دڵ بـە داهـاتوو خـۆش نەكریو موژدەی گەشبینی لەئارادا نەبێت سەرەڕای بوونی چەندین فەرمودەی (صحیح) كـە مـوژدە دەدەن بـە گەڕانـەوەی خەلافـەتی ڕاشدین بە پێی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ، وەبەوەی جارێكی تـر ئـەم ئاینـە سـەرلەنوێ بەدەردەكەوێتـەوەو زەوی سـەراپا پڕدەبێـت لـە دادگەری پاش ئەوەی سەراپای ستەمو زۆرداری بووە..... هتد.

هەموو ئەمانە وازیان لــێ هێنـراو دایانـە پـاڵ فـەرمودەكانی ئاژاوەو فیتنە، وەكاركرا لەسەر ئەوەی هەر سەدەمێك كە دێ ئەوەی پاش خۆی خراپترە، وەتێگەیشـتن لـەو فەرمودانـە بـە شـێوەیەكی نادروستو دوور لە مەبەستی خۆی بەدی هات، بە شـێوەیەك ئـەم تێگەیشتنە بوە هۆی سوور بونی هەمولایەك بۆ ئەوەی پارێزگـاری لە ئەمری واقع بكەن، وەكو ترسێك لەداهاتوو، خۆیان هەڵواسی بە حەجاج دا له ترسی كوڕەكەی؟!

ئەمە له كاتێكدا مێژوو پێچەوانەی ئەم بانگەشەیەی سەلماندووە

ســەردەمی موعاویــە - کــە بیســت ســاڵ بــوو - ســەقامگیری‌و خۆشگوزەرانی زۆرترو زیاتر بــوو لەســەردەمی عــەلی کــوڕی ئــەبو تالیب - خوایان لێی ڕازی بێت - سەردەمی عەبدولمەلیکی کــوڕی مەڕوان باشتر بووە لە سەردەمی یەزید کە یەزید پێش عەبدولمەلیك بووە، سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز باشتر بووە لــە پــێش خۆی؟ سەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك — کە نیزکەی بیست ساڵ بووە - باشتر بووە لە ســەردەمی ئومەویــەکانی پــێش خــۆی، چاخی عەبباسی یەکــەم باشــتر بــووە لــە کۆتــاییــەکانی چــاخی ئومەوی، سەرەتاکانی جێنشینایەتی عوسمانی یەکان باشــتربووە لــە کۆتایی یەکانی عەبباسی.... هتد.

٤- هەروەها تێگەیشتنی هەڵە لە فەرمودەکانی کە نــارگیری کردنــی ئاژاوەو فیتنە وەکو فــەرمودەی: (إذا رأيــت شــحا مطاعــاً وهــوى متبعا وإعجاب كل ذي رأي برأيه، فعليك بخاصة نفسك، ودع عنك أمر العامة).[1] و چەندەها فەرمودەی تر لەم بوارەدا — بووە هــۆی بڵاوبونەوەی گیانی تاکێتی ون بوونی گیانی کۆمەڵ بونو وازهێنان لە فەرزە کیفائیەکان کە پێویستی بە کۆمەڵ بوو بــۆ ڕاپەڕانــدنی وەکو پشتیوان کردنی ســتەم لــێکراوو لابردنــی خراپــەکاری و.... هتد، کە ئەمە باڵی کێشاو دەستی گرت بەسەر گیانی کۆمەڵ داو

---

(١) أبـو داود بـە ژمـارە (٤٣٤١) ترمـذي بـە ژمـارە (٣٠٦٠) وابـن ماجـە ژمـارە (٤٠١٤) گێڕاویانەتەوە، سەنەدەکەی لاوازە، سەیری (سلسله الصحيحة) ژمارە (٢٠٥) بکە.

بو به هۆی بڵاوبونەوەی کەنارگیری - بەتایبەت لە نێوان زانایـانی ئوممەت دا کە بە تواناترین کەسێك بوون بۆ سـەرکردایەتیکردنیو ڕووبەڕووبونەوەی ستەم - کە ئەمە ڕێخۆشکەری کـرد بـۆ زۆرداری سیاسی لە سایەی وونبوونی گیانی جەماعیەت دا کە هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی واقع بەرەو باشتر.

ئەم گیانە تاکیو فەردی یە کەنارگیرە هەر لە سـەدەی دووەمـەوە دەستی بـە خۆدەرخسـتن کـرد ، سـوفیانی سـەوری بانگەشـەی بـۆ کەنارگیری[1] و وازهێنان لە دونیای دەکرد ، وەدەیوت: (ترکوا لکـم دیـنکم فـاترکوا لهـم دنیـاهم) [2]، واتـە: ئاینەکـەتانیان بـۆ جێهێشتوون، ئێوەش دونیایان بۆ بەجێ بهێڵن، لەگەڵ ئەوەی ئـەم ووتەیەی لە چاخێکدا ووتووە کە دونیا ویستەکان دینوشەریعەتیان پیادە دەکردوو بەجێیان دەهێنا ، هەرچەندە هەندێ لادانیش بوبێ - بەڵام ئەم فەلسەفەیە سەری کێشا بۆ باوەڕبوون بەوەی دەکرێ ئـایین بەرپابکرێو ئەنجام بدرێ بێئەوەی دونیاش هاوشانی بێ؟

وورده وورده بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە فەلسەفە مەترسـیدارە وە (ترکوا لکم دینکم فاترکوا لهم دنیاهم) بڕیارەکـانی شـەریعەت لەکار خرا ، بێڕەچاوکردنی ئەو هەلو مەرجو دۆخەی تێیدا ووتراوە، کە بریتیە لە سەدەی دووەم، ئەوکاتەی زۆربـەی جێنشـینەکان لـە

---

(١) سەیری حلیة الأولیاء (٦/٣٨٨) بکە.

(٢) سەیری حلیة الأولیاء (٦/٤٦) بکە.

زانایانی تێگەیشتوو خەڵکی چاکەخواز بوون – هەرچەندە هەندێ ستەمیان ئەنجام دابێ – کەسانی وەکو مەنسورو مەهدیو ڕەشیدو مەئمون.... هتد بوون، دینو دونیایان پێکەوە گرێدەداو پایەداریان دەکرد، بە کەنارگرتنی هەرکەسێ کە بیویستایە کەناربگری لەو ماوەیەدا دینو دونیا بەوڕادەیە زیانی پێ نەدەگەیشت.

(عمر بن حوشب)ی والی هەستی بەمەکردبوو، چووە لای سوفیانی سەوری و سەلامی لێکرد، سوفیان پشتی تێکرد، عومەر پێی ووت: ئەی سوفیان، بەخوا ئێمە لە تۆ سود بەخشترین بۆ خەڵك، ئێمە کۆڵ هەڵگرو خوێن خۆش کەرینو پێداویستیەکانی خەڵکی ئەنجام دەدەینو ئاشتەوایی نێوانیان دەکەین، تۆ تەنها پیاوی خودی خۆتیت، بەمە سوفیان ڕووی تێکردو قسەی لەگەڵ کردو بۆی کرایەوە.[1]

سوفیان – لەگەڵ کەنارگیرییەکەیدا – دەیفەرموو: (هەر کەسە بپارێتەوە بۆ مانەوەی ستەمکار ئەوە پێی خۆشە سەرپێچی خوا بکرێ.[2]

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بانگەشەیە سەری کێشا بۆ کەنارگیری کۆمەڵگەو وازهێنان لە دونیا لە پێناوی مەترسی پاراستنی ئاییندا، لەگەڵ ئەوەی پایەدارکردنی ئایین بەبێ دونیا ناکرێ،

---

(١) سیر أعلام النبلاء ٧/٢٤٦.

(٢) سەیری حلیة الأولیاء ٦/٤٦.

ناگونجێ ئیسلام بەبێ دەوڵەت بە پایان بگا.

ئەم بانگەشەیە دەروازەی خستە سەرپشت، ڕێگەی خۆش کرد بـۆ پەسەندکردنی ئەو گوتارە سیاسی یەی لە قۆناغی سێهەمدا بەدی دێت، واتە بانگەشـــەکردنی عەلمانیەتو جیاکردنـەوەی ئـایین لـە واقعی ژیـــان؟

٥- یەکێکی تر لەو هۆکارانە بریتـی بـوو لـە بڵاوکردنـەوەی گیـانی ناچاری (روح الجبـر) لە لایەكو ئیـرجاء لە لایەکی ترەوە، بە هۆی بڵاوبونەوەی ڕێبازی ئەشعەری کە هەردوو باوەڕی (جبر) و (إرجـاء) لەخۆ دەگرێ، ناچاری (الجبـر): بریتیە لەوەی باوەڕت وابـێ مرۆڤـ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بکەری کردارەکـانی خـۆی نیـە، بـەڵکو بەخوازەو واتە گۆڕی (مجاز) بکەریانە.

(الإرجاء)یش: بریتیە لەوەی باوەڕت وابـێ کـە (ئیمـان) تـەنها بەڕاست دانان (تصديق)ە، کوفرو بێباوەڕی تەنها بە ئینکاری کردن (الجحود)ە[1] نەك شتی تر، خەلیفەکان هەر لادانو خراپەکارییـەك بکەن بەوانە لە بازنەی ئیسلام دەرناچن، مـادەم شـایەتمان دێـننو بەردەوامن لە داننـان بـەو شـایەتمانەدا، ئیـتر بـا هەرچـی حـەرام کراوەکانە بۆ خۆیـانی حـەڵاڵ کـەنو هەرچـی گونـاهی ترسـناکە ئەنجامی دەن، چ خراپەیەك هەیە پێی هەڵسن..... هتد.

---

(١) (أصول الدين) ی بغدادی ل (٢٤٨).

ئەمەش ڕێك بەپێی حەزو ئارەزووی پادشاکانە هەروەك مـەئمون وتویـەتی: (الإرجـاء دیـن الملـوك) (إرجـاء)و ئـایینو بیروبـاوەڕی پادشاکانە؟

بڵاوبونەوەی ناچارێتی (الجبـرية): کە بریتیە لەو باوەڕەی وادەبینـێ مرۆڤـ وەکو پەڕێك وایە لەبەردەم کونەبایەکدا، یاخود ئەو بکـەری ڕاستەقینەی کردارەکانی نیە، ئەمەش بووە هـۆی ملکـەچ کـردنو تەسلیم بوونی واقعو پاڵ لـێ دانەوە بـەبیانوی بـاوەڕبوون بەقـەزاو قەدەر، بە پێچەوانەی کارو کردەوەی هاوەڵانەوە - خوایان لـــێ ڕازی بێت - کە بە قەدەر ڕووبـەڕووی قـەدەرەکان دەبونـەوە لـە قـەدەری خواوە بۆ قەدەری خوا هەڵدەهاتن.

تەواوی ئەمانە سەری کێشا بۆ ئەو بیروباوەڕەی کـە ئـەم واقعـە بریتیە لەوەی خوا دەیەوێ، ئەم بیروباوەڕە بە هـەمان شـێوە لـەنێو سۆفییەکانیش دا بڵاوبۆیەوە لەبەرئەوەی جیاوازییـان نـەدەکرد لـە نێوان ویستی گەردونیو شەرعی خواوو ئـەم دوو شـتـەیان تێکـەڵ دەکرد، هەر بۆیە لایان دروست نەبوو بەرگریو بەرهەڵستی ویستی خوا بکەن، بەڵکو پێویستە ڕازی بنو ملکەچی دەربـبـڕن ؟

وە پادشا سـتەمکارەکان سـزایەکن لەلایـەن خـواوە نێـردراون، بەڵاش بە پاڕانەوەو دوعا بەری لـێدەگیرێ - هەروەك ئەمە بیردۆزەی حەسەنی بەسری بوو — نـەك بـەو هێـزەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمانی پێداوە هەروەك فەرمویـەتی: ((مـن رأى مـنكم منكـراً

فلیغیره بیده ....) هەرکەسێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێ، وە فەرمودەی: (لتأخذن علی یـد الظـالم) دەبـێ دەسـتی زۆردارو ستەمکار بگرن، وە فەرمودەی: (إلا أن تروا کفراً بواحاً فیه عندکم من الله برهان) مەگەر کوفرێکی ئاشـکرای وا ببیـنن لـە لایەن خواوە بەڵگەتان لەسەری هەبێ، واتە: لەوکاتەدا هێز بـەکار بهێنن .... هتد.

جا ئەگەر کاتێ تـەواوی ئـەم بـیردۆزەو بـیرو بۆچـونانە پێکـەوە کۆببنەوە (ئیرجاء - ناچاری - کەنارگیری - ڕازی بـوون بـە بـەلاو بەرهەڵستی نەکردنی مەگەر بەپاڕانەوە...) ئەوا بەرەنجامەکان هـەر بـەو شـێوەیە دەبێـت کـە ئومـەتی ئیسـلامی لـە مـاوەی چـەند سـەدەیەکدا گوزەراندویـەتیو دەیگوزەرێنـێ، هـەرەس هێنـانو شکستی ئەم ئومەتە لەبەر پێی لەشکری تەتارەکاندا بەرەنجامێکی لۆژیکانەی سروشتی بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە بـیردۆزەو تێڕوانینانەیـە کە لە دوتوێیـدا تـۆوی مـردنو لەناوچـونی هـەر شارسـتانێتیو ژیارێکی تێدایە کە هەڵگری ئەم بۆچونانەبێو ڕەواجـی پێبـدا، وە بۆ هەر ئومەتێکی تریش کە ملکەچیان بێتو باوەڕیان پێ بهێنێت.

٦- لەو هۆکارانەش زیادەڕەوی کردن لە گەورەکردنی گوێڕایەڵی کردنی سوڵتانو دەسەڵاتدارو داپۆشینی جۆرێك لە پیرۆزیو قودسیەت بـە بەریداو زەبەلاح کردنی پلەوپایەکەی، بە ڕادەیەك شتی وا باو نەبووە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا، ئەوانەی ئومەت بەشێوەیەك

مامەڵەی لەگەڵ کردوون کەئەوان نوێنەری ئەم بن‌و چەند تاکێکی خۆی بن، هیچ تایبەتمەندییەکی جیا لە خەڵکیان نیە مەگەر مافی گوێڕایەڵیکردن لە گوێڕایەڵیکردنی خواو پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ، ئەم زیادە ڕەوی یە لەسەردەمی ئومەویەکان‌و لە شام دا بەدەرکەوت تا ئەو ڕادەیەی ووترا: لە بێفەرمانی خـوداش دا گوێڕایـەڵیکردنی خەلیفەکان دروستە[1]؟وە خوای گەورە لە گوناهەکانیان خۆش دەبێ هەرچیان کردبێ‌و لە تاوان‌و خراپەکاریەکانیان دەبورێ‌و .... هتد.[2]

هەرئەمـەش وایکـرد لـە عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز لـە وتارەکانیدا زۆر تەئکید بکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی لـە بێفـەرمانی خوادا هیچ گوێڕایەڵیـەکیان نـاکرێ. [3] لەبـەر بڵاوبونـەوەی ئـەم بیروباوەڕە لە نێوان خەڵکی شام دا، پاشان زیاتر برەوی سـەند، وای لـێهات زیادەڕەوی لە گوێڕایـەڵیکردنی خەلیفەکانـدا لـە نێـوان عامەو خاسەدا بڵاوبویەوە، بە بیانوی ئەوەی مانەوەی ئەو مانەوەی بیروباوەڕو میللەتە، بە نەمانیشیان ئەویش نامێنێ، فـەرمودەکانی پێویستی ملکەچـی‌و گوێڕایـەڵییان بـە ڕوکـاری دروسـتی خـۆی نەدەخوێندەوەو لێی تێنەدەگەیشتن تاوەکو -بێئەوەی هەست بکەن-

(١) سەیری منهاج السنة (١/٢٣٢) بکە.

(٢) سەیری منهاج السنة (١/٢٣٢) بکە، وە البداية والنهاية (٩/٢٤١) لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٠٥)ك لە بارەی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکەوە.

(٣) سەیری طبقات ابن سعد (٥/٢٦٤) وە البداية والنهاية (٩/٣٢١) بکە.

پلەو پایە خوایەتیان پێ دەبەخشی کە پرسیاری لـــێناکرێ لـەوەی دەیکا بەڵکو ئەمان لێپرسراون؟

لە سەردەمەکانی شکستدا کار لەگەڵ خەلیفەکاندا گەیشـتەئەوەی زەویان لەبەردەم دەستو پێیدا ماچ دەکـرد، بـە شـێوەیەك لەگـەڵیان دەدوان و نازناوی گەورەی وەهایان بەکاردەهێنا کە تەنها بۆخوا دەشـێو شایستەی خوایە.(١)

وای لــێ هـات دانـانی ئیمـامو پارێزگـاریکردن لـە بـونی کرایـە مەبەست پاش ئەوەی ئەمە خۆی هۆکارێك بـوو، فـەرمان ڕەوایـەتیو بڕیاری ئیمام بووبە پەرستشێکی ڕووت پاش ئەوەی لەگوتاری سیاسـی دابەزێنراودا — بڕیاری بەرژەوەند خوازانەی هۆکار داربوو؟

لەگەڵ ئەوەی مەبەست لە ئیمامــەت بریتـی بـوو لـە: (پاراسـتنو پارێزگاریکردن لە ئایینو بەڕێوەبردنی کاروباری دونیـا)، کەچـی لـەم قۆناغەدا بوونی خودی ئیمـام بـوو بـە مەبەسـت، هەرچـەندە ئیمـام کەمتەرخەمیش بکا لەو ئەرکەی کە بۆی دانراوە، بەڵکو ئەگەر ئـایین هـەرەس پێبێنـێو تێـكوپێکی بـداو دونیـاش خـراپو وێـران بکـا، لەبەرئەوەی کافرنەبووە، ئەوا حەرامە کەنارخرێو لەکار لادرێ، تەنانەت ئەگەر خۆیشی بیەوێ خۆی لەکارلاباو دەست لەکار بکێشێتەوە؟!!

لەم قۆناغەدا ناکۆکی یەك سەبارەت بەم کێشەیە هاتە ئـاراوە، کـە

(١) مالك فەرمویەتی:( چومەلای مەنسوری عەبباسی هاشمیەکان دەستو قاچیان ماچ ئەکرد، خوا لەوە پاراستمی) سير أعلام النبلاء (٨/٦٧).

ئەویش بریتیە لەوەی: ئایا هەڵسوکەوتەکانی ئیمام بەرامبەر ئوممەت لە ڕێی بریکاری (وكالة) وەیە یاخود سەرپەرشتیاری (ولاية)ەوەیە؟

(المرداوی الحنبلی/٨٨٥ ك . ك) وتویەتی: (ئایا بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی لە لایەن ئیمامەوە بەوپێیەیە کە بریکاریانە یاخود وەکیلو سەرپەرشتی کارە؟ ئەمە دوو ڕووی هەیە ... قازی (أبو یعلی) ئەوەیانی هەڵبژاردووە کە ئیمام لەکاروباریدا بریکاریانە لە (أحكام السلطانية)دا دووگێڕانەوەی باسکردووە سەبارەت بە دامەزراندنی ئیمامەتەکەی ئەگەر هاتوو بەزۆر دەستی بەسەراگرتبێ، ئەمەش بەهەمان شێوە جێی ئەوەیە بکرێتە بناغە بۆ ئەو جیاوازییەی سەبارەت بە سەرپەرشتیاری (الولاية) و بریکاری (الوكالة) هەیە.

لەسەر ئەم جیاوازییە ئەوە بنیات دەنرێ، کە بە لابردنو کەنارخستن لادەبرێ، ئەگەر وتمان: ئەو بریکارە، ئەوە دەتوانێ خۆی کەنارخا، ئەگەریش ووتمان: ئەو سەرپەرشتیارو کاربەدەستە، بە لابردنو کەنار خستنیش لانابرێ. وە ئایا بۆیان هەیە کەناری خەن؟ ئەگەر لەسەر داوای خۆی بێت: ئەوا حوکمەکەی حوکمی خۆ کەنار خستنە، ئەگەریش خۆی داوای نەکا، ئەوا بە بێ جیاوازی لادروست نییە لاببرێ).[1]

---

(١) الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف ١٠/ ٣١٠ – ٣١١.

بەم شێوەیە ووتنی ئەوەی ئیمامەت بە دەست بەسەراگرتنو زۆرداری دادەمــەزرێ، ســەری کێشــا بــۆ ووتنــی ئــەوەی هەڵسوکــەوتو کــار بەڕێوەبەریەکانی ئیمامــەت بــۆ ئومـەت بەسـیفەتی سەرپەرشـتیاری وولایەت وەکو سەرپەرشتیاری و ویلایەتی باوك وایە بەسەر کوڕە منداڵو بێدەسەلاتەکەیەوە، نەوەك بەوسیفەتەی بریکاری ئەوانە، چونکە بەهێز گرتویەتی یە دەستو بێئـەوەی ویسـتی ئـەوانی تێـدابێت، بەهــەمان شێوەی دەسەلاتی سەرپەرشتیار (ولی)، بەڵام بریکـار وا نیـە، چـونکە بریکار بەبێ ویستی خاوەن کار ناتوانێ ئەو دەسەلاتەی هەبێت.

کــاتێکیش ئــەم بیروڕایــە ووتــرا - واتــە هەڵسوکــەوتو کــار بەڕێوەبەرییەکانی بە سیفەتی ئەوەیە کە سەرپەرشتیارە — ئەوەی لێـوە هەڵدەگۆزرێ کە ناتوانرێ لەکار لابرێ، چونکە منداڵی بچوكو ئافرەت نــاتوانن سەرپەرشـــتیارو وەلی خۆیـــان لـــەکار بخـــەن، بـــەو پێـیـــەی سەرپەرشتیارێتی باوك بەسەر منداڵەکانیەوە بەویستی خۆیان نیە، هەر بۆیە ناکرێ لەکاری بخەن، بە هەمان شێوە ئەگەر ئەمە سەلمێنرا ئـەوا بۆی نیە دەست لەکار بکێشێتەوەو خۆی لابەرێ ؟!!

بەم شێوەیە ئیمام لـە بریکارێکـەوە کـە دەکـرێ لـەکار لابـرێ — هەروەك لە **قۆناغی یەکەمی** گوتاری سیاسی دا وابــووە — گــۆڕا بــۆ والییەك بەو شێوەیەی لەگوتاری دووەمی تەئویل کراودا وابــوو — کـە ناکرێ لەکار لابرێ ؟!

ئەم بۆچونەش لەلای خۆیەوە سەری کێشا بۆووتنی ئەوەی ئیمامەت گرێبەستێکی بەردەوامەو ناکرێ کاتی دیاریکراوی بۆدابنێی، بـەڵکو ئیمام هەر بەئیمامی خۆی دەمێنێتەوە تاکو مردن.

بەم شێوەیە ئـەم گۆڕانکارییـە بەسـەر گوتـاردا هـات، بـە هـۆی زیادەڕەوی لە گەورەکردنی پلەوپایەی ئیمامو دەسـەڵاتەکانی ئـەودا، وە زیادەڕەوی لەوەدا کە ئوممەتو خەڵکی بە ئیمامەوە گرێدرا لـە جـێی ئەوەی ئیمام بە ئوممەتەوە گرێدرێ، ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە گوتـاری یەکەم دا – بەڵکو لەسەرەتای قۆناغـەکانی گوتـاری دووەمیشـەوە – جیاوازییەکی وا نەدەبینرا لەوەدا کە ئیمام بریکـاری ئوممەتـە هـەروەك قورتـوبی -٦٧١ ك. ك- فەرمویـەتی: (ئیمـام دەڕوانێتـە کاروبـاری خەڵکی تر، هەربۆیە پێویستە فەرمانو بڕیارەکـانی بڕیـاری دادوەر – واتە قـازی – بێـت، کەواتـە بریکـاریش بـۆی هەیـە دەسـت لـەکار بکێشێتەوەو خۆی لاببات، لەراستیدا ئیمام بریکارو جێگـری ئوممەتـە، کـاتێکیش هـاوڕێکی هـەبوو لـەوەدا کـە بریکـارو دادوەرو هـەموو ئەوانەشی کەسی تر جێگەیان دەگرێتەوە لە شتێکدا بۆی هەیـە خـۆی لەکار لابەرێ، بەهەمان شێوە ئیمامیش پێویستە بەو شێوەیە بێت). [١]

پێشەوا (الحـرمین الجـوینی الشـافعي)-٤٧٨ ك.ك- فەرمویـەتی: (لابردن بۆ ئەوکەسەیە کە گرێ بەستەکەی ئەنجام داوە (واتـە ئـەهلی

---

(١) تفسـیر القـرطبي ٢٧٢/١، سـەیری پێشـتر بکـە لـە ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی ئیمـام بریکاری ئوممەتە .

حەلل و عەقد).[١]

پاشان فەرمویەتی: (ئیمام ئەگەر شتێکی وای نەکرد کە پێویست بێ لابرێ‌و لەکار بخرێ، ئەوانەشی گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجام دابوو دەیان ویست لەکاری خەن، ئەوا بە پێی یەکدەنگی پێشەوایان بۆیان نیە ئەو کارە بکەن، چونکە گرێبەستی ئیمامەت پابەندێتی دەخوازێ‌و ناتوانرێ هەڵبوشێنرێتەوە ئەگەر هۆکاری پێویست لە ئارادا نەبێت بۆ هەڵوەشانەوەی .... بەڵام ئەگەر ئیمام ویستی دەستی لێ‌هەڵبگرێ‌و خۆی لابەرێ، لەم ڕووەوە ڕێبازی زانایان ئاڵۆزییەکی تێدا بەدی دەکرێ).

ئەو ئەوە بە باشتر دەزانێ، کە ئەگەر لابردنی خۆی بەرژەوەندی تێدا بێت ئەوە دەبێ خۆی لەکار لابەرێ، هەروەك چۆن حەسەنی کوڕی عەلی بەو شێوەیەی کرد کاتێ دەستی لە خەلافەت هەڵگرت بۆ موعاویە، و ڕێگریشی لێ‌دەکری ئەگەر سەری کێشا بۆ خراپەکاری‌و زەرەرمەندی.[١]

پاشان سەبارەت بەو گۆڕانکاری یەی بەسەر باری ئیمام دا هاتووە فەرمویەتی: (بەڵام ئەگەر بەردەوام بوو لەسەرکەشی دا، دەست درێژی بڵاوبویەوە، خراپەکاری ئاشکرابوو، ماف‌و سنورەکان لەکارخرابوون، پارێزگاری نەدەکرد، ناپاکی ئاشکرا بوو، ستەمکاران بێ‌ترس‌و بیم بوون، ستەم لێ‌کراویش کەسی دەست نەدەکەوت ستەم

(١) غـياث الأمم ل (١٢٦).

(٢) غياث الأمم ل (١٢٨ – ١٢٩).

لــێکراوییەکەی نەهێڵێ‌و مافی بۆ بسەنرێتەوە، کەلێن‌و کەمتەرخەمی ڕووی لەکارەگەورەکان کردبوو، قوللەو قەڵاکان لەکارکـەوتبوون، ئـەوا پێویستە خەمی ئەو بارە شپرزو ئاڵۆزە بخورێت، ئەمـەش لەبەرئەوەیـە ئیمامەت بۆ ئەوە دادەنرێ ئەم بارودۆخە ڕوونەدات‌و بەدی نەیەت، جـا ئەگەر بارەکە سەری کێشـا بۆپێچـەوانەی ئەوشـتەی سـەرکردایەتی‌و سیاسەت دەیخوازێ، ئەوا بێگومان پێویستە فریای بکـەوی، وازهێنـان لە خەڵك بەوەی سەرگەردان‌و بێ‌کەس بسورێتەوەو کەس نەبێت لەسەر ڕەواو ناڕەوا کۆیان بکاتەوە باشترە بۆیان لەوەی شوێنی کەسێك بکەون‌و بکەن‌و کەسێك بکەنـە سـەرکردەی خۆیـان لـەکاتێك دا ئـەو کەسـە هاوکاری ستەمکاران‌و پەناگـەی مـل هـوڕان‌و پشـت‌و پـەنای لـەڕێ دەرچوان بێت .... ئەگەر توانرا ئیمامێك دابنرێ کـە کۆکـەرەوەی ئـەو سـیفەتانە بێـت کـە جـێی ڕەزامەندییـە ئـەوا پەلـە دەکـــرێ بـۆ هەڵبژاردنی ..... ئەگەر زانیشـمان بـەبێ خـوێن ڕشـتن‌و پێـك دادان‌و تیاچونی خەڵکی‌و بەفیـڕۆدانی سامـان‌و دارایی ئیمام دانانرێ ئەوا لەم کاتەدا ئەو سەرەنجامە دەپێـوری کـە خـەڵکی بـە ئاراسـتەیدا دەڕۆن‌و گوزەرانی تێدا دەکەن، جا ئەگەر ئەو واقعەی هەیـە زیـانی زۆرتربـوو لەوەی مەزەندە دەکرێ ڕووبدات، ئەوا پێویستە بەرگـەی توشـهاتەکان بگیرێ لە پێناوی نەهێڵانی گیروگرفتە هەنوکەییەکان بناغەی ئەمەش دەگەڕێتـەوە سـەر بـەدیهێنانی بەرژەوەنـدی مسـوڵمانان‌و گەڕانـەوەی زۆرترین سوودو قازانج بۆیان، وە بەرگـەگرتنی سـوکترین زیـان‌و زەرەر

ئەگەر نەدەکرا خۆتیان لـێ بپارێزی.... ئەوکەسەی ئیمامەتی بەدەستە ئەگەر خراپەکارییەکانی زۆرو زەوەندە بوونو خووە خراپەکانی فرەبوونو هەڵەو هەڵتـرازانی یەك بەدوای یەکدا دەهاتنو، ترسی لەدەست چونی کـرۆكو پایـەکانی ئیـسـلام[1] هاتـە ئـاراوەو کەسیشـمان نەبینیـەوە بیکەینە ئیمام بۆئەوەی بەرهەڵستی ئـەو کەسـە بکـا بـەو شـێوەیەی بەرهەڵستیو بـەرگری یـاخی بـووان دەکـرێ، ئـا لەوکاتـەدا ئەگـەر ڕێککەوت کەسێکی گوێڕایەڵی کراوی خاوەن کەسوکارو کۆمـەڵ، لـە ڕێی خوادا هەڵدەسا بە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستیو نـەهی کـردن لە خراپە، بە کاروباری مسـوڵمانانیش هەڵدەسـا ئەگـەر مسـوڵمانان هاوپشتی بکەن– با بەردەوام بێت لەوەدا خوای گەورە پشتیوانیەتی.[2]

لێرەدا ئیمامی (جوینی) تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کـەواجبێتی دانـانی ئیمـام وەك حـوکمێکی شـەرعی پاسـاو دراوە بـە مەبەسـتی پاراستنی وولاتو ڕاپەڕاندنی بەرژەوەندییەکانی ئوممـەت بـەوەی ئـایین بپـارێزێو کاروبـاری دونیـا بـەڕێوە بـبرێ، جائەگـەر بـوونی ئیمـام پێچەوانەی ئەم مەبەستەی دەدا بەدەستەوە، بە شێوەیەك سەری دەکێشا بۆ لەدەستدانی دەوڵەتو مافەکانی ئوممـەتو بەرژەوەندییـەکانی، لـە ڕووی شەرعەوە پێویستە لەکار بخرێو ئیمامێکی بە توانا دابنـرێ بـۆ ئەوەی بەو کارانە هەڵسێ کە پێی سپێردراوە، چـونکە وازهێنـان لـە

(١) زۆربەی سستمە فەرمانڕەواکانی جیهانی ئیسلامیو عەرەبی ئێستا بەوشێوەیەیە.

(٢) غیاث الأمم ل ١٠٦ – ١٠٧ بە کورت کردنەوەوە.

خەڵکی بەبێ ئیمام باشترە لە ئیمامێـک ڕێگرییـان بکـاتو خوێنیـان بڕێـژێو حـەرام کراوەکانـان حـەڵاڵ بکـات، چـونکە ئیمامــەت بــۆ مەبەستێکی تر پێویست بووە، زۆربەی زانایانی پێشین لای کەمی ئـەو کارانەی ئیمامیان دیاری کردووە کە پێویستە ئیمام پێ هەستێ تاوەکو واجب بێگوێڕایەڵی بکەن، هەروەك عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی: (مافە لەسەر ئیمام بەوپێیە فەرمان ڕەوایـی بکا کە فەرمانی خوایە، وە سپاردە بگەیەنێت، ئەگەر ئەوەی کرد ئەوە مافە لەسەر مسـوڵمانان گوێبیسـتی بـنو ملکەچـی بکـەنو بـەدەم داواکانیەوە بچن).[1] هەروەها فەرمویەتی: (ئـەی خەڵکینـە، تـەنها ئەمیری چاکەخوازو خراپەکار کاروبارتـان سـازدەکات، ووتیـان: ئـەوە چاکەکارەکەمان زانی، ئەی خراپە کارەکـە چـۆن؟ فـەرمووی کـار بـۆ بـاوەڕداران دەدۆزرێتــەوەو مۆڵــەتی خراپــەکارانیش دەدات، خــواش کارەکانی بۆ دەگەیەنێ، ئاسایشـی ڕێگاوبـان دەپـارێزێ، بازاڕەکانتـان گەرمو گوڕ دەکات، دەسـتکەوتەکانتان بـۆ دابـەش دەکـات، جیهـادی دوژمنانتان دەکات، تۆڵەی بێدەسـەڵات لـە بـەهێزو دەسـەڵاتدارەکان دەسێنێ).[2]

لێـرەدا عـەلی (خـوای لێ ڕازی بێـت) پاسـاوی زەرورەتـی میرایـەتی هەرچەندە ئیمامەکە خراپەکار (فاجر)یـش بێـت بـەوە دەداتـەوە کـە

---

(١) الخـلال له (السنة)دا ل ١٠٩ به سەنەدێکی سەحیح.

(٢) مصنف أبي شيبة ٧/٥٦٢.

پارێزگاری کرۆکی ئیسلام بێتو جیهادی دوژمنان بکاتو دەستکەوت بەش بکـات، فـەرمانڕەوایی خـەڵکی بکـاو مـافی بێدەسـەڵات لـە دەسەڵات دار بسێنێو .... هتد، بەڵام ئەگەر بەم مەبەستانە هەڵنەسا ئەوا نەبوونی لە بونی باشترە.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: (أيها الناس: اتقـوا الله، واسمعـوا وأطيعوا، وإن أمّر عليـكم عبـد حبشـي مـا أقـام فـيكم كتـاب الله عزوجلّ)، [1] لە گێڕانەوەیەکی تردا (ما أقام لكم كتاب الله). [2] لـە گێڕانەوەیەکی تردا (ما قادكم بكتاب الله). [3] گوێڕایەڵیو ملکەچی کردۆتە مەرج ئەگەر کیتابی خوا پەیڕەوکرا.

شێخی ئیسلام دەفەرموێ: کیتـابو دادگـەری گـرێدراوی یـەکن، کیتاب ڕوونکەرەوەی شەرعە، هەرکەسەش بەدادگەری فەرمان ڕەوایـی کرد ئەوا فەرمان ڕەوایی بەشەرع کردووە). [4]

هەرکاتێ عومەر کەسێکی بکردایەتە کاربەدەست لە پەیمانەکەیدا دەینوسی: (گوێڕایەڵی و ملکەچی بکـەن تـا ئەوکاتـەی دادگـەریتان لەناودا پـەیڕەو دەکـات. [5] بـۆ خـەڵکی کوفـە نوسـی: (هەرکەسـێ

(١) ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە لە (مسند)دا (٤/٧٠)، وە (٣٨١/٥) و (٦/ ٤٠٢ – ٤٠٣) بە ئیسنادێکی (صحيح).

(٢) الترمذي، ف ژمارە (١٧٠٦) فەرمویەتی (حسن صحيح).

(٣) ئەحمەد لە (المسند)دا (٦/٤٠٣) بە سەنەدێکی (صحيح)، لە (صحيح مسلم)دا ف بە ژمارە (١٧٠٦) هەیە.

(٤) مجموع الفتاوى (٢٥/٣٦٦).

(٥) (السنة)ی الخلال ل (١١٢) بە ئیسنادێکی صحيح لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە.

ئەمیرەکەی ستەمکی لـێ‌کرد ئەوا لەلایەن منەوە ئەو ئەمیر نیە، پیاو هەبوو دەچووەلای (مغيرة بن شعبة) ئەمیری کوفە ئـەیوت: یـا ئـەوەتا مافی خۆمت لــێ دەستێنم، یائـەوەتا میرایـەتیت بەسـەرم دا نیـەو ئەمیری من نیت).[(١)]

عومەر نوسراوێکی بۆ میری بەسرە ئەبوموسـای ئەشعـەری نوسـی (پـاش سـوپاس‌و سـتایش، بـەردەوام خـەڵکی کەسـایەتی – واتـە سەرکردە- یـان هەیـە پێداویسـتییەکانی خـەڵکی دەخەنـە ڕوو، لای خۆتەوە ڕێز لەو کەسایەتیانە بگرە، مسوڵمانی کـەم دەسـەڵات ئـەوەی دەوێ کـە لـە فـەرمان ڕەوایەتیـدا دادگـەری لەگەڵـدا بکـرێ‌و (لـە بەخشین)دا بەشی بدرێ).[(٢)]

قازی (إياس بن موعاويه – ١٢٢ ك . ك) بـاس لـە لانـی کـەمی ئەرکەکانی ئیمام دەکاو لەو بارەوە وتویەتی: (پێویستە سـێ شـت بـۆ خـەڵکی بکـرێ، ئـەبێ ئاسایشـی ڕێگـاو بانیـان بـۆ بپـارێزرێ، بـۆ فەرمانڕەوایەتی کردنیان کەسـێك هەڵبـژێردرێ تـاوەکو بـە دادگـەری فەرمانڕەوایەتییان لە نێواندا پیادە بکات، وەکاری ئەو نوێنەرانە ڕێـك بخا لە نێوان ئەوان‌و دوژمنانیاندایە، ئەگەر دەسـەڵاتدار ئـەم شـتانەی ئەنجامدا ئـەوا خـەڵکی ئـارام دەگـرن لەبـەردەم شـتەکانی تـری وەك

(١) (السـنة)ی الخـلال ل ١١٨ بـە ئیسـنادێکی صـحیح، هـەروەها (الجـدد) لـە (المسند)ەکەیدا ف ژمارە (١١٩٩) و بەئیسنادێکی (صحيح) گێڕاویەتی یەوە.

(٢) (السـنة)ی (خـلال) بـە ئیسـنادێکی (صـحیح)، هـەروەها (علـی بـن جعـد) لـە (مسند)ەکەیدا هێناویەتی –، ف ژمارە (١١٩٩) بە ئیسنادێکی (صحيح).

خۆخۆیی[*] و زۆر شتی تر کە پێیان ناخۆشە).[1]

قورتوبی فەرمویەتی: (ئیمام بۆ بەرهەڵستی دوژمنانو پاراستنی کرۆكو ناوەڕۆکی ئیسلامو چارەسەرکردنی کەلێنو پێدانی مافەکانو پیادەکردنی سنورەکانو کۆکردنەوەی سامانو دارایی بۆ خانەی سامانو دابەشکردنی بەسەر کەسەشیاوەکاندا دانراوە).[2]

لەراستیدا ئەو چەمکانەی نمایندەی بنەماکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراویان دەکرد ونبوون، چەمکی: (اسمع وأطع وإن أخذ مالك وضرب ظهرك).[3] واتە گوێبیستو ملکەچ بە ئەگەر

---

(*) ووشەی (خۆخۆ)یمان بۆ (أثرة) داناوە.

(1) (أخبار القضاة) (١/٣٥٥) بە ئیسنادێکی صحیح.

(2) الجامع لأحكام القرآن (١/٢٧١).

(3) ئەم فەرمودەیە بەشێکە لە فەرمودەیەکی حوزەیفەی کوڕی یەمان سەبارەت بە فیتنە، خەڵکی ئەم فەرمودەیەیان لێ گێڕاوەتەوە، بەلاّم ئەم دەربڕینەی تێدا نیە جگە لەو گێڕانەوەیە نەبێ کە (أبو السلام الحبشي) لە (صحيح مسلم)دا بە ف ژمارە (٥٢/١٧٤٧) هێناویەتی، (دارالقطني) لە (الإلتزامات والتتبع) ف ژمارە (٥٣) پێی ڕاگەیشتووە (استدركه عليه) (واتە سەرنجی خۆی لەسەر تۆمار کردووەو ئەم کارەشی بۆ زۆر فەرمودەی تری بوخاریو موسلم کردووە – وەرگێڕ –) وە فەرمویەتی:( ئەمە لای من (مرسل)ە، ئەبو سەلام لە حوزەیفەی نەبیستووە)، (مقبل بن هادي)ی (محقق) لە پەراوێزیدا دەڵێ:( ئەم زیادەیە لاوازە چونکە لە ڕێگەیەکی پچڕاو (منقطع)ەوە هاتووە، هەروەها ئەم زیادەیە لە گێڕانەوەی (سبيع بن خالد) یان ( خالد بن خالد اليشكري)دا هاتووە هەروەك لای (أبوداود)یش هەیە ف ژمارە (٤٢٤٤) بەلاّم (حافظ) لە بارەی ئەم ((سبيع)ەوە وتویەتی پەسەند (مقبول)ە، بەلاّم ئەگەر هەرخۆی گێڕابویەوە وەك فەرمودەیەکی ئاوا بەناوبانگ(مشهور)ی حوزەیفەدا هاتووە ئەوەی لێی پەسەند ناکرێ، هەروەها ئەوەی لەمی دەگێڕێتەوە دیار نیەو نەناسراوە، ئەلبانی لە بارەی ئەم گێڕانەوەیە لە (سلسله الصحيحة ٤/٤٠٠)دا دەفەرموێ (ئیسنادەکەی لاوازە (إسناده ضعيف).

ماڵەکەشتیان بردو دارکاریشتیان کرد ) بڵاو بویەوە، ئەم دەربڕینــە بــۆ مەبەستێکی ترو لەجێی خۆیدا بەکارنــەهێنرا، بــەڵکو پاشــتر بوبــە ڕێساو بنەمایەك لەبنەماکانی بیروبــاوەڕ، هەرئەمــەش بۆیــە ســوننەو کۆڕا، هەرکەسەشە موخالیف بوو بــە بیدعەچــی تۆمــەتبار دەکــرا؟! لەگەڵ ئەوەی فەرمودەکە دەشیا وەهــا لێــك بدرێتــەوە کــە پێویســتە گوێڕایەڵی ئیمام بکرێ تەنانەت ئەگــەر ئیمــام حــەددی لەســەر ئــەو مسوڵمانانەش پیادە کردبێ، یاخود بە شــێوەیەکی ڕەوا بڕیــارێکی بــۆ بەرژەوەندی نەیارەکەیدا لە ماڵو ســامانەکەیدا، نــەك ئەمــە بکرێتــە بیانوی دەرچوون دژی، یاخود وازلە گوێڕایەڵی کردنی بهێنــرێ لەهــەر شتێکدا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ تێدایــە، بــەم چــەمکە نوێیە کارەکە بەرەو هەڵدێرو نالەباری چوو، دەروازە خرایــە سەرپشــت بۆ زۆرداری سیاسیو ستەمو لەکار خســتنی ســنوورو مافــەکان، ئــەم گوتارە نوێیە تەئویلکارە لەنێو ئەهلی سوننەدا برەوی پەیــداکرد، جــا ئیتر ئەوانەیان فــەرمودەناس (أهــل الحــديث) بــوون یــاخود زانایــانی جــەدەلو بیروبــاوەڕ (مــتكلمين)، هێشــتا ســەدەی چــوارەم کۆتــایی پێنەهاتبوو تا ئەوەبوو ئیدیعاو بانگەشەی کۆڕا (إجماع) کــرا لەســەر ئەم چەمکە نوێیەو هەموو ئەوانــەی پێچــەوانەی ئــەم ڕایــەبوون بــە بیدعەچی تۆمــەتبارکران؟! بێئــەوەی ڕاڤەیــەکی دروســت پێشــکەش کرێو بخرێتە پێش چاو، کەچۆن ئەمــە ئەبێتــە بنــەماو ڕێســایەك لــە بنــەماکانی بیروبــاوەڕ، لــەکاتێك زوبێــرو تەڵحــە نــەیان بیســتبوو،

هەردوكیشیان لە (دە) مــوژدە پێدراوەكــەی بەهەشــت بــوونو دەســت پێشخەربوون لە مسوڵمان بوونو ئیسلامەتی دا؟!

چۆن ئەم ڕێساو ئەسڵە لەعائیشەی دایكی باوەڕداران‌و شارەزاترینی ئافرەتانی جیهان شاراوو نادیار دەبێت؟ وە چۆن حوسەینی كوڕی عەلی‌و عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیرو عەبدوڕەحمانی كوڕی ئەبوبەكر پێی نازانن؟!

چی بڵێین لە بەرامبەر كوڕانی هاوەڵاندا كاتێ ئەم ئەسڵە هــەبوبێ‌و ئەوانیش كـــۆك بوونە لەســـەرئەوەی دژ بە یەزیـد ڕاپــەڕن؟!! چــۆن ئەبێ كارو فرمانێ ئەرك‌و مــاف‌و دیـن بوبــێ لـە ســەدەی یەكــەمی كۆچی‌و نیوەی سەدەی دووەم، پاشان ئەبێتە حەرام‌و بیدعە لە ســەدەی سێیەم دا؟!!

لەراستیدا واقع چەمكەكانی خۆی سەپاند بەسەر خەڵكی ئەو چاخ‌و سەردەمەدا، بۆچونەكانیشیان زیاتر دەربڕی ئەو واقعــەبوو وەك لــەوەی دەربڕی دەقەكان بێت، هەر بۆیە ئیمــامی ئەحمــەد ئــەو فەرمودەیــەی عەبدوڵڵای كوڕی مەسعودی پەسەند نەدەكرد كە دەیفەرموو: (یكـون أمراء یقولون ما لایفعلون، فمن جاهــدهم بیــده فهــو مــؤمن) واتــە: (هەندێ ئەمیر دێن ئەوەی دەیڵێن نایكەن، هەركەسێ بەدەستی دژیـان بكۆشێ ئەوە باوەڕدارە)، ئیمامی ئەحمەد دەیوت: (ئەم ووتەیە بەوتــەی عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود ناچێ، عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود دەیوت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: خۆڕاگرن تا بەمن دەگــەن (اصــبروا

حتى تلقـــوني). [1]

(ئەحمەد) خۆیشی ئەم فەرمودەیەی لە (مسند)ەکەیدا گێڕاوەتـەوە بەم دەبڕینە: (إنـه لم یکـن نبـــي قـط إلا ولـه مـن أصـحابه حـواري وأصحاب یتبعون أثره ویقتدون بهدیه، ثم یأتي من بعد ذلـك خوالـف أمراء یقولون مالا یفعلون ویفعلون ما لایؤمرون)، [2] بـەڵام کۆتـایی فەرمودەکەی نەهێناوە کـە بریتیـە لـە: (فمـن جاهـدهم بیـده فهـو مؤمن)؟! ئەمە لـە کاتێکـدا فەرمودەکـە ڕچـەکەی دروســتەو هــیچ (علـة)یەکی نیە. [3]

لێرەوە ئەو جیاوازیە ڕوونو ئاشکرایەمان بۆ دەردەکەوێ کەلـەنێوان دەقەکانی (قورئانو سوننەت)دا هەیەو بـۆ هـەموو کـاتو شـوێنێك هاتووە، لەگەڵ وتەی پێشـەوایان کـە بریتیـە لـە تێگەیشـتنی ئـەو دەقانەو ڕەچاوکردنی چۆنێتی پیادەکردنی بـە شـێوەیەکی دروسـت لـە

---

(١) (السنة)ی (خلال)، ف ژمارە (١٠٥).

(٢) (المسند) (٤٦١/١ – ٤٦٢)، هەروەها لە (٤٨٥/١) بە هەمان ڕچە لە ڕێگەیەکی ترەوە هاتووە، کۆتایی فەرمودەکەی باس نەکردووە.

(٣) موسلم بە ف ژمارە (٥٠) گێڕاویەتی یەوە، ئەحمەدیش لە (مسند) (٤٨٥/١)،(٤٦١- ٤٦٢) بە کورتی، ئەبوعوانەش لـە موسلیمەوە (٣٦/١) هێناویەتی، (ابن حبان)یش لە (صحیح)ەکەیدا بە فەرمودەی ژمارە(٦١٩٤) و (الطبراني)یش لە (الکبیر)دا بە فەرمودەی ژمارە(٩٧٨٤) و (ابن منده) لـە (الإیمان)دا بـە ژمارە (١٨٤)(ابن منده) وتویەتی ئەم فەرمودەیە سەحیحە بوخاری نەیهێناوە بۆئەوەی (علة)تێکی هەبێ، (عبدالله بن الحارث الجمحي) لە (سهیل بن علی بن أبی صالح عن سهیل عن أبیه عن أبی هریره) فەرمودەیەکی لەم جۆرە دەگێڕێتەوە.

سەردەمو چاخی خۆیاندا، ناگونجێو ناکرێ هـەر چـۆنێك ئیجتیهادیـان کردبێ ووتەکانیان وەکو دەقەکانی قورئانو سوننەی (صـحیح) سـەیر بکرێن، کە بریتیە لە نیگاو بۆهـەموو خـەڵکی هـاتووە لـە تـەواوی چـاخەکاندا لـە قورئـانو سـوننەتدا نـەوتراوە (لەگـەڵ کەسـی زاڵو سەرکەوتەدابن -کونوا مع مـن غلـب) هـەروەك عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەر وتویـەتی: (نحـن مـع مـن غلـب – ئێمـە لەگـەڵ کەسـی سەرکەوتودا دەبین) ئیمامی ئەحمەدیش ئەمەی وتووە.[1]

ئەمە لەکوێو ئەو ووتەیەی عومەر لەکوێ کە بە ئامادەیی هاوەڵان فەرموی: (من دعـا إلی إمـرة مـن غـير مشـورة المسـلمين فاضـربوا عنقه)؟![2] واتـە هەرکەسـێ بانگەشـە بـۆ میرایـەتی خـۆی بکـات بێڕاوێژی مسوڵمانان ئەوا لەملـــی بدەن.

قسەکەی عەبدوڵڵای کـوڕی عومـەر بـۆ سـەردەمێك دەشـێو بـۆ سەردەمێکی تر ناشێ، بۆ خەڵکێك دەشێو بۆ ئەوانی تر ناشێ، بـەڵام دەقەکانی قورئانو فەرمودەی دروسـت (نصـوص الشـارع) گونجـاویو سازبونی بەدەر لەکاتو شوێن، فەرمان دەکا بە بیسـتنو گوێڕایـەڵیو ئارامگری هەروەك چۆن فەرمان دەکات بە هەقبێژیو لابردنی خراپـەو بەرگریکردنی مرۆڤـ لەخۆییو سامانو ناموسی .... هتد.

ئەوەشی مەترسی ئەم بارەی زیاتر کردبوو بریتی بوو لەوەی ئەوانەی

(١) (الأحكام السلطانية)ی ئەبو یەعـلا ل ٢٣.

(٢) (السنة)ی (خلال)، ف ژمارە (١٠٦) بە ڕچەیەکی (صحيح) سەیری پێشوتر ل ٣٥ بکە.

پابەندبوون بەم چەمکە نوێیانەوە بریتی بوون لە خەڵکانی چاکەخوازو خاوەن فەزڵ، کەچی تـەماحکارو حـەز ویسـتەکان هـەڵیان دەکوتایـە سەردەسـەڵات بێئـەوەی بترسـن لـە تۆمـەتبارکردنیان بـە بیدعـەو فاسقێتی، مادەم پاش گەیشتن بە دەسەڵات دەبنە کاربەدەسـتو خـاوەن فەرمانو گوێڕایەڵی کردنیان واجب دەبێو حەرامـە لێیـان ڕاپـەڕیتو پێویستە بۆیان بپارێیتەوە ؟!

بـەهۆی ئـەم چـەمکە مەترسـی دارانـەوە کەسـانی وا گەیشـتنە دەسەڵاتو جڵەوی کاریان گرتەدەسـت کـە پێشـتر بەزنـدیقو مولحیـد تۆمەتبار کرابوون، ستەمو خراپەکاری بڵاوبویەوە، کاروباری ئوممـەتیش بەرەو لاوازیو شیرازە پچڕاوی ڕۆیشتو تا کار گەیشتە ئـەوەی کاروبـار بکەوێتە ژێر دەستی کۆلۆنیاڵو ئیستعمارەوە.

لەراستیدا نەهێشتنو ڕێگری کردن لە ڕاپەڕینو دەرچوون، بڕیارێکی پاساو دراو بوو، ئەویش بۆ ئەوەبوو تاوەکو خەڵکی لە ئاسـایش دابـنو مافو سنورو تێکۆشانو .... هتد بەرپابێ، جـا ئەگـەر هـەموو ئـەو مەبەستانە لەدەست چوون ئەوکات نەهێشـتنی ڕوخـانی دەسـەڵات - ئەگەر ئوممەت توانی - واتایەکی نابێـت - هـەر بۆیـە لێکۆڵینـەوەی دروست، کۆکردنەوەو سازدانی دەقەکانە نەك پێکدادانیان، وەکار کردنە بـە هـەمویان بـە پـێی گونجـانو ڕەخسـان، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانو مەبەستە شـەرعییەکان هـەروەك عەلامـە (المعلمی) فەرمویەتی: (ئەبوحەنیفە بەباشی دادەنا یاخود بە پێویستی دادەنا دژبە خەلیفـە عەبباسـییەکان ڕاپـەڕی، ئەمـەش پـاش ئـەوەی

ستەمیان لێوە بەدەرکەوت، وای دەبینی جەنگ کردن لەگەڵ ئەمانــەدا لە کوشتارو جەنگی کافــران لــەوەدا جیاوازییــان تێــدابوو، ئەوانــەی پێیان باش بوو دژیان دەرچی ئەمەی بە فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەو هەقبێژی دادەنا، ئەوانەشی پێیان باش نــەبوو وای دەبینــی ئەمە لاوازکردنی یەکرێزیو یەکدەنگی مسوڵمانانەو بەشبەش کردنی کۆمەڵو پەرتەوازەکردنی یەکێتیو یەکرێزیانە، بــوار ڕەخســاندنە بــۆ ئەوەی بە کوشتاری یەکتری یەوە سەرقاڵ بــن، بەمــەش بــێهێز دەبــنو دوژمنیان لە بەرامبەردا بەهێزدەبن، لێرەوە قەڵاو قوللەکان پشــتگوێ دەخرێو دوژمنان دەستی بەسەردادەگرن ..... بەم شێوەیە، ئەو دەقانــەی هەریەك لە ڕێگرانو ئەوانەشــی مۆڵــەت دەدەن لای هــەموان ڕوونو ئاشکرایە.

زاناو توێژەرەوەکان هەموو ئەو دەقانــە کۆبکەنــەوە، بــەوەی ئەگــەر گومانی زاڵ ئەوەبوو کە ئەو و بەرەنجامە خراپەی لە دەرچوونو ڕاپەڕین دەکەوێتەوە کەمو سوکتر بوو لەوەی بەرگەی دەگــیرێ، ئــەوا دەرچــوونو ڕاپەڕین دروستە ئــەگینا نــەخێر، ئــەم تێڕوانینــەش لەوانەیــە جــێی ناکۆکی بێ لەنێوان موجتەهیداندا.[1] لەگەڵ هەموو ئەمانەشــدا، وە لەگــەڵ چەســپانی بڵاوبونــەوەی ئــەو وتەیــەی کــە دەرچــوون دژ بــە

(١) التنکیل ل(٢٨٨ – ٢٨٩)، سـەرنج دەدرێ ئەوانـەی بەرهەڵسـتی دەرچـوون لـەدژی دەسـەڵات دەکـەن نەهێشـتنەکە بەوەپاسـاو دەدەن کەلەبەرئەوەیـە جیهـاد لـەکار نەخرێو وولات بپارێزرێو ئاسایشی ڕێگاکان پارێزراوبێو مافی بێدەسەڵاتەکان بسـەنرێتەوە، ئەمانـەش حـوکمی پەرستشـیانەی ڕووت نـین، بـەڵکو بەرژەوەنـدی هۆکارداره، حوکمیش بەپێی بوونو نەبوونی هۆکارەکە دیاری دەکرێ.

دەسەڵاتدار بە حەرامو یاساغ دەزانێ، کەچی زانا خواناسەکان بـەردەوام بەرەنگاری ستەم دەبونـەوەو ئینکـاری خراپـەیان دەکـرد، بـە شـێوەی فەردیو جـەماعی، حـەق بیـژیان ڕادەگەیانـد، چـونکە ئـەوەیان بـە دەرچوونی ڕێلێگیراو (ممنوع) نـەدەزانی بـە بیـانوی کـۆڕاو دەلالـەتی دەقەکانەوە، هەروەك چۆن لە ساڵی ٤٦٤ك ڕوویـدا ئـەوەبوو زانایـانی ئەوکاتە پێکەوە دەرچـوون، شـەرعزانە حەنبـەلی یـەکان ڕاپـەڕین بـە پێشڕەوی شەریف ئەبوجەعفەرو شاغعیەکانیشیان لەگـەڵ بـوو، ئـەبو ئیسحاقی شـیرازی لـە پێشـیانەوە بـوو، هـەموویان ڕوویـانکردە (دار الخلافة) بۆ لابردنی خراپەکاری یەکان.[1]

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لەگەڵ شوێن کەوتوانی دا هەمان کـاری ئەنجام دەدا لە لابردنی خراپـەکاری یـەکانو بـەرگریکردن لـە سـتەم لـێکراوەکان، لەوانە دەرکردنـی پێشـەوا (المـزی) لەگرتوخانـە بـەبێ مۆڵـەتی سـوڵتان و پیـادەکردنی (حـدود) بەسـەر تاوانبارانـدا.[2]

ڕووبەڕووی سوڵتانی پادشا ناسر کوڕی قلاوون بویەوە کاتێ کە ویستی هەندێ لەو قازیو فەقیهانە بکوژێ کە (ابن تیمیة) یان بەگرت دابوو، وە هاریکاریان کردبوو بۆ لابردنـی سـوڵتان ناسـرو بەیعـەت دان بـە جاشنگیر، ئـیبنو تەیمیـە ئـەو ویسـتەی سـوڵتانی پەسـەند نـەکردو ئەوشتەی ئەوی پێخراپو ناخۆش بوو، لەوبارەیەوە پێی ووت: (ئەگەر

---

(١) سەیری ابن کثیر ١١٢/١٢و ذیل طبقات الحنابلة ١٨/٣ بکە.

(٢) سـەیری ابـن کـثیر ٣٥٥/١٣ سـاڵی ٦٩٣ك و ٢٠/١٤ سـاڵی ٧٠١ك و ٣٦/١٤ سـاڵی ٧٠٤ك و ٣٨/١٤ ساڵی ٧٠٥ك بکە.

ئەوانە بکـوژی دوای ئـەوان کەسـی هاوشـێوەیانت دەسـت ناکـەوێ)، سوڵتان پێی ووت: (ئەوان ئازاری تۆیـان داو چـەند جـار ویسـتویانە بتکوژن)، پێی فەرموو: (ئـەوەی ئـازاری منـی داوە گـەردنیم ئـازاد کردووە)، بەردەوام هانی دا تاسوڵتان لێیان خۆش بوو، تا ئەوەبو (ابـن مخلوف) سەرسەخترین دوژمنەکانی ئیبن‌و تەیمیەو توندترین ناحەزی لە بیروبـاوەڕدا ووتـی: (کەسـی وەکـو ئـیبن تەیمیـەمان نـەدیوە، هـانی خەڵکماندا لە دژی بەڵام توانامان بەسەریدا نەشکا، کاتێ ئەو توانای بەسەرماندا شکا لێمان بوراو بەرگری لـێ کردین).[1] ئـیبن‌و تەیمیـە هەمان ئـەو ڕەفتـارەی ئەنجامـدا کەپێشـتر ئیمـامی ئەحمـەد لەگـەڵ موعتەزیلەدا کردی.

(ابن القیم) بەربەزەیی خوا بکـەوێ، فەرمویـەتی: (هـیچ کەسـم نەدیوە کۆکەرەوەی هەموو ئەو خەسڵەتانە بێت بـە ئەنـدازەی شـێخی ئیسلام ئـیبن‌و تەیمیـە (خـوا ڕوحـی پیرۆزکـا)، هەنـدێ لـە هاوەڵـە گەورەکانی دەیانووت: حەزم دەکرد من بۆ هاوڕێکانم وەکو ئەو بومایـە بۆ دوژمن‌و ناحەزەکانی، هیچ کات نەم بینیوە بپارێتەوە دژیان، بەڵکو بۆیان دەپاڕایەوە، ڕۆژێك هاتمـە لایـی‌و مـوژدەی مردنـی یـەکێك لـە گەورەترین دوژمن‌و ناحەزەکانیم پێیدا کـە زۆر دوژمنایـەتی دەکـردو ئازاری پێدەگەیاند، پیاما هەڵشاخاو ئەوکارەمی پێ ناخۆش بوو (إنـا

---

(١) ابن کثیر (٥٦/١٤) سالّی (٧٠٩)ك.

لله وإنا إليه راجعون)ی کردو، پاشان یەکسەر هەستا چوو بۆلای خـاوو خێزانیو سەرەخۆشی لـێکردنو فەرمووی: (من لەجێی ئـەوم، هـەر پێویستییەکتان هەبێ لە خزمەتاندامو هاوکاریتان دەکەمو قسەی تری لەم شێوەیە، ئەوانیش یەکسەر دڵشادبوون پێی، بـۆی پاڕانـەوە، ئـەم کـــارەی ئـەویان زۆر لاگـــەورە بــوو، بــەر بــەزەیی‌و ڕەزامەنـدی خـوا بکەوێ). (١)

ئەمەش تەئکید کردنەوەیـە لەسـەر بنـەمای لێ بـوردەیی لەگـەڵ ئەوانەی هاوڕات نـینو حـەلاڵ نـەکردنی خـوێنو مـاڵو ناموسـیانە، هەرچەندە بیدعەکەشی کوفرو گومڕاییش بێت، چونکە مسوڵمانێکی تەئویل کارە، مافەکانی مسوڵمانێتی بەسەر مسوڵمانانەوە هەیە.

هــەروەها زانایــانی ئەزهــەر لــە ســالّی ١٢٠٩ ك – ١٧٩٤ز سەرکردایەتی شۆڕشێکی جەماوەری یان کـرد دژ بـە مـەمالیکـەکان، عامەی خەڵکی بەشدارییان تێیدا کـرد کـە لـە دەوروبـەری قـاهیرەوە هاتبوون، پاش ئەوەی زانکۆی ئەزهەریان داخسـت، فـەرمانیان دا بـە خەڵکی بۆ ئەوەی بازاڕو شـوێنەکانیان دابخـەن، ئـەم ڕاپەڕینـەش لـە بەرەنجامی بڵاوبونەوەو پەرەسەندنی ستەمی مەمالیکەکان بـوو دژ بـە خەڵکی، سەرەنجام مەمالیکەکان ناچـار ملکەچـی داخـوازی یـەکانی جــەماوەر بــوون، زانایــان چــەند مــەرجێکی نوســراویان دانــاو مەمالیکەکانیش لە بەڵگەنامەیەدا ئیمزاو تەوقیعیان لەسەری کـرد،

(١) مدارج السالكين ٢/٣٤٥.

که بریتی بوو له بەرپاکردنی دادگەریو نـەهێڵانی ستـەمو باجـەکان لەسەر تەواوی خەڵکی میسر، له سەرکردەکانی ئەو شۆڕە، (العرایشی) موفتی حەنـەفیو (الشـرقاوی) شـێخی ئەزهـەرو (شـیخ البکـری)و چەندینی تربوو.[1]

لـە راسـتیدا ئـەم شۆڕشـە جەماوەریـە کـە زانایـانی ئەزهـەر سەرکردایەتی یان کرد سەرەتای: (ئەو بێـداریو ڕاپەڕینـەبوو کـەدوای میسر تەواوی وولاتی ئیسلامی گرتـەوە، ڕونـیش بویـەوە شـێخەکانی ئەزهەر پێشڕەوو سەرکردەی ئـەو ڕاپەڕینـەبوون، وە دەسـەڵاتی ئـەوان بەسـەر خـەڵکیو جـەماوەردا مەمالیکـەکانی تووشـی تـرسو بـیم کردبوو).[2] بەڵام تەواوی ئەمانە نەبونە ڕێگر لەبەردەم هەڵوەشانەوەی دەوڵەتو کەوتنی ئوممەتو تیاچوونو سەرگەردان بوونی وولاتی ئیسلام لەسەر دەستی ئیستعماردا، ئەو ئیستعمارەی کاتێك کـە هـات چـەند گەلێکی بینی که واقعی خۆی لا وونکرابوو، چاوەڕێی سوڵتانێك بـوو بەرگری لـێ بکات، پاش ئەوەی ئـەم گەلانـە چـەندین سـەدەی دوورو درێژ به ناوی ئاینو سوننەوە وازیان له مافەکانی خۆیان هێنـابوو بـۆ ئەوان، تاوەکو هەڵپەرستانو گاڵتە جاڕان یاریو بەزمی پێبکەن؟!

شاعیرەکان ئەم گرفتەیان هەست پێکردبوو، له هەمووشیان ڕاستگۆتر له دەربڕیندا سـەبارەت بـەواقعی گـەلانو ئەوکارەسـاتەی بەسـەریدا

---

(١) تاریخ الجبرتی ٢/٢٥٨ – ٢٥٩.

(٢) رسالة في الطریق إلى ثقافتنا، عەللامە محمود شاکر ل١٢٩.

هاتبوو لەنەشارەزاییو نەزانینی دینو زیـادەڕەوی کردنیـان لـەدونیادا (أبو الطیب المتنبـي) بوو هەروەك لەم دێڕانەدا بەدەر دەكەوێ:-

سـادات كل أناس من نفوسهم      وسـادة المسـلمين الأعبد القـزم
أغاية الدين أن تحفوا شواربكم      يا امة ضحكت من جهلها الأمم[1]

واتە: سەرکردەو گەورەپیاوانی هەر خەڵكێك لـەخودی خۆیانـە، بـەڵام سەرکردەو گەورە پیاوانی مسـوڵمانان كەسـە نـزمو ڕیسـواكانە، ئایـا مەبەستی دینو دینداری تەنها سمێڵ کورتکردنەوەیە، ئـەی ئوممـەتێك هەموو ئوممەتەكان بە نەزانینو جەهالەتی تۆ پێدەكەنن.

ودهر ناسـه ناس صـــغار      وإن كانت لهم جثث ضخام
أرانـب غير أنهـم ملــوك      مفتحـة عيونهم نيــام[2]؟

سەردەمانێك هەن كەسە بچوكەكان لەبیری خەڵكیان بردۆتـەوە، هـەر چەندە ئەوكەسانە بەلاشەو جەستە گەورەو زەبەلاحن، وەك كەروێشكن، بەڵام لەهەمان كاتدا پادشان، چاویان کراوەتەوە بەڵام نوستوون ؟!

وإنما النـاس بالملوك وما      تفلح عرب ملوكها عجم
بكل أرض وطئتهـــا أمم      ترعى بعبد كأنها غنم[3]؟!

(١) ديوان المتنبي بحاشية البرقوقي ٢/٢٨١، القزم / بریتین لە نزمترینو سوکترین کەس.
(٢) دیوانەکەی٢/١٩٠ – ١٩١.
(٣) دیوانەکەی ١/١٩١.

خەڵکی بەهۆی پادشاکانیەوە کەسەو دەناسرێتەوە، عەرەب ڕزگاری نابێ ئەگەر پادشاکانی لەخۆی نەبن و کەسانی تربن، هەر زەوی یەك ئومەتەکانی تری تێهاتبێ خەڵکی لەپێش دەدەن وەك ئەوەی مێگەل بن.

أكلما اغتال عبد السوء سيده — أوخانه فلهو في مصر تمهيد
صار الخصي إمام الآبقين بها — فالحرّ مستعبد والعبد معبود
نامت نواطير مصر عن ثعالبها — فقد بشمن وما تفني العناقيد[1]؟!

ئەوە بۆ دەبی هەرکاتێ بەندەیەك خاوەنەکەی تیرۆرکرد، یا ناپاکییەکی لێ کرد میسر ڕێخۆشکەربی بۆی، وای لێهاتووە خەساوێك بووە بە پێشەوای بەندە یاخی بووەکان، ئازاد بووتە کۆیلەو کۆیلەش دەپەرستریو بووەتە پەرستراو، ئێشك گرەکانی میسر لەبەرامبەر بەرێوەبەریەکاندا خەویان لێ کەوتووە، ئەوانیش تێریان خواردووە چونکە هێشووەکان کۆتاییان پێنەهاتووە؟!

وكم ذا بمصر من المضحكات — ولكنه ضحك كالبُكا[2]؟!

ئای چەند شتی سەیرو پێکەنیناوی لەمیسردا هەیە بەڵام پێکەنینێکی گریان ئامێز؟!

(١) دیوانەکەی ١/١٤٣ – ١٤٤.
(٢) دیوانەکەی ١/١٦٧.

قۆنـاغـی دووەم: - کە بریتیە لە قۆناغی گوتـاری سیاسـی تـەئویل کراو - لە نیوەی سەدەی یەکەمەوە بە نزیکی - درێـژەی خایانـد تاوەکو کەوتنی خەلافەتی عوسمانی بەردەوام بوو، واتـە نیزکـەی هەزارو سێسـەد سـاڵی خایانـد، پلـەکانی خـوارو خێچـی ئـەم قۆناغـەدا جۆراوجـۆر بـوون، لادان لەسـەرەتای ئـەم قۆناغـەوە سوکتربووە وەك لەکۆتاییەکەی.

سەرەتای ئەم قۆناغە بەوێنەی ئەو ووتەیەی (زیاد بن أبیه) دەسـتی پێکرد کە لە وتارێکیدا بۆخەڵکی کوفە لە ساڵی ٤٥ك ووتی: (ئـەی خەڵکینە، ئێمە بوینە بەڕێوەبەرو سیاسی ئێوەو بەرگریتان لێ دەکەین‌و دەتان پارێزین، بەڕێوەتان دەبەین بەو دەسـەڵاتەی خـوای گـەورە پـێی داوین، بـەرگریتان لێ دەکـەین بەودەسـتکەوتە خواییـەی کراوینەتـە نوێنەرو موخەوەلی، مـافی ئێمە لەسەرتان ئەوەیە گوێڕایەڵی‌و مل کـە چیمان بکەن لەوشتانەی پێمان خۆشە، مافی ئێوەشە دادگـەربین لـەو کاروبارانـەی بەدەسـتمانە، بـەهۆی ئامۆژگارییەکانتانـەوە دەسـت کەوتەکانمان بۆخۆتان دەستەبەردەکەن، بشزانن مـن هەرچـەندە کـەم‌و کورتی تێدابکەم لەسێ ڕووەوە کەمتەرخەمی ناکەم، پەردەو دەرگـاوان لە ڕووی داخوازی کاری ئێوەدا دانانێم، ئەگەر بـە شـەویش بـدەن لـە دەرگام، لەگەڵ هـەبوون دا هـیچ ڕزق‌و ڕۆزییـەك گـل نادەمـەوە، بـۆ شوێنێکتان نانێرم هەڵتان قرچـێنێ، لـەخوا بپاڕێنـەوە بـۆ پێشـەواو ئیمامەکانتان، ئـەوان بەڕێوەبـەرو ئـەدەب دەری ئێـوەن، ئەشـکەوتی

پەناگەی ئێوەن، کەی ئێوە چاکەخواز بوون ئەوانیش چـاکە خــوازدەبن، دڵتــان پڕنەکــەن لــەڕقیان، بەمــەش ڕقــاویو کینــە لــەدڵ دەبــنو خەمباریتان بۆی درێژە بکێشێ، بەدوای شتێکدا مەڕۆن ئەگەر بۆتـان بلویو بێتە دەستتان زیانی خۆتانی تێدا بێت) .

(ابن جرير الطبـري) دەڵێ: (زیـاد یەکـەم کـەس بـوو کاروبـاری سوڵتانی توندوتۆڵ کرد، پادشایەتی بـۆ موعاویـە تەئکیـد کـردەوە، خەڵکی پابەندی گوێڕایـەڵی کـردو سـزای دەداو شـیری هەڵدەکێشـاو بەگومان خـەڵکی دەگـرتو لەسـەر شـوبهەش سـزای دەدا، خـەڵکی لەکاتی دەسەڵاتی ئەودا زۆر لێی دەترسان، لە یەکتری ئەمین بوونو لە ئاسایش دا دەژیان، تاوەکو ئەگـەر شـتێك لـە پیاوێـك یـا ئافرەتێـك بکەوتایـەو بەربوایەتــەوە کــەس ڕووی بەلایــدا نــەدەکردەوەو هــەڵی نەدەگرت، تا خاوەنەکەی دەهاتو دەیبرد، ئـافرەت لـە مـاڵی خۆیـدا دەمایەوەو دەرگـای لەسـەرخۆی دانەدەخسـت، بەشـێوەیەك کاروبـاری خەڵکی دەبرد بەڕێوە کە شتی وا نەبینرابوو، خـەڵکیش بـە شـێوەیەك سامو ترسیان لێی هەبوو کە پێشتر لە کەسی تر وا سام نـەیگرتبوون، بەخشینی زۆر بوو). [(١)]

خواروخێچیو لادانـی سیاسـی گەیشـتە ئاسـتێك کـە نزیـك بـوو خەلیفــەی فــاتمی (الحــاكم بــأمرالله) بانگەشــەی پەروەردگــارێتی (الربوبية) بکات؟!!

---

(١) ابن جريـر (٣/١٩٧– ١٩٨) ساڵی (٤٥) ك.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش هیچ سەردەمو وولاتێك خاڵی نەبووە لە خەلیفەوو پادشای دادگەرو قازی خواویست، کە ئەمانە گەورەترین کاریگەرییان بووە لە سەقامگیری شارستانێتی بۆ ماوەی هەزار ساڵ، وەك کاریگەرییەك لەکاریگەرییەکانی دادگەری —کە زۆرێك لە خەلیفەو قازییەکان پێی بەناوبانگ بوون- هەرئەوەش هۆکاری سەقامگیریو برەوو گەشەی کۆمەڵگاکان بوو، بەلاّم تەنها ئەوە توانای نەبووە جارێکی ترو سەر لەنوێ ئوممەت ڕاپەڕێنێ، چونکە ئەو شارستانیەتەی دەتوانێ بەرپابێو بۆ ماوەی هەزار ساڵ درێژە بکێشێ ئەم توانایەی نەبوو ئەگەر بەهێزی ئەو بناغەیەی نەبوایە کەلەسەرەتای دروست بونیەوە لەسەری ڕاگیرابوو، ئەو هێزەی کەلەبنەماکانی ئەو گوتارە سیاسیەدا خۆی دەبینیەوە کە هاوڕێك بوو بەرێ نمایەکانی ئایینی دابەزێنراو، هەرئەمەش گەورەترین کاریگەری هەبوو لەوەی دەوڵەت لە بەرامبەر جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا خۆی ڕابگرێ، پاشان بەردەوام بێت لەوجەنگە ڕزگاری یەی لەسەردەستی هاوەڵاندا بەدی هات، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەوبارە لەبارەی لەو ماوەیەدا باڵی کێشابوو بەسەر بارودۆخی سیاسیداو دادگەریو ئازادیو ڕاوێژ لەئارادابوو، هەرئەمەش وایکردبوو لەوکەسانە تاوەکو لەپێناوی ئەو دەوڵەتەو بنەما ئاسمانییەکانیدا قوربانی بدەن، لەڕاستیدا هەرئەو بناغە پتەوە بوو وایکرد لە دەوڵەت بتوانێ بۆماوەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژ سەرەڕای ڕوودانی لادانیش خۆی ڕابگرێ، لەبەرهەمان هۆ

ناکرێ دەوڵەتو ڕاپەڕینێکی نوێی تر بـەدیبێت، بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ بنەماکانی گوتاری سیاسی ڕاشدی، چونکە نـاکرێ گوتـاری سیاسـی تەئویل کراو بکرێتە بناغەیەك تاوەکو دەوڵـەتو ڕاپـەڕینێکی نـوێی لەسەر بنیات بنرێ.

لەراستیدا هەمو هەوڵە چاکسـازییەکان تێکشـکانو سـەرکەوتنی بەدەست نەهێنا هاوێنەی سەلاحەددینی ئەیوبیو یوسفی کوڕی تاشفینو (نظام الملك) و (ظاهر بيربس) و چەندین پادشاو وەزیری تر هەوڵیان دەدا بۆ ئەنجام دانی ڕاپەڕینێکی گەورە، ئەوەبوو کەسیان نەیان توانی وەکـو سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکانی ڕاشدین ئوممەت بەشـدارکەن لە کاروبارەکانیدا، ئەوەبوو لەسەردەمی ئەواندا تەواوی ئومـمـەت کـاری دەکرد لەپێناو بنیاتنانی ئەو دەوڵەتەدا تەنانەت ئەو دەشتەکیانەی لـە بیابانەکاندابوون دەستێکی بالاّیان هەبوو لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ لە بنیاتنانی ئەو دەوڵەتەو بەشداریکردن تیایدا بە بـیروڕا، وەهـا دەردەکەوتن کە خوای گـەورە لـە ڕوحـی خـۆی فـوی پێـدا کـردبێتنو سەرلەنوێ بە شێوەیەکی بێوێنەو ناوازە لەدایك بوبێتن، ئـەو کەسـەی ئاشـنای مێـژووی چـاخی پێغەمبەرایـەتیو ڕاشـدین بـێ ناتوانـێ دەستەوەستان نەوەستێو سەرسام نەبێ لـە توانـای پێغەمبـەر ﷺ و جێنشینەکانی پاش خۆی، لەو وزە گیانیەی کرابوو بەگیانی پیاوو ژنو بیابان نشینی ئەم ئوممەتەدا، ئـەتبینی هـەموو کاردەکـەن لـە پێنـاو دەوڵـەتی خۆیانـدا نـەك دەوڵـەتی پێغەمبـەر ﷺ و دەوڵـەتی

جێنشینەکانی پاش خۆی، لەپێناوی ئـازادیو سـەروەریو مافـەکانی خۆیاندا پێش کەسانی تر.

هەربۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمون: (من لەم ماڵەدا تەنها پێنج یەکم هەیە، پێنج یەکەکەش بۆخۆتان دەگەڕێتەوە)، وەدەیفەرمو: (هەرکەسـە سـامانێکی بـەجێهێڵاوە ئـەوە بـۆ میراتگرەکانیـەتی، هەرکەسەش قەرزاریو شەکەتی بەجێهێڵاوە ئەوە بۆ منەو لەسەر منە)، وەدەیفەرموو: (ئاماژەو قسەی خۆتانم پێبڵێن ئەی خەڵکینە)، لەهەموو شتێ لەوشتانەی نیگای لەسەر دانەبەزی بوو، پێی دەفەرموون: (ئەی خەڵکینە، ئێمە نازانین کێ لە ئێوە ڕازی یا ناڕازییە، بگەڕێنەوە تاوەکو عەریفەکانتان کاروبارەکانتانمان بۆ بەرزدەکەنەوە).

هەموو ئەمانە سووربوونی پێغەمبـەرمان بـۆ ڕوون دەکەنـەوە کـە دەیویست ئوممەت بەشداری بکا لەکاروبارەکانی خۆیدا، وەهەست بکەن بەوەی تەواوی ئەوەی پێی هەڵدەسـن لـە بەرژەوەنـدی خۆیانـەو هـیچ بەرژەوەندییەکی خۆیی تێدا نیە.

زۆربەی پادشـاو خەلیفـە ئیسـلاح خوازەکـانی پاشـتر بـەم کارانـە هەڵنەسـان، وە ئاوڕیـان بەلایـدا نەدایـەوە، گومانیـان وابـوو تـەنها دادگەری بەسە بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینو بیداربونەوە -لـەکۆتایی ئـەم قۆناغەدا- دەوڵەتی پێشەوا موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بەرپابوو سەرکەوتنێکی گەورەی بـەدی هێنـا لـە ئیسـلاح کردنـی بیروبـاوەڕی مسوڵمانانو نوێکردنەوە مەشخەڵەکانی ئایین دا، بەڵام شکستی هێنا

لەوەی لە بواری ئیمامەت‌و بەڕێوەبردنی کاروبـاری ئوممەتـدا (سیاسـة الأمة) بگەڕێتەوە بۆ ئەو بارەی خەلیفەکانی ڕاشدین لەوڕووەوە لەسەری بوون، ئەوەبوو ئەو دەوڵەتـە لـەم ڕووەوە پابەنـدبوو بـەگوتاری سیاسـی تەئویل کراوەوە بـەو شـێوەیەی لـە کتێبـی (الأحکـام السـلطانیة) دا هاتبوو -وەك پابەندیەك لـەو ڕووەوە بـە ڕێبـازی حەنبـەلی- هەربۆیـە دەوڵەتەکەی لەسەر مۆرکی دەوڵەتی ئومەویـەکان یـا عەبباسـیەکان بوو، لێرەوە ئیمامەت بووە پشتاوپشتی‌و بۆماوەیی، ڕاوێژیش وون بـوو یاخود لەچینێکدا قەتیس مابوو، ئومەتیش دوور خرابویـەوە لـەڕەوتی ڕووداوەکان، بێ‌ئاگابوو لەوەی لە دەوروبەریدا ڕووی دەدا، هەربۆیـە زۆر بەخێرایی لاوازی بەسەرداهات‌و لە یەکەم ڕووبەڕووبونـەوەی دەرەکیـدا تێکشکا، خەڵکیش پشتی لێیکرد بە پێچەوانەی ئەوەی لە سـەردەمی ئەبوبەکرو لەکاتی جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا ڕوویدا.

ئەگەر ئەو بزاڤە چاکسازییە هەڵبسایە بە نویَ کردنـەوەی گوتـاری سیاسی‌و ژیانەوەی ڕێ‌و شوێن‌و ڕێبازی خەلیفەکانی ڕاشـدین لـەبواری ئیمامەت دا، بەوەی ئەو کارەی بکردایەتە ڕاوێژی نێـوان مسـوڵمانان، تاوەکو ئەوکەسەی دەیانەویَ هەڵیبژێرن‌و ئومـەتیش بەشـدارکەن لـە تەواوی کاروبارەکانیانداو بێ‌خەڵکی هـیچ شـتێك یەکلانەکەنـەوە، وە خانەی سامانیش لەژێر سەروکاری‌و چاودێری ئەو دابوایـەو ..... هتـد، وە لە نەتەوەکانی تریشەوە هەرشتیَ لە بەرژەوەنـدی ئـەودابوو وەریـان بگرتایەو بیانگواسـتایەتەوە بـەو شـێوەیەی کەعومـەر کـردی: ئـەوا

بــەرپابوونی ئــەو بزاڤــە دەبــووە ســەرەتای چــاخی ڕاپــەڕینو بێــداری ئیســلامی نــوێ، وە دەبویــە ڕێنیسانســێکی هەمەلایەنــەی تــەواوی بوارەکانی ژیان، بەڵام ئەمە ڕووی نــەدا، ئــەو کاریگەرییــە سیاســیو بیریو ژیارییەشی نەبوو کەهاووێنــەکانی ئــەو هــەیانبوو لــەو بزاوتــە کۆمەڵایەتییە گەورانەی جیهان کە لەو ماوەیەدا لە ئــارادابوون وەکــو شۆڕشی فەرەنسی لە ئەورووپادا.

ئەمە لەکاتێکدا بــارودۆخی خراپــی ئــەوکاتی جیهــانی ئیســلامی نەگەیشتبووە ئەو بارودۆخەی ئەورووپا پــێی گەیشــتبوو، لــەو تــەنگ پێهەڵچنینە ئایینیەی لەنێوان دەستەو تاقمە مەسیحییەکانی ئەوێدا هــەبوو تــاڕادەی لەڕیشــە دەرهێنــان وەکــو لــەنێوان پرۆتســتانتو کاســۆلیکدا هــەبوو، ســوکایەتیکردن بــە مافــەکانی مرۆڤــ لێــرە نەگەیشتبووە ئەوبارو دۆخەی لەوێ پێی گەیشتبوون، چونکە گوتــاری سیاسی تەئویل کراو لەم قۆناغەدا توانیبووی بەردەوام لانی کەمی ئەو ئەندازەیەی مافو ئازادییەکان بپارێزێ کــە شــەریعەت پاراســتبووی، هــەروەها ســەربەخۆیی دەســەڵاتی قــەزائیو یاســایی کەلــە قــازیو فەقیهەکاندا خۆی دەنواند وایکردبوو ڕێگربێ لە بڵاوبونەوەی زۆرداریو ستەم بەو شێوەیەی لە ئەورووپادا بڵاو بوو، چونکە بەردەوام قەزا لەنێو خەڵکیــدا بــەپێی شــەریعەت دەچــوو بــەڕێوە، هــەر بۆیــە مــافو ئازادییەکانی تاك پارێزراوبوو، ئەم قۆناغە بە دیاردەیەك دەناســرێتەوە پێی دەوترێ (زۆرداری دادگەر (خۆسەپێنەر) — المستبد العادل -) کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی دوورو درێژ هەیە.

## ( دیــاردەی زۆرداری[*] دادگــەر لەم قۆنــاغەدا ):

لە رۆژهەلاتی ئیسلامیدا دیاردەی (زۆرداری دادگەر) بەدەرکەوت، زۆرداریی سیاسی و دەسەلات خوازییەکەی نەبوە رێگر لەبەردەم پیادەکردنی دادگەری و پاراستنی مافەکانی تاك و ئازادیەکانیان و بونی پارتە فیکریە سیاسیە نەیارەکان، ئەوانەی کەس دەستکاری نەدەکردن ئەگەر هێزیان بەکار نەهێنایە بۆ رووخانی دەسەلات.

(ابن جرير الطبري) فەرمویەتی: (موعاویە هات، (المغيرة بن شعبة)ی کردە کاربەدەستی کوفە، شادی و خۆشگوزرانی پێخۆش بوو، هەلس وکەوت و رەفتاری جوانی لە نێو خەلکیدا نواند، سەبارەت بە خاوەن بۆچونە لادەر و حەزیستەکان (أهل الأهواء) پشکنین و بەدواداگەرانی نەدەکرد، ئەهاتن بۆ لای و پێیات دەووت: فلان بیروبۆچونی شیعەییانەی هەیە و ئەوی تر خەواریجانە، بەلام ئەو دەیوت: خوا بڕیاری وابووە کە بەردەوام جیاوازی و ناکۆکیمان ببێ، خوای گەورەش دادەوری و قەزاوەتی خۆی دەکات لەو شتانەی تێیدا ناکۆکین. ئاسایش بالی کێشا، خەوارجەکان یەکتریان دەبینی، باسی بەسەرهاتی برا و هاوبیرەکانی خۆیانیان دەکرد لە نەهرەواندا، وایان

---

(*) المستبد= زۆردار، ستەمکار، ملهوڕ، خۆسەپێنی بۆ بەکاردێ. وەرگێر

دەبــینی دانیشــتن و بــێدەنگی مــافخوراویی‌و دەســتە پاچــەیی یــە، جیهادکردنی خاوەن قیبلەکان فەزل و پاداشتی تێدایە).[1]

عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە حەجی ســاڵی (٧٥)ك وتــاری دا وتــی: (ئــەی خەڵکینــە، ئێمــە بــەرگری هــەموو ناپەســندی و بارقورسیەکتان دەگرین ئەگەر ئاڵاهــەڵگری شــەڕو هەڵکوتانــە ســەر مینبەری تێدا نەبێ).[2]

نوعمانی کوڕی بەشیر (خوای لێ ڕازی بێت) کە میری کوفەبوو لــە ساڵی (٦٠)ك دا، هەواڵی (مسلم بــن عقيــل بــن أبــی طالــب) پــێ گەیشتبوو وە دەیزانی بە نهێنی بەیعەت بــۆ حوســەینی کــوڕی علــی (خوای لــێ ڕازی بێت) وەردەگرێ، ئەوەبو نوعمان هەستا بۆ وتاردان و (سوپاسی‌و ستایشی خوای کردو پاشــان فــەرمووی: پــاش ســوپاس و ستایش، لەخوا بترسن بەندەکانی خوا، بە پەلە و خێــرا مەچــن بــەدەم ئاژاوەو دوبەرەکیەوە، چونکە ئەم دووە پیاو تیادا دەبــا و بــە هۆیانــەوە خوێن دەڕژێ‌و سامان زەوت دەکرێ، نوعمان کەسێکی دڵ نەرم‌و ئارام و خواپەرست بوو خوشگوزاری خەڵکی دەویست- فەرموی: من کوشتاری کەسێك ناکەم کوشتارم نەکا، هەڵناکوتمە سەر کەســێ هەڵنەکوتێتــە سەرم، جنێوتان پێ نادەم و بێــزارتــان ناکـــــەم و بە هۆی گومان و تۆمەتەوە ناتانگــرم، بەڵام ئەگەر خۆتـــان شیــرتان هەڵکێشـــا

(١) تاريخ ابن جريـر (١٧٤/٣) ساڵی (٤٢)ك.

(٢) ابن كثيـر (٦٨/٩).

لێم، بەیعەتتان هەڵوەشێننەوە و پێچەوانەی پێشـەواکەتان بـن، بـەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێکی تری نیە تا لـە توانامدایـە بـەم شـێوە لێتان دەدەم، ئەگەر هیچ کەسیشتان پشتگیریم نەکەن، بەڵام هیـوادارم حەق ناسەکانتان زۆرتر بێت لەوانەی ناڕەوا توشی هەڵدێری دەکا.

ئەوەی رووداوەکە دەگێڕێتەوە دەڵـێ لەو کاتەدا (عبدالله بن مسـلم بن سعيد الحضـرمي) هاوپـەیمانی ئەمـەوییکان بـەرەو ڕووی دەچـێ و دەڵـێ: ئەوەی تۆ دەیڵێی و لەگەڵ دوژمناکانتـا دەیکـەی بیروبۆچـونی کەسە لاواز و بـێ دەسـەڵاتەکانە، نوعمـانیش فـەرمووی: لاواز و بـێ دەسەڵات بم لە گوێڕایەڵی خوادا پێم خۆشترە سەربەرز و سەرفرازبم لـە بێ فەرمانی و سەرپێچی خوادا، پاشان دابەزی).[1]

هەروەها زۆربەی جێنشین و پادشاکانی ئیسلام خاوەن چاکە و فـەزڵ ویژدان و دادگەری بون، سولەیمانی کـوری عبدولمـەلیك (٩٩ك) بـەوە وەسف کراوە کە دادویسـت بـوە و لەگـەڵ خەڵکیـدا ڕەفتـارو هـەڵس وکەوتی باش وجوان بووە.[2] عومەری کوری عبدولعەزیزی کردە وەزیر وڕاوێژکاری خـۆی پاشـان کردیـە (ولـی عهـد)ی خـۆی، عومـەریش ئاماژەی پێ دا کە نوێنەرەکانی حەجاجی کوڕی یوسف لابەرێ وگیراو و دیلەکان بەربدا، ئەو بەخشینانەی خـەڵکی عـیراق کـە راگیرابـوو بـۆ

(١) تاريخ ابن جرير ٢٧٩/٣ ساڵی ٦٠ك
(٢) ابن كثير ١٨٥/٩

ئەوانەی دژایەتی جەنگی حەجاجیان کردبوو پێیان بدرێتەوە.[١]

پێشەوای تابعین موحەممەدی کوڕی سیرین لەبارەیـەوە فەرمویـەتی: ڕەحمەتی خوای لێ بێت، خەلافەتەکەی بەچاکەخوازی وخێر دەستی پـێ کرد، بەچاکەخوازی وخێر کۆتایی پێ هێنا لەوەدا کە عومەری کـوری عبدولعەزیزی کردە کاربەدەست.[٢]

زانایانیش بە ئاشکرا هەقیان پێی دەووت و فـەرمانی چـاکەکاریان پێی دەدا.

سولەیمانی کوری عبدولمەلیك حەجی کرد ووتـی: سـەیرکەن بـزانن فـەقیهێکم بـۆ نابیننـەوە سـەبارەت بـە هەنـدێ لـە دروشـم و رێـو شوێنەکانی حەج پرسیاری لێ بکەم، دەرگاوان (حاجـب) بـۆی کەوتـە گەڕان لەو کاتەدا (طاوس) تێپەڕی وتیان: ئەمە (طاوس اليماني)یە، ئەویش بردیە لای سولەیمان، (طاوس) دەفەرموێ: کاتێ لەبەردەمی دا وەستام ووتم پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إن أهون الخلق علـى الله عز وجل من ولي من أمور المسلمين شيئاً فلم يعدل بينهم)) واتە: سـوکترین کەسـێك لای خـوا ئـەو کەسـەیە شـتێك لـە کاروبـاری موسوڵمانان دەگرێتە دەست و پێـی دەدرێ بـەلاَم دادگـەری نـەکا لـە نێوانیاندا، یەکسەر دەم وچاوی سولەیمان گـۆڕاو ماوەیـەك زۆر سـەری داخست و پاشان سـەری بـەرزکردەوە و ڕووی تێکـردو ووتـی: ئەگـەر

(١) ابن كثير ١٨٦/٩

(٢) ابن كثير ١٨٧/٩

فەرمودەیەکی تریشمان پێی بڵێی؟ ووتی: پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ فەرموی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خواردنی کۆڕێك لە کۆڕەکانی قورەیش بانگ هێشتی کردم، پاشان فەرموی: ((ئێوە مافتان هەیە بەسەر قورەیشەوە، ئەوانیش مافیان هەیە لەسەر خەڵکی، ئەگەر بە بەزەیی بون، کاتێکیش فەرمان ڕەواییان کرد دادگەربون، کاتێکیش سپاردەیان لا دانرا بیپارێزن، هەرکەسە وانەکات ئەوا نەفرینی خواو فریشتەو هەموو خەڵکی لەسەر بێت، لای خوای گەورە هیچ بریتییەکی نیەو خاترێکی ناگیرێ)) کابرا دەڵێ دەمو چاوی سولەیمان گۆڕاو ماوەیەکی زۆری تر سەری داخستو پاشان سەری بەرز کردەوەو فەرموی: ئەگەر فەرموودەی تریشمان پێ بڵێی؟ فەرمووی عەبدولای کوری عەبباس هەواڵی پێ دام بەوەی کە دوا ئایەتێك دابەزیوە لە کتێبی خوادا بریتی بووە لە: ﴿وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ﴾ [1] واتە: بترسن لە ڕۆژێك کە تیادا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای و هەموو کەسێکیش بە پێی کاروکردەوەی خۆی پاداشت دەدرێتەوەو هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێ.

پاش ئەویش عومەری کوڕی عبدولعەزیز فەرمان ڕەوایی کرد، لە ڕووی دادگەری‌و پەرێزپاکی‌و ڕەفتارو ژیننامە چاکیەوە نمونەی پێدەهێنرێتەوە، (إبن کثیر) فەرمویەتی: (ڕۆژێك عومەر سەرکردەو

---

(١) ابن كثير (٩/٢٤٧).

ڕیش سپیانی خەڵکی کۆکردەوە ووتارێکی بۆدان‌و فەرموی: لە ڕاستیدا فەدەك بە دەستی پێغەمبەری خواوە بووە ﷺ بە پـێ‌ی پێویـست لـە شوێنی خۆیدا بەکاری دەهێنا، پاشان ئەبوبەکرو عومەریش بە هەمان شێوە بون، پاشان مەروان بەش بەشی کرد، منیش بەشێکم بەرکەوت، وەلید و سولەیمانیش بەشی خۆیان پێ‌دام، هیچ سامان و داراییەکم نیە بیانگێڕمەوە لەوە بەنرخ تر بێت، وا گەراندمەوە بـۆ (خانـەی سـامان) بەو شێوەیەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ وابووە.

فەرموی: لێرەدا خەڵکی نائومێدبون لەو دەستکەوتانەی بەرەنجامی مافخۆری وستەمکارییەوە بەدەستیان هێنـابوو، پاشـان فـەرمانی دا سامانی کۆمەڵێك لە ئومەویەکان بگەڕێتـەوە بـۆ خانـەی سـامان و گەرانیەوەو ناوی نـا سـامانی مـاف خوراوییـەکان (أمـوال المظـالم)، ئەوانیش خەڵکیان کردە تکاکار، فاتمـەی کچـی مـەروانی میمکیـان هێنایە لای، بەڵام بێ سود بو، وە پێی ووتن: یا ئەوەتا وازم لـێ دێـنن چی دەکەم بیکەم، یا ئەوەتا دەچم بۆ مەککەو لـەوێ واز لـە کارەکـەم دێنم بۆ باشترین کەسی شیاو.

وە فەرموی بـەخوا ئەگـەر پـەنجا سـاڵیش فـەرمانڕەوایی بکـەم و تیاتاندا بمێنمەوە تەنها هەر دادگەری دەکەم، وە من دەمەوێ ئەم کـارە بکەم ئەوەشی دەیکەم لـەکاتێك دا دەیکـەم کـە خەڵکـــی ئومێدو حـــەزی ژیانیان مابێ تاوەکو دڵیان ئارام بگرێ.

(الثوري) فەرمویەتی: خەلیفەکان پێــنجن، ئەبوبــەکرو عومــەرو عەلیو عومەری کوری عەبدولعەزیز. هەمان بۆچوون لە (أبوبكر بـن عیاش)و شافعیو چەندان کەسی تر دەگێڕنەوە، تەواوی زانایان کـۆڕان لەسەر ئەوەی لە پێشەوا دادگەرەکانەو یەکێکە لە خەلیفە ڕاشـدین و پێشەوا ڕێنمونی کراوەکان، زیاد لە کەسێکیش بە یەکێك لـەو دوانـزە ئیمامەی داناوە کە فەرمودەی (صحیح)ی لەبارە هاتووە: ((لايزال أمر هذه الأمة مستقيماً حتى يكون فـيهم أثنـا عشـر خليفـة كلـهم مـن قريش))، واتە کاروباری ئومەتەکەم تا ئەم کاتە ڕێك و ڕاسـت دەبێـت کە دوانزە جینشینیان تیادا دەبێت کە هەمویان لە قورەیشن.

عومەر -بەربەزەیی خوا کەویّ- لەسەردەمی کاربەدەسـتێتیەکەیدا -لەگەڵ ئەوەی کورت بـوو- هـەوڵێکی زۆری دا تـاوەکو مـافی سـتەم لێکراوەکان بگەڕێنێتەوەو سامانە بە فیڕۆ براوەکانیش بباتەوەو شوێنی خۆی و هەر کەسەش مافی خۆی پێ بدا، هەموو ڕۆژێـك بانگـدەرێکی بانگی دەکرد: قەرزارەکان کوان و لە کوێن؟ کوان ئەوانـەی دەیانـەوێ خێزان پێك بهێنن؟ کوان هـەژارەکان. کـوان هـەتیوەکان، تـا هـەموو ئەمانەی دەوڵەمەندو بێ نیاز کرد).[١]

لە سەردەمی (وەلیدی کوڕی عبدولمـەلیك)دا کاربەدەسـت و والـی ئەو بوو لە مەدینـەدا، ئەنجومـەنێکی ڕاوێـژی بـۆ خـۆی دانـا، لـەو

---

(١) إبن كثيـر (٢٠٨/٩) ساڵی (١٠١) ك.

سەردەمەدا بە باشترین شێوە ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی لەگـەڵ خەڵکیـدا دەکردو دادگەرترین کەس بوو لەگەڵیاندا، ئەگەر گرفتێکی بـۆ بـەرز بکرایەتەوە هەموو زانایانی بۆ کۆدەکردەوە، دە کەسی دیاری کردبـوو، بەبێ ئەوان یا ئەوەندەیان کە ئامادە دەبوو هیچ کـارێکی نەدەبڕیـەوە، ئـەوانیش بـریتی بـوون لـە ((عـوروەو عوبەیـدوڵای کـوری عوتبـەو ئەبوبـەکری کـوڕی عەبـدوڕەحمانی کـوڕی حارسـی کـوڕی هیشـام و ئەبوبەکری کوڕی سـولەیمانی کـوڕی خەیسـەمەو سـولەیمانی کـوڕی یەسارو قاسمی کوڕی موحەممەد وئەبوبەکری کوڕی حەزم وسالمی کـوڕی عەبدوڵاو عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی ڕەبیعەو خارجەی کوڕی زەیدی کوڕی سابت))، لە قسەی سـەعیدی کـوڕی موسـەییب دەرنەدەچـوو، سـەعیدی کـوڕی موسـەییب نەدەچـووە لای خەلیفـەکان، بـەڵام لـە مەدینەدا دەچووە لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ئیبراهیمی کـوڕی عەبلە وتویەتی: چوومە مەدینە عەبدوڵای کوڕی موسەییب وکەسـی تریشی تێـدابوو، ڕۆژێـك عومـەر سـەبارەت بـە بیروبۆچـونێ بـانگی کردبوو. (١)

زۆرجار دەبووە ڕێگر لەبەردەم ستەم و زۆرداریيەکانی وەلیدی کـوری عەبدولمەلیك، جارێـك ڕاوێـژی پـێی کـرد ووتـی: بیروبۆچـونت چیە سەبارەت بەو کەسەی جنێو بە خەلیفەکان دەدا، ئەکوژرێ؟؟

(١) أبن كثيـر (٩/٢٠٢).

عومەر ووتی: ئایا کەسی کوشتووە ئەی ئەمیری باوەڕداران؟

وتی: نەخێر، بەڵام جنێوی داوە.

عومەر ووتی: پەنگ و بەزمی پـێ دەکـرێ و نـاکوژرێ، وەلیـدیش توڕەبوو.[1]

عومەر نەیدەهێشت کـەس دەسـتکاری خەوارجـەکان بکـا ئەگـەر هەڵیان نەکوتایەتە سەر موسوڵمانان و سامانی خەڵکی یان نەبردایەو ڕێگریان نەکردایە، کاتێکیش لە شەڕدا شکان سامانەکانیان بدرێتەوەو شـوێنی ڕاکردووەکانیـان نەکــەون وبریـنـدارەکانیان نـــەکوژرێن، خەوارجەکان دەهاتنە ماڵی ومشت ومڕیات لەگەڵی دەکرد وپاشان بە هێمنی و دڵنیاییەوە دەردەچون.[2]

لەلایەن بەرپرسی پۆلیس (صـاحب الشـرطة)ەوە پرسـیاری لێکـرا سەبارەت بە خەڵکێك لە دوکانێکـدا بـەدەوری عەرەقـدا کۆبونەتـەوە دوکانەکەیان بەسـەر خۆیانـدا داخسـتووە چـی بکـا باشـە. عومـەر فەرمووی: هەرکەسە ماڵ داپپۆشیبـێ، وازی لێ بێنە.[3]

کاربەدەستی عێراق نامەیەکی نوسی بۆ عومەرو تیایدا پرسـیاری کەسـێکی لـێ کردبـوو کـە جنێـوی بـەو - واتـە عومـەری کـوڕی عبدولعەزیز- داوەو ئەمیش ویستویەتی بیکوژێ.

---

(١) ابن كثير ٢٠٣/٩

(٢) ابن سعد ٢٧٧/٥ وحلية الأولياء ٣٠٩/٥- ٣١٦

(٣) ابن سعد ٢٨٣/٥

عومەریش بۆی نوسی: ئەگەر بیکوژێ ئەتکوژمەوە لەسەری، لە ڕاستیدا هیچ کەس ناکوژرێت مەگەر جنێوی بە پێغەمبەری خوادا بێت ﷺ، ئەگەر دەتەوێ جنێوەکەی پێ بدەرەوە یان بەڕەڵای کە. وە فەرموی: هیچ کەس بەوەی جنێو بەکەسێك بدات ناکوژرێت مەگەر لە جوێن بە پێغەمبەر بدات.[1]

بۆ کاربەدەستی میسری نوسی: نابێ سزای زیاتر لە (٣٠) لێدان لە هیچ کەسێك بدرێ مەگەر لە سنور وحدودی خوادا.[2]

وە دەیفەرموو: پیادەکردنی حدودەکان لای من وەك پیادەکردنی نوێژو زەکاتە.[3] پێی ووترا توندوتیژبە لەگەڵ کاربەدەستەکانت دا تا ڕێك و ڕاست بن، فەرموی: بە ناپاکیەکانیانەوە بگەنەوە خوای گەورە پێم خۆشترە لەوەی بە خوێنی ئەوانەوە بچمەوە خزمەتی.[4]

وە دەیفەرموو: (تا دەتوانن بە هەموو شوبهەیەك ڕێگری بکەن لە پیادەکانی حدودەکان، چونکە کاربەدەست لە لێبوردن دا هەڵە بکات باشترە لەوەی لە سزادانەدا هەڵە بکات): (أدرئو الحدود ما أستطعتم في كل شبهة، فإن الوالي أن يخطئ في العفو خير من أن يخطئ في العقوبة).[5]

---

(١) ابن سعد ٢٨٧/٥ بە ئیسنادێکی سەحیح و ٢٩٥/٥ بە ئیسنادێکی سەحیح

(٢) ابن سعد ٢٨٣/٥

(٣) ابن سعد ٢٩٤/٥ بە ئیسنادێکی سەحیح

(٤) ابن سعد ٢٩٢/٥

(٥) حلية الأولياء ٥/ ٣١١

فەرمانیدا پارەی ئەو شوفعەیەی زیمی بدرێ کە هی موسوڵمانە.[1]

وە مۆڵەتی دان ئەو زەویەی باجی لەسەرە بیفرۆشن.[2]

وە (عدي بن أرطأة)ی کاربەدەستی و والی بەسرە نوسـراوێکی بـۆ نوسی کە: خەڵکی بەسرە ئەوەندە دەوڵەمەندو تێـرو پڕبونـە تەنانـەت ئەترسم لەخۆبایی بن -ئەمەش مەبەستی ئەوەبوو مولەتی بـدات لـە خانەی ساماندا بەخشینەکانیان کەم بکاتەوە- عومەریش بۆی نوسی: لە ڕاستیدا خوای گەورە بەوەندە لەخەڵکی بەهەشت ڕازی بـووە کاتـێ کە دەیانخاتە بەهەشتەوە بڵێن: سوپاس بۆ خوا (الحمدلله)، لای خۆتـەوە بیاندەرێ با ستایش و سوپاسی خوا بکەن.[3]

وە نوسراوێکی بۆی نوسی وتیایدا فـەرمانی پـێ کردبـو کـە باج لەسەر خەڵکی لابەرێ، هەرکەسـێ زەکاتەکـەی دا لـێ ی وەربگـرێ، هەرکەسەش نەیدا بیداتە دەست خوا، خوا بەسیەتی.[4]

لە سەردەمی عومەری کوڕی عبدولعەزیزدا خـەڵکی سـەمەرقەند سکالاّیان لەدەستی میرەکەیان (سلیمان بن سری) بەرزکردەوەو ئیدعای ئەوەیان کرد کە ڕزگارکـەری سـەمەرقەند قوتەیبـەی کـوڕی موسـلم ستەمی لـێکردوون و بە غەدر لە زەوی و زاری خۆیان دەری کردوون.

---

(١) ابن سعد ٢٨٤/٥

(٢) ابن سعد ٢٩٢/٥

(٣) ابن سعد ٢٩٨/٥ بە ئیسنادێکی سەحیح

(٤) ابن سعد ٢٩٨/٥ بە ئیسنادێکی سەحیح

عومــەر فەرمانیــدا قــازی دابنیشــێ بــۆ ســەیرکردنی مــاف خوراویەکەیان، ئەگەر قەزاوەت لە بەرژەوەندی ئەوان بوو ئەوا لەشکری موسوڵمانان زەوی و زارەکانیان بەجێ بهێڵن وە بگەڕێنــەوە ســەر ئــەو بارەی پێش ڕزگارکردنەکەی لەسەری بونە، سولەیمانی کوڕی جەمیعی قازی بڕیارو حوکمەکەی لە بەرژەوەندی خەڵکی سەمەرقەند دابــوو، وە فەرمانیدا رزگارکەران (الفاتحون) لــە ســەمەرقەند دەرچــن، ئەگــەر ویستیان پاشتر ئاشــتەوایی یا شــەڕ بکــەن، خەڵکەکــەش ئاشــتەوایی هەڵبژارد. [1]

هیشامی کوری عەبدولمەلیك - لە ســاڵی (١٠٥)ك بــۆ (١٢٥)ك جێنشینایەتی گرتەدەست- یەکێك بوو لــە باشــترین ئــەو خەلیفانــەی هەڵس‌وکەوت و ژیاننامەی جــوان بــووە لەگــەڵ خەڵکیــدا، جیهــادی بەرپاکردووە، پارێزەری خانــەی ســامان بــووە، ڕقــی لــە خــوێن رشــتن بووەتوە، عەبباسیەکان پشتیان بە دیوان‌و تۆمارەکــانی ئــەو بەســتووە هــەر وەك عەبــدولاَی کــوڕی عــەلی دەڵــێ: (تۆمــار ودیوانــەکانی ئومەوییەکانم کۆکردەوە لە دیوانی هیشام باشتری تێدا نەبوو کە سازو گونجاو بێت بۆ خەڵکی بە گشتی و بۆ سوڵتان) .

مێژوونوسان ووتویانە: ((هــیچ کــەس لــە ئومەویــەکان ئەوەنــدەی هیشــــام بیـــرتیژ ووردنــەبووە ســـەبارەت بــەو هـــاوڕیو هــاوەڵان‌و

---

(١) ابن جريـر (٤/ ٦٩)، ساڵی (١٠١) ك.

سەبارەت بە دیوانەکانی، وە کەس وەکو ئەو پشکنینی نەکردوون).[1]

جلوبەرگی کەم بووە، تەنانەت بە ڕژدو ڕەزیل وەسف کراوە، کاتێکیش لەو بارەیەوە پرسیاری لێکراوە وتویەتی: (ئەوەی دەیبینن کە سامان کۆدەکەمەوە و دەیپارێزم، ئەوە تەنها بۆ ئێوەیە).[2]

پیاوێکی نەسرانی دەستدرێژی لە غولامێکی موحەمەدی کوڕی خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك کردبوو، موحەممەد ویستی تۆڵە لە نەسرانیە کە بکات -پێی ووترا- تەنها لە ڕێی قەزاوە ئەبێت هەڵس وکەوت بنوێنی و قەزات لەبەردەم دایە، بەلاّم موحەمەد خزمەتگوازارەکەی نارد دەستدرێژی کردە سەر کابرای زیمی، هەواڵەکە گەیشتەوە هیشام، هیشامیش لە خزمەتگوزارەکەی داو هەڕەشەی لە موحەمەدی کوڕیشی کرد.[3]

هیشام ئومەوییەکانی بە غەزوەو شەڕەوە پابەند دەکرد.[4] بەشی هیشام لە خانەی ساماندا دوو سەد دینار بوو، دەیدا بە هاوپشت (مولی)ێکی کە لە جێی ئەو بەشداری هێرشی و شەڕەکانی دەکرد.[5]

هەندێ جار بووە وارێکەوتوە لە ڕێگەدا قسەی ڕەقیان ئاراستە

---

(١) أبن جرير ٢١٨/٤، وابن كثير ٣٣٦/٩-٣٣٧ ساڵی ١٢٥ك، ئەمەش بەڵگەی هۆکاری بەرەو گەشەی ژیار و شارستانیەتە لەو ماوەیەدا.

(٢) أبن جرير ٢١٨/٤

(٣) أبن جرير ٢١٨/٤

(٤) أبن جرير ٢١٨/٤

(٥) أبن جرير ٢١٨/٤

کردووه ئەویش لەوە زیاتری نەوتووە: بەڵا لێت دا!! بۆت نیە زبـرو ڕەق بیت لەگەڵ ئیمامەکەت دا.[1]

کاربەدەست و والی مەدینە عەبدولواحیدی کوڕی عەبدولاّی کـوڕی بیشر -میری مەدینە لەلایەن یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکەوە- یـەکێك بووە لە ڕەفتار جوانەکانی نێو کەس‌وکارەکەی لای خەڵکی خۆشەویست بووە، هیچ کارێکی بە بێ زانایانی مەدینە هاو وێنەی ئەلقاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکرو سالمی کوڕی عەبدولاّی کـوڕی عومـەری کوری خەتتاب نەدەبڕیەوە.[2]

عامری کوڕی عەبدولاّی تەمیمی - لە زانایانی تابعینی سەردەمی ئومەییەکانە- زیمییەکی بینی ستەمیان لێی دەکـرد ئـەویش قسـەی لەگەڵ کردن تا بەرەلاّی بکەن بەلاّم نەیانکرد، فەرموی: بەخوا درۆتـان کرد نابێ من شـاهێدبم و ئێـوە سـتەم لـە ئەسـتۆگیری (ذمـة)ی واو پێغەمبەر خوا بکەن، کراسەکەی دا بەسەریداو ڕزگاری کرد لێیان.[3]

وەلیدی کوڕی یەزید هەندێ لە خەڵکی قوبرسی ڕاگواست بۆ شام، پاش ئـەوەی بەلایـەنگیری وهاوپشـتی ڕۆمـەکان تۆمـەتبار کرابـون، خەڵکی ئەم ڕەفتارەی ئەویان بە خراپ دانـا و ئینکاریـان لێـی کـرد پاش ئەو یەکسەر یەزیـدی کـوڕی وەلیـد گێڕانینیـەوە بـۆ ولاّتەکـەی

(١) أبن جريـر (٤/٢١٩).

(٢) أبن جريـر (٤/١٠٥).

(٣) ابن سعد (٧/٧٣)، بە ئیسنادێکی سەحیح.

خۆیان.[1] موعاویە ئاشتەواییەکی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکی قـوبرس دا لەسەر ماڵ وسامان گرێدابوو، عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان زیـادی کرد لەسەریان، کاتێك مەنسوری عەبباسی فەرمان ڕەوایی کرد وتـی: (ئێمە لە پێشترین دادگەرترینیان بین ودادگەرانـە هـەڵس و کـەوتیان لەگەڵ بکەین، ستەمیان لەسەر زیاد نەکەین، پاشـان گەڕاندیانیـەوە، بۆ ئاشتەوایی و سوڵحەکەی موعاویە).[2]

خەڵکی قوبرس بەزمێکیان دروست کردبوو، عەبدولمەلیکی کـوڕی ساڵحی کوڕی عەلی عەبباسی، میری شام ڕاوێژی بـە زانایـانی چـاخی خۆی کـردو ویسـتی ئاشـتەواییەکە هەڵوەشـێنێتەوە. مـالکی کـوڕی ئەنەس بـۆی نوسـی: (وادەبیـنم پەلـە نەکـەی لـە هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانەکەیان وتوڕدانیان تـاوەکو بـە بەڵگـەوە بۆیـان دەسەلـمێنیو بەڵگەیان لەسەر دەبینیەوە، چونکە خوای گەورە فەرمویەتی: ((فأتموا إليهم عهدهم الى مدتهم)).[3]

(موسی) کوڕی (أعین)یش نوسی: لەوانەی پێشودا کەسم نـەبینوە لەگەڵ پەیمان شکاندنی خـەڵکی قـوبرسو جگـە لـەوانیش دا بیـت، لەوانەیە خەڵکی بەگشتیو کۆمەڵەکە یان لەگەڵ ئەو کارو ڕەفتـارەی ئەو کەسە تایبەتانەدا نەبێت، من وادەبینم ئەمەکداری (وفاء) یان بۆ

(١) (فتوح البلدان)ی (بلاذري)، ل (٢١٠).

(٢) (فتوح البلدان)ی (بلاذري)، ل (٢١١).

(٣) (فتوح البلدان)ی (بلاذري)، ل (٢١٢)

دەرببــڕدرێو مەرجەکانیان بۆ ئەنجام بدرێ هەرچەندە ئەوەش ڕوویــداوە لێیان...).[1]

(اسماعیل کوڕی عیاش)یش بۆی نوسی: (خەڵکی قوبرس ملکەچ و ژێردەستەی ڕۆم بوون ڕۆمــەکان خۆیــان ســەپاندووە بەســەر خۆیــان و ئافرەتەکانیان، مافە لەسەرمان بەرگریان لــێ بکەین و بیانپــارێزین، حەبیبی کوڕی مەسلەمە لە سەردەمی خۆیــدا بــۆ خــەڵکی تــەفلیس نوسیبوی، ئەگەر بارودۆخێ هات بەســەر موســڵماناندا ســەرقاڵبون و ئاگایان لێتان نەما، دوژمنەکانتان زاڵ بون بەسەرتانا ئەوە شــکاندنی بەڵێنەکەتان نیــە ئەگــەر ئێــوە ئەمەکــداربن بــۆ موســڵمانان، دیــدو بۆچونی من وایە دان بنێن بەپەیمان و زیمەتیاندا، چونکە کاتێــك کــە وەلیــد ڕایگواســتن بــۆ شــام موســلمانان ئەمــەیان زۆر لاگــران بــوو، زانایانیش بە کارێکی ناڕەوایان دانا، کاتێکیش یەزیدی کــوڕی وەلیــد کوڕی عەبدولمەلیك کاروباری درایە دەســت گەڕاندنیــەوە بــۆ قــوبرس، موسڵمانان ئەم کردارەی ئەویان بە جوان وشــیاو زانــی، بــە دادگــەری تەماشایان دەکرد).[2]

ئەوزاعی - پێشەوای خەڵکی شام- وتویەتی: هیچ کــات خــەڵکی قوبرس ئەمەکداریان نەنواندوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونمان وایــە ئــەوان لەسەر پەیمانی خۆیانن، ئاشتەواییو ســوڵح لەگــەڵ کردنیــان لەســەر

(١) (فتوح البلدان)ي (بلاذري)، ل (٢١٣).

(٢) (فتوح البلدان)ي (بلاذري)، ل (٣١٣-٣١٤).

شتێ بوە کە مەرجی تیادایە بۆیان - ئەوەش بریتیە لـەوەی کاروبـاری موسڵمانان بە ڕۆم دەڵێن و نایشارنەوە - مەرجیشیان لەسـەر دانـاوە، دروست نیە ئەو پەیمانە بشکێنرێ مەگەر شـتێکی ڕون وئاشـکرا لـە ئارادا بێت کە غەدرو پەیمان شکێنیان بەدەربخا). [1]

یەحیای کوڕی حەمزەیش بۆی نوسی (هەرخاوەن پەیمانێ موسڵمانان لەسەریان نەجەنگێن ولەسەر حاڵ و بـاڵی خۆیـان بڕیاریـان بەسـەردا پیادەبکرێ ئەوە (اهل الذمة) نین، بەڵکو خاوەن بریتی (اهل الفدية)ن، ئەگەر دەست هەڵگرن لە خراپەکاری بـەرگریان لـــێ دەکـرێ، ئەگـەر وەفادارو ڕەزامەندبون، وەفا بـە بـەڵێنیان دەکـرێ، وە داوای لێبـوردن کردنیان پەسەند دەکرێ ئەگەر ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد). [2]

(ابـن هبيـــرة) مـیری عێـراق لـە سـەردەمی ئومەوییەکانـدا - موحەمەدی کوڕی سیرینو حەسەنی بەسریو کۆمەڵێکی تـری بـانگ کرد، (ابن هبيرة) لە موحەممـەدی کوڕی سیـــرینی پرســـی: چۆنـــم بەجێ هێلاٌ؟ واتە بەسرە. فەرموی: بە شـێوەیەك بـەجێت هـێلاوە کـە ستەم تیایدا بلاوە بکا. [3]

قازی ئەفریقیا عەبـدوڕەحمان کـوڕی زیـادی ئـەفریقی بـە سـکالاٌ کردنەوە هات بۆ لای ئـەبو جەعفـەری مەنسـور لـە بەغـداد و وتـی:

---

(١) (فتوح البلدان)ي (بلاذري)، ل (٣٦٥).

(٢) (فتوح البلدان)ی (بلاذري)، ل (٢١٤).

(٣) اخبار القضاة ، (٣٥٢/١).

(زۆرداری لە وولاتی ئێمەدا بەدەر کەوتووە، هاتووم پێتی بڵێم و ئاگادارت بکەم، کەچی زۆر داری لە ماڵەکەی خۆتەوە دەردەچێ).[1]

هەموو ئەمانە تەئکیدن لەسەر مەودای ئەو ئازادیە سیاسیەی کە لەو سەردەمەدا لەبارەی ڕەخنەکردنی دەسەڵاتەوە لە ئارادابووە سەرەڕای بوونی زۆرداری سیاسیش؟!. کەچی دەسەڵات لاقەی کەسی نەدەکرد، زاناو بیریارەکان ئازادبون لە ڕادەربڕیندا مەگەر ئەوانەی شیریان هەڵکێشا بێ و لە ڕێی زەبروزۆرەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات بوبێتەوە.

هەندێ لە خەلیفە ئومەوییەکان بیروڕایان وابووە هەرکەسێ لەبەر ڕاکردن لەسەرانە (جزية) موسڵمان ببێ ئەوا سەرانەکەی لەسەر ناکەوێ، زۆربەی زانایان لەبەر ئەم هۆکارە بە دروستان دەبینی لە دژیان ڕابپەرن.[2]

ئەبو جەعفەری مەنسور دەیووت: (پادشایەتی بەهۆی چوار شتەوە ڕێك و ڕاست دەبێت (قازیەك لە پێناوی خوادا لە سەرزەنشتی سەرزەنشت کاران نەترسێ، ئەفسەر (صاحب شرطة)ێك مافی لاواز لە بەهێز وەرگرێ، باج وەرگرێك ووردکار بێت وستەم لە خەڵکی نەکا چونکە پێویستم بە ستەمکردنی نیە نامەبەر (صاحب البريد)ێك

(١) تاريخ بغداد، (١٠/٢١٥).

(٢) سەیری (الاموال)ی (ابوعبيد)، ل (٥٣) بکە.

هەواڵی ئەوانەم بەڕاستی ودروستی پێ بگەیەنێ). [١]

وە دەیوت: (سوڵتان ودەسەڵاتدار بە تەقواو خۆپارێزی چاك دەبێ، خەڵکیش بە گوێرایەڵی ووڵاتیش بە دادگەری، هەموو ئەمانەش بەسامان ودارایی بەردەوام دەبن). [٢]

وە دەیوت: (خەڵکی بەگشتی پێداویستییەکانی لە سێ ڕێگەوە دابین دەبێت: ئەگەر کەسێکیان بۆ دانرێ بڕوانێتە بڕیارو حوکمەکانیان و مافی هەمویان بدات و ئاسایشی ڕێگەوبانیان بۆ دابین بکات و لە شەو و ڕۆژدا نەترسن، قەڵاو قولەکانیان بگرێ تا لەوێوە دوژمن بۆیان نەیەت). [٣]

ئەبو جەعفەر ئازاو بڕیاردەرو زۆرداربووە، سەرەڕای ئەمانەیش دیندار و دادگەربووە لەگەڵ خەڵکیدا، زیاد لە بیست ساڵ فەرمان ڕەوایی کردووە. [٤]

پاش خۆیشی کوڕەکەی موحەمەد کوڕی عەبدوڵای کوڕی موحەمەدی مەهدی لە ساڵی ١٥٨ك -١٦٩ك فەرمانڕەوایی کرد، کە خاوەنی زانست و فەزڵ بووە، سامانی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکردو هیچ بەشێکی بە کەسوکارو ماڵ و منداڵ و هاوپشتەکانی نەدەدا

(١) إبن جرير ٥٢٠/٤
(٢) سەرچاوەی پێشوو بە دەستکاریەوە
(٣) إبن جرير ٥٣١/٤
(٤) تاريخ الذهبي ٤٦٦/٨

بەڵکو لە خانەی سامان بــە پێــی پێداویســتیەکانیان موچــەو ڕزق و ڕۆزی بۆ دەبرینەوە هەر یەکە پێنچ سەد بۆ هەر مانگێك.[1]

فەرمانیدا بەبەردانی هــەموو ئەوانــەی کــە لــە بەندیخانــە دابــون مەگەر ئەوانەی خوێنیان لەسەر بــوبێ یــاخود مافێکــان خــواردبێ و مافیان لەسەر بێت، یاخود ناسراو بوبێتن بــەوەی خراپــەکاری لەســەر زەوی دا ئەنجام بدەن، سەرکردە نەیارە سیاسیەکانی بەردا.[2]

وە فەرمــانیدا ڕزق و ڕۆزی دابەش بکرێ بەسەر تــەواوی بەنــدکراو و گەڕوگولەکانی هەر چوارلای وولاّت، وە بە پێــی پێداویســتی و دابــین کاریان دابەش بکرێ بەسەریاندا.[3]

ڕەفتارو هەڵس وکەوت جوان بووەو لای خەڵکیش خۆشەویست بووە، پاشان هارونەڕەشیدی کوڕی مەهــدی جێنشــینایەتی پــێ دراو گرتیــە دەست لە ساڵی (١٧٠-١٩٣)ك، ئەو یەکێك بووە لــە باشــترینی ئــەو پادشایانەی لەگەڵ خەڵکیدا هەڵس‌وکەوتی جوان بووەو غەزوەی زۆر تر بووە[4] لــە زۆر بەشــیان زیــاتر گرنگــی داوە بــە زانســت و زانایــان و کاروباری دەوڵەت (چەندین پیشەسازی وەهای بنیــات نــا کــە پێشــتر نەبوبوو، سامان و دارایــی دابەشــکرد بەســەر قــەڵاّو قولــەو کــەناری

---

(١) ابن کثیر، (١٠/١٥٧)، و تاریخ الذهبي (٩/٤٣٨).

(٢) إبن جریــر، (٤/٥٤٩)، و تاریخ الذهبي (٩/٢١).

(٣) إبن جریــر، (٤/٥٦٤)، و تاریخ الذهبي (٩/١١).

(٤) تاریخ الذهبي، (١٠/٤٢٦)، و ابن الکثیــر (١٠/٢٢٢).

دەریاکان و پاراستنیانی لە ئەستۆگرت).[1]

لە ساڵی (١٩٨- ٢١٨)ك مەئمون عەبدوڵای کوڕی هاڕوونەڕەشید کاروباری پێ سپێردرا، کەسێکی زاناو بڕیاردەرو و ڕەفتـار جـوان بـووە لەگەڵ خەڵکیدا، (إبن کثیر) فەرمویەتی: دادگەری دەویستو هـەوڵی بۆ دەدا، خودی خۆی فەرمانرەواییو حـوکمی نێـوان خـەڵکی دەکـردو کێشەکانی یەکلادەکردەوە).[2]

پیاوێك لە خەوارجەکان سەبارەت بە چۆنێتی گرتنەدەستی خەلیفەو جێنشتینایەتی پرسیاری لێی کرد کـە ئایـا جێنشـینایەتیەکەی بـە کـۆڕای ئومـەت و یەکـدەنگی ئـەوان بـووە یـا بـەهێزو زۆرداری و خۆسەپاند بووە؟ ووتی: نە بەمەیان، نە بەوەشـیان . بـەڵکو کاروبـاری باوەڕداران بەدەستی ئەو کەسە بووە کە گرێ بەندەکەی بۆ مـن ئـەنجام داوە - هارونەڕەشـید - کـاتێکیش کارەکـە گەیشـت بـە مـن زانـیم پێویستیم بە یەك دەنگی باوەڕداران هەیـە لـە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوادا لەسەر ئەوەی ڕازی بن پێم، دیدو تێڕوانینم وابوو هەرکاتێ مـن بمـەوێ واز لەم کارە بهێنم کەمەندو حەبلی ئیسلام دەشێوێ و ناکۆکیو خوێن ڕشتن تەشەنە دەکاو جیهادو ڕەوایەتی لەدەست دەدرێو ڕێگـریو ڕاو و ڕوت بەدی دێ، وەك پایزگاری و پـەرژینێ بـۆ موسـڵمانان بەکارەکـە

(١) فتوح البلدان، ل (٢٢٣).

(٢) ابن كثير، (٢١٩/١٠)، تاريخ الذهبي (٢٢٧/١١).

هەستام تا ئەو کاتەی لەسەر پیاوێك کۆدەبنەوەو پێی ڕازی دەبـن، بـۆ ئەوەی ئەم کارەی پێ بسپێرم، هەرکاتێ ڕێك وکۆك بون لەسەر کەسێك ئەم کارەی پێ دەسپێرم و بۆ ئەو وازی لـێ دێنم.[1]

لەپاش خۆی گرێ بەستی بەیعەتی ئەنجامدا بۆ (علـي الرضـا بـن موسی الکاظم بن جعفر الصادق الحسینی العلوي) لەبەر ئەوەی بڕوای هەبوو بە شیاوێتی و فەزڵداری ئەو.[2] کەچی ئەو پێش کۆچی دوایـی مەئمون وەفاتی کرد.

مەئمون: فەرمانی زۆری بە دادگەری داوە، ڕەفتاری جوان بـووە، دڵ دەرون گوشادو دەروناس بوەو لە گەورە زانایان دەژمێردرا).[3]

ئەگەر بە ئاژاوەو فیتنەی دروسـتکراوێتی قورئـان (خلـق القـرآن) هەڵنەسایە لە باشترین و شکۆمەندترین خەلیفەی عەبباسیەکان دەبوو بە ڕەهایی .

پاشان لە دوای خۆی موحەمەد کوڕی موعتەسیم بـیللا کاروبـاری پێسپێردراو و گرتیەدەست لە ساڵی (٢١٨ – ٢٢٧)ك لەسەر هەمان ڕێبازی ئەو ڕۆی، کەسێکی شکۆمەندو جەربەزەو خاوەن ورەیەکی بـەرز بووەو گرنگیەکی زۆری بە جیهادو ڕزگارکردنەکان (الفتوح) داوە.[4]

---

(١) تاريخ الذهبي (٢٢٨/١١).
(٢) تاريخ الذهبي (٢٢٨/١١)، وابن كثير (٢٨٧/١٠).
(٣) تاريخ الذهبي (٢٣٢/١١).
(٤) تاريخ الذهبي (٣٩٣/١٢)، وابن كثير (٣٠٩/١٠).

پاشان (واثــق)ی کـوڕی کاروبــاری گرتــه دەســتو پێــی ســپێررا، ژیاننامەو ڕەفتاری جێی ڕەزامەندی نەبووەو مەودای خەلافەتیشی زۆری نەخایاندووە.

پاشان (متوكل جعفر بن المعتصم) کاروباری پــێ ســپێرراو گرتیــە دەست لە ساڵی (٢٣٢ – ٢٤٧)ك، کەسێکی بەخشندەو بــە بــەزەییو خۆشەویست بووە لای خەڵکیو ڕەفتاری جوان بووە لەگەڵیاندا، فیتنەی خەلقی قورئانی لەسەر خــەڵکی هــەڵگرتو فەرمانیــدا واز لــەوکارە بهێنــرێو خــۆی تــێ هەڵنەقورتێنــدرێ، وە دەیــوت: (خەلیفــەکان دەمارگرژو توندوتیژبون بەسەر خەڵکەوە تاوەکو بەگوێیان بکەن، مــن نەرم ونیان دەبم تا خۆشمیان بوێ و گوێرایەڵیم بکەن).[(١)]

پاش ئەویش (المهتدي بالله محمد بن الواثق بن المعتصم) لــە ســاڵی (٢٥٥)ك جێنشینایەتی پێ سپێرراو گرتیە دەست.[(*)]

(إبن كپیر) فەرموویەتی (سوپاس بۆ خوا جێنشینایەتیەکەی چــاك بوو، ڕۆژێك بە میرەکانی ووت: من تەنها خواردەمەنی پێویســتم دەوێ، لە بەرامبەریشەوە هیچ زیادەو فەزڵێکم ناوێ تەنها بــۆ براکــانم نــەبێ چونکە تووشی ناچاری و پێداویستی هاتوون).[(٢)]

---

(١) تاريخ بغداد (١٦٦/٧)، تاريخ الذهبي (١٩٧/١٣).

* (ولی) = پــێ ســپێررا وگرتیــە دەســت، هەرچــەندە دەکرا یــەك لــەو دوو دەربڕینــە لــە بەرامبەریــەوە بــەکار بهێــنین بــەڵام هــەردوو دەربڕینەکــە پێکــەوە مەبەســتەکە زیــاتر دەپێکێ بە تایبەت بۆ ئەم شوێنە ( وەرگێڕ).

(٢) ابن كثير (٢٠/١١).

فەرمانی کرد بەگێڕانەوەی مافەکان، وە بەوەی فـەرمان بکـرێ بـە چاکەو نەهی بکرێ لە خراپە، وە دادەنیشـت بـۆ کاروبـاری گشـتینەی خەڵك تا بە دادگەری قەزاوەت لە نێوانیاندا بکا).[1]

(إبن كثير) فەرمویەتی (پێی خۆش بوو لە وەرع وکەمگری دونیاو زۆری پەرسـتش کـردن و زیـادە ئیحتیـات دا عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیزی ئومەوی بکاتە سەرمەشقی خۆی).[2]

خەتیبی بەغدادی فەرمویەتی: (باشـترین ڕێبـازو جـوانترین ڕێـڕەو دیارترین وەرع و زۆرترین پەرستشی هەبووە لە نێوان خەلیفەکاندا).[3]

هەروەها فەرموویەتی: (لەگەڵ جـوانی ڕێبـازو دادگەریەکەیشـیدا زۆر بـە تونـدی چـاودێری دیـوان و باجـەکانی دەکـرد، خـۆی لەگـەڵ دەزگاکـانی (حوسـبەدا) دا دادەنیشـت و نوسـەرەکانیش لەبەردەسـتی دابون).[4]

وای لە دەسەڵاتداران کرد ستەم نەکەن و سەرکردەکانیشـی تـەمبێ کرد.[5]

پاشان (معتمد على الله احمد بن جعفر المتوكـل بـن المعتصـم) لـە ساڵی (٢٥٦ ك- ٢٧٩ ك) کاروباری پێ سپێرردادا، وەلـی عەهدەکەش

---

(١) ابن كثيـر (١١/٢٠).

(٢) ابن كثيـر (١١/٢٦).

(٣) تاريخ بغداد (٣/٣٤٨).

(٤) تاريخ بغداد (٣/٣٥٠).

(٥) تاريخ بغداد (٣/٣٥٠).

(الناصر لدين الله الموفـق) بـوو، ناسـر لـەم ماوەیـەدا کاربەدەسـتی ڕاستەقینە بوو، لە کاروبارەکانی دەوڵەت دا، حەلل وعەقـد بەدەسـتی ئەم بوو، زەهەبی لەبارەیەوە دەڵـێ (لە بیروبۆچوندا باشترین پادشـاکان بوو، لە ئازایەتیدا بێوێنە ترینیانو لەڕووی دەرونەوە لێبوردەترینیـان بوو، لای خەڵکی خۆشەویست بووە، دەستی گرت بەسەر کاروبارەکاندا، سوپاکان ملکەچی بون لەبڕیاردان وزیرەکی وریاییـدا دەیانچـواند بـە ئەبوجعفری مەنسور).[1]

(إبن کثیر) لەبارەیەوە دەڵـــێ: (زۆر ژیـر بـوو و کاروبارەکـانی بـە جوانی بەڕێ دەخستو ڕایدەپەڕاند، بۆ سەندنەوەی مافەکان دادەنیشت، چەندین قازی لابووە کە مافی سـتەم لـێ کراوانـی لـە سـتەمکاران دەسەند، زانابووە بە ئەدەبو فیقهو بەڕێوەبـەری کاروبـاری وولات، زۆر چاکەو شوێنەواری جوانی تری هەیە).[2]

پادشان جێنشینایەتی سپێردرا بە (المعتضد بالله أحمـد بـن الموفـق الناصر) دوای ئەوەی (معتمد)ی مامی کۆچی دوایی کرد پاش ئەوەی ساڵی (٢٧٩ ك بۆ ٢٨٩ ك) جێنشین بوو.

(إبـــن کـــپیر) لەبارەیـــەوە فەرمویـــەتی: (کاروبـــاری خەلافـــەت پوکابویەوە. بەهۆی دادگەری وئازایی و نەبەردی و چاونەترسی ئەمەوە

---

(١) تاريخ الذهبي (١٦/٤٨٠).

(٢) ابن كثيـر (١١/٦٧).

خوای گەورە ژیاندیەوە).[1]

وە فەرمویەتی (کاروبـاری خەلافـەت لـە سـەردەمی (معتمـد)ی مامی دا لاواز ببو، کاتێك (معتضـد) کاروبـاری گرتەدەسـت و پێـی سپێردرا دروشمەکانی بەرپاکردو مەشخەڵەکانی بەرز ڕاگرت، کەسێکی ئازاو بەرێز بووە لەو پیاوە قورەیشیانە بووە کە بریاردەرو چـاونەترس و دەست پێشخەر بوو، بە هەمان شێوە باوکیشی).[2]

وە فەرمویـــەتی (بـــەردەوام بـــوو لەســـەر بیروبۆچـــون و ڕاســـت ڕەفتارییەکانی تـاوەکو لـە هـەموو هـەرێم و ناوچـەکانیدا سـامان و داراییەکان زۆر بوون و کاروباری و بارودۆخەکان رێكو سازبون).[3]

وە فەرمویەتی (هەندێ لە خەڵکی دایدەنێ بە یەکێك لەو خەلیفـە راشدیانەی لە فەرمودەی – جابر بن سمره- دا باسیان کراوە).[4]

زەهەبی مێژوونوس لە بارەیەوە فەرمویەتی (رۆژانی ئەو چاك بووەو پڕ بـووە لـە ئاسـایش و خۆشـگوزەرانی، گـومرگی لابـردو دادگـەری بلاۆکردەوەو ستەمی لەسەر خەڵکی هەڵگرت، نـاودەبرا بـە سـەفاحی دووەم، چونکە پادشایەتی و دەسەڵاتی عەبباسیەکانی نـوێ کـردەوە و پاش ئەوەی کۆن و لاواز ببو نزیك بوو لاببرێ و لەناوبچێ، هەر لەکاتی

(١) البداية والنهاية ٧٠/١١
(٢) البداية والنهاية ٧٠/٢٢
(٣) البداية والنهاية ٩٨/١١
(٤) البداية والنهاية ١٠١/١١

مـردنی (متوكل)ەوە لە شێواویدا بووە). ئەوەبوو دەستی گـرت بەسـەر ئاژەوەو فیتنەی زنجیەكاندا.

وە فەرمویـەتی (ئـەبو عــەبباس - المعتضـد بـالله - كەسـێكی هەڵكەوتوو خۆڕاگر بووە، پیاوێكی بەخشەر بووەو بە پیاوەتیو ڕێزداری ناسراوە، بەشداری جەنگەكانی كردوو، ناوداری و ڕێزداری ئاشـكرابوە، بە باشترین شێوە بە كارەكانی هەسـتاوە، خـەڵكی گـەورەترین سـام و ترسیان لێی هەبووە).[1]

یەكێك لە میرەكانی ئەو سـەردەمە ئیسـماعیلی كـوڕی ئەحمـەدی سامانی میری خۆراسان و ئەودیو رووبار بووە، (إبن كپیر) لەم بارەیەوە دەڵـێ: (كەسێكی ژیرو دادگەرو ڕەفتار جوان بووە لەگەڵ خەڵكیـــدا نەرمو نیانو بەخشندە بووە) زانایانی بەگەورە ڕاگرتووە، ساڵی (٢٩٥)ك كۆچی دوایی كردووە.[2]

پاش (المعتضد) (المكتفي بـالله علـي)ی كـوڕی خەلافـەتی گرتـە دەست لە (٢٨٩ ك-٢٩٥ ك)، ئەو حەشارگەو بەندیخانانەی ڕوخاند كە كەسانی دەرچوو لە دەسەلاتی تێدا بەند دەكراو كردنی بـە مزگـەوت، موڵك و زەوی و زاری خەڵكی گەڕاندەوە بۆیان، ڕەوشت و ڕەفتار جـوان بوو خەڵكی خۆشیان دەویست.[3]

(١) تأريخ الأسلام (٢٠/٦٩).
(٢) البداية والنهاية (١١/١٠).
(٣) سير الأعـلام (١٣/٤٨٠).

پاش خۆی (جعفر المقتدر بالله بـن المعتضـد لـه سـالّی ٢٩٥ ك – ٣٢٠ ك) کاروباری گرته دەست.

(إبن كثير) لەم بارەیەوە دەڵـێ: (بەخشندە بووە، پەرستشێکی زۆری سـوننەتی نوێـژو رۆژوی هـەبوو، ڕسـومات‌و خەرجیـەکان‌و کولفـەی گەڕانەوەی بۆ ئـەو بـارەی لەسـەردەمە سـەرەتاکانی عەبباسـیەکاندا لەسەری بوو، ئەو بەندکراوانەی بەردا کە دروست بوو بەردرێن، چەندین بیناو بیناسازی بۆ دروست کرابوو فەرمانیـدا بروخێنـرێن بـۆ ئـەوەی ڕێگەوبانی موسڵمانان بەرین و فراوان ببـێ). [١]

لە ڕووی زیادەڕەوی‌و زۆرمەسرەفـــی‌و گوێڕایـەڵیکردنی ژنـان‌و زۆر لابردنی وەزیرەکان ڕەخنەو نەنگی لێگیـراوە. [٢] ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ کەمی تەمەنی ئەوە بوو کاتێ وەفاتی کرد سەرەڕای درێژی ماوەکەی تەمەنی نەگەیشتبووە چل (٤٠) ساڵی.

پاشتر (الراضي بالله أحمد بن المقتدر بالله بن المعتضد) خەلیفەیەتی گرتەدەسـت لـە سـالّی (٣٢٢ ك -٣٢٩ ك). بەغـدادی دەڵـێ: (ڕازی چاکەکاری‌و فەزلّی زۆری هەبوو، دوا خەلیفە بوە کـە چـەندین کـاری ئەنجام داوە، لەوانە ئەو دواهەمین خەلیفەك بوو کە شـیعری نوسـراوی هەیە، دواهەمین خەلیفەیەکە هەر بۆ خۆی کاروباری سـوپاو لەشـکرو سامان‌و دارایی بەرێوەدەبرد، دواهـەمین خەلیفەیـەکیش بـووە لەسـەر

(١) البداية والنهاية (١١/١١٢).
(٢) البداية والنهاية (١١/١١٢).

دوانگەو لە ڕۆژی هەینی دا ووتاری داوە).[1]

پاش ئەو حەلل وعەقد کەوتە دەستی وەزیری یەکەم، کە بە سەرۆك وەزیران دەچێ لە سەردەمی نوێدا، خەلیفەکان تـەنها ناویـان مـابوو، وتاریش بەناویانەوە دەدرا، میری ناوچەکانی دەوروبەریش لـە دەوڵـەتی ئیسلامیدا زیاتر لە جاران سەربەخۆی زۆرتریان بە دەست هێنا.

لە پاش وەفاتکردنی قازی و پیاوماقوڵ و کەسایەتیەکانی حەلل و عقد کۆبونەوەو ڕێککەوتن لەسەر ئـەوەی گـرێ بەسـتی بەیعـەت بـە (المتقی بالله) برای بدەن، هەر بە ناوەکەیدا دەردەکەوێ کـە زۆر ڕۆژو و نوێـژو و پەرسـتیش و زوهـدی هـەبووە و دونیـا نەویسـت بـووە، خەلیفایەتیەکەی زۆری نەخایاند[2] ئەوە بوو ٣٣٣ ك دا لەکارخرا.[3]

لە میرەکانی ئەو چەرخە (علی بن بویـه عمـاد الدولـة)ی پاشـای شیراز بوو لە ساڵی ٣٢٢ ك ٣٣٨ ك یەکـەمین پادشـای بوەیهیـەکان بووە، (إبـن كـثير) لـەم بارەیـەوە دەڵــێ: (لـە باشـترین پادشـایانی سەردەمی خۆی بووە، دەسـت پێشـخەربووە و هاورێکـانی لـە ئاسـتیا نەبوون، خەلیفەکان بە ناوی ئەمیری باوەردارانەوە لەگەڵی دەئـاخفتن)، لەم بارەیەوە وتویەتی: (ژیرو بیـرتیژ و رەوشت جوان بـووە لـە خـودی

(١) البداية والنهاية ١١/١١٢

(٢) البداية والنهاية ١١/٢١١

(٣) البداية والنهاية ١١/٢٢٣

خۆیدا سەرکردەو گەورە بووە).[1]

هەر لەوان (ركن الدولة بن علي بن بويه)ی پاشای شیراز لـە دوای باوکی هات (٣٦٦) ك، (إبن كثير) لەم بارەیەوە وتویەتی: (دڵ نەرم و ئارامگرو خاوەن ویقـار بووە، خێـرو سـەدەقاتی زۆر بـووەو زانایـانی خۆش ویستووە، چاکەکاریو بەخشینو خۆنەویستیو هـاوەڵ خۆشـیو سەرکردایەتیو دڵنەرمی بەرامبەر بە خەڵکەکەی تێدا بووە).[2]

هەروەها لە میرەکانی ئەو سەردەمە (النـاصر لدين الله عبـدالرحمن الأموي)، یەکەمین خەلیفەبووە لە ئەندەلوسدا، لە ساڵی (٣٠٠ ك بۆ ٣٥٠ ك) فەرمانڕەوایی کـرد، کەسـێکی زانـاو خوانـاس و تێکۆشـەر بـووە).[3]

لەدوای خۆیشی (المستنصر بالله) کـوڕی لـە سـاڵی (٣٣٨ ك بـۆ ٣٦٦ ك) فەرمانڕەوایی کرد کە لە (باشـترین پادشـاکانو زاناکـانیش بووە، زانابووە بە فیقهو خیلافو مێژوو، زانایانی خۆش ویستووە).[4]

پاشان بەیعەت درا بە کوڕەکەی (المؤيد بـالله بـن المستنصـر) کـە منداڵ بـووە، کاروبـاری دەوڵەتەکـەی لـە لایـەن (منصـور بـن أبـی عامر)ەوە بەڕێوە براوە، لەپاش ئەویش لە لایەن هـەردوو کوڕەکەیـەوە

(١) البداية والنهاية (١١/٢٢٥).

(٢) البداية والنهاية (١١/٢٢٥).

(٣) البداية والنهاية (١١/٢٥٣).

(٤) البداية والنهاية (١١/٣٠٤).

(مظفر و ناصر) بۆ ماوەی (٢٦)ساڵ.

(إبن كثير) فەرمویەتی: (كاروبـاری خـەڵكیان بـە باشـی دەبـرد بەڕێوە، دادگەریان لەنێواندا پیادەدەكرد، غەزوی دوژمنیان دەكرد).[١]

هەروەها لە پادشایانی تریش (سبكتكين) هەبووە كە سەركردەكانی سوپا لە (غزنه) لە دەوروبەری خوراسان بەیعەتیان پێـی داو كردیانـە میر بەسەر خۆیانەوە لـە سـاڵی (٣٦٦)ك (لەبـەر ئـەوەی چـاكەكارو خێرخوازبووە بۆیان، و ڕەفتارو ژینامـەی جـوانو ژیـری كامـڵو ئـازاو بەجەرگ و دیندار بووە).[٢] بەردەوام پادشا بووە تاوەكو لە ســـاڵی (٣٨٨) ك وەفاتی كرد، پاش خۆیشی مەحمودی كـوڕی فـەرمانڕەوایی كرد، كە ئەویش كەسێكی موجاهیـد بـووەو زۆر جیۆشـوێنی وولاتـی هیندی ئازادكرد، كەسێكی دادگەرو خاوەن فەزڵ بوو، ساڵی (٤٢١)ك. وەفاتی كردووە،[٣] تـوانی زاڵ ببـێ بەسـەر زۆرینـەی ڕۆژهـەڵات دا. بەناوی خەلیفەی عەبباسی (القادر بالله أحمد بن المقتدر بن المعتضد بن الموفق)ەوە وتاری دەدا كە لە (٣٨١ ك بـۆ سـاڵی ٤٢٢ ك) خەلافـەتی گرتبوە دەست (- قادر بالله - كەسێكی خۆگرو بەخشندە بـوو، زانـاو دیندارو چاكەخوازانی خۆشدەویست، فەرمانی بە چاكە دەكردو نـەهی لە خراپە دەكرد).[٤] لە بارەیەوە دەڵـێ : (لـە باشـترین خەلیفـەكانو

(١) البداية والنهاية (٣٠٤/١١).

(٢) البداية والنهاية (٣٠٤/١١).

(٣) البداية والنهاية (٢٩،٣٢/١٢).

(٤) البداية والنهاية (٣٤-٣٣/١٢).

گەورە زانایان بووە).[٢]

بەلاّم حەلل وعەقد لە دەستی میرە شیعە بوەیهیەکان دا بوو لە بەغداد. بەمەش دەولّەتی ئیسلامی یەکەم دەولّەت دەبیّ ئاشنابووە بە سیستەمی جیاکردنەوەی نیّوان سەرۆکایەتی دەولّەت کە لە خەلیفەدا خۆی دەنوێنیّ، و سەرۆکایەتی وەزیران کە لە وەزیر یاخود سولّتان دا خۆی دەنوێنیّ، کە خەلیفە مافی پیّدان یان لابردن ئەو پۆستەی هەیە، هەر یەکەشیان سەلاّحیەتی خۆی هەیە هەر وەك لە کتیّبەکانی (الأحکام السلطانیة)دا بە دریّژی باسکراوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەلافەتی عەبباسی بۆ ماوەی حەوت سەدە بەردەوامی هەبیّت، چونکە خەلّکی پیّویستی بەوە نەبوو لەکاری خەن و لایبەرن لەبەر ئەوەی وازی هیّنابوو لە زۆربەی سەلاّحیاتەکانی بۆ وەزیری یەکەم.

کاروباری بەغداد بەردەوام بەدەستی بوەیهیەکانەوە بوو تا ئەو کاتەی (ملك العادل محمد بن سلجوق طغرلبك) سالّی ٤٤٧ ك هاتە بەغداد، پاش ئەوەی خەلیفە (القائم بأمر الله) ناردی بە شویّنی دا و بانگەشەی کرد بۆ هاتنە ناو بەغداد. بەردەوام بوو تیّیدا تاوەکو سالّی ٤٥٥ك وەفاتی کرد، لە پاش خۆیشی برازاکەی (موحەممەدی کوڕی داود ئەلب ئەرسەلان) فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست.[١]

ئەلب ئەرسەلان (دادگەربوو بە شیّوەیەکی جوان ڕەفتارو هەلّس و

---

(٢) البدایة والنهایة ١١/٣٣٠

(١) البدایة والنهایة ١٢/٩٥

کەوتی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، بەخشندەو میهرەبان بووە، بەرامبەر بە خەڵکی زۆر بە بەزەییو دڵ نەوا بوو، دڵنەرم بــوو لەگــەڵ هەژارانــدا، سەردەمی ئەو تاوانکاری و زەوتکردنی بەخۆوە نەبینیوە، زۆر سوور بووە لەسەر پاراستنی سامانی خەڵکی).[1] وەزیرەکەی (نظام الملـك) بــوو، ساڵی (٤٦٤)ك کۆچی دوایی کرد.[2]

پاش خۆی (ملك شاه) بوو بە دەسەڵاتدار، وەزیری یەکەمی ئـەویش (نظام الملك) بوو، (ملك شاه) لەگەڵ خەڵکیــدا بــە جــوانی ڕەفتــاری دەکرد.[3]

ساڵی (٤٦٧)ك خەلیفە (القـائم بـأمر الله) کۆچــی دوایــی کــرد، ساڵی (٤٢٢) ك جێنیشینایەتی گرتە دەســت، مــاوەی خەلافەتەکـەی چلو چوار ساڵ بوو، ئەو کەسێکی بە وەرعو زاهیدو دادگــەر بــوو، زۆر چاکەکار بوو لەگەڵ خەڵکیدا، یـەکێك بــووە لــە باشــترین خەلیفـەی عەبباســیەکان لــە ڕووی دینــداری و بیروبــاوەڕو دەوڵەتدارییــەوە).[4] ماوەی خەلیفایەتیەکەی لەگەڵ خەلافەتەکەی باوکیدا هەشــتاو پێــنج ساڵ بووە.

پاشان نەوەکەی (المقتدى بأمر الله عبدالله بن محمد بن القـائم بـأمر الله القادري العباسي)، لە ساڵی (٤٦٧)ك خەلافەتی گرتە دەست لـە

---

(١) البداية والنهاية (١١٤/١٢)

(٢) البداية والنهاية (١١٣/١٢).

(٣) البداية والنهاية (١١٣/١٢).

(٤) البداية والنهاية (١١٧/١٢).

تەمەنی بیست ساڵی دا، بـاپیری زۆر بـە جـوانی پـەروەردەو پاڵفتـەی کردبوو، وەزیرو میرو خانەدان و قازی و زانایـان هـەمویان بەیعـەتیان پێی دا، ئەویش کەسـێکی (مـەرد و دلێـر و جـوامێر بـوو، تـەواوی رۆژەکـانی پیرۆزبـوون، رزق و رۆزی زۆر فرەبـوو، جێنشـینایەتی زۆر گەورەبوو، پادشاکانی بچوکیان دەکێشاو لە بەردەمیدا بـو دەڵـەببون، بەغدادو وڵاتانی تری ئاوەدان کردبووەوە، (ابن جهـیر) کـرا بـە وەزیـر، پاشتر (أبو شجاع) و (ابن الدامغانی) قـازی ئـەو و دواتـریش (ئـەبو بەکری شاشی)، ئەوانە لە باشترین قازیو وەزیرەکانی بون).[1]

(فەرمانی بە چاکە دەکردو نەهی لە خراپە دەکردو ڕەفتار ورەوشت جوان بوو)، ساڵی ٤٨٧ کۆچی دوایی کرد.

(معتمد بن عباس الاندلسی) یەکێك بوو لە پادشایانی ئەو چاخە (ڕەوشـــت و ژینامە پاك، بوو لەگـەڵ خەڵکیـدا چـاکەکار و دڵنـەرم بوو).[2] لەپاش ئەویش (یوسفی کوڕی تاشفینی تێکۆشەر) کاروباری گرتە دەست.

دادگەری پادشایانی ئیسلام گەیشتبووە ڕادەیەك پادشا ئەورووپیەکان چاویان لێ دەکرد، (إبـن کـثیر) فەرمویـەتی: (لەوێـدا ئەورووپیـەکان (صقلیە)یان گرتەدەست، پادشاکەیان مرد، کوڕەکەی لەناو خەڵکیـدا بە پێی ڕەوشت و رەفتاری پادشا موسوڵمانەکان دەجولاّیەوە، وەك ئەوەی

---

(١) البدایة والنهایة ١١٨/١٢ و١٥٦

(٢) البدایة والنهایة

لەوان بێت، بەهۆی ئەو چـاکەکاریەی لەگـەڵ موسـڵمانانـدا ئـەنجامی دەدا).[1]

لە بەناوبانگترین وەزیرەکانی (نظام الملك) لەوکاتـەدا وەزیـر (ألـب أرسلان)و (ملکشاه) بوو کە ماوەی (٢٩) سـاڵ فـەرمانڕەوایی کـرد، یەکێك بوو لە باشترین وەزیرەکان وە زانایەکی پایەبـەرزو خوانـاس بـۆ خوا سولّحاوە بوو.[2] ساڵی (٤٨٥)ك کۆچی دوایی کرد.

هەر لەو کاتەشدا (ملکشـاه)ش کۆچـی دوایـی کـرد، دەوڵـەت و دەسەڵات لەوپەری سنوری تورکەوە دەسـتی پـێ دەکـرد تـا ئەوپـەڕی یەمەن (ڕێگاو بانەکان لە سەردەمی ئەودا لـە هـێمنیو ئاسـایش دا بوون، بیناسازی هەرە گەورەی ئـەنجام دا، چـەندەها ڕووبـاری گـەورەی هەڵکەند)، (لەگەڵ ئەو شکۆمەندییەی هەیبو بـەدەم هـەژارو لاواز و بێوەژنانەوە دەوەستاو پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکردن).

کاتێك گومرکی لابرد لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ کراو تێیانگەیاند کە ئەمە زیان بە خەزینە دەگـەینێ، ئـەویش فـەرمووی (دەك تیاچـن! سامان سامانی خوایە، بەندەکانیش بەندەی خـوان، وولاتـیش وولاتـی خۆیەتی).

لەگەڵ ناحەزو شکاتکارەکانیدا لە بەرامبـەر قازییـەوە دەوەسـتاو فەرمانی دەکرد دادگەرانە حوکم بکات. بەم شێوەیە نۆزدە ساڵ فەرمان

---

(١) البداية والنهاية

(٢) البداية والنهاية (١٤٩/١٢)

ڕەوایەتی کرد.[1]

پاشان (المستظهر بأمر الله بـن المقتـدی بـالله) لـه سـاڵی ٤٨٧ ك خەلافەتی پێ سپێدرا، (مستظهر) (رەوشت جوان بووە، قورئانی لەبەر بووەو ڕەوانبێژ بوو، کاروباری خەلافەتی سپارد بە (أبو المنصور عمیـد الدولة بن جهیر)ی وەزیری، ئەویش بە جوانترین شێوە بەرێوەی دەبرد، بە باشترین شێوە رێخۆشکەری بۆ کاروبارەکان دەکردو کاروبـاری خـەڵکی بەرێوە دەبرد، یەکێك بوو لە باشترین وەزیرەکان).[2]

لـە سـاڵی (٤٨٧)ك وەفـاتی کـرد، (أتابـك قسـنقر) حەلـەب و دیاربەکرو جەزیرەی گرتەدەست، کە باپیرەی نـورەدین زەنکـی یـە، ئـەم کارەشی لە لایەن (ملکشاه)وە پـێ درا بـە ئامـاژەی (نظـام الملـك)ی وەزیر، (ئەو یەکێك بوو لەو پاشایانەی کە جوانترین ژیاننامەی تۆمـار کردوە، ڕازو نهێنییەکانی پوخت پاراو بووە، خەڵکی لـە سـایەیدا لـە ئاسایشو خۆشگوزەرانیو دادگەرید ژیاون).[3]

لە ساڵی (٤٨٨)ك (أبو شجاع محمد بن الحسین ظهیرالدین)ی وەزیـر کۆچی دوایی کرد کە یـەکێك بـوو لـە باشـترینی وەزیرەکـانی، خێـرو خێراتو چاکەکاری زۆر بـووە، وەزیـری خەلیفـە (المقتـدی بـأمر الله) بـووە... هـیچ کـات بـەبێ زانایـان لـە دیوانـدا دانەدەنیشـتن ئەگـەر

---

(١) البداية والنهاية (١٢/١٥٢-١٥٣).

(٢) البداية والنهاية (١٢/١٥٦-١٥٧).

(٣) البداية والنهاية (١٢/١٥٧).

ئیشكالێكی بۆ دروست بوایه پرسیاری لــێ دەكردن‌و به فەتوای ئەوان حوكمی دەكرد، زۆر خاكی بووه لەگــەڵ هــەموو خەڵكیــدا بەگشــتی‌و تایبەتی).[1]

هەر لەم سەردەمەدا قازی دادگــەر (ئەبوبــەكری شاشــی) كۆچــی دوایی كرد، (المقتدی) دوای (ابن الدامغانی) قەزای پێ سپاردبو، (ئــەو یەكێك بووه لە پاك‌و پوخترین كەسی نێو خەڵك، بەخششی لە سوڵتان‌و دیاری لە خەڵك وەرنەگرتووه، خواردن‌و جل‌و بەرگی نــەگۆڕی، لەســەر قەزاوەتكردنی كرێی وەرنەگرت، كەسی نەدەكــــــردە بریكــاری‌و هــەر خۆی ڕاستەوخۆ پێی هەڵدەستا، خۆخۆیی نەدەكردو كەسی نەدەخســتە پێش كەس).[2]

شایەتی یەكێك لە گــەورە فەقیهــەكانی وەرنــەگرت، كاتێـك لێــی پرسرا: بۆ؟ فەرموی: چونكە تۆ ئاوریشم دەپۆشی‌و حەلقەی ئاڵتون لە دەست دەكەی. فەقیهەكە ووتی: سوڵتان‌و (نظــام الملــك)ی وەزیریشــی حەریر دەپۆشن و ئەڵقەش لە پەنجە دەكەن.

شاشی فەرموی: ئەگەر ئەوانیش لای من لەسەر چەپكە پاقلەیــەك شایەتی بدەن لێیان پەسەند ناكەم و شاهیدیەكەیان دەدەمــە دواوە.[3] ئەمەش بەڵگەیە لەســەر مــەودای ســەربەخۆیی قــەزا لــەو ماوەیــەی

(١) البداية والنهاية (١٢/١٥٧).
(٢) البداية والنهاية (١٢/١٦٠-١٦١).
(٣) البداية والنهاية (١٢/١٦١).

دیاردەی (زۆرداری دادگەری) تیا بەدەرکەوت.

ساڵی (٥٠١) ك (تميم بن المعز بن باديس) پادشای ئەفریقیا كۆچی دوایی كرد، فەرمانڕەواییەكەی لە ساڵی (٤٥٥)ك دا بوو (باشترین پادشا بوو لە ڕووی نەرمونیانیو میهرەبانیو بەخشینو چاكەكاریەوە).(١)

هەر لەم ماوەیەدا (صدقه بن منصور الاسدی سيف الدولة) میری حللەو تكریت و واست كۆچی دوایی كرد كە (كەسێكی دەم و داوێن پاك و خۆ سەرزەنشتكەر بوو، پەناگەی هەموو ترسێندراوێك بوو لە وولاتی ئەمدا لە ئاسایش دا دەژیا لە سایەیدا دەحەسایەوە).(٢)

ساڵی (٥٠٩) (يحيى بن تميم بن المعز بن باديسی) پادشای ئەفریقیا كۆچی دوایی كرد كە (لە باشترین پادشاكانو كەسێكی خواناس بوو، ڕەفتارو هەڵسوكەوت جوان بوو، خۆشەویستی هەژارو زانایان بوو).(٣)

لە ساڵی (٥١١)ك (غياث الدين السلطان محمد بن ملكشاه بن ألب أرسلان)ی سەلجوقی سوڵتانی عێراقو ڕۆژهەڵات كۆچی دوایی كرد كە (لە باشترین پادشاو ڕەفتار جوانترین پادشایان بوو، دادگەرو میهرەبانو ڕوح سوك و خۆش خوان بوو).(٤)

---

(١) تاريخ ابن الكثير (١٨١/١٢).

(٢) تاريخ ابن الكثير (١٨١/١٢).

(٣) تاريخ ابن الكثير (١٩١/١٢).

(٤) تاريخ ابن الكثير (١٩٣/١٢).

له ساڵی (٥١٢)ك خەلیفه (المستظهر بالله المقتدي) کۆچی دوایـی کرد که کەسێکی (خێرخوازی بەرێزی زیرەك‌و لـێهاتوو بـوو، ڕۆژانـی ئەو له بەغدا وەك جەژنەکان وابوو، کاروباری خەلافەتی بـه جـوانی و وردی و توندوتۆڵیەوه ڕێکوپێك کردبوو).[1] پاش خـۆی (المسترشـد)ی کوڕی بۆ ماوەی حەڤده ساڵ کاروباری گرتەدەست.[2]

له ساڵی (٥١٥)ك (ابو القاسم الأفضـل) وەزیـری فاتمیـەکان لـه میسر کۆچی دوایی کـرد، کەسـێکی دادگـەرو هەڵسـوکەوت جـوانی مەردو جەوامێر بوو، پـاش تێکچـونی بارودۆخـەکان، ڕێـك‌و ڕاسـتی کردەوه، لـه مـاوەی (٢٨) ســـاڵدا بـەردەوام سـەرقاڵی بـەرێوەبردنی کاروباری میسر بوو[3] .

له ساڵی (٥٢٢)ك میری دیمەشق (طغتكين) کۆچـی دوایـی کـرد، یەکێك له مەمالیکەکانی ئەلب ئەرسەلان و (کەسێکی ژیرو بڕیاردەرو خێرخوازبوەو جیهادی زۆری دەکـرد).[4] وە (لـه باشـترین پادشـایان و دادگەرتریان بـوو لـه هەمووشـیان زیـاتر جیهـادی ئەوروپیـــەکانی دەکـــرد).[5]

---

(١) تاريخ ابن الكثير (١٢/١٩٥).
(٢) تاريخ ابن الكثير (١٢/١٩٥).
(٣) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢٠٢).
(٤) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢١٣).
(٥) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢١٣).

ساڵی (٥٢٥)ك كۆچی دوایی كرد كـه یـەكێك بـوو لـە باشـترین پادشاكان،[1] و لە ساڵی (٥٢٩)ك خەلیفـە موستەرشـدی عەبباسـی كوژرا كە (نەبەردو جوامێرو دوور بین بـوو، پەرستشـی زۆر بـوو، لای خەڵكی بە گشتی و تایبەتی خۆشەویست بوو).[2]

لەساڵی ٥٣٠ ك خەلیفە (ڕاشدی كوری موستەرشد) لـەكار لابـرا دوای ئەوەی لەگـەڵ سـوڵتان مەسـعودی سـەلجوقی نـاكۆكی كەوتـە نێوانیانەوە، سـوڵتان مەسـعود نوسـراوێكی دەركـرد كـە بەرێنوسـی خەلیفە نوسرابوو هەركاتێ خەلیفە دژایەتیو دوژمنایـەتی سـوڵتانی كرد ئەوە خۆی لە خەلافەت لابردووە، بە پێی ئەو مەرجە هەنـدێ لـە قازیو فەقیهەكان فەتوای لابردنیان دا.[3]

لە ساڵی (٤٥١)ك پادشای حەلـەبو موسـڵو ڕەهـا (زنكـی بـن قسنقر) كۆچی دوایی كرد، كە پێشتر لە (٥٢٢ ك)یەوە ئەم ناوچـانەی بە دەستەوە بوو (یەكێك بوو لە باشترین پاشاكان ولەوانـەی چـاكترین ژیاننامەو ڕەفتاری هەبووە، كەسێكی ئـازاو نەبـەرد بـوو، پادشـایانی چواردەور ملكەچی بـون، لـە ڕووی هەڵسـوكەوتەوە یـەكێك بـوو لـە باشترین پادشایان، لـە هـەموویان غیرەتـی زۆرتـر بـووە بـۆ ئـافرەتی

(١) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢١٣).
(٢) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢٢٤).
(٣) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢٢٥).

خەڵکیو نەرمو نیانترین کەس بووە لەگەڵ خەڵکیدا).[1] پاشان پادشای دادگەر (نورەدین مەحمود زەنکی) پادشایەتی گرتەدەستو کاروباری پێ سپێردرا.

لە ساڵی (٥٤٤)ك (أحمد بن نظام الملك)ی وەزیر کۆچی دوایی کرد، کە وەزیرێتی بۆ خەلیفە موستەرشیدو سوڵتان مەحمود کردبوو، یەکێك بوو لە باشترین وەزیرەکان.[2]

هەروەها پاشای موسڵ (غازی بن قسنقر) برای نورەدین زەنکی کۆچی دوایی کرد، کە یەکێك بو لەو پادشایانەی باش و چاکترین ڕەفتارو مامەڵەی هەبووە، نهێنی و ڕازەکانی پوخت و پاك بووە و کەسێکی ئازاو بەخشندە بووە.[3]

لە ساڵی (٥٤٧)ك دەوڵەتی (بنو سبکتکین) لە غەزنەو وڵاتی هیندا کۆتایی پێهات، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣٦٦ ك) پادشاکانی لە باشترینی پادشایان بون، جیهادو چاکەکاری زۆریان هەبوو.[4]

لە ساڵی (٥٤٩)ك سوڵتان مەحمود کوڕی نورەدین زەنکی شام و میسری گرتە دەست، خەڵکی زۆر شادمان بون.

---

(١) تاريخ ابن الكثير (٢٣٧/١٢).

(٢) تاريخ ابن الكثير (٢٤٣/١٢).

(٣) تاريخ ابن الكثير (٢٤٤/١٢٢).

(٤) تاريخ ابن الكثير (٢٤٧/١٢).

له ساڵی (٥٥٥)ك خەلیفەی عەباسی (المقتفي بـأمرالله محمـد بـن المستظهر) کۆچی دوایی کرد، ماوەی خەلافەتی بیستو چوار ساڵ بوو، کەسـێکی نەبـەردو جـوامێرو ئـازابوو، خـۆی کارەکـانی ڕادەپەرانـدو بەشداری جەنگەکانی دەکردو سامانو دارایی دەبەخشی، یەکەم کـەس بوو بە تەنها خۆی دەسەڵاتی بەسەر عێراق دا هەبو هەر لـە سـەرەتای ڕۆژانی دەیلەمەوە تا ڕۆژانـی سـەردەمی خـۆی فـەرمانڕەوایی بەسـەر سەربازو میرەکاندا دەکرد.(١)

پاش خۆیشی بەیعەت درا بە (المستنجد بالله یوسف بن المقتفي) کە پێشتر وەلی عەهدی بوو، پیـاوێکی چـــاك بــوو، موسـوڵمانان پێـی دڵشادو شادمان بون.(٢)

هەروەها لە ساڵی (٥٥٥)ك پادشا (خەسرەو شای کوڕی مەلیکشای کوڕی بەهرامی کوڕی مەسعودی کوری سبکتکینی غەزنەوی) کۆچی دوایی کرد، یەکێك بوو لەو پاشا شکۆمەندانەی هەڵسـوکەوتی ڕێکـو ڕاست بوەو زانستو زانست خوازانی خۆش دەویست.(٣)

لە ساڵی (٥٦٠)ك (یەحیای کوڕی موحەممەدی هوبـەیرە) وەزیـری خەلیفە موقتەفـیو موستەنجدی کوڕی کۆچی دوایی کرد (یەکێك بوو لە باشترینی وەزیرەکانو ڕەوشت جوانترینیان، لە هەموویان دوورتر لـە

---

(١) تاریخ ابن الکثیر (١٢/٢٥٩).

(٢) تاریخ ابن الکثیر (١٢/٢٥٩).

(٣) تاریخ ابن الکثیر (١٢/٢٥٩).

ستەمەوە، موقتەفی دەیووت: کەس وەکو ئەو وەزیرێتی عەباسـیەکانی نەکردووە. زیادە ڕەوی دەکرد لە پایەدارکردنی دەوڵەتی عەباسی دا، بە پێی توانا مـادەی پادشـایەتی سـەلجوقیەکانی حەسـم کـرد، تـاوەکو خەلافەت لە عیراق سەقامگیر بوو، بەشێوەیەك پادشاکان لەگەڵ ئەودا بە تەواوی فەرمان ڕەوایەتیان لە دەست دابـوو).[1] یـەکێك بـوو لـە گەورە زاناو شارەزاکان، چەندین بەرهـەمی نوسـراوی لەسـەر ڕێبـازی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل هەیە .

لە ساڵی (٥٦٥)ك پادشا (قطب الدین بن زنکـي) بـرای نـورەدین مەحمود کۆچی دوایی کرد کە بۆ ماوەی بیسـت سـاڵ موسـڵی لـەژێر دەستابوو (یەکێك بوو لە باشترین پادشاکان، لای خەڵکی خۆشەویست بوو، بە سۆز بوو لەگەڵیاندا و چاکەخواز بوو بۆیان).[2]

هەر لەو سەردەمەدا خەلیفەی عەباسی (المستنجد) کۆچـی دوایـی کرد، ماوەی خەلیفایەتیەکەی یانزە ساڵ بوو (یەکێك بوو لـە خەلیفـە باشەکان دادگـەرو نـەرمو نیـانترین خەلیفـە بـوو لەگـەڵ خەڵکیـدا، گومرك‌و باجی لەسەر هەڵگرتن، لە عێراق دا گومرکی نەهێشت، زۆر فەرمانی بە چاکەو نەهی لـە خراپـە دەکـرد).[3] لـە پـاش خۆیشـی بەیعت درا بە (المستضيء الحسن بن المستنجد).

---

(١) تاريخ ابن الكثير (٢٦٩/١٢).

(٢) تاريخ ابن الكثير (٢٨٠/١٢).

(٣) تاريخ ابن الكثير (٢٨١/١٢).

له ساڵی (٥٦٧)ك سەلاحەدین له میسردا ووتاری بەناوی خەلیفەی عەبباسی بەغداوه خوێندەوەو دەوڵەتی فاتمییەکانی نەهێشتو لاییـــرد.

له ساڵی (٥٦٨) نەجمەدین ئەیوب کـوڕی شـادی بـاوکی، کۆچـی دوایی کرد، یەکەم جار له لایەن پادشا موحەممەد کوڕی مەلیك شـاوه کرابویه میری تکریت (به دادگەرانـه فەرمانڕەوایـەتی تیـێدا دەکـردو کەسێکی زۆر بەڕێزو بەخشندە بوو).

پاشان چووه خزمەتی عیماد دەین زەنکی، ئەویش کردیـه نوێنـەری خۆی لەسەر بەعلەبەك و ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایەتی تیـێدا کـرد، عیمادەدین، ئەسەدەدین شێرکۆی کـوڕی شـادی -بـرای نەجمـەدین-ی کردە یەکێك له سەرکردەی سوپاکەی.[1]

هەر ئەو بوو، به هاوەڵی سەلاحەدینی بـرازای لـه سـاڵی (٥٦٤)ك چووه میسر پاش ئەوەی (العاضـد)ی فـاتمی هانـای هێنـا بویـه بـەر نورەدین زەنکی بۆ پاراستنی له هێرشی فرنجیەکان.

له ساڵی (٥٦٩)ك پاشای دادگەر نورەدین مەحمود کـوڕی زەنکـی سەلجوقی کۆچی دوایی کرد، که حەنەفی ڕێبازبوو، زانایانو هـەژارانی خۆشدەویستو ڕێزی دەگـرتن، لـه بریـارو حـوکم دا زۆر بـه چـاکیو هاوسەنگی دەجولایەوەو شوێنی شەرعی پاكو پوخت دەکـەوت، کـۆڕی دادی دەگرتو خۆی پێی هەڵدەسا، قازیو زاناو فتواچیەکانی هـەموو

(١) تاريخ ابن الكثير (١٢/٢٧٤ و٢٩٠)

ڕێبازەکـــانی لـــە دەوری خـــۆی کۆدەبونـــەوە، لـــە ڕۆژی سێشـــەممان لـــە مزگەوتدا دادەنیشت بۆ ئەوەی هەموو کەسێکی موسڵمان پێی بگەن و یەکسانیان لەگەڵ ڕەچاو بکا، کەسێکی ئـازاو ورە بـەرزو زۆر بـەڕێزو دیندار بوو.[1] ساڵی (٥٤١)ك فەرمانڕەوایەتی کردو دژ بە فرنجیەکان تێکۆشا، تێکی شکاندنو چەندین شاری ڕزگار کـرد کـە لـە شـام دا دەستیان بەسەردا گرتبوو.

نـورەدین یـەکێك بـوو لـە پاشـا چاکسـازەکان. (إبـن کـثیر)[2] فەرمویەتی: (لە وولاتەکەیدا سوننەتی دەرخسـتو بیدعـەی مرانـد، سنورەکانی پیادەکردو قەڵاکانی ڕزگار کرد، چەندەها جـار فرنجـەکانی تێکشکان، چەندین قەڵای زۆرو شورەی قـایمو سـەختی لـە دەسـتیان سەندەوە، کە شورەو قەڵای موسڵمان بوونو دەستیان بەسەردا گیـرابوو، چەندین بەشی دابویە عەرەبەکان بۆ ئـەوەی ڕێگـری لـە حاجیـەکانی نەکەن، لە دیمەشق دا خەستەخانەو بیمارستانی وای دروست کردبـوو کە لە پێشو پاش خۆیشـی دا شـتی وا دروسـت نـەکرابوو، چـەندین وەقفیشی کرد بوو بۆ ئەوانەی هەتیوانیان فێـری ڕێنـوسو خوێندنـەوە دەکرد، نەفەقەو جلوبەرگی بۆ دابین کردبون، هەروەها بۆ ئەوانەش کـە دەرو دراوسێی مەککەو مەدینەش بون، وە چەندین وەقفی تری هـەبوو کە لە هەموو دەروازەو دەرگاکانی خێردا سوودی لـێ دەبینرا، دەدرایـە

(١) تاریخ ابن الکثیر (١٢/٢٩٧-٢٩٨).
(٢) لبدایة والنهایە (١٢/٢٩٨).

بێوەژنانو ئەوانەی خاوەنی پێداویستی هەمە جۆر بون، مزگەوتی (الجامع) بەرەو هەڵوەشانو پوکانەوە دەچوو قازی کەمالەدین موحەممەدی کوری عەبدوڵلای شارەزوری کردە سەرپەرشتیاری، ئەوقافی نوێی تری زیادکرد بۆ مزگەوت جگە لەو وەقفە دیاریانەی کە زانراو بووە، ئەمەیان وەقف کارەکانی ناسراو نەبوون، مەرجەکانیشیان زانراو نەبوو، کردی بە یەك شتو ناونرا سامانو دارایی بەرژەوەندیەکانو موچەیەکی لێ بڕیەوە بۆ موحتاجو هەژارو نەدارو بێوەژنو هەتیوەکانو هاووێنەی ئەمانە. ئەو (بە بەزەیی خوا کەویێ) خۆشنوس بووە، خوێندنەوەی کتێبە ئاینیەکانی زۆر بووە، شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەری خوا بووە، خێرخواز بووەو دەستو داوێن پاك بووە، خۆیو خێزانی لە خواردنو پۆشین دا بە شێوەیەکی مام ناوەندیانە خەرجیو نەفەقەیان کردووە، تا ئەو ڕادەی ووتراوە هەژارترین کەسی سەردەمی خۆی لە ئەو زیاتر خەرجی کردووە، بێئەوەی گەنجینەی کردبێ یا دونیا خۆریو دونیاویستی ئەنجام دابێ، هیچ کات لەخۆشیو ناخۆشیدا کردەوەی نەشیاو ناشرینی لێ نەبیسراوە، بێدەنگو شکۆداربووە، (إبن أثیر) فەرمویەتی: پاش عومەری کوری عبدالعزیز کەسێکی تری وەك نورەدین پادشا نەبووە، چەند دووکانێکی بووە لە (حمص) لەو بەشە دەستکەوتە کڕیبوی کە تایبەت بوو بە خۆیەوە، لەو بژێوی ژیانی دابین دەکرد، خێزانەکەی داوای خەرجیو پێداویستی زیاتری دەکرد، داوای فەتوای کرد لە زانایان بۆ ئەو ئەندازەی دروست بۆی لە خانەی

سامان وەری گرێ، ئەوەندەی وەردەگرت کە بۆی دانرابوو زیادی نەدەکرد، ئەگەر لە برسیشا بمردایە، زۆر یاری تۆپێنی دەکرد، یەکێك لـە گـەورە پیاوچاکانی لەو بارەیەوە سەرزەنشتی کرد، فەرموی: کردارەکان بە پێی نیازو نیەتـە، بەمـە دەمـەوێ خـۆڕاهێنم لەسـەر هاتوچـۆ، هەڵپـەو گەڕانەوەی ئەسپو فێربـوونی، ئێمـە واز لـە جیهـاد نـاهێنین، جلـی ئاوریشمی لەبەر نەدەکرد، نانی بەری دەستی خـۆی دەخـوارد کـە لـە بەرەنجامی جیهاد کردنیدا بەدەستی دەهێنا.

زانـاو شـارەزای ڕێبـازی حەنـەفی بـووە، فـەرمودەی بیسـتووەو گەیاندویەتی، شەونوێژی زۆر بووە لە کاتی سەحەر تا ئەو کاتـەی لـە ماڵ دەردەچوو.

(إبن أثیر) باسی ئـەوە دەکـا ڕۆژێـك پاشـا نـورەدین لـەو کاتـەی خەریکی تۆپێن بوو، دەبینێ پیاوێـك قسـە لەگـەڵ ئـەوی تـر دەکـاو لەوکاتەدا ئاماژە بە نورەدین دەکا، ئەویش دەرگاوان دەنێـرێ تـا لێـی بپرسێ مەسەلەکەی چیەو چـی دەوێ ! ئـەبینن پیاوێکـەو نێراوێکـی حاکم (قازی) لەگەڵدایـە وا دەردەبـڕێ کـە مـافێکی هەیـە لەسـەر نورەدینو دەیەوێ لای قازی دادەوری بکا، کاتێك دەرگاوان دەگەڕێتـەوە لای نورەدینو ئەوەی پێ دەڵـێ، نورەدین جۆکانەی[1] دەستی فرێ دەدا، لەگەڵ نەیارەکەیدا بە پێ بەرەو لای قـازی شـارەزووری دەکەوێتـە ڕێ،

---

(١) الجوکـان: ئەو شتەیە کە پێی دەدرێ لە تۆپ.

نورەدینیش کەسێك دەنێرێ بۆ لای قازی کە دەبێ هەڵسوکەوتی نەیارو ناحەزی لەگەڵدا بکـا، کـاتێکیش گەیشـتن نـورەدین لەگـەڵ نـەیارو ناحەزەکەی لەبەردەم قازی وەستا، تاوەکو نەیارو ناحەزەکەی کۆتایی پێ هاتو دادەوربیکەی ئەنجام درا، پیاوەکە هیچ مـافێکی بـۆ نەسـەلماند لەسەر نورەدین، بەڵکو مافی سوڵتان بەسەر پیاوەکەوە هەبوو، کاتێـك ئەمە بەدەرکەوت سوڵتان ووتی: بۆیـە لەگـەڵی هـاتم تـاوەکو کـەس دوانەکەوێ لە ئامادەبون بۆ دادگای شەرعی کاتێك کە بانگ دەکـرێ، ئێمــەی فــەرمانڕەوا ســەرو خوارمــان خزمــەت گــوزارو پاســەوان (شجنکیە)[1]ی پێغەمبەری خواو شەرعی ئەوین، ئێمە لە خزمـەت و بەردەستی ئەو دایین وگوێرایڵی ڕێو ڕەسمەکانی ئەوین، فـەرمانمان پـێ بکا بە هەر شتێ ئەنجامی دەدەین، نەهیش لە هەر هەر شتێ بکا خۆی لـێ دەپارێزین، من دەزانم ئەو پیاوە هـیچ مـافێکی لام نیـە، لەگـەڵ ئەوەشدا ئێوە شاهێد بن من ئەو شتەم کردە موڵکی و بەخشیم بە ئەو کە وای دەزانی هی خۆیەتی.

(إبن الاثیـر) فەرمویەتی: ئەو یەکەم کەس بـوو خـانووی بـۆ داد بنیات نا لە هەفتەی دوو ڕۆژ تیایدا دادەنیشت، ووتراوە: چوار جار، وە باسی پێنجەم جاریش دەکرێ. قازیو فەقیهـەکانی هـەموو ڕێبازەکـان ئامادە دەبوون، هیچ دەرگاوانو کەسێکی تـر ڕێگـری لـێ نـەدەکرد،

---

(١) الشجنکیە: خزمەتگوزار یاخود پاسەوان .

بەڵکو بەهێزو لاواز پێی دەگەیشت، لەگەڵ خەڵکی گفتوگۆی دەکـردو تێی دەگەیاندن‌و هەر خۆی قسـەو باسـی لەگـەڵ دەکـرد، مافـەکانی هەڵدەماڵی، مافی ستەم لێکراوی لە سـتەمکار دەسـەندەوە، هۆکـاری ئەوەش بریتی بوو لەوەی کە ئەسەددەدین شادی پلەو پایەی لای نورەدین بەرز ببویەوە، تاوای لـێ هـات وەك ئـەوەی هاوبەشـی ئـەو بێـت لـە پادشانشـینیەکەیدا، زەوی‌و زارو سـامان وکشـتوکاڵ و لادێی دەسـت خسـت، لەوانەیـە نوێنەرەکانیشـی سـتەمی لـە زەوی‌و زارو مولـك‌و سامانی دراوسێکانیان کردبێ، کەمالەدینی قازی دادگەرانـە لەگـەڵ تەواوی ئەو میرانەدا ڕەفتاری دەکـرد، کـە ئامـادەی دادگـا دەکـران و سکالاًیان لـێ دەکرا جگە لە ئەسەددەدین نەبێ دڵی ڕادەگرت‌و هێرشی نەدەکردە سەری، جا کاتێك نوردین خانەی داد (دار العدل)ی بنیات نا ئەسەددەدین چووە لای نوێنەرەکانی‌و داوای لـێکردن هەرکەسێ مـافی لایەتی بیدەنەوەو نەهێڵی بمێنێ، هەرچەندە گەورە بێت، چونکە هەموو سـامانەکەی نـەمێنێ ئـەوەی لا خۆشـترە لـەوەی نـورەدین وەك ستەمکارێك ببینێ، یـاخود لەگـەڵ کەسـێکی ناحـەزو سـادەی نێـو کۆمەڵگەدا ڕای وەستێنێ، ئەوانیش بـەوە هەسـتان، کاتێـك نـورەدین ماوەیەکی دوورو درێژ لە خانەی داد دادەنیشت، هیچ کەسـی نـەبینی سکالاً لەسەر ئەسەددەدین بکا، لەم ڕووەوە پرسـیاری لـە قـازی کـرد، ئەویش وێنەی هەڵسـوکەوت ڕێ‌و شـوێنەی نـوێیـەکانی ئـەوی پـێ ڕاگەیاند، یەکسەر نـورەدین کڕنوشـی سوپاسـگوزاری بـۆ خـوا بـردو

فەرمووی: سوپاس بۆ خوا، هاوڕێو هاوەڵـەکانمان خۆیـان مافـەکانی سەرشانیان ئەنجام دەدەن.

سـەبارەت بـە ئازایـەتیو جوامێرییەکـەی دەوتـرێ؟ کەسـی لـەو جوامێرو نەبەردتر لەسەر پشتی ئەسپ نەبینراوە. ئازاو زۆر خۆڕاگربووە لە جـەنگ دا، لـەو ڕووەوە نمونـەی پـێ دەهێنرایـەوە، وە دەیفـەرموو: چەندین جار توشی پلەی شەهادەت هاتووم بەڵام بۆم ڕێ نەکەوتووەو بە قسمەت نەبووە، ئەگەر چاکەو خێرم تێدابوایەو بەهاو نرخێکم لای خوا هەبوایە پێمی دەدا، کردارەکانیش بە پێی نیازو مەبەستە.

ڕۆژێك (قطب الدين النيسابوری) پێی ووت: بۆ خاتری خـوا ئـەی سوڵتانمان، خۆت مەخـە مەترسـیەوە، چـونکە ئەگـەر تـۆ بکـوژرێی هـەموویان لەگـەڵت دەکـوژرێن، ووڵاتـیش داگیردەکـرێ و بـارودۆخی موسڵمانان خراپو تێکدەچێ . ئەویش پێـی ووت: بـێدەنگ بـە ئـەی (قطب الدين)، ئەم قسەیە بێئەدەبیـە بەرامبـەر بـە خـوا، مـەحمود کێیە؟ کێ پێش من پارێزەری ئایین ووڵاتان بووە جگە لەو خوایەی هیچ پەرستراوێك نیە جگـە لـە ئـەو؟ مـەحمود کێیـە؟ فـەرموی: هـەموو ئەوانەی ئامادەی بون گریان - بەربەزەیی خواکەوێ -

خانوو بورجی زۆری لەسەر ڕێگاکان بنیات نا، ئێشگکرو پاسەوانی لە شوێنە مەترسی دارەکاندا ڕێکخست، کۆتری نامەبەری تیـادا دانـا کە بە خێراترین ماوە هەواڵ بگەیەنێ، خەڵوەتگەو خانەقای بنیات نا، زانایـانو شـێخو سـۆفیەکان لـە لای کۆدەبونـەوە، ڕێـزی دەگرتـنو

بەگەورەی دادەنان، پیاوچاکانی خـۆش دەویسـت، جارێـك هەنـدێ لـە میرەکان تانەوتەشەریان لە هەندێ لە فەقیهەکان دا کە بریتی بوو لـە (قطب الدین النیسابوری)، نورەدین پێی ووت: تیاچی! ئەگـەر ئـەوەی تۆ دەیلێی ڕاستو ڕەوا بێت ئەوا ئـەو ئەوەنـدە چـاکەکاری هەیـە کـە خراپەکانی پێ بسڕێتەوە کە تۆ نیتە کە دەبێتە هـۆی سـڕینەوەی ئـەو هەڵەو خراپەکارییانەی ئەو، کـە باسـت کـرد ئەگـەر ڕاسـتگۆ بیـت تیایدا، بەڵام بە خوا من بەڕاستت دانانێمو باوەڕت پـێ ناکـەم ئەگـەر جارێکی تر باسی بکەیت یان باسی کەسێکی ترم بە خراپە لابکـەیت ئازارت دەدەم، ئەویش وازی لێی هێناو هیچ کاتی تر باسی نەکرد.

لە دیمەشق دا خانەیەکی بنیات نا بۆ بیستن وگەیاندنی فـەرمودە. (إبن الأثیر) ووتویەتی: ئەو یەکـەم کەسـە خانـەی فـەرمودەی دانـا، کەسێکی سامدارو بە ویقارو شکۆدار بووە لە دڵی میـرەکاندا، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر کاتێ یەکێك لە زانایان یان هەژاران بهاتنایەتـە لای بۆی هەڵدەساو چەند هەنگاوێك دەچـووە پیـــرییەوەو لەسـەر ڕاخـەرو قاڵیەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێزو شکۆوە دایدەنیشاند، ئەگـەر شـتێکی زۆری بدایە بە یەکێك لەوانە دەیـوت: ئەمانـە سـەربازی خـوان و بـە پاڕانەوەی ئەوان بەسەر دوژمناندا سەردەکەوین، لـە خانـەی سـاماندا چەندین قاتی ئەوەی پێیان دەدەم مافیان هەیە، ئەگـەر بـە بەشـێکی مافەکانیان لێمان ڕازی بن ئەوە منەتیان هەیە بەسەرمانەوە.

بەشێك لە فەرمودەیەکی بیست کە تیایدا هاتبو: ((فخـرج رسـول

الله صلى الله عليه وسلم متقلدا بالسيف)) واته پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو شمشێرەکەی کردبووە ملی، ئەویش سەری سوڕما لەو گۆرانـەی بەسەر باو نەریتی خەڵکیدا هاتووە لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارەی کـە لـە پێغەمبەری خواوە سەلماوە، چۆن سەربازو میرەکان شیرەکانیان دەبەستنە ناوقەدیان وە بەو شێوەیە ناکەن کە پێغەمبەر خـوا ﷺ کردویـەتی ، پاشان فەرمانیدا بە سەربازەکانی شیرەکانیان هەڵواسن بە ملدا،پاشان خۆیشی بۆ ڕۆژی دواتر بە کۆمەڵەوە دەرچوو، بـە خـۆیو سـوپاکەیەوە شیرەکانیان بەملدا هەڵواسی بوو، بەمەشی دەیویست پێغەمبەری خوا ﷺ بکاتـە سەرمەشقی خۆی، - بەربەزەیی خوا کەویّ-.

(موفق الدين خالـد بـن محمد بـن نصـر القيسـراني) شـاعیری، بەسەرهاتی خەوێکی بۆ گێرایەوە کە لە خەویدا بینیوەیەتی وەك ئەوەی جلەکانی پادشا نورەدین دەشوات، بەمەش نورەدین فەرمانیـدا چـەند بلاوکراوەیەك بنوسریّ سەبارەت بـە لابردنـی گـومرگو باجـەکان لـە ولاتدا، وە پێـی ووت: ئەمـە لێکدانـەوەی خەوەکەتـە. وە نوسـی بـۆ خەڵکی تاوەکو گەردنی ئازادکەن لـەو شـتانەی لێـی وەرگرتـوون، وە پێیان بوتری هەموو ئەو شتانە خەرج کـراوە لـە پێنـاوی جـەنگکردن لەگەڵ دوژمنانتاندا لەوانەی بیّ باوەڕو کافرن، وە بۆ بەرگریکردن لـە ولات و ئافرەت و منالەکانتان، ئەم نوسراوە بۆ تەواوی پادشانیشـنی ولاتانی ژێر دەسەلاتی، وە فەرمانیدا ئامۆژگاریکـاران داوای گـەردن ئازایی بۆ بکەن لە بازرگانەکان، دەووتریّ هۆکاری لابردنی گـومرك و

باج ، وه لەسەر وولاّت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (أبو عثمـان المنتخـب بن أبي محمد الواسطي) ئامۆژگاریکار، کـه یـەکێك بـووە لـه گـەورە پیاوچاکان، کـه نـەداربووەو هیچـی لەکەسـیش وەرنـەگرتووە، تـەنها جوببەیەکی هەبووە لەکاتی چون بۆ کۆڕێ ئامۆژگاریکردن دا لەبـەری دەکرد، لە کۆڕی ئامۆژگاری کردنەکەیدا هەزارەهای خـەڵکی ئامـادە دەبوو- چەند کۆپلەو بەیتێکی بۆ نورەدین ووت کە بارودۆخ و چۆنێتی کـار بەڕێوەبـەری ئـەوی لـەخۆ گرتبـوو، ئـەو کۆپلانـە ترسـاندن و ئاگادارکردنەوەیەکی زۆری ئەوی تێدابوو:

مثل وقوفـــــــك أيها المغرورُ
يوم القيامة والســــــماء تمورُ
إن قيل نورالديـن رحت مسـلماً
فأحذر بأن نبقي و مالـــك نورُ
أنهيت من شرب الخمور وأنت في
كأس المظـــــالم طائس مخمورُ
عطلت كاسات المـــدام تغفـاً
وعليك كاسات الحــــرام تدورُ
ماذا تقول إذا نقلت إلى البلـــى
فرداً وجاءك منكــر ونكيـــرُ؟
ماذا تقول إذا وقفـــت بموقف

فرداً ذليلاً والحساب عســـيرُ؟
وتعلقت فيك الخصوم وأنــت في
يوم الحساب مسلسل مجـــــرورُ
وتفرقت عنك الجنود وأنــت في
ضيق القبور متوســـــد مقبورُ
وودت أنك ما وليت ولايـــــةً
يوماً ولا قال الأنـــــامُ أميـرُ
وبقيت بعد العز رهن حفيــــرةٍ
في عالم الموتى وأنت خقيـــــرُ
وحشرت عرياناً حزيناً باكيــــاً
قلقاً و مال في الأنام مجيـــــرُ
أرضيت أن تحيا وقلبــك دارسٌ
عافي الخراب و جســمك المعـمورُ
أرضيت أن يحظـى ســواك بقربه
أبداً وأنت معـذب مهجــــورُ
مهد لنفسك حجةً تنجـو بهـــا
يوم المعاد ويوم تبـد والعــــورُ

واتاکەی بە کورتی: وێنەی وەستانی خۆت لە ڕۆژی دواییــدا بهێنــە پێش چاوت کاتێك ئاسمانەکان تێك و پێك دەچن، ئەگەر بوترێ نورەدین بە موسڵمانی ڕۆشت، بەڵام ئاگاداری خـۆت بـە نـەوەك بـەبێ نـوری و

ڕونــاکی دۆش دابمێنــێ، ڕێگریــت کــردووه لــه خواردنــهوهی مــهیو سهرخۆشــهکهرهکان، بــهڵام لــه کاســی ســتهمکاریدا لــێشێواو و سهرخۆشی، بۆ خۆ پارێزی کاسو پهرداخی مهیت لهکار خستووه، بهڵام کاسی پهرداخی حهرام بهدهورتدا دهخولێتهوه، چی دهڵــێی ئهگــهر بــه تاقی تهنها بهرهو بهڵاو ناخۆشیهکان ببــرێتو مونکــهرو نهکیــریش بێنه لات؟ چی دهڵێی ئهگهر له وێستگهیهکدا به تهنهاییو سهرشۆڕی بوهستێنرێتو لــێ پرسینهوهت قورس وگران بێت؟ نه حهزو نهیارهکانت بــه دهورت دابــنو تــۆش لــه ڕۆژی لێپرســینهوهدا زنجیر بهنــد بیــتو ڕابکشــرێیت، سهربازهکانیشــت پهرتــهوازبکرێنو لــه تــهنگی گــۆڕدا ڕابکشێنرێنیتو بان بدرێیت، ئاواتهخوازی ئهوه بیت هیچ کاتو هــیچ ڕۆژێك کاربهدهست نهبویتایهو خهڵکی پێتــی نهووتایــه ئــهمیر، پــاش سهرفرازی لــه گــۆڕدا بــه شــێوازێکی ســووكو نهشــیاو نهبویتایهتــه بارمتهی گۆڕو چاڵێك، به ڕوتیو دڵتهنگیو گریانو ڕاڕاییــهوه حهشــر نهکرایتایه، که هیچ کهسێکیش پهنادهرت نابێت، ئایا ڕازیت بــژێیتو دڵت کوژاوه وێران بێتو لاشــهت ئــاوهدان، ئایــا ڕازیــت خــهڵکی تــر بهردهوام و هــهتاهەتایه له نزیکی ئهودا بژینو تۆش ســـزا بــدرێیتو وهلا بخرێیت، دهی کهواته خۆت ئامادهکــهو بهڵگهیــهك ببینــهوه پێــی ڕزگار بیت له ڕۆژی گهڕانــهوهدا، ئــهو ڕۆژهی نــهنگیو ناتهواوییــهکان بهدهر دهکهوێ.

کاتێك نورهدین ئهم چهند بهیتهی بیست گریانێکی به کــوڵ گریــا،

فەرمانیدا گومرگ‌و باجەکان لە تەواوی وولاّت هەڵگیریّ‌و لابریّ.

شێخ عومەر مەلای موصل - کەسێك بوو نـورەدین فـەرمانی بـە کاربەدەست‌و میرەکانی کردبوو هیچ کاروبارێك یەکلانەکەنەوە تامەلای لـیّ ئاگادار نەکەنەوە، هـەر فـەرمانێکی پـیّ‌کردبێتن جیّبـەجیّیانی کردووە، ئەو یەکێك بووە لە پیاو چاکە دونیا نەویستەکان، نورەدین لە هەموو رەمەزانێکدا ئەوەندە شتەی لـــیّ قـەرز دەکـرد تـا ڕۆژوی پـیّ بشکێنیّ ئەویش هەندیّ ووردەشت‌و نانی تیری بـۆ دەنـارد تـا تـەواوی رەمەزاندا ڕۆژوی پیّ بشکێنیّ- ئەم عومەر کوڕی مەلایە لە بۆ نورەدینی نوسیبوو: خراپەکاران زۆربون وکاروبارەکە پێویستی بـە ڕێـو شـوێن‌و سیاسەت هەیە، ئەم جۆرەبارانە کوشتن‌و لە خاچدان ولێدان دەخـوازیّ، کاتێك مرۆڤێك لە دەشتێکدا ببرێت کیّ دێت شاهێدی بۆ بدا؟

لەسەر پشتی نوسراوەکە پادشا نورەدین بۆی نوسیەوە: خوای گـەورە دورستکراوەکانی دروست کردو شەریعەتی بۆ داناون، ئەو زاناترە بەوەی لە بەرژەوەندیاندایە، ئەگەر زانیبای لە شەریعەت زیـاد لـەوەی هەیـە بەرژەوەندی تریش هەیە بۆی دادەناین، پێویستمان بە زیاتر کردن نیـە لەوەدا، خوای گەورە شەرعی کردووە بۆمان، هەرکەسەش زیـادی کـرد گومانی وای بردووە کە شەریعەت کەم‌وکورتەو ئەم بـەم زیادکردنـەی تەواوی دەکا ئەمەش جورئەت کردنە لەسەر خواو شەرعەکەی عەقڵـە تاریکەکان ڕێنمونی ناکەن، خوای گەورە ئێمەو ئێوە ڕێنمونی دەکا بـۆ ڕێگەی ڕاست، کاتێك نوسراوەکە گەیشتە شێخ عومەر مەلا خـەڵکی

له موصلّ دا کۆکردەوەو نوسراوکەی بەسەردا خوێندنــەوە، وە دەیــوت: بڕواننه نوسراوی دونیا نەوویست بۆ پادشاو نوسراوی پادشا بــۆ دونیــا نەویست!!

هەروەها (إبــن کــثیر) فەرمویــەتی (ســولّتان و پادشــای دادگــەر نورەدین، کە وولاّت شام و چــەندین وولاّتــی گــەورەو فــراوان تــری بــە دەستەوە بووە، تێکۆشەرێك بو دژ بە فرنجیەکان، فەرمانی بــە چــاکەو بەرهەڵستی لە خراپە کردووە، زاناو هەژارو پیاوچاکانی خۆشویستووە، رقی لە ستەم بووەو بیروڕای ڕاستو دروست بووە، کارو کرداری چاکەی هەڵبژاردووە، کەس نەی وێراوە لە ســەردەمی ئــەودا ســتەم و زۆرداری ئەنجامدا سەرکوتی خراپەو خراپەکارانی کــردووە، زانســـتو شــەرعی بەرز ڕاگرتووە، خوی گرتبــوو بــە هەڵســانی شــەو و شــەونوێژوەو زۆر بەڕۆژوو دەبوو، خۆی دەگرتەوە لــە حــەزو ئارەزووەکــان، حــەزی دەکــرد ئاسانکاری بــۆ موســڵمانان بێتــە دی، گــەنمو دانەوێڵــەی دەنــارد بــۆ زانایانو هەژارانو کەم دەرامەتانو هەتیوانو بێوەژنان، دونیا لای ئــەو نرخو بەهایەکی وای نەبوو، خاکی گۆڕەکەی بــە بــەزەییو ڕەزامەنــدی خوا تەڕو پاراو بێت.

(إبن الجوزي) وتویەتی: نورەدین محمود زەنکی - بەر رەحمەتی خــوا کەوێ - پەنجاو ئەوەندە شاری لە دەستی کافرەکان سەندەوە، ئەو نامــەو نوسراوی بۆ دەناردمو منیش بــۆیم دەنوســیەوە، وتویــەتی: کــاتێکیش هاتە سەرەمەرگ کار سپاردنی بە کورەکەی بۆ پاش خــۆی - واتــە بــە

سالّح ئیسماعیل- بەسەر میرەکاندا خوێندەوە، پەیمانی ئەوەشی لەگەڵ کاربەدەستی (طرابلس)دا نویّ کردەوە کە هەڵنەکوتێتە سەر شام لـەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆی، عەزمی هەبوو لەسەر ئەوەی (بیت المقـدس) خوا رێزداری کا، رزگار بکا، بـەلاّم لـە شـەوالی ئـەو سـالّەدا نۆشـی مردنی کرد، کاروکردەوەکانیش بـە پێـی نیـازو نیەتەکانـە، پاداشـتی نیازەکەی هاتەدی، ماوەی کار بەدەسـتیەکەی بیسـتو هەشـت سـالّو چەند مانگێگ بوو).[1]

پاش مردنی کاروبارەکان شێوان، سـەلاّحەدین لـە میسـرەوە سـالّی (٥٧٠)ك گەڕایەوە شـام، فەرمانڕەوایەتی کردو کاروبارەکـانی رێـكو ساز کرد، دەستی کرد بە تەواوکردنی ئـەوە رزگارکارییانـەی نـورەدین زەنکی ڕووبەڕووی خاچیەکان پێی هەستابوو، دەولّەتەکەی لە میسـرو شامەوە تا ئەوپەری یەمەن لەگەڵ نیوە دوورگـەو مەککـەو مەدینـەو دەورووبەری گرتەوە.

سالّی (٥٧٥)ك خەلیفەی (المستضـيء)ی عەبباسـی لـە بەغـدادا کۆچی دوایی کرد، ماوەی جێنشینیەکەی بیست سالّێك دەبوو، یەکێك بوو لە باشترین خەلیفەکان، فـەرمانی بـە چـاکەو نـەهی لـە خراپـە دەکرد، گومركو باجی لەسەر خەڵکی هـەڵگرت، دلّنـەواو شـکۆدارو بەخشندە بووە، پاش خۆی بەیعەت درا بە (ناصر)ی کوڕی.[1]

---

(١) البداية والنهاية (١٢/٣٠٦-٣٠٧).

(٢) البداية والنهاية (١٢/٣٢٥).

خەلیفـەی (ناصـر) تـا سـالّی (٦٢٣)ك بـەردەوام بـوو لـــە خەلیفەیەتی یەکەی، درێژترین ماوەی خەلیفایەتی بوو، کەسێکی دلێرو بە سامان بووە[2].

سەلاحەدینی کردە سولّتانو چەندین دیاری پێ بەخشی بەمەش ئەو بووە خەلیفەو سەلاحەدین بە سولّتان.

سالّی (٥٧٧)ك سەلاحەدین وەك تێکۆشەرو موجاهیدێك لە میسرەوە بەرەو شام چوو، نەگەڕایەوە بۆی تا کۆچی دوایی کرد، براکەی کردە جێگیر لەوێ.

سالّی (٥٨٣)ك هاتە دیمەشق، سەردانی قازی (الفاضل)ی کردو راوێژی پێی کرد، بێ ئەو هیچ کارێکی نەدەبریەوە.[3]

سالّی ٥٨٣ ك ڕووداوی (حطین)ی بەناوبانگ ڕویدا کە سەلاحەدین خاچیەکانی تێدا شکاند[4] و شکستی پێ هێنان، پاشان هەر لەو سالّەدا قودس رزگار کرا.

لە سالّی (٥٨٩)ك سولّتان سەلاحەدین ئەیوبی کۆچی دوایی کرد پاش ئەوەی ژیانی لە جیهادی خاچیەکانو رزگارکردنی زەویو زاری موسولّماناندا بەسەربرد، لە خەزینەکەیدا هیچ دینارو درهەمێکی بەجێ نەهێشت، بەلّکو هەر هەمووی خەرج کرد لە پێناوی جیهادو

---

(١) البداية والنهاية (١٢/٣٢٦).

(٢) البداية والنهاية (١٢/٣٤٠).

(٣) البداية والنهاية (١٢/٣٤١).

پاراستنی ڕووسووری موسوڵماناندا، یەکێك بوو لە زانا ســوڵحاوەکان، ڕێوڕەســم و بەرنامــەکانی ئـاپینی زۆر بەگــەورە دەگــرت‌و بــەردەوام بەرژەوەندی موسوڵمانانی ڕادەپەراند.[1]

هەرێمەکانی دەوڵەتی دابەش کردبــوو بەســەر کوڕەکانیــدا، هــەر یەکەیان فەرمانڕەوایی وولاَتێکی دەکرد؟! پاش خۆی کاروباری فەرمان ڕەوایەتی مەلیك عادلی کوڕی یەکلابویەوە.

ساڵی (٥٩٤)ك سوڵتان عیمادەدین زەنکی کــوری مــەودود کــوڕی زەنکی میری سنجار کۆچی دوایی کرد کە یــەکێك بــووە لــە باشــترین پادشاکان، باشترین ژیاننامەی هەبوو، جوانترین هەڵسوکەوتی هەبووە، زانست‌و زانایانی خۆش ویستووە.[2]

هەر لەم ساڵەدا سوڵتان یەعقوب کوڕی یوسف کوڕی عبــدالمؤمین موورینی سوڵتانی مەغریب‌و ئەندەلوس کۆچی دوایــی کــرد، دینــدارو ڕەفتارو ڕەوشت جوان، مالکی مەزهەب بووە، پاشان بووە بــە زاهــری، پانزە ساڵ پادشاو فەرمان ڕەوا بوو، جیهادی زۆر بووە، لە نویژەکانیــدا پێش نوێژی دەکرد، دڵنەوا بووە بەرامبەر ئافرەت‌و لانەوازان.[3]

هەرووەها میری موجاهیدەدین قیماز کۆچی دوایی کــرد، کــە مــیری موسڵ بووە، کەسێکی ژیرو شارەزا بووە، یەکێك بووە لــە چــاکەخوازو

(١) البداية والنهاية (٦/١٣).
(٢) البداية والنهاية (١٨/١٣).
(٣) البداية والنهاية (٢٢/١٣).

چاکەکارەکانی دونیا.[1]

ساڵی (٥٩٦)ك سوڵتانی خوارزم سوڵتانی عەلائەدین خوارزمشـاه ئەکش کوڕی ئەلب ئەرسەلان کۆچی دوایی کـرد، کەسـێکی دادگـەرو ڕەفتار جوانو شارەزا بووە.[2]

هەر لەو ساڵەدا قـازی فـازل عبـدورەحیم کـوڕی قـازی ئەشـرەف، وەزیری سەلاحەدین ئەیوبیو تایبەتـتـرین هاوڕێی کۆچی دوایی کـرد، لە سەردەمی جیهادکردنیدا میسری بۆ بەڕێوەبردووە، کەسـێکی زانـاو دادگەرو پیاو چاكو ڕەفتارو ڕەوشت جوان بووە، دڵپاكو خۆش مەشرەب بووە.[3]

ساڵی (٥٩٩)ك پادشا (غیاث الدین الغوري) کۆچی دوایی کـرد، کەسێکی ژیرو دلێرو فەقیهێکی شافعی دادگەرو ڕەفتارو ڕەوشت جوان بووە.[4]

لە ساڵی (٦٠٠)ك کۆڕێك گرێ درا لە بەغدا بۆ (قاضي القضاة) عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سولەیمانی جیلی، سەلما بەسەریدا کـە بەرتیلی وەرگرتووە، هەر بۆیە لابراو بڕیاری فاسقیەتی درا، مێزەرەکەی لەسەر فڕێ درا، ماوەی ئەو کاربەدەستیەی دوو ساڵ بوو.[1]

---

(١) البداية والنهاية (١٣/٢٤).

(٢) البداية والنهاية (١٣/٢٥).

(٣) البداية والنهاية (١٣/٢٨).

(٤) البداية والنهاية (١٣/٣٨).

(١) البداية والنهاية (١٣/٤١).

له ساڵی (٦٠١)ك میری خوزستان (مجیر الدین المستنجدی) کۆچـی دوایی کرد، شێخێکی شیعەی ڕەفتار جوان بووە، پەرستشی زۆر بـووە، بیستو شەش ساڵ میری حەج بووە.[٢]

له ساڵی (٦١٥)ك مەلیك عادل سەیفەدین کوڕی ئەیوب برای سەلاحەددینو سولتانی پاش ئەو له دەولەتی ئەیوبی دا کۆچی دوایی کرد، که دەولەتەکەی تا ئەمپەرو ئەوپەڕی میسرو یەمەنو شامو جەزیرەو هەمەدانی گرتبویەوە، کەسێکی دادگەری بە بەزەییو لێبوردەو ئارمگر بووە، دیندارو ژیرو شکۆدار بووە، حەرامەکانی پوچەڵ کردوەو له هەموو شانشییەکەیدا پاش سەلاحەدین جیهادی فرنجیەکانی کرد، زۆر به باشی ئەمکارەی ئەنجام دا، ناوبانگی بە چاکەخوازیو پەرستشو ڕۆژووگرتن دەرکردبوو، کەسێکی دڵنەرمو بە بەزەیی بووە لەگەڵ هەژارو نەدارو لانەوازاندا، ماوەی فەرمان ڕەوایەتیەکی (٢٦) ساڵ بووە.[٣]

له ساڵی (٦١٧)ك تەتار ڕۆژهەلاتی ئیسلامیان داگیرکرد له ماوەی ساڵێکدا دەستیان بەسەریدا گرت تاوەکو گەیشتنە عیراق، سوتانو کاولکاری زۆریان له تەواوی ئەو وولاتانەدا بەرپا دەکرد که دەچونە ناویەوە بە هۆی سەرقاڵی موسوڵمانان بە حەزو ئارەزوو چێژ خوازیەکانیانەوە، که ئەمە بووە هۆی ئەوەی که نەتوانن پارێزگاری لە

(١) البداية والنهاية (١٣/٤٩).
(٢) البداية والنهاية (١٣/٦٧-٦٨).

دەوڵەتو گەلەکانیان بکەن؟![1]

لـــە ســـاڵی (٦٢٢)ك خەلیفـــەی (الناصـــرالدین الله أحمـــد بـــن المستضـــئ)ی عەبباســـی لـــە بەغـــدا کۆچـــی دوایـــی کـــرد، ڕەفتـــارو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ناشرینو نەشیاو بـووە، سـتەمکار بـووە لەگەڵیان، عێراق لە سەردەمی ئەودا کاولو وێرانە بـووە خەڵکەکـەی پەرتەوازەی وولاتان بوو سـامانو زەویو زاریـان داگیرکـرا، تـەتارەکان تەماحیان کردە عێراق؟!.[2]

لە پاش خۆی خەلیفە (زاهیر موحەمەد کوری ئەحمـەد) کاروبـاری گرتەدەست، کەسێکی ژیرو شکۆدارو دیندار دادگەرو چاکەخواز بـووە، زۆر مافی خـەڵکی گەڕانـەوە، چـەندین گـومرکی لابـرد کـە بـاوکی دایهێنابوو، لە نێو خەڵکیدا بە جوانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەکرد، تەنانەت ووتراوە: پاش عومەری کـوڕی عبـدوالعزیز کەسـی تـر لـەو دادگەرتر نەدەبوو ئەگەر ماوەکـەی درێـژتر بوایـە. یـەکێك لـە خـوو نەریتـەکانی بـاوکی ئـەوە بـووە کـە جاسوسـەکانی هـەواڵی کـۆڕو کۆبونەوەکانی شاری بەغدایان هەموو ڕۆژێك بـۆ بـەرز دەکـردەوە بـە باشو خراپیـوە، خەلیفـە (زاهـر) ئەمـەی پـوچ کـردەوە، پێـی وتـرا هەڵوەشاندنەوەی جاسوسی کردن باری خەڵك تێك دەدات، فەرموی: لە

---

(١) البداية والنهاية (١٣/٩٤-٩٦).

(٢) البداية والنهاية (١٣/١١٥).

خــوا دەپارێینــەوە چاکســازیان کــات، چ ســوودو قــازانجی هەیــە لــە هەڵماڵینی کاری خەڵکیو دڕینی پەردەی نهێنیەکان، هەموو ئەوانەی لەبەر قەرزاری دیوان بەندکراون بەری دان، هەموو ئەو شتانەی لێیــان سەندرا گێڕایەوە بۆیان، هەندێ سامانی نارد بۆ قازی بــۆ ئــەوەی لــە بریتی ئەو بەندکراوانەدا بیدات کە ناتوانن مافەکانی خەڵکی بدەنەوە، نرخی شتەکان لە سەردەمیدا دابەزی، لە بازاردا دادگــەری بــەرپاکراو بارودۆخەکان چاكو باش بون.[1]

لە ساڵی (٦٢٣)ك خەلیفەی عەبباس (زاهر) کۆچی دوایی کــرد، ئەهلی حەل وعەقد بەیعــەتی تایبــەتیان بــە (المستنصــر المنصــور)ی کــوڕی دا پاشــانیش بەیعــەتی گشــتی، هــەر ئــەویش بــوو زانکــۆی (المستنصریه) بنیات نا، کەسێکی خاکی و خۆشەویست بووە.[2]

لەم ساڵەدا (إبراهیم المعتمد) کاربەدەستی دیمەشــق کۆچــی دوایــی کرد، کە چل ساڵ ئەم کارەی بۆ ئەیوبیەکان ڕاپەڕاند، یەکێك بــوو لــە کاربەدەستە زۆربــاش و پاکــژەکان و جوانتـــــرین ڕەفتــارو ژیننامــەی هەبووە.[3]

لە ساڵی (٦٢٤)ك پادشای گەورە (عیسای کوڕی عادلی ئــەیوبی) مەلیکی شام کۆچی دوایی کــرد، کەســێکی زانــاو بــەڕێزو جــوامێرو

---

(١) البداية والنهاية (١٣/١١٥-١١٦).

(٢) البداية والنهاية (١٣/١١٢-١١٣).

(٣) البداية والنهاية (١٣/١٢٤).

تێکۆشەر بووە [1].

پاش مردنی شیرازەی ئەییوبیەکان تێکچـوو، لەوکاتـەوەی عــادلی باوکیان کۆچی دوایی کرد لەسەر فەرمانڕەوایەتی لە نێــوان خۆیانــدا ناکۆکیان تێکەوت، بون بە بەش بەشو کۆمــەڵ کۆمــەڵ، ڕێککــەوتن لەگەڵ فرنجیەکاندا لەسەر ئـەوەی قــودس بگێرنــەوە بەرامبــەر ئـەوەی بەشەکەی تری وڵات بەدەستیانەوە بـمێنــێ [2]؟؟!

لە ســاڵی (٦٣٥)ك مــەلیکی ئەشــــرەف موســا کــوری عــادلی ئەیوبی کۆچی دوایی کرد، کە کار بەدەستی جزیرەو فــوراتو حــەڕانو دەوروبەری بوو، پاشــان لــە ســاڵی (٦٢٦) ك شامیشــی گرتەدەســت، یەکێك بوو لــە خاوێنتــرین کــەسو جــوانترین ژیاننامــەی هــەبووە، کەسێکی جوامێرو بەخشندە بووەو ڕێــزی زانســتو زانایــانی لا بــووە، وڵات لە سەردەمی ئەودا لەوپەری ئاسایشو دادگەری دابووە. [3]

لەم ساڵەدا (الملك الكامل) موحەممەدی کوڕی عادل پادشای میسر پاش عادلی باوکی کۆچی دوایی کرد، (کامل) کەسێکی ژیری کامڵو دادگەر بووە، ساڵی (٣٠) میسری گرتە دەســت، ڕێگــەو بانــەکان لــە سەردەمی ئەودا لە ئاسایش دابوو، خەڵکی لە نێوان خۆیاندا مافدەرو بە ویژدان بون، کەس جورئەتی ئەوەی نەدەکرد ســتەم لــە کەســی تــر

---

(١) البداية والنهاية (١٣٠/١٣).

(٢) البداية والنهاية (١٣٣/١٣).

(٣) البداية والنهاية (١٥٧/١٣-١٥٨).

بکات، دژ به فرنجیەکان جیهادی کردو (دمیاط)ی لــێ سەندنەوە.[1]

لە ســاڵی (٦٣٧) ك پادشــای تێکۆشــەرو موجاهیــد ئەســەددەدین شێرکۆی کوڕی ناسرەدین موحەممەد کوڕی ئەسەددەدین شێرکۆی کــوڕی شادی کۆچی دوایی کرد. سەلاحەدین - کە کوڕی مامی باوکی بووە — ساڵی (٥٨١)ك کاربەدەستێتی (حمص)ی پێ سپارد ماوەی (٥٧) ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئەو شارەی کرد، یەکێك بوو لەو پادشایانەی جوانترین هەڵسوکەوت و ژیاننامەی هەبووە، وڵاتی پاککردەوە لە حەرامــەکانو گومرگ، گەیشتنە ئەوپەری ئاسایشو دادگەریو سەقامگیری.[2]

لە ساڵی (٦٤٠)ك خەلیفــەی (المستنصــر بــالله)ی عەبباســی لــە بەغدا کۆچی دوایی کرد، ماوەی خەلافەتەکەی (١٦) ساڵ بوو، لەگەڵ خەڵکیدا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی جوان بووە، خێرو سەدەقەی زۆر بــووە، بە تەواوی توانایەوە چاکەکاری بــووە لەگــەڵ خەڵکیــدا، لــە هــەموو گەڕەکێکی بەغدادا دیوەخانێکی میوانداری بۆ هــەژاران دروســتکرد، زانکۆی موستەنسریەی لە بەغدا کردەوەو کۆمەڵێك ئــەوقافی تــەرخان کرد، گەورەترین خوێندنگای جیهان بوو لەو سەردەمەدا.[3]

پاش ئەمیش (المستعصم بالله) موحەممەدی کوڕی ناصــر لیــدینیلا دوا خەلیفەی عەبباسیەکان لە بەغدادا خەلافەتی گرتەدەســتو پــێی

---

(١) البداية والنهاية (١٣/١٦٠).
(٢) البداية والنهاية (١٣/١٦٦).
(٣) البداية والنهاية (١٣/١٧٠).

سپێردرا، هەر ئەم بوو تـەتارەکان سـاڵی (٦٥٦)ك لەوکاتـەی هاتنـە بەغدا کوشـتیان، (المستعصـم) لـە ڕووی چـاکەخوازیو خۆپـارێزیو ڕەفتار جوانی لەگەڵ خەڵکیدا وێنەی باوك و براکەی بـوو، کەسـێکی زانا بوو، پـاش کۆچـی دوایـی براکـەی کـوڕە مـامی عەبباسـیەکان بەیعەتیان پێیدا، پاشان کەسایەتیەکانی دەوڵەت لە میرو وەزیرەکانو قازی و زانایانی لە ئـەهلی حـەلل وعەقـد، بەیعـەتیان پـێی دا بـە دوایدا، گشتینەی خەڵك بەیعەتیان پێدان، لە تەواوی شـارو وڵاتـانو جێگـەی جیاوازەکانـەوە درا، لـە هـەموو دوانگـەکانی ئەمپـەڕی ڕۆژهەڵاتەوە تـا ئەوپـەڕی ڕۆژئـاوای ئیسـلامی وتـار بـە ناویـەوە درا بەهەمان وەك ڕێ و ڕەسمی خەلیفەکانی پێش خۆی.[1]

سالّی (٦٤٢)ك (المستعصم) ئەبوتالیب موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی عەلقەمی کردە وەزیر کە پاشتر خۆی ڕێکخست لەگەڵ تەتارەکاندا بـۆ ئەوەی بێنە نێو بەغداوە[2]؟؟!!

لە ساڵی (٦٤٧)ك مەلیك سـالح ئـەیوب مـەلیکی میسـر پـاش کاملی باوکی[3]کۆچـی دوایـی کـرد، پـاش ئـەوە یەکـەم کـەس لـە مەمالیکەکان عیزەدین ئەیبك فەرمانڕەوایەتی کرد.

لە ساڵی (٦٥٥)ك عیزەدین ئەیبك لەسەر دەستی (شجرة الـدر)ی

(١) البداية والنهاية (١٣/١٧١-١٧٢).
(٢) البداية والنهاية (١٣/١٧٥).
(٣) البداية والنهاية (١٣/١٨٩).

خێزانیدا کوژرا، عیزەدین کەسێکی دینداری پاکو بەخشندە بوو، فەرمانڕەوایەتیەکەی حەوت ساڵی خایاند.(١)

پاشان پادشایەتی دوای ئەو بۆ سەیفەدین قوتز یەکلا بویەوە.(٢)

ساڵی (٦٥٦)ك بەغدای پایتەختی خەلافەت بەدەستی تەتارەکان کەوتو هەرەسی هێنا، خەلیفە موستەعسەم کوژرا، (نصیرالدین الطوسي)و (ابن العلقمی) وەزیر هۆلاکۆیان هاندا بۆ ئەوەی بەغدا داگیر بکاو خەلیفەو کەسوکاری بکوژێ، زاناو پیاوچاکانو سەیدەکانی ئالوبەیتو ئافرەتانو منداڵانیان کوشت، تاوەکو ژمارەی کوژراوان گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن کەس.(٣)

ئەم ڕووداوە بریتی بوو لەو کارەساتەی خەڵکی لەو کاتەوەی خوای گەورە دروستکراوەکانی بەدی هێنابوو شتی لەو شێوەیەی نەبینیبوو، موسڵمانان هاووێنەی ئەم کارەساتەیان بەسەر نەهاتبوو!!!

لە ساڵی (٦٥٨)ك جەنگی (عین جالوت) لە نێوان تەتارو پادشای تێکۆشەر (سیف الدین قطز) ڕویدا، سەرەنجام تەتارەکان زەرەرمەند بوونو تێشکان.(٤) تەواوی شام لەدەستیان رزگار کرا، حەلەبیان لێ سەندرایەوە، (قطز) پاڵەوانێك بوو، ئیسلامو موسڵمانانی خۆش

(١) البداية والنهاية (٢١١/١٣).
(٢) البداية والنهاية (١٦٦/١٣).
(٣) البداية والنهاية (٢١٣/١٣-٢١٥).
(٤) البداية والنهاية (٢٣٣/١٣).

دەویست، بەرامبەر بە شکۆداریو سنور بەندیەکانی ئیسلام بە غیرەت بوو، دادگەری بەرپاکردو کاروبارەکانی ڕێك وپێك کرد.[1] لە کۆتـایی ئەو ساڵەدا کوژرا، پاش ئەویش (ظاهر بیبرس) فەرمانڕەوایەتی کرد.

لە ساڵی (٦٥٩)ك لە قاهیرەدا بەیعـەت درا بـە (المستنصـر بـالله أحمد بن الظاهر العباسي) کە مامی موستەعسەم بوو - کە لە بەغدا کوژرا - وەك خەلیفەیەکی موسڵمانان، دەسەڵاتو سـەڵتەنەتی دا بـە زاهـیر بیـبرسو کاروبارەکـانی پـێ سـپارد، بـەم شـێوەیە خەلافـەت گواسترایەوە بۆ قاهیرە، پاش ئەوەی سێ ساڵ پچرانی تێکـەوت، پێشـتر خەلیفە لەگەڵ کۆمەڵێك کەس دا لە بەغداوە هەڵهاتبون.[2]

لە ساڵی (٦٧٦)ك سوڵتان (ظاهر بیبرس) کۆچی دوایی کرد، کـە لە سـاڵی (٦٥٨ ك)یـەوە فەرمانڕەوایـەتی کردبـوو، چـەندین کـاری ڕزگارکـاری ئەنجامـدا، ئـەو شـارانەی بـە دەسـتی فرنجەکانـەوە بـوو گەڕاندنەوە، تەتاری شکست پـێ هێنـا، دەوڵەتەکـەی بـەرفراوان بـوو لەوپەڕی فوراتەوە تا ئەوپەڕی نوبە، کەسێکی ئازاو جوامێربووە، خوای گەورە لەو سەردەمە سازاندبوی بـۆ ئـەوەی بـەرگری بکـا لـە سـنورو ناوچەکانی ئیسلامو موسڵمانان، هەر حەرامو خراپەکارییەکی ببینایـە لای دەبرد، کەسێکی ڕەفتارو هەڵسوکەوت جوانو خۆش مەشرەب بوو، لە تەواوی فەرمانڕەوایەتیدا دونیا نەویستو تێکۆشەر بووە!

---

(١) البداية والنهاية (١٣/٢٣٨-٢٣٩).

(٢) البداية والنهاية (١٣/٢٤٤-٢٤٥).

پاش ئەو دەوڵەتی مەمالیکی لـە میسـرو شـامدا یـەك بـە دوای یەكدا هاتن‌و خەلافەتیش بۆ عەبباسیەكان بوو.[1]

لە ساڵی (٦٩٤)ك قازانی پادشای تەتار لە بەغدا مسـوڵمان بـوو، زۆربەی شوێنكەوتوانی هاتنە نێو ئیسلامەوە.[2]

پاشـان بـە بـەردەوامی مەمالیكـەكان فەرمانڕەوایـەتی میسـرو شامیان دەكرد، ڕووبـەڕووی فـرنج وهەڵمـەتیی خاچیـەكان دەبونـەوە، مەغۆلە مسوڵمانەكانیش فەرمانڕەوایەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتیان دەكرد تاوەكو خەلافەتی عوسمانی بەرپا بـوو بـەوەی سـەلیمی یەكـەم هاتـە میسرەوەو خەلیفەی عەبباسی وازی لە خەلافەت هێنـا بـۆی، لێـرەوەو بەم كارە خەلافەت لە دەرەوەی قورەیش‌و عەرەب بەرپابوو، بە درێـژایی چوارسەدە خەلیفە عوسمانیەكان توانیان دەوڵەتی ئیسلامی بپارێزن لە مەترسیە دەرەكیەكان.

تەواوی ئەوەی باسكرا تەئكید دەكەنەوە لەسـەر دیـاردەی (زۆرداری دادگەر) لەم قۆناغەدا كە دادەنرێ بە یەكێك لە هۆكارەكانی بەردەوام بوونی‌و سەقامگیری ژیارو شارستانێتی ئیسلامی، هەروەها پڕوپوچـی ئەو پڕوپاگەندانە كەشف دەكا كە سەبارەت بـە خەلیفـەو پادشـاكانی ئەو ماوە دوورو درێژەی مێـژووی ئیسـلامی بڵاودەكرێتـەوە، ئـەوە بـوو سەلما كە زۆربەیان خاوەنی زانست‌و فەزڵ‌و چاكەخوازی‌و دادگەری بـون

---

(١) البداية والنهاية (١٣/٢٩١-٢٩٢).

(٢) البداية والنهاية (١٣/٣٦٠).

نەك بەو شێوەیەی هەندێ لە نوسەرە هاوچەرخەكانی ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەكەن كە گوایە تەواوی مێژووی ئیسلامی ستەم و خوێنرێژی و تەنگ پێهەڵچنین بوو، وە ڕاپەرین و ڕێنیسانسی نوێ بە كۆلۆنیالیزم و ئیستعماری رۆژئاوایی بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەست پێدەكاو ئەمە سەرەتاكەیەتی؟؟!!

لە ڕاستیدا گوتاری فیقهی سیاسی تەئویلكراو پارێزگاری كرد لە هەندێ بنەمای سەرەكی گوتاری سیاسی یەكەمی دابەزێنراو (الخطاب السياسي المنزل)، هاو وێنەی پێویس (وجوب)ی بەرپاكردنی شەریعەت و پاراستنی ئوممەت و بیروباوەر (ملة)، چونكە پاراستنی ئەم بنەماو رێسایە یەكێكە لە كارە گرنگ و یەكەمینەكانی دەسەڵات و ئەركەكانی ئیمام، هەروەك (ماوەردی) لە بابەتی واجبەكانی سەرشانی ئیمامدا ڕوونی دەكاو دەڵێ:

(ئەو شتانەی كە پێویستن و دەبێ ئیمام پابەندی بێت لە كاروباری گشتی خەڵك دە شتە):

**یەكەم:** پاراستنی ئایین بە پێی ئەسڵ و ڕێسا چەسپاوەكان بەو شێوەیەی پێشینی ئەم ئوممەتە لەسەری كۆبونەتەوە، ئەگەر بیدعەچی و لادەرو خاوەن گومانێك سەری دەرهێنا، بەڵگەكانی بۆ ئاشكرا دەكرێت و ڕاستی بۆ ڕوون دەكرێتەوە، ئەو مافو حدودانەشی دەیگرێتەوە بۆی باس دەكرێ، بۆ ئەوەی ئایین،

پارێزراو بێت لە کەلێن‌و ڕێگە بگیـرێ لەوەی ئوممـەتیش توشـی
هەڵەو هەڵـتـریزان بگیرێ.

دووەم: پیادەکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکان لە نێوان ئەو کەسانەی
ناکۆکی‌و ناحەزیان لە نێواندایە، وە برینەوەی نـاکۆکی ئەوانـەی
ناکۆکن لە نێوان یەکتریدا تا دادگەری هەموو لایەك بگرێتــەوە،
بۆ ئـەوەی سـتەمکاری و دەسـتدرێژی نـەکاو سـتەم لێکـراویش
نەچەوسێنرێتەوە.

**سێیەم:** پاراستنی کرۆکی ئیسلام و داکۆکی کردن لە سنورو قەدەغەی
موســولْمانان، تــاوەکو خــەڵکی بــە ئاســانی‌و ئاســایی ژیــان
بگوزەرێنیێ، لە ڕێبواری و سەفەرەکانیدا بێمەترسـی لەناوچـون
یان سامان لەدەستدان گەشــت‌و ســەردان ئەملاولا بکەن.

**چـوارەم:** بــەرپاکردنی ســنورو حــدودەکان بــۆ ئــەوەی حــەرامکراوە
خواییەکان سوك نەکرێن‌و مافەکانی خەڵکــی بپارێزرێـــن لــە
لەناوچون و تیابردن.

**پێنجەم:** پتەوو تۆکمەکردنی قەڵاو قولـەکان بـە چـەك‌و پێداویسـتی
بــەرگریکارو هێــزی پاڵنــەر، تــاوەکو دوژمنــان لــە ناکــاودا
هەڵنەکوتنە سەر خەڵکی‌و ڕێزو قەدەغــەکانیان نەشـکێنن، یـا
خود خوێنی مسوڵمانێك یان پەیمان پێ دراوێك نەرێژن.

**شەشەم:** جیهادکردنی هەر کەسێ پـاش بانگەشـەکردنی موســڵمان
نابێ‌و عینادی دەکا تاوەکو موسوڵمان دەبــێ، یــان دەچـێتە ژێـر
سایەوە، تاوەکو سەرروەری‌و مافی خوا بەسەر تـەواوی ئایینەکانـدا

دەرکەوێ و بشەکێتەوە .

**حەوتەم:** کۆکردنەوەی دەست کەوت وخێروسەدەقات، لەو شتانەی شەرع بە دەق وئیجتیهاد بە واجبــی داناوە.

**هەشتەم:** ئەندازەگیری لــە بەخشــینەکانو ئــەو مافانــەی لــە خانــەی ساماندا هەیە بێ زیادەڕەویو پێدانو خــەرج کردنــی لــە کــاتی خۆیدا بێ پێش خستنو دواخستن.

**نۆیەم:** پشــت ببەســتریێ بــە کەســی دەســت پــاكو ئامۆژکارگــار لــە پێسپاردنی کاروبارەکــان وە لــەو ســامان و داراییــەی دەخرێتــە ژێردەســتیان، بــۆ ئــەوەی کاروبارەکــان بــە لێوەشــاوێتییەکی ڕێكوپێکەوە ئەنجام بــدرێ، ســامانو داراییــەکانیش لای کەســە ئەمیندارەکان پارێزراو بێت.

**دەیەم:** ڕاستەوخۆ خۆی چاودێری کاروبارو بارودۆخەکان دەکات، تاوەکو خۆی بەکاروباری ئوممەتو پارێزگاری میللەت هەڵبسێ، بە هۆی سەرقاڵی خۆی بە چێژ وەرگرتن یان پەرستشەوە پشــت نەبەســتێ بەوانەی کارەکەی پێسپاردوون، چونکە دەگونجێ کەسی ئــەمینو دەستپاك ناپاکی بکاو کەسی ئامۆژگاریکار گزیکاری ئەنجام بداو خوای گــەورەش فەرمویەتی: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾. (١)

---

(١) الأحكام السلطانية ل (١٨)

پاشان (ماوەردی) دەڵـێ: (ئەگـەر ئیمـام بـەو مافانـەی ئومـەت هەستێ ئەوا مافەکانی خوای بەجێ هێنـاوە لەبارەیانـەوە بـە مـاف و ئەرکیانەوە، ئیمـامیش دوو ئـەرکی هەیـە لەسـەریان، گوێڕایـەڵی و پشتگیری، تا ئەو کاتەی ئیمام لەسـەر بـاری ئاسـایی خۆیـەتی، ئـەو شتانەی باری ئیمامی پێدەگۆڕێ بریتیە لە: تەشەردان لە دادگـەرێتی یەکەی، دووەم ناتەواوی لە جەستەیدا..... هتد).[1]

پاشان سەبارەت بە ئەرکی میر (أمیر) کە لەژێر دەستی خەلیفەدایە لەبارەی سەلاحیاتی هەردوکیانەوە، جـا ئـیتر میرەکـە ئارەزوومەندانـە گرتبێتیە ئەستۆ یا بەناچاری دەڵـێ: (ئەگەر خەلیفە کەسـێکی کـرد بە میر بەسەر هەرێم یا وولاتێکەوە ئەو کاتە میرایەتیەکەی دوو جۆرە: گشـتیو تایبـەنی، لەگشـتی یەکەیـدا، تیروانـینی حـەوت کاروبـار ئەگرێتەخۆ:

**یەکەم:** تێڕوانین لە کاروباری سوپاو لەشکرو ڕێکخسـتنیان بـە پـێی ناوچەکان، دانان و ئەنـدازەگیری خواردەمـەنی ورۆزییـان، مەگـەر خەلیفە خۆی دیاری کردبێ وئەمیش دابەشیبکا بەسەریاندا.

**دووەم:** تێروانین لە حوکم وبریارەکان ودانانی قازی وفەرمان ڕەواکان.

**سێیەم:** کۆکردنەوەی باج و وەرگرتنی سەدەقاتو دانانی کاربەدەسـتو فەرمانبەر بۆیانو جیاکرنەوەی بەشی خۆیان تیایدا.

---

(١) الأحكام السلطانية ،ل (١٩).

**چــوارەم:** پاراســتنی ئــایین وبــەرگری کــردن لــە قەدەغــەکراوەکانی، چاودێریکردنی ئایین لەوەی گۆرانکاریو شێواندن نەیگرێتەوە.

**پێنجەم:** پیادە وجێبەجێکردنی ئـەو سـزایانەی مـافی خـوا وخـەڵکی تێدایە.

**شەشەم:** ئیمامەتی کردنی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵـەکان بـۆ ئـەوەی خۆی ئەنجامی دا یا کەسێك بکاتە جێنشینی و نوێنەری.

**حەوتەم:** بەڕێکردنی حاجیەکان کاری ئەمە و لەلایەن ئەمەوە وەبــەدەر لە خزمی خۆی کەسی بـۆ دیـاری دەکـا، تـاوەکو بـە پشـتیوانیو هاوکاری ئەمەوە بەرەو حەج برۆن، ئەگەر ئەو هەرێمــە هاوســنوری دوژمن بوو.

**هەشتەمیشی** بۆ زیادەکـریێ کە بریتیـە لـە جیهـادکردنی دوژمنــانی نزیك و دەورپشتی و دابەشــکردنی دەســتکەوتی جـەنگ و دانــانی پێنج یەکی بۆ ئەوانەی دیاری کراوە بۆیان.

دروستە ئەو مـیرە وەزیرێکـی جێبـەجێ کـار (وزیـر التنفیـذ) بـە فەرمانی خەلیفە یا بەبێ فەرمانی خەلیفە بـۆ خـۆی دابنـێ، بـەڵام، وەزیری پێسپێرراو (وزیر التفویض) بەبێ مۆڵەتو فـەرمانی خەلیفـە دانانرێ، چونکە وەزیری جێبەجێکـەر هاوکـارەو وەزیـری پێسـپێردراو (وزیر التفویض) زۆرداروو فەرمان بەدەستە، ئەگەر ئـەو مـیرە ویسـتی رزقو خەرجی سوپاکەی بەبێ هۆ زیاد بکات دروست نیە، لەبەر ئەوەی لەناوبردنو تیابردنی سـامانە بـە نـاڕەوا، ئەگـەر بـە هـۆی ڕوودانـی

هۆکارێکەوە بوو، ئەوەی دەخواست سەیری هۆکارەکـە دەکـرێ، ئەگـەر لەو شتانە بوو هیوای لابردنو نەمانی هەبوو ئـەوە زیـاد کردنـە کـە نابێتە شتێکی بەردەوام وەك ئەو زیاد کردنەی بە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخەوە یا ڕووداوێکەوە یا خەرجی جەنگێکەوە بەدی دێت، دروستە میر ئەو زیادەیە لە خانەی سامان بدات، پێویست نیـە فـەرمانی خەلیفـە وەرگرێ، چونکە لەو مافە سیاسیانەیە کە سـپێردراوە بـە ئیجتهـادی خۆی، ئەگەر هۆکاری زیاد کردنەکە ئەوەی دەخواست کە بـەردەوام بـە جێگیری بمێنێتەوە وەك ئەو زیاد کردنەی لە جەنگێکـدا بـەدی هـاتووە کە ماندووبونی زۆریان پێوە چەشتوەو تیایدا بە تەواوی سـەرکەوتوون، ئەم مووچە بەردەوامە پێویستی بە ئاگاداریو فەرمانی خەلیفە هەیە، میر بۆی نیە سەربەخۆیانە جێبەجێی بکاتو تاکڕەوانە ئیمزای بکات، دروستە میر بژێوی و مووچەی ئەو منداڵانەی سوپاییەکان بدات، کـە پێ گەیشتوونو بەبێ فەرمانیش بەخشینیان بۆ ببڕێتەوە، دروست نیـە بەبێ فەرمان لە سەرەتاوە موچەیان بۆ ببڕێتەوە، ئەگـەر لـە سـامانی خەراج بژێوی و شتومەك زیاد بـوو لـە سـوپاکەی، ئەیگێڕیتـەوە بـۆ خەلیفـە تـا لـە خانـەی سـامانی گشـتیدا داینـێ کـە دانـراوە بـۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان، ئەگەر سـامانی زەکـاتو خێروخێـرات لـە خەڵکەکەی خۆی زیاتر بو پێویست نیە بیگێڕیتەوە بۆ خەلیفە بـەڵکو لە نزیکتـرین شوێنی کارەکەیـەوە دابەشـی دەکـات بـە سـەر کەسـە شیاوەکاندا، ئەگەر سامانی خەراج بەشی بـژێوی سـوپاکەی نـەدەکرد

داوا لە خەلیفە دەكات لە خانـەی سـامان بـۆی تـەواو بكـا، ئەگـەر سامانی سەدەقات بەشی خەڵكەكەی خۆی نەكرد، بـۆی نیـە داوا لـە خەلیفە بكات بۆ تەواوكردنی، چـونكە بـڕێوی سـوپا دەبـێ بـە پـێی بەشكردن بێ و ئەو مافانـەی دانـراوە بـۆ ئـەو كەسـانەی سـەدەقاتو زەكاتیان پێ ئەبەخشێ بە پێی بوون ئیعتباری بۆ ئەكرێ .

ئەگەر دانانی میر لە لایەن خەلیفەوە بوو، بە مردنی خەلیفە لەكار لانادرێ، ئەگەر لەلایەن وەزیرەوە بوو بە مردنی وەزیر لادەبرێ، چـونكە دانـانی خەلیفـە لـە بریتـی موسـڵمانانە، دانـانی وەزیـر لـە لایـەن خۆیەوەیەتی، بە مردنی خەلیفە وەزیرشی لادەبرێ هەرچەندە میری پـێ لاناچێ، چونكە وەزارەت نوێنەرایەتی خەلیفەیەو میـرایەتیو ئەمارەت نوێنەرایەتی موسڵمانانە، ئەمە حوكمی یەكێكـە لـە دوو بەشـەكەی میرایـەتی گشـتیی، ئـەو میراتییـەی لەسـەر ئارەزوومەنـدی گـرێ بەستەكەی ئەنجام درابێ .

بەڵام میراتی تایبەت (الإمارة الخاصة)، بریتیە لەوەی میر بێ توانـا بێت لە بەڕێوەبردنی كاروباری سوپاو خەڵكیو پاراسـتنی روو سـووری موسـڵمانان و بـەرگریكردن لـە قەدەغـەكراوەكانیان، وە بـۆی نـەبێ دەستوەرداتە قەزاو حوكمەكان و كۆكردنەوەی خـەراجو خێـرو خێـرات، سەبارەت بە پیادەكردنی حدودەكانیش ئەوا ئەو شتەی پێویسـتی بـەوە هەبێ هەڵبژاردنی تیادا ئەنجام بدرێ لەبەر ئەو جیاوازییەی زانایان لەو بارەیەوە هەیانە وە پێویستی بە بەڵگە سازی هەبێ لەبەر ئەوەی لایەنە

ناکۆکەکان جیاوازن لە نێــوان خۆیانــدا – ئـەوا بــۆی نیــە خــۆی لــە پیادەکردنی بدات، لەبەر ئەوەی بــەدەر لــە تایبەتمەنــدی میراتیەکـەی ئەوە، بەڵام ئەگەر پێویستی بە هەڵبژاردن یاخود بەڵگە سازی یـاخود پێویستی بە هەردووکیان هەبوو، وە ئیجتهادی حاکمی تیادا جێبەجێ دەکرا یاخود لای خۆیەوە توانای بەڵگە سازی لەسەری هەبوو، ئـا لـەو کاتەدا یا ئەوەتا ئەو شتە پەیوەندی هەیە بە مافەکانی خوای گـەورەوە یاخود بە مافەکانی مرۆڤــەوە، جـا ئەگــەر پەیوەنــدی بــە مافــەکانی مرۆڤەوە هەبوو وەکو حدودی دەم هەڵبەستو تۆمەتبار کـردنو تۆڵـە کردنەوە، ئەوا حاکم شیاو ترە پێی هەستێ، لەبەر ئەوەی لە کۆی ئـەو مافانەیە واباشە حاکم جێبەجێی بکـات، ئەگـەر داواکارەکـە حـەدو تۆڵەکردنەوەی بردە لای ئـەو مـیرە، ئـەوا میرەکـە شـیاوو لـە پێشـترە جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوەی حوکم نیە بەڵکو هاوکاری و پشتیوانی کردنی پێدانەوەی مافە، هاوکاریکاریش بریتیە لـە مـیر نـەك حـاکم، بەڵام ئەگەر ئەو حەدە یەکێك بوو لەو مافانـەی بەتـەواوی پەیوەنـدی داربوو بە خوداوە وەکو حەدی زیناو شەرواڵ پیسی جەڵدەبێ یـا ڕەجـم، ئەوا میر لە پێشترو ڕەواترە جێبەجێی بکا وەك لە حاکم (واتە قـازی)، لەبەر ئەوەی دەچێـتە نـاو یاسـاکانی سیاسـەت و پێداویسـتییەکانی پاراستنو بەرگری کردن لە بیروباوەڕ (ملە) لەبەر ئەوەی بەدوادا چوونی بەرژەوەندییەکان سپێردراوە بــە مــیرە نوێنــەرەکان تـاوەکو بــە دوایــدا بگــەڕێن، بــەدەر لــە حاکمــەکان کــە چــاودێری یەکالاکردنــەوەو

چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان نەیارو ناحەزەکان دەکەن، لێرەوە دەچێتە ناو مافەکانی میرایەتی (الإمارة) وەو بـە دەق نـەبێ ناچـێتە دەرەوەی مافەکانی میراتییەوە، وە لەمافەکانی قەزا دەردەچێو بە دەقێك نـەبێ نایەتە چوارچێوەی قەزاوە .

سەبارەت بە تێڕوانینی ئەو بۆ مافخوراویەکان: ئەگەر لـەو شـتانە بوو حوکمیان لەبارەوە جێبەجێ دەکراو قازیو حاکمەکانیش ئیمزایـان لەسەری کردبوو، میر بۆی دروسـتە جێبـەجێی بکـات وەك هاوکـاری کردنی ڕەوا بەسەر نارەوادا، وە وەك سەندنەوەی مافی ماف خوراوێك لە دانپێدانەرێکی کەم تەرخەمو بێ دەربـەس، چـونکە ئـەو راسـپێردراوە بەرگری بکا لەوەی بەسۆزو دادگـەرو بـە ویـژدان بێـت ئەگـەر مـاف خوراویو ستەمکارییەکان لـەو شـتانە بـوون حوکمـەکانیان دووبـارە دەکرایەوەو قـەزا تـێی هەڵدەچـوەوەو ڕێگـری لـە دەسـت تێـوەردانو هەڵقورتانـدنی ئـەو مـیرە دەکـرێ، چـونکە لـەو حوکمانـە دەبێـت گرێبەسـتی میراتیەکـەی ئـەو نایگرێتـەوە، وە دەیگێڕێتـەوە بـۆ لای فەرمانرەواو حاکمی ولاتەکەی خۆی، ئەگـەر بـە ڕەوا حوکمەکـەی بـۆ یەکێکیان دەرکرد ئەوا ئەم پێی هەڵدەستێ ئەگەر حاکم لاواز بوو لـە جێبەجێ کردنیدا، ئەگەر لە ولاتەکەیدا حاکمێکی تیا نەبوو دەبرێتـە لای نـزیکترین حـاکم لـە ولاتەکەیـەوە ئەگـەر بـۆ گەیشـتن پـێی نەهامەتیو ماندوبوونی زۆریان تـوش نـەدەبوو، ئەگـەر مانـدوبوونی زۆریان دەویست ئەوا پێویست نیـە لەسـەریان، خەلیفـە کەسـێك بـۆ

یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان دادەنێتو بڕیارو حوکمی ئـەو ناکۆکیانـە بەسەریاندا جێبەجێ دەکات .

لە ویلایەتو کاربەدەستێتی ئەو میراتیەدا مەرجە موعتەبەرەکانی وەزارەتی جێبەجێکردن (وزارة التنفیذ) ئیعتباری بۆ دەکرێ بـە زیـاد کردنی دوو مـەرج: ئـەوانیش ئیسـلامو ئـازادین، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ویلایەتە چەندین کاروباری ئاینی لە خۆ دەگرێ کە ناکرێـت کەسـێك ئەنجامیدا کە کوفرو کۆیلەیەتی تیادا بێت، زانستو فیقه مەرج نیـە تیایدا، ئەگەر ببێ چـاکەو فـەزلێکی زیادەیـە، لێـرەدا مەرجـەکانی میرایەتی گشـتی (الإمـارة العامـة) بـەپێی مەرجـەکانی وەزارەتـی ڕاسپێردراو (وزارة التفویض) دەبێ، لەبەر ئەوەی یەك دیـدو تێـڕوانین دەیانگرێتەوە، هەرچەندە لە تایبەتمەندی کاردا جیا لە یەکن .

مەرجەکانی میراتی تایبەت (الإمـارة الخاصـة) یـەك مـەرجی لـە مەرجەکانی میراتی گشتی (الإمارة العامة) کەمترە، کـە بریتیـە لـە زانستو زانیاری، چونکە ئەمە بۆ ئەو کەسەیە میرایەتیەکەی گشـتی بێت نەك تایبەتی، هیچ یەك لەم دوو میرە لەو کـارو بارانـەی بـەپێی ناوەڕۆکی میرایەتیەکەیەتی ئەنجامی دەدات ناگەڕێتـەوە بـۆ خەلیفـە، ئەگەر کارەکان باوو ئاسایی بوو، مەگەر لە ڕووی ئارەزوومەنـدی یـەوە نەبێت وەك دەرخستنی گوێڕایەڵی، ئەگەر ڕووداوێکی ناباو بەدی هات دەوەستین لەسەر گەڕانەوەی بۆ ئیمامو بە پـێی فـەرمانی ئـەو کـاری تیادا دەکەین، ئەگەر ترسان لەوەی تا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیمـام بارەکـە

نالەبارو درزەکە فـراوانتر دەبێـت، کارێـك دەکـەن هێرشـی ئـەو بـارە بوەستێنن، تاوەکو مۆڵەتی خەلیفەیان بۆ دێ بۆ ئەوەی بزانن چی لـەو بارە بکەن، چونکە بیروڕای خەلیفە لەبـەر ئـەوەی ئاگـادارو چـاودێری گشتی کاروبارەکانە بەهێزو چاکترە بۆ ئەو رووداو تازە بەدی هاتوانە .

سەبارەت بە میراتی خۆســەپێنەر، کـە بەناچـاری گرێبەسـتەکەی بەدی هاتووەو بریتیـە لـەوەی میرێـك بـەهێز دەسـت بگرێـت بەسـەر ولاتێکــداو خەلیفــەش میرایەتیەکــەی پەســەند بکــاو کاروبــارو بەڕێوەبــەرێتی پــێ بسـپێرێ، میریـش بـەم دەسـت بەسـەرا گرتنـەی سیاسەتو کار بەڕێوەبەریەکەی زۆردارانەیە ، خەلیفـەش بـە مۆڵـەتی ئەو جێبەجێکاری حوکمەکانی ئاینە ، تاوەکو لە خراپەکاری یەوە بەرەو بارێکی تەندروست و لە حەرامییەوە بۆ دروستی هەنگاو بنــێ، ئەمـە هەرچەندە دەرچوونە لە نەریتو باوی رەها و مەرجو حوکمەکان بـەلاّم چەندین هۆکاریشی تیادایە بۆ پاراستنی یاسـاو ڕێسـا شـەرعیەکانو پاراستنو پاسەوانی حوکمە ئاینیەکان کە نـاکرێ وازی لێ بهێنـرێ بـە کــەلێنو خلّتــەداریو خراپـــیو دەردەدارییەکەیشـــیەوە، ئـــەم دەستبەسەراگرتنو خۆسەپاندنو ناچار کردنەش چەند شـتێکی تیـادا دروست دەبێت، کە لەباری ئاسایيو هەلّبـژاردنی خودموختیاریانـەی میردا ڕێگری لــێدەکرێ، لەبەرئەو جیاوازییەی کەلەنێوان مـەرجەکانی تواناو بێتواناییدا هەیە.

ئـەو کاروبـارو یاسـایانەی شـەرعیش لەگـەڵ کارگرتنـە دەسـتی

خۆسەپێنەریشـــدا دەپـــارێزرێن، حـــەوت شـــتن، خەلیفـــەو مـــیری خۆسەپێنەریش هاوبەشن لەوەی پابەندن پێیەوە، واجبایەتیەکـەی لـە لایەن کاربەدەستەوە سەختو ئەرکدارترە:

**یەکـەمیان:** پاراســتنی پلــەو پایــەی ئیمامەتــە لــە جێگرتنــەوەی پێغەمبەرایەتیو بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانانو دینداری بۆ ئەوەی ئەوەی شەرع بە پێویستی داناوە راپەڕێنریو بەرپا بکـرێو پارێزراو بێت، ئەو مافانەشی لەمە دەکەوێتەوە پاسەوانی بکرێت.

**دووەم:** ئاشکرایی گوێڕایەڵی ئاینی کە لەگەڵیــدا فــەرمانو حــوکمی سەرکەشی و لاملی لادەچێو، تاوانی خۆ بواردن لەو گوێڕایەڵیــە لە ئارادا نابێت.

**سێیەم:** یەك دەنگی لەسەر پێکەوە بوونو پشتگیریکردنی یەکتری، بۆ ئەوەی موسڵمانان دەسەڵاتدار بن بەسەر ئەوانی تردا .

**چوارەم:** تاوەکو گرێ بەستی ویلایەتە ئاینیەکان دروست بێ و حــوکمو قەزاوەتەکانی تیا جێبەجێ بن، بــەهۆی خراپــی گرێبەســتەکەوە پوچ و نارەوا دەرنەچن، بەهۆی کەلێنداری پەیمانەکانیەوە لە کـار نەکەون.

**پێنجەم:** تاوەکو سامانو داراییە شەرعیەکان بەڕاســتیو ڕەوایــی لــە ئەستۆی بدەرو بەخشەرەکەی بکەوێ وەرگرەکەشــی بــە حــەڵاڵیو دروستی وەری بگرێ .

**شەشــەم:** تــاوەکو حــدودەکان بــە ڕاســتو ڕەوایــی، بەســەر کەســە

شایستەکاندا پیادە بکرێ، چونکە جەستەی موسڵمان پـارێزراوە، مەگەر مافێکی خوایی یا حەدێك لە حەدەکانی لەسەر بێت .

**حەوتەم:** تاوەکو میر لە پاراستنی ئایندا خۆی بپارێزێ لەوانـەی خـودا قەدەغەو حەرامی کردوون، فەرمان بەو مافانەی خۆی بکات گەر گوێڕایەڵی لێ کراو داواو بانگەشـەی گوێڕایـەڵی بکـا گـەر بـە فەرمانی کرا .

ئەمە حەوت ڕێسـاو بنـەمان لـە یاسـاکانی شـەرعو بەهۆیانـەوە مافەکانی ئیمامەتو حوکمەکانی ئومـەت دەپـارێزرێن، هـەر لەبـەر ئەمانەیە پێویستە کار بسپێررێت بە میری خۆ سەپێنەر، دواتر ئەگەر مەرجەکانی هەڵبژاردنی تیادا هاتە دی ئـەوا پێسـپاردنەکەی دەبێتـە شتێکی زیندوو راسـتەقینەو دەخـوازرێ گوێڕایـەڵی بکـرێو ڕێگـری دەکرێت لەوەی بێفەرمانیو نەیارێتی بکرێ، بـە مۆڵـەت پێدانیشـی دەبێتە خاوەنی تەسەڕوف لە مافەکانی دینداری میللەتو حوکمەکانی ئومەتدا، ئەو کەسەشی ئەم دەیکـات بـە وەزیـرو نوێنـەری، هـەمان حوکمی وەزیرو نوێنـەری خەلیفـەی هەیـە، وە بـۆی دروسـتە وەزیـری ڕاسـپێردراوو جێبـەجێکاری هـەبێت، بـەڵام ئەگـەر مەرجـەکانی هەڵبژاردن (الإختیار)ی بەتەواوی تیـادا نـەبوو دروسـتە ئـەرك‌و پـێ سپاردنی بۆ ئاشکرا بکا تاوەکو گوێڕایەڵی کردنی بەدەست بهێنێـتو نەیاریو سەرکەشیەکانی نەهێڵێو ئـەرك پـێ سـپاردنی بـۆ ئاشـکرا بکات، یاخود سنوری دەسەڵاتو پیادەکردنی ئەو لە حوکمو مافەکاندا

وەستا بێت لەسەر ئەوەی خەلیفە کەسێکی بۆ دابنــێ لــەو کەســانەی مەرجەکانی بەتەواوی تیادا بێ، بـۆ ئـەوەی تـەواوی مەرجـەکان لـەو کەسەی بەناچاری ئەو داینـاوەو لە کەسی خۆسەپێنەردا ئـەو مەرجانـە نیە، بەمشێوەیە کـار سـپاردن بـۆ خۆســەپێنەرەو جێبـەجێکردن بـۆ نوێنەرو ئەو کەسەیە خەلیفە دایـنـاوە، ئـەم کـارە هەرچـەندە ریزپـەڕ (شاذ)ە بەڵام دروستە لەبەر دوو هۆکار:

**یەکەم:** ناچاری وا دەکا مەرجە پێویستو تەواوەکانی ئەم کـارە چـاوی لــێ بپۆشرێ .

**دووەم:** ئەو مەترسیانەی رووبەرووی بەرژەوەندییە گشتییەکان دەبێتەوە وا دەکات مەرجەکانی سوك تر بن لەو مەرجانــەی بـۆ بەرژەوەنــدی تایبەتی دانراون.

ئەگەر میرایەتی داگیرکەرو خۆ سەپێنەر دروست بێت ئەوا جیاوازی لە نێوان ئەم میرایەتییەو میرایەتی لێوەشاوەدا لە چەند روویەکەوەیە:

**یەکەمیان:** میرایەتی داگیرکارو خۆسەپێنەر دیاریکراوە لــەو کەســەدا کە کارەکەی گرتـووە دەسـت، بـەڵام میرایـەتی لێوەشـاوە (إمـارة الإسـتکفاء) بەسـتراوە بــە هەڵبــژاردنو ویســتی ئــەو کەســەی هەڵیدەبژێری و دیاری دەکات.

**دووەم:** میرایەتی داگیرکارو خۆسـەپێنەر ئـەو وڵاتانـە دەگرێتـەوە کـە کاربەدەستەکە زاڵ بووە بەسەریاندا، بەڵام میرایەتی لێوەشاوە تەنها لەو وڵاتانەدایە کە سپاردنی هەڵبژێرەر دەیگرێتەوە.

**ســێهەم:** میرایــەتی داگیرکــارو خۆســەپێنەر کاروبــارە ئاســاییو ڕیزپەڕەکانی لــە خــۆدەگرێ، میرایــەتی لێوەشــاوە تــەنها کاروبــارە ئاساییەکان لە خۆ دەگرێ.

**چوارەم:** وەزارەتی پێسپاردن (وزارة التفويض) لە میرایەتی داگیرکــارو خۆسەپێنەردا دەبێــت و دروســتە بــەڵام لــە میرایــەتی لێوەشــاوەدا دروست نیە دابنرێ، لەبەر ئەو جیاوازی تێڕوانینەی لە نێوان میری خۆسەپێنەرو وەزیرەکەیدا هەیە، چــونکە تێڕوانینــی وەزیــر تــەنها بەستراوە بە باری ئاساییو باوەکانەوە، میری داگیرکار تێڕوانینی بــۆ هەر یەك لە ڕیزپەڕو ئاساییەکان هەیە، میرایەتی لێوەشاوەو دانراو تێڕوانینی ئاساییو باری هەیە، دروست نیە وەزارەتێکــی لەگەڵــدا بێت هەمان تێڕوانینی ئاساییو باری هەبێ لەبــەر ئــەوەی وەزیــرو ئەوەی کاری وەزیرێتی پێ دەبەخشرێ وەكو یەك دەبن).[(١)]

عەبدولواحید تەمیمی زانای حەنبەلیەکانی ســەردەمی خــۆی کــە (٤١٠)ك لە ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا سەبارەت بەو ئەرکانەی پێویستە ئیمام پێی هەستێو هــەروەها ســەبارەت بــە سنوری دەســەڵاتەکەی ووتویــەتی: (لــە راســتیدا دەســتکەوت ئیمــام

(١) الأحكام السلطانية ل (٣٥-٤١)، سەیری ئەرکەکانی ئیمامو میر بکە لە الأحكام السلطانيةی (ابي يعلى ل(٢٧-٣٨) هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر دەوڵەمەندی فیقهی دەستوری کە مەودای کارو ئەرکەکانی هەریەکە لە خەلیفەو وەزیرو ئەمیر دیاری دەکات، وە چۆنیەتی دانانو لابردنی هەریەکەیان لەم قۆناغەدا بە شێوازێك جیهان ئاشنا نەبووە بە شتی وا مەگەر دوای شۆڕشی فەرەنسی وسستەمە دەستوریەکان.

دابەشی دەکات، ئەگەر موسڵمانان لە نێـوان خۆیـان بـە یەکسـانی و ڕێكوپێكی دابەشیان کرد هیچ شتێکی تیادا نیەو کـارێکی باشـە، وە ئەگەر پایەی ئیمامەتیش لەکار خرا غەزاو حەج لە کار نـاخرێو وازی لـێ ناهێنرێ، ئیمامەتیش تەنها بەپێی مەرجەکانی خۆی دەبێت کـە بـریتین لــە (نەسـەبو ئیسـلامو بـەرگری و خۆپـارێزیو تـەقواو بەگوێکراوی و ڕێكوپێك کردنی سامانو دارایی موسـڵمانان، ئەگـەر ئەهلی حەلل‌و عەقدی موسڵمانانو جێی متمانەکانیان لـەم ڕووانـەوە شـایەتیان بـۆی دا، یـاخود خـۆی ئەمـەی بـۆ خـۆی دەکـرد پاشـان موسڵمانان نارەزاییان لەسەر دەردەبڕی ئەوا بۆی دروستە ببێتە ئیمـام، دەرچوون لە فەرمانی ئیمام دروست نیـە، هەرکەسـە دژ بـە ئیمـامی یەکەم دەرچێ ئەوا دووەمیان دەکوژرێ . هەرکەسەش ئـەم سـیفاتانەی تیادا کۆبوەوە دروستە بکرێتـە ئیمـام هەرچـەندە کەسـی لـەو زانـاو شارەزاتریش هەبن .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (خەلافەت لە قورەیش دا ئـەبێت تا ئەوکاتەی نوێژ بە باشی ئەنجام دەدەن .

وە دەیفەرموو: (لە بێ فەرمانی خوادا گوێڕایەڵیان ناکرێ).(١)

لە نێوان زاناو شارەزایانی ئەم قۆناغەدا جیاوازی نەبوو لـەوەدا کـە ئەمانە لە گرنگترینو پێویستترین لێپرسـراویەتیەکانی ئیمـام بـوون، چونکە پێویسـتی بـوونی ئیمـامێتی (وجـوب الإمـامـةَ) حـوکمێکی

---

(١) طبقات الحنابلة. ٣٠٥/٢

شەرعیە وە پەیوەستە بە پاراستنی ئایینو ئومەتو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بەپێی یاساو ڕێساکانی شەرع . هەر بۆیە زانایان بە چەندین شێوە دەقیان هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئیمام بێ توانا بو پێویستە ئومەت بە هەندێ لە کارەکانی هەستێ، بەوەی ئیمام بێ توانایە کارەکان پەکیان ناخرێ، هەر بۆیە کۆکن لەسەر ئەوەی تێکۆشانی بەرگری (جهاد الدفع) لە دەوڵەتو ئومەت فەرزی عەینە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە توانای ئەوەی هەبێت، مۆڵەت وەرگرتن مەرج نیە تیایدا، ئەگەر ئیمام کاروباری جیهادی دەبرد بەڕێوە ئەوا چاکە، ئەگینا جیهاد پەکی ناخرێ.[1] بە هەمان شێوە پشتگیریکردنی ستەملێکراو موسڵمان بێ یا زمی بۆ هەر کەسێ بتوانێ هاوکاریو پشتگیری بکات... هتد.

شەوکانی لە (وبل الغمام)دا مەبەستەکانی دانانی ئیمام روون دەکاتەوە و دەڵێ: لای من کرۆکی کاروباری ئیمامەت و سەڵتەنەت، گەورەترین مەرجو شکۆدارترین پایەی بریتیە لەوەی بەتوانا بن لەسەر پاراستنی ئاسایشی ڕێگەوبانو سەندنەوەی مافی ستەم لێکراوان لە ستەمکاران، وەتوانای بەرگری کردنیان هەبێت لە موسڵمانان ئەگەر بارێکی نالەبارو هەڵکوتینە سەرێك روویدا لەلایەن سوپاو لەشکرێکی کافر یا دەستدرێژکارو یاخیەوە، نابێت بەمە هەڵنەسێ، یاخود قورسو لاواز و بێدەسەلات بێت لە ئاستیدا، وە نابێ سەرقاڵی

(١) سەیری (الفتاوی المصریة)ی شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە بکە ٤/٥٠٨-٥٠٩

چێژو خۆشیەکانی بێت و پشت بکاتەوەو لێی ڕاکشێ .

جا ئەگەر سولّتانو دەسەلاّتدار بەو شێوەیە بوو ئەوا بریتیە لەو سولّتانەی کە خوای گەورە گوێڕایەڵیکردنی واجب کردووەو حەرامە بێ فەرمانی بکرێ، بەڵکو هەر ئەمە هۆکاری دانانی پێشەوایان و سولّتانەکانە لە لایەن شەرعی خواوە، ئەمەش بە گەورەترن ئەرکێك لە ئەرکەکانی ئاین دادەنرێت .

زیان بە ئیمام ناگەیەنێ ئەگەر هاتوو مەرجێك یا زیاتر لەو مەرجانەی کەم بێت کە باس کراون، ئەگەر هاتوو بەو کارانە هەستێ کە باسمان کرد، موسڵمانان پێویستیان بەوە نیە ئیمام لە شوێن نوێژو لەسەر بەرماڵەکەی دابنیشێو تەزبیح بە دەستەوە بگرێ، یاخود سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبە زانستی یەکان بێتو وانەی قوتابیانی سەردەمەکەی خۆی بلێتەوە، لەبارەی ئالۆزیەکانەوە کتێب دابنێ، وە خۆی بپارێزێ لە خوێن ڕێژی، لەولاشەوە موسڵمانان یەکتری بخۆن، بەهێزیان ستەم لە لاوازیان بکات، خانەدانیان نەداریان ناچارو تەنگەتاو بکات، جا ئەگەر کاروبارەکە وا بوو ئەوا ئیمامەتو سەڵتەنەت هیچی بەدی نەهاتووەو نەکردووە لەبەر نەبوونی گرنگترینو گەورەترین ئەو ئەرکانەی ئیمامەتو سەڵتەنەتی بۆ دانراوە، ئەم ووتەیە تەنها چەند تاکێکی زاناو خاوەن زانست لێی تێدەگەن). [1]

---

(١) سەیری (الحلیل الكرامة)ی (صدیق حسن) خان بكە، ل (١١٤ –١١٥).

هەروەها لە (وبل الغمام)دا دەڵێ: (زۆردارو ستەمكار یەكێك لـەم دوو كەسەیە: یا ئەوەتا كەسەكە زۆرو ستەمی لە هەموو موسـڵمانان یان هەندێكیان كردووە بەوەیماڵو سامانیانی بەتاڵان دەباو خوێنیـان دەڕێـژێ و ئابرویـان دەبـا، ئەمـە خـوای گـەورە لـە كتێبـە بـەڕێزو ئازیزەكەیـدا سـنورو حـەدی دیـاریكردوە، جـا ئەگـەر سـوپایەكیان كۆكردەوە ئەوا بەرەنگار بوونەوە لە پێناوی پاراستنی قەدەغەكراوەكانی ئاینو موسڵمانان دەبێتە پێویسـتیترین هـەرە پێداویسـتییـەكانی فەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپـە، یـا ئـەوەتا پیاوێكـە دەسـتدرێژی دەكاتە سەر ئیمامێك لە ئیمامی موسڵمانان پاش ئەوەی یـەك دەنـگ بوون لەسەریو چوونەتە ژێر گوێڕایەڵیەوە جا ئیتر كەم بن یا زۆر، ئەم كەسە بە دەقی قورئانی پیرۆز جـەنگی لەگـەڵ دەكـرێ: ﴿ فَـإِن بَغَـتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي﴾ (الحجرات -٩) هیچ كەسێك بەوە لە یاخیەتی دەرناچێ تەنها بەوەی وا بانگەشە بكا كە ئیمامـە یـاخود باشتـرو چوستو چالاكترە، یاخود بـەوەی كۆمـەڵێك لـە موسـڵمانان شوێنی بكەون چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی داوە بە لێـدانی گەردنی ئەو كەسەی كە دەیەوێ یەكڕیزی موسڵمانان پەرتەوازە بكات، پاش ئەوەی یەك دەنـگو كـۆك بـوون لەسـەر كەسـێك ئەمـەش لـە (صـحیح)دا سـەلماوە، بـەڵی ئەگـەر یەكـەم كـوفری ئاشـكرای لـێ بەدەركەوت یاخود دەریخست كە ناتوانێ بە گـرنگترین و لـە پێشـترینو گەورەترین پایە لە كاروبارەكانی ئیمامەت هەستێ كە پێشتر خستمانە

ڕوو ئەوا دووەم زۆردارو یاخی نیە .

لە (نیل الأوطار شرح منتقی الأخبار) ئەمەش زیاد دەکـاو دەڵـێ: (نابێ موسڵمان بایەخی ئەو پێشـــینە چاکانە کەم بکاتــەوە ئەوانــەی لە خزمانی پێغەمبــەرو بــەدەر لــەوانیش دژ بــە ئیمامــە زۆردارەکــان دەرچوون و ڕاپەڕیون، ئەوان بە ئیجتهادی خۆیان بەو کارانە هەستاون، لە هەمان کاتدا زیاتر لە خوا ترساون‌و زۆرتر گوێڕایەڵیان هەبووە بـۆ سونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کۆمەڵــە زانــاو خــاوەن زانســتانەی پاش ئەوان هاتوون، هەندێ لە زانایان‌و خاوەن زانســتەکان و ئەوانــەی هاوڕایان بوون زیــادە ڕەویــان کــردوەو کەمتەرخــەمیان نوانــدوە لــەو فەرمودانەی لەم ڕووەوە هەن تا کار گەیشتوەتە ئەوەی حــوکمی یــاخی بوون‌و زۆرداریان داوە بەسەر حوسەینی کچەزای پێغەمبەری خوا (خوا لێــی ڕازی بێــت)و ڕەزامەنـــدی کـــا، بـــەوەی لـــە دژی ئەتکـــەری قەدەغــەکراوەکانی شـــەریعەت یەزیـــدی کـــوڕی موعـاویـــە دەرچـــووەو ڕاپەڕیوە، ئای لەو سەرسامیەی لە گوتەو وتاری ئەو کەســانەدا بــەدی دەکرێ کە موچوڕکە بە لاشەی مرۆڤدا دێنێ !) (١)

هەروەها ئەم گوتارە لە ڕووی دیدو تێڕوانینەوە پارێزگاری کرد لــەو کۆت‌و بەندانەی بۆ دەسەڵاتەکانی ئیمام دانرا بوو بەوەی دەبێ هەڵس و کەوتەکانی لە کاروباری ئومــەت دا بــەپێی ئــەنجام دانــی باشــترین‌و تەواوترین‌و بەرژەوەندی ترین شتێك بێت بۆ خەڵکی، ئیمام بۆی نیە بە

(١) سەرچاوەی پێشوو.

پـــێی حـــەزو ئارەزوکـــانی هەڵسوکـــەوت بکـــا، قـــەرافی لـــەبارەی ڕونکردنەوەی هـــەڵسو کەوتـــەکانی ئیمـــامو ئـــەوەی جێبـــەجێ دەبـــێو جێبەجێ نابێ ووتویەتی: (بەشی یەکەم: ئەوەی ولایەت لـە بناغـەدا تاوتوێی ناکات: بزانە هەرکەسـێ بـوو بـە کاربەدەسـتی خەلافـەتو خـوارتر تاگرتنـە دەسـتی وەسـیەتێك، دەبێـت هەڵسوکەوتـەکانی بەرژەوەندیەك بهێنێتە دی یاخود خراپەکاریەك دوور بخاتەوە، لەبەر ئەو فەرمودەیەی خوای گەورە کە دەفەرمویێت: ﴿وَلا تَقْرَبُوا مَـالَ الْيَتِـيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (الأنعام: ١٥٢) بە باشترین شێوە نەبێ نزیکی سامانو دارایی هەتیوو مەکەونو بێهودە بە فیـــڕۆی مـــەدەن، وە لەبـــەر ئـــەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: ((مـن ولـي مـن أمور امتي شيئاً ثم لم يجتهد لهم ولم ينصح، فالجنة عليه حرام))، واتە: هەرکەسێ شتێك لە کاروباری موسڵمانانی پێ بسپێردرێ پاشان بۆیان تێنەکۆشێو ئامۆژگارییان نەکات، ئەوە بەهەشـتی لێ حەرامـە، بـەم شێوەیە پێشەواو کاربەدستان دەبێت خۆ دوور بگرن لە هەرشـتێك کـە هەوڵدانو تێکۆشانی تیادا نیە.

(مرجوح)یش هیچ کات (احسن) نیە، بەڵکو دژێتی، خۆ خـەریك کردن بە شتە کەم سود (مرجوح)ەکانەوە، بەخشینی هەوڵو تێکۆشـان نیە بەڵکو دژەکەیەتی، هەر بۆیە خوای گەورە نەیهێشـتوە راپەڕێنـەرو جێبەجێکاری راسپاردە هەڵسوکەوتێك بکەن بەدەر بـێ لـە باشـترین مامەڵەو هەڵسوکەوت، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندی کـەمو بێنرخشـیان

له دەست دەچێ بەبەراورد لەگەڵ کاربەدەستو قازییەکان، باشتر وایە لەو رووەوە (حجر) بخرێتە سەر کاربەدەستو قازییەکانیش، ناوەڕۆکی ئەم دەقانەش ئەوە دەخوازن هەموو لایەك خۆ دوور بگرن لە خراپەی گەورەو بەرژەوەندی کەمو بێبایەخو ئەو شتانەی بەرژەوەندیو زیانی وەکو یەکەو یەکسانە چونکە ئەم چوار بەشە لە بواری باشترین (ما هو أحسن) نیە، کاربەدەستی (الولایة) تەنها بۆ بەدەست خستنی بەرژەوەندی تەواوو لاسەنگەو وە بۆ دورخستنەوەی خراپەی تەواوو یاخود پارسەنگە، ئەم چوار ئیعتبارە هەیەو ئەو چوارەی تر نزمو بێ نرخە.

بۆ ئەم ڕێسایە شافیعی (خوای لێ رازی بێت) فەرموویەتی: نابێ جێبەجێکاری راسپاردە (وصی) ساعیێك بە ساعیێك بفرۆشێ، چونکە هیچ کەڵکی تیادا نیە، خەلیفەش نابێت لە سامانی موسڵماناندا وا بکات، پێویستە فەرمانڕەوا لەکار خرێ ئەگەر گومانی لەمەدا هەبوو، وەك ڕێگری کردنی خراپیەکانی گومانو دوو دڵی بۆ سەر موسڵمانان، کەسی لاوازو بێهێز لە کاتی بوونی بەهێزو پارسەنگ دا لەکار لادەبرێ، لە پێناوی بەدەست هێنانی بەرژەوەندی موسڵماناندا، سەبارەت بە لەکار خستنی دوو کەسی وەکیەك جیاوازی هەیە).(١)

ئیمام بۆی نیە قازی باشو شیاوتر لەکار لاداو کارەکە بسپێرێ بە کەسێکی خوارتر، چونکە هەڵسوکەوتەکانی ئیمام بەسەر خەڵکیەوە

---

(١) (الفروق) ی (قرافی /٤/٧٨) سەیری (قواعد الأحکام)ی (عزالدین بن عبدالسلام) (٦٩/١) بکە.

گرێ دراوە بە بەرژەوەندییەوە، لەکار لادانی قـازی بـاش‌و شـیاوتر بـە پێچەوانەی بەرژەوەندییەوەیـە، هەربۆیـە لەکارخسـتنەکەی جێبـەجێ ناکرێ، ئەبو یوسف قازی هارونە رەشید لە کتێبی (الخراج)دا کـە بـۆ ئەوی دانابوو تاوەکو دەسەڵاتەکانی ئیمامی تیادا دەستنیشان بکـات‌و روونی بکاتەوە کە هەڵس‌و کەوتەکانی ئیمام گرێ دراوی بەرژەوەندییە، لەوێدا دەڵێ: (ئەگەر کاربەدەست زەویەك لە یەکێك وەربگرێ‌و بیداتـە یەکێکی تر، ئەمە وەکـو داگیرکـەرو زەوتکـار وایـەو هـی کەسـێکی داگیرکەر داویەتی بە کەسێکی تر، ئیمام بۆی دروست‌و رەوا نیە مافی هیچ کەسێ لە خەڵکی داگیر بکات نە هی موسڵمان‌و نە مافی کەسی پەیمان پێدراو (معاهد)، هـیچ شـتێك لەوانـە لـە دەسـتی دەرناچـێ مەگەر لەو شتەدا مـافێکی هەبێ‌و لەسەری بێت، وەرگرتنەکـەی بـەو شێوەیەیە کە بۆی دانراوە).[1]

هەروەها ووتویەتی: (ئیمام بۆی نیە هیچ شتێك لـە دەسـتی کـەس دەربهێنێ مەگەر بە مـافێکی سەلماوی زانراو).[2]

هەروەها ووتویەتی: (هیچ کەسێ بۆی نیە شتێك بەدی بهێنـێ لـە ڕێی موسڵماناندا کە زیانیان پێبگەیەنێ، ئیمامیش بۆی نیە شـتێك لە ڕێی موسڵماناندا لابەرێ‌و نەیهێڵێ ئەگەر بە زیان دەگەڕایـەوە بـۆ سەریان، ئەوەی بـۆ نیـە، ئەگـەر ئیمـام ویسـتی راسـتە شـەقامێکی

---

(١) الخـراج، ل (٦٠).

(٢) الخـراج، ل (٦٥-٦٦).

موسڵمانان بدا بە کەسێك کە بینای لەسـەر بکـات، ڕێگـای گشـتی بگۆڕی بە نزیك یان دوور لەوە، بۆی نیەو دروست نیـە ئـەوەی پێبـدا، ئیمام گوناهبارە ئەگەر شتی وا بکات).[1]

هەروەها ئیمام بۆی نیە دەستکاری ڕووبارەکان بکات بە هەڵکەندن یاخود پڕکردنەوە مەگەر بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت نەك تایبەتی.[2] ئەمەش جێی یەك دەنگی نێوان زانایانی هەموو ڕێبازەکانە.

هەروەها ئەم گوتارە پارێزگاری لە چـەند گرەنتییـەکی دادوەریانـە کردووە بۆ پاراستنو بەرگری کردن لە مافو ئازادی تاکەکان، هـەروەك دەبینین ئەمە لە کتێبەکانی شەرعدا بە درێژی لـە تـەواوی بابـەکانی (المعاملات)و (الدعاوی)و (القضاء)دا باسی لێوەکراوە، ئەبو یوسـفی قازیش لەبارەی ڕوونکردنەوەی ئەو گرنتییە دادوەریانەوە نوسـراوی بـۆ هارونەرەشید نوسیوە لەوانەی پێویستە ئیمامو والی پابەندی بنو کاری پێ بکەن، لەوانە:

١- قەدەغەبوونی بەندکردن، یـا ئەشـکەنجەدانی تۆمـەتبار لـە ڕووی ماددیو مەعنەویـەوە، چـونکە ئەسـڵ پـاکیو خاوێنیـە تـاوەکو تۆمەتی لەسەر دەسـەلمێ، دان پـێدانو ئـیعتراف کردنـێ کـە لـە بەرەنجامی زۆرلێکردنو ناچارییەوە بێت کاری پێناکرێو وەرناگیرێ، وە نابێ بەند بکرێ.

(١) الخـراج، ل (٩٣).

(٢) الخـراج، ل (٩٣).

ئەبو یوسف فەرمویەتی: (هەر کەسێ گومانی پێبرا، یاخود تۆمەتبار کرا بە دزینێ یا هەرشتێکی تر نابێت تەمبێ بکرێ بە لێدانو هەڕەشەو ترساندن، چونکە ئەگەر کەسێك دان بنێ بە دزیـەك یـاخود حـەد یـا کوشتنێ لە بەرەئەنجامی ئەو کارانەی پێی کراوە (لە لێدانو هەڕەشەو ترسان) ئەوا ئەو دانپێدانانەی بایەخێکی نیـەو دروسـت نیـە دەسـتی ببڕدرێ، لەسەر ئەو دانپێدانانەی بگیرێو تۆڵەی لـێ بسێنرێ.

ئەبو یوسف دەفەرموێ شەیبانی لە عەلی کوڕی حەنزەلەوە ئەویش لە باوکییەوە پێمی راگەیاند کە فەرمویەتی: عومەر (خـوای لێـرازی بێت) فەرموویەتی: (پیاو ئاسایشو هێمنی پێ نەبەخشـراوە، ئەگـەر ئازاری بدەی یا بیترسێنی یا بەندی کەی بەمەش ئیقرار لەسـەر خـۆی بکات).

فەرمووی: موحەمەدی کوڕی ئیسحاقی زوهری هەواڵی پێداوم کە: تارق لە شامەوە پیاوێکی هێنابوو بە تۆمەتی دزی کـردن گـیرا بـوو، لێی دا، ئەویش یەکسەر دانی پێدانا، ناردیان بۆ لای عەبدوڵای کـوڕی عومەر (خوایان لێ رازی بێت) پرسیاری ئەوەی لـێ بکەن، عەبـدوڵای کوڕی عومەر فەرموی: (دەستی نابڕدرێ چـونکە ئەمـە پـاش لێـدان دانی پیادا ناوە).

ئەبو یوسف بە هارونەرەشید دەفەرموێ: ئەی مـیری بـاوەڕداران بـە کاربەدەستو والی یەکانت بڵێ خەڵکی بە تۆمـەت نەگـرن: پیاوێـك دێت بۆ لای پیاوێکی تر (واتە کاربەدەستو والیـەك) و دەڵـێ: ئەمـە

تۆمەتباری كردووم بە دزیەك كە لێیم كردوە، ئـەویش فـەرمان دەدات لەسەر ئەوە وشتی تریش بیگرن، ئەم شـێوە كاركردنــە دروســت نیــە، دروست نیە دەعوای كەسێك لەسەر كەسێك بە كوشتن یا دزی پەسەند بكرێ، وە نابــێ حــەدی بەســەردا پیــادە بكــرێ مەگــەر بەڵگەیــەكی دادپەروەریانەی هەبێت، یاخود بــەبێ هەڕەشــەو ترســانێكی والی بــەو شێوەیەی بۆتم باس كرد خۆی دانی پیادا بنێ، دروستو ڕەوا نیەو نابێ پیاوێك بە هــۆی تۆمەتباركردنیــەوە لەلایــەن كەســێكی تــرەوە بەنــد بكرێت، پێغەمبەری خوا بە هۆی تۆمــەتو دەم هەڵبەســتەوە كەســی نەدەگرت، بەڵكو پێویستە داواكار و تاوانباركراو كۆبكرێتەوە، ئەگــەر بەڵگەی هەبوو لەسەر بانگەشەكەی ئەوا حــوكمو بڕیــاری بــۆ دەدرێ، ئەگینا تاوانبار كراو كە فیلو دەستەبەریەكی لێ وەردەگیرێو ڕێی پــێ دەدرێ بڕوا، مەگەر تاوانبار كراو خۆی شــتێك ڕوون بكاتــەوە ئــەگینا هیچی لەگەڵ ناكرێ، بە هەمان شێوە هەمان ڕەفتــار لەگــەڵ هــەموو ئەو تۆمەتباركراوانەی لە بەندیخانەدان لەگــەڵ خــۆیو نەیاریەكەیــدا دەكرێ، هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە زۆر شوێندا خۆیان لە حــەد لێدان پاراستوە وە بە باشو خێریان داناوەو بەهۆی گومانێكەوە پیادەی نەكەن، تا ئەوەی بەوكەسەیان ووتوە كە لەســەر دزی هێناویانــە ئایــا دزیت كردووە؟ هەر خۆیان پێیان ووتوە بڵێ نەخێر .

ئەگێڕنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێكیان بــۆ هێنــا پــێی ووتــرا

ئەمە شەملەیەکی(*) دزیوە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (بڕواناکەم دز بێت) .

سوفیانی کوڕی عوەینە لە (یەزیدی کوڕی خصیفە)وە لە موحەمەدی کوڕی عەبدولرەحمانی کوڕی سەوبانەوە هەواڵی پێداوین، کە پیاوێك شەملەیەکی دزی بوو گەیاندیانە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش فەرمووی: (ما إخاله سرق، اسرقت؟) وانازانم دزی کردبێت، دزیت کردووە؟.

ووتویەتی(**) (سعد بن أبو عروبة) لە (عليم الناجى)ەوە ئەویش لە (أبو المتوكل)ەوە هەواڵی پێداوم کە دزێکیان بۆ ئەبو هورەیرە هێنا، لەو ڕۆژەدا ئەو ئەمیر بوو، فەرمووی: (دزیت کردووە؟ بلّێ: نەخێر. دزیت کردوە؟ بلّێ، نەخێر).

ووتویەتی: کوڕی جورەیج لە (عطاء)ەوە هەواڵی پێداوم کە پیاوێکیان هێنا بۆ لای عەلی (خوالێی رازی بێت) دوو پیاو شایەتیان لەسەری دا کە دزی کردووە، فەرمووی: علی هەندێ شتی خەڵکی تاوتوێ کردو پاشان هەڕەشەی لە شایەتیدانی درۆ کرد، وە فەرمووی: هەر شایەتێکی درۆزن بهێنن بۆ لام واو وای لێ دەکەم، پاشان داوای لە

(*) (شملة) بریتیە لە کالاّ، بەرگی فراوان بۆ خۆ پێچانەوەو داپۆشین، سەیری فەرهەنگی شیرین ل (٣٥٨) بکە . وەرگێڕ.

(**) قال: وتویەتی، دەگەڕێتەوە بۆ قسەی (ابو یوسف) کە بە هارونە ڕەشیدی دەڵێ (وەرگێڕ).

دوو شایەتەکە کرد، بەڵام نەیبینیەوە بەمەش پیاوەکەی بەردا).[1]

٢-گەڕانەوەی دانپێدانەر لە دان پیادانەکـەی بـە گومانێـك دادەنـراو دەبووە هۆی ئەوەی حەدی لێ نەدرێ و ڕزگاری بێت لێی.

ئـەبو یوسـف دەڵـێ: (هەرکەسـێ دان بنـێ بـە دزییەکـدا کـە هاووێنەی ئەو حەدی لێ بـدرێ یـا عـەرەقی خواردبـێ یـا حـەدی زینایەکی بکەوێتە سەر بەو کارەشی پێویست بێ حەدی لـێ بدرێ، بەڵام پەشیمان بویەوە لە دانپێدانانەکەی حەدی لـێ نادرێ).[2]

٣- خـەرجی کێشـی بەنـدکراوەکان و دەسـت خسـتنی پێداویسـتییە زەروریەکانیان‌و سوکایەتی پێ نەکردنیان.

ئەبو یوسفی قازی دەڵێ: (ئەوەی تۆ پرسـیارت کـردوە ئـەی مـیری باوەڕداران سەبارەت بە بێ‌ئابڕوو شەرواڵ پیسان و خراپەکارو دزیکاران، کاتێـك ئەگـەر گـیران لەسـەر تاوانـەکانیان و بەنـدکران: ئایـا خواردەمـەنیان لـە بەندیخانـەدا پـێ‌دەدرێ؟ ئـەوەی پێیـان دەدرێ لـە سەدەقەیە یاخود بەدەر لە سەدەقەیە؟ وە چ ڕەفتارو کارێکیـان لەگـەڵ بکرێ.

ئەبو یوسف دەڵێ: پێویستە بۆ هەرکەسێ ئەو بارەی ئەوانی هـەبێ ئەگەر شتێکی نەبێ لێی بخوا، سامانی نەبێ وە شتێکی نـەبێت خـۆی پێ بژێنێ، ئەبێ لەسەدەقە یاخود لە خانەی سامان پێیان بـدرێ، لـە

(١) الخراج، ل (١٧٥-١٧٦)

(٢) الخراج، ل (١٦٩)

هەر ڕوویەکیەوە بیکەیو هەرکامیان بکەی فراوانو والآیە بـۆت، پـێم باشترە لە خانەی سامان بەپێی پێویستیان بۆ هـەر یەکـەیان دابینـی بکەی، چونکە جگە لەمە هیچ شتێکی ترو بارێکی تر دروست نیە.

ووتویەتی: دیلی هاوبەش پەیداکەران پێویستە خۆراکی بـدرێتێ و چاکەی لەگەڵدا بکرێ تا بڕیـاری لەسـەر دەدرێ، ئـەی کەواتـە چـۆن دەکرێ پیاوێکی موسڵمان هەڵە یا گوناهی کردبێ، بهێڵرێ لـە برسـا بمرێ؟

ئەوەی ئەمڕۆ پێی گەیشتوە هۆکارەکە قەزا یـا نەزانیـە، بـەردەوام خەلیفەکان –ئەی ئەمیری باوەڕداران – پێداویسـتی بەنـدکراوەکانیان دابین کردووە لە خواردن و پێخۆریانو لە جلو بـەرگیان لـە زسـتانو هاویندا، یەکەم کەسیش ئەوەی کردووە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە – خوا ڕێزداری کا- لە عێراق، پاشان موعـاویەش لە شام دا کردویەتی، پاشتریش خەلیفەکانی دوای ئەویش کردویانە.[1]

ئەبو یوسف دەنوسێ عەلی کوڕی ئەبو تالیـب ئەگـەر هۆزێـك یـا خەڵکێك پیاوێکی خراپەکارو ڕەوشت نزمی هەبوایـە بەنـدی دەکـرد، ئەگەر سامانی هەبوایە لە سامانی خۆی خەرجی خۆی پێدەکرد ئەگەر سامانی نەبوایە لە خانەی سامانی موسـڵمانان خـەرجی دەکێشـا، وە دەیووت، زیانو خراپیەکانی ئەوەیان لـێ دوور دەکەوێتەوەو لە خانـەی

(١) پێش ئەوە بەندیخانە هەر نەبووە.

سامانی خۆیان خەرجی دەکرێ.

وە دەنوسێ: هەندێ لە مامۆستاو شێخەکانمان لە جەعفەری کـوڕی بەرقانەوە هەواڵیان پێداوین، وتویەتی عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بۆی نوسیوین: (هیچ کەسـێ لـە موسـڵمانان لـە بەندیخانەتانـدا بـە دەستو پێ بەستراوی بەجێ مەهێڵن، بە شـێوەیەك نـەتوانێ بـە پێـوە نوێژ بکات، هیچ کەس بە کۆتو بەند کراوی بەجێ مـەهێڵن مەگـەر خوێنی لەسەر بێت، لە سەدەقە بەشیان بدەن لەو خۆراكو پێ خۆرانەی بەکەڵکیان دێ، والسلام) تۆش ئەوەندە خواردنو پێخۆریان بـۆ بـبڕەوە کە بەشیان دەکات، ئەوەش بگۆڕە بیکە بە چەند ژەمێك کـە مانگانـە بۆیان خەرج بکـرێو پێیـان بـدرێ ئەگـەر نانیـان پـێ بـدەیت ئـەوا کاربەدست وپاسەوانو بەردەستی یەکان دەیبەن ئەو کارە بـدە بەدەسـت کەسێکی خێرخوازو چـاکەخواز کـە نـاوی ئەوانـەی لا بێـت کـە لـە بەندیخانەدان تاوەکو سەدەقەیان پێ بدرێ و بۆیان خەرج بکرێ، ناوەکان لای ئەو بێت، مانگانەش ئەوەیان پێ بدات، دانیشێ ناوی یەك یەکیان بڵێو بانگیان بکاتو بیداتە دەستی خۆیان، هەرکەسیان ئازاد کرابـوو وە بـەردرا بـوو ئـەوەی پـێی دەدرا دەگەڕێتـەوە، هـەر کرێکـارێکیش مانگانە دەدەرهەمی پێ بدرێو هەرکەسێ لە بەندیخانـەدا بـێ مـەرج نیە مووچەی بدرێتێ، جلوبەرگیان لە زستاندا بریتیە لە کراسو جلو بەرگێکی ئاودامانو پۆشتە، لە هاوینیشدا کراسو پۆشـەنیەکی تـر، هەمان شت بۆ ئـافرەتیش دەکـرێ، لـە زسـتاندا کـراسو سـەرپۆشو

جل‌وبەرگێکی ئاوداماندو پۆشەنی، لە هاوینشدا کـراس‌و پۆشـەنیەك‌و سەرپۆشێك، مرۆڤەکان دانـەماڵراون لـە گونـاهو تـاوان، ئـەحواڵیان بپرسەو فەرمان بدە خەرجیان بۆ بکرێ بەو شێوەیەی بۆتم روون کردەوە، هەرکەسیان مرد سەرپەرشتیارو خزم‌و کەس‌و کاری نـەبوو، دەشـۆرێ‌و لە خانەی سامان کفنی بۆ دەکرێ، نوێژی لەسەر دەکرێ‌و دادەپۆشـرێ، ئەگەر فەرمان بدەی بە پیادەکردنی حدودەکان بەند کراو کەم دەبێـت، خراپەکارو شەرواڵ پیسیان کـەم دەبێتـەوە وە واز دەهێـنن لـەو بـارەی تیایداین، بەندی بۆیە زۆر دەبـێ چـونکە زۆر بەکـەمی کـەس بۆیـان دەڕوانێ‌و لە بارودۆخیان دەپرسێتەوە، بەڵکو تەنهـا گیــــراوەو کـەس لــێی ناپرســێتەوە، فـەرمان بـدە کاربەدەســتەکانت هــەموو ڕۆژێ بپرسنەوە لە بەندکراوەکانیان هەر کەسە پێویستی بە تەمێ‌و ئـەدەب بوو تەمبێ بکرێ‌و بەرەڵا کرێ، هەرکەسەش کێشەیەکی نەبوو بەردەمی والاکرێ و بەردرێ، پێیان بڵـێ بـا لـە تـەمێ کـردن‌و ئـەدەب دانـدا زیادەڕەوەی نەکەن.

لەوەدا سنور بەزێنی نەکـەن تـارادەی کـاری نادروسـت و نەشـیاو چونکە پێم گەیشتووە ئەوان لە تۆمەت‌و تاوانێکدا سێ‌سەدو دووسەدو کەم‌و زیاتریان لێ داون، ئەمە نەدروستەو نەبەرگەی دەگیرێ، جەسـتەو پشتی باوەڕدار پارێزراوە، مەگەر مافێکی واجب بووی لەسـەر بکـەوێ لەسەر شەرواڵ پیسی کردنێ یـاخود تۆمـەت هەڵبەسـتن یـا عـەرەق خۆریەك بێت، یا تەمێ‌کردنی لەسەر شتێ کە حەدی لە سەر پێویست

نــەبێ، لەســـەر ئــەو شـــتانەش(*) لێــدان نیــە، هــەروەها بیســـتومە کاربەدەستەکانت لە خەڵك دەدەن، پێغەمبەری خــوا ﷺ بەرهەڵســتی ئەوەی کردووە لە نوێژ خوێن‌و نوێژکەران بدرێت .

مانای ئەو فەرمودەیە لای ئێمــە - خــوا زانــاترە - بریتیــە لــەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کــردوە لــەوەی لێیــان بــدرێ بــێ ئــەوەی حەدێکیان لەسەر واجب بێت، کە شایستەی لێــدانیان بکــات، ئــەوەی پێمان گەیشتوە کە کاربەدەست‌و والیەکانی تۆ دەیکەن نە حوکم‌و نــە پیادەکردنی حدودەکانیشە، شتی وا لەســەر خراپــەکار پێویســت نیــە پیادە بکرێ تاوانەکەی گەورە یا بچوك بێت، هەرکەسیان شتێکی کــرد پێویست بوو لەسەری تۆڵەی بدات یا حەدی لــێ درێ یا تەمبێ بکرێ تاوانەکەی گەورە یا بچــووك بێــت، هەرکەســەیان شــتێکی کــرد کــە پێویست بوو لەسەری تۆڵەی بدا یا حەدی لــێ بدرێ یا تــەمبێ کــرێ ئــەوە دەبێــت ســزاکەی بەســەردا پیادەبــێ، بەهــەمان شــێوە ئەگــەر کەسێکیان برینداربیەکی وای کردبوو کە تۆڵەسەندنەوەی تیادا ئەنجام دەدرا، بەڵگەشی لەسەر بــوو، لێــرەوە برینەکــەی دەپێــورێ و تۆڵــەی لــێدەکرێتەوە مەگەر خاوەن ماف لێی ببورێ ئەگــەر نــەدەتوانراو بــە شێوەیەك نەبوو تۆڵەی لــێ بکرێتەوە ئەوا بڕیاری بریتیەکــەی دەدرێ‌و بەنــدکردنی درێــژ دەکرێتــەوە تــاوەکو پەشــیمان دەبێتــەوەو پاشــان بەردەدرێ، بەهــەمان شــێوە هەرکەســیان دزییــەکی وای کردبــوو کــە

(*) ئەوانەی حەدیان لەسەر نیە . وەرگێڕ

پێویستی به دەست بڕین بوو دەبڕدرێ، لەراستیدا پاداشتی پیادەکردنی حدودەکان گەورەیە.[١]

زاناو فەقیهەکان به گشتی کۆك بـوون لەسـەر ئـەو دەسـتەبەرییە دادوەریانە، (الضمانات العدلیة)و زیاتر لەوەش، هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ڕێگری کردن -سەرەڕای سەربەخۆییو چاکەخوازی قازیەکان لە- بڵاوبونەوەی ستەم لە جیهانی ئیسلامیدا بەوشـێوەیەی لـە ئـەوروپادا بـەدی هـات کـە مرۆڤـە ئازادەکانیـان دەکـردە کۆیلـە لەبەرئـەوەی نەیانـدەتوانی قـەرزەکانیان بدەنــەوە، وەلـەوێ دەرەبـەگی بڵاوبویـەوەو خەڵکی لە مافی موڵکداری بازرگانیو گواستنەوە بێبەش کرا بوون.. هتد. دابینکردنـی ئەوانـەش دوای شۆڕشـی فەرەنسـی سـاڵی ١٧٨٩ بەدەستکەوتەکان دادەنرا، کەچی جیهانی ئیسلامی به شتی لـەو جـۆرە ئاشنا نەبوو .

لەکاتێکدا جیهانی ئیسلامی دیاردەی زۆرداری و تاکڕەوی سیاسیو خراپی دەسەڵاتی بەخۆوە بینی، لە تواناداا هەبوو بەرەنگاری ئـەو بـارە بکـرێ ئەگـەر بنـەماو ڕێسـاکانی گوتـاری سیاسـی تـەئویل کـراو نەهاتایەتە ئاراوە، کە بـووە ڕێگـر لەبـەردەم ئـەو چاکسـازییەدا، بـە بیانوی ئەوەی سونەت داوای گوێڕایەڵیو ملکەچی (السمع والطاعـة) دەکات دەسەڵات هەرچەندە لادەرو خراپـەکاریش بێـت، یـا هەرچـەندە

---

(١) الخراج، ل (١٤٩-١٥١) بڕوانە ئەو زامنیو دەستەبەریانەی کە (قاضی القضاة)ی سەدەی دووەمی کۆچی تەئکیدیان لەسەر دەکاتەوە!

وازی هێنابێ له كارو ئه‌ركه‌كانی خۆیشی نمونه پاراستنی ڕووسوری‌و سه‌ربه‌رزی موسڵمانان‌و به پایان گه‌یاندنی بیروباوه‌ڕو پیاده‌كردن‌و به‌داوه‌ری كردنی شه‌ریعه‌ت؟!

هه‌ر كه ئه‌م بیروباوه‌ڕه له نێو زانایانی ئومه‌ت‌و گشتینه‌ی خه‌ڵكیدا بڵاوبویه‌وه، تاده‌هات لادانه‌كان جار دوای جار تۆزه تۆزه زیاد ده‌بوو، بێ ئه‌وه‌ی كه‌سێك رووبه‌رووی ده‌سه‌ڵات ببێته‌وه‌و لێپرسینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ بكاو به‌رهه‌ڵستی خراپه‌كاری یه‌كانی ببێته‌وه، به‌مه‌ش حوكم‌و بڕیاره‌كانی شه‌ریعه‌ت ووردە ووردە له‌كار خرا، خراپه كاری گه‌یشته ئه‌وپه‌ڕی تا كار گه‌یشته ئه‌وه‌ی زۆرێك له پادشاكان هاوپه‌یمانێتیان له‌گه‌ڵ دوژمنانی ئیسلام دا ده‌به‌ست‌و وازیان له جیهاد ده‌هێنا، موسڵمانانیش كه‌وتنه ژێرده‌ستی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی دوژمنه‌كانیانه‌وه، به‌وشێوه‌یه‌ی له ئه‌نده‌لوس دا روویدا، له‌وێ له ڕیشه ده‌ریانكردن، به‌هۆی خراپه‌كاری‌و لێك هه‌ڵوه‌شانی پادشاكانیانه‌وه، وه به هۆی ئه‌وه‌ی ئومه‌ت ڕووبه‌ڕوویان نه‌ده‌بونه‌وه، به‌مه‌ش كاره‌ساته‌كه هه‌موویانی گرته‌وه، له پاش چوارده سه‌ده له كه‌وتن‌و هه‌ره‌سی دوا پادشا له پادشاكانی ئه‌نده‌لوس ته‌واوی جیهانی ئیسلامی كه‌وت‌و هه‌ره‌سی هێنا - بۆ یه‌كه‌م جار له مێژووی موسڵماناندا - موسڵمانان كه‌وتنه ژێر ركێفی ده‌سه‌ڵاتی داگیركاری ئه‌وروپییه‌وه، له‌گه‌ڵ بوون‌و هه‌بوونی پادشاو حكومه‌ته‌كان له هه‌ر ولاتێك له‌و وولاتانه‌ی داگیركه‌ر چووبویه ناویه‌وه؟!!

داگیرکـەرو ئیسـتعمار هاتـە نێـو زۆربـەی وولاّتانـەوە بـێ ئـەوەی رووبەرووی بەرەنگارییەکی وا ببێتەوە کە شایەنی باس بێت، بەڵکو بە رێکەوتن لەگەل زۆربەی پادشاکانی ئەو سەردەمەدا بەدی هات ؟!

بـەردەوامیش زانایـان وایـان دەبینـی کـە گوێبیسـتیو ملکەچـی ئەوپادشایانە پێویستە، لە گـەڵ ئـەوەی واقـع تەئکیـد لەسـەر ئـەوە دەکاتەوەو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەوانە تەنها کاربەدەستێکی ژێـر دەسەلاّتی داگیرکەرو ئیستعمارن، هەروەك چۆن خدێوی میسر لـە ژێـر دەســەلاّتی ئینگلیــزدا بــوو، وە سەنوســیش لــە لیبیــا لــەژێر فەرمانڕەوایەتی ئیتالیەکاندا بوو...هتد.

بەردەوام زۆربەی زانایـانی ئـەو سـەردەمە وایـان دەبینـی دەبێـت گوێڕایەڵیو مل کەچی ئەو پادشایانە بکرێ بێ ئەوەی هەسـت بکـەن کە وولاّت بووە بە وولاّت و خانەی کوفرو بێباوەڕی (دار الکفر)، هێـزو دەسەلاّت هی دوژمنانە، فەرمانرەوای راستەقینە و بەرجەسـتە بریتـی بوو لە پادشای ئینگلتەرەو سەرۆکی ئیتالیاو فەرەنسا، نەك خـدێوی و سەنوسی.. هتد.

زانــاو شــەرع زانــەکان ئیجماعیــان لەســەر ئەوەیــە هــەر زەویو زەمینەیەك هێزو دەسەلاّت هـی موسـڵمانان بـوو شـەریعەت تیایـدا فەرمان رەوا بێت، ئـەوە بریتیـە لـە خانـەی ئیسـلام (دار الإسلام)، هـەروەها جیاوازیـەکی گەورەشـیان لـەوەدا نیـە کـە هـەر زەوی و زەمینەیەك، بـە شـەرع فەرمانڕەوایـەتی تیـادا نـەکرێ، هێـزو قسـە

ڕۆیشتویی تیایدا بۆ موسڵمانان نەبێت، ئەوە بریتیە لە خانەی کـوفرو بێ باوەڕی (دار الکفر)[1] تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش تیــادا زۆرینـه بن، هەروەك باری زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی لەو ماوەیــەدا وابووە، ئەوە بوو شەریعەت لەکار خرا، هێزو قسە ڕۆیشتویی بۆ داگــیر کەر و ئیستعماری ڕۆژئاوایی بوو .

لە ڕاستیدا داگیرکراویی‌و هەرەس‌و کەوتن سەرەنجامێکی سروشــتی ئەو نەتەوەو ئومەتانەیە کە بارودۆخی سیاسی‌و فیکری تیایدا دەگاتــه ئەو ڕادەیەی کە باسکرا لەو کاتەی جیهانی ئیسلامی کەوتە ژێردەستی جیهانی ڕۆژئاواییەوە قۆناغی گوتاری سیاســی تــەئویل کــراو لەســەر زەمینەی واقع کۆتای پێ هــات‌و ســەرەتای قۆنــاغی ســێهەم دەست پێدەکات، کە بریتیــە لــە قۆنــاغی گوتــاری سیاســی گــۆڕێنراو کــه بەرەئەنجامی شکستی فیکری‌و سیاسی‌و سەربازییە لە بەرامبــەر ئــەو هێــزە داگیرکــەرە ئیســتعماری یــەی دەســتێکی بــاڵای هــەبووە لــه دروستکردنی ئەم گوتارە نوێیە ؟!

(١) ســەیری المدونــة (٢/٢٢)و بــدائع الصــنائع (٧/١٠٣) والانصــاف (٤/١٢١) والســیل الجرار (٤/٥٧٥) و تفسیر المنار (١٠/٣٦٨ – ٣٦٩) بکە.

# قۆناغـی ســێیەم

# گوتاری سیاسی شــەرعی گۆڕێنـــراو ١٣٥٠ ك-؟

## بەشی ســێیەم

## گوتاری سیاسی شــەرعی گـۆڕێنراو

له كاتێكدا ئهگـهر گوتـاری تـهئویل كـراو لـه قۆنـاغی دووهم دا پارێزگاری كردبێ له ههندێ له بنهماكانی گوتاری دابهزێنراو - وهكو به پایان گهیاندنی بیروباوهڕ لـه ڕێی حـوكم كـردن بـه شـهریعهتو پارێزگاری لێكردنی، وه پاراستنی ئومهت له ڕێی ههستان به جیهادو بهرگری لـێكردنی، وه پارێزگاری كردن لـه پلـهو پایـهی خهلافـهت، تهنانهت ئهگهر ڕوكاریش بێت بهو پێیهی ڕهمزی یهكێتی ئومهت بوو - له ڕاستیدا گوتاری قۆناغی سێیهم تـهواوی ئهوانـهی تێپهڕانـد، لـه قۆنـاغی دووهمـهیش دا ووردهووردهو لهسـهرخۆ دهسـتكرا بـوو بـه پاشهكشێ لهو بنهمایانه، تاوهكو لادانهكه له كۆتاییو دوادواییهكانی سهردهمی عوسمانیدا گهیشته ترۆپكو لوتكه ئهویش به هێنانی یاسـا دانراوه مرۆڤـ كردهكان له ئهوروپاوه پاشان بهوهی ئومـهت بـه تـهواوی كهوته ژێر دهسهڵاتی داگیركهرو ئیستعماری ڕۆژئاوایی یهوه، ئـهوه بـوو ئهم باره نالهبارهو ژانداره گوتاری سیاسی شهرعی گۆڕێنراوی لـێ لـه دایك بوو، كـه لـه دهركـهوتنی كتێبـی (الاسلام واصول الحكم) — (ئیسلامو بنهماكانی فهرمانڕهوایی) شـێخ عهلی عهبدوڕازقو پاشـان به پشتگیری شێخی ئهزههر شێخ مهراغی دادهردهكـهوێ، تـاوهكو بـه تـهواوی شـهرعیهت ببهخشـێته ئـهم گوتـاره نوێیـهی بانگهشـهی ههڵوهشاندنهوهی خهلافهت و ههڵوهشانهوهی قهزای ئیسلامی دهكرد، به بیـانوی ئـهوهی ئیسـلام بنـهماكانی فـهرمانڕهواییو سیاسـهت و

بەڕێوەبردنی ئومەتی تیادا نیەو نەیهێناوە ؟!

سەرەڕای ئەوەی زانایانی ئومەت لەو کاتەدا ڕووبەڕووی ئەو کتێبە بوونەوە شەنو کەوی ئەو بیروبۆچونەیان کرد کە تیایدا بوو، کەچی ئەو گوتارەی لەو کتێبەدا هاتبوو بووە ئەو گوتارەی خۆی سەپاند بەسەر زەمینەی واقع دا، دواتریش چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی و ناوچەیی وەها بەرپا بوو کە باوەڕی بە یەکێتی ئیسلامی نەبو؟! وەچەندین سستمی عەلمانی وەها بەدیهات کە باوەڕی بە شەریعەتی ئیسلامی نەبووەو دیدو بۆچونی وانەبوو کە پێویست بێ پیادە بکرێ؟! وە جیهادی بە واجب نەدەزانی لە پێناوی پاراستنی ئومەتو ڕێبازی ئایین دا؟!

وای لێهات ئەم سێینەو سێ کوچکەیەی (خەلافەت - شەریعەت - جیهاد)ە بووە شتێکی قەدەغەکراو لەسەر ئومەتی ئیسلامی لەو کاتەوەی داگیرکەر هاتە ناوەوە، ئەمەش دیارترین بنەماکانی ئەو ووتارە گۆڕێنراوەیە، ئەم گوتارە وازی نەهێنا بەو هەموو لادانو پاشەکشێیەی لە بنەماکانی گوتاری تەئویل کراوەوە بۆمان جێمابوو، بەڵکو شەرعیەتی پۆشیە بەر ئەم گوتارە سیاسیە نوێیە بە ناوی ئاینەوە ؟!

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە ئاماژە بە سەرەتاکانی ئەو لادانە دەکات و دەڵێ: (هەروەها ئەمە لە زۆر گوتاری هەندێ لە کۆفیەکانو دانراوەکانیاندا دەبینرێ، ئەگەر یەکێك کاروکردەوەی پێغەمبەر ﷺ بکاتە بەڵگە لەسەریان دەڵێن ئەوە وەك سیاسەت دەیکرد! پێیان دەوترێ ئەمە سیاسەتە: بەڵام ئەگەر ووتیان ئەوە

دروستە بۆمان ئەوە شتێکی ڕەوایەو بریتیە لـە سیاسـەتی شـەرعی، ئەگـەر ووتیشـیان ئـەوە دروسـتو مەشـروع نیـە بـۆ ئێمـە، ئـەوە پێچەوانەکردنی سوونەتە، پاشان گوتەی ئەو کەسەی کە دەڵێ: ئەمـە سیاسەتە یا ئەوەتا مەبەستی ئەوەیە خەڵکی بـە شـەریعەتی ئیسـلام سیاسەت دەکرێنو بەڕێوە دەبرێن، یا ئەوەتا ئـەم سیاسـەتە بـەدەر لـە شەریعەتی ئیسلامە، ئەگەر قسەی یەکەم وترا ئەوە بەشێکە لە ئایین، ئەگەر دووەم ووترا ئەوە هەڵەیە.

بەڵام سەرهەڵدانی ئەم هەڵەیە لە ڕێبازی کوفییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی و کەم شارەزاییان بە سیاسەتی پێغەمبەری خودا ﷺو سیاسەتی خەلیفە راشیدیەکان. لە (صحیح)دا سەلماوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إن بني إسرائیل كان تسوسهم الأنبیاء، كلمـا مات نبـي قام نبـي، وأنه لا نبـي بعدي و سـيكون خلفـاء يكثـرون) قالوا فما تأمرنا؟ قال: (افوا بيعة الأول فالأول، وأعطوهم حقهم، فـإن الله سـائلهم عمـا اسـترعاهم)) واتـە: ئیسـرائیلیەکان لـە لایـەن پێغەمبەرەکانیەوە کاروباریان بەڕێوەدەبراو سیاسـەت دەکـران، کاتێـك کە پێغەمبەرێك دەمرد یەکێکی تر دەهـات، لـە راسـتیدا دوای مـن پێغەمبەری تر نایەت بەڵکو خەلیفەی زۆر دێن فـەرمویان فـەرمانی چیمان پێ دەکەی؟ فەرمووی ئەمەکدار بن بە بەیعەتی یەکەمو یەکەم، مافەکانیان بدەن، خواش لـە بـارەی خـەڵكو رەعیەتەکـەیان لێیـان دەپرسێتەوە .

کاتێك خەلافەت کەوتە دەستی عەباسییەکانەوە و پێویستیان بە بەڕێوەبردنی خەڵکی هەبوو، وە هەندێ لە شەرعزانی عێراقیش قەزایان بۆ گرتنە دەست، ئەوەندە زانستەی پێیان بوو بەس نەبوو بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دادگەرانەی پێ ئەنجام بدەن –ئا لەوکاتەدا- پێویستیان بەوە هەبوو ویلایەتی مافخوراوییەکان (ولاية المظالم) دابنێن، کردیانە ولایەتی جەنگ نەك ولایەتی شەرع، کارەکە لە زۆرێك ولاتی موسڵماناندا گەورەبوویەوە، تاوای لێهات دەوترا: شەرع و سیاسەت، ئەمەیان نەیارەکەی بۆ شەرع بانگ دەکردو ئەویتریان بۆ سیاسەت، بۆ فەرمانڕەوایەك بە دروست دادەنرا کە بە شەرع فەرمانرەوایەتی بکاو ئەویتریش بە سیاسەت.(١)

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەشەرعزان ناسراون، لە ناسین و شارەزایی سوننەت داکەمو کورتیان هەبوە، هەر بۆیە لە زۆرکاروباردا کاتێك کە فەرمان ڕەوایەتیان دەکرد چەندەها مافیان لە دەست دەداو چەندین حدودیان لەکاردەخست.

تا وای لێهات خوێن دەڕژاو سامانو دارایی دەبراو قەدەغەو حەرام کراوەکان بە دروست و موباح دادەنران، ئەوانەشی بە سیاسی دەناسران

---

(١) مەبەست لە سیاسەت لە قۆناغی دووەمدا، بریتیە لە هەر کارێك کە خەڵکی بەهۆیەوە لە چاکە خوازی و خۆشگوزەرانی نزیك بکاتەوە لە کاروباری ژیاندا هەرچەندە حوکمی شەرعیشی لەسەر نەهاتبێ نەك لە کار خستنی شەرع بە بیانوی سیاسەت وەك لە قۆناغی سێیەمدا روویدا؟!

به جۆرێك له بیروبۆچون سیاسه‌تیان ده‌كردو كاروباریان ده‌بـرد بـه‌ڕێوه كه دوور بوو لـه پابه‌نـدبوون‌و ده‌ستگرتن بـه كیتـاب‌و سـوونه‌ته‌وه، باشترینیان ئه‌وه‌یان بوو به‌بێ حه‌زو ئاره‌زوو فه‌رمانره‌وایـه‌تیان ده‌كـردو بـه‌دوای دادگه‌ریـدا وێـڵ بـوون‌و زۆربـه‌یان بـه حـه‌زو ئـاره‌زوو فه‌رمانڕه‌وایه‌تیان ده‌كرد، به هێزو بـه‌رتیل، ئـه‌و جۆرانـه‌یان ده‌خسـته پێشه‌وه‌و كاروباریان بۆ ئاسان ده‌كردن.

له هه‌مان كاتدا ئه‌و وولاتانه‌ی ڕێبازی خه‌ڵكی مه‌دینه‌ی تیادا بـه ده‌ركه‌وت، جۆرێك له فه‌رمانڕه‌وایـه‌تی دادگه‌رانـه‌ی وای تیـادا بـه‌ده‌ر كه‌وت كه له شوێنانی تردا نه‌بوو، ئه‌وه‌ی به‌رپرسی جه‌نگی بـوو، مـل كه‌چی زانایان بوو، له كاتێكدا ئه‌و شـارو وڵاتانـه‌ی ڕێبـازی خـه‌ڵكی عێراق‌و شوێن كه‌وتوانی ئه‌وانی تێدا بووه، وه‌هـا نـه‌بووه، لای ئـه‌وان كاربه‌ده‌سته جه‌نگیه‌كان هه‌بوو كـه مـل كه‌چـی زانـاو شـه‌رع زانـان نه‌بوون، خوای گه‌وره‌ش له قورئانه‌كه‌یدا فه‌رمـوویـه‌تی: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ﴾ (الحديـد: ٢٥) پیاده‌كردن‌و راگرێتی ئاین به كتێبێكی ڕێنمای كارو شیرێكی سه‌رخه‌ر به‌دی دێـت ﴿وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً﴾ (الفرقان: ٣١) لـه ئـاینی ئیسـلامدا ده‌بێـت شـیر (سیف) شوێنكه‌وته‌ی كیتـاب بێـت، جـا هـه‌ر كاتـێ شـاره‌زایی بـه كیتاب‌و سـونه بـه‌دی هـات‌و شـیریش شـوێنكه‌وته‌ی ئـه‌وبوو، ئـه‌وه كاروباری ئیسلام پایه‌داره، خه‌ڵكی مه‌دینه یه‌كه‌مین وولات بوون لـه‌و رووه‌وه، لـه سـه‌رده‌می خه‌لیفـه‌كانی راشـیدیندا كاروباره‌كـه ئـاوا

ڕۆیشتووه، بەڵام لە پاش ئەوان ئەوا بارەکە لاوازو سست تر بـووه بـەڵام باشتر لەوانی تر، بەڵام ئەگەر شارەزایی بە کیتاب کەمو کـورتی تیـادا بێت، شمشێریش جارێك لەگەڵی بێتو جارێك جیا بێـت لێـی — ئـەوا ئاینەکەش بەو پێیە دەبێت ..

هەرکەسێ لەمەو هاوشێوەکانی تێبگا بۆی روون دەبێتەوە کە چۆن بنەماو ئەسڵەکانی خەڵکی مەدینە باشترین بنەمای خەڵکی ڕۆژهەڵات بوون بە شێوازێك نزیکیو ڕێژەیەکی وا لە نێوانیاندا نیە). (١)

هــەروەها فەرموویــەتی: ((گشــتینەی میرەکــان چــەند جۆرێــك سیاسەتی زۆردارانەیان داهێنا، لە وەرگرتنی سامانێك کە دروست نیە وەریگرنو جۆرەها سزادان لەسەر خراپەکارییەکان کە دروست نیە سزاو ئەشکەنجەی تیادا بدرێ، چونکە کەمتەرخـەمیان نوانـد لـە فـەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە، ئەگینا دەگەیشتنە ئەوەی بەدروستی شـتیان لە خەڵك وەربگرتایە و لە شوێنێکدا دایانبنایە کـە شـوێنو جێگـەی خۆی بوایە، بەمەش وێڵی بەرپاکردنی دینی خوایـان مەبەسـت بوایـە نەك سەرکردەیی خۆیان، حدودە مەشروعەکانیان پیادە بکردایە لەسەر خانەدانو لانەواز، دوورو نزیك، هەوڵیان بخستایەتە گەڕ بۆ ئـەوەی بـە هاندانو ترسان ئەو دادگەرییەیان بـەدی بهێنایـە کـە خـوای گـەورە دایناوە، ئا لەوکاتەدا پێویستیان بەوە نەدەبوو گومرگ دابنێنو سـزای

(١) مجموع الفتاوی (٢١/٣٩١-٣٩٣) خەڵکی ئەنەدەلوس و مەغریب لەســـەر ڕێبازی مالـك و بنەماو ئەسڵەکانی خەڵکی مەدینە بوون.

زۆردارانە بـدەن بەســەر خەڵکیــداو پێویســتیان بــەوە نــەدەبوو کــەس بیانپــارێزی لــە کۆیلــەو بەنــدەکان، بەوشــێوەیەی لــە ژیاننامــەی خەلیفەکانی راشیدین و عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو کەسانی تر لە میری هەندێ لە هەرێمەکان بیسراوە.

بە هەمان شێوە زانایان ئەگەر کیتابی خوای گەورەیان بەرپاکردایەو تێبگەیشتنایە لەو روونکردنەوەو ڕێنمایانەی تێیدایە کە بریتیــە لــە بەڵگەی خوایی‌و زانستی بە سوودو کــرداری چــاك‌و بەکــەڵك، وە ئــەو داناییە خواییەیان پیادە کردایە کە خوای گەورە بــە پێغەمبەرەکەیــدا ﷺ هێناویەتی‌و بریتیە لە سوونەت‌و ڕێ‌و شوێنی ئەو، ئەگەر ئاوەهــا بەسەرنجەوە لێیان بڕوانیایە ئەوا، چەندەها زانست‌و زانیاری بەکەڵکیان تیادا دەبینیەوەو بە شێوازێك ڕەنگی دەدایەوە کــە ڕۆڵــی هەبوایــە لــە دیسپلین زەبتکردنی گشتینەی خەڵکیــدا، لــەو کاتــەدا کەســی حــەق ویست‌و رەوا خوازیان لە نارەوا خواز جیا دەکردەوە، بــەو پێیــەی خــوای گەورە ئەم ئومەتەی کردوە بە شاهید بە سەر خەڵکیدا، ئــەوەتا خــوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاس﴾ (البقرة: ١٤٣) بەمەش دەرباز دەبوون لەو بەڵگە هیچ‌و پوچانەی بیدعە چیەکان دایان دەهێنا بو، کە ئەهلی کەلامیش واگومان دەبەن بەو شێوەیە ئەسڵ‌و ڕێسای ئاینی پێ سەردەخرێ، وە بــێ نیــاز دەبــوون لەو بۆچوونە بێکەڵکانەی پێوەرخوازەکــان وا گومانیــان دەبــرد چڵ‌و

لقەکانی ئاینی پێ تەواو دەکەن.[1]

دیاردەی لادان لە سەردەمی مەملوکیدا زۆر بە روونو ئاشکرایی دەستی پێ کرد، ئەو سەردەمەش بریتیە لەو سەردەمەی شێخی ئیسلام تیایدا ژیاوە، لە هەردوو سەدەی حەوتەمو هەشتەمی کۆچیدا، بەردەوام پاشەکشێ کەم کەم لە زیادبوندا بو تا کۆتاییەکانی چاخی عوسمانی .

لەراستیدا گوتاری سیاسی شەرعی ئیسلامی بە گوتارێکی مرۆییانەی جیهانی دەستی پێکردو هەڵگری ئەو بنەما ئاسمانیە بوو کە بانگەشەی دەکرد بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆیلەیەتی مرۆڤ .

رزگارکردنیان لە بەندایەتی کردنی هەموو ئەو شتانەی بەدەرن لە خوای گەورە: ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ (آل عمران: ٦٤) بلێ ئەی خاوەن کتێبەکان وەرن بۆ لای گوتارێك کە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا یەکسانە ئەویش بریتیە لەوەی تەنها خوای گەورە بپەرستینو هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەینو هەندێکمان هەندێکی تر بەدەر لە خوای گەورە نەکەینە خاوەن و پەروەردگار.

پێغەمبەری خوای ﷺ پەروەردگارێتی (الربوبیة)ی لێرەدا بە واتایەك لێك داوەتەوە کە بریتیە لە ملکەچیو گوێڕایەڵیکردنی مرۆڤ

(١) اقتضاء الصراط المستقيم، ل (٢٨١).

بۆ جگە لە خوا، نەنگی لە خاوەن کیتابەکان گرتووە کە دەچن ئەحبارو ڕەهبانەکانیان بەدەر لە خوا دەکەنـە پـەروەردگاری خۆیـان: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ (التوبة: ٣١) واتـە: بـە هـۆی گوێڕایەڵی و ملکەچی کردنیان بۆ حبرو ڕاهیبەکان ئـەوانیان کردوەتـە پەروەردگاری خۆیان .

وە بانگەشەی یەکسانی کردووە لە نێوان هەموو خەڵکیدا، هەروەك خوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (الحجرات: ١٣) وە تەئکیدی لەسەر ڕێزداری مرۆڤ کردوەتـەوە هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ (الاسراء: ٧٠) لە راستیدا ئێمە مرۆڤ و نەوەی ئادەمان ڕێزدار کردووە.

وە هەواڵی ئەوەی پێداوین کە کیتابو شەریعەت هەرهـەمووی بـۆ پیادە بوونی دادوەری هاتووە لە نێوان خەڵکیدا و هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ (الحديد: ٢٥) واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە پێغەمبەرەکانمان ڕەوانەکردووە هاوڕێ لەگەل بەڵگەو نیشـانەی روون و ئاشکراو کتێبە ئاسمانیەکانیشمان هێنایـە خـوارەوە کـە لەگـەڵ ئـەو پێغەمبەرانەدا بێت، تـــەرازوو پێوەری شەرعیو دادپەروەرانەمان بـۆ روون کردوەتەوە تا خەڵکی بە عەدالەتو دادپەروەری ڕەفتار بکەن.

کەواتـە مەبەسـت لـە شـەریعەتو حوکمـەکانی کیتـابو

تەشـــریعەکانی بریتیـــە لـــە: جێبـــەجێ بـــوونی دادپـــەروەری لـــە ڕێی ڕزگارکردنی مرۆڤـ لە کۆیلایەتیو دەربازکردنی لە ملکەچی پادشـــاو سەرۆكو روهبانو حبرو هەموو ئەوانەی بەدەر لە خوان، وە بەتـــەنهاش گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ خوا دەربـــڕدرێ چـــونکە هـــەموان تەنانـــەت پێغەمبەران شتێك نین تەنها بەندەی خوا نەبێ، ئەو خوایەی شایستەی سوپاسگوزاریو گوێڕایەڵییە.

روبعی کوڕی عامر کاتێك دەچێتە لای ڕۆستەمی سەرکردەی سوپای فارسەکان بنەماکانی ئەم گوتارە دەردەبڕێ، سەبارەت بەو ئەرکەی کـــە بۆی هاتوونو ئەو پەیامە مرۆییەی هەڵیان گرتووە دەڵێ: (لە ڕاستیدا خوای گەورە ئێمـــەی نـــاردووە بـــۆ ئـــەوەی بەنـــدەکان دەربازبکـــەین لـــە کۆیلایەتی کردنی بەندە بـــۆ پەرســـتنی خـــوای بەنـــدەکان، وە لـــە زۆرو ستەمی ئاینەکانەوە بیانگەیەنینـــە دادگـــەری ئیســـلام، وە لەتـــەنگو تاریکی دونیاوە بیانبەین بۆ فراوانیو بەرینی دوا ڕۆژ).[1]

هەروەها (زهرە بن عبداللە الجشمی)ش هەمان شت دەردەبڕێ کاتـــێ کە ڕۆستەم سەبارەت بـــە ئاینەکـــەی لێـــی دەپرســـێ و ئـــەویش دەڵـــێ: (بریتیە لە شایەتی دان بەوەی هیچ پەرســـتراوێك نیـــە جگـــە لـــە خـــوا نەبێت وە موحەمەد نێردراوی خوایە، وەدان نان بە هەموو ئەو شتانەی لای خواوە هاتووە، وە ڕزگارکردنی بەندەکان لە بەندە بە پەرستیەوە بـــۆ

(١) سەیری (ابن جریر الطبري) (٢/٤٠١)، ساڵی (١٤)ك بكە.

خوا پەرستی، خەڵکی نەوەی ئادەمو حەوان و بـرای دایکـیو بـاوکین) ئەگەر موسڵمان بن ئەوا دەگەڕێنەوە، پێنانێنە زەوی زاریانەوە مەگـەر بۆ بازرگانی یاخود پێویستی یەك).[1]

لـە راسـتیدا گوتـارێکی مرۆییانـەی جیهـانی بـوو، هـەموو موسڵمانێکی ئەو سەردەمە بەشداری دەکرد لە هـەڵگرتنو بانگەشـە بۆکردنیدا، هەروەك لە فەرمودەی صحیح دا هاتووە: ((لأن یهـدي الله بك رجلا واحداً خیر لك من حمر النعم))[2] ئەگەر بە هۆی تۆوە خـوای گەورە کەسێك ڕێنمایی بکات باشترە بۆت لەوەی حوشتری سـورت پـێ بدەن .

هەموو ئەمەش بە مەبەستی ئازادکردنو ڕێنماییکردنی مرۆڤـ و بەرپاکردنی دادپەروەری.

لە راستیدا دەوڵەتو ئومەت لە خزمەتی ئەم ئاینەو بنەماو ڕێسـا مرۆییەکانیدا بووە، پاشان ئەم گوتـارە سـەری کێشـا - هـەروەك لـە گوتاری گۆڕێنراودا بەدی دەکرێ - بۆ گوتارێك کە سوڵتانو دەسەڵاتدار دەکاتە خوا یا نیوە خواو لێی ناپرسێتەوە لەوەی ئەنجامی دەدات، ئەوان لێپرسراون؟ فەرمان دەکاو گوێڕایـەڵی دەکـرێ، دەفـەرموێ و هـەموو ئومەت گوێبیستی گوتەکانین؟ زۆردارو خۆسەپێنی دەکـاو کـەس وەڵام ناداتەوە؟ دەکوژێو کەس تۆڵەی لێ ناسەنێتەوە؟ بە پێی ویستی خـۆی

---

(١) ابن جریـر (٢/٤٠٠-٤٠١).

(٢) البخاری ف ژمارە (٣٧٠١) ومسلم ف ژمارە (٢٤٠٦).

دەیباتو بەپێی ویستی خۆی واز دەهێنێ، پاشـان هەربەوەنـەدەش واز ناهێنێ تاوەکو فەتوا دەرو موفتی یەکی بۆ راسـت دەکرێتـەوەو ئـایین دەخاتە خزمەتی دەسەڵاتو حەزەکانیانەوەو وەگەڕی دەخات بۆ خزمەتی ئەوان، وە شـەرعیەت دەبەخشـێتە تـەواوی یـاخی بـوونو لـە سـنور دەرچووەکانیان، تاوای لـێدێ ئومەتی ئیسلامی بست بە بستی شوێن پێی ئەوروپای مەسیحی هەڵگرێ لە سەدەکانی ناوەڕاست دا، هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە: ((لتتبعن سنن من كان قبلكم)) واتە: شـوێن پێو هەڵسوکەوتی ئەوانەی پێش خۆتان هەڵدەگرن.

لە نێو موسڵمانان‌دا قەیسەر بەدی هات هەروەك ئەوان قەیسـەریان هەبوو، وە پاپا پەیدا بوو، ئاینی دەخستە گـەڕ بـۆ خزمـەتی دەوڵـەت هەروەك چۆن ئەوان پاپایان هەبوو، بـە نـاوی ئاینیشـەوە شـەریعەتی ئیسلام گۆڕێنرا بە یاسا دەستکردەکان، زۆرداریی سیاسی بڵاوبویـەوە، سـوکایەتی بـە مافـەکانی مرۆڤــ کـرا بـەناوی گوێڕایـەڵیکردنی کاربەدەستو سوڵتانەوە؟

لە راستیدا گوتاری سیاسی شەرعی گۆڕا بۆ گوتارێکی شێوێنراوی گۆڕاو، هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە گوتاری یەکەمی دابـەزێنراوەوە وە گۆڕا بۆ چەندین کۆتو بەند کە دەبوە پەردەو ڕێگر لەبەردەم ئومەتو ڕاپەرینیدا، گەلانو ئازادیاندا، مرۆڤایەتیو ڕێزیاندا، زۆری نەخایانـد خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ لە ئیسلام دەردەچـوون هـەروەك چـۆن پێشـتر کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتنە ناویەوە، لە ئیسلامی هەقو ڕەوا دەرنەدەچوون،

چونکە ئەو کەسەی بە ڕاستی ئیسلامی ناسیبێ لێــی ناچــێتە دەرەوە، بەڵکو خەڵکی لەو ئاینە پــوچو نارەوایــە دەرچــوون کــە بانگەشـــەی دەکرد بۆ بــت پەرســتیو ئەفســانە بــەناوی تەبــەڕوكو پــیرۆزی پیــاو چاکانەوە؟! وە بانگەشەی دەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژیریو عــەقڵ بــە بیانوی شوێنکەوتنی دەقو نەقڵەوە؟! وە بانگەشەی دەکرد بۆ ملکەچیو کۆیلایــەتیکردنی ســەرۆكو پاشــاو زانایــان بــە بیــانوی گوێڕایــەڵی کاربەدەست (أولي الأمر)ەوە؟!!

وە بۆ چینایەتی بە بیــانوی ئــەهلی حــەلو عەقــدەوە؟! وە بــۆ خــۆ بەدەستەوەدانو تەسلیم بون بە بیانوی قەزاو قەدەرەوە؟!

لە راستیدا بڵاوبونەوەی شــەپۆلی بێبــاوەڕیو ئیلحــاد لــە جیهــانی ئیسلامیو لە سەدەی رابــردوودا لــە رێی بڵاوبونــەوەی کۆمۆنیســتی لیبراڵیو نەتەوە پەرستییەوە، کاردانەوەیەکی سروشتیانەی وون بــوونو نادیاری گوتاری سیاسی شەرعی بوو کە لە ڕێنماییــەکانی ئیســلامی دابەزێنراو و زاڵ بوونی گوتــاری سیاســی شــەرعی گــوڕێنراودا خــۆی دەبینێتــەوە، کــە شــەرعیەتی دەکــردە کــاڵای بــاڵای زۆرداریو لادانو خراپەکاریەکانی سوڵتان، وە شەرعیەتی دەدا بەدەســت بەســەراگرتنی گەلانو تاکەکانو مافەکانیان بە شێوازێك ئومەت شتی وای بــەخۆوە نەبینیوە، تەنانەت لە خراپترین ســەردەمەکانی قۆنــاغی دووەمیشــدا، ســەرەڕایی نادیــاری رۆڵــی زانایــان و پیاوچــاکە کاریگــەرەکان لــەم ماوەیەدا، بە ناوی تــەئویلو لێکدانــەوەی ئاینــەوە حوکمــەکانی ووردە

وورده گۆڕێنرا، جارێك بـەبیانوی بەرژەوەندییـەوە، جارێك بـەبیانوی ناچـاریو زەرورەتـەوە، بـەردەوام واقـع چـەمکەکانی خـۆی دەسـەپاند تەنانەت وای لێهات ئیسلام تەنها ناوەکەیو شەرعیش تـەنها رەسـمو وێنەکەی مایەوە؟

لە راستیدا زۆرێك لـە زانایـان ڕووبـەرووی ئـەم لادانـەی گوتـاری سیاسی بوونەوە، بەڵام بانگەشـەکردنی ئـەوانیش تێپەڕنـەبوو لـەوەی گەڕانەوە بێت بۆ گوتـاری سیاسـی شـەرعی تـەئویلکراو، ڕاسـتە بـە تەواوی ڕووبەڕووی بانگەشەی هەڵوەشانەوەی پیادەکردنی شـەریعەت و پوچ کردنەوەی خەلافەت بوونـەوە، بـەڵام هـیچ کـەس بـە ئاشـکرایی بانگەشەی نەکرد بۆ گەڕانەوەی ئومەت بۆ گوتاری سیاسـی شـەرعی دابەزێنراو بەو شێوەیەی موسڵمانانی سەدەی یەکەم لەسەری دەڕۆیشتنو داوای گەڕانەوەی ئەم کارەیان کردووە بۆ راویژ، تـاوەکو ئومـەت خـۆی کەسێك هەڵدەبژێرێو کاروبارەکانی ببات بەڕێوە، بەبێ خەڵکیش هیچ کارێك یەکلا نەکرێتەوە، هیچ خەرجیو دەست تێوەردانێك لە سـامانو دارایدا نەکرێت بەبێ مۆڵەتی ئەو .

یەکەم بزوتنەوەی چاکسازی لە جیهانی ئیسلامیدا بریتـی بـوو لـە بزوتنەوەکەی پێشەوای نوێخواز موحەمەدی کوری عەبـدولوەهاب کـە هەستی بەو مەترسی یە کرد کە موسڵمانان پێی گەیشتوون، هەر بۆیە بیروای وا بوو پێویستە کاری جەماعی بۆ بکرێ بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەو لادانانەو جێبەجێکردنی چاکسازی، ئەمـەش پـاش بلاوبوونـەوەی

گوتاری تەئویل کراو بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژ کە ئەرکی چاکسازی بەهێز دەسپێرێتە دەسەڵات نەك بە کەسانی تر، ئیتر ئەو دەسەڵاتە هەرچەندە لاوازو بێ دەسەڵات و گەندەڵ بێت ؟!

شێخ موحەمەد دەستی کرد بە بانگەوازە چاکسازییەکەی، یەکەم تۆمەتێك کە ڕوو بەڕووی دەکرایەوە ئەوە بوو کە ئەو ئامانجی ئەوەیە خەڵکی بوروژێنێت دژ بە دەسەڵات و دەیەوێ خەڵکی شۆڕش بەرپاکەن و یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیەنن، وە ئەو خاوەنی چەندین ئامانجی سیاسییە؟ (١)

شێخ لە ساڵی ١١٥٣ ك هەستا بە ژیانەوەی فەریزەی فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە (باس و خواسی بڵاوبوەیەوە، خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ لای، کۆمەڵێك لە دەوری کۆبوونەوەو کردیانە بە سەرمەشقیان، شوێنی ڕێگەکەی دەکەوتن، بەردەوام لەگەڵیدا بوون، خەڵکی لە بەرامبەریدا بوونە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان شوێنی کەوتوو بەیعەت و پەیمانی پێیدا لەسەر ئەوەوە بانگەشەی بۆ دەکرد، دەستەیەکی تریان دوژمنایەتی و دژایەتیان دەکردو کارەکانی ئەویان خراپ ناوزەد دەکرد). (٢)

---

(١) سەیری (تأريخ نجد)ی (ابن غنام)ی قوتابی شێخی پێشەوا بکە، ل (٨٥-٨٧). وە سەرنج دە لە دوبارەبوونەوەی هەمان ئەو تۆمەتانە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی لادانەکانی دەسەڵات دەبنەوەو بانگەشە دەکەن بۆ چاکسازی؟!

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٣-٨٤).

شێخ موحەمەد ئالۆزیو ئیشکالیاتی مافی دەسەڵاتو دەوڵەتی لە چاکسازیو گۆڕانکاری بەدەر لە خەڵکی تێپەڕاند، ئـەوەی بـۆ مـاوەی چەندین سەدەی دوور درێژ لە گوتاری سیاسی تەئویلکراودا بڵاوو باوو بوو تاوەکو خراپەکاری تەشەنەی کردو شەریعەت لە کار خرا، هەروەها شێخ هەستی بەوە کردبوو ئەوەی ئامانجو مەبەستی ئەمـە بـە کـاری کۆمەڵیانە نـەبێت ئـەنجام نادرێـت و جێبـەجێ نـاکرێ، هـەر بۆیـە شوێنکەوتووانی هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەیەوە لە (حریملای) شارو نیشتمانەکەی خۆیدا بەیعەتو پەیمانیان پێی دا پێش ئەوەی بچێ بـۆ (الدرعیة)و لەگەڵ موحەمەدی کوڕی سعودی مـیری ئەوێـدا دیـدەنی بکات .

پاش ئەوەی لە ساڵی (١١٥٨ك) لە (العیینة) دەرچوو، وە ڕۆیشـت بۆ (الدرعیة)و کۆبونەوە لەگـەڵ مـیر موحەمـەدی کـوڕی سـعوودا، گوتاری سیاسییە نوێ خوازییەکەی روونو ئاشکرا بوو، ئەوە بـوو مـیر بە (ڕێزو شکۆدارییەوە پێشوازی لـێکردو هـەواڵی ئـەوەی پێـدا وەكو خێزانو منداڵەکانی خۆی دەیپارێزێو بەرگری لـێ دەکات.

شێخیش باسی ئەو بارەی بۆ کرد پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەسـەری بووەوەو بانگەشەی بۆی کردووە، وە لەپاش خۆیشی هـاوەڵانی (خوایـان لـێ رازی بێـت) پیادەیـان کـردووە، فـەرمانیان کـردووە بـە چـاکەو بەرهەڵستی خراپەیان کـردووە، وە هـەموو بیدعـەو زیادکردنێـك لـە ئایندا گومڕاییە، وە باسی ئەوەی بۆ کرد کە خـوای گـەورە بـە هـۆی

تێکۆشـــانو جیهـــادکردن لـــە پێنـــاوی خـــوادا ســـەربەرزو شـــکۆدارو دەوڵەمەندیان دەکات و کردویانێتی بە برا، پاشان هەواڵی دا ئەو بـارە نالەبارەی پێ دا کە لە سەردەمی ئـەودا خـەڵکی نەجـدی پێگرفتـار بوونە هەر لە سەرپێچیکردنی شەرعی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەیو هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا تاوەکو بیدعەچیەتی و ناکۆکیو ستەم.

کاتێك مـیر محمدی کـوڕی سـعود بـە تـەواوی ئاشـناو شـارەزایی یەکتاپەرستی بوو، وە زانی چەندە بەرژەوەندی دینو دونیـای تیادایـە، پـێی ووت: (ئـەی شـێخ، ئەمـە ئـەو ئاینـەی خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکەیەتی کە هیچ گومانێکی تیادا نیە، مـوژدە بـدە بـەوەی پشتیوانی خۆتو ئەوەی فـەرمانت پـێکردووە دەکـرێ، جیهـادیش دژ بەوانە ڕادەگەیەنرێ کە پێچەوانەی یەکتاپەرسـتین، بـەڵام دوو مـەرجم لەسـەرت هەیـە: ئێمـە ئەگـەر هەسـتاین بـە پشـتیوانیکردنت وە جیهادمان کرد لە پێناوی خوادا، خوای گەورە وولاتانی لەسەر دەسـتی ئێمەو تۆدا رزگار کرد - ئەترسم لامان بڕۆیتو بـە جێمـان بهێڵـی وە بەکەسـی تـر بمانگۆڕیتـەوە، دووەم: مـن قـانونێکم[1] هەیـە بەسـەر (درعیة)وە ئەویش ئەوەیە لە کاتی بەروبوم دا لێیان وەردەگرم، ئەترسم بڵێی: هیچیان لـێ وەرمـەگرە، شـێخیش فـەرمووی: سـەبارەت بـە یەکەمیان دەستدرێژکە: خوێنم خوێنتانەو ژیانم لەگەڵ ژیانتانە (الـدم

(١) بریتیـە لـەو بەرهـەمو سـامانەی بێدەسـەڵات دەیداتـە دەسـەڵاتدار بـۆ ئـەوەی بیپـارێزێ و بەرگری لێ بکا،لای نەجدیان ناو ئەبرێ بە (الخفارة والقانون).

بالدم والهدم بالهدم)، سەبارەت بە دووەمیش هیـوادارم خـوای گـەورە ئەوەندە سەرکەوتنت بۆ دەستەبەر بکات بەمـەش دەسـتکەوتی باشـتر لەوەت بۆ دابین ببێ.

مـیر موحەمـەد دەسـتی درێـژ کـردوو لەسـەر ئـاینی خـواو پێغەمبەرەکـەیو جیهـاد لـە پێنـاوی ئـەو و پیـادەکردنی یاسـاکانی ئیسلامو فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی خراپە بەیعـەتی دا بـە شـێخ، شـێخیش هەسـتاو لەگەڵیـدا چـووە شـارو نیشـتمانەکەیەوەو لـەلای نیشـتەجێو سەقامگیر بوو، لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی هاوکاریو پشتیوانیان کرد لـە مـیر موحەمـەدو وەزیرەکـانو هاوکارەکانیـان لـە خەڵکی درعیە بریتی بوون لە (ثنیـان بـن سـعود) مەشـاری کـوڕی سعودو فەرحانی کوڕی سعودو شێخ کوڕی سولیمو شێخ عیسای کوڕی قاسمو موحەمـەدی حـوزەیمیو عبـدالله کـوڕی دغیشـر و (سـولیمان الوشـەیقری)و حەمـەد کـوری حوسـێنو موحەمـدی برایـیو جگـە لەمانیش).[1]

پێشەوا موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لەم دیدارەدا پێویستی بە گەڕانەوەو هێنانەکایەوەی گوتاری سیاسی نەبەوی سەردەمی مـەککی هەبوو - ئەیتوانی بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر واجبی فەرمان بە چـاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بێئەوەی پێویستی بەو پێشەکییە هەبێت لەبەر

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٧).

بڵاوی گوتاری تەئویلکراو کە خەڵکی هەر بەوە ئاشنا ببوون و دیدیان وابوو ئەو ئەرکە تەنها بە دەوڵەت دەسپێری نەك ئوممەت، ئەمەش شێخ موحەمەدی ناچار کرد سەرەتای بانگەوازی ئیسلامی لە مەککەدا وەبیر بهێنێتەوە، وە چۆن توانرا دەوڵەت لە مەدینەدا بەرپا بکرێ، وە جیهاد بکرێ تاوەکو ئەم پرۆژە چاکسازییە بەدی بهێنرێت‌و ئەنجام بدرێ.

لە راستیدا شێخ روون و ئاشکرا بووە لەو هەوڵەی دەیدا بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتێك ئەم ئاینە پیادە دەکات، چونکە ناکرێ ئایین بەرپاکرێ – بەتایبەت ئیسلام – بێ‌ئەوەی دەوڵەتێك هەبێت حوکم‌و یاساکانی جێ‌بەجێ بکات، شێخ موحەمەد پێغەمبەری خوای ﷺ کردە سەرمەشق لەو بەیعەتەی لە میری وەرگرت، هەمان ئەو دەربڕینەی بەکارهێنا کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەکاری هێنا (الدم بالدم والهدم بالهدم).[١]

دۆزو کێشەکە دۆزو کێشەی بەرپاکردنی دەوڵەتێکە لەو کاتەدا بوونی نیە، بەرپاکردنی ئاینێکە مەشخەڵ‌و نیشانەو شەقڵەکانی سڕاوەتەوەو وە پێویستی بە قوربانی‌و هەڵە مادی‌و مەعنەویانە هەیە لەو ڕووەوە پێویستن.

بە تایبەت ئەو ڕووبەڕووبونەوە فیکریەی پاشتر ڕوودەدات لەگەڵ گوتاری سیاسی تەئویل کراوو کە دوژمنانی دەوڵەتی نوێ لە ناوخۆی

(١) سەیری (مختصر سیره ابن هشام)ی هارون، ل (٩٧) بکە.

نەجدو دورگەی عەرەبی و دەرەوەیدا وەك چەكێك بە كـاری دەهێـنن دژ بە گوتاری سیاسی راشدی كە شێخ موحەمەد پێویستی پێی دەبێ بۆ ئـەوەی بیهێنێتـەوە ئـاراو سـەر لـە نـوێ زینـدووی كاتـەوە بـۆ ڕووبەڕووبونەوەی گوتاری تەئویل كراو .

مشتو مڕ سەبارەت بە دروست بوونی جیهادو پیـادەكردنی مـافو حدودەكان بەبێ ئیمام یا جێگرەكـەی هاتـە ئـاراوە هـەروەك گوتـاری تەئویلكراو وا دەخوازێ، شێخیش وەڵامی دانەوە بەوەی: (ئیمامـەكانی هەموو ڕێبازێك كۆن لەسەر ئەوەی هەركەسێ تـوانی زاڵ بـێ بەسـەر وڵاتێك یان چەند وڵاتێكدا ئەوە لە هەموو شتێكدا حوكمی ئیمامی هەیە، ئەگەر ئەمە نەبوایە كاروباری دونیا رێكو ڕاسـت نەدەڕۆیشـت چونكە خەڵكی لە سەردەمێكی زووی پێش ئیمامی ئەحمەدەوە تـاوەكو ئەمڕۆش لەسەر ئیمامێك كۆك نەبوونو نەشزانراوە یەكێك لە زانایـان باسی ئەوەی كردبێت هیچ شتێك لەو حوكمانە پیـادە ناكرێت ئەگـەر ئیمامی گەورە نەبێت، ئەو قسەیەت كە دەڵێی: ئایا پێویستە لەسەرت؟ بەڵێ پێویستە لەسەر هەموو ئەو كەسـانەی توانـای ئـەوەیان هەیـە، ئەگەر نەیكات گوناهبارە، بەڵام دوژمنانی خوا ئـەم گوناهـە دەكەنـە بەڵگە بۆ رەتكردنەوەی ئەوەی لە تواناياندا نیە نكـوڵی لـێ بكـەن، هەروەها كاتێك من فەرمانم دا بە رەجم كردنی زیانكەر ووتیان: ئەبێت مۆڵەتی ئیمام وەرگری و ئەگەر قسەكەیان تەواو بێت ئەوا دروست نیە

قەزاو ئیمامەتو هی تریش بگرنە دەست).[1]

بەردەوام ئەم گومانو شوبهانەی ئاراستەی بانگەوازەکەی شێخ کـرا تەنانەت تا دوای کۆچی دوایشی دەوترا ئەوەی پێی هەستاوە حەرامـە، وە دەرچوونە لە گوێڕایەڵی ئیمـام – خەلیفـەی عوسمـانی- هەربۆیـە فیقهی حەنەفی میسری (ابن عابدین) بە دەق لـە (الحاشیة)دا دەڵـێ شێخو شـوێنکەوتوانی خـەوارجن، بـەهۆی ئـەو تێکەڵیـەی گوتـاری تەئویلکراو ئەنجامی ئەدات لە نێـوان چـەمکی دەرچـوونو ڕاپـەرینی سیاسیانەو دەرچونی بیروباوەڕو عەقیدیانە، ئەمـە لـە کاتێکـدا شـێخ تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کـە ئـەو بـیروڕای لەگـەڵ ئیمامـەتی سوڵتانی عوسمانیدایە، شێخی عەلامە عەبدولرەحمان کوری حەسـەنی کوری عەلی کوڕەزای وەڵامی ئەو کەسانە دەداتـەوە گومـانی ئـەوەیان دەورۆژاند کە جیهاد بەبێ ئیمام نـاکرێ، لـەم بارەیـەوە دەفـەرموێت: (بێگومان فەرزی جیهاد تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێ، ئەوەی گوتارەکەی ئاراستەکراوە باوەڕدارانن، ئەگەر کۆمەڵێك کۆبونەوەو توانای بەرگریان هەبوو پێویستە لەسەریان بە پێی توانای خۆیـان لـە پێنـاوی خـوادا تێبکۆشن، بە هیچ شێوەیەك ئـەو فـەرزە لاناچـێت و لەسـەر تـەواوی دەستەو کۆمەڵەکانیش دەمێنێ).[2]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل (٤٥٣-٤٥٤)، سەرنج بدە چۆن هەمان ئەو شوبهەیەی شێخ موحەممەد ڕووبەرووی بویەوە سەرلە نوێ گـەڕایەوە بۆ گوتاری هاوچـەرخ ، بەڵام ئـەمجارەیان لەسـەر دەسـتی هەنـدێ لـە شـوێنکەوتوانی قوتابخانەکـەی شـێخ موحەممەد خۆی دا؟!

(٢) الدرر السنیة، (٧/٩٨).

ئەو ویستویەتی شەرعیەتی جیهادکردنی شێخ موحەممەدو هاورێکانی بسەلمێنێ دژ بە ئەوانەی ڕێگردەبن لەبەردەم بانگەوازەکەیدا، هەروەها دەڵێ: (بە چ کتاب‌و بە چ بەڵگەیەك جیهادکردن تەنها لەگەڵ ئیمامێکی شوێن پێ هەڵگیراودا ئەنجام دەدرێت؟

ئەمە دەم هەڵبەستە لە ئاییندا، بەڵگە لەسەر مایەپووچی ئەم ووتەیە زۆرترو بەناوبانگترە وەك لەوەی باسکرێ، لەو بەڵگانە گشتێتی فەرماندان بە جیهادو هاندان بۆی‌و هەڕەشەکردن لەسەر واز لێهێنانی). [(١)]

پاشان دەڵێ: (تەواوی ئەوانەی بە جیهادی ڕێی خوا هەستاون، ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەیان کردووە ئەو فەرزەیان بەجێهێناوە کە خوای گەورە لەسەری داناون، ئیمام نابێت بە ئیمام ئەگەر جیهاد نەکات، نەك ئەوەی جیهاد بەبێ ئیمام ناکرێ). [(٢)]

لێرەدا تەئکید هەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی حوکمە شەرعیەکانی ئاڕاستە دەکرێ بریتین لە تەواوی موسڵمانان، ئەوان لێپرسراون لەوەی واجبێك جێبەجێ بکەن ئەگەر هاتوو ئیمام نەیتوانی

---

(١) الدرر السنية (٩٨/٧)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ووتەیەی عەبدورەحمانی کوڕی حەسەن ڕووبەڕووی بویەوە تاوەکو پرووپوچیەکەی بسەلمێنێ بووەتە ئەسڵ‌و بنەمایەك لە ئەسڵ و بنەماکانی سەلە فیەتی هاوچەرخ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ئەمە قسەی ئەحمەدی کوری حەنبەلە، کە جیهاد لە کاتی نەبوونی ئیمام دا پوچ‌و بەتاڵ نابێتەوە، ئەمەش کۆڕای هەرچوار ڕێبازەکەیە بگرە تەواوی ڕێبازە فقهی یەکانە جگە لە ئیمامیەکان .

ئەنجامی بدات یا وازی لــیّ‌هێنا، هەمو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ نادیــاری ئەو چەمکانەی سیاسەتی شــەرعی لــەو ماوەیــەی گوتــاری سیاســی تەئویلکراو باڵی کێشــابوو بەســەریدا، شــێخ موحەمــەدو ئەوانەشــی بەدوایدا هــاتن هەســتیان بــەوەکردبوو ئــاین بــەبێ دەولــەت نابێــت، دەوڵەتیش بە بێ کۆمەڵ و سەرکردەو بەیعەت‌و پەیمان‌و تێکۆشان بەدی نایەت، هەموو ئەمانەش لە قەدەغەکراوەکانی گوتاری سیاسی تەئویل کراون چونکە دەرچوونە لە گوێڕایەڵی کاربەدەست (ولی الامر).

شێخ موحەمەد بەڵگەی خۆی لەو بارەدا دەبینیەوە کە پێغەمبــەری خوا ﷺ لەسەرەتای بانگەوازی ئیســلامەوە لەســەری بــووە، وە چــۆن هەوڵی دەدا بۆ پیادەکردنی ئاین لە ڕێگەی پیادەکردنی دەوڵەتــەوە لــە مەدینەداو ڕاگەیاندنی جیهاد بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکــەی ... هتــد، شێخ پێویستی بەوە بوو چونکە گوتاری تەئویلکراو بێ توانا بوو لەوەی ئەو بەڵگانەی فریا بخا کە ئەتوانێ بیکاتــە بەڵگــە لەســەر ئەوانــەی پێچەوانەی ئەوە بوون لەبابەتی گۆڕاندنی خراپــەو پیــادەکردنی حــەدو مافــەکان بــەبێ مۆڵــەت‌و ڕاســپاردەی ئیمــام‌و بــەرپاکردنی جیهــادو کوشتاری دوژمن‌و ناحەزان ... هتد.

شێخ سەرکەوتوو بوو لەوەی گوتاری سیاسی شــەرعی لــە هەنــدێ ڕوویەوە نوێ بکاتەوە، وەکو زەرورەتــی بــەرپابوونی دەوڵــەت تــا ئــاین پایەدارو بەرپا بێت، وە پێویستی هەســتانی ئومــەت بــەو ئەرکانــەی خوای گەورە لەسەری داناوە لە کاتێکدا ئیمام جێ‌بــەجێی نــەکات یــا

نەتوانێ پێیان هەستێ، بەڵام نوێکردنەوەکە تا دوای بەرپاکردنی دەوڵەتیش لە نەجددا ساڵی (١١٥٨)ك لەو ئاستەدا وەستاو گەشەی نەکرد.

لەگەل ئەوەی شێخ لە ساڵی (١٢٠٦)ك کۆچی دوای کردوو هاوچەرخی سێ لە میرەکان بوو، ئەوانیش موحەمەدی کوڕی سعودی کوڕی عەبدولعەزیزو عبدولعەزیزی کوری سعودو سعودی کوڕی عەبدولعەزیز بوون، حەل‌و عەقدو وەرگرتن‌و پێدان‌و پێشخستن‌و دواخستن بەدەست ئەو بوو، هیچ سوپایەك نەدەخرایە ڕێ وە هیچ رایەك لە موحەمەدی کوڕی سعودو عەبدولعەزیزی کوڕی یەوە دەرنەدەچوو بەبێ قسەو بیروڕای ئەم ،کاتێك (ریاض) لە ساڵی (١١٨٧)ك رزگار کرا شیخ موحەمەد کاروبارو خانەی سامانی سپاردە میر عەبدولعەزیزو خۆی پابەندی پەرستش‌و فێرکاری کرد، عەبدولعەزیزیش بێ ئەو هیچ کارێکی نەدەبڕیەوەو بەبێ مۆڵەتی ئەویش جێبەجێی نەدەکرد.(١)

لە راستیدا گوتاری سیاسی شەرعی پاش بەرپابوونی دەوڵەتی ئیسلامی نوێ لە نەجددا، گەڕایەوە بۆ چەمك‌و تێگەیشتنەکانی گوتاری سیاسی تەئویلکراو، هەروەك لە کتێبەکانی (الأحکام السلطانیة)دا هاتووە، هاو وێنەی مەشروعیەتی سپاردنی کاروباری فەرمانڕەوایەتی بە کوڕەکانیان بەو شێوەیەی لە سەردەمی

---

(١) تاريخ نجد، ل (٨٩-٩٠).

ئەمەویەکانو عەباسیەکاندا باو بوە، بێئەوەی ئەو کارە بکرێتە راوێـژ لە نێوان موسڵمانەکاندا بەو پێیەی لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا بووە.

هەروەها توێژینەوەی ئەو کێشانە نـەدەکرا کـە بریتـی بـوون لـەو چەمکە سەلەفیانەی هاوەڵان لەسەری ڕێك بوون، پێغەمبەری خوا ﷺ هانی داوە پابەندی پێیەوە بکرێ لە فـەرمودەی: ((علـیکم بسـنتي و سنة الخلفاء الراشدين)) لێرەدا مەبەست ڕێو شوێنی ئەوانە لـە کـارو باری خەلافەت و بەڕێوەبردنو سیاسەتکردنی کاروبـاری ئومـەت بـەو شێوەیەی لە کیتابو سوننەدا هاتوە.

ئەگەر شێخ سەرکەوتوو بوایە لە زیندوکردنەوەی ئـەم چـەمکانەدا ئەوا بانگەوازەکەی دەنگۆیەکی گەورەترو زیـاتری دەبـوو لەگۆڕانـدنی واقیعـی جیهـانی ئیسـلامیدا، دەبـوە نمونەیـەکی راشـدیو دەکرایـە سەرمەشقو شوێنی هەڵدەگیرا.

لەوانەیە ئەو هۆکارەی بـووە ڕێگـر لەبـەردەم ئـەوەی بتـوانێ ئـەو گۆڕانکارییە ئەنجام بدات بریتی بـوو لـەو بارودۆخـەی دەورو خولـی بانگەوازی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخەی دەوری دەوڵەتی دابوو لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا توندو نالەبار تر بوو، هاوێنـەی جەنگی هەڵگەڕاوەکانو جەنگە دەرونیـەکان لەگـەل فـارسو ڕۆمـدا، بەڵام ئەوانەش ڕێگر نەبون لەوەی هەڵبژاردنی ئیمام بە ڕاوێـژی نێـوان

موسڵمانان بێت، وه ڕێگر نەبوو لەوەی ئومــەت چــاودێر بێــت بەســەر ئیمامەوەو بــەبێ ئــەو هــیچ شــتێك نەبڕێتــەوە، وە بــەبێ زانیــاری و ڕەزامەندی ئەو هیچ دەســتكاری یــەك لــە خانــەی ســاماندا نــەكات، هەموو ئەمانەش وای نەكرد بەبێ ڕەزامەندی ئــەو كــار بســپێرێ بــە كەسێك ..

لە ڕاستیدا بانگەوازی چاكسازیانەی شــێخ موحەمــەد گــەورەترین كاریگەری هەبووە لە نوێكردنەوەی هەندێ لە چــەمكەكانی گوتــاری سیاسی شەرعی، كە بووە هــۆی كردنــەوەی دەرگــا لەبــەردەم چــەندین بزوتنەوەی چاكسازی تر لە زۆربەی وولاتە ئیسلامییەكاندا ئەمەش لــە دوای ئەوەی چەند سەدەیەكی دورو درێــژ تێپــەڕی بــە ســەر ناكــارایی ئومــەتو زاناكــانی لــەوەی بــە چاكســازی كاروبارەكــان هەســتنو سەروەرییەكان زیندو كەنەوە بە گەڕانەوەیان بۆ ئاین، پاش لەناوچوونی شقڵو مەشخەڵەكانی.

گوتــاری سیاســی تــەئویلكراو كــە دەوڵــەتی عوسمــانیو مــیرە شوێنكەوتووەكانی لە جیهانی عەرەبیو دورگەی عەرەبیــدا تەبــەنیان دەكرد توانی ڕووبەڕووی ئەم گوتارە ببێتــەوەو زینــدە بەچاڵی بكــاتو درعیە تێك بشكێنێت بەڵام بزافێكی فیكری نوێی تر دەستی كرد بــە بڕینی ڕێگەو گوتــاری سیاســی خــۆی نــوێ كــردەوە بەســەركردایەتی جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٨ز- ١٨٧٩ز) كە لە میرنشینی (كنــر)ی

ئەفغانستان لە خێزانێکی حوسەینی عەلەوی بەناوبانگ لەدایك بووە.[1] پاش ئەوەی بینی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ئیسلامی لە چ لاوازیو پەرتەوازەییو شکستیەکدایەو چۆن کەوتوەتە ژێردەستی داگیرکەرو ئیستعمارەوە، وە چۆن گەلان رۆڵیان وونو نادیارە لە رەوتی رووداوەکاندا، لەبەر ئەوەی بێ ئاگایە لەوەی لە دەوروپشتیدا روودەدات، هەر بۆیە جەمالەدین بلێسەی راپەرینی داگیرساندو هاواری پیادا کرد. هەروەك بیریاری جەزائیرو مالك کوی نەبێت دەڵێ: (لە هێمنی شەوداو لە سڕبوونو بێهۆشی قوڵی ئومەتی ئیسلامیدا، لە وولاتی ئەفغانەوە دەنگێ زیندوو بووەو بانگی سپێدەیەکی نوێ دا بە گوێیدا، دەنگێ بانگی دەکردوو دەیووت: وەرن بەرەو رزگاری، لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دەدایەوە، ئەویش دەنگی جەمالەدینی ئەفغانی بوو، بەئاگاهێنەری ئەم ئوومەتە بۆ راپەرینێکی نوێو رۆژێکی تازە.[2]

هەروەها کاتێك باس لە تەوژمی چاکسازییانەی جیهانی ئیسلام دەکات، دەڵێ: (سەبارەت بە تەوژمی یەکەم: وا دەردەکەوێ ئەمە هەر

---

(١) مێژوو نوسو ئەدیب شوکەیب ئەرسەلان لە ژیاننامەکەیدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەرسەلان پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە حەجدا یەکێك لە سەیدە بەناوبانگەکانی (کنر)ی ئەفغانی بینیوەو تەئکیدی لەوە کردبووەوە کە ئەفغانی لە خێزانەکەی ئەوانە، بە هەمان شێوە تەواوی سەفیرەکانی حکومەتی ئەفغانستان و پیاوە ناودارەکانیان ئەمەیان بۆ ئەرسەلانی مێژوونووس تەئکید کردووەتەوە .

(٢) شروط النهضة، ل (٢٢).

لە سەردەمی ئیبن و تەیمیەوە ملی ڕێی گرتبێ و هێڵێکی دیاری کراوی خۆی دیاری کردبێ لە ژیانی موسڵماندا، هەروەك چۆن تـەزوی کارەبـا لە ناخی زەویدا ڕێڕەی خۆی دەگرێ پاشان لێرەو لەوێ لە کاتێکەوە بـۆ کاتێکی تر تیشکی خۆی دەداتەوە، ئیبنو تەیمیە وەکو شـێخەکانی تـر زانا نەبووە وەکو غەزالیش سۆفی نەبووە بەڵام تێکۆشەرو موجاهیدێك بووە بانگەشەی کردووە بۆ نوێ خوازیو ڕوحی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا .

هەر ئەم تەوژمەش سـەری کێشـا بـۆ پێکهێنـانی ئیمپراتۆریـەتی موەحییدینی بەهێز لە ئەفریقای باشورو لەسەر دەستی (ابن تومرت)، هەر ئەمەش بوو سەری کێشا بۆ بنیات نـانو دامەزرانـدنی دەوڵـەتی وەهابیـەکان لـە ڕۆژهـەڵاتو لەسـەر دەسـتی (موحەمـەدی کـوری عەبدولوەهاب) پاشان موحەمەد عەلی بە فەرمانی بابی عـالی و بـە پشتیوانیو پشتگیری وولاتە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی (١٨٢٠) ڕایماڵی، لەگـەڵ ئەوەشـدا گیـانی وەهابیـەت بـە زینـدووی مایـەوە، تـاوەکو هەواداارانی ساڵی (١٩٢٥) توانیان جارێکی تر سەر لەنوێ لە شێوەی پاشا نشینی وەهابێ نوێدا بەدەری بخەنەوە، سـەرەڕای ئەمـەش لێـرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەم بزوتنەوەیە هـەر لـە سـەردەمی کـەوتنی دەوڵەتی وەهابی یەکەمەوە واتـە نزیکـە سـەدەیەك بریتـی بـوە لـەو ویژدانەی لە جیهانی ئیسلامی نوێدا ڕەنگ دانەوەی هەبووە، ویـژدانی (جەمالـەدینی ئـەفغانی) ئـەو کەسـەی لـە دلڕفێنـیو شـەیدایی

شاخەکانەوە ڕایکرد لە داخی ئەو مۆرکە ســوکایەتییەی کۆمەڵگــەی پاش موحیدەکان نوسانبوی بە تاکەوە، تاوەکو بیکات بە قوربــانی یــا ماستاوچیو مەرایی کار.

لە راستیدا جەمالەدین سەرەڕای ئەوەی خاوەن چــەندین لێهــاتووی خوارســكو (فطــري)یانــە بــوو لــە هــەمان کاتــدا پیــاوێکی خــاوەن رۆشنبیرییەکی بێوێنە بوو، وە دادەنرێ بە دەروازە والآکــەری ســەرەتای سەردەمی (پیاوی رۆشنبیریو زانست) لە جیهــانی ئیســلامی نــوێدا، لەوانەیە هەر ئەم ڕۆشنبیرییە پاڵنەر بووبێت بۆ ئەوەی لاوانی ڕۆشــنبیر لە ئەستەمبول و قاهیرەو تاران شوێنی بکەونو هەر ئەم لاوانــەش لــە پاشەڕۆژدا سەرکردەی بزوتنەوەی چاکسازی تیادا هەڵ بکەوێ.[1]

هەروەها دەڵێ: (قەدەرەکان ویستیان ئەو پیاوە لە مێــژوودا بکەنــە شایەدێکی راستگۆ، وە حوکمێکی یەکلاکەرەوەو کۆتایی هێنەر بەسەر کۆمەڵگەیەکــدا کــە زۆر لەســەر خۆیانــە کاروبارەکــانی بــەرەو هەڵوەشانەوە چوو بوو، لــە هــەمان کاتــدا داگیرکــەرو ئیســتعماریش دەستی کردبــوو بــەوەی زەوی نیشــتمانەکەی داگــیر بکــات، لەوانەیــە پاڵنەری راستەقینە کە بووە هۆی ئەوەی ویستی چاکسازی لە ویــژدانی ئەو پیاوەدا بچێنێ بریتی بوبێت لە شۆڕشی (سیبای) کــە بــە خــوێن دامرکایەوە، جەمالەدین ئامادەی ئەم کارەساتە بوو کە دیمەنی ئیفلاس

---

(١) وجهة العالم الإسلامي، ل (٤٩) .

بوونی روحیو مادی لـێ دەخوێنـدەوە، لـە جیهـانی ئیسـلامیدا ئـەو ئیفلاسە شکستی ئەو شۆڕشەی بەدوادا هات، لە وێنەیـەکی تریشـدا بزوتنەوەی (علیکره) کە لە دوای ئەو رووداوە خوێنیاویانە لـە هینـدا بەدەر کـەوت هـەمان ئـەو راسـتییەی تەئکیـد کـردەوەو لـە دیـدی جەمالەدیندا بریتی بوو لە ناپاکیەك بەرامبەر ئیسلام و موسـڵمانان، هەر بۆیـە یەکسـەر جـەنگی راگەیانـد دژ بـە سیسـتەمە کۆنخـوازو بەسەرچووەکانو دژبە بیروبۆچونە مرێنەرەکان.

ئامانجی یەکەمی: بریتی بوو لەوەی پایـەکانی سیسـتمی فـەرمان رەوایـی ئـەو کاتـە بپوکێنێتـەوە، هـەروەها جـارێکی تـر بونیـاتی رێکخستنێکی سیاسی لە جیهـانی ئیسـلامیدا بنیـات بنـێ لەسـەر بناغەی (برایەتی ئیسلامی)، ئەو برایەتییـەی لـە (صـفین) پارەپـارە بوو، سیستمە ئیستعماریەکانیش بەیەکجاری لەناویان بردبوو.

ئاراستەی کارەکە هەرچۆنێك بووبێت ئەوا رۆڵی جەمالەدین رۆڵـی ئەو بیریارە نەبووە کـە قـووڵ دەبێتـەوە بـە نێـو گرفتەکانـدا تـاوەکو چارەسەرەکانی بۆ ئامادەساز کـا، چـونکە رەوشـتی تونـدو یـەکلایی خوازی ئەو رێی پێنەدەدا بەو شـێوەیە بێـت، لەڕاسـتیدا ئـەو پـێش هەرشتێك تێکۆشەرو موجاهید بووە، ڕۆشنبیریە دەگمەنەکـەی تـەنها هۆ کارێکی جەدەلی بووەو هەندێ جار بۆ ئاستی جەماوەریش دابەزیوەو بۆتە هۆکارێك بۆ چالاکی شۆڕشگێڕانە.

لە ڕاستیدا ئەو چالاکییە گرنگییـەکی دەرونـیو ئـەدەبی زیـاتری

هەبوە وەك لە گرنگییەکی سیاسی هەبوبێ بۆ ئەو چاخەی ئەو تیایـدا ژیـاوە، کاتێـك کـە جیهـانی ئیسـلامی نقـووم بـوو لـە بـێدەنگیو دامرکاویەکی هەمە لایەنەدا، یەکێك لـە سـودەکانی ئـەم چـالاکییە بریتی بوو لە تەقاندنەوەی کارەساتی ئیسلامی لە ویژدانی موسـڵمان خۆیـدا بـەڵام وادەردەکـەوێت بـەئاگا هێنانـەوەی ئـەو ویژدانـە بـەو کارەساتانەی پەنگی خواردبوەوە بەشـێك بـوو لـەو نەخشـەو بەرنامـە ڕێژییەی جەمالەدین دایناب‌وو ...

ئەگەر جەمالەدین بەوەش دانەنرێ کە سەرکردە یان فەیلەسوفێکی بزوتنەوەی چاکسازی نوێ بوو بێت. ئەوا بێگومان پێشـڕەوی بـووە بـە هۆی ئەوەی هەڵگری ئەو هەموو ڕاڕاییە بووەو لە هەر کـوێ بـوو بـێ لەگەڵ خۆیدا گواستویەتیەوە، ئـەو ڕاڕاییـە سـەلمێنەری ئـەو هەوڵـە خاکیانەیەیە کـە ئـەو داویـەتی لـە پێنـاوی ڕاپـەڕینو ڕێنیسانسـی هەنوکەدا، لە ڕاستیدا پێشڕەویشی بوو، لەو کاتەوەی هەوڵی دەدا لـە پێناوی سەر لەنوێ ڕێکخسـتنەوەی سیاسـیانەی جیهـانی ئیسـلامی، هەرچەندە مەبەستی ئەو لەو ڕێکخستنە بریتی بـوو لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵانی خەڵكو چاکسـازی یاسـاکان، بـێ ئـەوەی مەبەسـتی بێـت چاکسازی لـەو مرۆڤـەدا بکـات کـە چـاخی دوای (موەحیدینـەکان) دایڕشتبووەوە .

جەمالــەدین بــە زیرەکیــە ڕاســتگۆیانەکەی هەســتی کردبــو کۆمەڵگەکەی تووشی چ بۆگەنیو گەندەڵیەك بووە، جا ئەو بـاوەڕی وا

بوو لە جێگای ئەوەی توێژینەوەی ئەو هۆکارە ناوخۆییانـە بکـات کـە سەری کێشاوە بۆ ئەو بارە، ئەتوانێ بەدەسەت گـرتن بەسـەر سسـتەمو یاساکانی دەوروبەریدا ئەو بارە نالەبارە نەهێڵێ.[1]

موحەمــەد ئیقبــال[2] ســەبارەت بــە جەمالــەدین و بزوتنــەوە چاکسازییەکەی دەڵێ:

(.... لەوانەیــە یەکــەم موســڵمانێ زۆر ســور بــوو بێــت لەســەر پێداویستی گیانی تازە، شا وەلیوڵا دەهلەوی بوو بێت، بەڵام ئەو پیاوەی بەتەواوی هەستی کردبوو بەگرنگی ئەم قورساییو چورتم و کارەساتە، وە ووردبین بوو بەواتا قوڵەکەی لە مێژووی فیکرو ژیان لە ئیسـلامدا، سەرەرای ئەوەش ئاسۆیەکی فراوانو فـرەی هـەبوو کـەسو بـارودۆخی ناسی، شارەزاییەك کردبویە پردی پەیوەندی لە نێوان رابردوو ئێسـتادا ئەو کەش بریتی بوو لە جەمالەدینی ئەفغانی.

هەرچەندە ئەو چالاکییەکی یەکجار فرەو پەرتەوازەیەی هـەبوو کـە کول بوونو ماندووبوونی نەدەزانی ئەگـەر بەتـەواوی کـۆ ببوایەتـەوە لەسەر ئیسلام بەو پێیەی سیستمە بـۆ بیروبـاوەڕی مرۆڤــ و رەفتـارو رەوتو رێڕەوی لە ژیاندا، ئەگەر ئەو تەنها ئەوەی بکردایە ئەوا جیهانی ئیسلامی لە رووی ژیریو عەقڵیەوە بناغەیەکی بەهێزو پتەوتری دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیەتیو لەسەریەتی....)

---

(١) وجهة العالم الإسلامي مالك كورى بنى، ل (٥٠-٥٢).

(٢) تجديد التفكير الديني في الإسلام، ل(١١١).

مــیر (شــکیب ارســلان) ســەبارەت بــە کاریگــەری بانگەشــەی جەمالەدینی ئەفغانی لە ڕاپەڕینو ڕێنسانســدا ووتویــەتی: (هــەموو خاوەن دیدو تێڕوانینەکانی ئەم سەردەمە ڕێکن لەسەر ئەوەی، هــاتنی سەید جەمالەدینی ئەفغانی بۆ میسر سەرەتای بزاڤێکی فیکری بــوو، کە لە ولاتە عەرەبییەکانو وولاتانی تری ڕۆژهەلاتی خــوارووودا دەســتی پێ کــردووەو بــەردەوام تــاوەکو ئێســتەش لــە گەشــە کردندایــە، بــە مەبەستی ئەوەی ڕۆژهەلاتیش ئەوشارەزاییو مەعریفەتانە بەدی بهێنێ کە ڕۆژئاوا توانی بە هۆیەوە زاڵو سەروەر بێت، وە زاڵی ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەلات نەهێلێتو ڕۆژهەلاتیش مێژووی گەشەکردنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، جەمالەدین لای هیچ کەس لە ئەزهەر نەیخوێنــدووە، بــەلام هەلقەیەکی تایبەتی لە ماڵی خۆیدا هەبووە، هەندێ لە ئەدیبــەکانی وولاتی تیادا ڕێك خستبوو، دەریــای داناییــەکانی ئــەویان وەردەگــرت، ئامێزیان بۆ ووتە بەنرخو بیرو بۆچونە جوانــەکانی گرتبــووەوە، لــە نــاو قوتابیەکانیــدا چــەندەهایان ناوبانگیــان دەرکردبــوو لەوانــە شــێخ موحەمەد عەبدەو شــێخ عەبدولکــەریم ســەلمانو ئیــبراهیم ئەفەنــدی لەقانیو سەید وەفا قونیو سەعد پاشا زەغلول.

موریدو هەلگرانی زانســتەکەی زۆر بــە گــەرموگوڕی یــەوە دەیــان نووســیو ووتاریــان دەداو ئــەو ســوودو قازانجــەی پێیــان گەیشــتبوو دەیانگەیاندە جەماوەر، شتە بێوێنەو ناوازەکانی ئــەویان ڕێــكو پێــك دەکرد، ئەمانەش زمانێکی بالاو نوێ بوو، خــەڵکی ئاشــنای شــتی وا

نەبوون و کەسی لەو جۆرانەیان نەبینی بوو، شێوازێکی وابەرزو بـاڵای هەبوو چەند سەدەیەك بوو لە مەیداندا پیاوانی وا نـەبینرابوون، هـەر بۆیە لە ئومەتدا بزاڤێکی بیروبۆچونی وای بەدیهێنا کە پێشتر نـەبوو، فووی بە گیانێکی وادا کردبوو کە مۆرکی عیرفانو چاکیەکانی ئـەوی تیا بەدی دەکرا، ورەیان بەرزبویەوە، عەزیمەتیان نوێ بویەوە، تواناکـان کەوتنە گەڕو چەندین کەسی بواری رەوانبێژیو ووتاربێژی بەدەرکەوتن.

شێخ موحەمەد عەبدە سەبارەت بە وەسفی ئەم بزاڤـە ئـەم ووتەیـە دەڵێ: (ژیریو بیرەکان رۆشن بونەوە، دیدەکان رووناکی بەخش بـوون و وەهمو ئەندێشە خـوازی لەبـەردەم پایـەکانی ژیریـدا خۆیـان نـەگرت وتوانەوە[١]).

هـــەروەها شـــکیب ئەرســـەلان دەڵـــێ: (ئـــەو شۆڕشـــەی ســـەید جەمالەدینی ئەفغانی لە سیاسەتدا بەرپای کرد کەمتر نـەبوو لـەوەی لە مەعریفەکاندا بەدی هێنا، سوێند بێ ئەم دووە جمکانەی یەکن کەم جار هەیە زانست لە شوێنێکدا بلاوبوبێتەوەو هاواری رزگاریو ئـازادی بـەرز نەبوبێتـەوە یەکـەم کاریگەریـەکی جەمالـەدین لـە گۆڕەپـانی سیاسیدا بەدەرکەوتبێ بریتی بوو لەو بزوتنەوەیەی لە دوادوایی ڕۆژانی خدێوی ئیسماعیل پاشادا کلپـەی سـەندو سـەری کێشـا بـۆ ئـەوەی ئیسماعیل پاشا لە خدێویتی لا ببرێت، سەید دەستێکی بـاڵای هـەبوو

(١) السيد جمال الدين الأفغاني، ژیاننامە بە پێنوسی (شکيب ارسلان).

تیایدا، کاتێك تۆفیق پاشا لەسەر کورسی میسر دانیشت سوپاسی هەوڵەکانی جەمالەدینی کرد، بەڵام کارەکان بەو شێوەیە درێژەی نەخایاند تاوەکو مارەکانی دوو زمانی دژ بە ئەو خۆیان خشاند، کەسانێك هاتن‌و چپاندیان بە گوێی خدێوی نوێ‌داو تێیانگەیاند کە سەید لەم ئاست‌و سنوورەدا ناوەستێ، لەوانەیە بیر لە شۆڕشێکی ترو بەرپاکردنی فەرمانڕەواییەکی جەماوەری وشتی لەو جۆرە بکاتەوە، بەردەوام دوو زمان‌و مەرایی خوازەکان بەم ئاستە ناشیاوەدا قسەکانیان دەڕازاندەوەو شتیان ڕێك دەخست، لە کوتوپڕێکدا فەرمانێك دەرچوو بۆ دوور خستنەوەو دەربەدەرکردنی جەمالەدین بۆ سوێس، لەوێوە چوو بۆ هیند، پاشان هاتەوە میسر، بزوتنەوەی عورابی لە نادیاری ئەودا روویدا، ئینگلیزیش میسری داگیرکرد).[1]

پاشان چوو بۆ ئێران لەوێ شوێنەوارەکانی ستەم‌و زۆرداری و کارەساتی جەورو ستەم مافخوراوی‌و لە دەستدانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی بە چاوی خۆی بینی کە خرابوونە خزمەت حەزوو ئارەزوی تاکە کەسەکانەوە، هەموو ئەمانە ئەوەی لە بیریدا چەسپاند کە کار بکا بۆ لابردنی شا لەو پلەو پایەی کەتیایدا بوو.[2]

لە (دائرة المعارف الاسلامية الفرنسية)دا هاتووە کە:

(سەید موحەمەد کوڕی سەفتەر، یەکێك بووە لە پیاوە گەورەکانی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو

(٢) سەرچاوەی پێشوو

ئیسلام لە سـەدەی نـۆزدەدا بـەپێی بۆچـونی (بـراون) فەیلەسـوفو نووسەرو وتاربێژوو رۆژنامەنووس بووە، پێش هـەموو شـتێك سیاسـی بووە، هـەوادارانی بـە نیشـتمان پـەروەرێکی گـەورە تێیـان روانیـوەو دووژمنانیشی بەورووژێنـەرێکی مەترسـیدار، کاریگەریـەکی گـەورەی هەبووە لەسەر بزاڤە ئازادیخوازەکانو ئەوانەی داوای راوێژیان کـردووە، کە لە دەیەکانی دووایینی ئەو سـالآنەدا بەدەرکـەوتن، لـە حکومەتـە ئیسـلامیەکاندا بزوتنەوەکـەی مەبەسـتی بـوو ئـەو پادشانشـینو مەملەکەتانە لە ژێر دەسەلآتی ئەورووپیەکان دەربهێنێت و رزگاری کـا لە ئیستغلال کردنی بیانیەکان، وە هەوڵی دەدا کاروبارە ناوخۆییـەکان پەرەی پێبدا بە دامەزراندنی چەندین دامودەزگای ئازاد .

بەهەمان شێوە بـیری لـەوە دەکـردەوە تـەواوی ئـەو حکومەتانـە - لەناویاندا ئێرانی شیعی- پێکەوە کۆبکاتەوە لـە دەوری خەلافـەتێکی ئیسلامی تاوەکو بەویەکێتیو یەکگرتنە رێ بگرێ لەدەست تێوەردانی ئەورووپی لە کارەکانیاندا، جەمالەدین بە پێنوسو زمانی، ڕاستگۆترین نوێنەرو نمایندی کۆمکاری ئیسلامی (الجامعـة الاسـلامية)یـە بـوو، خێزانە بەرێزەکەی دەگەڕێتەوە سـەر حوسـێنی کـوڕی عەلـــی کـوری ئەبوتالیب لە ڕێی فەرمودەناسی بەناوبانگ (الترمذي) یەوە، هەر بەر لەئەمەش نازناوی (السيد)ی پێ بەخشراوە).[1]

---

(١) سەرچاوەی پێشـوو.

ئەفغانی هەستی بــە مەترسیەکانی زۆرداری سیاســی کردبــوو، وە دەیزانی سەردەکێشێ بۆ پەرتــەوازە بــوون و پــەرتبوونی ئومــەت و زاڵ بوونی ئیستعمار بەسەریدا، ڕێگەی رزگاری و سەربەخۆیش تەنها بریتی بوو لە چاکسازی گوتاری سیاسی، هەوڵێکی زۆری دا بــۆ ئامۆژگــاری کردنی خەلیفەی عوسمــانی (ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەم) تــاوەکو کاروباری دەوڵەت چاکسازی بکا لە ڕێی ڕاوێژو ئازادی و هەوڵــدان بــۆ یــەککگرتن لەگــەڵ ئێرانــدا بــۆ ڕووبەڕووبونــەوەی هاوپــەیمانێتی داگیرکاری و ئیستعماری خاچی کە دەستی کردبوو بە زاڵ بوون و دەست بەسەرا گرتنی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی .[(١)]

گرفتــی رۆژهــەلاتی ئیســلامی و هۆکــاری لاوازییــەکانی لــە یادەوەریەکانیدا شیتەڵ دەکــات و دەڵــێ: (گاڵتەجاڕیــە هەڵبســین بــە خۆپێــوان لەگــەڵ پێشــینە چــاکەکاندا، ئەگــەر پێوانەکــە لەگــەڵ جیاوازیشدا بوایە کارەکە سوك و ئاسان و زیانەکەش کەم بــوو، بــەڵکو پێوانەکردنەکە بە تەواوی پێچەوانەیە ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَـا بِقَـوْمٍ حَتَّـى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ (الرعد: ١١) وە دەفەرمــوێ: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّـهَ لَـمْ يَـكُ مُغَيِّراً نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (الأنفال: ٥٣) وە دەفەرمــوێ: ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُـورِ مِـنْ بَعْـدِ الـذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ﴾ (الانبیاء: ١٠٥) وە دەفــەرمویت: ﴿وَلِلَّـهِ

---

(١) سەیری (خاطرات جمال الدين الأفغاني) بکە.

الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ (المنافقون: ٨) وه فەرمویێت: ﴿وَكَانَ حَقّاً عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الروم: ٤٧) وه دەفەرمویێت: ﴿وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً﴾ (الفتح: ٢٨) .

خـوای گـەورە بـەڵێنی داوە لـە ئایەتـە روونو ئاشـكراكانیدا بـە شێوازێك كە تەئویل پەسەند ناكات، كەسێ ئەو ئایەتانـە بـە خراپـی لێك دەداتەوەو تەئویلی دەكا كە ڕێگەی وون كردبێ و سەری لێ شـێوا بێت، وه بەدوای ئەوەوە بێت كە ووتەو شتەكانی تـر لـە جـێی خۆیـدا دانەنێو بیان شێوێنێ، ئەمە بەڵێنی خوایە بـۆ ئـەم ئومەتـەی خـوا خستویەتیە بەر بەزەیی و خوای گـەورەش بەڵێنـەكانی دەباتـە سـەر، بەڵێنی سەركەوتنو سەبەرزیو قسە بالآیی پێداوە، ڕێی خۆش كـردووە بۆ دەستكەوتنی بەرئەنجامی ئەو بەڵێنانەی تا ڕۆژی دوایی سەربەرزیو سەرفرازیەكەی سنوری نیە.

بەڵێ، خەڵكێك راستگۆ بوون لەگەڵ ئـەو پەیمانانـەی بـە خوایـان دابو، ئەویش پاداشتی خۆی پێدان كە سـەربەرزی دونیـاو بەختـەوەری ڕۆژی دوایی بوو.

ئەم ئومەتە لەمڕۆدا ژمارەی بـەنزیكی دەگاتـە دووسـەدو هەشـتا ملیۆن پانتایی زەوییەكەی هەروەك پێشتر ڕوون كرایـەوە لـە زەریـایی ئەتلەسییەوەیە تا ناوەوەی چـین، زەویو زاری پـاكو پوخـتو بەپیتـەو چەندین وولآتی بەرینو فراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبیـنین وولآتـانی بـە تـالآن بـراوە، سـامانەكەی داگیركـراوە، بیانیـەكان زاڵو دەسـەلآتدارن

بەسەر تەواوی گەلانی ئـەو نەتەوەیـەدا گـەل بـە گـەلی، زەویەکـەیان بەشبەش کردووە، پادشـا نشـینو هەرێمـەکانی پـەرت پـەرت کـراوە، قسەیەکی بیستراوی بۆ نەماوەتەوە، گوێڕایەڵی ناکرێت، تەنانەت ئـەو پادشایانەشی کە ماویەتی، هەموو ڕۆژێك لە چورتمو تەنگانەیەکـدان وە تووشی ناخۆشـیو شـەوەزەنگی ئەنگوستەچـاو دەبـن، کاتـەکانیان بەشی ئەو کارەساتە ناکات کە رووبەروویان دەبنەوە، ترسو بیمەکانیان لە هیواو ئاواتەکانیان گەورەترە .

بەبەرچاوی خۆمانەوە دەبینین بیانیەکان وولاتەکانمان داگیر دەکـەن، کەسو کارمان سەرشۆڕو ژێردەست دەکەن، خوێنێ برا بێتاوانو پاكو بەریئەکانمان دەڕێژن، جوڵەیەك لەکەسمانەوە نابینرێ .

ئــەم ژمــارە زۆرە، ئــەم رەشــاییو جــەماوەرەی ئــەم میلەتــەو ڕۆژهەڵاتیەکانی تر، بۆ بەرگری کردن خۆیانو نیشتمانیان لـە زیـادەی ماڵــەکانیان، شــتێك نابەخشــن، ژیــانی دونیایــان هەڵبــژاردوو خۆشەویستیان بۆ دونیا بە ڕادەیەکە هەریەکەیان پێی خۆشـە هـەزار ساڵ بژی با خواردەمەنی سەرشۆڕیشی بە قوڕگدا بکرێتو دەرخـواردی دریۆ جلو بەرگی شڕۆڵیو نەداری بێو جێگەو ڕێگەشی سـوکایەتیو بێ ڕێزی بێت.

ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشـتیو موسـڵمانان بـە تایبـەتی کـە خـاوەنی موڵکی داگیرکراونو سامانی بەتاڵان براون، خاوەنی یـەك قسـە نـین، پەرتەوازەو ناکۆکن، برا سۆزی بۆ برا نیە، دراوسێ ئـاوڕ لـە دراوسـێ

ناداتەوە هەریەکەیان چاوەڕێی هەلێکیتی تا زیان لەویتر بدات، ڕێز لە دروشمی ئاینەکەمان ناگرین و بەرگری لە پایەگاو حەوزەکانی ناکەین، بە گیانو سامانمان سەربەرزو سەر فرازی ناکەین هـەروەك فـەرمانمان پێ کراوە، ئایا ئەوانە خۆ بە باوەڕدار دەزانن و ئەو پۆشاکەیان پۆشیوەو وادەزانن خوای گەورە تەنها بە قسەو گوفتاری سەرزمانیان لێیان ڕازی دەبێت و لە دڵەکانیان ناپرسێتەوەو حسابی بۆ ناکا؟ ئایا خوای گـەورە لێیان ڕازی دەبێت بەپێی بەرژەوەندییەکانیان بیپەرستن؟ ئەگەر خێـرو بێریان تووش بوو دڵ ئارام بن پێی، ئەگەر تووشی ئـازارو ناخۆشـیەك بێن هەڵگەڕێنەوە، دونیاو دوارۆژیش لە دەست بدەن .

ئەورووپییەکان چەندەها سیاسەتو ڕێو شوێنیان گرتەبەر بۆ فراوانو بەرینکردنی شانشینەکانیان، هونەرکاریان کـرد بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو هۆکارانەی دەیانگەیەنێتە ئەو ئامانجـەیان، زیـرەکترین و خێراترینیـان لەمەدا (ئینگلیز) بوو کـە تـوانی دەسـت بگرێـت بەسـەر زۆرتـرین شوێندا، ئەوان لە پێشەوەی ئەو وڵاتە ڕۆژئاوایانەوە بوون کە دەیانزانی داگیرکردنـی وڵاتـانو خۆسـەپاندن بـە سـوپاو هەوڵـدانو کوشـتار، نالەبارو بێزارترین کارێکە، بەڵام هاتنە ناوەوە لە دەروازەی فرتو فێڵو نەرمو نیانیو گـزیو سـاختەکاری یـەوە، ئاسـان و لـەبارترو نزیـكو کـــاراترین هەوڵدانێکـــە، ئەمـــەیانی وەك چـــەکێك بـــەکارهێناو سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەی پێئەنجام دا، وازی لە یەکەم هێنا کـە بریتی بوو لە (جەنگو کوشتارو دەستگرتن بەسەر وڵاتانـدا بـە زۆرو

ناچاریو گەڕایەوە بۆ دووەمو چادرو عابایـەکی لەبـەرکردوو نـاوی نـا نەرمو نیانو خۆش پۆش، ئەم داگیرکاری یەشی ناونـا ئیسـتعمار واتـە (ئاوەدانکردنەوە) ئەو شارنشینانەشی داگـیری دەکـردن نـاوی نـا بـوو (ئاوەدانکراوەکان) (المستعمرات) ئەو خەڵکەشی فەرمانڕەوایی دەکردن ئـاوەدانخواز (مسـتعمرین) بـوون، کارەکـە بـەو شـێوەیە ڕۆی تـاوەکو پەیدابوو (مجلّی) پەیدابوو، ئـەوان دەستپێشـخەریان کـرد، وولاّتـانی تریش بەدوایاندا هاتنو (شکیت)یش هاتە ئاراوە.

ئـەم ئیسـتعمارە لـە رووی زمـانو زاراوەوە، لـە رووی چـاوگو داتاشراوەوە، من تەنها بە ناوە دژەکان (اسماء الأضداد) دەیبینم، بەڵکو نزیك ترە لە کاولکاریو وێرانکردن (الخراب والتخریب)و بەندەو کۆیلە کردن (الأسترقاق والإستعباد)ەوە وەك لەوەی بنیات نانو ئاوەدانکاریو ئاوەدان خوازی (العمار والعمران والاستعمار) بێت، وولاّتـە داگیرکـەرو ئیستعمارەکان تەنها بۆ ئەو وولاّتانە دێن کە دەوڵەمەندن لە سەرووەتو سامانو کانو کانزاداو خاکەکەیان بە پیتە، وە بۆ ئەو ناوچـانەی کـە خەڵکەکانی کەڕەوالـەو نـەفامو نـەزانو تەمبـەڵیو تـەوەزەلی بـاڵی بەسەریاندا کێشاوەو هیچ بزوتنەوەو جوڵەیەکیان نیەو نزیکـی شـەڕو پێکدادان ناکەونەوە .

ئەگـەر (وەك ڕیزپـەڕیو ناوازەییـەك) دەوڵەتـە ئیسـتعماریەکان ڕێگایان بکەوێتە هەندێك شانشینو ناوچـە، کـە سـوڵتانو میرەکـانی بەرگریـەك پیشـان بـدەن، ئـەوا بریتـی دەبێـت لـە دەسـتەو یەخـەو

پەلاماردانێکی بچووکی جەنگی لەگەڵ چەك‌و تەقەمەنیە نوێیەکان و پادشا یا میرەکە بە دیلی گیراوەو لەگەڵ خاوو خێزانیدا بە سوك‌و سەر شۆڕی رەوانەی شوێنێك کراوە لە تەنگ ترین‌و دوور ئاوەدان ترین وولاتدا دەست بەسەر کراوە، شانشین یا دوورگە یا ناوچەکەی خراوەتە سەر ریزبەندی (مستعمرات) ەکانەوە بەمەش سەرفرازترین کەسی ئەو وولاتە سەرشۆڕکراون، لە بری ئازادی تاکە کەسی کۆیلایەتی‌و دەم بەستن جێگەی گردووەتەوە، تەرازوو دانراوە تاوەکو لێپرسینەوە لەگەڵ هەرکەسێك بکرێت کە قنگ چاو دەدات یان چاو دەبڕێتە شتێك و بەرەو دواوە ئاوڕدەداتەوە، خێروبێری وولات بۆکەس نەبووە، هەموو باج‌و لێدانەکان، زیان‌و کارەساتەکان، بەشی خەڵکی وولات بووەو باربوە بە سەریاندا، لەمەدا کەس هاوبەشیان ناکات.[١]

ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەناوی (گەمەی جەنگەوە) هاتبێت، بەڵام ئەگەر بۆ هاوکاری‌و پشتیوانی میر یا چەسپاندنی پادشاییەکەی یا سەرکۆنەکردنی شۆڕش هاتبێت وە لەژێر ئەو پەردەیەداو بەو ناوەوە گەیشتبێ‌و ئەو پۆشاکەیان پۆشی بێ‌و لە بەرگی هاوڕێی ئەمینداری دڵسۆز یا خۆشەویستانی گەل‌و خەمخۆرانی گەشەپێدانی‌و فێرکارانی وانەکانی خۆ بەڕێوەبەری بن، بۆ ئەوەی پاشەڕۆژ پێویستیان بەمان نەبێت و خۆیان بە خۆیان وولات بەرن بەڕێوە!! لێرەدا ڕوکاری

(١) سەیری واقیی جیهانی ئەمڕۆی عەرەبی بکە، ئەمڕۆ چەند بە دوێنێ دەچێت ؟!

کاروبارەکان پارێزراون، هەندێ لـە بـاوو نەریتـە پڕوپوچـەکان وەکـو خۆیانن‌و دەست لـێ نـەدراون‌و حوکمـەکان شـکڵ ڕێـژ دەکـەن لـــە پێناوی بەڕێوەبردنی ئەرك‌و کاروباری وڵات، خـەڵکانێك سـاز دەکـەن، میری وولاتیش لەگەڵیاندا تەنها قوببەو قوچـەکێکی بـۆش‌و بەتاڵـە، تەنها دەنگ دەداتەوە، لە کاروبارەکانـدا تـەنها شـوێن کـەوتنیان لـە سەرەو هیچی تر.

پێم بڵێ: ئەگەر ئەمریکاییـەکان سـالانێکی زۆر تـەنها سـکالایان بکردایە لە دەستی کاربەدەستە ئینگلیزەکان و ئەو سکالانەیان ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئینگلیز بکردایە، مەرەکەبەکانیان گشـت تـەواو کردایەو لاپەرەکانی سەرزەیان ڕەش بکردایەتەوە لە بێمـافی‌و هـاوارو هانا، ئایا هیچ سودێکی دەبوو بۆ سەربەخۆییان، یاخود بەڵاو نالەباری ئیستعماری بەریتانیەکانیان لادەبرد؟

نەبەو کەسەی بەهەشتی کردوەتە ژێر سێبەری شـیرەکانیەوە، هێـزی هەر نەتەوەیەك لە نێـو تاکـەکانی خۆیاندایـە، تـەنها بـە یـەکێتی‌و یـەکگرتن بـەدەر دەکـەوێ وە بـە پەرەتـەوازیش دەشـاردرێتەوە، هـەر نەتەوەیەك ویستبێتێ سەروەریەکانی بگێڕێتەوە، وە رزگـاری بێـت لـە چەوسێنەرەکانی وە بەدەر لە ڕێی یەکگرتن‌و یەکێتی، بۆ گەیشـتن بـە مەبەستەکان‌و رزگاربوون لە ناسۆریەکان چارەسەرێکی تر نیە، تـەنها خۆشەویستی مردن لە مردن رزگارت دەکات و مرۆڤـ یەکێك لەو دوو بەختەوەرییـەی پـێ دەبەخشـرێ یـا ئـەوەتا ئازادانـەو سـەربەخۆییانە

(بەختیارانــە) دەژی، یــاخود بــەبێ ئــەو دووانــە وەك (شــەهیدێکی پاڵەوان) دەمرێ.

پاشانشین یا نەتەوەیەکم پێ نیشان دەن، کە پادشـاو میرەکـانی لـە هیچو پوچیو زیادەڕەویدا نقـوم بووبێـت، نـەفامیو نـەزانی هـەموو چینەکانی گەلی گرتبێتەوەو یەك گوفتاریان نەمابێت، هەموو ملیـان دابێ بە سەرشۆڕی و سوکایەتی، ئەو پادشاو میرانـە لەسـەر تـەختو پلـەو پایـەکانیان لانـەبرابێت و ئیسـتعمار نـەیکردبێت بـە کۆیلـەو کاولکاری نەیگرتبێتنەوە ... !!

پاشانشینو کیشـوەرێکم پـێ بلّـێ یـەك گوفتارییـان هـەبووبێت و سەرشۆڕیو کۆیلەیەتیان پەسەند نەکردبێتو شـیریان هەڵکێشـابێتو مردنیان لا خۆشەویست بووبێت، پاشـان نـەیتوانی بـێ سـەربەخۆیی بەدەسـت بێنــێو چــێژی لــە ئازادیــەکانی وەرنــەگرتبێ، هەرچــەندە ئیستعمارەکەش گەورەترین وولاّت بووبێت لە ڕووی هێزو تواناوە؟!

ئایا پێویستمان بە هێنانەوەی بەڵگەو نمونە گێڕانەوە هەیە، لەسەر ئەوەی بچوکترین نەتەوە توانی ڕاپـەڕێ دژ بـە گـەورەترین دەوڵـەت و، پێداویستییەکانی دەسـتخاتو ئـازادیو سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـت بهێنــێ .

ئایا میسریەکان بە گومانن لەوەی لە کاتێکدا ئەوان زیـاتر لـە دە ملیۆن کەسن و هەموویان نـەوەی رزگارکـەرانن وە لـە سـەربەرزترین هۆزەکـانی عــەرەبن، براقیبتیەکانشــیان نــەوەی توانــادارو کەســە

بـــەهێزەکانن، ئەوانـــەی شـــوێنەوارەکانیان بەڵگەیـــە لەســـەر وورە گەورەییان - ئەوان کاتێ بیانەوێ ڕاپەڕن، ناتوانن سەربەخۆیی‌و ئازادی بەدەست بهێنن؟! وە ئەو سەربەرزییە کـۆن‌و پێشـینەیەی ئـەم وولاتـە بەختەوەرە بگێڕنەوە ؟!

بەڵێ!! ئەوان بە ویستی خـوا هـەر ڕادەپـەڕن‌و یەکگرتوانـە کـاری خۆیان دەکەن، دەست بە کەمـــەندی خواوە دەگرن، بـەهێزو توانـــای خوا ئاواتەکانیان بەدی دەهێـنن، خـوای گــــەورەش توانـای هـەموو شتێکی هەیە.

لەو شتە سەرسام‌و نامۆیانەی، شایستەی سەرسامی‌و واق وڕمانـە، ئەوەیە لە موسڵمانان دا دەیبینین، ئـەوان بـەپێی شـەریعەت و دەقـە ئاشکراکانیان لەلایەن خـوای گـەورەوە داوایـان لێکـراوە پارێزگـاری‌و بەرگری بکەن لە هەرکەس‌و وولاتێك کە دەیـەوێت ببێتـە زەوی و زارو هەرێمەکانیانەوە، هەموویان ئەمەیان لێ داواکراوە، جیاوازی نیـە لـە نێوان دوورو نزیکدا، لە نێوان یەك رەگەزی‌و جیاوازی رەگەزیاندا ئـەوە فەرزی عەینە لەسەر هەریەکێ لە ئەوان ئەگەر خەڵکێك بەرگری لـە دەوروبەرو ناوچەی خۆیان نەکەن، هەموو لایەکیان زۆر گوناهبار دەبـن وە لەو شتانەی ئەرك‌و فەرزە لەسەریان لە پێناوی بەرگری‌و پاراسـتنی هــەرێم‌و دەســەڵاتداری ناوچــەکانیان، بەخشــینی گیــان‌و ســەروەت‌و سامانە، بڕینی هەموو ناخۆشی‌و تەنگەوەری‌و مەترسیەکانە، بە هـیچ شێوەیەك دروست نیـە ئاشـتەوایی بکـەن لەگـەڵ ئەوانـەی زاڵ دەبـن

بەسەریاندا تاوەکو دەسەڵاتداریو فەرمانداری تایبەت دەبێ بە خۆیانو لــە دەســتی ئــەوانی تــر دەری دەکــەن، شــەریعەت بــە زیــادەوە داوای سەروەریان لێدەکاو دەخوازێ لەوانی تر رزگاریان بێت تائــەو ڕادەیــەی ئەگەر موسڵمان بێتوانا بوو، وە هەستی دەکرد ژێردەستەی دەســەڵاتی ئەوانی ترە، پێویستە لەسەری لەو خانەی جەنگە کۆچ بکــات، لەبــەر چــرپەو ســرپەیەك کــە لــە ناخیــدا ئاگــاداری دەکــاو داخوازیــەکانی شەریعەتی پێ دەگەیەنێ و فەرزو ئەرکە ئیمانیەکانی وەبیر دەخاتــەوە ئەویش چرپەو سروەی ڕەواو هەقە کە لــە ئیلهامــەکانی ئاینــەوە بــۆی ماوەتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانــەش دینــداران لەئــەمڕۆدا بێئاگــان لەوەی تووشی ئەوی تریان هاتووە، وە ئازار ناچەژن بە هۆی ئــەو ئــازار چەشتنەوەی ئەوانی تریان تووشی بوون، خــەڵکی بلوجســتان بــزاوتو گاڵتەجاڕیو یارییە ناڕەواکانی ئینگلیزیان لە ئەفغانستاندا دەبینــی و بۆیان دەڕوانی بێ ئەوەی بۆی بخروشێنو دڵیان بســوتێ بــۆ براکانیــان، ئەفغانیەکان ئاگاداری دەستیێوەردانەکانی ئینگلیــز بــوون لــە وڵاتــی فارسدا بێئەوەی بێزاری دەربڕنو جێبەخۆیان نــەگرن، هەردووڵاشــیان ئاگــاداری ئــەو زۆرو ســتەمو ســوکایەتیو بــێ شــەرمیە بــوون لــە هیندستاندا ئەنجام دەدرا بێ ئەوەی بۆی ببزوێن، سەربازەکانی ئینگلیز ئەمسەرو ئەوســەریانە لە میسردا، دەکوژنو دەبــڕن، لــە بەرامبــەردا هیچ بەدەمەوە هاتنو هانایەك لــە نــاخی ئــەو برایانــەوە نــابینن کــە ئاگاداری ئەو جۆگەلە خوێناویانەن و دەڕواننە ئــەو کارەســاتو بــەڵاو

نەهامەتیانەی تووشیان بووە .

لەولاشەوە دەبینن نەتەوەی یابان بەرەو گەشەکردن دەچـێ، گرفـتو کۆسپەکانی سەر ڕێی نامێنێت، دوورگەکانی لەوپـەڕی ڕۆژهەڵاتـەوە شوێنو پایەی خۆیانیان بۆ دروست دەبێت، هەر بۆیە لەگەڵ زەمانـەدا ئاشتەوایی بۆ دروست دەبێت، وە لە چاوی تەماعکاری ڕۆژئاواییـەکان بەدوور دەبێت سەرەڕای بـوونی یـەکێك لـە هۆکـارە گەورەکـان کـە یەکێکە لە بەتواناترین هۆکارەکانو گـەورەترین ڕۆڵـی هـەبووە لـەو ڕووەوە ئەویش بریتیە لەو حـەزەی ئیمبراتـۆر (میکـادۆ) هەیـەتی بـۆ ئەوەی حکومەتەکەی بە دەسـتور، کـۆتو بەنـدو سـنوردار بکـات، ئارەزو مەندانە راوێژ پەسەند بکات وە دڵسۆزو وێڵی ئەمە بێت، ئـەوە بوو چەند کەسێکی لە خاوو خێزانەکەی و لە ژێرمەندانی خەڵکەکەی ڕەوانەی ئەورووپا کرد تاوەکو شێوازو بنەماو رێساکانی فـەرمانڕەوایی‌و نوێنەرایەتی دەستوری بخوێنن، تەنانەت ئیمپراتـۆری نەمسـا فرانسـوا جۆزیف خۆی پێ نەگیراو بە کوڕە مامی میکادۆی ووت لـە کاتێکـدا ئەو لەسـەر خـوانی ئیمپراتـۆر بـوو لـە ڤیـەنا (سـەرم سوڕما لـە ئیمپراتۆرەکەی ئێوە! چۆن هـەوڵ دەدا بـۆ بـەدیهێنانی فـەرمانڕەوایی دەسـتوری نوێنەرایـەتی لـە شانشـینەکەیدا لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە ئەورووپادا ئاواتەخوازین ئەگـەر بتـوانین فـەرمانڕەوایی نوێنـەران لـە وولاتدا نەهێڵین‌و لێی دەربازبیـن).

(البرنس)ی یابانی وەڵامی دایەوە ووتی: (لـە راسـتیدا میـکـادری سەروەر (میکادر واتە دادگەر) چوار شتی خۆش دەویّ:

یەکەم وولاتەکەی، دووەم خـەڵكو نەتەوەکـەی، سـێیەم دادگــەری، چوارەم حەوانەوەی دەروونی خۆی، ئەوەشی ئەم حەزانەی بۆ بەدی دێنـێ تەنها لە فەرمانڕەوایـەتی دەسـتوری نوێنەرایـەتی، دایـەو بەشـداری کردنی خەڵك لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆییو پاراسـتنی سـامانو داراییو مولّکی دا بەدی دێت.(*)

بەڵێ: لە راستیدا چاوگی نەهامـەتی و سەرچـاوەی مەینـەتی لـە ڕۆژهـــەڵاتو شانشـــینەکاندا لـــەو ســـودو ئیمتیازاتـــە بیانیانـــە (قابیتولاسیون) وە بەدی دێت، کە پێشتر باسکرا، وە باسـی ئـەوەمان کرد سەرەتاکەی چۆن بـووە، وە چـۆن لەوپـەڕی ڕۆژهەڵاتـەوە (صینو یابان) وە تا ئەم پەڕی ڕۆژهەڵاتی نزمو خوارو وولاتی عوسمانیو فارسی گرتوەتەوە وە چۆن یەکەجار وەکو بەزەییەك بەخشراوە و دواجار کراوە بە تۆڵەسەندنەوەو مەینەتیەك بۆیان .

یابان زانی لە نەزانیو نەفامیدا هێز بەدی نایەت وە لەگەڵ بـوونی زانستو زانیاریشدا لاوازی و بێدەسەڵاتی نیە، هـەر بۆیـە تورەبـوونی خۆی شاردەوەو بەرگری زۆرداریو ئیمتیـازاتی ڕۆژئاواییـەکانی گـرت،

(*) لە عەرەبیدا نووسراوە (صوف ملکها) بەبێ دیاریکردنی حرکات ئەمەش وادەکات واتای ووشەی (ملکها) روون نەبێت کە دەکرێت بەو پێیەی سەرەوە بێت، یاخود بە واتای پادشاکەی واتە (ملیکها) بێت یاخود بە واتای نزیك لە شانشین (مملکە)ش بێت ) (وەرگێڕ)

رووەو چاولێکەری دروست هەنگاوی نا (بەســەدان نێــردراوی زانســتی یابــانی بــۆ ئــەورووپا رەوانــەکردوو بەســەر بــەش‌و لقــەکانی زانســت‌و هونەرەکانــدا دابەشــی کــردن، بــە دارایــی‌و سیاســی و زانســتی و کشتوکاڵی‌و پزیشکی‌و ئەندازیاری و ... هتد ەوە چارەکە نەوەیــەك بــە سەر ئەم هەوڵەی یاباندا تێ نەپەڕی، تــاوەکو دادگاکــانی ڕێکخســت، زانستی دروســت لــە نێــو تــازە پێگەیشــتواندا بــڵاوەی کــرد، چــینی روونــاکبیر ئاشنا بوو بەوەی چی پێویستە لەسەری ئەنجامیــداو بــەکاری بهێنێ و فێری چینەکانی نەتەوەکەی بکات، لە قوتابخانــە نیشــتمانیە یابانیەکاندا .

بەم هەوڵدانــەش دەســتەیەکی کۆمــەڵایــەتی‌و نەتــەوەیی دروســتی مەدەنیان بۆ رەخسا کە بواری نەهێشتەوە بۆ خۆبەگەورەزان‌و مل هــوڕە ڕۆژئاوایەکان کە بانگەشەی ئەوە یاخود دەم هەڵبەستی ئەوە بکەن کە ئەوان (رۆژهەڵاتین)و کاروباری بەڕێوەبردن بە باشی نازانن یاخود ئاشنا نین بە مافە گشتییەکان یان بە دادگەری ڕەهایی مرۆیی .

لە خزمەتگوزارییە یابانیەکاندا چەند پسپۆرێکی بیانی هەبوو لــە لقــە بەڕێوەبەرایەتیەکەیانــدا بــۆ چــەند ســاڵێکی دیــاریکراو، بــە موچەیەکی براوەوە، هەر کاتێك یابانیەك لە بەش‌و لقێکــدا کارەکــەی تــەواو دەکــرد دەیــانکردە هــاوەڵی ئــەو پســپۆرە هــەر بۆیــە ئاشــنای ووردەکاری یەکانی ئەو لقەو پێداویستییەکانی دەبوو بەوپەڕی زانست‌و تێگەیشتن‌و وردەکارییــەوە، تــا ڕادەی ئــەوەی یابانیەکــە لــە ســەرۆکە

ئەورووپییەکـەی باشـترو چـاکتر بـەدەر دەکـەوت تـا وای لێهـات ئـەو کرێگرتانە شەرمیان لە خۆیان دەکرد، داخوازی بەخشینیان دەکرد لـە خزمەتگوزارییەکانیان پێش ئەوەی وادەی گرێبەسـتەکە کۆتـایی پـێ بێت، وە ڕازی بوون بەوەی لە موچـەکانیان ببـوڕن، بـەو دانپێـدانانو بیانووەی یابانیەکە بە تواناترن لەوان لە جێبەجێکردنی ئـەو پیشـەو کارانەی لە پێناویدا هاتوون وە کرێی لەسەر وەردەگرن .

بەم شێوەیە یابان بە چاولێکەری سوود بەخش سەرکەوتنیان بـەدی هێنـا، وە لــە نێـو دەوڵەتــە گەورەکانــدا بەدەرکــەوتن، دەوڵــەتێکی ڕۆژهەڵاتی خاوەن هێزو دەسەڵات، زانستو یەکگرتنەکـەیان هێزێکـی ترسێنەر بوو، وە سنورێکە خـۆی لـــێ دەپـارێزرێ خـەڵکیش ڕۆڵـەی چاکەو ئەمەکداری چاکە خوازانن خـوای گـەورەش لـە مەخلوقاتیـدا مەبەستی خۆی هەیە.[1]

پاشتریش ئەو دەستوردانانو ئەنجومەنی گەلەی دەوڵـەتی عوسمـانی دایناو نوێنەری هەموو هەرێمـەکانی عوسمـانی تیـادا بـوو لەوانـەش عێراقو شامو یەمەن و حیجاز سودێکی پێنەگەیانـد، چونکــە ئـەم چاك سازیانە لە کاتێکدا بـوو دەوڵـەت بـەرەو لاچـوونو تیاچـوونو نەمان دەچوو.

بانگەشەو بانگەوازە چاکسازیەکەی جەمالەدینی ئـەفغانی ئـەوەی بۆ ئەنجام نەدرا کە بانگـەوازو بانگەشـە چاکسـازیەکەی موحەمـەدی

---

(١) خطرات جمال الدين افغاني، ل (١٩٥-٢٢٢) بە کورت کراوەیی.

کوڕی عەبدولوەهاب بەدی هێنـا، چـونکە شـێخ موحەمـەد هەسـتی بەوەدەکردبو کە پرۆژەی چاکسـازی ناکرێـت رۆشـنایی ببینـی ئەگـەر نەتوانرێ دەوڵەتێك بەرپاکرێ لە پێنـاوی ئـەو پرۆژەیـەدا، هـەر بۆیـە توانی گوتاری سیاسی شەرعی نوێ بکاتەوە تا کاتی پێش بەرپاکردنی دەوڵەت، بەڵام پاش بەرپاکردنی و زاڵ بوون بەسـەر هـەموو دورگـەی عەرەبیدا، نوێکردنەوەکە وەستا، سەرلەنوێ گوتاری سیاسـی شـەرعی تەئویل کرا و زیندوکرایەوە بەو شـێوەیەی لـە کتێبـەکانی (الأحکـام السلطانیة) دا هاتووە، هەر بۆیـە سـەرکەوتوو بـوو لـە بـەرپاکردنی دەوڵـەتو زینـدوو کردنـەوەی سـەرلەنوێ گیـانی ئیسـلامی و نـوێ کردنەوەی نیشانەو مەشخەڵەکانی یەکتاپەرستی، بەڵام ئەمە هاوڕەوتی نوێکردنەوەیەکی فیقیهانە نەبوو هەر بۆیە دەوڵەت لە رووی فیقهیەوە لەسەر ڕێبازی ئەحمەدی کوڕی حەنبەرل بوو، لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسەتیش دا بەو شێوەیە دەچون بـەڕێوە کـە لـە کتێبـی (الأحکـام السلطانیة) ی ئەبو یەعلای حەنبەلی دا هەبوو کە نمونەیەکی گوتـاری سیاسی شـەرعی تـەئویلکراو بـوو، بـە وێنـەی تـەواوی کتێبـەکانی (الأحکام السلطانیة) کە بەرهـەمی سـەردەمی عەباسـیو بارودۆخـە تایبەتیەکانی بوو .

لە راستیدا شیخ موحەمەد بلیمەتو هەڵکەوتوو بـوو، پـڕاو پـڕی واتای ئەو وشەیە، ئەوەبوو توانی ئەو سـەرئەنجامە بـەدی بهینـێ کـە

چاکسازەکانی تر بۆیان بەدی نەهات، لەگەڵ ئەوەی لــە دوادوایــەکانی سەردەمی عەباسییەوە هەوڵیاون بۆی دەدا تا سەردەمی خۆی، هەروەها دوای خۆیشی کەس نەیتوانی ئەوە بەدی بهێنێ کە ئەو بەدەستی هێنا، ئەکرێ هۆکارەکانی ئەو نوێ نەبونەوەیە لە گوتاری سیاسی شــەرعی پاش بەرپابوونی دەوڵەت بگێڕینەوە بۆ پێویست نەبوونی کۆمەڵگە بۆ ئەو نوێکارییــە لەوکاتــەدا، بــەڵکو زیــاتر پێویســتی بــە چاکســازی بیروباوەڕو بەرپاکردنی یاساکانو بەدیهێنانی ئاسایشو دادگەری بــوو، ئەمە تەواوی ئەو شتانە بوو خەڵکی دوورگــەی عــەرەبی لەســەردەمی ئەودا پێویستیان پێ بوو، بەڵام بانگەوازی پێشین گــەرایی (السـلفية) زیندوکردنــەوەی ڕێوشــوێنی خەلیفــەکانی راشــیدینی دەخواســت لــە فەرمانڕەوایی‌و بەڕێوەبردنی کاروباری ئومــەت‌و بەسەرمەشــق کردنــی ئەوان و شوێنکەوتنیان لەوەدا کەکاروبار بگەڕێتەوە بۆ ڕاویژوو ڕێگری بکرێت لەوەی ئیمامەت بکرێتە پشتاو پشتی، چــونکە ئــەو ڕێگەیــە سەرئەنجامەکەی زۆرداری‌و خۆسەپاندن‌و پاشان کەوتن‌و هەرەسی لــێ دەکەوێتەوە.

جەمالەدینی ئەفغانی لە بانگەوازەکەیدا شکســتی هێنــا چــونکە ڕێوشوێنی دروستی نەگرتەبەر بۆ گەیشتن بە پرۆژە چاکســازییەکەی وە گومانی وابوو دەکرێ دەوڵەتی عوسمانی‌و جێنشینەکانی یاخود خدێوی میسر پاشان ئێران‌و ئەفغانستان قوربانی بدەن لە پێنــاوی پرۆژەکــەی

ئەودا.[1] بێ هەست کردن بەو ڕێو شوێنو سوننەتە کۆمەڵایەتیانەی پێویست بوون بۆ بـەرپاکردنی دەوڵەتـە چاکســازییەکان وە گومــانی وابوو ئەتوانرێ راپەڕینێك بەدی بێت بەپێی نمونـە یابانیەکـە، تـەواو ورد نەبو لەوەدا کە ئیمپراتۆر لەو کاتەدا خـۆی هـەڵگری ئـاڵای ئـەو پرۆژەیەو خـاوەنی بـیری راپـەرینو ڕێنسانســی یابـانی بـوو، ئـەو بـە جەمالەدینی ئەفغانی خۆی دەچوو ئەگەر لەو کاتەدا خەلیفـە بوایـە، لەبەر ئـەوەی وەهـا نـەبوو هەربۆیـە بانگەوازەکـەی جەمالـەدین بـۆ بەرپاکردنی دەوڵەتێك کە بە پرۆژە چاکســازیەکەی هەســتێ شکســتی هێنـا سـەرەڕای ئـەوەی سـەرکەوتوو بـوو لـە ڕووی فیکرییـەوە لـە دەستنیشانکردنی گرفتــی ڕۆژهــەڵاتی ئیســلامی و پێداویســتی ئـەو ڕۆژهەڵاتە بەنوێکردنەوەی گوتارە سیاسیەکەی .

گەورە زانایانو بیریارو نوسەرو سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات کەوتنە ژێـر کاریگــەری هــەنگاوەکانی ئەفغانیــەوە لەوانــە موحەمــەد عەبــدەو موحەمــەد رەشــید رەزاو ئیبنــو بــادیسو عەبــدورەحمان کــەواکیبی (١٨٤٨-١٩٠٢ز) کــە کتێبــی سروشــتەکانی زۆرداری (طبــائع الأستبداد) و (ام القری)ی دانا، وە هەوڵێــدا گرفتــەکانی ڕۆژهــەڵاتی ئیسلامی دەستنیشان بکاتو کورتی کاتەوە لە زۆرداریو خۆسەپاندنی

---

(١) بەڵکو هەر هـەموویان هـەڵیان کوتایـە سەرێو فرتو و فێڵیـان لێ کـردوو هەوڵیانـدا خۆیانی لێی رزگار بکەن، ئەوەیشی ویستیان بۆیان چووە سەر .

سیاسیدا کە بووەتە هۆی لەکارخستنی توانای بیرکردنەوەو کـۆتکردنی ئازادی دەربڕین، تاوای لـێهاتووە بووەتە نێچیرێکی سوكو ئاســان لــە بەردەستی زۆردارو دەجالەکان بەناوی ئاینەوە .

عەبدورەحمان کەواکیبی لەژێر کاریگەری هەنگاوەکانی موحەمەدی کوری عەبدولوەهابدا بووە، لەوەی بانگەشەی دەکرد بۆ یەکتاپەرستی و گەڕانەوە بۆ ئەو بیروباوەڕو پەرستشو دینداریيەی پێشینی لەسەر بووە، وە لەژێر کاریگەری ئەو بانگەوازەی ئەفغانیشــدابوو کــە دەیکــرد بــۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بارەی پێشین و خەلیفەکانی راشیدین لەســەری بوونــە لــە کاروبــارە سیاســیەکانی وەکــو راوێــژوو ئــازادی و دادگــەری کۆمەڵایەتی، ئەویش لە کتێبی (ام القری)دا بەدەر دەکـەوێت، ئـەوەتا لە بارەی زەرورەتی گەڕانەوە بۆ ئەوەی پێشین لەسەری بوونە لەمەشـدا کارتێکراو بووە بە هەنگاوەکانی موحەمــەدی کــوڕی عەبــدولوەهاب، لەوبارەیەوە دەڵێ: (ئەی برایان، وادەزانم ئێوەش ئیسلامی ئەمە بە باش دەزانن کە جیاوازی رێبازو مەزهەب بخەینــە لاوە کــە بــە چـاولێکەری شوێنی کەوتوین، چـونکە ئاشــنای زۆربــەی ئــەو ســەرنجانە نـین کـە سەبارەت بە زۆرێك لەو حوکمانە لە ئــارادان، وە پشــت دەبەســتین بــە بەڵگە ئاشکراو روونەکانی کیتابو سونەتی سەحیحو کۆڕای سـەلەماوو جێگیر، ئەمـەش بۆ ئەوەیە لە بیروبۆچونەکاندا پەرتەوازەو ناکۆك نـەبین .تاوەکو ئەوەی دەیسەلمێنینو بریاری لەسەر دەدەین لای تــەواوی خــاوەن رووگەکان (أهل القبلة) پەسەندو وەرگیراو بێت، چونکە ڕێبازی پێشین

ئەو ئەسڵ‌و بناغەیەیە کە ڕەت نـاکرێ و ئوممـەتیش خـۆ دوور نـاگرێ لەوەی بۆی بگێڕێتەوە، بە تایبەت لە هەنـدێ مەسـەلەی سـەرەکیدا، چونکە لەمەدا بە یەکسانی کردنی ڕێبازەکـان دەبینـرێ، هـەر بۆیـە قورس نابێـت ئەگـەر کەسـێك چـاولێکەری (تقلیـد)ی یـەکێك لـە پێشەواکان نەکات لە شتێکدا کە پێچەوانەی روکاری ئاشکرای دەقـی کیتابی پایەدار یا پێچـەوانەی سـوونەتی سـەلماوو جـێگیر بێـت لـەو فەرموودانەی لای چینی یەکەم هەبووە.

با ئەم بۆ چوونە لای هیچ کەس لە ئێوە بە گەورەو سەیر بۆی نەڕوانرێ ئەمە بۆچونێکی داهێنراو نیە لە نێوان موسڵماناندا بەڵکو تەواوی خەڵکی دوورگەی عەرەبی جگە لە تێکەڵەیەکی هەردوو حەڕەم نەبێت لەسەر ئەم بۆچونەن . شاراوە نیە لاتان کە خەڵکی دوورگەکە بریتین لە حەوت تا هەشت ملیۆن کەس هەموویان موسڵمانی سەلەفین لە ڕووی بیـروباوەڕەوەو زۆربەیان حەنبەلـی یان زەیدین لە ڕووی ڕێبازەوە، ئاین لە نێوان ئەواندا پێگەیشت وە بە زمانی ئەوان بوو، ئەوان خاوەن‌و هەڵگرو پارێزەرو بەرگری کاری ئەو ئاینەن، بە کەمی تێکەڵی غەوارەو نەناسەکان بوون، بەکەمی بینراوە بانگەشە بۆ شتی نامۆ بکەن‌و لە پێناوی شانازیدا هونەرکاری لە ئاین دا بکەن[1] .

سەبارەت بە نوێ کردنەوەی گوتاری سیاسی کـە لـەژێر کاریگـەری

---

(١) أم القـرى، ل (٢١).

ئەفغانیدا بووە فەرمویەتی: (لە راستیدا نەهامەتیە، کە ئازادیمان لە دەست داوە، ئەزانن ئازادی چیە؟ بریتیە لەوەی واتاکەیمان لەدەست داوە تارادەی ئەوەی لە بیرمان چووەتەوە، ئەوانەی ئازادیان پێناسە کردووە وایان ناساندووە کە بریتیە (لەوەی مرۆڤ سەرپشكو سەربەخۆ بێت لە گوفتارو کرداریداو هیچ رێگرو ستەمکارێك رێی پێ نەگرێ) .

ئازادی چەندین لقو بەشی هەیە لەوانە یەکسانی مافەکانو لێپرسینەوەی فەرمانڕەوا بەو پێیەی ئەوان راسپێردراون و نوێنەرن، نەترسان لە داواکاریو ئامۆژگاریکردن، هەروەها ئازادی فێربوون وتار دانو چاپەمەنیەکان و ئازادی توێژینەوە زانستییەکان، هەروەها دادگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە تاوەکو مرۆڤ لە ستەمکارو داگیرکەرو غەداری تیرۆرکار نەترسێ، لەو لقو بەشانەی ئازادی، پاراستنو ئاسایشی ئاینو گیانی مرۆڤەکان و پاراستنی ناموسو شەرەفیانە، وە ئاسایشو دەستەبەرکردنی زانستو بەرهەمەکانێتی، کەواتە ئازادی گیانی ئاینە، ئەم دێرە هۆنراوەیە دەدرێتە پاڵ حەسانی کوڕی سابتی هاوەڵ (خوای لێ ڕازی بێت) کە فەرموویەتی: (وما الدين إلا أن تقام الشرائع و تؤمن سبل بيننا وهضاب) واتە: ئایین تەنها بریتیە لە پایەدارکردنی یاساکانو شەریعەت وپاراستنی ئاسایشی رێوبانەکانی نێوان خەڵکی.

بڕوانە چۆن ئەو هاواڵە ئاینی چۆن رۆڵی ئایینی لە پیادەکردنی شەرعو ئاسایش دا کورت کردووەتەوە.

بەڵێ بێگومان ئازادی ئازیزترین شتێکە لای مرۆڤــ پـاش ژیـانی خۆی، بە لەدەستدانی، هیواکان لە دەست دەدەین و کاروبارەکـان پـوچ دەکرێنەوەو دەرونەکان دەمرن‌و شەریعەتەکان لە کاردەخرێن‌و یاسـاکان کەلێندار دەبن .

جاران شوانی بەرخەکانمان ئازادبوون و پایەیەکی وایـان نـەدەدا بـە پادشا، لەگەڵ میری باوەڕدارانذا بە ئەی عومەرو ئەی عوسمان دەدوان، کەچی وامان لێهاتووە لەوانەیە منـداڵ لـە ژوری دایکیـدا بکـوژین‌و ناچاری بێدەنگی کەین تـا بـێ دەنـگ بێـت، دایکەکەشـی جورئـەت نەکات بۆی بگری نەوەکو بێزارمان بکا.

تاکـە سـەربازێك پـەناو ئاسایشـی دەبەخشـیە سـوپای دوژمـن‌و پەیمانەکەی دەبرایە سەرو گفتەکەی جێبـەجێ دەکـرا، کەچـی وامـان لـێهاتووە ناهێڵین سوپایەکی گەورە نوێژی هەینی‌و جەژنەکان بکات، وە ئاینەکەی سوك دەکەین نەك لەبـەر پێداویسـتییەك بـەڵکو لەبـەر کەشخەیی‌و خۆ نواندنێکی پوچ‌و بەتاڵ.

هەر بۆیە لە بارو دۆخێکی ئاوادا سەرسام نەبین کە ژیانی ئومـەت پڕ بێت لە بێزاری‌و ساردوسڕی زاڵ بێـت بەسـەریدا، سـەدەکان دێـن‌و دەچن و نەوەکان بەدوای یەکدا دێـن کەچـی ئێمـە هـەر لـە شـوێنی خۆماندایین، بێ‌هیوایی ڕیشەی داکوتاوە لە ناخماندا، وازمان لـە کـار هێناوەو دوور کەوتوینەتەوە لە جدیەت‌و بە تەمبەڵی‌و گاڵتـەو گـەپ ئارام‌و دڵشاد دەبین، ڕۆچوون لە حەزو ئارەزوەکاندا بووەتە ئارام بەخشی

دڵە کۆیلەکەمان بۆ ئارامی ئەو بیرەی لە هــەموو لایەکــەوە لــە ژێــر پەســتاندایە، بــەرەو خاووخلیچـــکی و نزمیێتـــی چـــووین، تـــا وامـــان لـــێهاتووە بە لای هیچ شـــتێکی مـــاددیو جدیـــدا ناچـــینو تەنانـــەت توانای خوێندنەوەی کتێبی بەسودمان نیـــەو گوێبیســـتی ئامۆژگـــاری روونو ئاشکرا نابین، چـــونکە ئەمـــە ســـەرکردەی ســـەروەرو بـــەڕێزمان دێنێتەوە یاد، گیانمان لە ئازاردایە نزیکە دەرچێت ئەگەر پەنا نەبەینە بەر لـــەبیرخۆ بردنـــەوەو ســـەر قـــاڵ بـــوون بـــە ئارەزوەکـــانو ئەفســـانەو خەرافەتە دڵبەرەکان .

بەم شێوەیە هەستمان لاواز بوو غیرەتیشمان مرد، وامـــان لێهـــاتووە هەرکەسێ ئەرك‌و پێداویستییەکانی ژیانێکی پاك‌و پوختمـــان وەبـــیر بێنێتەوە لێی تورە دەبین‌و رقمان لێی دەبێتەوە، چـــونکە نـــاتوانین ئـــەو ئەرکانە راپەڕێنین، لە رووی واقیعەوە نەك سروشت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دان دەنێین بەوەدا خەڵکێکمان تیادایـــە ســـاڵەهای ساڵە خوویان گرتووە بـــە کۆیلەیـــەتی‌و چەرمەســـەری و سەرشـــۆڕی و سوکایەتیەوە، وای لێهـــاتووە شکســـت‌و روخـــان بـــووە بـــە بەشـــێك لـــە سروشتیان و دوورکەوتنەوەیان لـــەمبارە ئازاریـــان دەدا، هـــەر ئەمـــەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی هندی‌و میسری و تونسیەکان بـــە تایبەت پاش ئەوە بەناچاری‌و بەدەر لە توانای خۆیان ئاسایشی سامان‌و داراییان بۆ دروست بوو وە ئازادی بیروبۆچون‌و کاروفەرمانیان بۆ بەدی هات، هاوارو داد ناکەن بۆ کەسانی ترو ئازاری بارودۆخی موسڵمانانی

وولاَتانی تر ناچێژن، بەڵکو بــە مــۆنیو چــاو ســوورکردنەوە دەڕواننــە ئەوانەی دەیانەوێ تۆڵە لە میرە موســڵمانەکانیان بکەنــەوە، لەوانەیــە وەك بێ دینێك بڕواننە ئەو چاکســازانە، وەك ئــەوەی تــەنها موســڵمان بوونی میر بەس بێتو هیچ شتێکی تری نەوێت تەنانــەت دادگــەریش، گوێڕایــەڵی کردنــی پێویســت بێــت لەســەر موســڵمانان، ئەگــەر وولاَتەکانیشیان کــاولو وێــران بکــات، منداڵەکانیشــان بکوژێــت، وە پێشیان کەوێ تاوەکو بیانکاتە ژێر دەســتەی حکومــەت، بیانیــەکان، هەروەکو پێشتر ئەمەیان لەگەڵدا کرا، بەرئەنجام ئەوەیە ئێمــە بــەهۆی لەدەست دانی ئازادیەوە تووشی سادەییو سەرپەلیو بێ توانایی بووین، لەوەی بتوانین هەر کارێکی قورس یا ئاسان ئەنجام بدەین).[(١)]

به هەمان شێوە شێخ رەشید رەزا لە نوسینەکانی گۆڤاری (المنار)دا گەیشتووە بە هەمان سەرئەنجام، لە راستیدا بزوتنەوەکەی شێخ حەسەن بەناش بریتیە لەدرێژکراوەو دەنگدانــەوەی ئــەم بزوتنــەوە چاکســازیەی تەواوی رۆژهەلاَتی گرتبووەیەوە — حەسەن بەنناش کەوتــە نــاو هــەمان ئەو چاك گومانیەی ئەفغانی تێکەوت لەگەڵ دەسەلاَتدا.[(٢)]

---

(١) ام القرى، ل (٣٤-٣٥) رامێنە لەو وەسفەی بۆ بارودۆخی میرەکانی چاخەکەی خۆی کردویەتی، بەراوردی بکە لەگەڵ واقیعی هاوچەرخماندا!!

(٢) شــێخ حســن بــەنا داوای لــە مــەلیك فــاروق کــرد تــاوەکو خــۆی بکاتــە خەلیفــەی موســڵمانانو جــەختی کــردەوە لــە ســەر ئــەوەی کــە جەماعــە بەیعــەتی پــێ دەدەن هەروەك لە (مذكرات الدعوة والداعية)، ل (٢٣٥-٢٣٧)دا هاتووە، لە کاتێکدا مەلیك هیچ نەبوو تەنها بوکەڵەیەك نەبێت بە دەستی ئینگلیزەوە ؟!!

ئیستعماریش لە بۆسەو کەمیندا بوو بۆ ئەو راپەرینو ریْنسانســە، ئەوە بوو زۆر بە خێرایی ئەوەی ئەفغانی ئاگـاداری کردبووینــەوە لیـّـی رویدا، خەلافەتی ئیسلامی شکســتی هیّنــاو روخــا، ئــەوەی بــەردەوام ئەفغانی هــەوڵی دەدا موســڵمانانی لەســەر کۆبکاتــەوە، وە بــەردەوام هەوڵی دەدا تــاوەکو ئــەو پیٚکهاتەیــە بەخۆیــدا بچــێتەوە، بــۆ ئــەوەی موسڵمانان لە دەوری کۆببنەوە، بەڵام هەموو ئەوانە نەکراو ڕووینــەدا، ئیســتعماریش کۆتــایی هیّنــا بــە دابەشــکردنی میراتــی ئــەو پیــاوە نەخۆشەی ئەوروپا چاوەڕوانی مردنی بوو!

لە راستیدا ئیستعمار کە خۆی لە ئینگلتەرادا دەبینیەوە، زۆرداریو سەپاندن، کە خۆی لە خەلیفەی عوسمانیو شای ئێرانو خدیۆی میسرو مــەلیکی ئەفغانســتاندا دەبینیــەوە، هاوپــەیمانیێتیان ئــەنجام دا بــۆ ڕووبەڕووبونەوەی بزاڤی راپەرینو بیروبۆچوونە چاکسازییەکەی ئەفغانی بەهەمان ئەو شێوەیەی توانیان دەست بگرن بەسەر دەوڵەتی وەهابی لە نەجدداو لە ناوی بەرن پاش هاوپەیمانیێتی هەردوو لا، بە هەمان شـێوە توانیان بزافەکەی جەمالەدینی ئەفغانی لەناو بەرنو خۆیانی لیٚ رزگار بکەن پاش ئــەوەی بانگیــان کــرد بــۆ ئەســتەنبوول، وە لــەویٚ دەســت بەسەریان کرد تا نەخۆش کــەوتو لــە بــارودۆخیٚکی نارۆشــنو تــەمو مژاویدا کۆچی دوایی کرد؟![1]

---

(١) سەیری ژیانی جماله دینی ئەفغانی بکە کە (شکیب ارسلان) نووسیویەتی.

بەڵام دەنگدانەوەی بزوتنەوەکەی ئەفغانی هۆکارێکی سـەرەکی بـوو بـۆ سـەرلەنوێ زیندووکردنـەوەی گیـانی بـەرەنگاری ئوومــەت لـە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیستعماری ڕۆژئاواییدا، چونکە شوێنکەوتووانی لە هەموو شوێنێکدا وورەی موسڵمانانیان بەرزدەکردەوە تاوەکو ڕووبەڕووی ببنەوەو لـە ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامی وەدەری نـێن، شـۆڕش لـە هـەموو لایەکدا بەرپا بوو، ئیستعماری سەربازی دەرچـوو، بـەڵام ئـەو گوتـارە سیاسیەی خۆی سەپاند، ئـەو گوتـارە سیاسـیە نـەبوو جەمالـەدینی ئەفغانی بانگەشەی بۆ دەکرد، کە بریتی بوو لە مەلەکیەتی دەستوری ڕاوێژی، بەڵکو چەند سیستەمێکی سەربازی بەدی هـات کـە زۆردارو خۆسەپێنەرتر لە سستەمە لەناو چووەکان، سستمە نوێیەکان ونبـوی خۆیان لە گوتاری سیاسی گۆڕێنراودا بینیەوە، کـە شـێخی ئەزهـەری علی عەبدوڕازق برەوی پێ دەدا لـە کتێبـی (الاسـلام ونظـام الحکـم) ەکەیدا ئەوەتا لە پێشەکیەکەیدا دەڵێ: (لە ساڵی هەزارو سـێ سـەدو سی و سـێی کۆچـیەوە (١٩١٥)، وە کـاری قـەزا دەکـەم لـە دادگـا شەرعیەکانی میسردا، ئەوە وای لێکـردم توێژینەوەیـەك ئـەنجام بـدەم سەبارەت بە قەزای شەرعی، قەزا بە هەموو بەشەکانیەوە، بەشێکە لە بەشەکانی حکومەت، مێژووەکەی زۆر بـە تونـدو تیـژی بەسـتراوە بـە مێژووی ئەوەوە، بە هەمان شێوە قەزای شەرعی پایەیەکە لە پایەکانی حکومەتی ئیسلامی، وە بەشێکە لە بەشەکانی، هەر بۆیە ئەو کەسەی

دەیەوێ توێژینەوەی مێژووی قەزا بکا دەبێ بە توێژینەوەی پایەی یەکەمی دەست پێ بکا، کە بریتیە لە حکومەت لە ئیسلامدا .

بناغەی هەموو فەرمانڕەوایەتیەك لە ئیسلامدا بریتیە لە خەلافەتو ئیمامەتی گەورە هەروەك دەڵێن... بە هەمان شێوە هەر لە سەرەتای یەکەمەوە وا بڵاوبویەوە لە نێو موسڵمانان‌دا کە خەلافەت پایەیەکی ئاینیەو جێگرتنەوەی پێغەمبەری ئیسلامە، سڵاوی خوای لەسەر .

لە بەرژەوەندی سوڵتانو دەسەڵاتدارەکاندا بوو ئەو هەڵەیە لە نێو خەڵکیدا برەو پێبدەن، تاوەکو ئاین بکەنە قەڵغانی تەختو تاراجو پلەو پایەکان دژ بە ئەوانەی لێیان رادەپەڕن، بەردەوامیش هەروادەکەن، لە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، ئای ڕێگەکان چەند زۆرن ئەگەر توێژەرەوان سەرنجی بدەن تاوەکو توانیان وا لە خەڵکی بگەیەنن کە گوێڕایەڵیکردنی پێشەواو ئیمامەکان بەشێکە لە گوێڕایەڵی خوداو سەرپێچی کردنیشیان بەشێکە لە سەرپێچیکردنی خودا، پاشان خەلیفەکان هەر بەوەندە وازیان نەدەهێنا، وە بەوەش رازی نەدەبوون کە ئەبوبکر پێی ڕازی بوو، تورەبوونیشیان بە ئەندازەی تورەبوونی ئەو نەبوو، بەڵکو سوڵتانیان کردە جێنشینی خوا لەسەر زەویدا، وە سێبەری درێژکراوەی خودا بەسەر بەندەکانیەوە، پاكو بێ گەردی بۆ ئەو خودایەی لەوەی هاوبەشی بۆدابنرێ .

تاوای لێهات جێنشینایەتی (الخلافة) نوسێنرا بە باسو خواسە

ئایینیەکانــەوە وە بــو بــە بەشــێك لــە بیـــروباوەڕی یەکتاپەرســتی، موســـڵمانان لەگـــەڵ ســـیفاتەکانی خـــودای گـــەورە و ســـیفاتەکانی پێغەمبــەرە بــەڕێزەکان دا، دەیانخوێنــدو تــەڵقینیان دەکــرد وەك چــۆن شایەتی (لا إله إلا الله مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ)ی تەڵقین دەکرد.

ئەوە تاوانی پادشــاکانەو زۆرداری ئەوانــە بــە موســڵمانانی دەکــەن سەریان لــێ شێواندون، کوێریان کردوون لە ئاست ڕەواکاندا، بە ناوی ئاینەوە دەروازەکانی ڕۆشناییان لێگرتن، بەناوی ئاینەوە خۆیان سەپاند بەسەریانداو سەرشۆڕیان کردن‌و حەرامیان کرد بڕواننــە زانســتەکانی سیاسەت، هەروەها بە ناوی ئاینەوە فێڵیــان لـــێ‌کردن‌و ژێریــان بــەر تەسك کردنەوە، وایان لــێ هات بەدەر لەوەی دەیانەوێ سەرچــاوەیەکی تریــان نــەبێت. تەنانــەت لــە کاروبــارە بەڕێوەبەرایەتیــە ڕوونــەکان و سیاسەتی پوختیش‌دا) .

پاشان گەیشتە ئەم سەرەنجامە: (بەڕاستی ئاینی ئیسلام پاك‌و دوورە لەو خەلافەتەی موسڵمانان پێی ئاشنان‌و دەیناسن، وە پاك‌و دوورە لەو هەموو حەزو ترسانەی بەدەوریدا ســازاندویانە، لــە ســەروەری‌و هێــز، خەلافەت لــە نەخشــە ئاینیەکانــدا هــیچ شــوێن‌و جێگەیــەکی نیــە، بەهەمــان شــێوە قــەزاو ئــەو کــارو پیشــانەی فــەرمانڕەوایی‌و بنکــەو سەنتەرەکانی دەوڵەتن، چونکە ئەوانە تەنها نەخشەی سیاسی پوخــت‌و روتن، ئایین هیچی نیە بەسەریەوە، ئــاین نەئاشــنایەتی و نــەئینکاری دەکا، نە فەرمانی پێ کردووەو نەهی‌شی لــێ‌کردووە، بەڵکو بۆ ئێمەی

بەجێ هێشتوە، تاوەکو بگەڕێینەوە بـۆ بڕیارەکـانی ژێـریو ئـەزمونی گەلانی ترو بنەماکانی سیاسەت). [(١)]

شێخی ئەزهەر هـەر بەئەوەنـدە وازی نـەهێنا بابـەتی ئیمامـەتو خەلافەت لە بناغەوە بروخێنـێ بـەڵکو قـەزاو دادگـای ئیسلامیشـی لەگەڵیدا خاپور کرد، لە هەموو ئەوەی کە نوسی تەنها مەبەسـتێکی هەبوو ئەویش جێبەجێکردنی مەبەستی ئەوانە بوو کە پاڵنەری بـوون بۆ نوسین لەو بابەتەدا، چونکە خـدێوی مەبەسـتی بـوو لـەوەدا ئـەو بیردۆزە بسەلمێنێ لەبـەر چـەند هۆکـارێکی سیاسـی وەك ئـەوەی لـە لایەکەوە دەیویست خەلافەتی عوسمانی لەناوبەرێ و ناشـەرعی بـوونی بسەلمێنێ، لە لایەکی تریشەوە مەبەستی بوو دروسـتی و شـەرعیەتی یاساو دادگـا دەسـت کـردو دانراوەکـان بسـەلمێنێ، چـونکە ئـەم دوو کێشەیە لەو کاتەدا لە هەموو کێشەیەکی ویـژدانی تـر زیـاتر جێـی مشتومڕو قسەو باس بوو، ئەوەی بە تەواوی لە پشتەوەی ئەم بابەتەوە بوو ئیستعماری ئینگلیزی بوو کە ئەو کاتە کـاری دەکـرد بـۆ ئـەوەی پەیوەندی یەکانی نێوان گەلی میسریو خەلافـەتی عوسـمانی بپچـڕێو شەریعەتی ئیسلامی لە هەر یەکە لـە تورکیـاو میسـر دوورخاتـەوەو دایڕنێ، لە هەردوو کارەکەشدا سەرکەوتوو بوون؟!

شیخ علی عەبـدوڕازق لـە کۆتـایی ژیانیـدا پاشـگەزبوویەوە لـە کتێبەکەی، وەدانی نا بەوەی پاڵنەری هەبووە بۆ ئەوەی ئەوە بنووسێ؟!

---

(١) اصول الحكم في الاسلام، ل (٢٠٠-٢٠١).

بەڵام پاشگەزبوونەوەی هیچ کاریگەری و شوێنەوارێکی نـەبوو، بـە هەمان شێوە کتێبەکەشی ئەو کاریگەرییەی نەبوو، چونکە ئەوکتێبـە دەربڕی واقیعێك بو پێش ئەو کتێبە بـە ماوەیـەك ووردە بـەهێز دەستی کردبوو بە خۆ سەپاندن، تەنها پێویستی بەوە بوو کەسێك کـار بکات بۆ ئەوەی شەرعیەتی پێ ببەخشێ هەر بۆیـە بـە قسـەکەرێکی رەسمی ئەو تەوژمە دەچو کە لە کۆش و خانەی ئیسـتعماری بـەریتانیو راسپاردەیی خدیۆی دا لە دایك بوو، پاشان پێگەیشتووەو گەورە بـووەو لە شیری ئەوان گۆشکراوە، تاوەکو گوتاری سیاسی شـەرعی گـۆڕێنراو لەزمانی کەسێکی ئەزهەرییەوە ڕابگەینرێ، پاشتریش شـێخێکی تـری ئەزهەر شێخ مەراغی پشتیوانی لـێ بکات ؟! کـە دیـارترین شـێوەو دیمەنو گرنگترین بنەماکانی بریتی بوون لە:

١- سەلماندنی ناشەرعی بوونی خەلافەت کە بریتـی بـوو لـە رەمـزی یەکێتیو یەکرِیزی نێوان گەلانی موسڵمان، تەنانەت کاتێ خەلیفەی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم فەرمانڕەوایی دەکردو دەوڵەتیش لە سەرەمەرگدا بوو هیچ هۆکارێك لە هۆکارەکانی هێزی لەبەردەسـتا نەبوو جگە لەم دەسەلاتە ڕووحیە نەبێت کە داگیرکەری ڕۆژئـاوایی ئەوکاتەی پێهەژاند هەر بۆیە پێویست بوو بە ناوی ئاینەوە لە ناو ببرێو دەستی بەسەردا بگیرێ ؟![1]

---

(١) لەبارەی ئەو بابەتەوە بڕوانە (موقف العلم والعقل والعالم)ی (مصطفی صبري) دواین شـێخی ئیسـلام لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا (٤/٢٣٣-٣٢٣)، وە (مـذكرات السـلطان عبدالحمید)، ل (٦٧).

٢- ســـەلماندنی مەشـــروعیەتی دادوەری بردنەبـــەر یاســـا دەســـتکردوو دانراوەکـــان کـــە ئیســـتعمار هێنـــا بـــووی، وە کـــەنار خســـتن‌و دوورخستنەوەی شـــەریعەت بـــە نـــاوی شـــەریعەتەوە، وە ســـەلماندنی مەشروعیەتی عەلمانیەت‌و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت؟![١]

٣- سەلماندنی نادروستی مەشروعیەتی جیهاد لە ئیسلامدا بە بیانوی ئەوەی ئیسلام ئاینی (ئاشتی)یە، لە پێناوی بەخشینی شـەرعیەت بـــە بـــوونی ئیســـتعمارو هاوپەیمانیەتیـــەکانی لەگـــەڵ ڕژێمـــە فەرمانڕەواکاندا بە ناوی ئاشتی جیهانیەوە کە ئیسـلام هـاتووە بـۆ بەدیهێنان‌و جێبەجێ کردنی؟![٢]

زۆرێك لە زانایانی ئەو چەرخە لە هەمـوو شارو ولاتێکەوە هەستان بە وەڵامدانەوەی ئەو ووتارە سیاسیە گۆڕێنراوە، لە هەموویان ووردبـین تر دوا شێخی ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی (مصطفی صبري) بـوو لـە کتێبەکەیدا بەناوی (العقل والعلم) ئەوەبوو ڕۆچو بە ناخی ئەم گوتارە گۆڕێنراوەدا شێخ صبری - بەر بەزەیی خودا کەوێ - فەرموویـەتی:[٣] (یەکەم کەسێك لە ڕووی مەبدەئیەوە بابەتی جیاکردنەوەی ئـاینی لـە

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) بروانە ئەم سێ ئەصلە (خەلافەت، شەریعەت، جیهاد) دەبینین تاوەکو ئێستاش قەدەغـــەکراوەکانی واقعـــی موســـڵمانانی هاوچـــەرخە لـــە ڕووی سیاســـی و ڕۆشنبیریەوە؟!

(٣) ژمـارەی ئـەو پەراوێزانـەی کـە دێـن ووتـەی شـێخ (مصـطفی صـبري) یـە، قسـەو ووتەکانی خۆم لەسەر ووتەکانی ئەو بە ئاماژەی ئەستێرەیەك (*) جیاکردوەتەوە

سیاسەت ووروژاندو بانگەشەی بۆی کرد مامۆستا عــەلی عەبـدوڕازق بەگ پاشا بوو ئەوە بوو کتێبێکی لەسەر داناو بڵاوی کردەوەو ناوی نـا ئیســلامو بنــەماکانی فــەرمانڕەوایی (الاســلام واصــول الحکــم) لــەو کاتەشدا قازی شەرعی (المنصورة) بو، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبــە بــووە هــۆی پچــڕانی پەیوەنــدی ئــەو بــە ئەزهــەرەوە، هەرچــەندە بنــەمای جیاکردنەوەکە لە میسردا کاری پێـدەکراو ماوەیـەکیش بـوو لـەکاردا بوو، سەرەتاکەشی لەو ڕۆژەوە بوو کە وەزارەتی میســری لــەو ئەندامــە شەرعیانە دارِنرا کە ناو دەبرا بە (شــیخ الاســلام)، ئــەو کەســەی کــە هەموو ئەو حەلل‌و عەقدانــەی لــە ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە دەردەچــوو وەستابوو لەسەر ڕەزامەندی ئەو.

هەر ئەمەش لە تورکیادا بەدی هات و تــا هەڵگەڕانــەوە دوور لــە ئاینیە نوێیەکە بەردەوام بوو کە سەرەتاکەشی لــە حکومــەتی پــارتی یەکێتی و پەرەپێدان (الاتحاد والترقی)و لە ســەردەمی کەمالیەکانــدا تەواو کــرا، ســەرەتا تــەنها دادگاکــانی ســزادان لــە دەزگــای شــێخی ئیســلامی (المشــیخة الاســلامیة) جیاکرایــەوە، کــە لــە پــاش ئــەو پێداچوونەوە بێزارکەرانە بەدی هات کە دەوڵەتە گەورە مەســیحیەکان ئەنجامیان دەدا(*) هاوشێوەی ئەمە دادگای بازرگانی داهێنرا: کــە ئــەم

---

(*) واتــە دادگاکــانی ســزاو تۆڵــە (المحــاکم الجزائیــة) بــە هــەموو یاســا دانراوەکانیــەوە دەســتێوەردان‌و پەســتانی ڕۆژئــاوای ئیســتعماری لەســەر بــوو، بــە هــەمان شــێوە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی؟!

(مشیخة)یە بە گەورەترین‌و فراوانترین دەزگـای حکـومی دادەنـرا کـە بەرامبەر (مشیخة)ی ئەزهەر بوو، بەشێك لە بەشەكانی تایبەت بو بە چـاودێری‌و سەرپەرشـتی کردنـی پـەیمانگا ئاینیـەکان، لـەم دیـدو تێڕوانینەوە شێخی ئەزهەر ئاستی دەسەڵاتەکە حکومیەکەی لە ئاستی بەڕێوەبەری زانکۆیەك تێ ناپەڕی، بە گـەورە دانانیشـی لـەوەی نـاوی شێخی ئیسلامە تەنها لە لایەن هەندێ حەماسـەت دارەکانـەوە بـوو، دانانی لە پلەی وەزیران بەڵکو بە باشـتر دانـانی لای هەنـدێ لەوانـە گـەورەکردنێکی دەسـتکردو لـە رووی ئـەو پسـپۆریەی لەدەسـەڵاتی حکومیدا هەیەتی هیچ پاساوێکی نیە.[1]

دەگەڕێینەوە بۆ لای مامۆستا عەلی عەبدوڕازق بەگو ئەو کتێبـەی

---

(١) بە گـەورە دانـانی پلـەو پایـەی پیـاوانی ئـاینی بە نـاوو قسـە نابێـت، هـەر وڵاتێـك حکومەتەکەی چەندە لە ئاین جیا بێت و لێی دوور بکەوێتەوە ئەوەندە پلەو پایەی ئاینی تیایدا بچووك دەبێتـەوە بە پـێی ئەندازەی جیابوونـەوەو دووردکەوتنەوەکە تاوەکو بارودۆخی دەگاتە ئەو رادەیەی تورکیای نوێی دوور لە ئاین پـێی گەیشت.

بـەڵام دوور کەوتنـەوەی سـەرۆك‌و دەم سـپی ئـاین لـە ئـاین خـۆی‌و هـەوڵ دان بـۆ ڕمانـدنی ئوسـوڵ‌و بنـەما کـۆن‌و دامـەزراوەکانی هـەروەك لـە سـەردەمی شـێخایەتی مامۆستای گەورە ئەلمراغیدا ڕوویدا، کە چەندین دیدی شـاراوەی خـۆی سـەبارەت بە یاساکانی ئیسلام لە چەندین شێواندنی جۆراو جۆر دا بەدەر دەخست، لەوانە ئـەو قسـەیەی لەگـەڵ نوێنـەری لاوە عێراقیەکانـدا کـردی کـە لـە ئـەهرامی (٢٨)ی فبرایەری (١٩٣٦)دا بڵاوکرایەوە کە دەڵێ: ( هەرکەسێ بە چاوێکی ووردو تیژەوە بڕوانێتە کتێبە ڕەسەنەکانی ئایینی، نامەعقولە یاسایەك یان کتێبێك یـان بنەمایـەك کـە لـە سـەدەی دووەمـی کۆچیدا دانـراوە، پاشـان بچـی بیهێنـی ئـەو یاسـایە لـە (١٣٥٤)ی کۆچی دا پیادە بکـەی) ئەمە شتێکی ڕیسـواترە لـەو بارودۆخـەی تورکیا پـێی گەیشت.

داینا لەو کاتەی قازی شەرعی بوو لە شـاری (منصـورة) مەبەسـتی دانانی کتێبەکەشی پشتگیری کردنی ئەوکارانە بوو (مصـطفی کمـال) لە تورکیادا کردی لەوانەش هەڵوەشانەوەی خەلافەت، هەرچـەندە لـە کتێبەکەیدا بە ئاشکرا ئەم پشتگیریو دەسـت خۆشـییەی دەرنـەبڕیوە، بەرگریکارە تورکەکان لە ئاژاوەی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتدا لانی کەم تـەنها ڕەخنـەیان لـە خەلیفـەو سـاختەکاریەکانی خەلافـەتی پـاش سەردەمی چوار خەلیفە ڕاشدینەکان دەگرت، بەڵام قـازی (منصـورة) سەرەتای ساختەکاری دەگێڕێتەوە بۆ جێنشینایەتی ئەبوبەکر، ئیدیعای ئەوەی دەکرد پێغەمبەری خوا ﷺ حکومەتێکی نەبووە تاوەکو ئـەبو بەکر ببێتە جێنشین تیایدا، بـەڵکو ئـەو تـەنها پێغەمبـەرێتی بـووە، پێغەمبـەریش جێنشـینایەتی (الخلافـة) پەسـەند ناکـات، (عــەلی عەبدوڕازق) سەبارەت بەو ئەرکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داوە دەڵێ: (پەیامە نەك فەرمانڕەوایی، ئایینە نەك دەوڵەت) سەبارەت بـە ناونانی ئەبوبەکر بەو نازناوە ئەوا دانەر بەو شێوەیە پەسەندی دەکا کە ئەمە دەربڕینێکی خوازەیی (مجازی)یـەو بـەکارهاتووە بـۆ واتـای ئـەو سـەرکردەیی کردنـەی موسـڵمانان لـە دوایـی کۆچـی پێغەمبـەر گواستیانەوە بۆ ئەبوبەکر، نەك جێنشینایەتی بە واتای ئەو زاراوەیـەی سەرۆکایەتی ئایینی بیگرێتەوە .

مامۆستا عەلـی عەبـدورەزاق بـەگ ئـایینی لـە حکومەتەکـەی ئەبوبەکـر دەرهێنا، تاوەکو خەلافــەتی لـێ دەرکێشێ تەنانەت لـە

ل (٩٠)دا دەڵـــێ: (ئاســـایی یـــەو ژێـــری ڕێی تێـــدەبا تـــا ڕادەی بەڵگەنەویستی کە دوای پەیامبەر سەرۆکایەتی ئاینی نەبێت، ئەوەشی وێنای بوونی دەکرێ لە پاش ئەو تەنها جۆرێکە لە سەرۆکایەتی نـوێ، کە پەیوەست نیە بە پەیامو لەسەر ئاین بنیات نـەنراوە، کەواتـە ئـەو دەسەڵاتداری یە جۆرێکە لە نا ئاینی) .

(جا ئەگەر سەرۆکایەتی و زەعامەت نائایینی بوو ئەوا هیچی کەمو زۆر نیە لە سەرۆکایەتیو زەعامەتی مـەدەنیو سیاسـی، زەعامـەتی حکومەت و سوڵتان نەك زەعامەتی ئاین، ئەوەی بووە هەر ئەمەیە) .

مامۆستاو قازی شەرعی (منصورة) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی پاساو بهێنێتەوە بۆ حکومەتی (مصطفی کمال) پاش ئەوەی خۆی لـە خەلافەت و ئاین داماڵی، بەوەی حکومەتەکەی ئەبوبەکری داگرتوەتـە ڕیزی حکومەتەکەی ئەو، بەو پێیەی وەکو حکومەتەکەی ئەو نا ئاینی بووە هەروەك لە دەقی کتێبەکیدا دەیبینی .

ئەو دەیەوێ پەیوەندی حکومەتەکان -هەر حکومەتێك بـوو بێـت- بـە ئاینـەوە ببپچـڕێ بـەو پێـیـەی حکومـەت بـەپێی سروشـت و مەبەستەکەی جیایـە لـە ئـاین، لەبـەر ئـەوە هـەر ئومەتێـك یـان پادشایەك حکومەتەکەی تێکەڵ بە ئاین کرد، وە کردیە جێنشینایەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ئـەوا لـەوبارەی خـۆی دەری کـردوە کـە بـۆی دانراوە، جا هەرچەندە هەندێ لـە پادشـاکان زۆری لـە خـۆی کردبـێ ویستویەتی، ڕەنگێکی ئاینیانە لە حکومەتەکـــەی بدات بە وەهمـی

ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حکومەتەکـەی و بەرزکردنـەوەی پلەو پایەی لە چاوی خەڵکیدا وە هەر ئومەتێك ئەم رەنگو شـێوەیەی بۆ حکومەتەکەی هەڵبژاردبێ وەك وەهمێك لە لایەن ئەوانەوە کە ئەمە بەهێزکردنی ئاینیانی تیادایە بەڵام ئاین بـۆ گەلـەو سیاسـەتیش بـۆ حکومەت، سیاسەت هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نیە مەگەر ئەوەی پیاوانی حکومەت خۆیان لە باری کەسێتیاندا کەسی ئـاین دار بـن و وەکو هەر تاکێکی ئەو گەلەی نوێنەرایەتی دەکەن.

مەبەست لـەم جیاکردنەوەیـەی نێـوان حکومــەتو ئـاینی گـەل، رزگارکردنی کارمەندانی حکومەتە لەوەی پابەند بن بە کۆتو بەنـدە ئاینیەکانەوە، تاوەکو ئازاد بـن لـە کـارکردن بـەو شـێوەیەی سـودی دەوڵەتو ئومەتی تیادا دەبیـنن، ئـەم جیاکردنەوەیـەی نێـوان ئـاینو دەوڵەت لەوانەیە سودی دەوڵەتو ئومەتی تیادا بێت و هیچ زیانێك بە ئاین نەگەیەنێت، هەر یەکەیان جیهانێکی بەدەر لە جیهانەکەی ئەوی تری هەیە، ئەمە ئەو مەبەستەیە کە ئەکرێ بڵێین ویسـتی مامۆسـتا بووە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەمە لە ویستی ئەودا بەژیری دەخوا.

پاش سەرنجم لەسـەر ئـەوەی کـە وادەزانم ئـەو ژیرتـر بێـت لـەوەی مەبەستی بێت حکومەتی ئەبوبەکر بە حکومەتێکی نائاینیو چـی و چی بزانێت، لە پاش ئەوە دەڵێم: لە راستیدا یان ئەوەتا کەمو کورتیەك لە بیرکردنەوەی مامۆستادا هەیە یاخود لانی کەم لە غیرەتیا بەرامبەر بە ئاین، چونکە تێناگـا لـەوەی جیاکردنـەوەی ئـاین لـە دەوڵـەت چ

زیانێکی گەورە لە ئاین دەدات، یاخود گوێ نـادات بـەو زیانـەی لـەم جیاکردنەوەیەوە سەر هەڵ بدات لەگەڵ ئەوەی لێی تێدەگات، باشە ئەو تاوەکو ئێستا لەوە تێنەگەیشتووە پـاش هەڵوەشـاندنەوەی خەلافـەتو جیاکردنەوەی ئاین لە حکومـەت چـی لـە تورکیـادا روویـداوە، لـەو دورکەوتنەوەیەی کۆمەڵگە لە ئاین وەك پاشـکۆو شـوێنکەوتنێك بـۆ حکومەت، یاخود تێگەیشتووە بەڵام خۆی لێ بێ ئاگا دەکـاتو سـورە لەسەر ئەوەی ئەو ئینقلابە شتی زۆر گەورەی لەو وڵاتەدا بەدی هێناوە، وە بە ڕاپەڕینێکی راستەقینەی دادەنێ بۆ ئەو وڵاتە، هــەمان ئـاواتیش بۆ میسریش دەخوازێ با ئاوات خواستنەکەشی لە دڵیدا شاراوە بێـتو راینەگەیاندبێ هەروەك مامۆستا (فرید وجدی) ئاواتی بۆی خواسـتو ڕاشی گەیاند؟ ئەم دوو گریمانـەو ئەگەرانـە دوور نـین لـە مامۆسـتاو دانەری کتێبی (الإسلام وأصول الحکم) کە لە ل(٣٧-٣٨)ی وتونی، لەو ووتارانەی لە ڕۆژنامەکاندا بە بۆنەی ئەو وەرگێڕانە نوێیەی قورئان لە تورکیای کە مالـیدا کرا بـەو پێیـەی دایـە ئـەم وەرگێـــڕانە جـێی قورئانە عەرەبیەکە دەگرێتەوەو خەڵکی پێویســـتیان پـێی نابێـت، و لەوبارەوە دەڵـێ:

(ئایا هـیچ بەرژەوەندییـەکی ئـاینی و دونیـایی موسـڵمانان لـەو پەیکەرە ئیفلـیجو گۆجانـەدا هەیـە کـە پادشـاکانی میسـر قوتیـان دەکردەوەو ناویان دەنان خەلیفەکان، بەڵکو ئەو بتانـەی دەیانجولانـدن و ئەو ئاژەڵانەی گاڵتە جاڕیان پـێدەکردن، ئـەو وولاتـە ئیسـلامیە بـەر فراوانانەو میسر چیان لـێ بەسەر هاتووە کاتێـك کـۆتی خەلافـەتیان

دارِنیوەو دەسەلاَتی ئەوانیان پەسەند نەکردو تاوەکو ئێستاش زۆربــەیان بەدەر لە سێبەری خەلیفەکانو ملکەچیێتیێکی وەسەنیانە بۆ ســەرکردەو بەرِێزیان ژیان دەگــوزەرێنن (*) ئایـا بـەبێ ئـەوان دروشمـەکانی ئـاین پشتگوێ خراو کاروباری خەڵکی لەکار خرا؟ یاخود ئایا دونیایـان لـە سەر تاریك بوو کاتێك ئەستێرەی خەلافەتیان کەوت، وە ئایا بە تەریك بـونی خەلیفـەکان بــەزەیی‌و میهرەبـانی زەوی‌و ئاسمانیــان لــێ دوور کەوتەوە؟ نەخێر .

بانوا فما بکت دنیا لمصرعهم
ولا تعطـلت الأعيــاد والجمع

واتە: تەریك‌و دوورکەوتن بەلاَم دونیا بۆ لەناوچونیان نەگریا، جەژن‌و جومعەکانیش پەکیان نەکەوت .

پەنا بە خوا! خوای گەورە نایەوێ سەربەرزی‌و سەرشۆرِی ئاینەکـەی کە خۆی کەفالـەتی مانـەوەی کـردووە بەســترا بێـت بـە جۆرێـك لـە حکومـەت‌و بەشێك لە میرەکان.

وە خوای گـەورە نایـەوێ بەنـدە موسـڵمانەکانی چـاکی‌و خراپیـان گرێداو بارمتەی خەلافەت یا ژێردەستەی خەلافەت بێت، خوای بـەرزو بالاَ لە هەموو کەس زیاتر پارێزەری ئاینەکەیەتی‌و بە بـەزەیی تریشـە

(*) سەیرو نامۆ لێرەدا ئەوەیە عەبدورەزاق نەوروژا دژ بە ئیستعماری بەریتانی کە بە فیعلی دەستی گرتبوو بەسەر میسر لەو ماوەیەدا وەك ئەو وروژان‌و شۆرِشەی بە سەر خەلافەتی عوسمانیدا کردی کە جگە لە ناو هیچ دەسەلاَتێکی بەسەر میسردا نەبوو؟!

بۆ بەندەکانی) .

منـــیش دەڵـــێم (ئـــەو خەفەتـــە زۆر تونـــدەش ناشـــارمەوە لـــەوەی ماملۆســـتای دانـــەر ئـــەو چـــەند رســـتەیەی کـــە لـــە کتێبەکـــەی گواستومانەتەوە چەند نمونەیەکی بەرزی لـە ووشـەی رەوا هێنـاوە بـۆ مەبەستی نارەوا) لە راستیدا خەلیفە لای خەڵکی بە کەسێك دەوتـرێ لە نێـوان پادشـایانی ئیسـلامدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، ئـەوەش نازناوێکـە لـە لایـەن موسـڵمانانی هـەر چـوار لای جیهانـەوە پـێ‌ی دەبەخشرێ، یاخود لە پێشینانی خۆیەوە بـۆی ماوەتـەوە تـا دەگاتـەوە ئەبوبەکری سدیق، دروست نیـە فـرە بێـت هـەر چـەندە دروسـتە لـە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی ترو لە قەومێکەوە بۆ قـەومێکی تـر بگوازرێتەوە، هاووێنەی خەلیفە ئەمەوی‌و عەباسی‌و عوسمانیەکان، ئـا ئەمە لە باوی خەڵکیدا بریتیە لـە خەلافـەت، خـەڵکیش وا گومـان دەبات مەبەستی (مصطفی کمال)ە لە هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت بـەم واتایە بووەو مامۆستای دانەریش ئەم هەڵوەشـاندنەوەیەی پـێ خـۆش بـووە، بـەڵام خەلافـەتی راســتەقینە لای مـــن‌و مەبەســـت لـــە هەڵوەشاندنەوەشی لە لایەن ئەوانەی لـە تورکیـادان‌و ئەوانەشـی لـە دەرەوە پشـتگیری ئـەم کارەیـان دەکـەن بریتیـە لـە هەڵوەشـانەوەی جێگرتنەوەی پێغەمبەری خوا لـە جێبـەجێ‌کردنی ئـەو یاسـاو رێسـا ئیسلامیانەی هێناویەتی، ئەم جێنشینایەتیە (الخلافة) لە تەواوی ئەو حکومەتە ئیسلامیانەدا هەیە کە بـە پـێ‌ی توانـا مـەرجـەکانی ئـەو حکومـەتەیان تیادا کۆبووەتەوە.

هەرچەندە باوی گشتی یــەکێك لەوانــە بــە دیــاریکراویو تایبــەت ناودەنێ بە خەلافەت، چونکە ئەگەر حکومەتێك هەبوو،ڕەچاوی مەرجو پیشەکانی حکومەتی ئیسلامی تیادا بوو، بۆ ئەو نوێنەرایەتیەشی لە خۆ دەگرت کە باسمان کرد، ئەوەش بریتیە لە خودی خەلافــەت خــۆی، ئەوەی مەرجە لە خەلافەتدا بێتە دی ئەوەیە حکومەت شوێنی بنەماو ڕێسا ئیسلامیەکان بکەوێ، ئــەو کاتــە وەســفکردنی حکومەتــەکانی ئیسلام بە خەلافەتو فەرمانڕەوا بــە نازنــاوی خەلیفــە، بــەپێی ئــەو شوێنکەوتنە دەبێت کە هەیەتی بۆ ئەو بنەما ئیسلامیانە.

وتمان: خەلافەت بە واتای دووەمی کە واتە ڕاستەکەیەتی، ئەمەیــە ویستویانە هەڵی وەشێننەوە لە چوار چێوەی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بە واتا یەکەمە ڕەسمیەکەی، نوسینەکەی مامۆستای دانــەریش هــەر ئەمەی مەبەســتە کاتێــك هەڵوەشــاندنەوەی خەلافــەت خۆشەویســت دەکات، چونکە جیاکردنەوەی ئــایین لــە سیاســەت کــە ئــەم نوســراوە بانگەشەی بۆ دەکات لەوەی خەلافــەت بــە واتــا دووەمــە ڕاســتەکەی هەڵوەشێتەوە ئەم تێگەیشــتنەش بــۆ خەلافــەت ئــەوە دەگەیــەنێ کــە فەرمانڕەوا لە حکومەتەکەیدا شوێنی یاساکانی ئیسلام بکەوێ،(*) لە پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە تورکیادا لەگەڵ ئەوەی حکومــەت

(*) واتــە ئــەوەی ئــەتاتورك پــێی هەســتا هەڵوەشــاندنەوەی هــەردوو خەلافەتەکــە بــوو، خەلافــەتی بــاوو عــورفی کــە لــە خەلافــەتی عوسمانیــدا خــۆی دەنوانــدو ڕەمــزی یــەکگرتنو یــەکێتی ئیســلامی بــوو، خەلافــەتی شــەرعیش کــە لــە پیــادەکردنو جێبەجێکردنی شــەریعەتدا خــۆی دەنوێنێتونوێنەرایــەتی کردنــی پێغەمبــەرە ﷺ لەم ڕووەوە .

مـایەوە کەچی ئەو حکومـەتەی لە خەلافەت جیایە وە بەهــەمان شـێوە لە ئاینش جیابویەوە، وەك ئەوەی ئەوانــەی خەلافــەتیان هەڵوەشـاندەوە لەگەڵ ئەوەدا ئاینشـیان هەڵوەشـاندەوە، گومــان نیــە لــەوەدا ئــاینی حکومـەتیان هەڵوەشاندەوە ئەگەر ئاینی ئومــەتیش نــەبێت، نوســەری ئەم کتێبە بە دەق دان دەنێ بە هەڵوەشاندنەوەی ئـاینی حکومەتـدا، پشتگیریشی کردووە بە بیانوی ئەوەی حکومـەتی ئەبوبەکریش (خــوای لێ ڕازی بێت) ئاینی نەبوو، مامۆستا ئەم بانگەشەیەی بەسە بۆ ئەوەی دادوەر بێت بەســەر کتێبەکەیــەوە پــێش ئــەوەی ڕەخنــەگرانو دادوەری بکەن .

ئەگــەر بانگەشــەیەکی تــری هــەبێتو بلێــت، نائــایینی بــوونی حکومـەت ناتەبا نیە بە، ئایندارێ ئومەت ئـەوا بــارودۆخی تورکیــای ئێستا بانگەشەکەی بەڕاست دانانــێ، دوو دڵ بــوون لــەوەی نیشــانەو مەشخەڵەکانی ئیسلام بەرەو نەمانو پوکانەوەو لەناو چوون دەچن لــە تورکیاداو هەڵوەشاندنەوەی ئاین بە دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتــدا هــات، تــاوەکو ڕێگــری کــرا لــەوەی خــەڵکی بچــێ بــۆ حیجــاز بــۆ جێبەجێکردنی فەریزەی حەج، دادگا شەرعیەکانو پەیمانگا ئاینیەکان داخراون، مارەبڕینی شــەرعی گــۆڕا بــە مــارەبڕینی مــەدەنی و پیتــی عەرەبی بە پیتی فرنجی ئەمەش بۆ ئەو مەبەســتە بــوو تــاوەکو تــورك پەیوەندی بپچڕێ بەو مێژووەی پێشتر لە ئیسلامدا هەیبوە، هەرچــەندە ئەو مێژووە بەرزو پرشنگدار بوو بێ، وە گرنگی درا بە پێگەیاندنێکی

نائاییینیانەی نەوە خوێندەوارەکانمان بەوەی ناوی خودای بـەرزو بـاڵا لـە سەر زمانی رەسمی باس نـەکرێو رێنـەدرێ بـە گۆڤـارو رۆژنامـەکان وتاری ئاینی بڵاوبکەنەوە ئەگەر وەڵامیش بێت بۆ ئەو ووتارانەی دەست درێژی تیادا کراوەتە سەر ئایین ..

ئەگەر لـە ئەمانـەدا دوو دڵـی هـەبێت ئـەوا شـایەنی گفتوگـۆو مشتومڕ لەسەرکردن نیەو وەك ئەوە وایە لەگـەڵ کەسـێکدا مشـتو مڕبکەی کە بەشێوەیەکی کەللەرەقانە پابەندە بە کوفرەوە .

هۆکـاری هەرەسـهێنانی پایـەکانی ئـاین لــە تورکیــادا پــاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو جیاکردنـەوەی ئـاین لـە حکومـەت کـە پاشـکۆو پەیوەسـتی ئـەو هەڵوەشـاندنەوەیە بـوو، روونو ئاشـکرایەو هەمان ئەو هۆکارانە خودی ئەو هەرەسـە بـەدوای خۆیـدا دێنـێ لـەو وڵاتانەو وڵاتانی تریش کە هەمان هەنگاویان گرتەبەر لە جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت چونکە ئاینو حکومەت ئەگەر لێـك جیابوونـەوە ئـەوا حکومەت زاڵ دەبێت بەسەر ئایندا بەو پێیەی حکومەت لە دەسەڵاتو سیاسەت جیا نابێتەوە بەڵام ئاین لە دەستیان دەدات، بەو پێیـەی بـە جیا بوونەوەی ئاینو حکومەت، دەسەڵات لە پاڵ حکومەتـدا دەبێـتو ئاینی جیاکراوەش دەکەوێتە ژێر بەزەیی حکومەتەوە، ئەگـەر وویسـتی رێزی دەگرێو ئەگەر ویستشی سوكو ریسوای دەکا، بـا بڵـێین ئەگـەر حکومەت ژیر بوو وە باوەڕی بـە ئـاین هـەبوو سـەرەرای ئـەوەی ئـاین جیاکرابووەوە لێی وەکۆتی ئایینی لەسەر نەمابوو، ئایا بەشـی یەکـەم

هەڵدەبژێرێو ڕێز لە ئایین دەگرێ ؟ لــە کاتێکــدا هــەر ئــەوەی ئــایین دەخرێتە ژێر ڕەحمەتی پاراستنەوە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەیە بــە ڕێــزو کەرامەتی دین، لە کاتێکدا وڵاتــی میســری نیشــتمانی نوســەر ڕازی نابێت لە ژێر چاودێریو پارێزگاری کەسـانی تــردا بێــت، لــە کاتێــك ئەگەر حکومەت ژیرو باوەڕدار بێت بە ئــایین ئــایینی لــە خــۆی جیــا نەدەکردەوە، وە ئەوەی هەڵدەبژارد کە لە ژێر سایەو دەســەڵاتی ئایینــدا بوایە لە هەمان کاتدا ئومەتیش لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، بەڵام ئەگــەر حکومەت نا ئایینی بێت جــەنگ هەڵبگیرســێنێ دژ بــە ئــایین ئــەوا سەرکەوتن لەو جەنگەدا بەدەست دەهێنێ، بەو پێیــەی دەســەڵات لــە دەستی دایە لە کاتێکدا ئایین داماڵراوە لەو چەکە یەکلاکەرەوەیە .

ماملۆستا لە کتێبەکەیدا دان نانێ بە حکومەتی پێغەمبــەردا ﷺ تاوەکو حکومەتی ئەبوبەکری پاش ئەو بــە جێنشــینی حکومەتەکــەی ئەو دابنێ، هەر بۆیە چەندین زانــای میســری کتێبــی وەڵامدانــەوەیان نووسی، وێنەی شێخ (بخیت) بەر بەزەیی خوای گەورە بکــەوێتو شــێخ (خضر) خوا سەلامەتی بکات(*) کــە دوای کتێبەکــەی خــۆم هــەردوو کتێبەکەیانم بینی - سەبارەت بە پێداویستی یەکانی ئەو حکومەتــەی لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ بوونی هەبووە، کــە مامۆســتای دانــەر خۆی زۆر سەرقاڵ کردووە بەوەی تەئویلیان بکــات و بیانگێڕێتــەوە بــۆ

(*) دیارە لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا شێخ خضر زیندوو بووە (وەرگێر)

واتایەك كە بەدەر بن لـە ئـەوەی پـێی دەوتـرێ حكومـەت، مـن بـە ئەندازەی ئەو مامۆستایانەی لە میسردا وەڵامی ئەویان دابویەوە و زۆر بە فراوانی سـەبارەت بـە سـەلماندنی پێداویسـتییەكانی دەوڵـەت لـە حكومەتدا قسەیان كردووە ئەوەنـدە بـە فراوانـی شـتم لـەو بارەیـەوە نەنووسـیوە، بـەڵام مـن زیـاتر لـەوان گـرنگیم داوە بـە غـەزوەكانی پێغەمبەر ﷺ وە زۆر بە چـاكی پشـتم پـێ بەسـتووە بـۆ سـەلماندنی حكومـەتی پێغەمبـەر ﷺ، تەنانـەت ووتومـە لـە راسـتیدا چـۆن غەزوەكانی پێغەمبەری خوا كافرەكانی سەرشـۆر كـردوو ناحـەزەكانی تێك شكاند بەهەمان شێوە بوونی ئەو غەزوانە بەسەر ئەو كتێبەدازاڵ دەبێت و بانگەشە پڕوپوچەكانی هەڵدەوەشێنێتەوە هەر چەندە لە رووی زەمەنیشەوە زۆر پێشی كـەوتووە، گفتوگـۆو مشـتومڕەكانم بـۆ ئـەو كتێبە لە بڵاوكراوەكانی ڕۆژنامـەی (یـارین)مانـدا بەسـترا بـوو بـەو وەرگێڕانەی بۆ كتێبەكە كرا بوو، ئێستا پاش ئەوەی ئەسڵی كتێبەكـەم بینی پێم باشە ئەم چەند دێرەی لـێ وەرگرمو پاشان رەتی دەدەمەوە لە ل ٥٢ دا دەڵێ: (بێگومان حكومەتی پێغەمبەر هەنـدێ شـتی تیـادا بوو كە بە دیاردەكانی حكومەتی سیاسی و شانشینی دەچوو، هەر بـۆ نمونە یەكەم شـتێ كـە بـە خەیاڵـدا دێ لـە كاروبـاری مەلەكیـەتی سـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ بەدەردەكـەوێت مەسـەلەی جیهـادە، پێغەمبەری خوا ﷺ غەزوی بێ باوەڕ عەرەبەكانی كردووە ووڵاتیـانی رزگاركردووە لە جەنگداو دەسـتی گرتـووە بەسـەر سەروسـامانیاندا،

گومانیشی تیادا نییه چاویشی بڕیبووه دەرەوەی دوورگەی عەرەبیش، وە خۆی ئامادەکرد بە سوپاکەیەوە بەرەو وڵاتـانی تـر بخـزێ و بجـوڵێ بـە کـردەوەش دەسـتی کـرد[1] بـە ململانـێ‌کردنی دەوڵـەتی ڕۆمـان لـە ڕۆژئاواوەو داوای ئەکرد کیسرای فارس لـە ڕۆژهـەڵاتو نەجاشـی لـە حەبەشەو مەقوقس لە میسرو .. هتد ملکەچی ئایینەکەی بن .

یەکەم جاریش وا بەدەردەکەوێت کە جیهاد تەنها بانگەشـە کردنـێ نییە بۆ ئایینو باوەڕهێنانی خەڵکی بە خواو پێغەمبەرەکـەی، بـەڵکو جیهاد بۆ سەقامگیری دەسەڵاتو فراوانکردنی شانشینیشە .

بانگەوازکردنی ئەو، بانگەوازە بـۆ لای خـوا، پشـتو پێگـەی ئـەو بانگەوازەش تەنها بـە ڕوونکردنـەوەو بزوانـدنی دڵەکانـە بـە هۆکـارە جۆراوجۆرەکانی کارتێکردنو قەناعەت پێ‌کردن، بەڵام هێزو زۆرکـردن گونجاو نیە لەگەڵ بانگەوازێکدا کە مەبەستی بێت دڵـەکان ڕێنمـونی بکـاتو بیـــروباوەڕەکان پاکـژ بکـات، لـە مێـژووی پێغەمبەرانـدا نـەمانزانیوە پێغەمبـەرێك بـە زەبـری شـــمشێر خـەڵکی ناچـار بـە باوەڕهێنان کردبێت وە یا نەتەوەیەکی داگیر کردبێت لە پێناوی ئـەوەی باوەڕ بە ئاینەکەی بهێنن، ئەمەش بریتیە لە هەمان ئـەو سـەرەتایەی پێغەمبەر ﷺ دەیسەلماند لـە کاتێکـدا دەیویسـت کتێبـی خـودایی ڕابگەیەنێت.

---

(١) ئاماژەیە بۆ غەزوەی موئتە سریەی ئوسامەی کوڕی زەید .

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ (البقرة: ٢٥٦) وە فەرموویەتی: ﴿ادعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل- ١٢٥)، وە فەرموویەتی: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ﴾ (الغاشية: ٢٢) وە فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ (آل عمران: ٢٠) وە فەرموویەتی: ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾(يونس: ٩٩)(*)

ئەمانە سەرەتاو بنەمای روونو ئاشکران لەوەی پەیامی پێغەمبەر ﷺ بە وێنەی پێغەمبەرانی پێش خۆی، تەنها پشت ئەستورە بە قەناعەت پێکردنو ئامۆژگاری دان، وە بۆی نەبووە پشت بە هێزو زۆرداری ببەستێ، وە کاتێکیش کە پەنای بەهێزو ترساندن بردوە ئەوە لە پێناوی بانگەوازکردندا نەبووە، بۆ ئاینو گەیاندنی پەیامەکەی بە جیهانیان، تەنها وا لێی تێ دەگەین کە ئەوە لە پێناوی پادشایەتیو پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامیدا بووە حکومەتیش تەنها بە شمشێر بەرپا دەکرێ، وە بە هۆی ژێردەستکردن و زاڵ بونەوە بەدی

---

(*) تەواوی ئەم ئایەتانە باس لە ئەرکی پێڕاگەیاندنو ئازادی مرۆڤ دەکەن لە وەرگرتنو پەسەند کردنی ئەو بیرو باوەڕەی پێی دەگات، سەیری تەفسیری ئاسان بکە. (وەرگێڕ)

دێ، ئەمە لای ئەوان بریتیە لە نهێنی واتای جیهادی پێغەمبەرانە). (*)

لەمە زیاتر هـیچ لـە کتێبەکـەی عـەلی عەبـدوڕازق ناگوازینـەوە سەرەرای ئەوەی ئەو زۆر زیاد لەم مەسەلەیەدا تەئویلی کـردووە، واتـە سـەبارەت بــە جیهــادی پێغەمبــەر ﷺ، ســەرەرای هــەموو ئــەو زیادەڕەویانەی لە لێدانی دەرگاکـانی تەئویلـدا ئـەنجامی داوە کەچـی هەموو ئەوانە سودێکی وای پـێ نەگەیانـدوەو خزمـەتێکی بەرچـاوی نەکردووە بەو بانگەشەیەی چـەقی کتێبەکەیـەتی و بەدەوریـدا خـوول دەخوات، مەبەستم جیاکردنـەوەی ئاینـە لـە سیاسـەت وە هەوڵێـداوە بیسەلمێنێ ئەو بۆ چوونە دژ نیە بە خـودی ئیسـلام، ئـەو حکومـەتی پێغەمبەر ﷺ ناسەلمێنێ لەولاشەوە دان دەنێ بە جەنگەکانیـدا بـەڵام ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئـەو جەنگانـەی لـە پێنـاوی ئاینـدا ئـەنجام نەداون، دەستی کردووە بە ژماردنی ئەو ئایەتانەی باس لەوە دەکەن زۆر کردن لە ئایندا نیە، پێغەمبەر ﷺ هەژموونو زاڵێتی نیـە، بـەڵکو تەنها ئاگادارکردنەوەو پێڕاگەیاندنی لەسەرە، ئەی چـۆن جەنگـەکانی

---

(*) ئەو ووتەیـەی لـە نێوان دوو کەوانەدایـە ووتـەی علـی عەبدوڕازقە شـێخ مسـتەفا سـەبری بۆیـە دەیهێنـێ تـاوەکو ڕەخنـەی لـێ بگـرێو هەڵـی وەشـێنێتەوە، لێـرەدا سەرنجی ئامانجی علی عبدالرازق بدە، کە بریتـی یە لـەوەی بەهـەمان شێوە گومان بخاتـە سـەر مەشـروعیەتی جیهـاد وەك دەروازەیـەك بـۆ سـەلماندنی مەشـروع نـەبێ خەلافـەت و فـەرمانرەوایی کـردن بـە شـەریعەت وە داداگـای شـەرعی، هـەموو ئـەو دوودڵیو گومان دروستکردنانە لە سایەی حمایەی بەریتانیادایە بۆ میسر، ئەمڕۆمان چەند بە دوێنێمان دەچێ ؟

لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا دەسازێن‌و ڕێك دەكەون، جا ئەگــەر جەنگــەكانی بۆ ئاین نەبوو بێت كەواتە هەر دەبێت بۆ حكومەت بێت، بانگەشــەی ئەوەشی كردووە كە ئەو حكومەتی نــەبوە، كەواتــە یــا دەبێــت ئەمــە دژواری و ناكۆكی نوسەر خۆی بێت، یاخود ڕەخنەگرتنێكی ئاشــكرایە لە پێغەمبەر ﷺ كە بە پێچەوانەی ڕەوتــی پێغەمبەرانــەوە جــەنگی بەرپا كردووە، یاخود دەبێت حكومەتەكەی پێغەمبەریش ﷺ نائاینی بێت بەپێی ڕێبازی دانەر بە هەمان شێوەی حكومەتەكەی ئەبوبەكر .

وا دەبینین دژ بونەكان زۆر ئاشكران‌و تەئویل هەڵناگـــــــرن لــەوەی كە ئەو بڕوای وایە پێغەمبەر ﷺ لــە پێنــاوی ئاینــدا نەجــەنگاوە وا لەگەڵ ئەوەی چەندین ئایەت هەیە كە دژ بەو بۆچونە لەوانە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ (التوبة: ٧٣)، وە ئایەتی: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ﴾ (البقرة: ١٩٣)، وە لە ئایەتێكی تردا هاتووە ﴿وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ (لأنفال: ٣٩) ئایا مامۆستا ئینكــاری جــەنگكردن لــە پێنــاو ئایندا دەكات، جیهادكردن لە پێناوی خوداو بەرزكردنەوەی ووتەكانی؟ ئەگەر ئینكاری دەكات ئایا ئینكاری ئەم ئایەتەی خوا دەكات ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٤٤) هیچ گومــان‌و دوو دڵیەك لە ڕوودانی غەزوەكانی پێغەمبــەردا نیــە، هــیچ گومــان‌و دوودڵیەك لە بوونی ئایەتەكانی جەنگ كردندا نیە لە كتێبی خــوادا، ئایا ئەو جیهادەی لە كتێبی خوادا باسكراوەو فەرمان دراوە موسڵمانان

ئەنجامی بدەن دەگونجێت شـتێك بێـت جگـە لـە ئـاینی ؟ ئەگـەر وا دابنەین ناتەباییەك لە نێوان ئـەم دوو جـۆرە لـە ئایەتـدا هەیـە کـە نمونەکانی زۆر زۆرن وەکو ئایەتی ﴿فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَاللَّهُ أَشَدُّ بَأْساً وَأَشَدُّ تَنْكِيلاً﴾ (النساء: ٨٤) وە ئایەتی: ﴿فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأُولَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً مُبِيناً﴾ (النساء: ٩١) وە ئایەتی: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ (الأنفال: ٦٠) کە قورئان لـەم ئایەتانـەدا دوژمنـی موسڵمانان بە دوژمنی خوا دادەنێ وە فەرمان دەدا پێداویسـتیو هێـز بۆ تۆڵەو تۆقاندنیان ئامادە بکرێ، ئایا لەسەرەوەی ئەمـەوە جـەنگێك هەیە لە پێناوی ئاییندا؟ جا ئەگەر ئەم ئایەتانە بـە ناتـەبا دابنرێـت لەگەڵ ئەو ئایەتانەی مامۆستا ژماردوونی وەکو ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ (البقرة: ٢٥٦) یاخود ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾(یونس: ٩٩) یاخود ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ﴾ (الغاشیة: ٢٢) وە یاخود ﴿وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ (آل عمران: ٢٠) وە بەشێکیان ئەوەی تریانی نەسخ کردبێتـەوە ئـەوا پێویسـتە نەسـخ کەرەوە ئایەتەکانی جیهاد بن نەسخ کراوەش ئایەتەکانی وازهێنان بێت تەنها بە ئامۆژگایو ڕێنمـای کـردن،(*) ئەگـەری پێچـەوانەکەی نیـە

---

(*) دیارە هیچیان نەسخ نین بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نوسراوەکەی (د. مصطفی الزلمي) بە ناوی (البينات لرفع غموض النسخ في القرآن) (وەرگێڕ) .

چونکە وێنا ناکرێ پاش جـەنگکردن لـە پێنـاوی ئاییـندا، نـەهی لێ بکرێ بنیات لە سەر ئەوەی ئایین بە جەنگکردن سەر نـاخرێ، بـەڵکو تـەنها پشـت ئەسـتورە بـە قەناعـەت پێکـردن هـەروەك مامۆسـتا بانگەشەی بۆ دەکات، ئەگینا ئـەم نـەهی کردنـە بەهەڵـەدانانی ئـەو جەنگـە پێشـوانەیە کـە بـە فـەرمانی خـوای گـەورە ڕویـان داوەو ئەنجامدراون .

بۆت هەیە ناتەبایی ئەم دوو دەستە ئایەتەی لە قورئاندا باس کراون ڕەت بکەیتەوە بێ ئەوەی پەنا بەریتە بەر نەسخ کردنەوەی بەشێکیان، بەڵام تەئویل کردنو لێکدانەوەی ئەو ئایەتانەی داخوازی ئـەوە دەکـەن کە تـەنها بـە ئامۆژگـاری و ڕێنمـایی کـردن واز بهێنـرێ نـەك ئـەو ئایەتانەی باسی جەنگ کـردن دەکـەن و تـەئویل کـردن هـەڵناگرن، فەرمودەی خـودای ﴿لا إِكْـرَاهَ فِـي الـدِّينِ﴾ (البقـرة: ٢٥٦) واتـە: هـیچ پێویستی بە زۆر کردن نیـە، چـونکە ڕێنمـاییو سەرلێشـێواوی لێـك جیابوونەوەو بەڵگەداری ئیسـلام روونو ئاشـکرا بـووە، یـاخود واتـای ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (یونس: ٩٩) ئەوەش دەگەیەنێ تۆ ناتوانی ئەو کەسە ڕێنومایی بکەیت کە خۆت ویسـتوتەو دیاریـت کردوە بەڵکو خـوای گـەورە خـۆی ئـەوەی بیـەوێ ڕێنومـایی دەکـات بەهەمان شـێوە ئایـەتی: ﴿فَذَكِّـرْ إِنَّمَـا أَنْـتَ مُـذَكِّرٌ لَسْـتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ﴾ (الغاشية: ٢٢) وە ئایەتی ﴿لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾ (البقرة: ٢٧٢) لەوانەشە تـەواوی ئەمانـە بـۆ دڵـدانەوەی

پێغەمبــەرو ﷺ لابردنــی خــەمو خەفــەت بێــت، کــە بــە هــۆی باوەڕنەهێنانی گەلەکەیەوە بۆی دروست دەبوو هــەروەك خــوای گــەورە دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّـكَ بَـاخِعٌ نَفْسَـكَ أَلَّـا يَكُونُـوا مُـؤْمِنِينَ﴾ (الشعراء: ٣) ئەمــەش لــە ســەرەتاکانی ســەردەمی بانگــەوازەوە بــووە ئــەو کاتــەی موسڵمانان کەمو لاواز بوون، پاشان خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلَقَـدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ إِنَّهُـمْ لَهُـمُ الْمَنْصُـورُونَ وَإِنَّ جُنْـدَنَا لَهُـمُ الْغَالِبُونَ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ وَأَبْصِـرْهُمْ فَسَـوْفَ يُبْصِـرُونَ﴾ (الصـافات: ١٧١-١٧٥) پاشان فەرموی: ﴿انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَـالاً وَجَاهِـدُوا بِـأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (التوبة: ٤١) وە فەرموی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَـرِّضِ الْمُـؤْمِنِينَ عَلَـى الْقِتَـالِ إِنْ يَكُـنْ مِـنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفاً مِـنَ الَّـذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَـوْمٌ لا يَفْقَهُـونَ﴾ (الأنفال: ٦٥) وەفەرمویــەتی: ﴿إِنَّ اللَّـهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ﴾ (التوبة: ١١١) چۆن دەکرێ پاش هێنانی ئەم ئایەتانــە وەك نمونە کە زۆر بەیانمان نەهێناوە(*) بوترێ جەنگەکانی پێغەمبــەری خوا لە پێناوی ئایندا نەبووە، وە لە نێو پێغەمبەراندا کەسێك نــەبووە کە بە زەبری شیر خەڵکی ناچار بەباوەڕ بە خودا کردبێت؟ مامۆستا بە مێژوو ڕەخنە لە ئێمە دەگرێ ئێمەش بەو ئایەتــە ڕوونو ئاشــکرایانەی

---

(*) ئەو بۆچونو ریزبەندیـەی سـەرەوەی شێخ (مصطفى صـبري) دیـدو بۆ چوونێکە لەو بارەیەوەو یەکێکە لە لێکدانەوەکان بۆ تێگەیشتن لەو ئایاتانە (وەرگێڕ) .

قورئان ڕێی لـێ دەگرین کــە هــانی جیهــادکردن دەدات بــەڵام چــۆن هاندانێك، ئایا دەکرێ ئەو جیهادەی لە قورئاندا باسکراوەو لــە لایــەن خواوە بەڵێنی بەهەشتی لە بریتیدا دراوە وەکو نرخێـك، ئـەکرێ ئـەوە کارێکی نائایینی بێت.[1] جا ئەگەر جەنگەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێناوی ئاییندا نەبێتو بۆ پادشایەتیش نەبێت هەروەك لە سەرەتای باسەکەیەوە نەرێی کرد ئەی کەواتە بۆچی بووە؟

لەوانەیە ئەوەی مامۆستای ناچـار کردبـێ بـەوەی واقـع بشـێوێنێ لەوەی کە دەڵێ جەنگکردن لە پێناوی ئایندا نەکراوە، ئەو عەقڵیەتەی بێت کە کاریگەرە بە ڕۆژئاواییەکان ئینکــاری ئەم جــەنگ کردنــەیان پێ خراپەو لەم ڕێگەیەشەوە نەنگیش لە ئیسلام دەگرن، مامۆســتا بــە

---

(١) لە (مبسوط)ی (شمس الأئمة السرخسي) لە یەکەم بابی دا بە ناوی (معامله الجیش مع الكفار) لـە، ل (٣٠) بـەرگی دەیـەمدا هـاتووە:( ئـەگـەر سـوپـایەك زەویـەکی غـەزو کردو خەڵکەکەی بانگەوازی پێ نەگەیشتبوو دروست نیە لەگەڵیان بجەنگێ تاوەکو بانگیـان نـەکات بـۆ ئیسـلام، تـا بـزانن لەسـەر چـی جـەنگیان لەگـەڵ دەکرێـت ؟ هـەر ئەمـەش واتـای فەرمودەکـەی (ابـن عبـاس)ە خوایـان لـێ رازی بێت(کـە فەرمویـەتی پێغەمبەری خودا ﷺ غەزوی هیچ قەومێکی نـەکردوە تاوەکو بانگی نـەکردبێتن بـۆ ئیسلام ) ئەگەر بەبێ بانگەواز کردن شەڕیان لەگەڵدا بکـەن لـەوەدا تاوانبارن، بەڵام بە دیدو بۆچونی ئێمە ئەو خوێنو سامانو داراییـەی لـە نـاو چـوە بریتـی نـادرێ، شـافعی (ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت) فەرموویــەتی : بریتــی دەدەن لەبــەر خــوێن نەرشتنو پاراستن مەگـەر هـەر بەرهەڵستی بکـەن و نـەهێڵن، ئـەوەش بـەدی نایـەت مەگــەر دوای ئــەوەی بانگــەوازیان پــێ بگــات، بــەڵام ئێمــە دەڵــێین: پــارێزراوی بەرگریکەر، بەوە دەبێت مافی پاراستنیان هەبێت ئەمەش بۆ ئەوان بەدی نـەهاتووە، ئەگەر پارێزراویەکە بە ئاین و گەیاندنی بێت هـەروەك بەرامبـەرەکانمان دەڵێن ئـەوە بۆ ئەوان دەستەبەر نەکراوە .

هەمان شێوەی ئەوان ئینكاری ئەوەی كردووە جەنگ لە پێناوی ئاینـدا بكرێت، تا ناچار بووە بڵـێ: پێغەمبـەرمان لـە پێنـاوی ئاینەكەیـدا نەجەنگاوە .

هەر بۆیـە لـە بەرامبەرمـدا هەڵوێسـتێكی گرتـووە ئاسـانە لـە گفتوگۆو وتوێژدا زاڵ بم بە سەریدا، لـە بەرامبـەر ئـەو ڕۆژئاوایانـەی هەڵوێســـتیان هەیــە لـــە جەنگـــەكانی پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ، هەڵوێستێكی گرتووەتەبەر كە شێواندنی واقعو مەرای كردنە .

من وەكو مامۆستا نیم نەنگی بگرم لەو جەنگـە ئابوریانـەی لـەم دواییەدا بەرپاكران لەلایەن ئەوانەی جەنگی ئایینی بە نەنگیو عەیب دادەنێن، عەیبترین نەنگیەك لەسەر ئومەتێك ئەوەیە بجەنگی بۆ ئەوەی خۆی تێر بێو كەسانی تر برسیان بێـت، هـەر مەبەسـتێكی مادیانـە جەنگو كوشتاری نێوان مرۆڤەكانی لەسەر بنیات نرا ئەوا ئامانجێكی نزمو بێ بایەخەو دروست بوونو سەرهەڵدانیشی چڵێسیەكی ئاژەڵیانەی عەیبدارە، ئەوە لە كوێو جەنگ كردنێك لـە كـوێ كـە لـە پێنـــاوی ئاییــن دا ئەنجام دەدرێ و مەبەستیش تیایدا بەرزو بڵندكردنی ئـایینی خواو ڕێنیشاندانی خەڵكیە لە هەردوو جیهاندا سـەرەرای ئـەوەی ئـەو كەسەی لە پێناوی خوادا دەجەنگێ ترسی خوا ڕێگر دەبـێ لـەوەی لـە جەنگـدا سـتەم بكـات، وە لـە نێـو جـەنگو پـاش سەركەوتنیـــش سنورێكی دیاری كراوی هەیە دەبێت نەیبەزێنێ، ئەو سنورانەش بـەوە ناچێت كە ناو دەبرێ بە مافی وولاتان و بووەتە یاریگایـەك بەدەسـتی

جەنگاوەرانەوە بە تایبەت ئەوانەی زاڵو سەرکەوتوون .

جاران کاتێ موسـولْمانان بـۆ بڵاوکردنـەوەی ڕێنمـایی ئیسـلامی دەجەنگان ئەو وولاتانەی دەچوونە ناوی یەوە رزگاریان دەکردنو هـەموو خێرو خۆشیەکیان بۆی دەبـرد، ئەوانـەی دەهاتنـە نێـو ئاینەکەیانـەوە دەیان کردنە برای یەکسانی خۆیان لە ڕوی پلـەو پایـەو ڕێـزەوە، هـیچ کەس تایبەتمەندی بەسەر ئەوەی تردا نەبووە لەو موسڵمانە پێشووانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێنـا بـوو لەگـەڵ ئـەو موسـڵمانە نوێیانـەی هاتبوونە نێو ئاینەوە مەگەر بە تەقوا نـەبێت، ئەوانەشـی نەدەهاتنـە نێو ئاینەکەیانەوە پێیان دەوتن: هەر مافـێ ئێمـە هەمانـە ئـەوانیش هەیانە، هەرئەرکێ لەسەر ئێمەیە لەسەر ئەوانیشـە تـاوەکو سـەرانە دەدەن، کە بریتی بوو لە سەرانەیەکی سوك، کە هاندەر بوو بۆ ئـەوەی ئەهلی زیمە ڕوو لە ئیسلام بکەن .

با مامۆستا سەیر بکات بزانێت وڵاتە هاوچـەرخە سـەرکەوتووەکان چیان کردووە، جا ئیتر لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیـدا بووبێـت یـاخود لـەو جەنگانـەی پێشـوو تـر روویـان داوە، بزانـێ چیـان بـە ژێردەستەکان کردوە، بەردەوامو تا ئێسـتاش لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی هەموو خێروبێرەکان بمژن، بـە هـیچ ڕێو شـوێنێك نـاکرێو ناگونجـێ کەسانی نەتەوە ژێردەستەکان بگەنە پلەو پایەی خۆیـانو وەكو ئـەوان بن، وە بەو چاوەوە بۆی بڕوانن کە بۆ خۆیان دەڕوانن، وە وەکو یەکێك لە خۆیـان خۆشـیان بـوێ، وێنـا نـاکرێ ئینگلیزێـك وەکـو یـەکێك لـە

ئینگلیزەکان بروانیێتە میسری یا هیندی یەکانو هەمان شـوێنو پلـەو پایەیان هەبێت لە دڵیاندا .

دەگەڕێینەوە لای مامۆستای دانـەر کـە ڕێگـەکانی لا بەرتەسـكو تەنگ بووەتەوە لەوەدا کە بۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو جەنگانەی ئەنجام داوە:

جا ئەگەر جەنگا بێت لە پێناو شانشینو حکومەتەکەیدا ئەوا ئـەو هیچیانی نەبووە، ئەگەر بۆ پشتیوانیو پشتگیری ئاینیش ئەوەی کردبێ ئەوا بە تێڕوانینی مامۆستا لە پێناوی ئایندا جەنگ نـاکرێ، پاشـان بـۆی دەرکـەوت کـە جەنگـەکانی پێغەمبــەر ﷺ بــۆ پشــتیوانی سەرکردایەتی کردنی ئومەتو بەهێز کردنی دەسەڵاتی بووە بەسەر ئەو خەڵکەی کە بۆی رەوانە کراوە تاوەکو بانگیان بکات بۆ ئـەوەی تـەنها باوەڕ بە خودا بهێنن، ئەو دەسەڵاتەی پێویسـتە پێغەمبـەرانیش بیـان بێتو لەو رووەوە بەهێزو تواناتر بن لە پادشاکان .

ئەمە ئەوپەڕی نامۆییو سەرسامی یە کە ئیدیعا بکرێت بۆ ئـەوەی سەرۆکی حکومەتی موسڵمانان کە باو وا بووە لە سەرەتای ئیسـلامدا لەگـەڵ ئـەوەی پێشـەواو ئیمامیـان بـووە بەهـەمان شـێوە ئیمـامی نوێژکەرانیش بووەو دوای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوبەکر بـۆی دیـاری کرا، یەکێك لە بەڵگەکانیش بریتی بوو لەوەی لە سەرەمەرگیدا ئەوی راسپارد لە جێی خۆی نوێژ بە موسـڵمانان بکـات، ئـەو ئەبوبـەکرەی (خوا لـێی رازی بێ) پاش ئەوەی بەیعەتی پێدرا لە یەکـەم وتاریـدا

كه بۆ خه‌ڵكیدا، ووتی: (گوێڕایه‌ڵم بن تا ئه‌و كاته‌ی گوێڕایه‌ڵی خـواو پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌كه‌م، ئه‌گه‌ر سه‌رپێچی خـواو پێغه‌مبه‌ره‌كـه‌یم كـرد گوێڕایه‌ڵیم مه‌كه‌ن) .. ئه‌وپه‌ڕی نامۆیی‌و ڕیزپه‌ڕییه بانگه‌شـه‌ی ئـه‌وه بكرێ سه‌رۆكی حكومه‌تێكی ئاوه‌ها سه‌رۆكی حكومـه‌تێكی نائـاینی بێت، ئایا بینیوتانه یا بیسـتوتانه حكومـه‌تێكی زه‌مـه‌نی په‌یوه‌نـدی نه‌بێت به ئاینه‌وه‌و كه‌چی سه‌رۆكه‌كه‌ی له‌گـه‌ڵ كاروبـار بـه‌ڕێوه‌بردن‌و سه‌رۆكایه‌تیه‌كه‌یدا پێشنوێژی ئه‌نجام بدات؟

ناكرێ بڵێین مامۆستای دانه‌ر ئـه‌م به‌ڵگـه نه‌ویسـتانه نازانـێ، وه نازانێ ناونانی حكومه‌ته‌كانی ئه‌بوبه‌كرو عوسمان‌و عه‌لی به نائـایینی سه‌رئێشیه‌كی بێ سنوره، به‌ڵام مامۆستا ئه‌م كیتابه‌ی بـۆ پشـتگیری‌و پشتیوانی ڕه‌وفتاره‌كه‌ی ئه‌نقه‌ره نوسی كـه خه‌لافـه‌تی هه‌ڵوه‌شـانده‌وه، هه‌رچه‌نده وه‌ك پێشـتر ووتمـان ئه‌مـه‌ی لـه كتێبه‌كه‌یـدا بـه ئاشـكرا نه‌ووتوه- وه ویستی ژمـاره‌ی پێوانـه‌یی تۆمـار بكـات و پاڵـه‌وانێتی سوكایه‌تی كردنی جه‌ده‌لیانه له نوسـه‌رانی توركیـای نـوێ (ئه‌وانـه‌ی پشتگیری كاره‌كانی ئه‌نقه‌ره ده‌كه‌ن) داماڵێ، بـه مه‌به‌سـتی خۆیشـی گه‌یشت، چونكه ئه‌وان سه‌ره‌ڕای سه‌ره‌ڕۆیی‌و هه‌ڵه‌شه‌ییان ته‌نها تانـه‌و ته‌شـه‌ریان لـه خه‌لیفـه دواینـه‌كان ده‌دا، بـه خه‌یاڵیانـدا نـه‌ده‌هات هه‌رچه‌نده بێویژدانیش بن، تانه‌و ته‌شـه‌ر لـه خه‌لیفـه‌كانی راشـیدین بده‌ن، كه به ده‌ق له فه‌رموده‌دا هاتووه: (خه‌لافه‌ت پاش من سی ساڵه ((الخلافة بعدي ثلاثون سنة)) كه‌چی ده‌بینین مامۆستای دانـه‌ر تانـه‌و

تەشەرەکەی لە خەلیفە ئەبوبەکرەوە دەست پێ دەکات .

ئەمڕۆ لەم کتێبەمدا دەڵێم هـیچ کەسـێکی ژیـر لـە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوادا گومـانی نیـە لـەوەدا کـە حکومـەتی ئەبوبـەکرو عومـەر نمونەیـەکی بـاڵای فـەرمانڕەوای چـاکەکارو دادگـەر بـوونو ڕەچـاوی مافەکانی خەڵکیان کـردووە و بـە باشـترین و چـاکترین شـێوە وێڵـی بەرژەوەندییـەکانیان بـوون.. تەنانـەت عومـەر لەسـەر دوانگـەوە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کـە ئەگـەر لـە فەرمانرەوایەکەیـدا لاریو لەوێرییەکیان بینی راستی بکەنەوە، لەو کاتەدا پیاوێك هەڵدەسـتێو دەڵێ: ئێمە بە شمشێر ڕاستی دەکەینـەوە، عومـەریش سوپاسـی خـوا دەکات کـە کەسـێکی وا لـە گەلەکەیـدا هەیـە، ئێمـەی موسـڵمان حکومەتی ئەبوبەکر بە تەواو دەزانین لەرووی چاکیو سەرکەوتوییەوە وە لە ڕووی گرنگی دانیەوە بە حوکمەکانی ئیسلامو شوێن کـەوتنێکی تەواوی بە ڕێوشوێنەکانی پێغەمبەر ﷺ، تەنانەت ئەبوبـەکر جـەنگا بۆ پیادەکردنی یاسایەکی ئیسلامی کە لـە سـامانی دەوڵەمەنـدەکان مافێکی دیاری کراوی هەژارانی تیادایە .

بەکورتی ئێمە نهێنی باشێتی هـەردوو حکومەتەکـەی ئەبوبـەکرو عومەر دەگێڕینەوە بۆ چـاکیو فـەزڵی ئـەو ئاینـەی پێغەمبـەرێکی عەرەب زمان هێناویـەتی، بـەڵام مامۆسـتا دەیـەوێ پەیوەنـدی ئـەو چاکەکاریو فەزڵە دیارو ئاشکرایانەی ئەوان بە ئیسلامەوە بپچڕێ، وە

دان نەنێ بـە چـاکیو فـەزڵی ئـاینی ئیسـلام لـە بـەرزو بـاڵابوونی فەرمانڕەوایەتی ئەم دوو پیاوە گەورەیەی هەموو جیهان شـاهیدی دەدا بەوەی نمونەی فەرمانرەوایەتیەکی بەرزو باڵای مرۆییانە بوون).[1]

بەم شێوەیە گوتاری گـۆڕێنراو بەوەنـدە وازی نـەهێنا کـە ووتـاری تەئویلکراو ئەنجامی دابوو لەوەی دەقە شەرعیەکانو پیادەکردنـەکانی سەردەمی راشدین بە شێوەیەکی تەئویل کراو بکاتە بەڵگە بە شێوازێك کە لە خزمـەتی گوتارەکەی خۆیدا بێت، هەروەك ڕاسپاردنی ئەبوبکر بۆ عومـەریان کردە بەڵگەی دروستی کاروبار سپاردنو عەهددان بە کوڕو نەوەکان؟! ئەو کارە سپاردانەشیان کـردە بەڵگـەی ئـەوەی ڕەزامەنـدی ئەهلی حەللو عەقد پێویست نیە، چونکە ئەبوبەکر چاوەڕێی ڕەزامەندی ئەهلی حەللو عەقدی نەکرد کاتێ کاری سپارد بە عومەر؟!

دەست خستنە نێو دەسـتی عومـەرو ئەبوبـەکریان کـردە بەڵگـەی ئەوەی گرێ بەستی ئیمامەت بـە یـەك کـەس دادەمـەزرێ ؟! بـەڵکو گوتـاری گـۆڕێنراو تـەواوی ئەمانـەی تێپەڕانـدو بابـەتی ئیمامـەت تەنانـەت ئیمامـەتی پێغەمبـەر ﷺ و ئەبوبـەکرو عومەریشـیان وا دانەنا کە سەر بە باسو خواسی حوکمی ئاین بن؟! لەم ڕووەوە گرنگـیو ئیعتبارێکی بۆ نەهێشتەوە؟!

لە ڕاسـتیدا - بـە نـاوی ئاینـەوە- ڕاگەیانـدنی رەسمـی سـەرەتای

---

(١) موقف العقل والعلم، (٤/٣٥٨-٣٧٥).

سەردەمێکی نوێ وگوتارێکی سیاسی شەرعی نوێ - لە ژێـر سـایەی ئیستعماردا - بەدی هاتو ڕاگەیەنـدرا، کـە شـەرعیەت دەبەخشـێتە جیاکردنـەوەی ئیسـلام لـە دەوڵـەتو وای لێهـات ئیلحـادو کـوفرو هەڵگەڕانەوەو لابردنی گرێ بەندی ئیسلام کە لـە عیلمانیەتـدا خـۆی دەنواندو بەرجەستە دەبـوو، بـوو بـەکارێکی دروسـت و مەشـروع بـە فەتوایەکی ئەزهەری؟!

تاوەکو لە سەرزەمینی واقعدا ڕاستی ئەو هەواڵەی پێغەمبەری خوا بسەلمێت کە دەفەرموێت ((لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً بشبرٍ، و ذراعا بذراع، حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه))؟!

بست بە بستو باڵ بە باڵ شوێنی ڕێو شوێنەکانی ئەوانـەی پـێش خۆتان دەکەون، تەنانەت ئەگەر بچنە کونی بزن مژەشەوە بـە دوایانـدا دەچنە ژوورەوە؟!

لـە ڕاسـتیدا شـێخی ئەزهـەری ئەوکاتـە دەسـتێکی هـەبوو لـەم ئاژاوەیەدا، شێخی ئیسلام (مصطفى صبرى) ئاماژەی بەوەداوە لە باسی رونکردنەوەی مەترسی جیاکردنەوەی ئاین لـە دەوڵـەت، وە ئەمـە لـە دیدی ئەودا کوفرێکی ئاشکراو هەڵگەڕانەوەیـە ئـەوەتا دەڵـێ (بـابی چوارەم: سەبارەت بە نادروستی جیاکردنەوەی ئایینە لە سیاسەت: لـە سەرەتای کتێبەکەوە هەندێ ئاگاداریمان خستە ڕوو سەبارەت بە گرنگی ئەم مەسەلەیە لە دیـدو تێروانینـی ئیسـلامدا کـە هەمیشـە چـاوی

بڕیوەتـــە مافـــەکانی خـــۆی، ســـەرەرای بـــە ســـوك ســـەیرکردنی ئـــەو داهێنانکارانەی بوونەتە مەترسی لە سەری، وە وێنەکێشانی ئـەوە لای خەڵکی بە شێوازێك وەك ئەوەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بریتی بێت لە ئاگادار بوونو ڕەچـاوکردنی هـەردوکیان بـەوەی هەریەکـەیان سەربەخۆ بێت لـەوی تـر بێئـەوەی هـیچ کـەلێنو زیانێـك بـە هـیچ یەکێکیان بگەیەنێت .

بەڵام ڕاستی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەم جیاکردنەوەیـە پیلانێکـە دژ بـە ئـاین تـاوەکو لـە نـاوی بـەرن، تـەواوی ئـەو داهێنانکاریـە نەشیاوانەی هاوچەرخە ڕۆژئاوا ویستـەکان لـە وڵاتـە ئیسـلامیەکاندا بەدیان هێنا فێڵ کردن بووە لە ئایین و هەوڵ بووە بۆ دژایەتی کردنـی، بەڵام فرتو فێڵی ئەوان بۆ جیاکردنەوەی لە سیاسـەت فـێڵاوی تـرین کارێك بووە کردویانە، ئەمە بریتیە لـە شۆڕشـێکی حکـومی بەسـەر ئایینی گەلدا - لە کاتێکدا بـاو وایـە شۆڕشـەکان لەگەڵـەوە دژ بـە حکومەت بن - و سەرکەشیو بێ فەرمانی حکومەتە بۆ حوکمەکانی ئیسلام، بـەڵکو هەڵگەڕانـەوە لـە ئیسـلام سـەرەتا لـە حکومەتـەوە پاشـانیش لـە ئومەتـەوە بـەدی هـات، جـا ئەگـەر ئەوانـەی لـەو حوکمەتەدان بەو پێیەی تاك تاكن هەڵگـەڕاوە نـەبن، ئـەوە بـە پـێی کۆمەڵو جەماعـەت بوونیـان ئـەو حوکمـە دەیانگرێتـەوە، ئەمـەش

نزیکترین ڕێگەیە بۆ کوفر.[(١)] وەك لە هەڵگەڕانەوەی تاکەکان، بەڵکو هەڵگەڕانەوەی تاکەکانیش، دەگرێتــەوە لەبەرئــەوەی گوێڕایــەڵی ئــەو حکومەتە هەڵگەڕاوەیە دەکەن کە بانگەشەی سەربەخۆ بــوونی خــۆی دەکات لە ئیسلام پاش ئەوەی ملکەچی حوکمو بڕیارەکانی ئیسلام بوو بــە ســەربەخۆیەوە، جیــاوازی چــیە لــە نێــوان ئــەوەی حکومــەتێکی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام کاروباری وولاتێکی ئیسلامی بگرێتە دەســت وە لە نێوان ئەوەی حکومەتێکی بیانیو نامۆ بە ئیسلام داگیــری بکا؟[(٢)]

---

(١) یــەکێکی تــر لــەو نەهامەتیانــە ئەوەیــە ئــەو بزوتنەوانــەی لــەم ســەردەمانەی دوایــدا دەوروژێن و دژایەتی ئیسلام دەکەن لە وڵاتی ئیسلام دا دژ بە خەڵکەکەی خۆی، کە بێگومــان ئەمــە بــێ بــاوەڕیو پیســترین هونــەرەکانی بــێ باوەڕیــە، کــردارو ڕەفتارەکانیان بە ڕەوا دادەنرێ و بە دروستی نازانن بە ناوی خۆیانەوە ناونرێنو لە لایەن ئەو کەسانەی .

(٢) لە پێشەکی کتێبەکەدا ووتمان: لە ڕاستیدا جیاوازی نێوان خانەی ئیسلامو خانـەی جـەنگ وەسـتاوە لەسـەر ئـەو یاسـایەی لـە وولاتـدا جێبـەجێ دەکرێـت هـەروەها جیاکردنـەوەی ئـاین لـە سیاسـەتیش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە حکومـەت لـە یاسـاکاندا پابەند نیە بە ڕێساکانی ئاینەوە.

نـەیاری ئـەو بزوتنەوانـەنو جـەنگی جـەنگاوەران دەکـەن، چـەندە جـوانی ووتـوە (المعری، کاتێك دەڵێ:

وتعارف القوم الذین عرفتهم بالمنکرات فعطــل الإنکــار

واتە: ناسینی ئەو خەڵکەی بە هۆی خراپەکردنیانەوە ناسیومن ئینکاریکردنی من بۆ ئەوان سودی نیە. ئەگەر بیوتایە (فإنکار الإنکار) واتە: ئینکاری کردنە جێی بایەخ نەدەبوو بۆ سەردەمی ئێمە گونجاوتر بوو.

پاشان دژایـەتی ئیسـلام و جـەنگی جەنگاوەران لـە میسـردا، کـە پـێی دەوتـرێ: سەرکردەی جیهانی ئیسلامی بە شێوازێکی سەیرو نائاشکرای وا ئەنجام ئەدرێ کە لـە خراپـی نیـازی جـەنگاوەران و لاوازی بنکـەی نەیارانـەوە سەرچاوەی گرتـووە و دروست بووە، وەك ئەوەی هەردوو لای شەڕکەر لە کاتی مشتو مڕکردنیانـدا لـەوە

تێناگەن کە هەر یەکەیان چی بەوەی تر دەڵێ و چ ناوێکی لێ ناوە، بۆ نمونە بەڕێز (صاحب الدولة اسماعیل صدقي باشا ) سەرۆك وەزیرانی پێشوو، پێشنیاری ئەوە دەکا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کە قەزا لە میسردا یەك بخرێ بەوەی داداگا شەرعی و ئەهلیەکان بکرێنە یەك، ئەم پێشنیارە بەشێکی گرنگە لەسەرەتاکانی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت لە میسردا کە ڕەوتی خۆی گرتوەتە بەر و چەندین قۆناغی گەشەکردنی خۆی بریوە، ئەوانەشی نەیارن بەم پێشنیارەی دەوڵەتی (ئیسماعیل صدقی) دەڵێن: لە راستیدا ئیسلام تەنها ئاینی پەرستن نیە بەڵکو ئاینی فەرمانرەواییشە، نوساندنی دادگا شەرعیەکان بە دادگا ئەهلیەکانەوە کە هەڵوەشاندنەوەی دادگا شەرعیەکانی لێ دەکەوێتەوەو نەرێ کردنی ئەوەیە ئیسلام ئاینی فەرمانرەوایی بێت،بەڵام دەوڵەتی ئیسماعیل صدقی پاشا کە نەزان و بێئاگانیە بەوەی ئیسلام ئاینی فەرمانرەواییە، دەیەوێ ئەو فەرمانرەواییە هەڵوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی یەکێکە لەوانەی پەسەندی نیە ئایین حکومەتی هەبێ و فەرمانرەوایی خەڵك بکا، ئەگەر دەتەوێ بڵێ: حکومەتی خوایی بەسەرخەڵکەوە، بەڵکو حکومەتی خەڵکیان پەسەندە، ئەمە مەبەستی ئیسماعیل صدقی پاشایە لەو پێشنیارەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی کردوە، بەڵام ئیسلام هێزێکی وای نی یە لە میسردا بە ئەندازەی ئەوەی ڕاشکاوانە بەوانە بوترێ کە (شەروخراپەیان لە ناخدایە، بەڵکو لەوانەیە ئاشکراشی کەن) مەبەستتان ئەوەیە دەست بگرن بەسەر ئاینی ئومەتدا لە ڕێی دەست گرتنتانەوە بەسەر ئاینی دەوڵەتدا، جێی سەرسورمانە دەوڵەتی پاشا لەو کەسانەی دەوڵەت پێکهاتووە کە ئایینی دەوڵەتەکەیان ئیسلامەو پێکهاتووە لە نوێنەرانی ئومەتێك لە پەرلەمانێکدا ئایینەکەی ئیسلامە کەچی ئەمە هەڵوێستێتی.

پێویستە لێرەدا بەوپەری ڕێزەوە باس لە قسەی دکتۆر عەلی زەینی بەك مامۆستا لە زانکۆی میسری و پاشان راگری کۆلیژی بازرگانی لە کتێبەکەیدا (اصول القانون التجاري)بەرگی یەکەم، ل(٢٤)بکەین کە دەڵێ:(لە کاتێکدا ئەگەر شەریعەت کاریگەری هەبووبێ لەسەر ڕاپەرینی بازرگانی لە سەرەتاکانی سەدە ناوەڕاستەکانەوە و کەڵکی بوو بێت بۆ پاڵنانی باوو یاسا بازرگانیەکان بە ئاراستە نوێیەکەیدا، ئەوا ئەو شەریعەتە لە لایەن خۆیەوەو لە دوادواییەکانی ئەو سەدانەو چاخە نوێیەکاندا کەوتووەتە ژێر کاریگەری یاسا ئەوروپیەکانەوە کە دەستی کردووە بە بەربەرکانی کردنی لە ڕووی پیادەکردنی یەوە لە نێو وڵاتی خۆیدا، لە پێشترین یاسایەك کە هاتە نێو میسرەوەو دەست کرا بە پیادەکردنی لە پاڵ شەریعەتی ئیسلامیدا خودی یاسا بازرگانی یەکان بووەو شەریعەت خۆی هاوکاری پێکهێنانی کردووە .

پاشـان کوتـوپڕ سسـتمی یاسـایی میسـری ئـەوەی پەیوەسـت بـوو بـە مامەڵـە مـەدەنی و بازرگـانی یەکانـەوە دەسـتکاری کـراوو یاسـا ئەوروپیـە مـەدەنی و بازرگانیـەکان شـوێنی شـەریعەتی ئیسـلامیان گرتـەوە، شـەریعەتی ئیسـلامیش لـەو کاتـەدا تـەنها لـە بـاری کەسـیەتیدا کـورت کرایـەوە. لـەوەی کـە رابـوورد ئـەبینین داگیرکاری یاسا ئەوروپیەکان بۆ میسر هیچ کاریگەریـەکی لە بابـەتی حوکمـەکانی شەریعەتی ئیسـلامی نـەکردووە، چونکە ئـەو حوکمـە هـەروەکو خۆیان مانـەوە هیچ دەسـتکاری یـان گۆڕانکاریـیـەکی بەسـەردا نـەهێنراوە لەبـەر ئـەو پیرۆزیـیـەی لـە سـەرەتاوە تاکۆتـای هـەیبووە، وا دەبیـنم هـیچ یاسـایەك لـە یاسـا نوێیـەکانی نەیتوانیوە بالادەستی خۆی بسەلمێنێ بەسەریدا لە ڕووی ئاسانی سەودا گەرییە بازرگانیەکانو ئاسانی سەلماندنیان، لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەو کاریگەریـەی کە دروست بووە تەنها لە ڕووی پیادە کردنەوە بووە نەك باشتری )

پێویستە ئـەم قسـەیە لـە پاڵ پێشـنیارەکەی سدقی پاشادا باس بکـەم، تا روون بێتەوە لە میسردا داگیر کەری ناوخۆیی هەیە کە دەیـەوێ یاسا ئەوروپیـەکان جێی شەریعەتی ئیسلامی بگرێتەوە، ئەوانەش بریتین لەو کەسانەی ئیستعمار هاتووەتە نێو دڵیانـەوەو شـەیدای بوون، لـە بەرامبەریشـەوە پارێزراوو بـەرگریکاری وا هەیە بەرهەڵستی ئـەم داگیر کردنـە دەکـەن بـە هـۆی ئـەوەی تـەواو شـارەزای کەلـەپوری ئیسلامن و لەو ڕووەشەوە قەدرو رێزی دەزانن، ئەرکی من ئەوەیە لـەم کتێبـەدا مافی شیاو بدەمە هەریـەك لـەو دوو دەسـتەیە بـەو شێوەیەی شیاوێتی لـە سـوپاس یان ئینکاری و بەرهەڵستی، شێخی گەورە (المراغی)یش یەکێکە لـەو کەسانەی هـەوڵی غـەزو کردنـی شـەریعەتی ئیسـلامی دەدا سـەرەرای ئـەو پلـەو پایە ئەزهەریـەی کە هەیــەتی، هەرچــەندە ئــەو نەخشــەیەی ئــەو کێشــاویەتی بــۆ داگیرکاریەکــەی نەخشەیەکی ترە بەدەر لەوەی سدقی پاشا، ئەتوانی بڵێی نەخشـەیەکی نهێنـی و پەنامەکیـە، ئـەو نەخشـەیەش هـەمان ئـەو نەخشـەی گۆڕانکـاری و دەسـت کـاری کردنەیـە کـە دکتـۆر زەینـی بـە خـراپترین نەخشـە دەیبینـێ، لەبـەر نەسـازی و نـەگونجاوی لەگـەڵ پیرۆزیایـەتی شـەریعەتی ئیسـلامیدا، شـێخی ئەکبـەریش ئـەو قودسیەتە ئینکار دەکات و دواتر ئەو وتارێکی لەم بارەیەوە لەگـەڵ وەڵامی ئێمە بۆ ئـەو دەهێنێـت، ئـەوەی لێـی تێدەگـەین ئـەویش لـە بانگەشـەکارانی جیاکردنـەوەی ئاینە لە سیاسەت بەرێوشوێنێکی تایبەتی و نهێنی.

لەگـەڵ ئـەوەدا دەوڵـەتی صدقی پاشا کە پێشتر پێشـنیارەکەیمان باس کـرد بـۆ پەرلەمانی میسری یەکێکە لە پەرۆشترین ئەو کەسانەی هەڵگەڕانـەوە کەمالیەکـەی تورکیان پێ خۆش بووە.

جا ئەگەر دەوڵەتی پاشا ئەو موستەفا کەمالە شێواوە بە پاڵەوان دەزانێ و بە هۆی پاڵەوانێتێکانیەوە چاو دەپۆشێ لەو دوژمنایەتی یەی هەیەتی بۆ ئیسلام و ئەو رق بونەی هەیەتی لە عەرەب، ئەوە زۆر زۆر هەڵەیە، ئایا دەبێ مەرجێکی ئەو پاڵەوانێتییەی ئەو بریتی بێت لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و بەرپاکردنی شۆڕشێك دژ بە ئایین و نەتەوەی تورکی کە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵە موسڵمان بووە، وە مێژوش جیهادێکی دورو درێژی بۆ تۆمار کردوە لە پێناوی ئیسلام دا ؟ ئایا صدقی پاشا بیری لەم وردەکاریانە کردوەتەوە کاتێك پلەی پاڵەوانێتی بەخشیە ئەو پیاوە، یاخود گرنگترین ئەو بوارانەی لە پاڵەوانیتیەکەی ئەودا بەدی دەکرێ لای پادشا بریتیە لەوەی خەلافەت و دەوڵەتی ئاینی لەناو بردووە؟ ئەوەی جێی سەرنج و ووردبوونەوەیە یەکەم کەسێك پلەی پاڵەوانێتیان پێ ی بەخشی ئەوروپیەکان بوون، موسڵمانانیش لەمەدا شوێنیان کەوتن، وەکو لە هەموو شتێکی تریشدا هەروان، لە رۆژنامەکاندا خوێندمەوە ژمارەی ئەو کتێبانەی لە ئەوروپادا سەبارەت بە موستەفا کەمال نوسراون زیاد لە شەش سەد کتێبە، ژێری لەمەدا ئەگاتە ئەو بەرئەنجامە ئەو پیاوە کەسێکە زیاتر ئەوروپیەکان ویستویانە بیکەنە پاڵەوانێك وەك لەوەی خۆی لە راستیدا پاڵەوان بێت.

ئەبێ چی کردبێت تاوەکو لای ئەوان شایستەی پاڵەوان بوون بێت؟

جا ئەگەر ئەم نازناوە پاداشتێك بێت بۆ ئەو لەسەر ئەوەی لە شەڕەکانی پێشودا یۆنانی لە ئەزمیر دەرکرد ئەوا لەو کاتەدا ئینگلیزو فەرەنسیەکان کە ئەوکات خاوەنی قسە بوون هاوپەیمانی یۆنان بوون، کەواتە چۆن دەبێت هاوپەیمان دەستخۆشی و پاداشتی ئەو کەسە بکات کە بەسەر هاوپەیمانەکەیدا زاڵ بووە؟ بۆچی لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئافەرینی ئەوانەیان نەکرد کە زاڵ بوون بەسەر یۆنانیەکاندا لەگەڵ ئەوەی لە هەردوو جەنگەکەدا ئەوان هاوپەیمانی یۆنانی ژێردەستەکراو بوون؟

بۆچی بۆ زاڵ بووی یەکەم ئافەرینیان کرد بۆ دووەمیان نەکرد بەڵکو بە نهێنی دژایەتیان کرد تاوەکو هاوپەیمانەکەیان رزگار کەن؟ ئایا ئەم ئافەرین کردنە ئیمتیازێکی تایبەتە بەو تورکەی سەرکەوتوە؟ لە کاتێکدا ئەو یەکەم کەسێك نیە ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێنابێ: ئەوە بوو سوپای ئەدهەم پاشا لە سەرکردەکانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ماوەی مانگێکدا گەیشتە دەرگاو دەروازەکانی ئەسینا، کەچی ئەو سەرکردەیە وەك شایستەییەك بانگ نەکرایە تەخت و تاراجی تورکیا، ئینگلیزو فەرەنسیەکان نازناوی پاڵەوانیان پێ ی نەبەخشی، تەنها کتێبێکیشیان لەسەر دانەنا، دورگەی (کریت)شیان نەگێڕایەوە بۆ تورك کە هۆکاری ئەو شەڕەی نێوان ئەوان و یۆنانیەکان بوو، بەڵکو نهێنی شیاوێتی موستەفا کەمال بۆ ئەو

بەڵکو هەڵگەڕاوە لە کەسانی تـر خـراپ‌و دوورتـرن لـە ئیسـلام، کاریگەریە خراپەکانی لەسەر ئایینی ئوومەت زۆرتــرە، لــە کاتێـکـدا حکومەتی بیانی لە کارو بارە ئاینیەکانی گەل دەست وەرنــادات، ئـەو کاروبارانە بۆخۆیان بەجێ دەهێڵێ تاوەکو یەکلای بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئومەت بەردەوامو تاوەکو ئێستەش حکومەت بـە هـی خـۆی دەزانــێ لەگەڵ ئەوەی لە ئاینەکەشی هەڵگەڕاوەتەوە، لەبەر ئــەوە ووردە ووردەو لەسەرخۆ ئومەتیش بەدواید توشی هەمان هەڵگەڕانەوە دەبێت ئەگەر نەڵێین بە یەکجاری هەڵ دەگەڕێتــەوە، بــەو پێیــە ناچـارە گوێڕایــەڵی حکومەت بێت وە لەو ڕووەوە کە هەڵوێســتەکەی ناچـاریە لـە ئاسـت حکومەتێکدا کە دەسەڵات‌و هێزی لە خودی ئومەت خۆیــەتی، ئەمــە وەکو ئەو هەڵوێستە نیە کە لە بەرامبەر حکومەتێکی بیانی دا دەبیێ کە هێزێکی بیانی وەکو ئەمی هەیە .

---

پاڵەوانێتیـەی ئینگلیـزو فەرەنسیەکان بریتـی بـوو لـەو پەیمانـەی بـەوانی دابـوو لـە کاتێکدا لـە لۆزانـدا ڕێکـەوتنیان لەگەڵیـدا ئـەنجام دەدا بـەڵکو هـەر لـە کـاتی جـەنگ کردنیدا لەگەڵ یۆنانیەکاندا کە دەیویست لە ئەنازۆڵ دەریان بکات، ئەوکاتە بەڵێنی دابوو خەلافەت‌و دەوڵـەتی عوسمانی ئیسـلامی هەڵدەوەشـێنێتەوەو جمهوریـەتێکی نائـایینی لـە جێگـەی دادەنیٚ،شۆڕشـی ئـەو پیـاوەی بەسـەر یۆنانـدا سـەرکەوت لـە تورکیا خۆیـدا بریتـی بـوو لـە دژایـەتیکردنی ئیسـلام‌و ئاداب‌و باوو نەریتـەکانی، جێبەجێکردنی ئەو پەیمانە بریتیـە لـە نرخـی ئـەو پاڵەوانێتیەیـە، بـە هـەمان شێوە ئینگلیزیش بـەو رادەیـە شـێت نـەبوون ئافـەرینی بەزێنـەری هاوپەیمانەکـەیان بکـەن بێئـەوەی سـودێکی وایـان دەسـتبکەوێت کـە بەرامبـەر بێـت بـە قوربـانی دان بـە هاوپەیمانەکەیان، بەڵکو کابرا سور بوو لەسەر راکێشانی هاوسۆزی وڵاتانی دوژمن بە ئیسلام‌و هاریکاریکردنیان بۆ جێبەجێ کردنی حـەزەکانی بەمـەرجێ ئەو کارە قێزەوونەی کە چەندین سەدەی دوورو درێژ هیواو خواستی دوژمنانی ئیسلام بوو، بەڵام بۆیان جێبەجێ نەدەبوو ئەنجام بدا .

لـەو خالّـە وردو گرنگانــەوە دەردەکــەوێ ئــەو زیانــەی حکومــەتی کەمالی بە ئومــەتی تــورکی مــوســڵمانی دەگەیــەنێ خــراپترە لەهــەر حکومەتێکی بیانی کە خۆی سەپاندوە بەسەر وولاّتدا، وە لەوانەیە ئەو کەسەی بێبەشە لە کرۆکی ئیسلام نەنگی لەم قسەیە بگرێ، چــونکە نیشتمان لە سەروی هەموو شتێکەوە دەبینێت لەکاتێکـدا مــوســڵمان نیشــتمانی لەگــەڵ ئیســلام دا دەوێ، هــەر بۆیــە لەگــەڵ ئیســلامدا نیشتەجێ دەبێ لەگەڵیشیدا کۆچ دەکات، ئەگەر بە شێك لــە وولاّتــی تورکیا بەشێوەیەکی کاتی بکەوێتە ژێر دەستی داگیرکــەری یۆنانیــەوە لە ئەزمیر، ئەوا تورکیا بەتەواوی وولاّتو دانیشتوانەکەیەوە لــە پــاش حکومەتی کەمالیەکان لە دەستی ئیسلام دەردەچێ.

لەکاتێکدا من نمونە دەهێنمەوە بە باری تورکیــای نــوێی کــەمالی سەبارەت بە زەرەرو زیانەکانی جیاکردنەوەی ئاین لە دەولــەت دەبیــنین بەرێز مامۆستای گەورە (المراعی) شێخی زانکــۆی ئەزهــەر لــە ووتــە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ، هەروەك لە رۆژنامەکاندا بلاّوکرایەوە کە ئەمە واتاکەیەتی: (ئــەکرێ هــەر حکومــەتێکی ئیســلامی لــە ئاینەکــەی دەرچێو ببێتە حکومەتی نائاینی، ئەمــەش رێگــر نیــە لــەوەی گــەل لەسەر ئیسلامەکەی بمێنێ هەروەك لە تورکیای نوێدا وەهایە) نمونە بە باری تورکیای ئێستە دەهێنێتەوە بە پێچەوانەی ئەوەی من کردوومەتە نمونە بۆی.

مامۆســتای گــەورە پێویســتی بــەوە نیــە پشــکنینێك بــۆ تــازە پێگەیشتوانی تورکیای نوێ بکات کە لەسەر بنــەماکانی حکومــەتی

کەمالــی پێئەگەن کە بە دان پێدانی مامۆستا خــۆی حکومــەتێکی نائایینیە، پێویستمان بەوە نیە بیر بکرێتەوە لەوەی گەلی تورکی کۆنی موسڵمان رۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو دەچێو ئەم تازە پێگەیشــتووە نوێیـە نائایینیە جێی دەگرێتەوە .

بەڕێزی پێویستی بە پشــکنینی ئـەم ڕاسـتیە تاڵــە نیــە، چــونکە مەبەستی نیــە ســەرەنجامی تــورك چــۆن دەبێــت موســڵمان بــن یــان ناموسڵمان، وە گرنگی نادات بە بارودۆخی ئەو ئیسلامەی کە زۆر بـە خێراییەکی نائاسایی سێبەرەکەی لادەچــێ لەســەر وڵاتیــان، تەنانــەت مامۆستا مەبەستی نیە فتواکەی ئــەو چ شــوێنەوارێکی دەبــێ کاتــێ سەرەخۆشی دەکات لەوەی کە گەل لە سەر ئیسلامەکەی ماوە لەگــەڵ ئەوەی حکومەتەکەی لە تورکیادا هەڵگەڕاوەتەوە، کە ئەمــەش دەرگــا واڵا دەکات بۆ ئەوەی کە بوترێ: لەبــەر ئــەوەی حکومــەت کوفرەکــەی هەر بۆ خۆیەتی وە ناتەنێتەوە بۆ گەل، ڕێگر نیــە لــەوەدا حکومــەتی میسر هەمان ئەو کردارەی تورکیا دووبارە بکاتــەوە لــەوەی ئــاین لــە سیاسەت جیا بکاتەوە، بەو واتایەی هیچ ترسێکی نابێت لەسەر ئاینی گەل، وەك ئەوەی ئاین تەنها هی گەل بێــت نــەك حکومــەت، لەگــەڵ ئەوەی حکومەت شتێك نیە تەنها نوێنەری گــەل نــەبێت یــاخود ئــەو جێگرەیە کەبەبێ ڕەزامەندی ئەو هیچ شتێك ئەنجام نادات، جا ئەگــەر ڕەفتارەکانی ئەو لە ئاین وەدەری نێت ئەوا مــەرج نیــە راســپێرەرەکەی بەهەمان شێوە بێت، چونکە رازی بوون بە کوفر کوفرە، ئەمــە تــەنها ئەو کارانەی حکومەتە کــە کاریگەریەکــەی دەشــکێتەوە ســەر گــەل،

سەرەرای ئەوەی گەل خۆی چی دەکات لە پاش ئەو کارەی کە حکومەت دەیکات لە جیاکردنەوەی ئاینو سیاسەت کـە ئەگـەر بـە شـێوەیەکی پلەپلــەیی و لەســەر خــۆیش بــووە لــە ئــایین وەدەری دەنــێ، وەك شوێنکەوتنێك بۆ ئەو حکومەتەی خـۆی بـە ئـەو دەزانـێ بەتایبـەتی ئەگەر حکومەتێکی نوێنەرایەتی پەرلەمانی بێت .

بەهۆی ئەو جیاکارییەی مامۆسـتا مـەراغی لـە نێـوان نەتـەوەی تورکو حکومەتەکەیدا کردویەتی لەوەدا کە حکومەت لە ئاین دەرچێ ئەم باسەی ئـەو هاوکاریمـان دەکـات لـەوەدا کـە بتـوانین لـەو رووەوە رونکردنەوەیەك بدەین لەسەر بابەتی جیاکردنەوەی ئاین لـە سیاسـەت کە زۆر بە ئاسانی هەموو موسڵمانان- مەگەر ریـز پـەڕێك لەوانـەی دڵیان رەق بووە – تێگەیشتوون لەوەی ئاژاوەی بێدینی لە تورکیادا چ ترسناکییەکی هەیە، لە نێو موسـڵماناندا هـەبوون پـێش ئیـنقلابو هەڵگەڕانــەوەی تــورکی کــەمالی تــێ نەدەگەیشــتن لــە رادەی ئــەو مەترسیەی جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت بەسەر ئیسلامدا دەیهێنێو چەندە زیانی لـێ دەدات، لەگەڵ ئەوەی لە تورکیادا کرا تـەنها بریتـی بوو لە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت...

بە دەربڕینێکی تر، چاکسازیو چاکەکاری لە کوێوە دەست پێدەکات لـە ئومەتەوەیـە تـاوەکو حکومــەت چاکســاز بکــات، یــاخود لــە حکومەتەوە تا ئەویش لە ئومەتـدا چاکسـازی ئـەنجام بـدات؟ ئـەوەی زانراوە بریتیە لە ریزبەندی دووەم، هەرچەندە ناتوانرێ ئینکاری رۆڵـی هیچ لایەك لەسەر ئەویتر بکرێت، ئەمەش ئاسانو کورت ترە سەبارەت

به یه‌كه‌م، چونكه ئه‌گه‌ر چاكسازیو ڕێكخستنی كاروباری ئومه‌ت له‌خۆیه‌وه ڕاسته‌وخۆ ئه‌نجام بدرایه ئه‌وا هه‌موو ئومه‌تێك خۆی بێنیاز ده‌كات له‌وه‌ی حكومه‌تێك بۆ خۆی دانێت كه ده‌سه‌ڵاتدار بێت به‌سه‌ریه‌وه.[1]

[1] به‌ڵام حكومه‌ت ... كێ چاكسازی تیا بكات ئه‌گه‌ر له خودی خۆی دا چاك نه‌بێت، وه چاكه خوازیو ئاینداری به‌ڕێگه دروسته‌كانی په‌سه‌ند نه‌كا ؟ ئایا له كاتێكی وادا پێویسته حكومه‌ته‌كه هه‌ڵگه‌ڕێنیته‌وه، ڕاستیكه‌یه‌ته‌وه به‌شیر؟ وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره لای ئێمه‌وه نه‌خێره... چونكه به‌رپاكردنی جه‌نگی جه‌ماوه‌ری له‌م سه‌رده‌مه‌ی ئێمه‌دا دژ به حكومه‌ته‌كان كه‌سی ژێر جورئه‌ت كردنی نیه، كه‌سی هه‌ڵچووش له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌م پلانه‌وه ناتوانن چاكه‌یه‌ك به‌دی بهێنن، نه‌بۆ خۆیانو نه‌بۆ وڵاته‌كه‌شیان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناتوانرێ سه‌ركه‌وتن به‌سه‌ر حكومه‌تێكدا به‌دی بهێنرێ به‌وپێیه‌ی سوپاو سه‌ركرده باڵانابه‌رپرسه‌كه‌ی له‌گه‌ڵیدایه، ئه‌وانه‌ی شۆڕشیان كرده سه‌ر سوڵتان عه‌بدولحه‌مید له توركیادا پاشان به‌سه‌ر سوڵتان وه‌حیده‌دیندا كردیان، پشتگیری و پشتیوانی سوپایان له‌گه‌ڵدا بوو، پاشان قسه‌رۆییو به‌ده‌سه‌ڵاتی له‌و وڵاتانه‌دا كه‌وته ده‌ستی ئه‌و سوپایه‌ی كه له سوپاو له‌شكری ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌وه گۆڕا بۆ سوپاو له‌شكری حیزب، ده‌وڵه‌تی توركیا كه‌وته نێو جه‌نگی جیهانی یه‌كه‌مه‌وه به‌بێ مۆڵه‌ت وه‌رگرتن له سوڵتان موحه‌مه‌د ڕه‌شادو (صدر الأعظم) كه موحه‌مه‌د سه‌عید حه‌لیم پاشای میری میسر بوو.

ئه‌گه‌ر كۆمه‌ڵه‌ی برایانی موسڵمان كه له‌م دوایانه له میسردا پێكهاتوون و دروست بوون و هێزێكی به‌رفراوانی ئاینیو جه‌ماوه‌ری وایان به‌دیهێناوه كه ناكرێ گرنگییه‌كی نه‌زانرێو پشتگوی خرێ، ئه‌گه‌ر هه‌وڵی ڕزگاركردنو چاكسازی خوازراوی بدایه، له ڕێی سه‌ركه‌وتنی له هه‌ڵبژاردنه‌كانو به‌ده‌ست هێنانی زۆرینه‌ی په‌رله‌مان، ئه‌وا هه‌م خۆی به‌فیڕۆ نه‌داوه‌و ده‌شیتوانی خزمه‌تی ئاینو دونیای وڵاتی بكردایه.

باشترین ڕێگه بۆ چاككردنو چاكسازی كردنی ده‌سبژێرو كه‌سه تایبه‌ته ڕۆشنبیره‌كانی ئومه‌ت توێژینه‌وه‌و گفتوگۆ كردنه له‌گه‌ڵیاندا پاشان دژایه‌تی كردنی حكومه‌ت ئه‌گه‌ر پێویست بوو، به‌ده‌ستی ئه‌م كه‌سه شیاوو پیاو چاكانه‌وه، ڕزگاركردنی به هۆكاره ئاشتی خوازیه‌كانیان .

ئەم ئەساسو بناغەیەش ئەوە دەخوازێ کە ئەگەر بنەماو سـەرەتای ئایینداری ڕەواو سەلمێنراو بێتو پابەندبوون بە ئایینەوە پێویست بێت لە لایەن ئومەتەوە، بەتایبەت نەتەوە موسڵمانەکانەوە، وە مـەرجێکی زیندووبونیان بێت ئەوا پێویستە حکومەتەکـەی ئاییـندار بێـت واتـە ملکەچی ئایین بێت، تاوەکو ئاینداری ئوممەت دەرفەتی بۆ دەرەخسێتو مانەوەی لەسەر ئایینی بۆ دەستەبەر دەبێت .

پێشبینی ئەوە ناکەین خوێنەر لای خۆیەوە بڵێت ئەوە چیە نوسـەر سەرقاڵە بەم کاروبارە روونو زانراوانەوە، ئایا کەسێك هەیە پێچەوانەی ئەمە بڵێت تا پێویستی بە سەلماندن بێت؟ وەئەمە چ پەیوەندیەکی بـە بابەتەکانی ئەم بەشەوە هەیە کە بریتیە لە باسی جیاکردنـەوەی ئـاین لە سیاسەت؟ ئەگەر وای ووت ئەوا وەڵامان بۆی بریتـی دەبێـت لـەوەی کە ئایا ئێمـەین ئـەم بـاسو خواسـە دەکـەین و ئـەم مەسـەلەیەمان وورژاندووە، چـونکە ووتنـی جیاکردنـەوەی ئـاین لـە سیاسـەت ئـەوە دەگەیەنێ کە ئاین پێویست نیە بۆ حکومەت، بە بیانوی ئەوەی تەنها ئاینداری ئومەت بەسەو ئەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت بێ نیازی خۆی لە ئاییـنداری رابگەیـەنێ، واتـای پێویسـت نـەبوونو پابەندنـەبوونی حکومەت بە ئایینـەوە ئـەوە دەگەیـەنێ کـە ئـاین هـیچ دەسـەڵاتو چاودێرییەکی نـەبێت بەسـەر کاروبـاری حکومەتـەوە هـەروەك چـۆن حکومەت دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئوممەتداو چاودێری کارەکانی دەکات، بەڵام ئێمە کـە دەڵـێین دروست نیـە ئـاینو سیاسـەت لەیـەك جیـا بکرێتەوە لەبەر ئەوەیـە دیـدو تێڕوانینمـان وایـە ئـەم جیاکردنەوەیـە

یەکسانە بە جیاکردنەوەی ئاین لـە خـەڵك و ئوممـەت، بـەڵکو زیـانو کاریگەری زۆر زۆرترە، چونکە حکومەت دەتوانێ ئوممەت بکاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە نـەك ئوممـەت بتوانـێ حکومـەت بکاتـە ژێـر کاریگەریو کارتێکردنەوە لەبەر ئەوەی ئەم ژێردەستەو ملکەچی ئەوەو کارتێکردنو کاریگەری ئومەت لەسەر حکومەت تەنها گۆڕانیەتی .

جا ئەگەر نەیگۆڕا یاخود بێ توانا بوو لە گۆڕانیدا ئـەوا بێگومـان دەکەوێتە ژێر کاریگـەری حکومەتـەوەو بـەپێی ئارەزوەکـانی بـەڕێی دەکاو لەسەر سەرەتاو بنەماکانی خۆی پـێی دەگەیـەنێ، بـێ ئـەوەی ئوممەت کاریگەریەکی لە حکومەتدا هەبێت. (١)

واتای دروستی جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، تـەنها بریتیـە لـە دروستی داڕنینی حکومەت لە ئاین، ئایا دروستە حکومەت خۆی لـە

(١) جا ئەگەر حکومەت لە وولاتە ئیسلامییەکاندا پابەند نەبێ بە یاساکانی ئیسلامەوەو ئومەت پشتگوێ خا، لانی کەم لە ڕووی رەچاوکردنی حوکمە شەرعیەکانەوە ئەگەر نەڵێین هـانی خـەڵکی بـدات بـۆ مانـدوکردنو پشـتگوێ خسـتنی ئـەو بـوارە، خەڵکە هەلپەرستەکانیش دەیقۆزنەوە، ئەوانەی ئامادەی بەزاندنی ئاداب و حەرامکراوەکانن، لــە پێنــاو شــوێنکەوتنی حــەزو ئارەزوەکانیــان، بــە تایبــەت ئــەو زیــادەڕۆو خۆشگوزەرانانەی پەیوەست و گرێ دراوی حکومـەتن کە خۆی جیاکردوەتـەوە لە ئایین، خراپەکاریەکان لەم توێژە نزمەوە کە ناو دەبرێ بە توێژی بالا دەگوێزرێتـەوە بۆ ئەوانەی ئەمانیان کردوەتە سەرمەشق لە ئازادی بێ ئابروودا، بەمـەش خراپـەو تاوانکـاری لـە نێـوان پیـاوانو رووتو بـەرەڵای لـەنێوان ئافرەتانـدا بڵاودەبێتـەوە، تاوای لـێدێ ئـەو کەسانەی پشتیوانی پاراستنی ئادابە ئیسلامیەکانیش دەکەن، تواناییان نیە تەنانەت لە نێو ماڵەکانی خۆیشیاندا پارێزگاری لەو ئادابانە بکەن بە تایبەتی لەگەڵ تازە پێگەیشتواندا.

شتێك دابڕنیٌو بیٌدەربەست بێت کە ئەو شتە بۆ ئومەت دروستو ڕەوا نەبێت؟ کەچی ئەوانەی ئارەزوو مەندی داڕنینی ئایینن لە حکومەت ناوی دەبەن بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، بۆ سووککردنی مەترسیەکەی و دروست نەکردنی کاریگەری خراپ لای خەڵکە ئاینداەرەکە، ئەوان دەیانەوێ ئاینی حکومەت لەناوبەرن ئەم لەناوبردنەش بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت دەردەبڕن، پاشان بۆ لەناوبردنی ئایینی حکومەت پەنا بۆ لەناوبردنی ئایینی ئومەت دەبەن و ئەو ڕێگەیە دەگرنەبەر.[1]

جا ئەگەر واتای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بریتی نەبێت لە داماڵینی حکومەت لە ئایین تاوەکو بە ژێریە کەموکورتیەکەی خۆی

[1] ئەو مەبەستەی لە پشتەوەی ئەم وروژاندنەوە بوو کە هەر یەکە عەلی عەبدورازق، قازی شەرعی پێشوی مەنسورەوە پاشان نەقیبی شەرعیەکان و پاشان وەك نوێنەرێکی پەرلەمان قسەیان لەسەر کرد، پێش دەساڵو ئەوەندە سەبارەت بە (ئیسلامو بنەماکانی فەرمانرەوایی) تەنها بریتی بوو لە مەسەلەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، مامۆستا دەیویست بیانوی هەبێت بۆ برەودان بە بنەمای جیاکردنەوەکە لە ڕێی دوو بانگەوازو بانگەشەوە کە هەریەکەیان تێك دەگیرێ لەگەڵ سەلمێنراو و بەڵگەنەویستەکانەدا، یەکەمیان: بریتی بوو لەوەی پێغەمبەر ﷺ دەوڵەتی نەبوو، وەك ئەوەی فەرمانو نەهی کردنی نەبوبێ یاخود لەوەدا گوێڕایەڵی نەکرابێ، دووەمیان ئەبو بەکر حکومەتی هەبووە بەڵام نائایینی بووە، واتە حکومەتێکی زەمەنی بووە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نەبووە.

مامۆستا کاتێك پێویستی بەوەیە بنیاتی مەبەستەکانی بکات لەسەر ئەم دوو بانگەشەیە بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی جیاکردنەوەی لە سیاسەت کە بەدەرە لە سروشتو لۆژیکی ئیسلامو مەرامو مەبەستی تر بەدی بهێنێ کە پاشتر بە درێژی باس دەکرێ.

بەدەر لە کۆت‌و بەندو حوکمەکانی ئایین رەفتار بکات، کەواتــە واتــای جیاکردنــەوە چــی دەگەیــەنێت؟ حکومەتــە ئیســلامیەکان هــەر لــە سەردەمی هاوەڵانەوە —خوایان لێ رازی بێت- تاوەکو سەردەمێکی نزیك لــەوەی ئێمــە تــێی کــەوتوین‌و ســاڵانێکە پڕکــراوە لــە نەگبــەتی‌و بەدبەختی، فــەرمانرەوایی خــەڵکیان دەکــردو خــەڵکیش بــە ئیســلام لەسەرەوە فەرمانرەوایی ئەوانیان دەکرد جا ئەگــەر لــە میانــەی ئــەو نەخشە دیاری کراوەدا کارێکی نارەواو پێچەوانەی حوکمەکانی ئاینیان بکردایە ئەوە بە گوناحی حکومەت دادەنرا، هەروەك چۆن کەسێك لــە موسڵمانان بەهۆی شوێن کەوتنی ئارەزویەوە تاوانێك ئەنجام بدات بەڵام بە هۆی ترسی خواو ترسی خەڵکیەوە دڵ شکاو و کزۆڵە .

بــەڵام دەرچــوونی ئاشــکرا لــە چــاودێری ئیســلام و هەوڵــدان بــۆ جیاکردنەوەی ئایین و کەنار خستنی لە سیاسەت واتە کــەنار خســتنی لەوەی فەرمانرەوایی بکات بەسەر حکومەتدا، دانانی ئەم مەســەلەیە وەك بابــەتێکی توێژینــەوە لــە شــێوەی پرۆژەیــەکی نــوێ‌و ڕێبــازێکی کۆمەڵایەتی تازەدا، وە هەوڵدان بۆ چاوکردن لە حکومەتە بیانیــەکان لەم ڕووەی ئیســلام دا، (پێشــتر لــە پێشــەکی کتێبەکــەدا ووتەیــەکی هەیکەل پاشامان هێنا کە دەستخۆشی و ئافەرینی ئەم جیاکرانەوەیــە دەکات) بە ئەندێشەی هیچ حکومەتێك لــە حکومــەتی موســڵماناندا نــەهاتوە هەرچــەندە خراپــەکارو بــێ ئــابرو بووبــێ، چــونکە ئەمــە ڕاگەیاندنی جەنگــە لــە حکومەتــەوە بــۆ ئیســلام هــەروەك بــاوە لــە

جەنگەكاندا حكومەت راى دەگەيەنێ پاشان دەبێتە راگەيانـدنێك لـە ئومەتیشەوە .

ئەگەر دەتەوێ دەربرینەكە سوكتر بێت لەوەى راگەیاندنى جەنگ بێ ئـەوا بڵـێ: راگەيانــدنى ســەربەخۆيى لــەو حكومەتــەى كــە لــە حوكمەكانيدا شوێنى حوكمەكانى ئیسلام دەكەوێت، ئەم راگەياندنەش دژ بە شوێنكەوتووەكانى خۆى، لە واتادا ئەمە هیچى كەمتر نیـە لـە راگەياندنى جەنگ دژ بە شوێنكەوتوەكانو دەرچوون لە گوێڕایەڵى .

لەو شتانەى پەيوەست بوون بەمەســەلەى جیاكردنــەوەى ئــايين لــە سیاســەتو لــە پێشــەكى كتێبەكەشــدا باســم كــردووە ئەوەيــە كــە سەربەخۆبوونى هەريەكە لە ئايينو حكومەت لەويتر ئــەوە ناگەيــەنێ هەردوكيان لەو سەربەخۆييەدا يەكسانن، بە شێوەيەك هیچ يەكێكيان دەست وەرنەداتە كاروبارى ئەوى ترەوە، هەرچەندە ئەم يەكسانيەش بــە هەمان شێوە ئیسلام پێى رازى نابێت بەو پێيە رازى نیە بە كـوفر ... بەڵام مەسەلەى جیاكردنەوەكە لەمەش قورسو تاڵ ترە، چـونكە ئـەو سیاسەتەى كە حكومەت سەرپەرشتى دەكات و دەيگرێتــەوە دەســت و بەم جیاكردنەوەيە لە دەستى ئاين دەردەچێ، ئەمەش ئــەوە دەگەيــەنێ كە حكومەت سەروەرىو سەرپەرشتى هەموو ئەو كاروبارانــە دەكــات كە دەكەونە ژێر سێبەرى وولاتــەوە، بەمــە ئــاينیش وەك هــەموو ئــەو شتانەى تر دەكەوێتە ژێر ئەو سايەو سێبەرەوەو لە ژێر رەحمەتى ئـەمرو نەهى حكومەتدا دەبێت، تەنها ئەم بارە بە تەواوى دژە بە سەروەرى ئەو

ئیسلامەی بەرزو بڵندەو نابێ ژێر کەوتەو نزم بێت و ئەمەش بێباوەڕیو کوفرە، هەرچەندە گریمانەی ئەوەش بکرێت کە حکومەت بەردەوام ڕێز لە ئایینی ئومەت دەگرێت، وە لە خزمەتیدا بێت، بێئەوەی ئەو ڕێزو خزمەتە فەرز بێت لەسەری، هیچ تەنگەتاویشی نەکات سەرەڕای ئەوەی توانای ئەوەشی هەبێت، بەو پێیەی بەڕێوەبردنو سیاسەتی وولات بەدەستی ئەوە نەك ئاین .

مەبەستی ئەم ڕێزگرتنە لەوەدایە ئاین دەبێتە پارێزەرو بەرگریکاری حکومەت هەروەك چۆن میسر پارێزەری ئینگلیز بوو، بێگومان تەنها ئەم هەڵوێستە ڕێزی ئایین لەکەدار دەکات، هەروەك ڕێزی میسری لەکەدار کرد، سەرەرای ئەوەی سیاسیو کاربەدەستان داخوازی و خواستی زۆریان هەیە لە ژێردەستەکانیان، لەراستیدا پەیوەندی ئایین لە دەوڵەتی عوسمانیدا بە حکومەتو سوڵتانەکانیەوە لەم نمونە تورکیەدا روون دەبێتەوە کە دەڵێ: (باش باشە باغلی، باش شەریعەتە باغلی) واتە: سەرگرێدراوو پەیوەستە بە سەرۆکەوە، سەرۆکیش پەیوەستو گرێ دراوی شەریعەتە .

هەرکاتێو لەسەردەمی هەردەوڵەتێکدا ئاین لە سیاسەتو کار بەڕێوەبردن جیاکرایەوە، ئەوا ئەو مادەیەی بە ئاشکرایی باسی ئاینەکەی تیادایە دەپێچرێتەوەو لا دەبرێت، هەروەك لە تورکیای نوێی کەمالیدا رویدا، ئەوەبوو لە سەردەمی موستەفا کەمالدا ئەو ووتەیەی لە دەستوری تورکی کۆندا دەیووت، ئایینی دەوڵەت ئیسلامە لابراو

نەهێڵرا، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئەو یاسایەی لە فیقهـی ئیسـلامەوە وەرگیرا بوو، وە لە (مجلة الأحكـام العدليـة)دا کۆکرابـووەوە گـۆڕا بـە یاسـای مـەدەنی سویسـری وە فـەرمان درا بـە لەسـەرکردنی کـلاوی شەپقەو کەپلە، شوکردنی ئافرەتی موسڵمان بۆ ناموسـڵمان دروسـتو حەلاڵ کرا، هیچ کەمتەرخـەمی نـەکرد بـۆ گـۆڕینی دەرەوەو نـاوەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی .

لـەناوخۆو دەرەوەی تورکیـادا موسـڵمانی بـەناو موسـڵمان هەیـە، تاوەکو ئێستەش دەبینرێ، کە وادەزانێ بانگەشەی جیاکردنەوەی ئایینو گۆڕینی یاساکانو لابردنی ئایینی دەوڵەت لـە دەسـتورو لەسـەرکردنی شـەپقەو حـەلاڵکردنی هاوسـەرگیری گشـتیو هەڵوەشـاندنەوەی هاوسەرگیری شەرعیو ڕێگرتن لە سەفەر بۆ ئەنجام دانی حـەجو شـتی تریش، تەنانەت وازهێنان لە سوێند خواردن بەخوا لە سوێند خواردنە ڕەسمیەکاندا ... زیان بە ئیسلام ناگەیـەنێ، لـە ڕاسـتیدا بـڕەودان بـە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت جا ئیتر ئـەو بـڕەو پێدانـە لـە پیـاوانی حکومەتەوە بێـت یـاخود لـە نوسـەرە بیریارەکانـەوە بێـت بـە نـاوی بەرژەوەندی دەوڵەتو ئومەتەوە ڕێك ناکەوێت لەگەڵ باوەڕ بـەوەی کـە ئەم ئایینە لە لایەن خواوە دابەزێنراوە، وە ئەو حوکمانەی لە کیتـابو سونەدا باسکراون حوکمی خوانو بە هۆی پێغەمبەرەکەیەوە گەیەنراوە، وە هەر کەسێ ئاماژە بدا بەم جیاکردنەوەیە لـە کۆمـەڵگادا ئـەوە یـا لادانو ئیلحاد لە دەرونیدا شـاردراوەتەوە – مامۆسـتا فەریـد وجـدی

پێش ئەوەی ببێتە سەرنوسەری گۆڤاری ئەزهەر ئەوەی ئاشکرا کرد کە نوســەرو شــاعیرە هەڵکــەوتوەکانی وڵاتــە ئیســلامیەکان ئیلحادیــان لەناخدا شاردوەتەوەو بــیرو ژیریــەکان ئامــادە دەکــەن بــۆ ئــەوەی ئــەو بۆچونەیان پەسەند بکەن لە ڕێگــەی ووتــارو هۆنراوەکانیانــەوە — یــا ئەوەتا گێلو نەزانە بەواتاو ناوەڕۆکی جیاکردنەوەی ئایین لــە دەوڵــەت، لەگەڵ ئەوەی بریتیە لــە دابرینــی ئیســلام لــە حکومــەتی دەوڵــەتو ڕێگری کردن لەوەی لە کاروبارەکانیــدا دەســت تێــوەردا، هــەر لەبــەر ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێگری دەکــرێ لــەوەی زانایــانی ئــاینی سەرقاڵی سیاسەت بن[1] ســەرەرای ئــەوەی بنــەمای جیاکردنەوەشــیان پەسەند کردوە، جا کاتێ ئەگەر مرۆڤێك بەوە لە ئیســلام دەرچــێ کــە دەسەڵاتی ئایینی پەسەند نەبوو لە رووی ئەمرو نەهی و دەستتێوەردان لە کاروبارەکانیەوە لە کاتێکدا ئەو تاکێکە لە موسڵمانان، ئەی چــۆن دەرناچێ لە ئیسلام کاتێك ئەو دەسەڵاتو دەســت تێوەردانــە پەســەند ناکات، بەو سیفەتەی لە نێو پێکهاتەیەکی حکومەتدایە؟ ئــەی بــۆی مافی خوایە لە کاروباری بەندەکاندا بەتاك تاکی دەســت وەربــدا، لــە هەمان کاتدا ئەو مافەی نیە لە کاروباریاندا ئەگەر هاتو لە شــێوەی دەوڵەتدا بوو، لەگەڵ ئــەوەی ئەمــە گــرنگ تــرە؟ ئایــا خــوای گــەورە

---

(١) خۆپاراستنی کۆمەڵو ڕێکخراوەو گۆڤارە ئاینیەکانی میسر لەوەوە سەری گرتووە کە میسر چەند قۆناغێکی بڕیوە لە قۆناغەکانی کارکردن بە بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت.

بەرژەوەندیو چاكو خراپەی تاك دەزانێو بەرژەوەندیو چـاكەو خراپـەی كۆمەڵ نازانێ؟ لە كاتێكـدا ئـەوەی روونو ئاشـكرایە كۆمــەڵ زیـاتر ئامادەییو توانای خێرو شـەڕی تیـادا بـەدی دەكرێـت وەك لـە تـاك، لوتكەی چاكە كاریش بەرزكردنـەوەی ووتـەی خوایـە كـە بـەڕێزترین ئەركی موسڵمانانە .

لەوانەیە جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵـەت زیـاتر زیـان بـە ئیسـلام بگەیەنێ لە چاو ئایینـەكانی تـردا، لەبەرئـەوەی ئیسـلام تـەنها لـە پەرستەكاندا كورت هەڵنایەت بەڵكو دیـدو تێڕوانینـی ئـەو تـەواوی سەودا گەری و سزاكان دەگرێتەوە هەموو ئـەو شـتانەش كـە دەچـێتە بـواری دادگـاو وەزارەتو ئەنجومــەنی نوێنــەران و پیرانــەوە، ئیســلام پەرســتشو شــەریعەتو جێبــەجێكردنو بەرگریــە، ئـەم تێڕوانینـە گشتگیریەی ئیسلام بۆ هەموو كاروبارێك لە كاروبارەكانی دەوڵەت، لە لای ئەو برەو پێ دەرانەی جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بـە نـەنگیو عەیب دادەنرێ، نەنگیـەك سـوریان دەكـات لـەوەی پابەنـد بـن بـەو جیاكردنەوەیەوە، لە كاتێكـدا ئـەوە لـە دیـدی ئێمـەداو لـە هـەمان كاروباردا تایبەتمەندیەكی ئیسلامەو بەرزو باڵای دەكاو تـای تـەرازوی قورس تر دەكات بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ئایینەكەكانی ترداو دەبێتە بەرهەڵستترین ڕێگریك لەبەردەم ئەو جیاكردنەوەیـەدا، ئـەم ئیسـلامە لای ئەوانەی لە هــەموو رووەیەكـە قەناعــەتیان پـێكردووە، ئـایین و دەوڵەتو ناسنامەیە بۆ ئەوان، هەموو جیاوازیەكانی نێوانیان لادەبـا،

هەموو ناسنامەو نەتەوایەتیەك لە ناسنامەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، ئەو یەكێتیە كۆمەڵایەتیەی تیادایە كە هەموو ئومەتان بەدوایدا وێڵن و نایدۆزنەوە، یەكسانی ڕاستەقینەی تێدایە، كەس لە كەسی تر باشتر نیە مەگەر بە تەقواو خۆ پارێزی، كەسی خۆپارێزیش لە تەقواو خۆپارێزیەكەیدا بانگەشەی ئەوە ناكا كە لە كەسی تر بە تەقوا ترە، لە ئیسلام دا كەس لە كەس خۆی بە باشتر نازانێ.

ناوترێ[1] هەروەك چۆن ئیسلام ناسنامەیە، هیچ ڕێگرێكیش نیە لەوەدا نەسرانیەتیش بە ناسنامە دابنرێ بە هەمان شێوە یەهودیو ئەوانی تریش، لەبەر ئەوە دەڵێم جیاوازی ئیسلام لەوەدایە كە هەموو ئەو یاسایانە لەخۆ دەگرێ كە دەوڵەتو ئومەت پێویستیانە، ئەو بێنیازە لەوەی پێویستی بەدەر لە خۆی بێت، هیچ بیروباوەڕێكی تر لەمەدا لێی نزیك نابێتەوە هەموو یاساكانی لە كیتابو سونەتەوە هەڵگواستراون، بە فیعلی هەڵگواستراون، وە لە هەزارەها دانراودا تۆماركراون لە كتێبەكانی فیقهو ئسولی فیقهدا،ئایا مێژووی مرۆڤ و

(١) هەروەها نابێ بوترێ: كاركردن بەو یاسا شەرعیانەی وڵاتی ئیسلام كە زۆربەی جار كەمینەیەكی ناموسڵمانی تێیدا نیشتەجێیە، تەحەكوم كردنە بەسەر ئەو كەمینەیەدا، لەبەرئەوەی دەڵێم، تەحەكوم كردنی زۆرینە بەسەر كەمینەدا چارەیەكی نی یە لە هەڵبژاردنی یاساكاندا هەرچەندە ئەو یاسایانە لە لایەن خەڵكیشەوە دانرابێ نەك لە شەرعەوە وەكو رونی دەكەینەوە، بەڵكو تەحەكومو لایەنگیری زیاتر لە یاسا دانراوو دەستكردەكاندان، زۆر بە كەمی لە یاسا شەرعیەكاندا دەبینرێ.

مـێژووی ئایینەکان ئایینێکی وەهای بەخۆیەوە بینیوە؟[1]).

مستەفا سەبری تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خانە (الدار) بەم جیاکردنەوەیە لەوە دەردەچێ خانــەی ئیســلام بێــت وە دەبێتــە خانــەی بێباوەڕو کوفر .

ئەوەتا دەڵێ: (وڵاتی ئیســلام لــە پێناســەی شــەرعدا بریتیــە لــەو وولاتەی یاساکانی ئیسلام تیایدا فەرمانڕەوایە، کەنار خستنو دابڕینــی ئایین لەوەی دەستوەرداتە کاروباری دەوڵەتەوە وولات دەردەکـات لــەوەی بە وولاتی ئیسلام بێتە ئەژمار).[2]

بەهەمان شێوە عەلامە ئەحمەد شاکر - قازی شەرعی- ڕووبــەرووی ئەو گوتارە نوێیە بویەوە لە کتێبی (الكتاب والسـنة يجـب ان يكونـا مصدر القــوانين في مصــر) (کتــابو ســونەت پێویســتە سەرچاوەی یاساکان بن لــە میســر) لــەو کتێبــەدا وەلامــی عەبدولعــەزیز پاشـا دەداتەوە سەبارەت بەوەی کە وتبــووی (ئــاین هــی خوایــە، سیاســەتی مرۆڤیش هی مرۆڤە) ئەحمەد شاکریش لەو بارەیەوە دەڵێــت: (قورئــان پڕە لە ئەحکامی بــەرزو شــکۆدار، ســەبارەت بــە کاروبــارە مــەدەنیو بازرگانیەکان، حوکمەکانی شەرو ئاشتی، حوکمــەکانی شــەڕو دەســت

---

(١) موقف العقل والعلــم (٤/٢٨١-٢٩٥).

(٢) سەرچاوەی پێشوو (١/١٦٣)، لەبەر گرنگی قسەکانی شێخ مستەفا سەبری لە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندو هۆکارەکانی گوتاری سیاسی گۆڕێنراو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە دەرکەوتنی دا درێژەمان بە ووتەکانی دا.

کەوتو دیل، وە چەندین دەقی روونو ئاشکرا سەبارەت بە حدودو تۆڵە سەندنەوەکان.

هەرکەسێ وا گومان بات کـە ئیسـلام تـەنها ئـایینی پەرستشـەو هیچی تر ئەوا ئینکاری هەموو ئەمانەی کـردووە، وە بـەدەمی خـواوە درۆو دەلەسەی گەورەی هەڵبەستووە، بەهەمان شێوە وا گومـان بـەرێ کەسێك هەر پلەو پایەیەکی هەبێت، یا دەزگایەك هەرچۆنێك بێت بۆی هەیە بتوانێت ئەو کارانەی خوا: وەك گوێڕایەڵیەك بۆ خۆی دایناوە، یا فەرمانی داوە کار بە حوکمەکانی بکرێت، ئەم دەتوانێت بیانسـڕێتەوەو نەسخیان بکات، موسڵمان نەشتی وای ووتوەو نە شتی وا دەڵـێ هـەر کەسەش وای ووتبێ ئەوا بە تەواوی لە ئیسلام دەرچووەو هـەموی رەت کردوەتەوە،هەرچەند بەرۆژووبێو نوێژ بکات وادانێ کە ئەو موسڵمانە.

ئەوان بە دەوری ئەم واتایەدا خولیان دەخوارد و دەیان بزڕکانـدو بـە ئاشکرایی نەیان دەوت تاوەکو ئەم پیاوە خۆی ئاشـکرا کـرد، ترسیشـم هەیە ناخی ئەوانی ئاشکرا کردبێ بەڵام پێم خۆش نیە سەبارەت بـەوان بە دڵنیاییەوە هیچ شتێك بڵـێم، ئێمـە لێپرسـینەوەی خـەڵك لەسـەر گومان ناکەین، لێپرسینەوەیان لەبەر دەستی خوای گەورەدا دەبێت لـە رۆژی دوایدا .

لە هەموو سەیرتر ئەوەیە مەعالـی پاشا لـە بـەڕێز (محب الـدین الخطیب) دەپرسێو دەڵێ (ئایا لەم سیستەمو یاسایانەدا شتێك دەبیـنین پێچەوانەی بیروباوەڕی موسڵمانان بێت، یاخود فەرزێك لـە فـەرزەکانی

ئایین له کار بخات؟).

من وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی دەدەمەوەو دەڵێم: بـەڵێ لـە راسـتیدا یاسا فرنجیەکانو سستمە ئەورووپیەکان، زۆرشتیان تیادایە پێچـەوانەی بیروباوەڕی موسڵمانانەو زۆرێك لە فەرزەکانی ئایین لەکار دەخات.

لەو یاسایانەدا عـەرەق بـە روونو ئاشـکرایی دروسـتەو بـەرەسمی مۆڵەتی کڕینو فرۆشتنی دەدرێ، بە راگەیاندنێکی نوسراو وەزیرێك لە وەزیرەکانی دەوڵەت یا گەورە کارمەندێکیان ئیمـزای لەسـەر دەکـات، بەڵکو بەشێك لە گەورە پیـاوانی دەوڵـەت شـەرم ناکـەن لـەوەی لـە ئاهەنگە ڕەسمیەکاندا عەرەقیان بەسەردا دەگێڕن، لە سامانی دەوڵـەت بۆیان خەرج دەکرێت، بە بیانوی ئـەوەی ئەمـە ڕێزگرتنـە لـە میوانـە بیانیەکانیان، یاخود ئەتوانی بڵێی بەهەر بەڵگەیەکی تر کە داڕنـراوە لە شەرم، تەنانەت کۆمەڵێك کەسـیان و ئەوانـەی ناویـان دەبـەن بـە توێژی باڵا (الطبقة الراقیة) گەورەو سەرکردەکانی خۆیانیـان کردوەتـە سەر مەشق و ئەو یاسـایانەیان بـەکارهێناوە بـۆ شـتێك کـە ژیریـان دەبات‌و سامانیان بە فیڕۆ دەچێت، بەمەش کەوتونەتە چالاکی نزمو بێ ئەمانەوە.

لەو یاسایانەدا قومار بـە هـەموو جۆرەکانـەوە دروسـتە، بەچـەند مەرجو ئاسانکاریەك کە بۆ خۆیانیان داناوە، بەمەش خانـەکان وێـران دەبنو بیرو ژیری مرۆڤ کەلێنو لەکـەدار دەبێـت، ئـەوەی لـەم رووەوە دەبینرێ قەڵەم بێ توانایە لە وەسفکردنی .

لەو یاسایانەدا خراپەکاری بە چەند ڕێگەوشێوەیەك سەرسامو حەڵاڵ کراوە، لەوانە پارێزگاری کردن لە پیاوانو ئافرەتە خراپـەکارەکان، لـە دەسەڵاتی باوکـانو سەرپەرشـتیاران، بـە بیـانوی پاراسـتنی ئـازادی کەسێتی .

پاشان ئەو خراپەکاریانەی لە مەیخانـەو باڕەکانـدا دەکـرێ، پاشـان تێکەڵی پیاوانو ئافرەتان، دواتر گەشـتو گـوزارە نەشـیاوەکانی نێـو سەیرانگاکانو ئەو نەهامەتیو خراپەکاریانەی تێیدایـە، پاشـان ئـەم سەماخانە گشـتیو تایبەتیانـە، بـەڵکو ئـەو سـەماخانانە دەوڵـەت خەرجیـەکی زۆری تیـادا دەکـات بـۆ ئاهەنگـەکانو نوانـدن، وەك چاولێکەریەکی گەورە ئاغای ئەوروپیەکانیان (ئەو عەقڵـە گەورانـەی کارەباو رادویۆو موعجیزەی فڕینیان دۆزیەوە)!

لەو یاسایانەدا لەکار خستنی ئەو حدودانەی تیادایە کە قورئانیـان لەسەر دابەزیوە، وەك هاوڕەوتیەکی گیانی گەشەسەندنی هاوچەرخانەو شوێنکەوتنێك بۆ رێساو یاسا شەرعیە نوێیـەکان! دەك تیاچـیو دوور بێت لە ئێمە ئەو یاساو تەشریعە نوێیانە! لەو یاسایانەدا بە فیڕۆدانـی خوێنی تیادایە لەبارەی کوشتنەوە، بەهۆی دانانی چەند مـەرجێك لـە بارەی حوکمی تۆڵە سەندنەوە کە لـە کیتـابو سـوونەتدا نـەهاتووە . نمونەی نەکوشتنەوەی ئەو کەسەی پێشتر سـووربووە لەسـەر کوشـتنی دەست ئەنقەست کە حەدەکەی لە یاسای ئیسلامدا تۆڵە سـەندنەوەیە، وە وەکو کۆلینەوە لەوەی ناوی دەبەن بە بارودۆخی سوك کەر (الظـروف

المخففة) وە خوێندنی نەفسیەت و بارودۆخی خراپەکار، هەروەها ئـەوەی مافی لێبوردن بدرێتە دەوڵەت نەك خاوەن خـوێن، کـە خـوای گـەورە تەنها مافی لێبوردنی بەو داوە بە دەقی قورئان، بەمەش خوێنەکان بە فـیڕۆ دەچـن، کوشـتن لـە تۆڵـە سـەندنەوەدا بڵاوبوەتـەوە، هـیچ سەڵەمینەوەیەك نیە، ئومـەت و حکومـەت و ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان و ئەوانی تریش سەبارەت بە زیـاد بـوونی تاوانـەکانی کوشـتن پرسـیار دەکەن؟ هۆکارەکە بۆ ئەو یاسایانە دەگەڕێتەوە کە پێچەوانەی عورف و ئایینن.

سەرەڕای چەندین شتی تر کە ناتوانین لـەم ووتەیـەدا بیانـژمێرین، هەموو ئەو شتانە حەلاڵکردنی ئەو شتانەیە کە خوا حەرامی کردوون، سوکایەتیە بە سنورەکانی خواو دەرچوون و ترازانە لـە ئیسـلام، هـەر هەمووشی ڕاگەیاندنی جەنگە دژ بە بیروباوەڕی موسـڵمانان، تـەواوی ئەمانە لە کارخستنی فەریزەکانی ئایینە).[1]

هـەروەها شـێخ ئەحمـەد شـاکر دەڵـێ: (مەسـەلەی ئـەو یاسـا دەستکردانە بەوێنەی خـۆر روون و ئاشـکران، کـوفری ئاشـکران هـیچ نهێنیو دڵ ڕاگرتنێکی تیـادا نیـە، هـەر کەسـێك لەوانـە خـۆی بـە موسڵمان دەزانێ هەر کەس بێت بیانوی نیە لـەوەدا کـە کاریـان پـێ بکات یان ملکەچیان بێت یاخود دانیان پیادا بنێت).[2]

---

(١) الكتاب والسنة يجب ان يكونا مصدر القوانين في مصر ل٩٨-١٠١

(٢) عمدة التفاسير ٢/١٤٧

وە دەفەرمویێت: (دادگای کردن لـە سـەروەت‌و سـامان‌و نـاموس و خوێن دا بە یاسایەکی پێچەوانەی شەریعەتی موسڵمانان و دەرکردنـی یاسایەك کە پێویست بێت موسڵمانانی پێوە پابەنـد بکرێـت، بـەوەی دادوەری بەرنە لای دەرەوەی حوکمی خواو ئایینەکەی، ئەمە بێ باوەڕیەو هیچ کەس لە ئەهلی ڕووگە سەرەرای جیاوازیان گومانیان نیە لـەوەدا ئەوەی وابلێ و بانگەشەی بۆ بکا بێباوەڕدەبێت). [١]

لە یەکەم کتێبدا بە ناوی (الکتـاب والسـنة) باسـی هۆکارەکـانی لاوازی ئومەت‌و چۆنیەتی ئەو گۆڕانانەی شەریعەتی ئیسلامی دەکا بە یاسا دەستکردەکان و دەڵێ: (ئەو زانایانەی کە چاویان لـێدەکرا پێیان بـــاش بـــوو بۆچـــونەکانیان پیـــادە بکـــرێ و هـــەڵهێنجان لـــە تەقلیدکردنەکانیاندا ئەنجام بدرێ، پادشاو میرو سەرکردەو سەرۆکەکان شارەزای ئایینەکەیان بوون و پابەنـد دەبـون پێیـەوە، تـاوەکو چـاخی لاوازی موسڵمانان هات، ئەمەش بەرئەنجامی لاوازی زانایان‌و زۆرداری مـیرە نەزانـەکان بـووە، خـەڵکی زیـادەڕەوی و بـەردەوەمیان دا بـە چاولێکەری‌و تەقلید، بە توندی دەمارگیریان بۆ ووتەی زانایانی دووایـن بۆ دروست بو، لەو لق‌و چڵانەی کە دەقـی کیتـاب‌و سـوننەی لەسـەر نەبوو، لەوانەیە زۆربـەیان لەوشـتانە بـوو بێـت کـە زانایـان لەسـەر عـورف‌و بـاوێکی دیـاریکراو هـەڵیان گۆسـتبێت، یـاخود لەبـەر

(١) پەراوێزی (تفسیر ابن جریر) شیخ ئەحمد شاکر ٣٤٨/٢

بارودۆخێك بوو بێت كه پێویسته زانا له‌كاتی ئیجهادكردنـدا ره‌چـاوی بكات، به‌ڵكو له‌وانه‌یه هه‌ندێكیان هه‌ڵه‌یان كردبێ له ووتنه‌كه‌یاندا، به‌و پێیه‌ی بێ تاوان (معصوم) نیه .

تاوه‌كو گوشین‌و ته‌نگی زۆر كرا، تا گه‌یشـته ئـه‌وه‌ی ئـه‌و نه‌وه‌یـه‌ی پێش نه‌وه‌ی ئێمه هات، كاروباره‌كان ببونه تـاریكی له‌سـه‌ر تـاریكی، زانایان یاخود زۆربه‌یان – ده‌مارگیری‌و چه‌قبه‌ستوویان زیـادی ده‌كـرد، سه‌رده‌میش له‌گه‌ل گه‌شه‌كردنی خێرادا بوو، چاولێكه‌ریه‌كه‌یان وای لێ كردن نه‌توانن له‌گه‌ڵیدا هاوڕه‌وت بن، ئه‌مه سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی نه‌یانتوانی پێشی بكه‌ون، ته‌نانه‌ت هه‌ندێ میره‌كانی نـه‌وه‌ی رابـردوو پێشـنیاریان كرد بۆ زانایان كه یاسایه‌كی شه‌رعی بۆ خه‌ڵكی دانێن له هه‌ر چـوار مه‌زهه‌به‌كه‌وه هه‌ڵی گۆزن‌و وه‌ری بگرن، وه‌ك ره‌چاوكردنێك بۆ ئـه‌وان‌و سور بوونیان له‌سه‌ر ئه‌و خوه‌ی به چاولێكه‌ریه‌وه گرتبویان، كه ئه‌مـه‌ش داواكاریه‌كی خاكیانه بوو، كه ده‌كرا چاره‌سه‌رێكی كـاتی بێـت، بـه‌لاّم نه‌یانكردوو به خراپیشیان دانا، ئه‌و میرانه‌ش پشتیان تێیان كرد .

پاشان ئه‌و یاسایه فرنجیه وه‌رگێردرانه هێنرایه ولاّتمانه‌وه، پیـت بـه پیت له گه‌لانێكه‌وه بۆمان گواسترابویه‌وه كه هیچ په‌یوه‌ندیـیه‌كیان به ئێمه‌وه نیه له رووی خوو نه‌ریته‌وه، هاتنـه نـاوه‌وه تـاكو بیروباوه‌ڕمـان بشێوێنێ، باوو نه‌ریتمان بسڕێته‌وه، توێكڵ‌و به‌رگێكی ساخته‌مان پـێ بپۆشن كه ناو ده‌برێت به مه‌ده‌نیه‌ت !!

پاشان ڕاپەرینی زانستیانەی ئیسلامی هاوچەرخ هـات، کەسـانێك فویان پیادا کردو گەشەیان پێدا کە نوکی ڕمـی سـەردەمی خۆیـان بوون، لە پێشی هەمویانـەوە جەمالـەدینی ئـەفغانیو[1] موحەمـەد عەبدەو موحەمـەد ڕەشـید رەزا، موحەمـەد شـاکری بـاوکم خـوا لـە هـەموویان ڕازی بێـت بنـەماکانیان بـە کـرداری دانـاو ڕێسـاکانیان چەسپاندو بونیاتەکەیان توندو تۆڵ کرد، بـەهۆی ئەوانـەوە ژیریـەکان بەخەبـــەر هـــاتنو دڵو دەرونـــەکان شۆڕشـــیان بـــەرپاکرد بەســـەر چاولێکەریدا، لە نێـو زانایانـدا کەسـانێك پێگەیشـتن کـە ئیجتهـاد کردنیان بە واجب دانا، کە دەکرێ ئیجتهادێکی هەڵپڕوزاو قـرچو کـاڵ بێت، ئەشکرێ ئیجتهادێك بێت هەڵەی زۆری تیادا بێت، بەڵام باشـترە لە چەقبەستووی، شیاوو لەبارترە بەویستی خوا بۆ ئومەتو ئایین.[2]

بەڵام تەواوی ئەمانە لەگەڵ بـاو رەشـەبادا رۆیشـتن، شـێخ ئەحمـەد شاکر ئەمە بەم ووتەیەی دەردەبڕێو دەڵێ: (هەمان ئەو ووتەیەیان پـێ دەڵێم کە سەرکردەی ئیسلامی لەبیرکراوی نەناسراو سەید عەبدورەحمان کەواکیبی ووتبـووی: ئەمـە ووتەیـەکی ڕاسـتو ڕەوایـەو هـاوارە لـە

(١) بڕوانـە لـەو بـەرز ڕاگریـەی عەلامـەی فـەرمودە نـاس (ئەحمـەد شـاکر) هەیـەتی بـۆ ئالاهـەڵگرانو پێشـڕەوانی ڕاپـەرینی ئیسـلامی، کـە ئـەو زانـاتر بـووە پێیـان لەبـەر ئەوەی هاوچەرخیان بووە، تا بزانی لە لایەن نەوەکانی ئەم بێداری یەی ئێستاوە چ ستەمێکیان لـێدەکرێ بەهۆی ئەوەی پلەو پایەیان نازاننو ئاشنایەتیان پێ ی نیە؟!

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل (٦–٧).

دۆڵێکدا ئەگەر ئەمڕۆ لەگەڵ بـادا بـڕوات ئـەوا سـبەی مـێخو پـواز دەبات). [1]

بەم شێوەیە گوتاری نوێ خۆی سەپاند بەڵام نەك بە هێـزی بەڵگـەو بورهان، بەڵکو بە هێـزی شـیرو زەبـری ئـەو ڕژێمانـەی داگیرکـەر بـە چاودێری خۆی دروسـتیانی کردبـوو، لـە گیـانی خـۆی فـووی پیـادا کردبوون لە شیری خـۆی گۆشـی کردبـوون، بـەهێزی خـۆی یارمـەتی دابون، داگیرکەرو ئیستعمار دەرنەچوون، پاش ئەوە نەبێ کە گوتارێکی سیاسی شەرعیان پێکهێناو ئیسـلامێکی نوێیـان دروسـت کـرد کـە شەریعەتی ئیسلامی تیادا نەبوو، وە دەوڵەتێك نەبوو فەرمانڕەوایی پێ بکات و بیپارێزێ، وە جیهـادێکی نـەبوو کـە سـنورو ئـایینو مـافو بەرژەوەندییەکانی پێ بپارێزێ و بەرگری لـێ بکا، وە ئازادیو ڕێز بـۆ گەلەکانی نەمایەوە، ئەزمونی هەڵگەڕانەوەی سەربازی لـە تورکیـادا گشتێنرا بەسەر تەواوی هەرێمەکانی خەلافەتی ئیسلامی لـە هـەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا، کـە دەڕوانیتـە تـەواوی ئـەو ئینقلابانـە، وادەبیستی کە ئەمانە هەر هەمویان لە کونێکـەوە دەرچـووبێتن و لـە یەك قاپدا ئاویان خواردبێ، هەر بۆیە دەبینی تەواوی ئەوانە سـەرەڕای جیاوازی و جۆراو جۆریان کۆدەبنـەوە لەسـەر دەسـتگرتن بـەو گوتـارە

(١) سەرچاوەی پێشوو ل٣٦ ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەخاتە روو ئەوەیە: چۆن ئەو ڕژێمانە توانیان فیکری ئەو ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوانە لەناوبەرن تاوەکو ناویان بچێتە توێی لە بیرچونەوەوە هەر لە ناوەراستەکانی سەدەی رابردووەوە؟!

سیاسیه گۆڕێنراوه وه سوپایەك لــه زانــای بــۆ مــۆڵ دەدرێ و تــەواوی هۆکارەکانی پەروەردەو فێرکردنو راگەیاندنی دەخرێتە ژێردەست تاوەکو وای لێهات منداڵ تیایدا بوو بەلاو، گەورە بــو بــە پــیر، تەنانــەت لــە لایەن زۆربەی زانایانی ئومەتەوه شتێکی کەم لە رەفزو ئینکاری بەدی دەکرێت؟!

شەهید سەید قوتب - بەر بەزەیی خــوا کــەوێ - دیــارترینی ئــەو کەسانەیە کە ڕووبەڕووی ئەو گوتارە بویەوه پیش شۆڕش، هــەروەك لــە کتێبی (جەنگی ئیسلامو سەرمایەداری (معركة الاسلام والرأسمالية)دا وەك شــیتەڵ کردنەوەیــەکی ئــەو قەیرانــەی ئومــەت دەیگوزەرێنــێو هۆکارەکانی، دەڵێ: (دروست نیە ئیسلام فەرمانڕەوایی بکات ... ئەمە حەزو ویستی جیهانی خاچ پەرستییە، پێویستە ئێمە ملکەچ کەین، وە باوەڕ بکەین بەو ئاماژانەی خاچیەکان لە ڕۆژهەڵاتو رۆژئاواوه پێمــان دەدەن بە سادەییو بێئاگاییەوه بەناوی ئازادکردنو رۆشنبیرییەوه! کــێ دابنەین بۆ گچکە بودەڵەکان، لە ڕێی کێوه قەنەعەتیان پێ بکەین کە ئەوان تاوەکو ئێستاش هەر گچکەو بودەڵەن؟!

قورسە بتوانین دوژمنــایەتی سەلیبیەتو ئیستعمار دژ بــە ئیســلام لێك جیابکەینەوه . هەریەکــەیان ئــەوی تــر گــۆش دەکــاو پشــتیوانی لــێدەکاو پاساوی بۆ دەهێنێتەوه، ئیسلام بیروباوەڕێکی سەر بڵندانەیــە هەر کاتێك لە دڵو دەرونــی کەســانێکدا وەئاگابێتــەوه، بەرهەڵســتی داگیرکەرو ئیستعمار دەکات، گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی بۆ ئیســلام ئــەو

گیانە زۆر بەتوندی بە ئاگا دێنێتەوە، بەمــەش نەخشــەی ســود لـــێ وەرگرتنو سەرشۆڕکردنی ئیستعمار تێك دەچێت .

ئیسلام حەرامی دەکات شوێنکەوتوانی ملکەچی هەر حـوکمێکی بیانی بن، بەڵکو لەگەڵ هەر یاساو تەشـریعێکدا کـە ڕێـك نایەتـەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام دا، ئەوە کۆسپێکی پێشـینو لـە مێژینـەی سەرریی داگیرکـەرە، داگیرکـەران وەکـو ڕۆشـنبیرە بـەرێزەکانی ئێمـە بێئاگا نین، لە گەڵیدا وەکو فەرمانڕەوا هەڵکەوتووەکانی ئێمە نـین! ئـەوان داگیرکـەرنو خەونـە ئیسـتعماریەکانیان لەسـەر چـەندین توێژینەوەی فرە ڕەهەندی تەواوی پێگەو پایەکانی ئـەو گەلانـە بـەدی دێنن کە داگیریان دەکەن، تاوەکو تۆوی بەرگری بکوژن، یاخود خۆیانی لـێ رزگار بکەنو لەگەڵیدا هەڵکەن، ڕۆژهەڵات ناسی لەسـەر ئەمـە بنیات نراوە، بەدی هاتووە بۆ ئەوەی لـە رووی زانسـتیەوە پشـتیوانیو هاوکاری ئیستعمار بکات، وە بۆ ئەوەی رەگو ریشاڵەکانی لـە خـاكو خۆڵی عەقڵیەتی ئەواندا فراوانو بەرین بکات .

جارێکی تر پرسیار دەکەین کێ بۆ ئەو گچکەو بودەڵانە دابنێین تـا قەناعەتیان پێبکات، کە تاوەکو ئیستاش هەر گچکەو بودەڵەن..

ئینگلیز دەیزانی هەر رۆژێك بێت دەبێت سوپای داگیر کـەر میسـر بەجێ بهێڵێت، زوو بێت یاخود درەنـگ، هـیچ بوارێکیـان نـەبوو بـۆ هاوپشتیکردنی ئیستعمار جگە لە سوپای داگیرکەر خۆی نەبێت، هەر

بۆ ئەم هاوپشتی کردنە لە بواری ئابوریدا کارێکیان کرد کـە بتـوانن بازارەکانی میسر داگیر بکەنو هەوڵ بدەن دەرگای بازارە جیهانەکانی تر بەرووی بەرهەمو بەروبوومی میسریدا دابخـەن، لـە جیهـانی سـامانو داراییدا کارێکیان کرد کە نەختینەو خەزێنەمان پاشکۆی نەختینـەو خەزێنەی ئەوان بێت .. هتد

بەڵام هەموو ئەو هاوپیشەییە توانای مانەوەیانە نەبوو، ئەگەر ئـەو ئیستعماری ڕوحیو فیکریە نەبوایە کـە ئـەوان لـە میانـەی سـەدەی رابردووەوە گرنگیان پێداوە، بەردەوامو لەم رۆژانەشدا گرنگی پـێدەدات، ئینگلیزە سپیەکان دیوانەکانیان بەجێ هێشـتو تـاوەکو (ئینگلیـزی ئەسمەر) لە میسریەکانی دیوەخان و نزیك سـەراکان کـە ڕوحو بیریـان ئیستعمار کرا بوو جێگەیان بگرنەوە، کە بە چاودێری ئیسـتعمارو بـۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئیستعمار دروست کرا بوون، ئینگلیزی سپی پێست گرنگی یەکی زۆریان بـە وەزارەتـی مـەعاریف دەدا، بـەو پێیەی سەرپەرشتیاری پێگەیاندنی نەوەکانە، هەر بۆیە کاتـێ ئـەمڕۆ جێیان هێشتن بۆ ئینگلیزی ئەسمەر بە دڵنیاییو ئارامییـەوە بـەجێیان هێشتوە، بەردەوام تاوەکو ئێستەش سستمو بەرنامەو کتێـبو تـەواوی ڕێگەکانی ووتنەوە کار دەکات بۆ خزمـەتکردنی ئیسـتعماری روحـیو فیکری لە دڵو دەرونی نەوەکاندا، هەر هـەموو ئەمانـە ئامـاژەن بـۆ توڕدانی ڕەگەزی ئایینی! وە وەلاخستنو دابڕانی ئیسلامن نەك تەنها لە فەرمانڕەوایەتی بەڵکو لە تەواوی ژیان دا.

لــه راســتیدا ئیســتعمار چــەند نەوەیــەکی یــەك لــە دوای یــەکی پێگەیاند، بەڵکو بەردەوام لە زیــاد بووندایــە بــە هــۆی ئــەوەی ئــەو عەقلیەتەی سەرپەرشتی وەزارەتی مــەعاریف دەکــا، وەهــا دەڕوانێتــە ئیسلام کە پاشماوەیەکە لە پاشماوەکــانی دواکــەوتن‌و تێکشــکان‌و خــۆ داماڵین لە ئیسلام خۆداماڵینە لە تۆمەتی چەق بەستوویی و نەزانی‌و بەڵگەی (رۆشنبیری!) ئازاد بونە.

بەرنامەکانی مێژوو لە قوتابخانەو کتێبەکانی میسردا بەشێوەیەکی تایبەتی فێڵاویترین کارێکە ئیستعمار توانیویــەتی ئــەنجامی بــدا، وە لەناوبەرترین ئامرازێکە بۆ کوشتنی گیانی نەتەوەیی‌و ئــایینی وەکــو یەك، قوتابی ئامادەیی - بەڵکو زانکۆ - کاتێك لە خوێندنی مێــژوو دەبێتەوە بە مێژووی ئیسلامیشەوە شتێك نازانێت سەبارەت بە بیرۆکــە کۆمەلایەتی‌و تێڕوانینە مرۆییەکانی ئیســلام، هــەموو ئــەو شــتانەی دەیخوێنێ داگیرکردن‌و جەنگ‌و ڕووداوەکانن، بــەوەش کۆتــایی دێ کــە ئیسلام بریتی بووە لە گۆڕەپانی جەنگ‌و کوشتار، وە ڕۆژێك لــە ڕۆژان گۆڕەپانیی فیکری‌و کۆمەڵایەتی‌و مرۆیانە نەبووە !

هۆکارێکی تر هاوکارییەکی باشی ئیستعماری کرد لــە شــێواندنی فیکری ئیسلامیدا کە ئیستعمار لەوە لەناوبەرو کاراتری نەدەدۆزیەوە، ئەوانە بریتی بون لەو کەســانەی خــەڵکی بــە پیــاوانی ئــایین ناویــان دەبات، لــە مــەلاو شــێخ‌و دەروێشــەکان کــە نماینــدەی چەقبەســتویی فیکری‌و ئاسۆ تەسکی یاخود ئەفسانەو نەزانیان دەکردو پاشان تەواوی

ئەمانەیان بە ڕەنگێکی ئایینیانە ڕەنگ ڕێـژ دەکـرد، بـە شـێوەیەکی ناشرینو نابووتو شێواوو بێـزار دەیانخسـتە ڕوو پاشـان لـە ڕەفتـاری شەخصیو کۆمەڵایەتی خۆیاندا چەندەها تاوانو خراپەکاری ئابڕووبـەرو ناوزڕێنی وەهایان ئەنجام دەدا کە ڕێزو جدیەتو پلەو پایەی ئایینیشـی لەکەدار دەکردو ونەیدەهێڵا، بەتایبەت لە کاتێکدا بۆ نرخێکـی کـەم ئایەتـەکانیان دەفرۆشـت، بـە نـاوی ئیسـلام و قورئانـەوە پشـتیوانی ئەوانەیان دەکرد کە بە خراپی سودیان لە خەڵکی دەبینـی و زۆرداریو ستەمیان ئەنجام دەدا.(*)

بەم شێوەیە دەزگای فێرکاریانەی ئیستعمار لە وەزارەتی مەعاریفدا بە چاودێری پیشەسازی یەکانی داگیر کەر چاودێری بەرنامەو سیسـتمو مەنهەجو کتێبەکانیان دەکرد، لەگەڵ ئەوانەی ناوبرا بوون بە پیـاوانی ئایینی بوون، تاوەکو پێکەوە بوارێك بڕەخسێنن کـە داگیرکـەر بتوانـێ مەبەستی خۆی بپێکێ و ئیستعماری روحیو فیکـری بگاتـە لووتکـە تەنانەت پاش ڕۆیشتنی داگیرکەریش!

ئیستعمار بۆ مەبەستێکی زانراوو ئاشکرا، کـە لـە خـودی خۆیـدا لۆژیکە، ڕوو بە ڕووی فەرمانڕەوایی ئیسلامی دەوەستێتەوە، ڕێـی تـێ ناچێ کاتێك کە ئەو دژایەتی ئیسلام دەکات وەك بیروباوەڕێکی تونـدو تۆڵ، واز لەو بیروبـاوەڕە بهێنـێ تـاوەکو بگـۆڕی بـۆ هێـزی مـاددی،

(*) ئەمڕۆش چەندە زۆرن ئەوانەی لە هەموو وڵاتێکدا بەرگری لە ڕژێمە زۆردارو نەخشە ئیستعماریەکان دەکەن!؟.

ئیستعمارەکان وەك ئێمە بێئاگاو نەزان نـین بـەو بانگەشـە بـەهێزەی قورئان کە دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ (لأنفال: ٦٠) وە ئـەوە لـە بیریـان دەرناچێ کە فەرمانڕەوای ئیسلامی تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت دەکاتـە ئیسلامی: دەزگای ئابوری‌و بـەرگری‌و فێرکـاری، هـەروەکو رەنگێکـی ئیسلامیانە بە کۆمەڵگەش دەبەخشێ، ئەوەش مەترسیدارترین شتێکە بۆ داگیرکەرو ئیستعماری دیارو شاراوە وەك‌و یەك(*) ئیستعمار هەسـت بەوە دەکات لە بەرپابوونی فەرمانرەوایـەتی ئیسـلامی، دادگـەری بـۆ فەرمان رەوایەتی‌و دادگەری بۆ سامان‌و دارایی دەگێڕێتـەوە، بەمـەش نینۆکی دیکتاتۆریەتی فـەرمانرەوایی و سـامان قـۆرخکردن دەکـات، بەردەوام ئیستعمار مەبەستێتی گەلان فەرمانرەوایەتی خۆیان نەکـەن، چونکە ئەو کاتە ناتوانێ ملکەچی بکات، هەر بۆیە پێویسـتە چین‌و توێژێکی دیکتاتۆریانـەی فـەرمانڕەوا هـەبێت، دەسـەڵاتـی زۆرداری‌و چەوسانەوەی لەدەستدا بێت، خاوەنی سەروەت‌و سامانێکی بەهێز بێت، ئیستعمار لەگەڵ ئەم چین‌و توێژەدا ئەتوانێ سەودا گەری بکات، یەکەم لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەمن، دووەم لەبەر ئەوەی پشتیوانی مانەوەی دەکـات و پێویسـتی پـێی دەبێـت بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی بێـت لـە

---

(*) ئیستعمار سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوە بوو لە میسردا ڕێی گرت لە بزاڤی ئیسلامی، پادشایەتی ڕووخاندو شۆڕشی سەربازی هێنا، تاوەکو بەرگری‌و ڕێگری بکات لە بەرپاکردنی حکومەتێکی ئیسلامی؟!

ڕووبەڕووبونـــەوەی جـــەماوەرداو ئـــەم توێـــژە ئـــەرکی ملکـــەچ کـــردنو بەڕێوەبردنی جەماوەری لەسەرە، ئیستعماریش لە پشتیەوە خۆی حەشار داوە، هەموو کات رووی روتو وروژێنەری خۆی هەڵنامالێ.

هاوپەیمانیەتێکی سروشتی لـە نێـوان ئیسـتعمارو دیکتاتۆریـەتی فەرمانڕەوایی سەروەتو ساماندا هەیە، هەریەکەیان پشت بە ئەوی تر دەبەستێت، بەرژەوەندییەکانی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕدەکـات، هـەموو ئـەو ئازادیو دادگەریە کۆمەڵایەتیەی داگیرکەران لە وڵاتی خۆیاندا سـود مەند دەبن لێی ڕێنادەن لە وڵاتە داگیرکەرەکانو ناوچـەی دەسـەڵاتی خۆیاندا سودمەند ببین لێی، چونکە ئەم وڵاتە ژێردەستانە هەر ڕۆژێك رزگاریـان بـوو لـەو مافخوراویـە کۆمەڵایەتیـەکانیان رووبـەروویان دەبنەوە.

وە لەبەرئەوەی فەرمانرەوایەتیەکی ئیسلامی دروست هیوای ئـەوەی لـێ دەکرێ دادگەریەکی رەها لە حوکمو ساماندا بەدی بهێنـێ، هـەر بۆیە ئیستعمار جەنگێکی پەرتو بڵاوی لەگەڵدا دەکات .

خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵی دەجەنگێ و دژایەتی دەکـات، لـە پشـتی پەردەشەوە لەگەڵی دەجەنگێو دوژمنـایەتی دەکـات، پـەردەی زۆرداری هەلپەرستەکان، پەردەی ئـازادی و خۆشـگوزەرانی، پـەردەی ئەوانـەی سەرپەرشتیاری فێرکاری دەکەن بە شێوەیەك هەست بکەن یان نا.

هەلپەرستو زۆردارەکان بـە باشـی دەزانـن قورسـە سـەرکردایەتی جەماوەر بکەی و بەکاری بهێنی دژ بـە بیروبـاوەڕە ئایینیەکـەی، هـەر

بۆیە ڕێ دەدەن توێکڵو ئەفسانە بەدیهاتووەکانی نێو ئەو ئایینە کراوەو والآ بێت بۆ جەماوەر، بەڵام ئەگەر ببێتە ڕاستیەکی جیدی، لە کاتێکی وادا حەزو هەستی بەرگریکردن لە خۆو لە بەرژەوەندییەکان دەبـزوێ، ئـەم دوو حـەزەش لـە دۆڵو شـیوێکەو فـەرمانڕەوایی ئیسـلامی لـە دۆڵێکی تر .

هیچی تیادا نیە ئەگەر ئیسلام بریتی بێت لە دەمو لێو بزواندن بـە زیکرو دەنگو تەقەتەقی دەنگـی تەسـبیح یـاخود پاڕانـەوەو قورئـان خوێندن بێت، یاخود سـوڕانەوەی حـەوت جـار بـە دەوری کەعبـەداو پاشان  بیدەنە دەست ئەو چاو ساغەی بـە ڕەسمـی ڕەشمـەی وشـترەکەی بەدەستەوەیە!!

تا دواهەمین ئەو دەزگـا سـڕکەرانەی سـتەمکارو هەلپەرسـتەکان سودی لێ دەبینن تاوەکو جەماوەری پێ بێئاگاو سەرقاڵ بکـەن، بـەڵام کاتێك ببێتە فەرمانرەوایەتیەکی جیدیو یاساکانی ئیسلام لە حـوکمو ساماندا جێبەجێ بکات و مافە مرۆییو کۆمەڵایەتیو یاسـاییەکانی هەموو تاكو تەواوی کۆمەڵ دەستەبەر بکات و جیاوزای نەخاتە نێوان دروشمە پەرستشیو تەشریعە یاسایەکانەوە... ئەگـەر وای لێهـات ئـەو کات ئیسلام دەبێتە شتێکی مەترسیدارو کارەساتێك کە دەبێ ڕێگـری لـێ بکرێ و جەنگێك کە زۆردارو هەلپەرستان بەتەواوی ئەوەی هەیانە بەرپای دەکەن !

ئالەو کاتـەدا ئیسـتعمارو هەلپەرسـت کاریـان بەیـەك دەکـەوێ،

بەرژەوەنـــدیان یـــەك دەگـــرێ بـــۆ بەرهەڵســـتیكردنی ئـــەو مەترســـیەو ڕەتكردنەوەی ئەو ئازارەو وەستان لە ڕووی ئـەو لافـاوو تۆفانـەدا، ئـەو تۆفانەی كە ئەگەر شەپۆل بدا ئەمو ئەویش دەخنكێنێ !

لە كاتێكی وادا هەردوو لایان مەترسی شیوعیەتیش بە سوك سەیر دەكەن وەبەبێ بایەخی دادەنێن، چونكە هـیچ شـتێك وەكـو دادگـەری ئیســلامی ناتوانــێ بەرهەڵســتی شــیوعیەت بكــات لەبــەر ئــەوەی شیوعیەت لە دەرەوەی دەرگاكانە، بە هێزو چەواشە ڕێگری لـێ دەكرێ. بەڵام ئیسلام لەم دیو دەرگاو لەناوەوەیەو بەڵگەی خۆی پێـیـەو ئاسـان نیە هەڵەو پێچاو پێچی تیادا بكرێ !

ئەو ئیسلامەی ڕێـزو سـەربەرزی لـە دەرونـی تاكـدا دەوروژێنـێ، بەرهەڵستی دەكا لـەوەی ملكەچـی حوكمێـك بێـت كـە پێچـەوانەی شەریعەتەكەی بێت وە ئامادە سـازیو سـەربلندی پـێ دەبەخشـێ لـە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتو خۆسەپێنێكدا... ئەم ئیسلامە نارازییە لە فەرمانرەوایی دەسەڵاتە زۆردارو خۆسەپێنەكان، زۆردارەكان لەگەڵ ئـەم ئیسلامەدا مانەوەیان دەستەبەر نیە .

ئەو ئیسلامەی دەسەڵاتێكی فـراون دەبەخشـێتە دەوڵـەت، تـاوەكو دەستنیشـانی سـەروەتو سـامانەكان بكـات، بـە پـێی پێویسـتی چاكسازیكردنی كۆمەڵگا لێیان وەردەگـرێ، ئـەوی تـریش بـۆ سـودی خۆیانو كۆمەڵگە بەكار بهێنن، وە چـاودێری كرێـی زەوی زارو خـانوو بـەرە بكـاتو ڕێژەیـەكی كـرێی لـێ وەربگـرێ، تـاوەكو دابینـی

خزمەتگوزارییە گشتییەکان بکات، ڕێگری لە قۆرخ کاری بکاو سودو قازانجی لە رادە بەدەرو هەل پەرستی حـەرام بکـات .. ئـەم ئیسـلامە بەپێی دڵی هەلپەرستەکان نیە، هەلپەرستانیش تـەنها ئـاگرو ئاسـن ناسەپێنن بۆ سەرکوت کردنی بانگەوازی ئیسلام، بەڵکو پیاوە ئایینیە پیشەگەرو نوسەرە کرێ گرتەکانیش(*) بەکاردەهێننو ڕۆژنامە و گۆڤارە پروپوچەکانیش ئەم بابەتە دەکەنە مەبەستی قەشمـەریو سـوکایەتی و بابەتێك بۆ گاڵتـەجاڕی کـە هـەرزەکارە سـوكو بـێ نرخـەکانی نێـو ڕۆژنامەگەری میسری دەیکەنە کەرەستەیەکی رابوردن و کات بەسـەر بردن، ئەمەش هاورێکە لەگەڵ سوکیو بـێ نرخـی بـیرو بۆچـونیان و تەنگیو هەژاری رۆشنبیرییان، سەرەڕای ئـەوەی کـەم بایـەخو نـەدارن لەوەی بتوانن ژیانێکی شەرف مەندانەو ڕێزدارانەی بۆ بـە دی بهێـنن وەك ئەو ژیانە زیندوو دەوڵەمەندەی لە سایەی ئیسلامدا بەدی دێت .

لەوانەیە سەیرو نامۆترین دوژمنایەتی فەرمانرەوایـەتی ئیسـلامی بریتی بێت لە دوژمنایەتی پیاوە ئایینیە پیشەگەرەکان، بـە جیـاوازی بیروباوەڕو ڕێبازو دەستەو ڕێژەیانەوە، بەڵام لە واقـع دا زۆر سـەیر نیـە مەگەر لە رووکاردا نەبێت، هەموو ئەوانـە دەزانـن ئیسـلام (پیـاوانی ئایین)ی تێدا نیە کە تەنها کەسابەتی بەناوی ئایینەوە بێـت، وە هـیچ کارێکی تر ئەنجام نەدەن کە سەرچاوەی داهاتو پێداویستیان بێت.

---

* سەیری واقعی ئەمڕۆشمان بکە دەبینی بارودۆخەکە هەروەکو خۆیەتی.

ئایین له ئیسلام دا پیشه نیه، مه‌گه‌ر که‌سه‌که سه‌رقالّی فێرکردنی خه‌ڵکی بێت، ئـه‌میش وه‌کـو هـه‌ر که‌ره‌ستـه‌یه‌کی تـر لـه که‌ره‌ستـه مه‌عریفیه مرۆییـه‌کانی تـر یـاخود دادوه‌ری‌و دادگـا بێـت لـه بـاره جۆراوجۆره‌کاندا، وه‌کو پسپۆری له هه‌ر کارێك له کاره‌کانی تر .

ته‌واوی ئه‌وانه ده‌زانن ئیسلام ده‌جاله‌کان وه‌ده‌ر ده‌نێ، ئه‌وانه‌ی شـتی هـیچ‌و پـوچ‌و ئه‌فسـانه لـه ده‌وری ئیسـلام کۆده‌که‌نـه‌وه، ئیسـلام بیروباوه‌ڕێکی سـاده‌و رووتـه، تـه‌نها پشـت نابه‌سـتێ بـه مـوعجیزه‌و که‌رامـه‌ت‌و شـه‌فاعه‌ت‌و پاڕانـه‌وه‌کان، بـه‌ڵکو پشـت ده‌به‌سـتێ بـه بیروباوه‌ری راست‌و دروست‌و ڕه‌فتاری پاك‌و جوان‌و کاری پوخت‌و جیدی‌و به‌رهه‌مدار.

ئه‌گه‌ر ئیسلام فه‌رمانره‌وایی بکات یه‌کـه‌م کـارێکی بریتـی ده‌بـێ له‌وه‌ده‌رنانی ئه‌و بێکارانه‌ی هیچ شتێك ناکه‌ن به نـاوی ئیسلامیشـه‌وه ده‌ژیه‌ن‌و ژیان ده‌گوزه‌رێنن، وه‌ده‌رنانی ئه‌و ده‌جه‌لانه ده‌بێت که له جێـی رونی ئیسلام، ئیسلامیان بـه ئه‌فسـانه‌و شـتی پروپـوچ بـه‌رگ پـۆش کردووه، به ناوی ئیسلامیشه‌وه جه‌ماوه‌ر بێ ئاگا ده‌که‌ن .

ده‌روێشیه‌ك (که له‌سه‌ر بنه‌مای خه‌رافیات و ئه‌فسـانه بنیـات نـرا بێت) له گۆڕه‌پانی ئیسـلامدا پلـه‌و پاییـه‌کی نابێـت‌و لـه ده‌وڵـه‌تی ئیسلامی خاوه‌نی کارێك نیه، ئه‌مانه له میسردا زۆر زۆرن.

پیـاوه ئاینیـه پیشـه‌گه‌ره‌کان ئـه‌زانن لـه کۆمه‌ڵگـه ده‌ره‌بـه‌گی‌و سه‌رمایه‌داریه‌کاندا پیشه‌یه‌کی سه‌ره‌کیان هه‌یه، پیشه‌یه‌ك که ده‌وڵه‌ت

گوزەرانیانی پێ دابین دەکا، لـە کۆمەڵگـەش سـودی لـێ دەبیـنین‌و کەسابەتی پیێوە دەکەن..

ئەمە پیشەی سڕکردن‌و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری زەحمەت کێش‌و کرێکارو چاوساوەو بـێ بەشـە، بـەڵام کاتێـك ئیسـلام فـەرمانڕەوایی دەکات، ئەوا مافی ئەو خەڵك‌و جەماوەرە دەدات، دەستی هەلپەرست‌و زۆردار دەگرێ‌و دەوڵەمەندی لە رادەبەدەرو نادروستانە سنوردار دەکات، کە تەنها بە بوونی، ئازاری دەرونی بێ بەش‌و نەدارەکان دەدات ..کاتێك ئەمە بەدی دێت کاری ئەو پیشەگەرانە لە کۆمەڵگـەدا چـی دەبێـت؟ پلەو پایەیان چیە لە دەوڵەتدا؟ کاریان چی دەبێت لەگەڵ جەماوەردا؟

ئایین کردنە پیشەو کەسابەت پیێوەکردنی بەشێکە لـە سسـتمە کۆمەڵایەتیـە کەلێنـدارەکان، بەشـێکی سـەرەکیە لـە دەزگاکـانی فەرمانرەواییەتی تیایدا، جا ئەگەر ئەو بارودۆخانە تەندروست کـران‌و ئەو دەزگایانەش ساغ‌و چاك کران، ئایین کردنـە پیشـە بـێ خواست‌و پێویستی دەبێت، چونکە خودی ئـاین دەبێتـە کـارو رەفتـارو سسـتم‌و کۆمەڵگە، تەنها چەند گوفتارو دروشم‌و دەمەلەرێ و تەرتیل نابێت.

ئەوە راستییەکی روون‌و ئاشکرایە ئەو پیشەگەرانە بـەبیرو بۆچـون‌و ژیریـەکانی خۆیـان لێـی تێناگـەن، هەرچـەندە ئـەوان بـە هەسـت‌و سروشتیان تێی دەگەن، ئەوان بەم کارەیان سود مەنـدو هەلپەرسـتن‌و مەترسـی فـەرمانرەوایی ئیسـلام هەسـت پـێ دەکـەن، کـەمترین مەترسییەکی بۆ ئەوان بێنیـازبوونی ئیسـلامە لـەو خزمەتگوزاریـە

سلبی یەی کەلەگەڵ ڕێنمایەکانی ئیسلامدا ناتەبایە). [١]

بەهەمان شێوە سەید قوتب روو بە رووی دەسەڵات بوەوە، پاش بەرپابوونی ئەو شۆڕشەی گومانی وابوو کە کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو چاکسازیەی بەڵێنی پێ دابوو، هەر بۆیە کیتابی مەشخەڵی ڕێ (معالم في طريق)ی دانا کە تیایدا تەئکیدی کردەوە لەسەر نەفامێتی ئەو سیستەمانەی فەرمانڕەوای ناکەن بەو قورئانەی خوای گەورە دایگرتووە و هەروەها جەختی کردوەتەوە لەسەر نەفامێتی ئەو کۆمەڵگایانەی رازی دەبن دادوەری ببنە دەرەوەی شەریعەتی خوای گەورە، گوتاری سیاسی نوێی گۆڕێنراو نەیتوانی بە بەڵگە روو بە رووی بەڵگە ببێتەوە، هەر بۆیە دەبوو هێز بەکار بهێنێ بۆ نەهێلان‌و زاڵ بوون بەسەر ئەم فیکرەو بیروبۆچونەدا، هەربۆیە سەیدی شەهیدیان لە سێدارە دا، ئەو سەیدەی بەردەوام‌و پێش‌و پاش شۆڕش بەرگری لە گەل‌و ئایین‌و ئازادیەکان‌و مافەکانی گەل دەکردەوە، بەلام گەل بۆی نەگریا هەروەك بۆ بکوژە زۆردارەکەی گریا؟!!

پاش لە سێدارەدانی سەید قوتب بیست ساڵی نەخایەند بزاڤی ئیسلامی جیهانی عەرەبی لە گوتارە سیاسیەکەی پاشەکشەی کردو بڕیاری پەرگیری و زیادە ڕۆییدا بەسەر بیروبۆچونەکانی سەید قوتبدا؟!! بزافی ئیسلامی لە نێوخۆیدا دەستی کرد بە پەرت بوون لە

---

(١) معركة الإسلام والرأسمالية، ل (٩٨-١٠٦).

کاتێکدا پێویست بـوو هەڵوێسـت بگرێتەبـەر سـەبارەت بـە ڕژێمـە فەرمانڕەوا ستەمکارەکان. وە دەستی کـرد بـە چاکسـازی نـاوخۆیی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕژێمە پاشـایی یـا سـەربازیەکاندا بەمەبەسـتی ئەوەی بتوانێ ئاراستەی بکاتو بەروبومی ئەم هاوپەیمانێتییە بخاتـە خزمەتی پرۆژەی چاکسازی ئیسلامی تاوەکو ئومەت دەرباز بکات لـەو قەیرانەی تێی کەوتووەو ڕاپەرینی پێ بەدی بهێنێ؟! بـەڵام ڕژێمـەکان زیرەك و بەتوانا تر بوون لە بزاڤـی ئیسـلامی، هـەر بۆیـە ڕژێمـەکان توانیان ئەم بزوتنەوانە بخەنە خزمەتی خۆیانەوەو لێرەشەوە شـەرعیەت بدەنە هەڵسوکەوتەکانیان، بـێ ئـەوەی بزاڤەکـە شـتێك لـە ئامانجـە ستراتیجیەکانی بەدی بهێنێ، وای گومان برد کردنەوەی بوار بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی تەوژمی شیوعی یا لیبـرالی لەمـەولا لـە بەرژەوەنـدی پرۆژە ئیسلامیەکەی دەبێت، بەڵام ئەوە بەدی نەهات، بـەڵکو هـەموو ئەوانەی پێی هەسـتا بـەدیهێنانی بەرژەوەنـدی ڕژێمـە سـتەمکاریو زۆرداریەکان بوو، کە هەر زوو وازی لە بزافـی ئیسـلامی هێنـا پـاش ئەوەی ئەرکی خۆی بینی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بڵاوبونەوەی شـیوعیەت، پاشـتریش هـەر ئـەم بـووە قوربـانی پـاش ئـەوەی ئیسـتعماری نـوێ فەرمانەکانی دەرکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم بزاڤە؟!

لە ڕاستیدا ئەم هاوپەیمانێتیانە لەسەر حسابی مافو ئازادییەکانی گەلان بـوو، بـە بیـانوی کـارکردن لەگـەڵ ڕژێمەکانـدا لـە پێنـاوی گەڕانەوەی سەرلەنوێی ژیانی ئیسلامیو پیـادەکردنی شـەریعەت لـە

ڕێی ئەو هاوپەیمانێتیەوە کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی متمانەی گـەلانی موسڵمان پاش ئەوەی بوو بە هاوپەیمانی ئەو ڕژێمانەی پیادەی زۆرداری سیاســیو ســتەمی کۆمەڵایــەتی دەکــەنو لــە لایــەن ئیســتعماری ڕۆژئاواییەوە بەڕێوە دەبرێنو ئاراستە دەکرێن، لە راستیدا گرنگی دانی بزاڤی ئیسلامی بە مافەکانی مرۆڤو بە مافو ئازادییەکانی گەلان لە پاشەکشەدا بوو، بە بیانوی کارکردن لە پێناو گەڕانـەوەی شـەریعەتی ئیسلامیدا؟!

وە چاو پۆشرا لە زۆر رەفتارو تاوانو خراپەکاری ئەم ڕژێمانە دژ بـە گەلو هاولاتیان بێ ئەوەی ئەم بزاڤە بە شێوەی پێویست لە حەقیـەتی ئەم ئاینەو سروشتو ئامانجو مەبەستی شەریعەتەکەی تێ بگەن کـە بریتیە لە جێبەجێکردنی دادگـەریو ئـازادی و پاراســتنی ئاسایشــی تاكو کۆمەڵگەکان، وە کارکردن لە پێنـاوی پیـادەکردنی شـەریعەتدا دەخوازێ دەستپێشخەری بکرێ بۆ پاراستنی ئازادییەکانی تاكو مافـە سیاسیو ئابوریەکانیانو پاراســتنیان چـونکە ئەمانــە لــە گـرنگترین سەرەتاکانی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامین .

هـەروەها بزاڤـی ئیســلامی لــە هەشــتاکانی ســەدەی بیســتەمەوە هەوڵیدا گوتاری سیاسی تەئویلکراو بگێڕێتەوە کە خزمەتی قۆنـاغی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕژێمەکانی ئەوکات دەکرد، هەر بۆیە دەستی کرد بە قسەکردن لەسەر حەرامی ڕاپەڕینو دەرچـوون دژ بـەو ڕژێمانـە بـا خراپەکاریو دارِزاوی لە هەرئاستێکدا بێت بە بیانوی ئەوەی دەکرێ لە

ناوەوە چاکسازی بکـرێ یـاخود بـە ڕێگەیـەکی ئاشـتیانە چاکســازی بکرێ؟!

هەروەها هەڵوێستو گوتارەکان دەستیان بە گۆڕان کرد، وای لێهات وەلاخستنی شەریعەت لە واقیعی ژیانی موسڵمانان نەبووە هۆی ئەوەی ڕژێمەکان شەرعیەتی بوونو بەردەوام بوونیان لە دەست بدەن، تەنانەت وەسفی ئیسلام و موسڵمان بونیشیان لە دەست نەدا؟! ئەوان دەوڵـەتو حکومـەتی ئیسلامین، هەرچەندە شەریعەتی ئیسلامیان کەنار خستوەو دژایەتی ئەحکامو بانگخوازانی دەکەن زەبرو هێزیش لەو حکومـەتانەدا بـۆ ناموسـڵمانەکانە؟! زۆرێـك لـە بـانگخوازانی بزاڤـی ئیسـلامیو زاناکانی لە زۆربەی وولاٌتانی ئیسلامی دا بوونە خزمەتکارو دەرگاوانی ڕژێمە فەرمانڕەواکان، لـە خزمــەتی خۆیانـدا بـەکاریان دەهێنـێ بـۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو بزوتنەوانەی نەیاری سیاسی بوون بـەو بزوتنـەوە ئیسلامیانەشەوە کە پەسەندی نیە هاوپەیمانێتی لەگەل ئەو ڕژێمانـەدا گرێ بدرێ لەبەر چەندین هۆکاری شەرعی زۆر؟!

بزاڤی ئیسلامی لە ژێر پەستانی واقعدا پەنای بـردە بـەر گوتـاری سیاسی تەئویلکراو لە پێناوی سەلماندنی شەرعیەت پێدانو دروسـتی هەڵوێسـتەکانی، بـەبیانوی ئـەوەی دەرچـوونو ڕاپـەڕین جگـە لـە کاولکاریو وێرانی شتێکی بۆ ئومـەت بـەدی نـەهێناوە، وای لێهـات دڵشاد بوو بەم خستنە ڕووە نوێیە، لەگەڵ ڕەچـاوکرنی ئـەو جیاوازیـە گەورەیەی لە نێـوان بـارودۆخی سـەرهەڵدانی گوتـاری تـەئویلکراو و

بارودۆخی ئێستادا هەیە چونکە لە سـەردەمی سـەرهەڵدانی گوتـاری تەئویلکراودا خەلافەت بەرپا بوو ئالاکانی جیهاد بەردەوام دەشەکانەوە، شـەریعەت فـەرمانڕەوا بـوو، ئەمـەش وای کـرد خراپەکارییـەکانی راپەرینو دەرچوون گەورە تر بێت – لـە کاتێکـدا ئێسـتا شـەریعەت کەنار خراوەو جیهاد لە کار خراوەو ئومەت و بەرژەوەندییەکانی دراوەتە دەست هێزە ئیستعماریەکان؟!

سەرئەنجام ئەم بزوتنەوە ئیسلامیانە لەگەڵ ڕژێمەکاندا لـە زۆربـەی وولاّتانـدا پێکـەوە دەژیـن بێئـەوەی ئامــانجێکی ڕوونو ئاشـکرا یـا نەخشەیەکی ستراتیجی یا پرۆژەیەکی چاکسازی هـەبێت، بـەڵکو وای لێهاتووە گەورە سەرکردەکانیان بە بەرچاوی خەڵكو جـەماوەرەوە بڵـێن کە ئەوان هەوڵ نادەن بۆ دەسەلاّتو مەبەستیان نیە ڕژێم بگۆڕن؟!

ئەمە لە خودی خۆیدا ڕاگەیاندنی ئیفلاسبوونی ئەو بزوتنەوەیەیـە لە ڕووی سیاسیو فیکرییەوە و پاشەکشەیەکی ترسناکە لـە گوتـاری سیاسیدا .

بزوتنەوەی ئیسـلامی و سـەرکردەکانی تـەنها بـە ئەوەنـدە وازیـان نەهێنا بەڵکو بیریارەکانی دەستیان کـرد بـە نوێخـوازی لـە گوتـاری سیاسیدا لە شوێنێکدا کە قابیل بە نوێخوازی نیە، روخانو کاولکاری ئەنجام دەدەن بە گومانی ئەوەی بنیاد دەنێن، وایان لێ هـاتووە چـەندین بیروبۆچوونی وەها دووبارەدەکەنەوە کە خزمەتێك بـە بزاڤـی ئیسـلامی ناکاتو لە هەمان کاتدا خودی ئاینش کاول دەکـات، وەك قسـەکردن

سەبارەت بەوەی دروستە سەرۆك لە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا ناموسـڵمان بێت؟! وە دەکرێ ئافرەت ئیمامی گشتی موسڵمانان بێـت؟! وە دەکـرێ قازی ناموسڵمان بێت؟!! دەستیان کردووە بە بەزاندنی کـۆڕا (اجمـاع) بەدەر لەوەی ئەوەی مەبەستیانە بەدی بهێنن، بەگومانی ئـەوەی ئەمـە نوێکردنەوەیە لە گوتاری سیاسیدا، لە کاتێکدا ئەوان لە ژێر سـایەی فەرمانڕەوایی ئەو ڕژێمانەدا دەژین کـە گەلـەکانیان کـەمترین مافـە سیاسیەکانیان دەست نەکـەوتووە ئـیتر واز لـە ئـافرەت‌و ناموسـڵمان بهێنە، لەژێر سایەی چەندین ڕژێمدا دەژین کـە کـەمترین مافـەکانی مرۆڤ لەوانە، مافی ژیان دەستەبەر نەکراوە، واز بهێنە لەسەر ئـەوەی قسە لەسەر ئیمامەت‌و قەزا بکەین؟!

هەموو ئەمانە مەودای ئەو قەیرانە فیکری‌و گاڵتەجاڕیە سیاسـیە بەدەر دەخەن کە بزوتنەوەی ئیسلامی و سـەرکردە نوێخوازەکـانی لـە کاتی لە سێدارەدانی سەید قوتبەوە دەیگوزەرێنن؟!

هەروەها ڕۆژان ئەوەیان سەلماندوە کە بزاڤی ئیسـلامی لـە جیهـانی عەرەبیدا بە ئەندازەی ئەو دڵسۆزیەی کە هەیەتی بـەو ئەندازەیـە بـێ ئامانجە، ئەو ئامانجێکی دیاری کراوی نیە، ئەگـەر چـەندین ئامـانجی هەبێت ئەوا نەخشەکانی روون نین، ئەگـەر نەخشەشـی هـەبێت ئـەوا بەڕێوەبردنێکی توندو تۆڵ‌و بەهێزی نیە، ئەگەر ئەوەشـی هـەبێت بـێ متمانەیە بە سەرکەوتن، هەموو ئەمانە هۆکـاری سـەرەکین بـۆ هـەر پرۆژەیـەکی چاکسـازی، بـەبێ ئەمانـە هـەبوون‌و نـەبوونی هـەر

بزوتنەوەیەکی سیاسی وەکو یەکە .

لە راستیدا بزوتنەوە سیاسیو فیکرییەکان تــەنها بــۆ گۆڕانکــاری بەرپا دەبن، جا ئەگەر هەر خۆی بنەماو سەرەتای گۆڕانی ڕەفز کــردەوە ئەوا بریارو حوکمی لە سێدارەدانی سیاسی بەســەر خۆیــدا داوە، ئــەو کاتە بوونەکەشی ئەرکێکی قورس دەبێت لەسەر کۆمەڵگە. بوونی ئەم بزوتنەوانە لە تێڕوانینی شوێنکەوتوانیدا بووەتە مەبەست نەك هۆکار، سەردەمێکی زۆری بەســەردا تێپــەڕیوە بێئــەوەی بەخۆیــدا بچــێتەوەو پێداچوونەوەی ئامــانجو نەخشــەو پەیکــەرە رێکخســتنەکانی بکــات، چونکە سەرکەوتن چــەندین هۆکــاری هەیــە ئەگــەر لێــی دواکــەوتی ســەرکەوتن بەدەســت ناهێنــێ، وە مەبەســتی خواســتراویش لەدەســت دەدەین.

ناکرێ هۆکاری شکستی بزوتنەوەکانی جیهانی عەرەبی بگێڕینــەوە بۆ قەزاو قــەدەر دڵ خۆشــکەین بــەم راڤــەو لێکدانەوەیــە بــێ ئــەوەی رەخنەیەکی بابەتیانە لە سیاســەتو نەخشــەو بەرنامــەکانی بگــرین، چــونکە زۆر بزوتنــەوەی تــر لــە جیهانــدا، یــەك لــە ســەردەمی ئــەو قوربانیانەی نەداوە کە بزاڤی ئیسلامی هەیــەتی کەچــی توانیویــەتی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت و بگاتە دەسەڵات و پرۆژەی خۆیشــی بــەرپا بکات، لــە کاتێکــدا زۆربــەی بزوتنــەوە ئیســلامیەکان لــە جیهــانی عــــەرەبیو ئیســــلامی نــــەیانتوانیوە بگەنــــە ئاســــتی بــــەدیهێنانی ئامانجەکانیان؟!!

ئەمــە لــە کاتێکـدا بزوتنــەوەی شــیعی لــە ئێرانــدا توانیویــەتی هــەنگاوێکی بــاش بنــێ بــۆ بــەدیهێنانی پرۆژەکــەی، پــاش ئــەوەی سەرکەوتوو بوو لە سەرکردایەتی کردنی گەلـی ئێرانی لە شۆڕشێکی میللی جەماوەری مێژووییدا، تــوانی بــەهێزترین ڕژێمــی زۆرداری لــە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بڕوخێنـێ، هــەروەها تــوانی ڕژێمێکـی سیاسی بەرپا بکات، کە گــەل بــە ویســتی خــۆی بەشــداری بکـا لــە هەڵبــژاردن و لێپرســینەوەی ســەرۆکەکەی، ئێــران تاکــە دەوڵــەتی ئیسلامییە دوابەدوای یەك چوار سەرۆکی لە هەڵبژاردنــە ئازادەکانــدا هەڵبژاردووە لە ماوەی بیست ساڵداو بەبێ دابڕان یا زەوت کرنی مافی گەل لە هەڵبژاردنی حکومەتەکەیدا، زیندو کردنەوەو ژیانەوەی فیقهی جەعفەری کە پێشتر ڕووبەڕووی واقیعێکــی وەکــو ئــەم واقعــە نوێیــە نەبوەتەوە، وە توانیویەتی ئێران بکاتە دەوڵەتێکی بەهێزی سەربەخۆ لە بریاری سیاسیو سەربازیدا[1] لە کاتێکـدا بزوتنــەوەی ئیســلامی لــە سودان نەیتوانیوە ئەم ئامانجە بەدی بهێنێت پــاش تێپەڕانــدنی پــانزە ساڵ بەسەر دەسەڵات گرتنە دەستی لەو وڵاتەدا !؟

---

(١) ئەمە ئەگەر بەراوردی جمهوری ئێرانی ئیسلامی بە بارودۆخی جمهوریەتو پادشا نشینەکانی تر بکەین لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەگینا ڕێگەی دوورو درێـژی تر ماوە لەبەردەم جمهوری ئێرانی ئیسلامی دا، چونکە بەردەوام ئەناڵێنی بەدەست ئاڵۆزیو تائیفیـەتو ئـاڵۆزیو گرفتـی ولایـەتی فەیقهـ کـە هـیچ بناغـەو بنەمایـەکی نیـە لـە سیسـتەمی سیاسـی ئیسـلامیدا کـە لەسـەر راوێـژدا دادەمـەزرێ لـەو شـتانەی دەقـی لەسەر نیە .

هەروەها بزوتنــەوە ســەلەفیە هاوچــەرخەکانی جیهــانی ئیســلامی نــەیانتوانیوە پرۆژەیــەکی چاکســازی بخەنــەڕوو، بــەڵکو بــەردەوام لــە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێنەوە، دوور لــە واقــعو گەشــەکردنی ژیــانی کۆمەڵایەتی و سیاسیو تــاوەکو ئێســتەش زاناکــان مشــتو مڕیانــە سەبارەت بە دروستیو نادروستی کاری جەماعی و بەشداری سیاســیو چونە نێو پەرلەمانو پێکهاتنی پارتەکان ..هتد.

ئەمە لە کاتێکدا گــەورە زانایــانی فیکــری ســەلەفی لــە ســەدەی رابردوودا دەست پێشخەر بوون لە وەڵامدانەوەی تەواوی ئەو پرســیارانە هــەروەك لــە نوســینەکانی رەشــید رەزا لــە (منــار)و عەبــدورەحمان کەواکیبی لە (ام القری)دا نوسیویانە، هەروەك لە وتارێکی عەلامەی سەلەفی ئەحمەد شاکردا بەدی دەکرێ کە بۆ پیاوانی یاساناسی میسر داویتی لە ساڵی ١٩٤١ . هــەروەکو دەڵــێ: (بــەڕێزان ! لــە راســتیدا مەدەنیەتی ئەورووپی ئیفلاسی هێناوە، بە هۆی ئەوەی لەسەر پەرستشی ماددە بنیاد نراوە، پاش ئەوەی ئەو هەموو تاوانکارییەی هێنای بە سەر وولاتانی موسڵماناندا جیهان دەکوڵێو هەڵدەچێ و پێشوازی دەکــا لــە چەندین رووداوی گەورە، هەڵگەڕانەوەی بێشومار لە چارەنووسی گەلان بەدی دێت، جا هەر وەکــو لــە پــاش جــەنگی رابــردوو زانیمــان چــۆن سەربەخۆیی سیاسی یا زۆربــەی بگێڕینــەوە، ئێســتەش دەزانــین چــۆن تەواوی سەربەخۆیی تەشریعیو عەقڵی خۆمان بگێڕینەوە، بە ویســتی خوا سەروەری سەربەرزی ئیسلام دەگێڕینەوە .

پیاوێکی ئەندێشە خواز نـیم، بانگەشـەش ناکـەم بـۆ شۆرشـێکی کلۆپوکۆ بەسەر یاسـاکاندا، مـن بـروام وایـە زیـانی توندوتیـژی لـە ئێستادا زیاترە لە سودەکانی، بۆیە هاتومەتە نێوتان تـاوەکو بانگتـان بکەم بۆ کارکردنێکی لەسەرخۆیانەی بەرهەم دار، بـۆ سـوننەتی پلـە پلەیی سروشتیانە، تابگەینە مەبەستی خۆمان، بۆئەوەی یاساکانمان لە شەریعەتەکانمانەوە وەربگیرێ، من دەزانم لە رۆژوو دوو ڕۆژێك یا سـاڵو دوو ساڵێکدا بەمە ناگەین .

من بۆ بانگەوازی خوایی بانگتان دەکەم، داوا لـە ئومـەت دەکـەم بگەڕێتەوە شورەو پەرژینی ئیسلام،داوای یەکێتی قەزا تەشریع دەکەین، بەپێی حوکمی خوا: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (النور: ٥١) ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً﴾ (الأحزاب: ٣٦)

یاساکان لەسەر بناغەی ئیسلامی دابنێن، لەسەر کیتابو سوونە، پاشان چی دەکەن بیکەن، با فلان یاخود فلان، فەرمانڕەوایی پێبکـا، ئێمە تەنها خوامان مەبەستە .

ئەی پیاوانی یاسا لە میسردا !

بانگەوازەکەم لەوێوە دەست پێدەکەم، ئێـوە خـاوەنی دەسـەلاتن لـە وولاتدا، ئەمرو نەهی بەدەستی ئێوەیە، ئەوانەی یاسا دادەنێن، ئێسـتا

له لیژنه‌كانی ئێوه‌دا كار ده‌كه‌ن بۆ ده‌ستكاری كـردن‌و رێكخســتنه‌وه‌ی له‌سه‌ر بنه‌ماكانی ته‌شریعی نوێ، وه‌رن به‌ره‌و ووته‌و گوفتارێك كه بـۆ هه‌موان وه‌كو یه‌كه، ده‌ستمان ده‌خه‌ینه نێو ده‌ستمان به دڵسۆزیه‌وه بـۆ خوا كارده‌كه‌ین، ئێوه له ئێمه شاره‌زا ترن، به نهێنی یاساكان، ئێمه‌ش شاره‌زا ترین له ئێوه به كیتاب‌و سوونه‌و نهێنیه‌كانی شه‌ریعه‌ت ئه‌گه‌ر هاوكاری یه‌كتری بكه‌ین داهێنانه‌ترین شوێنه‌وارو كاریگه‌ریی به‌ده‌ست ده‌هێنن.

وا گومان مه‌به‌ن كاتێك بانگه‌شه‌تان ده‌كه‌م بۆ ته‌شریعی ئیسلامی بانگه‌وازتان ده‌كه‌م بۆ ده‌ق گرتن‌و پابه‌ندبوون به‌وه‌ی (ابن عابدین) یان (ابن نجیم) وتویانه، یاخود چاولێكه‌ری زانایان له‌و فه‌رعانه‌ی هـه‌ڵیان هێنجاوه به‌ده‌ر له‌وه‌ی له كیتــاب‌و ســوونه‌دا ده‌قیــان له‌ســه‌ر هاتبــێ، زۆرێكیان ته‌نگی‌و ناخۆشیه‌كی زۆری تیادا ده‌بینرێ، نه‌خێر، من ره‌فزی هه‌موو چاولێكه‌ریه‌ك ده‌كه‌مه‌وه، جا ئیتر چاولێكه‌ری پێشــینیان بێـت یــا دواینــان پاشــان ئیجتهــادی تاكـه كه‌ســی (الاجتهــاد الفــردی) به‌رهه‌مدار نیه بۆ دانانی یاســاكان، بـه‌ڵكو نزیكـه بڵـێین ئه‌ســته‌مه كه‌سێك یان چه‌ند كه‌سێك به‌و كاره هه‌ستێ.

كاری دروست‌و به‌رهه‌مدار بریتیه له ئیجتهــادی بــه كۆمــه‌ڵ، جـا ئه‌گه‌ر بیروراكان ئاڵوگۆڕ كران‌و ده‌ستاو ده‌ستیان پـێ‌كراو گفتوگۆیـان له‌سه‌ر كرا ئه‌وا به ویستی خوا رووی دروست‌و پێكراو به‌ده‌ر ده‌كه‌وێ.

نه‌خشه‌ی كرداری‌و عه‌مه‌لی بیروباوه‌ڕی من ئه‌وه‌یه لیژنه‌یه‌كی به‌هێز

له پیاوانی یەکەیەکەی یاساو زانایانی شەریعەت هەڵبژێردرێ، تاوەکو ڕێساکانی یاسادانانو تەشریعی نوێ دابنێین، بێ ئەوەی پابەنـدبین بـە بۆچونێکەوە یاخود تەقلیدو چاولێکەری ڕێبـازو مەزهـەبێکی تیـادا بێـت، تـەنها دەقـەکانی کیتـابو سـوننە بـن، ووتـەی پێشـەوایانو ڕێساکانی ئسوڵو بیرو بۆچونی زانایانیان لەبەر دەستدا بێ، تێـڕوانینو بیروبۆچونەکانی تەواوی یاسا ناسانیان له پێش چـاو بێـت پاشـان لـە فروعدا ئەوەی بەتەواو و دروستی دەبینین هەڵی هێنجێنین، بەشێوەیەك که گونجاوو بێت به بـارودۆخی خـەڵکیو لـەژێر ڕێسـاکانی کیتـابو سونەشدا بێتو بەرەنگاری دەق نەکاو پێچەوانەی شتێك نەبێت که لـە ئاییندا زۆر روونو ئاشکراو زانراوە.

سەرەنجام ئاسانکاریو ووردەکاریەك دەبیـنن لـە شـەریعەتەوە، کـە دەرونتان پێی سەرسام دەبێتو دڵتان پڕدەکات لـە بـاوەڕ، وە دەبیـنین ئەوەی که وەهمتان وایە ببنە کۆسـپ لـە ڕێی تەشـریعی ئیسـلامیدا ئاسانو خۆش بووە، بەهۆی هەڵگرتنی کۆتەکانی تەقلید، وە بەدەستی خۆتان لەمسی ئیعجازەکانی قورئان دەکـەن و بـاوەڕدەهێنن بەراسـتی ئەو ئایەتەی خـوا کـە دەفـەرموویێت: ﴿لِكُـلٍّ جَعَلْنَـا مِـنْكُمْ شِـــرْعَةً وَمِنْهَاجاً﴾ (المائدة: ٤٨) .

پاشان هەنگاوێکی تر هەیە که پێویسـتە بنـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەم تەشریعە ئیسلامیە دابنرێ:

ئەویش بریتیە لەوەی له تەواوی لیژنە یاساییەکاندا پیاوانێـك لـە

زانایانی شەریعە دابنێن، بە یەکسانی لەگەڵ خۆتانـدا، لـە پێشـەوەی ئەو لیژنانە لیژنەی تەشریعیو لیژنـەی پێنوسـی کێشـەکان هـەبێت تاوەکو چەندین یاسا یا فـەتوا دەرنـەکرێ کـە یـەك ناگرێـت لەگـەڵ دەقـەکانی ئاییندا، یـاخود دژو پێچـــەوانەی بنـەماو سـەرەتاکانی ئیسلام بێت .

لەوانەیە هەندی کۆتو بەند، لە نێوان خۆمانو وولاتە بیانیەکاندا ببینین لە رووی پەیوەندیو پەیمانەکانەوە، ئەم جۆرە شتانە نابنە کۆسپ لە رێی یاسا دانانماند، هەیانە دەکرێ بە شێوەیەکی سیاسیو ئاسـایی لێك تێگەیشتنی تیـا بـەدی بێـت، هەیانـە رووداوەکـانی داهـــاتوو لایدەبەن و نایهێڵن، دەگمەنێکی دەمێنێتەوە ئەویش لەبەر تەسـکترین سـنوردا گـەمارۆ دەدرێـن، تـا خـوای گـەورە هاوکاریمـان دەکـا بـۆ رامکردنی، پاشان ئەگەر ئەوان لە ئێمەوە عەزمێکی راسـتگۆیانەیان بینی، بە ئەمری واقع رازی دەبن، بەڵکو ستایشی دەکەن لەسەر پابەند بوونیان پێیەوە، لەبەر ئەوە سەردەمێکە پێشتر تاقیمانکردونەتەوە .

ئەمە بانگەوازی منە بۆ ئێوە، هیوادارم گوێ بیستی لـێکرا بێـت، لە دڵێکی ئارامی پڕ لـە بـاوەڕدا جـێی بووبێتـەوە، ئێـوەن ئومـەت کاروبارەکانی پێ سپاردوون، هیواو ئاواتی پێتانـە، ئەمـەش گومـانی منە بە ئێوە ئینشائەڵا.

بەڵام ئەگەر رازی نەبن و پەسەندتان نـەبێت پـەنا ئـەگرم بـە خـوا لەوەی رازی نەبن — ئەوا پیـاوانی ئەزهـەر، زانـاو پیـاوانی ئیسـلام و

پیاوانی قوتابخانەی قەزاو خانەی زانستەکان (دار العلوم) بانگهێشــت دەکەم، بەدەمیشمەوە دێن و قورسایی ئەم کارە گرنگە لە ئەستۆ دەگرن و ئالأی قورئان بەرز دەکەنەوە، بە دەستو بازووە بە هێزەکانیان، ئەوانەی لە وولأتانی ئیسلام دا بۆ ماوەی هەزار ساڵ چرای زانستیان هــەڵگرت، وە دەتوانن ڕاپەرینی پێ دروست بکەن هەروەك پێشتر تەواوی بزوتنــەوە پەرەخوازو پێشکەوتوو خوازەکانی ئوومەتیان راپەراند.

پیاوانی وایان تیادایە کەس پێشبــڕکێیان لەگــەڵ ناکــات لــەرووی زانســـتو لێوەشـــاوەیو عەزمـــەوە، وە هاوکـــاری راســـتگۆو دڵســـۆز دەبیننەوە، لە ئێــوەی پیــاوانی یاســاو لــە تــەواوی چــینو توێــژەکانی ئوومەت.

ئا لەو کاتەدا ئەو ڕێگەیە دەگیرێ کــە دەمانــەوێ بــۆ سەرخســتنی شەریعەت بیگرینە بەر، ڕێگــای دەســتوری ئاشــتیخوازانە بــۆ ئــەوەی بانگەوازەکەمان لە ئومەتــدا بــلاو بکەینــەوە و هــەوڵی بــۆ بــدەینو ئاشکرای بکــەین، پاشــان لــە هەڵبژاردنــدا ئێــوە دەکەینــە نوێنــەرو هەڵتاندەبــژێرین، ئومــەت دەکەینــە دادوەر تیایــدا، ئەگــەر جارێــك شکستمان هێنا چەند جــار دەیبەینــەوە، بــەڵکو ئــەو شکســتەمان — ئەگەر یەکەم جارمان شکستمان خوارد — دەیکەینــە پێشــەکیەك بــۆ سەرکەوتنمان بە شێوەیەکی وا ورەمان بەرزبکاو ویســتو بڕیارمــان وە ئاگا بێنێتەوە، وە بەوەی ببێتــە بەرچــاو روونیــەك بــۆ زانینــی پێگــەو

شوێنی هەنگاو و هەڵەکانمان، وە بەوەوی کارەکانمان تەنها بۆ خواو لـە پێناوی خوادا بێت، جا ئەگـەر ئومـەت متمانـەی پێمـان هـەبوو، وە بانگەوازەکەمانی بەدڵ بوو، وە ئەوەی هەڵبژارد کـە فـەرمانڕەوای بـە شەریعەتەکەی بکرێت و وەك گوێڕایەڵیەك بۆ شەریعەت، وە لە ئێمـە نوێنەرەکانی ناردە پەرلەمان، ئەوکات ڕێگەی ئێمـەو ئێـوەش ئەوەیـە رازی بین بەوەی دەستور بڕیاری لەسەر دەدات، لێرەوە رەشمەی دەســەڵات دەگرینە دەست، بـەو شـێوەیەی هـەموو حیزبـەکان دەیکـەن، ئەگـەر یـەکێکیان لـە هەڵبژاردنـدا دەرچـوو، پاشـان خـوا ویسـتی لێ بێـت ئەمەکدار دەبێت بەو بەڵێنانەی بە قەومەکـەی خۆمـان داوە، لـەوەی هەموو یاساکان وا لێ بکەین لە کیتابو سونەوە سەرچاوەی گرتبێ .

لە موژدەو ئاماژەکانی سەرکەوتن –گەر خوا مۆڵـەتی دا- ئەوەیـە دەبینین زۆر کەس لە خاوەن بیرو راکان هـەمان قسـەی ئێمـە دەکـەن، هیوا خوازن بانگەوازەکەیان گوێی لێگیراو وبیستراو بێت، وە دەخـوازن ئومەت بگەڕێتەوە بۆ ئاین و شـەریعەتەکەی خـۆی، وە هەنـدێك لـە ڕێکخراوو کۆمەڵە بەهێزەکان ئـەم مەبەسـتەی کردووەتـە گـرنگترین مەبەستو ئامانجی.(١)

لەم ووتارەدا عەلامـەی سـەلەفیو قـازی شـەرعیو فـەرمودەناس (ئەحمەد شاکر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕێگـەی بـەدیهێنانی

---

(١) الكتاب والسنة يجب ان يكونا مصدر القوانين في مصر، (٢٨-٣٥).

پڕۆژە چاکسازییەکەی بریتیە لە ڕێگەیەکی دەستوری ئاشتیخوازانە بە دروستکردن‌و پێکهێنانی پارتی ئیسلامی سیاسی، کە کار بکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە میانەی گەیشتن بە پەرلەمان‌و لە ڕێگەی هەڵبژاردن‌و متمانە پێدانی ئومەتەوە لەمەوە بتوانێ ڕەشمەی دەسەڵات لە حیزبەکانی تر وەرگرێ هەروەکو دەستوری میسری ئەو کاتە ڕێی پێداوەو بریاری لەسەر داوە.(١)

هەروەکو گەورە زانایانی فیکری سەلەفی فتوایان داوە لەسەر دروستی چوونە پاڵ و بوونە ئەندام‌و کارکردن لەگەڵ پارتە سیاسیەکاندا – ئەگەر عەلمانیش بن – بە مەرجێ موسڵمان بتوانێ کاریگەری تیادا دروست بکات وە بە شێوەیەکی ئیسلامیانە ئاراستەی بکات، هەروەك لە فەتوای لیژنەی بەردەوامی فەتوادا هاتووە سەبارەت بە (هەڵوێستی موسڵمان لە حیزب‌و پارتە سیاسیەکاندا، پرسیاری چوارەم لە فەتواکە ژمارە ٦٢٩٠)

پ٤/ هەندێ لەو کەسانەی کە موسڵمانن، بەڵام دەچنە نێو پارتە

(١) هەڵوێستی شێخ ئەحمدشاکر لە دەستور کە بریتی یە لە گرێبەندو بەڵگە نامەیەکی سیاسی کە سەلاحیاتی دەسەلاتەکان لە دەوڵەتدا دیاریو ڕێك دەخات ناکۆك نیە بەو هەڵوێستەی هەیەتی سەبارەت بە یاسا دەستکردەکان (القوانین الوضعیة) کە شێخ شاکر دادوەری بۆ بردنی بە کوفر دادەنێ و دەرچوونە لە بیروباوەڕ لەبەر ئەو جیاوازییەی لە نێوان سروشتی هەر یەکە لە دەستورو یاساکاندا هەیە کە تەنها زانا گەورەکان تێی دەگەن سەیری ئەو نوسینە بکە کە ئێمە نوسیومانە سەبارەت بە (البیان فیما اشکل علی مجلة الفرقان) ژمارە (٥).

سیاسیەکانەوە، ئەو پارتانەش یان پاشکۆو شوێنکەوتەی رووسیان یا ئەمریکان، ئەو حیزبانـە جـۆراو جـۆرو فـرەن، نمونـەی پـارتی پێشکەوتن‌و سۆسیالیستی (حـزب التقـدم والأشـتراكية) پـارتی سەربەخۆیی (حزب الاسقلال) پـارتی ئـازادی (حـزب الاحـرار)، پارتی ئومەت (حزب الامة)، پارتی لاوانی سەربەخۆ خواز (حزب الشبيبة والإستقلال) پارتی دیموکراسـی (حـزب الديمقراطيـة) .. هتد...و تاچەندین پارتی تـر کـە نزیکـی هەیـە لـە نێوانیانـدا، هەڵوێستی ئیسلام چیە سەبارەت بەو پارتانـە، وە سـەبارەت بـەو موســڵمانانەی دەچــنە نێــو ئــەو پارتانــە، ئایــا ئیســلام‌و موسڵمانێتییەکەی دروست‌و تەواوە؟

و٤/ هەرکەسـێ بەرچـاو روونیـەکی هەیـە سـەبارەت بـە ئیسـلام‌و باوەڕێکی بەهێزو حەسانەیەکی ئیسلامیانەی هەیـەو دووربینـی‌و گریمانەی پێشـهاتەکان دەکـاو ڕەوانبێـژو زمـان ڕەوانـە، لەگـەڵ ئەوەشدا بەتوانایە لەسەر ئەوەی کار لـە ڕەوتـی حیزبەکـە بکـاو ئیسلامیانەش ئاراستەی بکا – ئـەوە بـۆی هەیـە تێکـەڵی ئـەو حیزبانـە بکـات، یـاخود تێکـەڵی ئـەوەیان بکـات کـە هیـوای پەسەندکردنی رەوای هەیە، بـەڵکو ئەمـە خودایـە سـودیان پـێ بگەیەنێ، وە لەسەر دەستی‌دا ئەوەی خوا بیەوێ ڕێنمایی وەرگرێ‌و واز لە رەوتـە سیاسـیە لادەرەکـان بهێنـێ و بـەرەو سیاسـەتێکی شەرعی دادگەر هـەنگاو هـەڵگرێ، کـە بـە هۆیـەوە کاروبـاری

ئومەت تۆكمەو پوخت بێت، بەمەش ڕێگەیەكی مامناوەند و راستو رەوان بگرێتە بەر، بەڵام پابەند نەبێت بە بیروباوەڕو سەرەتا لادەرەكانیانەوە، هەركەسەش ئەو بیروباوەڕەی نیە و ئەو خۆپارێزیەیی لەباردا نیە، ترسی ئەوەی لێ بكرێ بكەوێتە ژێر كاریگەریەوە نەك كارگەری هەبێت، با كەنارگرێ لەو حیزبانە وەك خۆپارێزیەك لە ئاژاوەو فیتنەو پارێزگاریەك لە ئاینەكەی نەوەكو توشی هەمان شتی ئەوان ببێت وە هەمان ئەو لادانو خراپەكاریانەی ئەوان پێوەی دەتلێتەوەو گیریان خواردووە پێوە توشی ئەمیش ببێت .

خوا هاوكار بێت، درودی خوا لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەدو كەسوكارو هاوڕێو هاوەڵانی.

لیژنەی بەردەوامی توێژینەوە زانستی یەكان و فەتوادان.

| | |
|---|---|
| عەبدولعەزیز كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی باز | سەرۆك |
| عەبدولرازق عەفیفی | جێگری سەرۆك |
| عەبدوڵڵای كوڕی غەدیان | ئەندام |
| عەبدوڵڵای كوڕی قەعود | ئەندام[1] |

لە راستیدا گوتارەكەی عەلی عەبدورەزاق سەركەوتوو بوو لە

(١) فتاوى اللجنة الدائمة ١٢/٣٨٤-٣٨٥

بەزاندنو دزەکردن بۆ نێو فیکری ئیسلامی بە گشـتی و سـەلەفی بـە تایبەتی کە لە هەموو فیکرەکانی تـر زیـاتر رەفـزی دەکـرد ، چـونکە لەکار خستنی فەرمانڕەوایی بەو قورئانەی خوا دایگرتووە کارکردن بە یاسا دەستکردەکان لای ئـەو فیکـرە کوفرێـك بوولـە بیروبـاوەڕ پـێی دەردەچویّ، هەروەك پشتیوانی دوژمنانی ئومەتو جیهاد کردنیـان بـە هەڵگەڕاندنەوە و هەڵوەشاندنەوەیەك دادەنـا لـە هەڵوەشـێنەرەوەکانی ئیسلام.[1] وای لـێ هات بابـەتی (خەلافـەت، شـەریعەت، جیهـاد ) کرایە دەرەوەی بازنـەی گرنگـی پێـدانی زۆربـەی زانـاو بـانگخوازانی فیکـری سـەلەفی هاوچـەرخ بـە بیـانوی گرنگـی دان بـە بیروبـاوەڕو عەقیدەوە؟!!

سەرئەنجام ئەم مەسەلانە بوو بە شتێکی قەدەغەکراو یا لاوەکی لـە ئەدەبیاتی ئەم فیکرەدا، بەڵکو لادانەکـە زیـاد بـوو گەیشـتە ئـەوەی جیهاد بە تیرۆرو تۆقان دابنریّ؟! کارە شەهادەت خوازیەکانیش بە خـۆ کوژی؟! وە بانگەشەی گەڕانـەوەی خەلافـەت یـا کـارکردن لـە پێنـاو بـەرپاکردنی دەوڵـەتی ئیسـلامی یـاخود راگەیانـدنی رەوا بەرامبـەر زۆردارو ستەمکاران دەرچوون بیّ لە گوێڕایەڵی و سوونەت؟!

کار گەیشتە ئەوەی لەکار خستنی حوکمەکانی شەریعەت بەگشتی، تـەنها تاوانبـاریو فیسـقەو لـە ئیسـلامو موسـڵمانیێتی دەری ناکـاو

---

(١) سەیری فەتوای علامة (ابن عتیق ) بکە سەبارەت بەم بابەتە لە (مجموعة الرسائل النجدیة)، (١/٧٤٥).

پێویستی به درچوونو ڕاپەرین نیه؟!! خۆبەدەستەوە دانو تەسلیم بوون بە دوژمنانی ئوممەتو جێبەجێکردنی نەخشـەکانیانو دانـانی بنکـە سەربازیەکانیان لەسەر زەمینی ئیسلام دا کارێکی دروستە بە بیـانوی ئەوەی پەیمانیان هەیەو (معاهد)ن، تێڕوانینـی کاروبـاری ئـەوان لـە پسـپۆڕیو تایبەتمەنـدی سـوڵتانو دەسـەڵاتدارە، حەرامـە دەسـتی تێوەردرێتێ ڕەخنەی لێ بگری، یا خەڵکی لـێ بورووژێنی.[1]

هەروەها حەرامە کۆمەڵەو گروپ بـەرپابکرێ بـۆ جێبـەجێکردنو ڕاپەڕاندنی فەرزە کیفائیەکان، وە حەرامە خۆهەڵقورتێنیتە کاروبـاری سیاسی بە بیانوی ئەوەی ئەمە نەیارو ناکۆکـە بـە بەرنامـەو ڕێبـازی سەلەف؟!

ئەمە لە کاتێکدا لـە نێـو سـەلەفیەکانی پێشـودا کەسـی وەکـو عەلامە موحەممەد بەشیری ئیبراهیمی جەزائیری هەبووە، کە پاش (ابن بادیس)ی دامەزرێنەر، سەرۆکی کۆمەڵەی زانایانی جەزائیر بووە، بـەم وتەیـەی لەگـەڵ ئیسـتعماری فەڕەنسـیدا دەئاخفـێ: (ئیسـتعمار چ

(١) هەروەکو ئیستعماری فەڕەنسی لە جەزائیردا توانی بزوتنەوەی سۆفی بخاتە خزمەت نەخشە ئیستعماریەکانیەوە لە سەدەی ڕابردو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ببەستێو دژ بە بزاڤی ئازادیو جیهادەکە زانا دڵسۆزەکانی ئەوێ بانگەشەیان بۆی کرد، هـەروەکو چۆن هێزە ئیسـتعماریەکان لەمـڕۆدا توانیویانـە لـە دوورگـەی عەرەبیـدا زۆربـەی بزاڤـی ئیسـلامی بـانگخوازانی سـەلەفی بخاتـە خزمـەتی نەخشـەکانی خۆیـەوە بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی تـەواوی ئـەو کەسـانەی داوای دەرکردنـی بـوونی سـەربازیانەی بیانی دەکەن ؟!!

گومانێکی بە کۆمەڵەی زانایان هەیـە؟ ئایا گومـــانی وایـە کـولو لاوازو بێزار دەبێتو دادەمرکێتەوە؟ نەبـەخوا، بەراسـتی هیـوا بـڕاوەو تیرەکەی نەیپێکا، کەسێ شەکەتو کول دەبێـت کـە دوو دڵ بێـت لـە کاروباری خۆی، کوێر بێت لە ئاست کارەکانی .. بەڵام ئەگەر سوور بێ لەسەر ئەوەی ئاینەکەی ئێمە بکاتە بەشێك لە سیاسـەتەکانی خـۆی، ئەوا دەیبەینە ئەو گۆڕەپانەی دەیەوێ و بۆ خۆی هـەڵی دەبـژێرێ، ئـەو کاتە کەتیبەکانی سیاسەت بە تەسکترین ڕێرەو و گوزەرگەدا دەبـەین، دەستکەوتو مافەکانی خۆمانی لێ دەست دەخەین، بـە ویسـتی خـوا لەجێی خراپی گومانی ئـەودا دەبـین، لـە شـوێنێکدا دەمانبینـێ — هەروەك ناسیومانێتی کە پێی ناخۆشە نە لـە شـوێنێك پـێی خـۆش بێت، پاشتر تێگەیشتنێکی نوێی فێـر دەکـەین، کـە ئـەویش بریتیـە لـەوەی زەوی جـەزائیر تەنانـەت گرتوخانەکانیشـی مزگـەوتن بـۆ بەرپاکردنی نوێژەکان، وە هەموو دارو چڵێکی تەنانەت سێدارەکانیشی دوانگەی ووتارو جێگەی ووتار بێژ بوون، وە تەواوی ئـەو تاوێرانـەی(*) تێیدایە جێگـەی بانگـدانو (الله اکـبر) لـێ بەرزدەبێتـەوە، پاشـتر پیشانی دەدەین کـە سـەرئەنجامی دەسـتدرێژی کردنـە سـەر ئیسـلام نالەبارو زیانبەخشە.

ئێمە لەو کاتەوەی دروست کراوین سیاسین، لەبەر ئـەوەی هـەر لـە

(*) تاوێـر: بریتیە لە بەردی تەخت و گەورەی ڕەساسیو بۆرباو (وەرگێڕ)

پێگەشـــتنمانەوە موســـڵمانین، ئیســـلامی دروســـت بـــە هـــەموو دیاریدەکانیەوە بریتیە لە سیاسەت لە بەرێزترین روکاریدا، موسڵمانی رێـــكو راســـت پـــاڵیوراوێکی خواییـــە بـــۆ بـــەرێکردنی کارەکـــان و قورسکردنی تای چاکەی تەرازوو، ئەگەر هەندێ لـە ئێمـە نووسـتبێ بەمەش سەرکردایەتی لێ سەنرا بێت پاشان سـەروەرییان لێ دەرهێنـرا بێت، ئێمە خوا حەز بکات – بریتیو گوناه و پەتی دەوارین.

ئێمـە سیاسـین بـە سروشـتو پێگەیشـتن، ئێمـەین هەسـتەکانمان هێنایەوە هۆش بەو مافە خواییـەی زەوت کـراوە، هەرکەسـێ رێـرەوی سیاسـەت بگـرێ لەسـەر رێنمـانی ئێمـە دەڕوا، هـەر هاوارێـك لـەو نێوەندەدا بەرزبێتەوە دەنگدانـەوەی هاوارەکـانی ئێمەیـە، بـەڵام ئێمـە نامانەوێ شتێك تێکەڵ بکەین کـە هـەموو هۆکارەکـانی رەوایـە بـە شتێك هەندێ هۆکاری نارەوای تیادایە، وە جیایی دروسـت کـەین لـە نێوان ئەو شتانەی مشتومڕی تیادا نیە، ئێمە دەمانەوێ لـە بنـەمای هەموو سیاسەتەکانەوە دەست پێ بکەین کە بریتیە لە ئایین، تـاوەکو هەموو ئەو شتانەی لەسەر بنیات بنێین کە لە پاشیەوە دێت، تـاوەکو ئاشتیو ئاشـتەوایمان بـە موسـڵمانانە بێـت، شـەڕو ناکۆکیمـان لـە کاتێکدا بێت کە موسڵمان بین، دۆستایەتی یـان دوژمنایـەتیمان لـە کاتێکـدا بێـت کـە موسـڵمانین، بـە ئیسـلامەتیمان دەسـتەبەری هاوکێشەکە دەکەین تەنانەت لەگەڵ مافەکانی خۆشماندا، هەرکەسـێ لە نەوەکانی خۆمان دوو دڵە لە دانایی و حیکمـەت رەفتارمـان، ، بـا

بڕوانیێته توندوتیژی ئیستعمار لەگەڵماندا وه توندوتۆڵی لەوەدا، زیـادە ڕۆیی ئەو لە دوژمنـایـەتیو سـتەمکاری لەگەڵمانـدا لەبـەر ئەوەیـە موسڵمانین، وه لەبەرئەوەی ئەم ئیسلامە سەرچاوەو کانیـاوی هێزێکـە لاوازی دەکوژێ، روحانیەتێك برەو پێ دەدا مادەی پێ مل کـەچ دەبـێ، ئایا نابێت لە بەرامبـەری ئـەو (پابەنـدی)ەی ئـەو مەبەسـتێتی بـە پابەندیەك لە لایەن ئێوەوە بەو واتایەی خوا دەیەوێ ئەنجام درێ؟

ئێمە سیاسین لەبەرئەوەی ئاینەکـەمان سیاسـەت بـە بەشـێك لـە بیروباوەڕ دەزانێ، وه لەبەرئەوەی سـەردەمی ئێمـە سیاسـەت بـە ژیـان دەزانـــێ، وه لەبەرئـــەوەی نیشـــانەی پاڵەوانیێتیـــە، وه لەبەرئـــەوەی بارودۆخـەکان سیاسـەت دەکەنـە ئاووهـەوا بۆژیـان، وه لەبەرئـەوەی سیاسەت جۆرێکە لە جیهاد، ئێمەش بە سروشت موجاهیدو سیاسـین، وه لەبەرئەوەشی ئیستعماری فەرەنسی بەهۆی ستەمو زۆرداریەکانیەوە، تەنها دوو بەرهـەمی چـێنا: ڕقـی هـەموو جەزائیـرییەك تەنانـەت منداڵەکانیش لە فەرەنسا، وەکردنی هەموو جەزائیـریەك بـە سیاسـی تەنانەت پێشەواو ئیمامەکانیش.

خۆزگایە ئیستعمار لەم ڕاشکاوی یەوە دڵی خـۆی خۆشـکاو زیـاتر بـەرەو توندوتیـژی خـۆی هـەڵنێ، بـەو گومانـەی بـەهۆی لایەکـەوە سەرقاڵمان دەکا بەلایەکی ترەوە، بە هـۆی ئایینەکەمانـەوە دوورمـان دەخاتەوە لە دونیاو ژیانو گوزەرانمان، تا بزانێ ئێمە بوینەتە —بە هۆی ئەوەوە- کەسانێك هیچ شتێك بێ ئاگامان ناکات لە شتەکانی تـر، وه

ئێمه ئەگەر شتێکمان نەتوانی چەندین شــتی تــر دەتــوانین، وە ئێمــه ئەگەر نەتوانین ببینه تونێیەتی بۆ ناحــەزەکانمان ئــەوا دەتــوانین بینــه لێلی له ئاودا، وە ئێمه ئەگەر له گەنمی زەوی بێبەش کرێین دڕکەکانی تۆودەکەین، له جــەزائیردا کەســێك نــەماوە بچــوکترین خۆشەویســتی فەرەنسای هەبێت، یاخود دەزولەیەك هیوای پێمابێت، با لەکۆتاییــدا بزانێ خوا له کەمیندایه بۆ ستەمکاران.

نالێین قازانج یا زیانمان کرد، چونکه قازانجو زیان لــه مــوفرەداتی فەرهەنگی بازرگانەکانه، بەڵکو جیهادێك که مەبەستەکەی سەلماندنی راستییە خواییەکانه لەسەر زەوی، وە چــاندنی تــۆوی روحانیەتــه لــه بونەوەردا، دانەوێڵەو خەلەیەکی ئاسمانیەو هەڵگری واتاکانی خاك نیەو بەرزو بڵندە، ئەوانــەی موجاهیــدن لــەم ڕێگەیــەدا قــازانجو زەرەر لــه بیریاندانیه، کاتیش کورت بێت یا درێژ له حیسابیاندا نیه.[1]

هەمان کارەسات دووبارە دەبێتەوە که پێشتر کەواکیبی باسی کردوە به شێوەیەك زانایانی ئاینی بونەته هۆکارێك وەگەڕدەخرێنو بــه نــاوی ئاینو سونەتەوە دەخرێنه خزمــەتی دەســەڵاتەوە ئــەوەتا دەفــەرموێت: (گرنگترین پیلانگێڕییەکانی عەمامه بەسەرەکان بریتیه لەوەی وەهــا میرەکان تێدەگەیەنن، که پێویسته بەردەوام بن لەسەر بیروراییی خۆیانو لەو ڕووەوە سەربەخۆبنو خۆ بپارێزن، ئەگەر زیــان بەخشــیش بێــت، وە دژایەتی راوێژیش بکەن، ئەگەر ســوننەتیش بێــت، وە پارێزگــاری لــه

---

(١) (دور العلماء المسلمين في ثورة الجزائر) نوعەیمی، ل (١٣٧-١٤٠).

بارودۆخی باو بکەن ئەگەر خراپیش بێت، وە تەڵقینی میرەکـان دەکـەن کە بەشداری ئومەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، وە ئازادی رەخنـە لـێ‌گرتنیان، دەسەڵاتو سامی میرەکان ناهێڵنو پێچەوانەی سیاسەتی شەرعییە، بە چەند بەڵگەیەکی لاوازیش تەڵقینیان دەدەن، ئەگەر ئەوە نەبوایە کە لە بەرامبـەری ئەمانـەدا ئومـەتێکی نـەزان هەیـەو لـە پێشیشیانەوە زۆرو دەسەڵاتی میرایەتی هەیە، زمانم بـۆی نەدەجوڵانـدو هیچ قسەیەکم تیادا نەدەکرد، پێویستیشی بەوە نەبوو مرۆڤـ وەڵامـی شتێکی لەو جۆرە بداتەوە .

کاری لەوە خراپو تاڵتر ئەوەیە ئەو میرانە سود لـەو بەڵگـە گەلـە وەردەگـرن، وەك چـەكێك لـە بەرامبـەر ئەوانـەی بەرهەڵسـتی سیاسەتەکانی ئەوان دەکەن لەگەڵ وولاتە بیانیەکاندا، بـەوەی دەڵـێن: ڕێسا گشتییەکانی ئاینی ئیسلام سـازو گونجـاو نیـە بـە بنـەماکانی راوێژ، یاساو گەشەو پلەداریە مەدەنیەکان پەسەند ناکا، وە ئەوان بـێ دەسەڵاتنو ناچارن رەچاوی ئـاینی خەڵکەکـەیان بکـەن و هاوتـەریبی حەزی بیری گشتی بن .

با بگەڕێینەوە بۆ باسی زانا رەسمیەکان لـەم بارەیـەوە دەڵـێین: بـەو یاسایانەی لای عوسمانیەکان هەیە وە بە هاوشێوەکانی کە لای زۆربەی حکومـەتـە موسـڵمانەکان بـەدی دەکـرێ، عـەمـامـە بەسـەرەکان گومڕابوونو زەرەریان بۆ ئاین لە شەیتانەکان زیاترە).[١]

---

(١) أم القرى، ل (٤٦).

گوتـاری عـەلی عەبـدوڕازق کـە نوێنـەرو نماینـدەی سیاسـەتێکی شەرعی گۆڕێنراوە ئەمڕۆ بە بەرگو پۆشاکێکی سەلەفی هاوچـەرخەوە دەردەخرێتەوە، ئەوەی دوێنێ لە فیکری سـەلەفیدا کـوفر بـوو ئـەمڕۆ بوەتە مەشروعو جائیز؟!

ئەوەی جەخت لەسەر ئەو جیاوازیە بەرینەدەکاتـەوە کـە لـە نێـوان فیکـری سـەلەفی پـێش بەدەرکـەوتنی گوتـاری گـۆڕێنراوو فیکـری سەلەفی پاش بەدەرکەوتنی ئەو گوتارە هەیە بریتیە لەو بۆچونەی لـە پەیامێکی عەلامەی سەلەفی شێخ عەبدولەتیف ئال شێخ دا هـاتووەو هەڵوێستی ئەو روون دەکاتەوە سەبارەت بە میر عەبـدوڵلا کـە پـەنای بردە بەر دەوڵەتی عوسمـانی دژ بـە مـیر سـعود ئـەوەتا دەڵێـت: (لـە پاشاندا، تێ دەگەن لەوەی ئیسلام بەبێ کۆمەڵ نابێت، کۆمەڵیش بـە بـی پێشـەواو ئیمـام نابێـت، ئەوەنـدە نـاکۆکی و جیـاوازی و خـۆ هەڵقورتاندن لە حەزو ئـارەزووە گومڕاکەرەکانـدا بـەدی هـاتووە کـە ئەسڵو فەرعی ئایینی ڕماندوە، نیشـانە دیـارو ئاشـکراو یاسـاکانی ئاینی سڕاندوەتەوە، لەم ئاژاوەو فیتنەیەدا مرۆڤ پێویستی بە چاوێکی تیژە لە کاتی هاتنی شوبهەو گوناهەکانـدا و بـە ئامـانجی ژیریـەکی بەهێزە لەکاتی بڵاوبونەوەو حەزو ئارەزوەکاندا، بەبێ زانیاری قسەکردن سەبارەت بە خوا گفتوگۆو قسەکردن لـە ئـاین دا بـەبێ کارامـەیی و لێزانین و تێگەیشتن، لە سەروی هاوبەش دانانو هاوەڵ بۆ دانانەوەیـە، لای ئێوە کۆمەڵێك شت هەیە لە نێوانتانا بڵاوبوەتـەوە کـە نـاتوانرێ

بژمێردرێ و هەڵاوێردرێ، پێویستە موسڵمان لە کاتی بوونی هەر ورەو قسەیەکدا هەڵوێستە بکات، ئەگەر بۆ خوا بوو لەگەڵی بـروا ئـەگینا بێ دەنگی بۆ ئەو باشترین شـتێکە، ئێـوە شـارەزای بـاری ئێمـەن لـە سـەرەتای ئـەو ئـاژاوەو فیتنەیـەوە بـەهۆی ئـەو نامـە نوسـراوو ئامۆژگاریانـەی لای ئێـوەوە دەرچـووە، لەوانـەدا هـاتوە ئیمامـەتی عەبدوڵاو پابەند بوون بە بەیعەتەکەیەوە بڕاوەتەوە، بە ئاشکراش روون کراوەتـەوە کـە ئـالاو بەیـداخی براکـەی ئـالاو بەیـداخێکی نـەفامی کوێرانەیـە، وە ئامۆژگاریتـانم کـرد بـەوەی کـە بـەحوکمی خـواو پێغەمبەرمان زانیوە وە پێویستە گوێ بیستو گوێڕایەڵ بن، کاتێکیش عەبدوڵا ئەوەی لـێوەشایەوە کە لێی وەشایەوەو دەوڵەتی هێنایە وڵاتـی ئیسلامیو دوورگەی عەرەبیەوەو (حسا) و (قطیـف) و (خـط)ی پـێ بەخشـین، خۆمـان خـاوێنو (بـرئ) کـرد لـە شـتێك کـە خـواو پێغەمبەرەکەی (بریء)ن لێی، خەڵکی کارەکەیان بە خراپ زانیو لـە ڕێی زارەکیەوە بوو بێت یا نامەوە بە تایبەت بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە بۆچونی منیان پەسەندەو قسەم لـێ وەردەگرن،(*) وە باسـی ئـەوەم بـۆ کردن کە هەندێ لە خەڵکی ئەمـەیان کردووەتـە قـەڵغان و ئایـەتو فەرمودەو (أثر)ەکانی پێ دەدەنە دواوە لەو دەقە قورئانیو فـەرموودە

(*) سەرنج دە هەموو ئەمانە سەبارەت بە کەسێکە کە داوای پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمـانی کـردووە، ئـەی چـی بـوترێ سـەبارەت بـەوەی پشـت دەبەسـتێ بـە ئیستعماری سەلیبی.

(صحیح)و ئاشکرایانەی سەبارەت بە پێویستی جیهادا کردنی ئـەوانو خۆ خاوێن کردنەوە لێیانو حەرامی خۆشەویستیو برایـەتی کردنیـان هاتووە، ئەو قسەیەشی دەڵێ ئەوان بـۆ پشـتیوانی ئیمـام یـا ئاینێـك هــاتوون وتەیەکــە بەڵگەیــە لەســەر لاوازی ئــاییینی خاوەنەکــەییو نارۆشنی دیدەیو لاوازی ژیریو ملکەچ بوونی بۆ حــەزو ئارەزوەکــانی، لە هەمان کاتدا نەناسینی وولاتانو خەڵکیەو ئەو بەڵگــــانە بــرەوی نیە مەگەر لای هەندێ لە بیابان نشینەکان، یاخود ئەوانەی ڕێی رەواو ڕاستیان بەرداوە .

لەمەش سەیرتر ئەمەیە ئەوە بدرێتە پاڵ زانایان و بێ دوودڵــی بــە دروست بزانرێت، ئەو وێنەیەی کە هەیە جـێی جیاوازییــە، ســەرەڕای لاوازی ئەوەی بە جائیزو دروست بزانرێت و لەسەر ئەم بارە بپێورێت.

هەروەك لە باسی فەرمودەی (انا لا نستعين بــمشرك) ڕوون کراوەتەوە: وێنەو مەسەلەیەکی ترە، ئەمە ئێستە پشتگیری کەسانێك و وازهێنان لەوانی ترو ناپاکیەکی ئاشکرایە، کەسانێك کە کەمترین زەوقو حەزی زانستی تیادا بێت ئەم راستیە دەزانێت، بەڵام پاش ئەوەی عەبدولا لــە (احساء)ەوە هاتو پەشیمانیو پاشگەزبوونەوەی ڕاگەیانـد، ئەسـەفو خەمێکی زۆری دەربڕی سەبارەت بەوەی لە دەستی دەرچوو، هەندێك لە خەڵکیش بەیعەتیان پێ‌ی‌دا، پەیامێکی نووسی بۆ (ابن عتیـق) کــە موسڵمان بوون پێش خۆی دەسڕێتەوەو پەشیمانیش پێش خۆی ناهێڵێ، ئەرکو واجب ئەوەیە هەوڵ بدرێ بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان بەدی

بهێنرێ، ئەوەی خوا بیەوێت هەر ئەوە رووەدات ﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ﴾ (يوسف: ٢١) مەبەست دەرخستنی راستی بارەکەیە لەسەرەتاوە کۆتایی روداوەکەوە، سعودیش زاڵ بوو بەسەر هەمو ولاتی نەجدی دا، جەماوەریش بەیعەتیان پێ‌ی دا، ناویان نا ئیمام، ئەوەش دەزانن کە کاروباری موسڵمانان بەبێ ئیمام چارەسەر نابێت، ئیسلامیش بەبێ ئەوە شتێك نیە، بەبێ کۆمەڵو ئیمامەت(*) مەبەستە ئاینیەکان تەواو نابن‌و پایە ئیسلامیەکان بەدی نایەن و حوکمە قورئانیەکان بەدەر ناکەون، ناکۆکی سزایەو لەدەسەت دانی ئاین و دونیایە، شەریعەتیش بەو شێوەیە بەدی نایەت .

هەرکەسێ رێسا شەرعیەکان بناسێ دەزانێ خەڵکی بۆ دین‌و دونیایان چەندە پێویستی‌و ئاتاجی جەماعەت‌و ئیمامەتن، لە دوادوای سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کەسانێك خۆیان سەپاندو حوکمی ئیمامیان پێ بەخشرا، کێبەرکێ‌و کێشەیان لەگەڵی دروست نەکرد هەروەکو عەبدوڵای کوڕی عومەر ئەوانەی تریش وابوون، لەگەل ئەوەی بە زۆرو خۆسەپاندن وەرگیرا بوو، بەهەمان شێوە لە دوای ئەوان‌و لە چاخی نەوەو چینی سێیەمدا کەسانێك خۆیان زاڵ کردوو حوکمەکانی جەماعەت‌و ئیمامەت وەکو خۆی دەڕۆیی‌و کەسیش لەوەدا جیاوازی نەبوو، زۆربەی پێشەواو ئیمامەکان دوای ئەوانیش بەو شێوەو شێوازە

(*) ڕامێنە لەم بنەما گەورەیە چۆن لە فیکری سەلەفی هاوچەرخ دا نادیارو ون ئەوانەی بابەتی ئیمامەتیان پەراوێز خستووە بە بیانوی ئەوەی لە (فروع)ە؟!

بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زاناو دینداران ئەو فەرمانانەی بۆ چاکە کـردن پێیان دەدرا ئەنجامیان دەدا وەدەستیان لە کارێکی خـراپ هەڵـدەگرت کاتێـك کـە فـەرمانیان پـێدەکرا وازی لـــێ بێـنن، لەگـەڵ هـەموو ئیمامێك دا جیهادیان دەکرد هەروەکو لە بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـونەدا دەقی لەسەر هەیە، هیچ یـەکێك لـەوان نـەیوتوە دروســتە کوشــتاری خۆسەپێن بکرێ و لە دژی راپەڕیو لەو لاشەوە ئوممەت بەجێ بهێڵـرێ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێتەوەو ســامانو دارایـی و قەدەغـەکراوەکانی حەڵاڵ بکرێ، دوژمنی جەنگ کەریش لەو وڵاتەدا هاتووچۆو ئەمسەرو ئەوسەر بکاتو لە پەناگەکانیدا بحەسێتەوە، کەسێ ئەمە بە دروستو رەوا دەزانێ کە ژیری تێکچــووبێ، ئـاینو تێگەیشــتنی شـێواو بێـت، وتراویشە:

لا يصلح الناس فوضى لاسراة لهم      ولا سراة اذا جهالهم سادوا

واتە / ئاژاوەو پشێویەك کە ئەمسەرو ئەوسەری نیە باری خـەڵکی ساز ناکا، بە لوتکەو بڵندییش ناگـەن ئەگـەر نـەزانو نەفامـەکانیان بوونە گەورەو سەرورەر .

بەڵکو ئـەو فەرمانـە ئاینییـە لـەو فەرمودەیـەی خـوای گـەورەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعـاً وَلا تَفَرَّقُـوا﴾ (آل عمران: ١٠٣) چونکە ئەم واجبە بەدی نایەت بەوە نەبێت کە باسـمان کرد، وازلێهێنانیشی خراپەی رووتـەو موخالەفـەی ئاشـکرایە، خـوای

گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (المائدة: ٢) لە فەرمودەشدا هاتووە: ((اذا امرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم، واذا نهيتكم عن شيء فـاجتنبوه) ) واتــە: ئەگــەر فەرمانێکم پێدان بەپێی توانا ئــەنجامی بــدەن، ئەگــەر بەرهەڵستی شتێکم لــێکردن خۆتانی لــێ دوور بگرن، بە تایبەتی ئەگەر دوژمــن دابەزیە دەورو بەرتانو شەیتان ترسـی خسـتە نێـو دڵـی خەڵکیـەوەو پشــتیوانی کــردنو چــوونە نێــو ڕیــزی هاوبــەش پەیداکــەرانی بــۆ ڕازاندبوونەوە، وە ئەوەی لا جوان کردبوون کە کاروباری ســەرۆکایەتیان پێ بسپێرێ، و بە کاربەدەســتو سەرپەرشــتیار بناســرێنو پشــتیوانی خەڵك دەکەن و خۆیان قوت دەکەنەوەو دایان دەنێن، ئەوان هاتوون بــۆ پشتیوانی کردنی فلان هەروەکو شەیتان خستبویە سەر زمانی هەندێ لەوانەی هەڵخەڵەتا بوون، پاش ئایندار‌یان بوونە هاوکاری هاوەڵگەڕان (المشــرکین) ئەوانــەی وازیــان هێنــاوە لــە جیهــادکردنی دوژمنــانی پەروەردگاری جیهانیان، ئای ئەمە چ فێڵێکی گەورەیــە! چ هەڵەیــەکی مەزنە! چەند دوورە لە ئایینی خــواو پێغەمبەرەکــەی! ﴿ولكـن اكثـر الناس لا يعلمون﴾ ئەو نامانەی لەلایەن هەندێ لە برایانەوە دەرکراوەو ئــەوەی تیــادا هەســت دەکــرێ کــە دروســت بێــت داوای پشــتیوانیان لــێبکرێ و فیتنەکەیان بە کــەم ســەیر بکــرێ، پــۆزش هێنانــەوە بــۆ هەنــدێ لــە گــەورەو ســەرکردەکان — خزانێکــە ڕاســتی تیــادا نیــە، تێکەوتنێکە بووەتە هۆی ئەوەی ســەرکردەی ئــەو کــارە تیــا بچێــت و

سەرلێشـــێواو بێـت، چـەند جوانـە ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا﴾ (سبأ: ٤٦) روو لە ئامۆژگاری پەروەردگارتان بگرن و پیـادەی کەن، لە پێناوی خوادا بەراستی جیهاد بکـەن، موسـڵمانان کۆبونـەوە لەسـەر جیهـادکردنی دوژمنانیـان لەگـەڵ ئیمـام سـعوددا خـوا سەرکەوتووی بکات، ئەهلی سوننەش لە بیروباوەڕەکانیاندا دانیان بەوە داناوە کە جیهاد هەر دەمێنێ لەگەڵ هەموو ئیمامێکا، لـە سـەر رای باوو بەناوبانگیش فەرزە، یـاخود پایەیەکـە لـە پایـەکانی ئیسـلام و ستەمی زۆردار پوچی ناکاتەوە.

هەندێ لە سەلەف کاتێك هەندێ لە خەڵکی سەرزەنشـتی دەکـەن لەسەر ئەوەی بۆ لە دوای بیدعەچـیەوە نوێـژ ناکـات، ئـەویش دەڵـێ ئەگەر بۆ لای خوا بانگی کـردین وەڵامیـان دەدەینـەوەو گوێڕایـەڵییان دەکـەین، ئەگـەر بـۆ لای شـەیتانیش بانگیـان کـردین بەرهەڵسـتی دەکـەین، لـە فەرمودەشـدا هـاتووە: ((جاهـدوا المشـركين بأنفسـكم واموالكم والسنتكم)) خوای گەورە پشـتیوانی ئێمـەو ئێـوە بێـت بـۆ جیهادکردن لە پێناویدا وە بۆ باوەڕکردن بە بەڵێنو گوفتارەکانی، خـۆ بپارێزن لەوەی بەبێ زانستو زانیاری لە ئاینی خوادا مشتو مڕبکەن، چونکە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی تیاچوون هەروەك لـەو بارەیـەوە فەرمودەی دروستی پێغەمبەری خودا هەیە ﷺ خوای گەورەش راستو ڕەوا دەفەرموێتو ڕێی ڕاست پیشان دەداتو درودو سڵاوی خوا لەسـەر

موحەمەدو کەس‌و کارو هاوەڵانی). [1]

لەم پەیامەدا بـەروون‌و ئاشـکرایی هەڵوێسـتی فیکـری سـەلەفی سەدەی دوانزەوسیانزەی کۆچی سەبارەت بە بابەتی دەوڵـەت و جیهـادو پشتیوانی کردنی بێباوەڕان بەدەر دەکەوێ، دەریش دەکەوێ کە گوتاری ئەم قوتابخانە سەلەفیە لە چاخی نوێدا چەندە پاشەکشەی کردووە؟!

ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە مەودای ئەو قەیرانـەمان بـۆ دەردەخـا کـە ئومەتی ئیسـلامی لـە رووی فیکـری‌و عەقائیدیـەوە دەیگوزەرێنـێ، حکومەتەکانی جیهانی عـەرەبی لـە چـاخی نوێـدا توانیـان زانایـان وەگەڕخەن بۆ خزمەتی ووتارە سیاسیە گۆڕێنراوەکـەیان و لـە ڕێگـەی ئەوانیشەوە شەرعیەتی پێ ببەخشن، لە گوتاری سیاسی هاوچـەرخ دا خـراپترین شـتەکانی نێـو گوتـارە گورێنراوەکـەی عـەلی عەبـدورازق کۆکرایەوە، کـە بریتیـە لـە شـەرعیەتی کەنارخسـتنی (خەلافـەت‌و شەریعەت‌و جیهاد) وە خراپترین شتی نێو گوتاری تەئویل کراوی تێـدا کۆبویەوە، کە بریتی بوو لە مەشروعیەتی زۆرداری‌و واجب نـەبوونی ڕاوێژو دروستی پشتاو پشتی و بۆمانـەوەی فـەرمانرەوایی و حـەرامی دەرچون‌و راپەرین دژ بە دەسەڵات، لادان‌و خراپەکارییەکانی هەرچۆنێك بێت، وە هەرچەندە خوێنڕێژی ئەنجام بـدات مـاف‌و قەدەغـەکراوەکانی پێشێل بکات، تاوەکو ڕاستی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ

---

(١) مجموعة الرسائل النجدية، (٣/١٧٠-١٧٤).

لەم ڕووەوە بەدی دەکرێ کە دەفەرموێ: (أخوف ما أخاف علـى أمـتي "الأئمة المضلون) [١] واتە ئەوەی زۆر زۆر ئەترسـم ئومەتەکـەم توشـی بێ بریتیە لە پێشەواو سەرکردەی گومڕاو سەرلێشێواو .

گوتاری سیاسی تەئویلکراو زیندوو کرایەوە پاش ئەوەی بزوتنـەوەی جەمالەدینی ئەفغانیو شوێنکەوتووانی وەکو عەبدورەحمان کەواکیبیو ڕەشید ڕەزاو حەسەن بەنا تێیانپەڕان – یا نزیك بـوو تـێی پـەڕێنن – ڕەشید ڕەزا هەوڵی دەرکردنی (المنار)ی دا کە هەڵگری ئەم فیکرە بوو، بەڵام کـە دەیـەی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم هـات جـارێکی تـرو سەرلەنوێ گوتاری تەئویلکراو باڵی کێشایەوەو بڵاوبوەیـەوە، کوتـوپڕ گوتاری بزوتنەوەی ڕاپەرینو ڕێنسانس پاشەکشەی کـرد، زانـاو بـانگ خوازانی ئەم ماوەیەی بێداری ئیسـلامی کەوتنـە خولانـەوە بـە دەوری چەمکی (سمع وطاعة)و حەرامی دەرچوونو ئارامگری لەسەر زۆرداری ئیمامەکان و بە بەڵگەکردنی ووتەی پێشینان بێ ئەوەی ڕەچـاوی ئـەو جیاوازیو ماوە دوورو فراوانە بکرێ کە لە نێوان سەرهەڵدانو دروست بوونی ئەو فیکرەو چاخی نوێدا هەیە، ئیمامەکانی سونە کاتی خـۆی ئەوەیان هەڵبژاردکە ئارام بگرن لەسەر مەئمونی عەباسی لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا ئاڵاو بەیداخەکانی جیهاد دەشەکانەوە، شەریعەت فەرمانڕەوا بوو، ناموسو خوێنیان پارێزراو بوو، بە پێچەوانەی ئەم سەردەمەوە کە

---

(٢) ئەحمەد گێڕاویەتیەوە، (٦/٤٤١)، سەیری الصحیحە بکە، ژمارە (١٥٨٢).

تەوژمە عەلمانیەکان زاڵ بوونە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، شـەریعەت تیایدا لـەکار خـراوە، کـوفری ئاشـکرا بـەدەر کـەوتووە، دوژمنـــانی ئومەتو ئاین دەستیان گرتووە بەسەر کاروبـاری موسـڵمانانـدا، هێـزو توانا تیایـدا بـۆ جولەکـەو خـاچ پەرسـتەکانە، موسـڵمانانیش وەدەر دەنرێن، خوێنیان دەڕێژن، ناموسیان ئەتکدەکرێ، ماڵیان زەوت ئەکرێ وای لێهاتووە بارودۆخەکە لـە سـەردەمی کۆیلـەکان خـراپترە، ئـەوەی زانایانی ئەو کات کۆبوون لەسەر بێ باوەڕیـانو واجبـی دەرچـوون لـە دژیانو جیهادکردنیان .

ئەم گوتارە هێنرایەوەو کرا بە بەڵگە نەك لەو سەردەمەی پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە دەفەرموێت(( سترون بعـدي أثـرة فاصـبروه )) واتـە: دوای من خۆخۆیەك دەبینن ئارام گرن، بەڵکو هێنرایەوەو کرا بە بەڵگە بۆ ئەو سەردەمەی تیایدا فەرموویەتی: ((إلا أن تـروا كفـراً بواحـاً)) واتە: ئەگەر کوفرێکی ئاشکراتان بینی .

زۆربەی ئەو ڕژێمانەی ئەمڕۆ ئەوانە نین کـە بـە زۆردارو سـتەمکار وەسف دەکرێن و زانایان جیاوازیـان هەیـە لـە بارەیـەوە، بـەڵکو لـەو ڕژێمانەن بەو کوفرە وەسف دەکرێن کە زانایـان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی پێویستە لە دژیان ڕاپەڕیو دەربچی ئەگـەر کەسـێك توانـای هـەبوو، ناکرێ قسەی پێشین داگریتە سەر زەمینەو واقیعێك مەگەر ئەو داگرتنە دروست بێت وهەمان حوکمی هەبێت وەکو داگرتنی ئەو حوکمـەی بـۆ دەوڵەتی کۆیلەکان لە میسردا هەبوو.

بەڵكو پێشەوایان كاتێك گوێڕایەڵیو ملكەچیان بۆ خەلیفەكان بە پێویستو واجب داناوە - هەرچەندە زۆرداریشیان لێ بوەشێتەوە كە ئەوان خەلیفەو ئیمام بن و دەسەڵاتێكی تر لە سەرویانەوە نەبێت، بەڵام ئەم ڕژێمانەی ئیستعمار هێناونی یاخود لە ژێر چاودێری خۆیدا دروستی كردوونو پێی گەیاندوون بۆ جێبەجێكردنی نەخشەكانی، گوێڕایەڵیەكە بۆ ئەوان نیە، بەڵكو لە واقع دا بۆ ئەو دەوڵەتە ئیستعماریانەیە كە بۆ خزمەتی خۆیان وەگەڕیان خستوون، لە سەردەمی پارێزەریی بەریتانی بۆ میسر گوێڕایەڵی بۆ خدێوی میسر نەبوو، بەڵكو لە واقع دا بۆ پادشای ئینگلتەرا بووە، نوێنەرەكەی ئەو تەواوی كاروبارەكانی میسری دەبرد بەڕێوە، هەر كەسە گومانی وابێت ئەم جۆرە پادشایە یا خدێویە پێویستە گوێڕایەڵی بكرێ وە گوێڕایەڵیكردنی ئەویش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خودایە، وە ئەمە كاربەدەستو (ولی الامر)ە، هەروەك لە فەرموودەی خوادا هاتووە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ﴾ (النساء: ٥٩) ئەمە پێچەوانەی كۆڕای كردووە، بەڵكو ئەم جۆرە گوێڕایەڵیكردنە ملكەچ كردنە بۆ ئەو ئیستعمارەی كە سەپاوە بەسەریداو دەست لە كاروبارەكانی وەردەداو گوێڕایەڵی بۆ كەسی وانیە، بەڵكو پێویستە لە كار لادرێ و لە دژی ڕاپەڕیو جیهادكردن و دەرپەڕاندنی ئیستعماریش لە سەندیكای كارمەندانی تەندروستیەوە زەوی ئیسلام بە كۆڕای

زانایان پێویستو واجبە .

لە راستیدا ئومەتی عەرەبیو ئیسلامی بە شێوەیەکی تایبەتی لەمڕۆدا زیاتر لە هەموو کاتێکی تر ئاتاجی شۆڕشێکی فیکرین، بۆ تێکوپێکدانو وێران کردنی چەمكو تێگەیشتنەکانی گوتاری سیاسی تەئویلکراوو گۆڕێنراو، وەکار بکات بۆ زیندوکردنەوەو ژیانەوەی چەمكو تێگەیشتنەکانی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو، وەکو مافی ئومەت لە هەڵبژاردنی دەسەڵات لە ڕێگەی راوێژوو رەزامەندییەوە، وە دەستەبەرکردنی مافی ئەو لە چاودێریکردنو لێپرسینەوەی، وە لادانی ئەگەر لایداو خراپەکاری ئەنجام دا، وە مافی هەبێت لەوەدا کە چاودێری سەروەتو سامانو داراییەکان بکات و پارێزگاری لە نیشتمانو بەرژەوەندییەکانی بکرێت، وە مافی هەبێ لەوەدا دادگەری کۆمەڵایەتیو یەکسانیو ئازادی دەستەبەر بکرێ، وە مافی هەبێت دادوەری بباتە لای شەریعەتەکەی خۆی، وەمافی ئەوەی هەبێت ئازادانە مومارەسەی کاری سیاسی بکاتو ئازادی رادەربڕینو بیرکردنەوەو رەخنەگرتنی لە دەسەڵات هەبێت بێ هیچ ترسو بیمێك، وە مافی ئەوەی هەبێت چەندین پارتو کۆمەڵ پێك بهێنێ وببێتە ئەندام لە ناویانداو وە مافی ئەوەی هەبێت کە وەقف کراوەکان بداتە پرۆژە زانستیو فیکریەکان بێ دەست تێوەردانی دەسەڵات، هەموو ئەمانەش لە بازنەو چوارچێوەی شەریعەتی دابەزێنراوی دادگەردا.

لە راستیدا زیندوکردنەوەی ئەم چەمکە سیاسیە شەرعیانە

دەستەبەری ڕوودانی شۆڕشـێکی چاکســازی سیاســی گـەورە دەکـات، جائیتر لەمەدا حکومەتەکان دەستپێشخەر بن یا گەلان پێی هەستن.

پێویستە بزاڤی ئیسلامی هەست بەوە بکات کە تـەواوی بزوتنـەوە چاکسازی یەکانی جیهان هەر هەموویان پـرۆژە چاکســازیەکانیان لـە ڕێگەی دەسەڵاتەوە جێبەجێی کردووەو ئەنجامی داوە، هیچ ڕێگەیـەکی تر نیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی یا ڕاپەرینی هەر ئومەتێك مەگەر لە ڕێگەی چاکسازی کردنی دەسەڵات خۆیەوە نەبێت، بە چاکسازی بـوونی دەسەڵات چاکسازیو ڕاپەڕاندنی ئومەتیش بەدی دێت، هەر هەوڵێکی تر بەدەر لەم ئاراستەیە دەبەخشرێت، ناکرێت چاکسازی گشـتی بـەدی بێنێت بۆ کۆمەڵگا ئیسـلامیەکان هەرچـەندە سـودو چاکیەکانیشـی بگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگا .

تــەواوی بــزاڤ و ئایدۆلۆژیــەکان لــە جیهانــدا پــاش گەیشــتنیان بەدەســەڵات هەســتان بــە جێبــەجێ کــردنو بــەدیهێنانی پــرۆژە چاکسازییەکان، هەروەکو لە شۆڕشی فەرەنسیو روسـیو ئـەمریکیو هی تردا بەدی هات .

لە مێژوودا بزاڤێکی چاکســازی نـابینین سـەرکەوتوو بووبێـت لـە ئەنجام دانی پرۆژەکانیدا بەدەر لەم ڕێگەیە .

بەڵێ دەسەڵات خۆی دەتوانێت چاکسازی ئەنجام بدات ئەگەر هـاتوو خۆی هەڵگری پرۆژەیەکی چاکسازی بێـت بـەو شـێوەیەی لـە سـەدەی نۆزدەدا کردی، بەڵام جیهـانی ئیسـلامی دیاردەیـەکی لـەو شـێوەیەی

بەخۆیەوە نەبینیوە، لەبەرئـەوەی گوتـاری سیاسـی گـۆڕێنراو ناهێڵـێ بەدەرکەوێ و ڕێگر دەبێت لەبەردەم بوونو سەرهەڵدانیدا .

پێویستە لەسەر ئومەت ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر بـۆ ئـەنجام دانو بەدیهێنانی راپەرینو ڕێنسانسەکەی بـە هـەر هۆکـارێکی دروسـتو مەشروع، ئاشتیانە بێت یاخود شۆڕشگێڕی، بە ڕەزامەندیو بەشـداری دەسەڵات بێت یاخود بە نارەزایو نەیارێتی ئەو، گەلان مافی ئـەوەیان هەیە لە پێناو ئایینو ئـازادیو مـافو ڕێـزو کەرامەتیانـدا بجـەنگێن هەروەکو لە فەرمودەی صحیح دا هاتووە ((من قاتـل دون مالـه فهـو شهيد، ومن قاتل دون نفسه فهو شهيد، ومن قاتـل دون عرضـه فهـو شهيد) ) وە فەرموویەتی: ((هەرکەسێ لە پێناو مافی خۆیدا بجەنگی ئەوە شەهیدە، ((من قاتل دون حقه فهو شهيد)) زانایـان قەدەغـەیان کردبوو ڕووبەڕووی زۆرداریو سەرکەشیو لادانەکانی دەسەڵات ببنەوە، لە ترسی ئەوەی ئەو خراپەکاریانەی لـێی دەکەوێتـەوەو بـەدی دێـت، بەرئەنجامەکەی بریتی بوو لەوەی هەموو ئومەت کەوتنە ژێر چەپۆکی ئیستعمارو لەدەستدانی ئاسایشو سەقامگیریو دواکەوتووی جیهـانی ئیسلامی، کار گەیشتوە بەوەی بارودۆخەکان چاك نەبـەن مەگـەر لـە ڕێگـەی شۆڕشـێکی فیکـریو سیاسـییەوە کـە بوەتـە زەرورەتێکـی کۆمەڵایەتی وشەرعی .

تەمبەڵیو دواکەوتنی ئوممەت لەوەی بە ڕۆڵی خۆی هەستێ، سەری کێشا بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە ژێردەسـتو چـەپۆکی ئیسـتعماری نـوێی

ئـەمڕۆوە، بـارودۆخ گەڕایـەوە ئـەو ڕۆژەی یەکـەمجار پـێش زیـاتر لـە سەدەیەك ئیستعماری ڕۆژئاوایی پێی نایە ئەم وولاتانەوە.

شێخی ئیسلام سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات (کە واز لە فەرمان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەو جیهادکردن لە پێناو خوادا دەهێـنن، لەبەرئەوەی ئازاری هەندێ لە خەڵکی تیادایەو تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە، تا وای لێهات بێ باوەڕو خراپەکاران دەستیان گرت بەسەر پیاوچاکانو چاکە خوازاندا، نەیان دەڕوانیە ئەو شتەی بەرژەوەندییەکەی زیاتر بوو، خوای گەورەش دەفەرمێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ﴾ (البقرة: ٢١٧) .

خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێت: ((هەرچەندە کوشتنی کەسـەکان زیانی تیادایە بەڵام ئەو ئاژاوەیەی بـە هـۆی کـوفرو سـەرکەوتنی بـێ باوەڕانەوە وەدی دێت لەوە گەورە ترە، یەکێك لەو دوو خراپـە گەورەیـە ڕێی لێ دەگیرێو ئەنجام نادرێ بە هۆی کردنی بچوکترەکەیانەوە). [1]

داگیرکـەرو ئیسـتعماری نـوێ هـات بـەپێی چـەند نەخشـەیەك بەمەبەسـتی لـەناوبردنی ئیسـلام لـە خانـەی خۆیـدا، بـە بیـانوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە، وە بۆ ئەوەی دەسـتبگرێ بەسـەر ئومـەتو سەروەتو سامانیاندا پاش پارچە پارچەکردنو شڕوپڕکردنی، پێویستە

(١) جامع الرسائل ٢/١٤٢

لەسەر بزاڤی ئیسلامی بـە نهێنـیو ئاشـکرا کاربکـات لـە پێنـاوی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەو شێوەیەی بانگەوازی پێغەمبەری خـوا لـە مەککەو لە سەرەتاکیاندا لەسەری بوە، ئەوە بوو بە نهێنی بو، بە هۆی ئەو بارودۆخەی دەوری دابوو.[(١)]

هەروەها پێویستە لەسەری هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە ئەگـەر ڕەخسـا یـا بەڕێگەیـەکی شـۆڕگێڕانە ئەگەر نەدەکرا، بەو شێوەیەی زۆربەی زانایان لە سـەرەتای یەکەمـەوە ئەوەیان بە دروسـت بینیـوە بـۆ ڕووبەڕوونـەوەی زۆرداریو لادانـەکانی دەسەڵات، چ ئاژاوەو فیتنەیەك لەوە گەورە ترە کە دوژمنـانی ئومـەت زاڵ بن بە سەریداو دەست وەردەنە کاروبارەکانیانـەوە، وە موسـڵمانانی پیاوو ئافرەت لە هەموو شوێنێکدا توشی فیتنەو تاقیکردنەوە بکـەن لەسەر ئاینەکەیان، وە ببنە کۆسپ و بەرهەڵستکاری ڕێی خوا، خوای گەورەش فەرموویەتی: ((والفتنة اشد من القتل))؟!

---

(١) سەیری (تفسیر المنار) بکە ١٠/٣٦٨-٣٦٩ سـەبارەت بە مەشروعیەتی پێکهێنـانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەی نهێنی بۆ گەڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی.

# پوختـــــه

١- ئەو بارەی ئەمڕۆ ئوممـەت دەیگوزەرێنـێ لـە شکسـتو دارمـانو دواکەوتن بەرئەنجامێکی سروشتی ئەو لادانەیە کە بەسەر گوتـاری سیاسی شەرعیدا هات، ئەو بارەی کە بە ناوی ئـایینو سـوننەتەوە ئومەتی دارنی لـە مـافی هەڵبـژاردنی دەسـەڵات و لێپرسـینەوەو بـــەرگریکردنی زیـــادەڕەویو ســـتەمو خراپەکارییـــەکانی و چاکسازیکردنی لە کاتێکدا کە خراپ دەبێت، تاوای لێهات ستەمو زۆرداری بڵاوبویەوەو خراپەکاری ئاشکرا کرا، سەرەنجامیش تیاچوون بوو هەروەکو قورئان ئەم هــــــەواڵەی پــێداوین لـەم فـەرمودەی خـوای گـــــەورە ﴿وَمَـا كَـانَ رَبُّـكَ لِيُهْلِـكَ الْقُـرَى بِظُلْـمٍ وَأَهْلُهَـا مُصْلِحُونَ﴾ (هود: ١١٧) واتە: خوای گەورە تەنها بە هـۆی هاوبـەش پەیداکردنەوە ئومەتەکان لە ناو نابات، تانەگەنە ئەوەی کە سـتەم لـە یـەکتری بکـەن، هـەروەکو راقـەکاران دەفـەرموونو واقعـیش شاهیدی بۆ دەدات، شێخی ئیسـلام ئیبنوتەیمیـە ئـەم واقعـە بـەم شێوەیە دەردەبڕێ و دەفەرموێت: (کاروبـاری خـەڵکی لـە دونیـادا زیاتر بەدادگەریو ڕێكو راست دەبێت با لەگەڵیشیدا چەندین جۆر گوناهـ و تاوان بەشداری بکەن، وەك لەوەی بە ستەم ڕێـكو راسـت بێت با گوناهـ و تاوانیشی تیادا نەبێت، هەربۆیە ووتـراوە، خـوای گەورە دەوڵەتی دادگـەر پایـەدار دەکـات وە دەوڵـەتی سـتەمکاری

سەرشۆڕ دەکات هەرچەندە موسڵمانیش بێت، وە وتراوە: دونیـا بـە دادگەریو کوفرەوە بەردەوامی بەخۆی دەدا لەگەڵ ستەمو ئیسلامدا درێژە بە خۆی نادا) .

وە فەرمویەتی: (لە راستیدا دادگەری سستەمی هەموو شتێکە، ئەگەر کاروباری دونیا بە دادگەرییەوە بەرپا کرا ئەوا بەرپا دەبێت، هەرچەندە خاوەنەکەشی هیچ بەشێکی نەبێت لە دوا ڕۆژدا، ئەگـەر دادگەری بـەرپا نـەکردو ئـەنجامی نـەدا بـەرپا نابێـت هەرچـەندە کەسەکەش ئەوەنـدە بـاوەڕو ئیمانیشـی هـەبێت کـە لـە دوارِۆژدا پاداشتی لەسەر وەرگرێ).[1]

زانایان گومـانیان وابوو خۆڕاگریو ئارامگرتن لەسەر ستەم باشترە لـە ڕووبەڕووبونـەوەو بەرەنگاربونـەوەی، بێئـەوەی هەسـت بـەو مەترسییە بکەن کە دەکەوێتە سەر کۆمەڵگـە، وە ئـەوەش دەبێتـە هۆکاری هەرەس‌وکەوتنی نەتەوەکان، هەروەکو واقعـی هاوچـەرخی ئومەتەکان شاهێدی لەسەر دەدەن .

٢-گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو بریتیە لەو گوتـارەی نماینـدەی ڕێنماییەکانی ئیسلامێکی رەوا دەکـات، بـەدەر لـەو تـەئویلکراوە یاخود گۆڕێنراوە کە پێویستە پەسەندی نەکـەین‌و بیدەینـە دواوەو پابەند بین بەو ڕێو شوێنانەی خەلیفەکانی راشیدین لەسەری بوون لـە بـواری ئیمامـەت‌و سیاسـەت‌و بـەرێوەبردنی کاروبارەکـانی

(١) الحميــة، ل (٩٤)، مجموعة الفتاوى، (١٤٦/٢).

ئومەتدا: هەروەك لە فەرمودەدا هاتووە: ((عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين من بعدي عضو عليها بالنواجذ، واياكم ومحدثات الأمور)). وە دەستگرتن بەم گووتارەوە سوننەتو سەلەفیەتە، بەدەر لەمە بریتیە لەو بیدعەیەی کە پادشاو میرەکان دایانهێناوەو زاناو شەرع ناسەکانیش بەپێی حەزو ئارەزوەکانی ئەوان بەدوایاندا چوون، وەك چاولێکەریو شوێنکەوتنێکی ئەوان بۆ ڕێو شوێنی قەیسەرو کیسراکان هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داوە: ((لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً بشبرٍ و ذراع بذراع ... فارس و الروم)) .

٣- وە ئەم گوتارە وەستاوە لەسەر ئەوەی:

أ/ ئومەت مافی ئەوەی هەبێت دەسەڵات هەڵبژێریو بەشداری تیادا بکات بە دەربرینی بیروڕاو لێپرسینەوەو لابردنو مەرج لەسەر دانانو چاودێریو ڕەخنە لێ گرتنی.

ب/ مافی ئەوەی هەبێ بە ئازادی بیر بکاتەوەو بیروراکانی خۆی دەربڕێت بێ زەوتکردن یا بەرگرتن.

ج/ مافی ئەوەی هەبێت بەرهەڵستی زیادەڕەویو زۆرداریەکانی دەسەڵات بکاو ڕووبەڕووی ببێتەوە .

د/ مافی ئینتماو کۆبونەوەی سیاسیو فیکری هەبێت .

ه/ زەرورەتی ڕێزگرتنی مافو ئازادیەکانی مرۆڤ کە شەریعەت هێناویەتی.

و/ پێویستی بەدیهێنانی دادگەریو یەکسانی لە نێوان تاکـەکانی کۆمــەڵگاو لەبــەردەم قــەزاو دادگــاداو گرتنــە دەســتی پیشــە گشتییەکان بە پێی بنەمای سەرەتایی هەل ڕەخسانی وەك یەك .

ز/ ئومەت مافی ئـەوەی هـەبێت دادوەری بباتــە لای شــەریعەتو دەسەڵات لابــەرێ، ئەگــەر هــاتوو لــە بناغــەو ئوســوڵە بــراوەو یەکلاکراوەکان دەرچوو.

ح/ مافی ئەوەی هــەبێت بــەرگری لــە نیشــتمانی خــۆی بکــات و داگیرکەرو ئیستعمار لــە زەوییەکــەی وەدەرنــێ و پارێزگــاری لــە بەرژەوەندییەکانی بکات .

٤- ئــەم گوتــارە بــەدی نایــەتو خــۆی ناســەلمێنێت مەگــەر بــە ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگار بوونەوەی گوتاری تەئویلکراو گــۆڕێنراو نەبێت لە رووی فیکرییەوە، پاشان کــار بکــرێ بــۆ بڵاوبوونــەوەیو بانگەشەکردنی ئومەتو حکومەتەکانی بــۆ ئــەوەی بەرێگەیــەکی ئاشــتیخوازانە تەبــەنی بکــەن، بــۆ ئــەوەی خــودی حکومەتــەکان دەستپێشخەری بکەن بۆ چاکسازیکردنی بارودۆخەکانو پێڕاگەیشتن بەوەی لە دەست چووە ئەگینا پێویستە بە هەموو هۆکارێکی گونجاو کاربکرێ بۆ گۆڕانی، جا ئیتر بە کاری سیاسی ئاشتیانە بێت یاخود بە کاری شۆڕشکردنو شۆڕش گێــڕی، چــونکە مانــەوەی ئــەم بــارە مانەوەی ئیستعمارەو دەرکردنو نەهێڵانی ئیســتعمار بــە نــەمانو لابردنی دەسەڵاتدارانی لەوجۆرە بەدی دێت.

٥- له ڕووی شەرعیەوە دروستە سوود لە ئەزمونی گەلانی تر وەربگیرێ بۆ ڕێکخستنی ئەو مافانە، هەروەکو چۆن عومەر سودی بینی لەو سستمە بەڕێوەبەریيانەی لای فارس‌و ڕۆمەکان هەبووە، هـاوەڵانیش کۆڕا بوون لەسەر دروستی ئـەوەی کـردی، لەبەرئـەوەی ئـەم کـارە دەچێتە ژێر فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: ((أنتم أعلم بأمور دنياكم)) هەر شتێ چاکەو بەرژەوەندیو دادگەری تیادا بـوو ئەوە لە سیاسەتی شەرعیە، هەر شتێکیش زیان و خراپەو سـتەمی تیادا بوو، ئەوە بریتیە لە سیاسەتی نەهێڵراو (ممنوع) .

فیقهی ئیسلامی ئاشنای سستمی سەرۆکایەتییە، بە شێوەك کـە سەرۆك راستەوخۆ لە گەلەوە هەڵبژێردرێ هەروەکو لـە سـەردەمی خەلیفـەکانی راشـدیندا هــەبووە، وە لێپرســراو دەبێــت لـــە بەرامبەریاندا، وە ئاشنایە بە سستمی وەزاری هەروەکو لەسەردەمی عەباسی دووەمدا بەدی دەکـرێ، کاتێـك خەلیفـە دەبێتـە رەمـزی ئومەت‌و ئەوەی کە مومارەسەی دەسەڵات‌و سەڵاحیەتەکانی دەکات بریتیە لە وەزیر یاخود سوڵتان .

تەواوی ئەم سستەمانە لە ڕووی شەرعیەوە دروستن ئەگەر هـاتوو ئومەت پیَی رازی بوو وە دانی پیادا نا، وە بەرژەوەندی خۆی تیـادا بینی، چونکە کارەکە بە دەستی ئەوە .

هەروەها شتێك نیە بەرهەڵستی دروستی‌و مەشروعیەتی دەستاو دەستی ئاشتیانەی دەسەڵات بکات لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا کە

هەر یەکەیان بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی لە چوارچێوەی دەستوری دەوڵەتو سستمی گشتیدا دەخاتە روو کە بریتیە لە شەریعەتی ئیسلامی، هەروەکو ئەنسار لە مەدینەدا ئەوەیان خستەڕوو، بەوەی کە ووتیان میرێك لە ئێمەو میرێك لە ئێوە (منا أمير ومنكم أمير) ئەم ڕێگەیە لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی هاوچەرخدا سەرکەوتوویی‌و بە کەڵکی خۆی سەلماندوە، دروست نیەو ناکرێ قەدەغەی بکەین لەو گەلانە، ئەگەر بیانەوێت بێنە ناو ئیسلامەوە، هەروەها ناکرێ قەدەغەکرێ گەلانی ئیسلامی مومارەسەی کەن لە چاخی نوێدا، ئەگەر شەریعەت بریتی بوو لە سەرچاوەی یاسا دانانو تەشریع.

٦- وە هەر کارێکی جەماعی ڕێکخراو بۆ بەدیهێنانی ئەو بنەماو ڕێسایانەی ئیسلام هێناویەتی، وە دامەزراندنی چەندین پارتی سیاسی‌و سەندیکای پیشەیی و کۆمەڵەی خێرخوازی‌و لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ کە کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی دەکەن لە کاروبارەکانی سیاسەتو ئابوری‌و کۆمەڵناسی‌و بەدیهێنانی دادگەری‌و یەکسانی‌و پاراستنی مافو ئازادیەکان، هەموو ئەوانە دروستو مەشروعن، چونکە ئەم جۆرە کۆبونەوانە بۆدەستکەوتنی بەرژەوەندییەکانو بەرهەڵستی خراپەکارییەکانن و لە ژێر ئەو ئایەتەی خوای گەورەدا جێی دەبێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ (المائدة: ٢) ((وما لا يتم الواجب الا به

فهو واجب)) واته: هەرشتێ کردنی واجبێکی لەسـەر وەسـتا بێـت خۆیشی دەبێتە واجب.

کاتێك کۆبونەوە یـا هاوپەیمانێتیـەك قەدەغـەو حەرامـە کـە بـۆ پوچکردنەوەی رەوا یا دەرخستنی خراپەکاریەك یـا وروژانـدنی زیانێـك بێــت.[1]

شـێخی ئیسـلام ئیبنـو تەیمیـە دەفـەرموێت: ((ئەگـەر کەسـێك کاروباری دەستەو کۆمەڵێك بگرێتە دەست ئەوە پێی دەوترێ سەرکردە (زعیم) جا ئەگەر بەچاکەکاری ئەرکەکانی جێبەجێکرد ئەوا لەسـەر ئەو کارەی ستایش کراوە، ئەگەر بە خراپەش بـوو سەرزەنشـت دەکـرێ لەسەری .

سەبارەت بـە (سـەرۆکی حیـزب) ئـەوە سـەرکردەی ئـەو دەسـتەو کۆمەڵەیەیەکە کۆدەبێتەوەو حیزبایەتییەکە دەکات ((تتحزب))، واتە دەبێتە حیزب، جا ئەگەر کۆبونەوە لەسەر ئەو شتانەی خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پـێداوە بـێ زیـادو کـەم ئـەوا بـاوەڕدارنو هەموو مافو ئەرکەکانیان وەکو یەکە، بەڵام ئەگەر کەمو زیادیان کرد بۆ وێنە دەمارگیریان هەبوو بۆ ئەو کەسەی دێتە حیزبەکـەی ئەوانـەوە

---

(١) سـەیری ئـەو وتەیـەی شـێخی ئیسـلام بکـە کـە بـە درێـژی باسـی دروسـتی هاوپەیمانێتیو وەفا بە پەیمانو ئەو گرێ بەستانە دەکات کە چاکەو بەرژەوەندی گشـتی لێ دەکەوێتـەوە، یـاخود زیـانو خراپەکاریـیەکان دوور دەخاتـەوە سـەیری جامع الرسائل ٢(/٣٠٧-٣١٧) بکە .

لەسەر ڕەوا بێت یا نارەوا، وە پشت هەڵکەن لـە هـەر کەسـێ نەیەتـە حیزبەکەی ئەوانەوە، جا ئیتر لەسەر ڕەوا بێـت یـا نـارەوا، ئەمـە لـەو پەرتەوازەیەیە کە خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکـەی ﷺ سەرزەنشـتیان کردوە، خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان داوە بـە جەماعـەتو یەکگرتوویی‌و نەهییان کردوە لە پەرتەوازەیی‌و ناکۆکی وە فـەرمانیان داوە بە هاوکاریکردن لەسەر چاکەو خۆپارێزی و نـەهیان کـردووە لـە تاوانو دەستدرێژی)[1] وە یەکەم هەنگاوێك لەسەر ڕێگـەی چاکسـازی بریتیە لە گومانکردن (الشك) هەروەك پێغەمبەری خـوا ﷺ بـانگی بۆی کردووە بەو فەرمودەیەی دەفـەرموێت: ((نحـن احـق بالشـك مـن ابراهیم))[2] ئێمە لە پێشترین کـە شـكو گومانمـان هـەبێت وەك لـە ئیبراهیم .

شـــكو گومـــانکردن لـــە تێگەیشـــتنەکانی کۆمەڵگـــەو دیـــدو تێڕوانینەکانی ئەو سەبارەت بە ئایینو بوارەکانی، وە گومـانکردن لـە ڕۆشنبیری ئیسلامی هاوچەرخ بەوەی کە بریتیە لە بەرهەمی ڕۆشنبیری کۆمەڵگـــە، کـــە حکومەتـــەکان هەڵدەســـتن بـــە پێکهێنـــانی و ئاراســـتەکردنی لـە ڕێگـەی هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدنو فێرکردنـەوە، لەوانەش مزگەوتو قوتابخانە ئایینی‌و کۆلێژە شـەرعیەکان، کـە بـۆ خزمەتی حکومەتەکان وەگەڕخراوە بە جیـاوازی بیروئاراسـتەکانیانەوە

---

(١) مجموع الفتاوى ٩٢/١١

(٢) متفق عليه.

لەوپەڕی چەپی سۆسیالیستییەوە تا ئەوپەڕی راستڕەوی سـەرمایەداری کە هەر لە سەردەمی کەوتنو هەرەسی خەلافەتی عوسمانیو هەژمونی ئیستعماری رۆژئـاوایی لـە کاروبارەکانیـدا دەسـتیان گرتـووە بەسـەر جیهانی عەرەبیدا .

بەشكو گومانکردنەوە ئومەت دەگاتە ئەوپەڕی دڵنیاییو بەخششی ئازادی ئەگینا بەردەوام دەمێنێتەوە لە کۆتو بەندی ئەندێشەو وەهـمو دۆزەخی کۆیلایەتیـدا، بـۆ دەربـازبوونیش لـەم سـەرگەردانیە، تـەنها شۆرش یاخود تۆفانی لەبەردەم دایە!

# نـــــاوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ: ................................................................................ ٧
پێشەکی: ................................................................................ ١١
قۆناغی یەکەم: قۆناغی گوتاری سیاسی شەرعی دابەزێنراو: ............... ٢١
١- زەرورەتی بوونی دەوڵەت بۆ ئایین، وە ئایین بەبێ دەوڵەت نابێ: .......... ٢٢
٢- زەرورەتی بەرپاکـــردنی دەسەڵات، وە دەوڵەتیش بە بێ پێشـــەوا (إمام) نابێ. ................................................................................ ٢٨
٣- زەرورەتی گرێدانی بەیعەت، ئیمامـــەت بە بێ ئەم گرێ بەستە بەدی نایەت: ................................................................................ ٤١
٤- گرێبەستنی بەیعەت بەبێ بەرەزامەندەیی و ئارەزوومەندی ئوممەت بەدی نایەت. ................................................................................ ٥٦
٥- رەزامەندی بەدی نایەت ئەگەر ئیمامەت و کاروبـــاری ئوممەت بە ڕاوێژی نێوان موسڵمانان نەبێت. ................................................................ ٦١
٦- ڕاوێژ بەبێ ئازادی نابێ: ................................................................ ٩٤
٧- فەرمانڕەوایەتی وگوێڕایەڵێتی ڕەها بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی:- ... ١٣٠
٨- هێنانەدی هەردوو بنەمای دادگەریو یەکسانی .............................. ١٥٨
٩- پارێزگاری کردن لە مافو ئازادی یە مرۆیی یە فەردی و کۆمەڵیەکـــانو پاراستنیان: ................................................................................ ١٨٥
مافی مرۆڤـ لە ئازادیدا ................................................................ ١٩١
١٠- پێویستی تێکۆشان لە پێناوی خوادا ........................................ ٢١٤

١- جەنگی ئەوان لە پێناوی ڕاوێژدابوو لەبەر چەندین هۆکاری دروستو مەشروع ........................ ................................. ................................ ٢٥٧
٢- دەست بەسەراگرتنی مافی ئوممەت لە بەشداریکردنی ڕاو ڕاوێژدا ..... ٢٧٢
٣- وون بوونی ڕۆڵی ئوممەت لە چاودێری کردنی خانەی ساماندا ........... ٢٨٢
٤- پاشەکشێی ڕۆڵی ئوممەت لەڕووبەڕوو بونەوەی ستەمو لاداندا ............ ٢٩٥
پوختە: ............................. ................................. ................................. ٦٨٩
نـــاوەڕۆك ........................ ............................... ................................. ٦٩٨